إن هذا البحث الموسوم ب(البؤرة الداخلية والخارجية في التركيب النحوي).تبحث في مضامينه جل المفارقات الموجودة بين النحو القديم و الحديث حول رؤياهما بصدد هذه الرؤوس النحوية،حيث كانت العلاقة بين معطيات الجملة و الجملة نفسها علاقة مباشرة لا تفصلهما ما يسمى بالمستوى العباري ،حاول الباحثان تطبيق هذه التفاصيل على التراكيب النحوية في اللهجة البادينية ،و في اطار الاختلافات الموجودة في هذا المضمار. وقد توصل الباحثان إلى عدد من النتائج تم عرضها في نهاية البحث.

## Abstract

This research which entitled (classifying of the structure according to endocentric and exocentric).The classic generative grammar focused only on exocentric head to present the syntactic behavior. In this research we try to apply the concept of internal head on Bahdinan Kurdish dialect.We can say that in classic grammar we had not seen mid-level (phrase level)in the stracture of sentence,and the words were directly related with the sentence, in the end of the the research we presented some conclusion.

# توانای مۆرفێمی بەند لەڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی لە زمانی کوردیو فارسیدا

م.ی. شیروان حسین حمد

وەزارەتی پەروەردە

## پێشەکی

تواناو ئەکتیڤیو پاسیڤی لە چوارچێوەی هەریەکەیەکی زمان دەشێت شوێنی هەلوەستەکردنی زمانەوانیانە بێت، مۆرفێمی بەند وەك یەکەیەکی واتایی و خاوەن چەمك لەنێو خۆیاندا خاوەنی توانای جیاجیان. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ بەراوردکردنی توانای مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردیو فارسی، لە ڕاپەڕاندنو گەیاندنی چەمکە سینتاکسیەکان. کە تێیدا پشت بەڕێبازی وەسفی بەراوردی بەستراوە. بەسەر سێ بەشدا دابەش کراوە، لە بەشی یەکەمدا باسی توانای مۆرفێمی بەند لە لەڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی لە زمانی کوریدا، کراوە. بەشی دووەم بۆ توانای مۆرفێمی بەند لە لەڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی لە زمانی فارسیدا، تەرخانکراوە. بەشی سێیەم بەراوردی ئەم دوو زمانە کراوە، لە ڕوانگەی توانای مۆرفێمی بەند لەڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، لە کۆتایشدا چەند ئەنجامێك خراونەتەڕوو.

## ١: توانای مۆرفێمی بەند لەڕا پەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی لەزمانی کوردیدا :

زمانی کوردی، وەك زمانێکی لکاو، بەشێکی زۆری چەمکە سینتاکسییەکانی لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندەوە دەگەیەنرێن. بەم پێیەش ئەم جۆرە مۆرفێمە لەم ڕووەوە بەتواناداروو بەبەرهەم هەژماردەکرێت، لەگەردان کردنی هەریەك لە بەشە ئاخاوتنەکاندا، ئەم جۆرە مۆرفێمانە ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن، بۆیە زۆرجاریش ناودەبرێن بە مۆرفێمی گەردان کردن (تصریف). لێرەدا، لە گرنگترین ئەو مۆرفێمە بەندانە دەدوێین، کە ڕۆڵێکی سینتاکسی پیشان دەدەن. هەروەها توانای هەریەك لە ئەندامانی هەر گروپێك دەخەینەڕوو.

### ١-١: مۆرفێمی بەندیی ناساندن :

چەمکی ناساندنو دیاریکردن[1]، لە زمانی کوردیدا، هەم لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندو هەم لەڕێگەی مۆرفێمی سەربەخۆشەوە دەگەیەنرێت. هەریەکەیان سنوورو ژینگەی تایبەتی خۆی هەیە. بەگشتی دەشێت هەریەك لەم کەرەستانە دیاریکردنو ناساندن دەربڕبڕێت: مۆرفێمی سەربەخۆی نیشانە: ئەم زانکۆیە. بەهۆی دیارخەرەوە: باوکی ئازاد لەڕێگەی جێناوی خۆییەوە: گەرەکی خۆمان، مۆرفێمی بەندی ناسیاری: کوڕەکە، ژنەکە،

ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە هەبێت، بەکارهێنانی مۆرفێمی بەندە، وەك ڕێگەیەکی سەرەکی بۆ دەربڕینی چەمکی ناساندنو دیاریکردن، کە ئەمەش (کردەیەکی زمانییەو بریتییە لە ئاشکرا کردنو دیاریکردنی ناوێکی گشتی لەناو پۆلەکەیدا، کە پێشتر قسەکەرو گوێگر دەیزانن.) (ئەبوبەکر عمر قادر: ٢٠٠٣: ٢٨) ئەم کردە سینتاکسیە کەتیگۆرییەکی ناوەو هەرچەند هەندێجار دەوترێت ئەم (مۆرفێمە تایبەت نییە بەناو، یان ئاوەڵناو، بەڵکو تایبەتە بە فرێزی ناوی)، (Fattah. M:1999:40)[2] بەڵام دەبێت سەرنج لەوە بدەین ئەم مۆرفێمە لەهەر شوێنێکی فرێزی ناویدا بێت، ئەوا لەڕووی چەمكو واتاوە، هەر وابەستەی ناوەکە دەبێت، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەڕووی دەرکەوتنەوە، لە هەندێ باردا، بنکەی خۆی دەگۆڕێتو دەتوانێت بچێتە سەر کەرەستەی کۆتایی فرێزەکە، بەمەش سیفەتی نووسەکی وەردەگرێت، وەکو:

کتێبـەکەم خوێندەوە. کتێبە کۆنـەکەم خوێندەوە. کتێبە کۆنو بەنرخـەکەم خوێندەوە.

---

[1] – لەبارەی چەمکی دیاریکردنەوە بڕوانە: (لیمۆ محمود تۆفیق: ٢٠١٢: ٣– ٥٤)

[2] – لە (ئەبوبکر عمر قادر: ٢٠٠٣) وەرگیراوە.

لە هەریەکێك لەم ڕستانەدا، مۆرفێمی (–ەکە) تایبەتە بەدیاریکردنو ناساندنی ناوی (کتێب) هەرچەندە لەڕووی دەرکەوتنیشەوە لێوەی دووربێت. ئەمەش لە هەندێ باری تایبەتدا ڕوودەدات، بەتایبەت کاتێك کە بە ئاوەڵناوێك دیارخرابێت، وەك نموونەکانی سەرەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم مۆڕفێمە بەندە تایبەتە بەناو، بەڵام دەشێت (بە ناوو ئاوەڵناوەوە بلکێت.)(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٨٨).

ئەوەی لە زمانی کوردیدا، لەم مۆڕفێمەدا، دەبینرێت توانەوەی چەمکێکی ترە، لە هەمان کاتو دەورووبەردا، ئەویش چەمکی ژمارەیی تاکە، چونکە هەموو ئەو ناوە گشتییانەی ئەم مۆڕفێمە وەردەگرن، هەم دەبن بە ناسراوو هەم تاکیش، وەکو:

گوڵ(گشتی) + /–ەکە/ = گوڵەکە(ناسراو، تاك) ، باخ(گشتی) + /–ەکە/ = باخەکە(ناسراو، تاك)

کەواتە ئەم مۆڕفێمە دوو چەمك پیشان دەداتو چەمکەکانیش لێك جیانابنەوە، کە دەشێ بەم شێوە پیشان بدرێت:

/–ەکە/ → ناساندن
/–ەکە/ → تاك

بنکەی ئەم مۆڕفێمە بەگشتی ناو دەبێت، بەڵام هەندێجار پۆلە ناوئاساکانیش دەتوانن بەهەمان چەمكو ئەرکەوە وەربگرن، لەوانە، (ئاوەڵناو، چاوگ، وەکو ناو کاردەکەن.) (محەمەد مەعروفو سەباح ڕشید: ٢٠٠٦: ٥٥). لەهەمبەر ئاوەڵناو، کاتێك ئەم مۆڕفێمە وەردەگرێت، کە ناوە دیارخراوەکەی کرتابێت، بەهۆکارێکی زمانیو لای قسەکەرو گوێگر ڕوونو ئاشکرا بێت، وەکو:

منداڵە جوانەکە هات. ← جوانەکە هات. خوێندکارە زیرەکەکان خەڵات دەکەن. ← زیرەکەکان خەڵات دەکەن.

لێرەدا، چونکە (دیارخراو) لەنێوان قسەکەرو گوێگردا ڕوونو ئاشکرایە، دەشێت لابرێتو لەئاستی سەرەوەدا ئاماژەی پێنەدرێت، هەرچەندە بوونێکی سەربەخۆی لەئاستی ژێرەوەدا هەیە، سەرەڕای ئەوەش تەنیا خۆی نەك نیشانە ڕێزمانییەکانی دەکرتێنرێنو نیشانەکانی بەسەر دیارخەرەکەوە دەمێننەوە.

لەبارەی چاوگیشەوە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە، کە دەتوانرێت وەکو ناو بەکاربهێنرێتو هەموو تایبەتییەکانی ناو وەربگرێتو ببێتە ناوی واتایی. هەربۆیەش هەندێ لەزمانەوانان، ناویان ناوە (ناوی ڕووداو)(٣)، بۆیە دەکرێت ئەم مۆڕفێمە وەربگرێت، وەکو: نووسین + /–ەکە/ = نووسینەکەم خوێندەوە. هاتن + /–ەکە/ = ڕێز لەهاتنەکەتان دەگرم.

سەرکەوتن + /–ەکە/ = پیرۆزبایی سەرکەوتنەکەت لێ دەکەم. هەڵبژاردن + /–ەکە/ = هەڵبژاردنەکە دواخرا.

فۆڕمی سەرەکی ئەم مۆڕفێمە (–ەکە) یە، هەرچەندە هەندێك لە ڕێزماننووسان لەوباوەڕەدان، کە ئەم فۆڕمە لە دوو مۆرفێمو ناوبرێك پێك هاتبێت.(٤) واتە لە هەریەك لە ((ە) مۆڕفێمی نزیکی + ك (ناوبڕ) + (ە) مۆڕفێمی نزیکی پێك دێت.)(عبدالله حسین ڕەسول: ١٩٩٥: ٨٣) بەڵام ئەمە لەگەڵ ئەو چەمكو واتایە یەك ناگرێتەوە، کە ئەم مۆڕفێمە دەیگەیەنێ، بەتایبەت کە هەردوو چەمکی نزیکیو ناساندن یەکسان نینو شوێنی یەکتری ناگرنەوە. هەروەها لەهیچ

٣– بە نموونە بڕوانە: (فاروق عومەر صدیق: ٢٠١١: ٧٦)

٤– بڕوانە: (عبدالله حسین ڕەسوڵ: ١٩٩٥: ٨٣)

شوێنێکدا دەنگی {ک} نەبۆتە ناوبڕ(ناوبەند)، تا لێرە ئەم ڕۆڵەی پێبدرێت.[٥] ئەم مۆرفیمە چەند فۆرمێکی جیاوازی هەیە، کە هەندێکیان ئەلۆمۆرفنو هەندێکی تریان دەبن بەهاوواتای یەکتر، کە لەم وێنەیەدا، دەیانخەینەروو:




فۆرمی سەرەکی بۆگەیاندنی چەمکی ناساندن لەڕێگەی مۆرفیمی (–ەکە) دەبێت، ئەگەر هاتوو ئەو بنکەیەی (کە دەچێتە سەری کۆتایی بە دەنگێکی نەبزوێن هاتبێت.) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٨٩) و بەدوای خۆیدا هیچ مۆرفێمێکی تری وەرنەگرت، کە بەدەنگێکی بزوێن دەستی پێکردبێت، وەکو: قەڵەمـ**ەکە**، گوڵـ**ەکە**، کتێبـ**ەکە**، شەڕ**ەکە**

لە ڕووی ڕێژەی بەکارهێنانەوە، توانایەکی زۆری هەیە، بەپێی ئەو نموونانەی کە وەك داتا بۆ دەرخستنی توانا ئەو فۆرمە جیاوازانە وەرگیراون، دەرکەوتووە، لەسەرووی هەموویانەوەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ئەو بنکانەی کە کۆتاییان بە دەنگە نەبزوێنەکان هاتووە، کە ئەمەش وابەستەی سروشتی جیاوازی ژمارەی بزوێنو نەبزوێنەکانە لە زمانی کوردیدا. ئەم زۆری دووبارەبوونەوەیەو بەرزی ئاستی توانای ئەم فۆرمە بووەتە هۆی ئەوەی کە ببێتە فۆرمی سەرەکیی ئەم مۆرفیمە. سەرەڕای ئەوەش چەند شێوەیەکی تری هەن، کە لە هەندێ دەوروبەری زمانیدا دەردەکەونو بە ئەلۆمۆرفی ئەم مۆرفیمە ناسراون، لەوانە:

/–کە/: ئەم فۆرمە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئەو بنکانەدا دەردەکەوێت، کە کۆتاییان بەدەنگێکی بزوێن هاتبێت، بەتایبەت دەنگی {ە}، چونکە لەگەڵ دەنگە بزوێنەکانی تردا، دەشێ /–کە/ یان ئەلۆمۆرفی تر بەکاربهێنرێت، بەڵام لەگەڵ دەنگی {ە} تەنیا /–کە/ بەکاردێت، بەمەرجێك بەدوایدا مۆرفێمێکی تر نەهاتبێت، کە بە بزوێن دەستی پێکردبێت، وەکو: **نامەکە**، **پەنجەرەکە**، **گۆزەکە**، **تەختەکە**، **ڕاستەکە**...

ئەوەی توانای ئەم مۆرفیمە بەرزدەکاتەوە، بەکارهێنانیەتی، لەگەڵ هەندێ بنکەی تردا، کە کۆتاییان بە بزوێنەکانی تر هاتبێت، وەکو: {ۆ}: **گەزۆکە**، **دۆکە**، **برۆکە**.... ∞ {ا}: **مامۆستاکە**، **باکە**، **شاکە**.... ∞ {ێ}: **دێکە**، **زێکە**، **ڕێکە**.....
∞

بەڵام لەم بەکارهێنانەیدا، تاڕادەیەك، مۆرکی ناوچەیی پێوەدیارەو بەگشتی بەرانبەر ئەلۆمۆرفێکی تری هەمان مۆرفێم دەوەستێت، ئەویش /–یەکە/یەو لە زۆربەی دەوروبەرەکاندا، دەتوانێت شوێنی بگرێتەوە، بەزۆریش لە گۆڤەری سلێمانیدا بەکاردێت.

٥– دکتۆر ئەبوبکر عومەر قادر لە نامەی دکتۆراکەیدا، ئەم ڕاستییەی لەچەند ڕوویەکەوە ڕوونکردوەتەوە، بۆیە لێرەدا پێویست بە دووبارەکردنەوەی ناکات، بڕوانە: (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٢٩).

/–یەكە/ فۆرمێكى ترە، كە هەندێجار دەتوانێت جێگەى /–كە/ بگرێتەوە، بەتایبەتى لەگەڵ ئەو بنكانەى كە كۆتاییان بە دەنگى {ۆ، ا، ێ} هاتبێ، ئەمەش لەهەندێ ناوچەى تایبەتدا، دەبینرێت، وەكو: گەرۆیەكە، دەرگایەكە، دێیەكە..........هتد.

بەشێوەكى گشتى /–یەكە/ لەڕووى بەكارهێنانیەوە، لە پلەى سێیەمدا دێت، لەڕووى تواناو بەرهەمەوە، چونكە دەكرێت لە زۆربەى بارەكاندا بە /–كە/ شوێنى پڕبكرێتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە دروست نابێت. واتە بەزۆرى /–كە/ دەتوانێت دابنرێت، بەڵام ناتوانرێت لە هەموو شوێنێك /–یەكە/ شوێنى /–كە/ بگرێتەوە، وەكو:

**چرایەكە** = **چراكە**، پەنجەرەكە ≠ *پەنجەرەیەكە، پانكەكە ≠ *پانكەیەكە

بۆیە ئەم دوو ئەلۆمۆرفە زۆرجار واتاو بەكارهێنانێكى یەكسانیان دەبێتو لە هەمان دەورووبەردا دەردەكەون، بەمەش دەبن بە جۆرێك لە هاوواتا. بەكارهێنانێكى تایبەتى ئەم فۆرمە لەگەڵ ئەو بنكانەدایە، كە كۆتاییان بەدەنگى {ى} هاتووە، كە لەم بارەدا ناكرێت /–كە/ شوێنى بگرێتەوە، ئەم فۆرمە دەبێتە شێوەیەكى ناچارى لەهەموو بارێكدا، وەكو:

كانى + ەكە > **كانییەكە**، زیرەكى + ەكە > زیرەك**ییەكە**، خورى + ەكە > خور**ییەكە**

هەر ئەم چەشنەى بنكە، لە هەندێ شوێنو گۆڤەردا، ئەلۆمۆرفێكى ترى دروست كردووە، كە ئەویش /–ێكە/یە. ئەمەش بەتایبەتى لە گۆڤەرى سلێمانیدا دەبینرێت، كە لە ئەنجامى گۆڕانى {ى+ە = ێ} پەیدادەبێت، وەكو:

كانى + ەكە > **كانێكە**، زیرەكى + ەكە > زیرەك**ێكە**، خورى + ەكە > خور**ێكە**

بەم پێیە بەكارهێنانى /ێكە/ توانایەكى سنووردارترى هەیە، بۆیە لەڕووى ڕێژەیشەوە، كەمتر بەكاردێت.

/–ۆكە/ ئەلۆمۆرفێكى ترە، كە ئەویش سنوورى بەكارهێنانى زۆر تەسكەو توانایەكى زۆرى نییە، زیاتر لە گۆڤەرى سلێمانیدا بەكاردێت، تەنیا لەگەڵ ئەو بنكانەدا، دەردەكەوێت، كە كۆتاییان بەدەنگى {وو} هاتووەو گۆڕانێكى فۆنۆلۆژى ڕوودەدات بەوەى كە {وو} + {ە} دەبێت بە {ۆ} واتە دوو دەنگ تێدەچنو دەنگێكى نوێ پەیدادەبێت، وەكو:

خانوو + ەكە > **خانۆكە**، مازوو + ەكە > **مازۆكە**

ئەو بنكانەى كە كۆتاییان بە {وو} دێت، ئاسایى دەتوانن /–ەكە/ وەربگرن، بێ هیچ گۆڕانێك لە فۆڕمى مۆرفیمەكەدا، وەكو:

خانوو + ەكە > **خانووەكە**، مازوو + ەكە > **مازووەكە**

بەڵام دەبێت سەرنجى ئەوەش بدەین، لەڕووى قاڵبى بڕگەى فۆنەتاكتیكى ئەم وشەیە گۆڕانى بەسەرداد‌ێتو دەنگى {وو} لێك دادەبڕێتو دەبێت بە {و}(بزوێن) و {و}(نەبزوێن) واتە: {خا/نو/وە/كە}، {ما/زو/ وە/كە} هەر ئەمەش واى لە هەندێ زمانەوان كردووە، كە /–وەكە/ بە ئەلۆمۆرفێكى /–ەكە/ دابنێن[٦]

ئەو ئەلۆمۆرفانەى سەرەوەى مۆرفێمى ناساندن، هۆكارى پەیدابوونیان دەگەڕێتەوە بۆ سروشتى دەنگسازى ئەو بنكەیەى كە مۆرفێمەكە وەردەگرێت، بەڵام هەر یەكێك لەو ئەلۆمۆرفانە بە هۆكارى ڕێزمانیش – سەربارى ئامادەگى هۆكارە فۆنۆلۆژییەكە– شێوەى خۆیان دەگۆڕن، بەتایبەت كاتێك مۆرفێمێكى ترى، بەدواداب‌ێت كە بەدەنگێكى بزوێن دەستى پێكردبێت. ئەوەیش بەتایبەتى لە بەدوایەكداهاتنى مۆرفێمى ناساندنى (–ەكە)و مۆرفێمى كۆى (–ان)دا، دەبینرێت، بەم پێیە، (بنكە + م.ناساندن + م.كۆ) ئەمانەى لێدەكەوێتەوە: ەكە > ەك: كوڕ + ەكە + ان > كوڕە<u>كـــ</u>ـان

كە > ك: چرا + كە + ان > چرا<u>كـــ</u>ـان

یەكە > یەك: دەرگا + یەكە + ان > دەرگا<u>یـــەكـ</u>ـان

---

٦– بڕوانە: (ئەبوبكر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٢)

ێکه > ێك : کانی + ێکه + ان > کانـــێکـــان

ۆکه > ۆك : خانوو + ەکه + ان > خانـــۆکـــان

بەم پێیە هەریەکێك لە (/ـەك/، /ـك/، /ـیەك/، /ـێك/، /ـۆك/) ئەلۆمۆرفی /ـەکە/ن، کە هۆکاری ڕێزمانی ڕۆڵی هەبووە، لە دروستکردنیان، بەڵام بەکارهێنانیان سنووردارەو کەم توانان.

/ـە/: یەکێکی ترە، لەو مۆرفێمە بەندانەی کە لە سنوورێکی دیاریکراودا بەکاردێت. هەندێك لەزمانەوانان بەمۆرفێمێکی تایبەتی دادەنێنو نایکەن بە ئەلۆمۆرفی /ـەکە/[٧] هەروەها ئەم مۆرفێمە زۆرجاریش تێکەڵ بە پاشبەندی نیشانە دەکرێت، و دەوترێت (نیشانەی ناسیاری (ـە)/ (ـیە) لەگەڵ ناوێکدا بەکاردێت، کە جێناوی نیشانەی (ئەم) و یا (ئەو)ی بەپێش کەوتبێت.) (زەرێ یوسوپۆڤا: ٢٠٠٥: ٤٥) ئەمەش تاڕادەیەك لەو ئەرکە دووری دەخاتەوە، کە ئێمە دەمانەوێ هەڵوەستەی لەسەر بکەین، چونکە لەو بەکارهێنانانەیدا، کە چەمکی ناساندن دەگەیەنێت، پێویستی بە جێناوی نیشانە نابێت، وەکو: دایکـــە هەر دەگریا.

لێرەدا، /ـە/ لەبری /ـەکە/ هاتووەو توانیویەتی شوێنی بگرێتەوە، بەڵام کە جێناوی نیشانەی لەپێش بێت، ناتوانێت شوێنی بگرێتەوە، وەکوو: * ئەم دایکەکە هەر دەگریا.

ئەم مۆرفێمە جیاوازی لەگەڵ /ـەکە/ ئەوەیە کە سنووری بەکارهێنانی زۆر تەسکترەو لەو دەوروبەرانەشی، کە بەکاردێت، هەمان واتاو مەبەستی /ـەکە/ دەدات، بۆیە (دوور نییە، ئەم نیشانەیە کورتکراوەی /ـەکە/ بێت)، (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٩٧) بۆیە دەشێت بە چەشنێك لە ئەلۆمۆرفی هەژماربکەینو بەجۆرێك لە ئابووریکردنی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا دابنێین. بەتایبەتی کاتێك بەکاردێت، کە ناوێکی دیاریکراوە، لە گێڕانەوەیەکدا زۆر دووبارە دەبێتەوە، بەزۆریش لە چیرۆكو ڕۆمانو حیکایەتدا. هەرچەندە دەوترێت تەنیا لەگەڵ کاری ڕابردوو بەکاردێتو (لەگەڵ کاری ڕانەبردوودا نایەت.) (ئەبوبەکر عمر قادر: ٢٠٠٣: ٣٣) بەڵام لەزۆر نموونەی کاری فۆرم ڕانەبردووی گێڕانەوەشدا دێت، وەکو:

کوڕە دەچێتە سەیران. دایکـــە بەدڵێکی پڕلەخەم منداڵەکەی دەلاوێنێتەوە

لایەنێکی تری بێهێزیو خۆلادان لەو مۆرفێمە، ئەوەیە کە زۆرجار فۆرمەکەی ون دەبێتو دەبێتە مۆرفێمی سفر، ناوەکەیش بەشێوەی ناوێکی گشتی دەردەکەوێت، (لە دۆخی ئاساییدا بەبێ زیادوکەم بەدەردەکەوێت، بەڵام ((ئەگەر هەندێجار ناوەکە کۆتایی بە (ا، و، ێ، ی، ە) بێت، ئەوکاتە (ە) وەرناگرێ لەم حاڵەتەدا بەقەرینە تێدەگەین، کە مەبەست باس لێکراوێکی دیاریکراوە.)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٩٨) وەکو: دۆیەکە زۆر ترش بوو. دۆ زۆر ترش بوو.ئاغایەکە زۆرداربوو. ئاغا زۆرداربوو.

هەروەها ئەگەر هاتوو ناوەکە بە ئاوەڵناوێك دەرخرا، ئەوکات ئەم نیشانەیە بەشێوەیەکی دیارو ئاشکرا، لەسەر ئاوەڵناوەکە دەرناکەوێتو ئەم چەمکە سینتاکسییەش ناگەیەنێ، وەکو: * دایکە هەژارە هەر دەگریا. * منداڵە بچووکە یاری دەکرد.

لەگەڵ مۆرفێمی کۆشدا، دووبارە بوونی خۆی لەدەست دەداتو دەبێتە سفر، وەکو:

ژنە هەر چاوەڕێی دەکرد. ژنان هەر چاوەڕێیان دەکرد.

بەشێوەیەکی گشتی، دەشێت ئەم فۆرمەش وەك کەرەسەیەکی گەیاندنی چەمکی ناساندن دابنێین، کە لەسنوورێکی تایبەتو دیاریکراودا بەکاردێت، هەموو ئەمانەی سەرەوەش بێتواناییو لاوازی ئەم مۆرفێمە پیشان دەدەن. توانای هەریەك لەو

٧ – بڕوانە: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٩٦)، (ئازاد باخەوان: ١٩٩٨: ١٠١)، (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٣)

مۆرفێمو ئەلۆمۆرفانە بەم شێوەی خوارەوە، پیشان دەدەین، كە ئەنجامی وەرگرتنی ئامارێكی (٢٩٧) ناوی ناسراوە، بەهۆی مۆرفێمی بەندەوە.

ئاماری ژمارە (١)

خستنەڕووی توانای مۆرفێمەكانی ناساندن لە زمانی كوردیدا




## ١-٢: مۆرفێمی بەندیی نەناساندن

ئەم مۆرفێمە هەڵگری چەمكێكی ڕێزمانییە، كە بریتییە لە دیاری نەكردنو شاردنەوەی ناو، لەناو كۆمەڵێك ناوی گشتییدا. وەك كەتیگۆرییەك تایبەتە بەناو، بەڵام هەندێجار لەڕووی شوێنەوە دەكرێت شوێنی سەرەكی خۆی بگۆڕێت. (تایبەتێتی ئەم مۆرفێمە لە زمانی كوردیدا، لەوە دایە، كە جگە لە نەناسراوی تاكێتی پێیشان دەدات.) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ٢٠٣) بەم پێیە ئەم مۆرفێمەش توانەوەی چەمكی تیێدا بەرجەستەبووە، كە چەمكی سەرەكی نەناساندن، لەگەڵ ئەویشدا چەمكی تاك پیشان دەدات.

كتێبێك → نەناسیاری
كتێبێك → تاك

ئەم مۆرفێمە وەك دیارخەر بۆ سەرە –ناو– دەبێت، (بەپێی یاسای سەركۆتایی head final هەمیشە دەكەوێتە كۆتایی دروستەكە.) (محەمەدی مەحوی: ٢٠١١: ٩٢) تاڕادەیەكی زۆر شوێنێكی چەسپاوی هەیە، وەكو:

شوانێك مەڕێكی لێ ون بوو. پیاوێك لە لادێییەكی دوورەوە هاتبوو. ژنێكی بەساڵاچوو، كوڕێكی جوانی لە باوەش گرتبوو.

ئەگەر لەو نموونانە وردبینەوە، دەبینین، لە نێو فرێزی ناویدا، هەرچەندە دیارخەری تر بۆ سەرە بێت، شوێنی مۆرفێمی /–ێك/ چەسپاوەو ناگۆڕێت. كە ئەم حاڵەتە لە مۆرفێمی ناساندندا بەو شێوەیە نەبوو، هەر بۆیەش دەشێت بڵێین، مۆرفێمی نەناسیاری سیفەتی گیرەكی تێدا زاڵە، بەپێچەوانەی ناسیاری، كە زیاتر نووسەكییە. فۆرمی سەرەكی ئەم مۆرفێمە، (/–ێك/)ە، بەڵام بەهەریەكێك لە هۆكارەكانی فۆنۆلۆژیو شێوەزارە ناوچەییەكان، ئەلۆمۆرفی تری هەیە، ئەوانیش (/–یەك/، /–ەك/)ن، لە ئەنجامی كورتكردنەوەو ئابووریكردنیشدا هەندێ جار ئەم مۆرفێمە دەبێتە (/–ێ/) بەمەش هاوبێژی فرەواتایی لەگەڵ چەند مۆرفێمێكی تر دروست دەكات[٨] بەم شێوەیە ناساندن، دەكرێت بەم مۆرفێمانە پیشان بدرێت:

٨ – بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: (لەیلا جلیل عباس دەلۆ: ١٩٩٨: ١١–٤٩)، (صباح ڕشید: ٢٠٠٠: ٨٩– ٩٣)




بەپێی ئەو نموونانەی کە وەرگیراون، مۆرفیمی سەرەکی (/–ێك/)ەو لە لە هەموویان چالاکترو بەتواناترە، بەگشتی لە دیالێکتی ناوەڕاستدا، نیشانەی نەناسیاری (–ێك) هەیە. (ك.ك. کوردۆییڤ:١٩٨٤: ٦٢)و لەگەڵ هەموو ئەو بنکانەشدا بەکاردێت، کە کۆتاییان بە نەبزوێن هاتووە، لەبەر زۆری ژمارەی نەبزوێن ئەو جۆرە وشانە زیاتر دەبینرێن، کە ئەو مۆرفیمەیان لەسەرە، وەکو: کتێبێك، وڵاتێك، بەردێك، خەمێك.........

لە ڕووی تواناوە، ئەلۆمۆرفی /–یەکە/ کە ئەلۆمۆرفێکی مۆرفۆفۆنۆلۆژییە، بە پلەی دووەم دێت، چونکە لەگەڵ هەموو (ئەو ناوانەدا دێت، کە کۆتاییان بەدەنگی بزوێن هاتووە.) (کەوسەر عزیز محەمەد: ١٩٩٠: ٨٣)، وەکو:

با+ ێك < بایەك، دۆ+ ێك < دۆیەك، پینە+ ێك < پینەیەك، دەرزی+ێك < دەرزییەك، ماسی+ ێك < ماسییەك[٩]

هەروەها ئەو ناوانەی کە کۆتاییان بە (وو) هاتووە ناکەونە بەر ئەم ڕێسایە، چونکە /–ێك/ وەردەگرن و(و–W)ی نەبزوێن، دێتە ناوەوە، وەکو: دەزوو + ێك < دەزووێك.

/–ەك/ ئەلۆمۆرفێکی تری ناساندنە، کە هۆکاری دروستبوونی، بوونی زارو شێوەزارە، لە هەندێ ناوچەدا لە بری /–ێك/ بەکاردێت ((لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا نیشانەی نەناسیاری /–ەك/ هەیە.)) (ك.ك. کوردۆییڤ: ١٩٨٤: ٦٢) هەر بەو کاریگەرییەش لە کرمانجی ناوەڕاستدا، لە هەندێ گۆڤەرو شێوەزاردا، /–ەك/ بۆ نەناسیاری بەکاردێت، بەتایبەتی لە شێوەزاری خۆشناوەتیو سۆرانیدا، بەنموونە: کوڕەك، کتێبەك، ژنەك، منداڵەك...........

ئەمەش لەگەڵ ئەو وشانەدا دەردەکەوێت، کە کۆتاییان بە دەنگی نەبزوێن هاتبێت، ئەگەر لە هەریەکێك لەو گۆڤەرانەدا ناوەکە کۆتایی بەبزوێن هاتبوو ئەوە بە هەمان شێوە /–یەك/ وەردەگرێت، وەکو: چایەك، بایەك، دۆیەك، دەریایەك، کەشتییەك..

/–ێ/ بە یەکێك لە فۆرمەکانی نەناسیاری دادەنرێت، هەروەها ئەرکێکی بریتییە لە گەیاندنی چەمکی نەناسراوی هەندێکیان بە ئەلۆمۆرفی دادەنێن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو دەورووبەرەی کە تێدا دەردەکەوێت، هەمان ئەو دەورووبەرەیە کە /–ێك/ی تێدا دەردەکەوێت، جا چ دەورووبەری زمانیی بێت یان دیالێکتو شوێنی قسەپێکەران بێت، بۆیە ناکرێت بە ئەلۆمۆرفی دابنێین، بەڵام بە شێوەکی گشتی زمانەوانان لەسەرئەوە کۆکن، کە کورتکراوەی فۆرمی /–ێك/ بێتو (ئەم گۆڕانەش لە گۆڤەری سلێمانیدا دەبینرێت.) (لەیلا جلیل عباس دەلۆ: ١٩٩٨: ٥٦) وەکو: پیاوێ، شارێ، چرایێ، کانیێ، منالێ...........

بەگشتی ئەم شێوەیەی ئەم مۆرفیمە بە هۆکاری ئابووریکردن دادەنرێت، لە ئاستی مۆرفۆلۆژیو هەر ئەمەیش وای کردووە ئەم فۆرمە لە ڕووی تواناوە بە شێوەیەکی کارا ببینرێت.

---

٩ – ئەو ناوانەی کە کۆتاییان بە (ی) بزوێن هاتووە، توانای وەرگرتنی /–ێك/ یشیان هەیە، بەتایبەتی لە دەربڕیندا زۆرجار هەر بەو شێوەیە گۆدەکرێت: ماسێك، دەرزێك، کانێك. دەنگی {ی} تێدەچێت.

ئەلۆمۆرفەکانی ئەم مۆرفێمە زیاتر ئەلۆمۆرفی دەنگین، نەك ڕێزمانی، ئەوەی کە لەڕووی شوێنەوە تاڕادەیەکی زۆر چەسپاوە، بنکە(ناو)ەکەی ناگۆڕێت، بۆیە زیاتر سیفەتی گیرەکی تێدا زاڵە، بە بەراورد بە مۆرفێمەکانی ناساندن، هەروەك دەوترێت (/–ێك/ توانای پەڕینەوەی نییە بۆ سەر دەرخەر، شوێنێکی چەسپاوی هەیە)، (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٤) بەڵام ئەمەش بە شێوەیەکی ڕەها نییە، چونکە هەندێجار بەتایبەتی لە چوارچێوەی ئەو دەستەواژانەی ڕادە پیشان دەدەن، /–ێك/ شوێنی خۆی دەگۆڕێت، بەنموونە: پەرداخێك شیرم خواردەوە. پەرداخە شیرێکم خواردەوە. چەپکە گوڵێکم پێشکەش کرد. چەپکێك گوڵم پێشکەش کرد. دەستە جلێکم کڕی. دەستێك جلم کڕی.

بەم پێیە دەشێ ئەم گیرەکە لەسەر دیارخەرو لەسەر دیارخراویش بێت، بەڵام بە مەجێك دیارخەرەکە یەکێك لە وشەکانی ڕادە بێت، وەکو: (پەرداخ، تەنەکە، کیلۆ، دەستە، چەپکە، ئەمپێر.....) یەکێك لە تایبەتییەکانی ئەم دیارخەرانەش ئەوەیە، کە دەچنە پێش دیارخراوەکە. لە ڕووی واتاشەوە، دیارخەرو دیارخراو ئاماژە بە یەك شت دەکەن، مۆرفێمەکەش لەسەر دیارخەر یان دیارخراو هەر هەمان واتاو مەبەست دەگەیەنێت کە نەناساندنو تاکییەتییە.




یەکێك لەو گرفتانەی دێتە پێش لە ڕووی چەمکەوە، ئەوەیە کە ئەم مۆرفێمە هەڵگری ژمارەی تاکە لەپاڵ نەناسراوییەکەیدا، بەڵام هەندێ جار دەچێتە سەر ئەو ناوانەی کە پێشتر بە مۆرفیمی کۆ، کۆکراونەتەوە، بۆیە لێرەدا چەمکی تاکییەتی لە دەست دەدات. لەم حاڵەتەشدا، مۆرفێمی /–ێك/ دەکەوێتە دوای /–ان/ی کۆ، واتە ئەو پرۆسە ڕێزمانییەی بەسەر ئەم ناوەدا دێت، یەکەمجار کۆکردنەوەیە، دواتر نەناسیاوی، بەنموونە: کچ + ان > کچان(کۆ) + ێك > کچانێك (کۆکردنەوەو نەناسیاری)

پێکەوەهاتنی ئەم دوو مۆرفێمەش، تاڕادەیەکی زۆر سنووردارە، (بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵێك شت بەکاردەهێنرێت لە نێو کۆمەڵە شتێکی زۆردا.) (ك.ك. کوردۆییێف:١٩٨٤: ٦٣–٦٤) ئەو ناوانەی کە هەردوو مۆرفیمەکە پێکەوە وەردەگرن، لەیەك زیاترنو نەناسراویشن، بەنموونە: پیاوانێك هەن لە ژنەکانیان دەدەن. ژنانێك هەن ڕێز لە پیاوەکانیان ناگرن. کەسانێك هەن هەق نابینن.

هەمان چەمکیش دەشێ لە ڕێگەی یەك مۆرفێمی سەربەخۆی، وەکو (هەندێ، هەندێك، نەختێ...) بگەیەنرێت، چونکە ئەم مۆرفێمەش هەڵگری هەردوو چەمکی (نادیاریو کۆ)یە، وەکو: هەندێك پیاو هەن...، هەندێ ژن هەن..، هەندێ کەس.....

بەشێوەیەکی گشتی، بنکەی ئەو مۆرفێمە ناو دەبێت، بەڵام لە هەندێ باردا، لەسەر بەشە ئاخاوتنی تریشدا دەردەکەون، بۆ نموونە هەندێ جار لەسەر ئاوەڵناو دەبینرێت، ئەگەر بێتو ئەو ناوەی کە ئاوەڵناوەکە بووەتە دیارخەری، مۆرفیمی نەناسیاری وەرگرتبێتو دواتر ناوەکە بە هۆکاری ئابووریکردن، کرتابێتو ناوەکە لای قسەکەرو گوێگر زۆر ڕوونو ئاشکرا بێتو پێویست بە ناوهێنانی نەکات، یان بە مەبەست بشاردرێتەوە، وەکو: – خوێندکارێکی زیرەك لەم پۆلەدا هەیە. زیرەکێك لەم پۆلەدا هەیە.

لە هەندێ نموونەی تریشدا، لەسەر جێناوی سەربەخۆ دەبینرێت، وەکو:

– منێك کە خزمەتی زۆرم کردووە. – تۆیەك کە هەرگیز بیرت لەم ڕۆژە نەدەکردەوە.

ئەم بەکارهێنانەی زۆر سنووردارە، سەرباری ئەوەش کە دەربڕی هەمان چەمکی سەرەکی خۆی نییە. هەروەها هەندێ جار لەگەڵ ناوی تایبەتیشدا دەبینرێت، وەکو: – هەولێرێك کە تۆی تێدا نەبێت، بۆچیمە؟ – دڵشادێك کە من دەمناسی ئەوە نەبوو!

هاتنی مۆرفێمی /–ێك/ لەگەڵ ناوی تایبەتیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم ناوانە چەمکێکی گشتییان پێدەدرێت. زۆربەی ئەوانەی کە لە ڕەگی ئەم مۆرفێمە وردبوونەتەوە، گەیشتوونەتە ئەو ڕایەی کە (نیشانەی نەناسیاوی (ێك/ێ، ەك) لە ژمارە (یەك)ەوە پەیدابووە.) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ٢٠٤) یەکێکیش لەو چەمکانەی کە هەڵیدەگرێت، هەر لەو ژمارەیەوە وەری گرتووە، کە تاکییەتییە، هەر بۆیەش ئەو ناوانەی کە ئەم مۆرفێمە وەردەگرن، زۆر کەم ژمارە دەبێتە دیارخەریان، مەگەر تەنیا بۆ جەختکردنەوە بێتو ئەم چەمکە لە دەست دەدات. وەکو:

کوڕێك دەناسم. * یەك کوڕێك دەناسم * دوو کوڕێك دەناسم.

بەڵام لەگەڵ /–ەکە/دا، جگە لە ژمارە (یەك)، ژمارەکانی تریش دەردەکەون:

دوو کورەکەیان گرتن. سێ جگەرگۆشەکەم نووستوون. چوار پارچەکەی دڵم، بۆ یەکتر دەژین.

بەم پێیە جیاوازی لە نێوان چەمکی تاك لە هەر یەکێك لە مۆرفێمی /–ەکە/و /–ێك/ دەردەکەوێت، کە یەکسان نین لە بەکارهێناندا.

لەسەر بنەمای ئەو نموونانەی کە وەرگیراون، توانای مۆرفێمەکانی نەناسیاری، بەم شێوەیە پیشان دەدەین:

ئاماری ژمارە (٢)

خستنەڕووی توانای مۆرفێمەکانی نەناساندن لە زمانی کوردیدا




## ١–٣ : مۆرفێمی بەندیی کۆکردنەوە

لەبەرانبەر گەیاندنی هەر چەمکێك، مۆرفێمك کارایە. چەمکی کۆ بە چەند ڕێگەیەك دەگەیەنرێت، ئەوەی کە پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێ، ئەو مۆرفێمە بەندانەن، کە ئەو چەمکە پیشان دەدەن، لەو گیرەکانەی کە دەستنیشان کراون، لەو پۆلەن کە تایبەتن بەناو. بۆ گەیاندنی ئەو چەمکە /–ان/ بەسەرەکی ترینیان دادەنرێت، و لە هەموویان زیاتر توانای هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەویش هەندێ مۆرفیمی تر هەن، کە ئەوانەن:



لە ڕووی تواناو بەرهەمەوە، /–ان/، بە مۆرفێمی سەرەکی کۆ دادەنرێت، چونکە (لەگەڵ هەموو ئەو ناوانەدا بەکاردێت کە کۆتاییان، بە نەبزوێن، یان بزوێنی (ە) هاتووە.)(زەرێ یوسوپۆڤا: ٢٠٠٥: ٤٧) بە پێی ئەو نموونانەی وەك داتا وەرگیراون، ڕوون بووەتەوە، کە لە هەموویان زیاتر دەردەکەوێت.وەکو: منداڵان، ژنان، پیاوان، کتێبان..................

لەگەڵ هەندێ ناودا، بەتایبەتی لە شێوەزاری سلێمانیدا، ئەم مۆرفێمە بە تەنیاو سەربەخۆ لەگەڵ ناودا، بەکارنایەت، بەڵکو پێویستی بە پرۆسەی ناساندن دەبێت، دوای ئەو کۆکردنەوە، بە تایبەتی (لە شێوەزاری سلێمانیدا هەندێ ناو بێناسراوکردن کۆناکرێنەوە.) (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٨)، وەکو:

کورسییان > کورسییەکان، خوێندگایان > خوێندنگاکان، سێوان > سێوەکان

ئەم مۆرفێمە هەندێ جار ئەلۆمۆرفێکی تری هەیە، ئەویش، (/–یان/ە)، کاتێك کە بنکەی ئەم مۆرفێمە (کۆتایی بە دەنگی بزوێنی (ا، ی، ێ، ۆ) هات، لێرەدا ئامرازی کۆ، دەنگی {ی} وەردەگرێت، مۆرفێمی (یان) دروست دەبێت.) (ابراهیم عزیز ابراهیم: ١٣٦٧: ٢١) لەڕووی تواناوە بە دووەم فۆرم دادەنرێت، لە گەیاندنی چەمکی کۆدا، وەکو: ماسییان، دێیان، هەڵۆیان.....

لە ڕووی تواناوە، بە پلەی سێیەم مۆرفیمی /–گەل/ دێت، دەوترێت (ئەمەش ئەلۆمۆرفێکی تری کۆکردنەوەیە، بە زۆری بەناوی گیانلەبەرەوە دەلکێو ناوەکە بە کۆ نیشان دەدات.) (بابا ڕەسول نوری: ٢٠١٢: ٩٠) بەڵام لە ڕاستیدا ئەلۆمۆرف نییە، چونکە دەتوانین بۆ گەیاندنی هەمان چەمك، مۆرفێمەکانی تری لە شوێن دابنێین، بۆیە مەرج بۆ ئەلۆمۆرف ئەوەیە، کە لەیەك ژینگەدا دەرنەکەون، سەرەڕای ئەوەش سەرنجێکی تر لەسەر ئەم مۆرفێمە ئەوەیە کاتێك دەچێتە سەر وشەیەك دەشێ ئەم وشەیە، دووبارە مۆرفیمی تری کۆ وەربگرێت، بەنموونە: مێگەل > مێگەلەکان، گاگەل > گاگەلەکان

ئەمەش وای لێدەکات کە زیاتر وەکو، شێوە گیرەك دەربکەوێت، چونکە تا ئێستا بەهەردوو شێوەی گیرەكو وشەی سەربەخۆش بەکاردێت.

/ات/: مۆرفێمێکی ترە کە (بۆ گەیاندنی چەمکی کۆ لە زمانی عەرەبیدا، بۆ گەیاندنی (جەمعی مۆنپ سالم) بەکاردێت.) (عبدالقادر عبدالجلیل: ١٩٩٨: ٣٦٩) لە زمانی کوردیو فارسیدا بە شێوەیەکی سنووردار بەکاردێت، بۆ گەیاندنی ئەو چەمکە. کە لەگەڵ چەند بنکەیەکی تایبەتدا دەردەکەوێت: باخات، خەیاڵات، حەیوانات، عیلات...

بۆیەش دەبینین بەرهەمێکی زۆری نییەو توانایەکی سنوورداری هەیە، بەڵام لە ڕیزی مۆرفێمەکانی کۆی زمانی کوردی دادەنرێت. هەروەها مۆرفێمی /–وات/یش لە زمانی کوردیدا بۆ گەیاندنی چەمکی کۆ بەکاردێت، بەڵام لە سنوورێکی تەسكو بە توانایەکی دیاریکراو، وەکو: شوشەوات، سەوزەوات، ئاغاوات.

هەرچەندە ئەمەش زۆرجار بە ئەلۆمۆرفی /–ات/ دادەنرێتو وەك ئەلۆمۆرفی فۆنۆلۆژی هەژمار دەکرێت، لەگەڵ (/–جات/، /–هات/) (لەبەر گرانی دوا دەنگی هەندێ ناو، جاروبار، (ج، و، ه) یەکێکیان دەخرێتە نێوان ناوو ئامرازەکەوە.) (ئەورەحمانی زەبیحی: ١٣٦٧: ٤) بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین، کە سیستەمێکی ڕێكوپێکی نییە، لە بوونی بە ئەلۆمۆرفی /–ات/

/–جات/: نموونەی کەمتر، دەبینرێن، کە بەهۆی ئەم ئەلۆمۆرفەوە ببنە کۆ. بۆیە لە ڕووی تواناو بەرهەمەوە زۆر ناکارایە، وەکو: میوەجات.

ئەلۆمۆرفی /هات/ یەکێکی ترە، لەو مۆرفێمە بەندانەی کە سستە بۆ گەیاندنی چەمکی کۆ بە توانایەکی زۆر کەمو بەرهەمێکی یەکجار کەم لە گەیاندنی چەمکی کۆدا بەشداری دەکات، وەکو: دێهات.

بەڵام ئەوەی کە لەم مۆرفێمانەدا سەرنج ڕادەکێشێ، ئەوەیە، کە هەریەکەیان دەشێت، دووبارە مۆرفێمی سەرەکی کۆی /–ان/، وەربگرنەوە. بەم پێیەش لەم نموونانەدا دوو مۆرفێم بۆ گەیاندنی هەمان چەمك بەکاردێن، بەمەش مۆرفێمی یەکەم

دەبێتە بەشێك لە وشەكەو تەنیا مۆرفێمی دووەم ئەم چەمكە دەگەێنێ، وەكو: دێهاتان ئاوەدان دەكەنەوە. شوشەواتەكان خاوێن بكەنەوە

میوەجاتەكان كۆبكەنەوە.

یەكێكی تر لەو مۆرفێمانەی كە لە زمانی كوردیدا بەكارهێنانێكی تایبەتی هەیە، (/-ەها/)یە یەكێكە (لەو نیشانانەی كە لە زمانی كوردیدا كۆ پێك دێنێ و لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا هەبووەو ئێستایش لە زمانی فارسیدا نیشانەی سەرەكیی كۆیە.) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ٢٠٣) لەگەڵ هەندێ بنكەی تایبەتیدا دەبینرێت، لەوانە: سەدەها، شەوەها، دەیەها، هەزارەها......

بەڵام لە زمانی فارسیدا، مۆرفیمێكی زۆر كارایە، (لەگەڵ ناوی بێگیانو واتاییدا بەكاردێت.) (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٤٧١) هەرچەندە لە هەندێ لێكۆڵینەوەی كوردیدا،[١٠] بە ئەلۆمۆرفێكی /-ات/ دانراوە، بەڵام ئەمەش ڕێگەی تێناچێت، چونكە گۆڕانەكان لە سنووری فۆنۆلۆژیو دیالێكتەكانەوە چووەتە دەرەوە.

لە هەندێ شوێنی تریشدا[١١] /-ین/ بە ئەلۆمۆرفی كۆ دادەنریت، كە لە باری بانگكردندا، دەردەكەوێت. وەكو: كوڕینە، كچینە، خوێندكارینە، ژنینە........

جگە لەم لەحاڵەتە، لەوشەی (چەندین)یشدا هەیە، كە واتای (چەندان) دەدات.

لە ڕاستیدا، ئەم مۆرفیمە (/-ینە/)یەو یەك مۆرفێمە كە بۆ بانگكردنو ئاگاداركردنەوە، بەكاردێت، لەباری كۆدا، چ بانگكراو، نێر بێت، یان مێ.

زۆرجاریش هەریەك لە وشەكانی (ڕان، ڕەوە) بە مۆرفێمی بەندی كۆ دانراون.[١٢] بەڵام لە ڕاستیدا، ئەوانیش ناوی كۆمەڵن.

بەگشتی مۆرفێمی كۆ، تایبەتە بە ناو، بنكەكەی هەر ناو دەبێت، بەڵام هەندێ جار لەسەر بەشە ئاخاوتنی تردا دەبینرێت، لەوانە: ئاوەڵكار، جێناو، ژمارە، وەكو:

ئێواران، شەوان، دوانیوەڕۆیان..، خۆمان، خۆیان، خۆتان......، دەیەها، سەدەها، هەزارەها، یەكان..........

بە گوێرەی بنكە، مۆرفێمی كۆ (شوێنێكی چەسپاوی خۆی هەیە، كە كۆتایی ناوە، ناسراو كرابێت، یان نا.) (ئەبوبكر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٨) ئەمەش بە شێوەیەكی ڕەها نییە، چونكە ئەگەر هاتوو، ئەو ناوەی كە مۆرفێمی كۆ وەردەگرێت، بناسرێت، دواتر كۆبكرێتەوەو لە چوارچێوەی فرێزێكدا هاتبێت كە دیارخراو بە هۆی ئاوەڵناوی چۆنیەتییەوە دیارخرابێت، ئەوا بنكەی خۆی بەجێدەهێڵێو دەگوازێتەوەو دەچێتە سەر ئاوەڵناوەكە، وەكو: پیاوان زۆر قسە دەكەن. پیاوانی بەتەمەن زۆر قسە دەكەن. پیاوە بەتەمەنەكان زۆر قسە دەكەن.

بە شێوەیەكی گشتی لەگەڵ مۆرفێمە ڕێزمانییەكانی تری ناودا دەردەكەوێت، بەتایبەتی لەگەڵ ناساندنداو دەكەوێتە دوایەوە. بەڵام كاتێك لەگەڵ نەناساندندا دێت – كە لە سنوورێكی یەكجار تەسكدایە– دەكەوێتە پێشیەوە، بەنموونە: كوڕەكان..كوڕانێك..

بەپێی ئەو نموونانە كە وەرمان گرتوون دوای لێكدانەوەیان توانای مۆرفێمەكانی كۆ بەم شێوەیە پیشان دەدەین:

١٠ – بڕوانە: (بازیان یونس: ٢٠٠٨: ٨٢)

١١ – بڕوانە: (بابا ڕەسوڵ نوری ڕەسوڵ: ٢٠١٢: ٨٩)

١٢ – بڕوانە: (هەمان سەرچاوە: ٩٠)

ئاماری ژمارە (٣)

خستنەرووی توانای مۆرفێمەكانی كۆكردنەوە لە زمانی كوردیدا




### ٤-١: مۆرفێمی بەندیی پلەی بالاو بەراورد

پلەی بالاو بەراورد، دوو شێوەی بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناون، دەكرێت بكرێنە مەرجێك بۆ ناسینەوەو جیاكردنەوەی ئاوەڵناو. چونكە هەر وشەیەك كە (لەرووی فۆرمەوە بتوانێت پاشگری رێزمانی (–تر، –ترین) وەربگرێت،) (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٣٠٨) ئەوا ئاوەڵناوە. هەرچەندە ئەم دوو مۆرفێمە لەرووی تواناوە، بە شێوەیەكی گشتی وەكو یەك دێنە بەرچاو و ناكرێت بەراورد بكرێن، لەبەرئەوەی هەریەكەیان بۆ پلەیەكی دیاریكراو بەكاردێن. وەك دیارە ئاوەڵناو لە سێ پلە دایە:

– چەسپیو: جوان، باش، خۆش – بەراورد: جوانتر، باشتر، خۆشتر – بالا: جوانترین، باشترین، خۆشترین

/–تر/ دەتوانێت بەراورد لەنێوان سیفەتی دوو شت یان زیاتر بكات. ئەو بنكەیەی كە وەری دەگرێت، هەمیشە، ئاوەڵناوە و دەچێتە دوای دیارخراوەكە، وەكو: – كتێبێكی باشتر دەخوێنمەوە.

ف ن

لێرەدا، لەگەڵ فرێزی ناویدا، هاتووە، دەشێ (لەگەڵ فرێزی كاریشدا بێت.)(ئەبوبكر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٣٩) وەكو: ئالان لە هەموو خوێندكارەكان زیرەكترە.

ف ك

/–ترین/ ئاوەڵناوی پلەی بالا دروست دەكات، لەرووی چەمكەوە یەكێكە لەناو كۆمەڵێكدا دیاری دەكات، جیاوازی لەگەڵ (–تر)دا، ئەوەیە كە دەچێتە سەر هەر بنكەیەك دەبێتە كەرەستەیەكی دیارخەری پێش سەرە، بەنموونە: باشترین ئەزموون

H M

هەندێجار چەمكی ئەم مۆرفێمە دەشێت بەهۆی مۆرفێمی (هەرە)، كە دەچێتە پێش ئاوەڵناو، شوێنی پربكرێتەوەو هەمان واتاو چەمكیش بدات، بەلام ئەم مۆرفیمە زیاتر لە ریزی مۆرفێمە سەربەخۆكان دەردەكەوێت، نەك وەكو گیرەكی رێزمانی، بەنموونە: باشترین = هەرەباش، زیرەكترین = هەرە زیرەك

ئەم فۆرمە بۆ بەكارهێنانی پلەی بالاو بەراورد رەگێكی كۆنیان هەیە، چونكە لە زمانی فارسیی كۆندا، یەكێك لە رێگاكانی دروستكردنی ئاوەڵناوی پلەی بەراورد (بەكارهێنانی پاشگری tara– بۆ كۆتایی ئاوەڵناو.) (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٥٥) وەكو:

aka خراپ akatara خراپتر.

بەلام پاشگری (–ترین) نوێترەو لە (ên) فارسیی ناوەراست و پاشگری tara– سازبووە، لە زمانی فارسیی كۆندا tama یان ista بەكارهاتووە. ئەم فۆرمەی ئیستایی (ترین) پاشگرێكی لێكدراوە لە (تر (پلەی بەراورد)+ (ین) پێك

دێت)،[١٣] چونكە ئەگەر ئاوەڵناوی پلەی باڵا لە ئاوەڵناوی پلەی بەراوردەوە دروست بكەین، ئەوا تەنیا (–ین) زیاد دەكەین، وەكو:

زیرەكتر(بەراورد) + ین > زیرەكترین(باڵا)، باشتر(بەراورد) + ین > باشترین(باڵا)

ئەم دوو مۆرفیمە وەك دیارە تایبەتن بە ئاوەڵناو، بەڵام هەندێك جار دەچنە سەر ئاوەڵكاریش، بەتایبەتی هەندێ لە ئاوەڵكاری چۆنیەتیو شوێنو كات، وەكو: منداڵەكە جوان دەنووسێت. منداڵەكە لەتۆ جوانتر دەنووسێت.

خوار: خوارتر، خوارترین، درەنگ: درەنگتر، درەنگترین، زوو: زووتر، زووترین

مۆرفیمی (–تر) بەهەمان فۆرمی، بەڵام بە شێوەی مۆرفیمی سەربەخۆ، هەندێ جار دەبێتە دیارخەری ناو و بەدوای ناوە دیارخراوەكە دێت، وەكو ئاوەڵناوی نادیار كاردەكات، بەنموونە: پیاوێكی تر، شارێكی تر، خانوویەكی تر

دەكرێت لەو نموونانەدا، بەهۆی ئاوەڵناوی نادیاری (دیكە) شوێنیان پڕبكرێتەوە. بە واتایەكی تر ئەگەر ببێتە هۆی دروستبوونی هاوبێژیو لێڵی دروست بكات، ئەوا دەشێ بەهۆی وشەی (دیكە) روون بكرێتەوە. بۆیە ئەگەر لەڕووی فۆرمەوە بڕوانینە ئەم مۆرفیمە، بە دوو شێوە دەردەكەوێت:

تر
١– (مۆرفێمی بەند) بۆ دروست كردنی ئاوەڵناوی پلەی بەراورد
٢- (مۆرفیمی سەربەخۆ) ئاوەڵناوی نادیارەو وەك دیارخەری ناو بەكاردێت.

## ١-٥: مۆرفێمی بەندیی ناكردن

نەرێ كردن وەك كردەیەكی سینتاكسی، لە زۆربەی زمانەكاندا بەهۆی مۆرفێمی بەندەوە دەكرێت، بەڵام زۆرجار دەشێت ئەم كردەیە بە هەمان كەرەستە لە ئاستی فەرهەنگیشدا هەستی پێبكرێت، بەتایبەتی هەندێ گیرەك هەن، كە دەتوانن چەمكی نەرێی فەرهەنگیو ناكردنی سینتاكسی، بگەیەنن:

نا
ناخۆش، ناشاد، نابەلەد.... (مۆرفێمی فەرهەنگی)
ناچم، ناڕۆم، نانووسم.... (مۆرفیمی ڕێزمانی)

نە
نەخۆش، نەزان، نەفام.... (مۆرفێمی فەرهەنگی)
نەچووم، نەڕۆیشتم، نەم نووسی.... (مۆرفیمی ڕێزمانی)

ئێمە لێرەدا هەڵوەستە لەسەر مۆرفێمی ڕێزمانی ناكردن، دەكەین كە زیاتر وەك مۆرفێمێكی كار دەردەكەونو تایبەتن بەو بەشە ئاخاوتنە. (چەند نیشانەیەك هەن بۆ گۆڕینی كارێكی ئەرێ، بۆ نەرێ.)(عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ: ١٩٩١: ٢٢) كە هەریەكەیان بۆ جۆرێك –ڕێژەو دەمێك–ی كار بەكاردێن:




١٣ – بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٥٤– ٧٠)

لە ڕووی توانا و هێزەوە، ناکرێت بەراوردێکی ورد لە نێوان مۆرفیمەکانی ناکردندا، بکەین، چونکە هەریەکەیان (هەڵگری تافو بە پێی ڕێژەی کرداریش جیاوازن.) (محەمەدی مەحویو ئەوانی تر: ٢٠١٠: ٤٨)، بەڵام دەشێت لە ڕووی بەکارهێنانو بوارەکەیان پلەبەندییەك لە نێوانیاندا بکرێت، ئەویش لەسەر بنەمای ڕێژەی دەرکەوتنیانە لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی کار بەپێی تافو ڕێژە. مۆرفیمی /نە-/ بەشێوەکی گشتی لەگەڵ کاتی ڕابردوو بە هەموو دەمکاتەکانییەوە، لە ڕێژەی ڕاگەیاندنو دانانییدا، بەکاردێت. سەرباری ئەوەش لەگەڵ دەمی ڕانەبردووی لە ڕێژەی دانانییدا، هەروەها هەندێجار لەگەڵ کاری داخوازیشدا بەکاردێت، وەکو: – کتێبەکەم نەخوێندەوە. (ڕابردوو – ڕاگەیاندن) ، – خۆزگە نەچووبایتە دەرەوە (ڕابردووی – دانانی)

– لەوانەیە نەچمە ئاهەنگەکە. (ڕانەبردووی – دانانی) – تا دێمەوە نەڕۆنەوە. (داخوازی)

لەم بەکارهێنانە جیاوازانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە /نە-/ تەنیا یەك مۆرفێمە نەك دوو، کە (ن) مۆرفێمی نەرێ بێتو (ە) مۆرفیمی کاتی ئێستا[١٤] چونکە وەك دەردەکەوێت، (/نە-/) دەشێ لەگەڵ کاری ڕابردوو، ڕانەبردووش بەکاربێت نەك تەنیا بۆ کاتی ئێستا.

/نا-/ لە دوای مۆرفێمی بەند لە ڕووی توانای بەکارهێنان، لەگەڵ چەشنە جیاوازەکانی کار، بە دووەم مۆرفێم دادەنرێت، (ڕۆڵی ئەنجام نەدانی کاری ڕانەبردوو بکەردیارو بکەرنادیار بە تێپەڕو تێنەپەڕەوە دەبینێت.) (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٧٣) بەڵام بەمەرجێك کارەکە لە ڕێژەی ڕاگەیاندندا بێت، وەکو: هۆنراوەکانم نانووسمەوە. ئەمساڵ ناچمە دەرەوە.

سەرەڕای ئەوەی ئەم مۆرفێمە، وەکو مۆرفێمی فەرهەنگیش کاردەکات. – وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا– وەکو ئەسپێکتیش دەردەکەوێت، چونکە لە هەمان کاتدا، چەمکی ڕانەبردوویشی لەگەڵ خۆیدا، هەڵگرتووە. واتە نیشانەی کاری ڕانەبردوویشە. لەهەندێ گۆڤەریشدا، لەوانە خۆشناوەتیو باڵەکایەتی، فۆڕمەکەی دەبێت بە /نـ-/، وەکو: نزانم، نتانم

/نی-/ ئەم مۆرفیمە تەنیا (لەگەڵ کاری چاوگی (هەبوون)دا بۆ نەفی کردنی بەکاردێت.) (بازیان یوسف محی الدین: ٢٠٠٨: ١٣٤) بەڵام دەبێت ئەم کارەش تەنیا لە دەمی ئێستادا بێت، بەنموونە: – پارەم نییە. – هیچ کارێکم نییە.

بەڵام ئەگەر هاتوو کارەکە بگۆڕین بۆ ڕابردوو یان ڕانەبردوو، ئەم مۆرفێمەش دەگۆڕێت:

پارەم نەبوو.(ڕابردوو) پارەم نابێت.(ڕانەبردوو) پار هیچ کارێکم نەبوو.(ڕابردوو) ساڵێکی تر وا بڕوات هیچ کارێکم نابێت.(ڕانەبردوو)

خاڵێکی جیاکەرەوەی ئەم مۆرفێمە، لە ئەندامەکانی تری بواری (ناکردن) ئەوەیە، کە ناتوانێت دەرکەوتەیەکی فەرهەنگی هەبێت. واتە وەك مۆرفێمی وشەداڕێژ لە سازکردنی وشەی نوێی فەرهەنگیدا، کاربکات. ئەمەش نیشانەیەکی کەم توانایی ئەم مۆرفێمەیە.

/مە-/ ئەم مۆرفێمە، (بۆ داڕشتنی شێوەی ناکراوی کاری فەرمان دان بەکاردێت.) (زەرێ یوسۆپۆڤا: ٢٠٠٥: ١٣٩) دەشێت وەکو ڕووکارێکی کاری فەرماندانیش دابنرێت بەمەش دەبێتە شێوەیەك لە ئەسپێکتو هەروەها دەچێتە خانەی ئەو مۆرفێمانەی، کە دوو چەمکیان تێدا تواوەتەوە، هەم نەرێو هەم فەرماندان. وەکو: – ڕابردووتان لە بیرمەکەن. – زۆر دوور مەڕوانە

ئەم مۆرفێمە تەنیا لە فەرماندانا بەکاردێت، بۆیە لەڕووی توانا و هێزو دەرکەوتەکەیەوە، دەکەوێتە دوای ئەوانی تر، سەرباری ئەوەی کە تەنیا دەرکەوتەی سینتاکسیی هەیەو دەرکەوتەی فەهەنگیی نییە. خاڵی هاوبەشی نێوان مۆرفێمەکانی

١٤ – بڕوانە: (عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ: ١٩٩٦: ١٨٢)

نەرێکردن ئەوەیە، کە هەموویان لە نێو پێکهاتەی سینتاکسیی رستەدا دەکەونە فرێزی کارییەوە. هەروەها چەمکی نەرێکردنو پێچەوانەکردنەوەش دەیانکاتە ئەندامی یەك بوار. هەمووشیان سیفەتی نووسەکیان تێدا زاڵە. دەشێت بڵێین جۆرێکن لە نووسەك، (چونکە چالاکن لە پێوەنووسانی کارەکاندا.) (بازیان یوسف محی الدین: ٢٠٠٨: ١٣٣) بە واتایەکی تر بەپێی سروشتی رۆنانی کارەکەو ئەو مۆرفێمانەی لەگەڵیدا دەردەکەون، توانای جووڵەیان هەیە، بۆ نموونە:

نە: خوێندکارەکان هەموویان نەهاتوون.  خوێندکارەکان هەموویان دەرنەچوون.

نا: نام ناسێتەوە     لێت تێناگەم.     لەمەو دوا نامان ناسنەوە.

مە: مەنووسن.  مەم خەڵەتێنن.  مەیان خافڵێنن. هەڵیان مەگرنەوە، دروست مەکە

بەشێوەکی گشتی توانای مۆرفێمەکانی نەرێ بەم شێوەیە پیشان دەدەین:

ئاماری ژمارە (٤)

خستنەرووی توانای مۆرفێمەکانی ناکردن لە زمانی کوردیدا




### ١-٦: مۆرفێمی بەندیی خستنەسەر

لە دروستەی فرێزدا، کاتێك دیارخەرو دیارخراو وەك مۆرفێمی سەربەخۆ دەردەکەون پێویستە بەهۆی مۆرفێمێك بدرێنە پاڵ یەکتری، ئەو مۆرفێمە بەندانەی کە ئەم رۆڵە سینتاکسییە دەبینن ئەمانەن:




هەریەکە لەم مۆرفێمانە بەکارهێنانی تایبەتو دیاریکراوی خۆیان هەیە، بەجۆرێك ((ـی، ـە)، رۆڵی رێپێدانو هاتنەناوەوەی کەرەستەیەکی تر، رێکدەخەن لە فرێزی ناویداو بە مۆرفۆسینتاکسی خستنەپاڵ دادەنرێن، چونکە ئەرکێکی سینتاکسی دەستەبەر دەکەن.) (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٤٣) هەریەك لەو مۆرفێمانە شوێنو تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، بۆیە لەرووی تواناو پلەی دەرکەوتنیان جیاوازیان هەیە.

/ـی/ ئەم مۆرفێمە، زۆر چالاکە، بەوەی کە دەتوانێت ئەرکی جیاجیای ڕێزمانیو فەرهەنگی ببینێت.[١٥] یەکێك لە تایبەتییەکانی ئەوەیە، کە (مۆرفێمی /ـی/ خاوەنداریی پەیوەندییەکی خاوەنداریی دەردەبڕێتو دۆخی ڕێزمانیی خستنەپاڵیش لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست بە فرێزی ناوی دەدات.) (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف: ٢٠١٠: ٤٥) بەنموونە:

کوڕی من، شیری مندالْ، مەلای گوند.

هەندێجار ئەم خاوەنداریەتییە، ئەگەر ناو، یان جێناوی کەسی نەبێت، زۆر بەڕوونی دەرناکەوێ:

مندالْی زیرەك، ئاوی سارد، گەڕەکی دوور، شەوی درێژ..........

لێرەدا خاوەنداریّتی تەواو دەرناکەوێ، بەڵکو تایبەتمەندییەکی ناوە دیارخراوەکە پیشان دەدات. هەروەها ئەم مۆرفێمە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی خستنەسەریدا، (لە هەموو نیشانەکانی دیکە پتر لە کاردایەو بە دیارخراوەوە دەلکێ.) (ئازاد ئەحمەد مەحموود: ٢٠٠١: ٩٥) بەهێزیو چالاکیو پلەی دەرکەوتوویی ئەم مۆرفێمە وابەستەیە بەو ناوەی کە دەبێتە دیارخراو. ئەو کەرەستەیەی کە دەبێتە دیارخەرو شوێنی هاتنی لە چوارچێوەی فرێزدا، چونکە لە هەموو جۆرەکانی ناودا دەتوانێت دەرکەوێت، تەنیا لەگەڵ ناوی ناسراو نەبێت، کاتێك ئاوەڵناوی چۆنیەتی دیارخەری بێت، وەکو: پیاوی بەتەمەن، ژنانی لادێ، خوێندنێکی باش، هێمنی برام، کتێبی خۆم، جوانی بەهار....

/ـە/ لەگەڵ ئەو ناوانەدا دەردەکەوێت، کە ناسراونو لە پلەی دیارخراودان، دیارخەرەکانیشیان ئاوەڵناوێکی چۆنییەتیە.

وەکو: پیاوە پیرەکە، ماڵە ڕووخاوەکە، یاریزانە بەهێزەکان.........

هەروەها هەندێجار لەگەڵ ئەو ناوانەشدا دەردەکەوێت، کە دیارخراوەکانیان ناوێکی تاکی نەناسراو بێت، بەڵام بەزۆری ئەو فرێزانە بۆ دیاریکردنی ڕێژەو قەبارەی شتێك بەکاردێن، وەکو: پەرداخە شیرێك، دەسکە گوڵێك، تەنەکە نۆکێك......

بەڵام ئەگەر هاتوو مۆرفێمی نەناسیاری /ـێك/ لەسەر ناوە دیارخەرەکە لابرێتو بچێتە سەر ناوە دیارخراوەکە ئەوا لەم حاڵەتەدا /ـە/ دەبێت بەمۆرفێمی سفر، ئەمەش چالاکییەکەی کەم دەکاتەوە، بۆیەش دەوترێت (ڕاستە (ـە)ش وەکو (ـی) دیارخراو ودیارخەر پێکەوە دەبەستێ، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکرێ، کە (ـی) زۆر لە (ـە) چالاکترە.) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ٢٣٢) ئەم ناچالاکییەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لە سنوورێکی تەسکدا ئەم ڕۆڵە دەبینێ[١٦] و لەم سنوورەشدا هەندێ جار دەبێت بە سفر.

یەکێکی تر لەو مۆرفێمانەی کە ڕۆڵی خستنەسەر دەبینێ مۆرفێمی (Ø)ە. واتە لە هەندێ باردا، مۆرفێمی خستنەسەر شێوەی فیزیکی نامێنێو دەبێت بە سفر، بۆنموونە: خوێندنگاØباشەکان، ئەستێرەØبەرزەکان، ڕێگاØدوورەکان........

ئەمەش لەگەڵ ئەو ناوە دیارخراوانەدا، دەردەکەوێت، کە کۆتاییان بە دەنگێکی بزوێن هاتبێتو لەیەك بڕگەیش زیاتر بن، هەروەها دیارخەر ئاوەڵناوی چۆنیەتی بێت، یان لەگەڵ ئەو ناوە نەناسراوانەی کە وەك ڕێژەو بڕ بەکاردێنو نیشانەی نەناسراوی لەسەر دیارخراوەکەیانە، وەکو: پەرداخێك شیر، بارشێك گەنم، سەلکێك توور......

بەم پێیە لە نێو مۆرفێمەکانی خستنەسەردا، (ـی، ـە، Ø) هەریەکەیان لەڕووی تواناو هێزو چالاکییەوە، جیاوازنو دەشێت بەم شێوەیە پیشانیان بدەین:

---

١٥ – بۆ زانیاری ورد لەم بارەیەوە بڕوانە: (ئازاد ئەحمەد مەحموود: ٢٠٠١: ١١–٧٨)

١٦ – ئەم مۆرفێمە لە زمانی کوردیدا ئەرکی جیاجیا دەبینێو لە بوارەکانی تردا زۆر چالاکە، بۆ زانیاری ورد لەم بارەیەوە، بڕوانە: (ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان: ١٩٩٨: ١٠– ٥١)

ئاماری ژمارە (٥)

خستنەڕووی توانای مۆرفیمەکانی خستنەسەر لە زمانی کوردیدا




### ٧-١: مۆرفێمی بەندیی نادیاری:

نادیاری یان لاوازکردنی هێزی کار، لەڕێگەی مۆرفێمی بەندەوە دەکرێت، سەرباری ئەوەی کە هەندێ گۆڕانکاری بونیادی لە فۆرمی کارەکەدا ڕوو دەدەن. لەم بارەیەوە خودی دیاردەکە چەندین پێناسەی جیاجیای بۆکراوە.[١٧] ئەوەی کە پەیوەندی بە کارەکەی ئێمەوە هەبێت، نادیاری، (ئەو پەیوەندییە، کە لە نێوان بکەرو کاری ڕستەدا، هەیە.) (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠٠٨: ٥٨) چەشنی پەیوەندییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ هێزی کارەکە، کە هێزەکەیان بەشاردنەوەی بکەرەکە لە ئاستی سەرەوەدا لاواز دەکرێت، چونکە (لێکچوونی واتایی بوونێکی ئاشکرای هەیەو قاڵبە ڕێزمانییەکانیش نەگۆڕاون.) (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٨١) لەبارەی جۆری ئەو مۆرفێمەش، کە نادیاری پێدروست دەکرێت، ڕای جیاواز هەیە. بەگشتی ڕێزماننووسە کۆنەکان، تێکەڵ بە مۆرفێمی کات، دیارییان کردووە.[١٨] بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ڕێزمانوسە نوێیەکان هەردوو مۆرفێمی نادیاریو کاتیان لە یەکتری جیاکردۆتەوەو مۆرفێمی نادیارییان بە /–ر/ دیاری کردووە.[١٩]

نادیاری لە زمانی کوردیدا، هەرچەندە لەڕووی واتاییەوە بەهۆی کەرەستەکانی ناو ڕستە دەناسرێتەوە، بەڵام دەشێ مۆرفێمی /–ر/ بکەین بە نیشانەیەك بۆ ناسینەوەی ئەم جۆرە کارە:

(ڕابردوو) نامەکە نووسرا. خوێندکارەکە وەرگیرا. دەرگای خوێندنگا داخرا.

(ڕانەبردوو) نامەکە دەنوسرێ. خوێندکارەکە وەردەگیرێ. دەرگای خوێندنگا دادەخرێ.

لە ڕووی تواناوە، ئەم مۆرفێمە بۆ گەیاندنی چەمکی نادیاری، لە پلەیەکی بەرز دایە، چونکە – لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا– هیچ مۆرفێمێکی تری بەند بۆ گەیاندنی ئەم چەمکە بەکارناهێنرێت. سەرەڕای ئەوەی هەندێجار ئەم مۆرفێمە لەگەڵ ئەو چەشنە کارانەشدا بەکاردەهێنرێت، کە تەنیا فۆرمیان نادیارەو لەڕووی هێزەوە لاوازنەکراون، بۆیە دەکرێت وەك مۆرفێمێکی فۆرم نادیاریش بەکاربهێنرێت، کە خستنەڕووی توانا پیشان دەدەن، وەکو:

نانم پێناخورێ. ئەو ئیشە بەهەموو کەس ناکرێ. ئەو پارووە بە تۆ قووت نادرێ.

هەرچەندە، فۆرمی ئەو کارانە نادیارە، بەڵام هەر هێزدارنو ناکرێت وەك کاری نادیاری لەڕووی واتاو چەمکەوە تەماشابکرێن، مەگەر لەڕووی فۆرمەوە نەبێت.

١٧ – بۆ زانیاری ورد لەم بارەیەوە، بڕوانە: (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠٠٨: ٥٥– ٦٨)

١٨ – بەنموونە بڕوانە: (سعید صدقی کابان: ١٩٢٨: ٤٣)، (نوری عەلی ئەمین: ١٩٥٦: ٣٧)، (ك.ك. کوردۆیێف: ١٩٨٤: ٢٨٤)

١٩ – بەنموونە بڕوانە: (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی: ٢٠٠٨: ١٩٦) (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٨١) (عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ: ١٩٩٦: ١٦٩)

## ٢: توانای مۆرفێمی بەند لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی لە زمانی فارسیدا

بەشێوەکی گشتی هەوڵ دەدەین هەمان ئەو مۆرفێمانەی کە لە زمانی کوردیدا، باسمان کردنو ئەکتیڤیەتو ڕادەی چالاکیو تواناکانمان دەرخستوون، لە زمانی فارسیشدا هەر ئەو مۆرفێمانە وەردەگرین، بۆئەوەی لەڕووی بەراوردەوە ئەنجامێکی وردو زانستیانەمان بۆ دەربکەوێت.

### ٢-١: مۆرفێمی بەندیی ناساندن:

لە زمانی فارسیدا بیرو ڕای جۆراوجۆر لە بارەی ناساندن هەیە، بۆیە هەندێك لە زمانەوانان چەندین ڕێگەی جیاواز دەخەنە ڕوو بۆ ناساندنی ناو، بەڵام زۆر بەکەمی ئاماژەیان بۆ مۆرفێمی بەند کردووە، بە تایبەتی لە زمانی فارسی ستانداردردا. تەنانەت دەوترێت، (بەگشتی ئەو ناوانەی کە نیشانەی نەناسراوییان پێوە نییە، بە ناسراو هەژماردەرکرێن.) (عباسعلی مولوی: ١٣٦٠: ٤٢) بە واتایەکی تر، ناسراوی هیچ نیشانەیەکی نییە، بەڵام ئەمەش بە واتای ئەوە نییە، کە چەمکی ناسراوی لە زمانی فارسیدا نەبێت، (چونکە هەر کاتێك دوو شت –ناو– هەبێت یەکێکیان نیشانەی نەناسیاری پێوە بێتو ئەوی تریان بێنیشانە بێت، ئەوا بێنیشانەکە ناسراو دەبێت، واتە خودی بێنیشانەیی، نیشانەیە) (سید احمد خراسانی:١٣٢٩: ٤٤)، بەڵام سەرباری ئەوەش، ناساندن وەك کردەیەکی زمانی، لە زمانی فارسیدا، چەند ڕێگایەکی تایبەتی هەیە:

١– ئەو ناوانەی کە خۆیان لە بنەڕەتدا ناسراون، وەکو ناوی تایبەتی، ناوی دیاردەیەکی تایبەتکراو بە تاکە شتێك، بەنموونە، ڕۆژ، مانگ، بەهەشت، جەهەنەم، هەندێ ناوی نادیاری وەکو: فلان، هەروەها جێناوەکانو هەندێ ناوی کات، وەکو، ئەمساڵ، پار، دوێنی......هتد.

٢– ئەو ناوانەی کە بەیارمەتی هۆکارێکی تر دەناسرێن، لەوانە ئەو ناوانەی بە قەرینە دەناسێنرێن، کە مەبەست لەو جۆرە ناوانەیە، کە یەك جار لە قسەکردنو نووسیندا دێن، کە دووبارە دەبنەوە، دەبن بە ناسراو، یان ئەو ناوانەی کە بە ڕێگاکانی دروست کردنی ناسیاوی، دەناسێنرێن، هۆکارێك ڕۆڵی تێدا دەبینێت. لەوانە، ناوی بانگکراو، بوونی نیشانەی (را)، ئاوەڵناوی نیشانەو دیارخەر، لەگەڵ بوونی چەند پاڕستەیەکی دیارخەری.[٢٠] (تقی وحیدیان کامیار: ١٣٨٩: ٩١)

بەم پێیە لە هیچ یەکێك لە ڕێگاکان مۆرفیمی بەند ڕۆڵی ناساندن لە زمانی فارسیدا، نابینێت. تەنیا ئەوەندە نەبێت، کە لە نێو ئەم ڕێگایانەدا (را)ی بەرکاری دەکرێت، وەك دووەمین چەمکی خۆی، ناساندن پیشان بدات، لەو چەشنە مۆرفیمە بێت، کە دوو ئەرکیان لەیەك کاتدا تێدا تواوەتەوە.

١– مۆرفێمی بەرکاری ڕاستەوخۆ

را

٢– مۆرفێمی ناساندن – کتاب را(م. بەرکاری، م. ناساندن) خواندم.

(لێرەدا دەتوانین بڵێین کە (را) دوو ئەرکی جیاوازی ڕێزمانیی هەیە، واتە لە یەك شوێنو لە هەمان کاتدا، جارێك نیشانەی ناسیاوییەو جارێکی تر نیشانەی بەرکارییە.)(مهری باقری: ١٣٧٥: ١٥٢)

ئەگەر تەماشای قوناغەکانی زمانی فارسی بکەین دەبینین، کە چەند مۆرفێمێك بەکارهاتووە، ناساندن، لە زمانە ئێرانەییە کۆنەکاندا، (بەهۆی awa[٢١] (ان) و ima (این) بووە.)(محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٢٨) ئەمڕۆش ئەو ناوانەی لە دوایی ئاوەڵناوی نیشانەی (ان، این) دێن، لە زمانی فارسییدا بە ناوی ناسراو دادەنرێن، کە ئەوانیش پێش ناوەکە دەکەونو

[٢٠] – بۆ زانیاری ورد، لەبارەی ئەم ڕێگایانە بروانە: (فاگمە مدرسی: ١٣٨٦: ٨٧– ٨٨)

[٢١] لە زمانی ئاوێستادا، (ava) بووە. بروانە (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٢٨)

وەك نیشانەی ناسراوی بەکاردێن. (حسن انوری، حسن احمد گیوی: ۱۳۹۰: ۸۸)، وەکو: این قلم، این کاغذ، ان پسر، ان دختر......

ئەوەی کە لەم بارەیەوە زیاتر سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە (awa و ima) وەك مۆرفێمی بەند بەکارهاتوون، بەڵام (ان، این) ئەمڕۆ وەکو مۆرفێمی سەربەخۆ بەکاردێن.

لە زمانە ئێرانییەکانی ناوەڕاستدا، ناساندن لەڕێگەی چەند نیشانەیەکەوە بووە، لەوانە، لە پەهلەوی ئاشکانیدا، im (این)و hau (او) و لە فارسی ناوەڕاستدا، ōy (او)، ēn (این)و (h)ān (ان) کە جێناو، ئاوەڵناوی نیشانەن‌و ناو دەکەن بەناسراو.) (محسن ابوالقاسمی: ۱۳۸۸: ٤٠): hau pidar- ان پدر ئەو باوکە.

لە زمانی فارسیدا (گفتوگۆی ئاسایی)، مۆرفێمی /–ش/ /eš-/ وەکو نیشانەی ناساندن بەکاردێت. (مهدی مشکوه الدینی: ۱۳۸۹: ۳۱) وەکو: محلش خوب است. دوکانەکەی باشە. غذاش بدنیست. خواردنەکەی خراپ نییە.

ئەم مۆرفێمە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە، (دەبێتە هۆی ناساندنی فرێزی ناوی، بەڵام وەك ناساندنێکی ئەنافۆری، بەکاردەهێنرێت.) (محمد راسخ مهند: ۱۳۸۸: ۹۰)

مۆرفێمێکی تر، /–ە/یە، لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا بۆ ناساندن بەکاردێت، (لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی فارسیدا، بۆ ناساندنی ناو، بزوێنی /e–/، /–ە/ بۆ کۆتایی ناوەکە زیاد دەکرێت.) (محمد رچا باگنی: ۱۳۸۵: ۹۷) بەنموونە:

کتابە اینجا است. کتێبەکە لەوێیە. پسرە بیدارشد. منداڵەکە لەخەو هەستا.

ئەم پاشگرە سەرپشکییە، (دەتوانرێت بە شێوەیەکی سەرپشکی بە هەر ناوێکی تاکی تایبەت، یان گشتی، کە بکەر بێت، یان بەرکاری ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بلکێت‌و ناسیاوی نیشان بدات.) (شهرزاد ماهوتیان: ۱۳۸۷: ۱۹۰)، وەکو: من بە زنە گفت. من بە ژنەکەم گوت. زنە بە من گفت. ژنەکە بە منی گوت.

هەریەك لەم دوو مۆرفێمە، بە شێوەیەکی لابەلا دەتوانن چەمکی ناساندن بگەیەنن، چونکە توانایەکی زۆریان نییەو تەنیا لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا بەکاردێن. (لە نووسیندا، بۆ ناساندنی ناو هیچ نیشانەیەك بەکارناهێنرێت) (محمد رچا باگنی: ۱۳۸۵: ۹۷)، بۆیە ناتوانین هیچ مۆرفێمێك وەکو پیشاندەری چەمکی ناساندن لە زمانی فارسیدا، بەتایبەت لە زمانی نووسین‌و فەرمی، دیاری بکەین، هەرچەندە (زمانەوانی ئەمڕۆ مۆرفێمی /–ە/ بە گیرەکێکی ڕێزمانی دادەنێن، کە چەمکی بچووکردنەوەو ناساندن‌و پیشاندانی ناسکی‌و خۆشەویستی دەگەیەنێت.) (حسین عبدالملکی: ۱۳۸۵: ۱۰۱) بەم پێیە ئەم مۆرفێمە دەبێتە مۆرفێمێکی هاوبێژو چەند چەمکێکی ڕێزمانی‌و فەرهەنگی تێدا تواوەتەوە.[۲۲]

(هەریەك لەو دوو مۆرفێمە /–ە/، /–ش/ لە ڕیزی نووسەکەکانن‌و بە جۆرێك لە نووسەك (دواگر) دادەنرێت.) (محمد راسخ مهند: ۱۳۸۸: ۹۱): – ێشش/ ێش رشتش/ ێش رشت زمستوناش خوشمزە است. – کتە/ کت قرمزە/ کت قرمز گرانە را خریدم.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردنە، ئەوەیە کە هەندێ جار بەتایبەتی لە زمانی قسەکردندا، لە جیاتی /–ە/ (فەتحە) بەکاردەهێنرێت، واتە شوێنی دەگرێتەوە، ئەمەش تەنیا لەگەڵ ناوی تاکدا دەبێت. وەکو: کتابێ رو خوندم. مردێ رو دیدم اوتوبوسێ رو سوارشدم.

۲۲ – بۆ زانیاری زیاترو ئاشنابوون بە هەموو ئەو چەمکانەی کە ئەم مۆرفێمە لە زمانی فارسیدا دەیبینێت، بڕوانە: (خسرو فرشیدورد: 1386: 454– 471)

## ٢-٢: مۆڕفێمی بەندیی نەناساندن

نەناسیاری وەك چەمكێكی ڕێزمانی لە زمانی فارسیدا، لە ڕێگەی مۆڕفێمی سەربەخۆو مۆڕفێمی بەندو هەردوو جۆری مۆڕفێمەكەش پێكەوەو لەیەك كاتدا، دەگەیەنرێت. هەر كاتێك ناو ئەم كاتیگۆرییە وەربگرێت، دەبێت بە ناوێك كە (لای قسەكەرو گوێگر، دیارو ئاشكرا نییەو پێشینەییەكان لەبارەوە لە مێشكدا، نییە.) (عبدالعظيم قريب و ديگران: ١٣٨٧: ٣٣) ئەو ناوەی كە دەكرێت بە نەناسراو، لەگەڵیدا ژمارە دەردەكەوێت، كە هەر ڕێگایەك بەكاربهێنرێت (نەناسراوی لەناو فرێزی ناویدا بە (یە/یك) یان پاشگری /–ی/ یان بەلێكدانی (یە/یك) لەگەڵ /–ی/ دەگەیەنرێت.)(شهرزاد ماهوتيان: ١٣٨٧: ١٩٢)[٢٣] وەكو:

یە/یك كتاب خریدم. کتابی خردیدم. یك/یە کتابی خریدم

بەم پێیە مۆڕفێمی بەندی نەناسیاری /–ی/ ییە، كە تێیدا چەمكی نەناسیاریو ژمارە هەست پێدەكرێت:

/–ی/ → ١– نەناسیاری
/–ی/ → ٢– ژمارە

بەڵام كاتێك مۆڕفێمی سەربەخۆشی لەگەڵ دەركەوت هیچیان چەمكی خۆیان لەدەست نادەن. (كاتێك هەردوو نیشانەكە (یك) و /–ی/ پێكەوە هاتن بۆ جەختكردنەوە.) (سيد احمد خراساني: ١٣٢٩: ٣٧)

ئەگەر ئاوڕێك لە قۆناغەكانی پێشتری زمانی فارسی بدەینەوە، دەبینین لە زمانی (ئێرانی كۆندا نەناسراوی بە -aiwa: (یك) پیشان دەدرا.) (محسن ابوالقاسمي: ١٣٨٧: ٢٨)، وەكو: aiwa martyah مردی (پیاوێك)

لە زمانی فارسی ناوەڕاستو زمانە ئێرانییەكانی تری ناوەڕاستی ڕۆژاوا (ناو بە ew كە لە دوای ناوەوە بەكاردێتو لە aiwa ی ئێرانی كۆنەوە ماوەتەوە، دەكرێت بە نەناسراو.) (محسن ابوالقاسمي: ١٣٨٨: ٤٠) لە ئەنجامی ئەو گۆڕانەی لە نێوان فارسیی كۆنو ناوەڕاستدا، ڕووی داوە، نیشانەی نەناسیاری، كە لە فارسی كۆندا پێش ناوەكە هاتووە، بەڵام لە فارسیی ناوەڕاستدا، دوای ناوەكە كەوتووە، وەكو: azdahāgēw mazn اژدهایی بزرگ. ئەژدیهایەكی گەورە.

بەڵام ئەمڕۆ لە زمانی فارسیدا بۆ نەناسیاری ناو، نیشانەكە هەم دەچێتە پێش ناوەكەو هەمیش دەچێتە دوای ناوەكە، پێكەوە لە هەردوو باریشدا دەبینرێت.

ئەم مۆڕفێمە بەندە، لە زمانی فارسیدا، شێوەی نووسەك زیاتر بەخۆیەوە دەگرێت، تا گیرەك، چونكە هەر كاتێك لە فرێزی فراوانكراودا بێت، توانای ئەوەی هەیە بنكەی خۆی بگۆڕێت. ئەو بنكەیەی كە وەری دەگرێت نابێت بە بەشێك لێیو كەتیگۆری ئەو بەشە ئاخاوتنە پیشان نادات، بۆیە دەشێ (نیشانەی نەناسیاری /–ی/ (/i–/) بە نووسەك دابنرێت.) (مهدی مشكوه الديني: ١٣٨٩: ٣١) بەم پێیەش (نیشانەی نەناسیاری /–ی/ مۆڕفێمێكی بەندەو لە جۆری نووسەكەكانەو گیرەك نییە.) (ويدا شقاقي: ١٣٧٦: ١٥١) وەكو: كتابی خریدم. كتاب خوبی خریدم. كتاب بسیار خوبی خریدم.

بەڵام ئەوەی سەرنج ڕادەكێشێ ئەوەیە، كە ئەم جۆرە گواستنەوەیە لە بنكەی مۆڕفێمی /–ی/دا، خورتەكی نییەو دەشێ بووترێت: كتابی بسیار خوب خریدم.

لێرەوە ئەمە دەردەكەوێت، هەر كاتێك لە ناوێكی دیارخراو بە ئاوەڵناو، نەناسراو بكرێت، بەزۆری مۆڕفێمی نەناسیاری دەچێتە سەر ئاوەڵناوەكە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، لە زۆر بواردا، لە زمانی فارسیی فەرمیو بەتایبەت لە زمانی ئەدەبیدا لە

٢٣ – بۆ هەمان زانیاری بڕوانە: (حسن احمد گیوی، حسن انوری: 1390: 66)، (محمد روایی: 1384: 18)

پێکهاتەی سینتاکسی ناو و ئاوەڵناودا، مۆرفیمی نەناسیاری هەر لەسەر ناوەکە دەردەکەوێت، (هەمان سەرچاوە: ١٣٨)، وەکو: دیواری بلند، کاخی باشکوه، درختانی سرسبز......

هەروەها دەشێت دیارخراو ئاوەڵناویش نەبێت، مۆرفیمەکە شوێنی خۆی بگۆڕێ، وەکو:

لیوان شیری / لیوانی شیر می خورم. دستەای گل / دستە گلی می خرید.

هەندێك لە زمانەوانی فارس، /–ای/ بە مۆرفیمێکی تری نەناسیاری دادەنێنن،[٢٤] بەڵام دەنگی {ا}، کە لە پێش ئەو مۆرفیمە زیاد دەبێت، بەهۆکاری دەنگەکانی دەوروبەرییەوە پەیدادەبێت، بۆیە دەشێت وەك ئەلۆمۆرفێکی ئەو مۆرفیمە دابنرێت، کە بە هۆکاری فۆنۆلۆژی سەری هەڵداوەو شێوەی سەرەکی مۆرفیمەکەی گۆڕیوە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو وشانەی کۆتاییان بە دەنگی بزوێن هاتووە، ئەم دیاردەیە دەبینرێت، وەکو: خانەای، شانەای.............

ئەگەر بێتو هەمان ناو بەئاوەڵناوێکی (یان هەر دیارخەرێکی تر) دیاربخرێت، ئەوا ئەو ئەلۆمۆرفە شێوەی سەرەکیی خۆی لەسەر دیارخەرەکە وەردەگرێتەوە، وەکو: خانە بزرگی، .............

مۆرفیمی نەناسیاری، هەرچەندە، چەمکی تاکییەتی ناویش پیشان دەدات، بەڵام زۆرجار لەگەڵ مۆرفیمی کۆشدا دەردەکەوێت، هەر کاتێکیش ئەو دوو مۆرفیمە لەسەر بنکەیەك دەرکەوتن، ئەوا مۆرفیمی کۆ پێش مۆرفیمی نەناسیاری دەکەوێت. (مهدی مشکوە الدینی: ١٣٨٩: ١٤١) بەنموونە: ئادم + ها(کۆ) + یی(نەناسیاری) > ئادمهایی، پسر+ ها(کۆ) + یی(نەناسیاری) > پسرهایی

بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی زمانی فارسی، دەوترێت پێشتر (ی) لە کۆتایی ناوی تاکدا دەهات نەك لە کۆتایی ناوی کۆ، نەدەوترا (سخنانی) یان (مردانی) بەڵکو کۆی نەناسراو، بەهۆی هەندێك وشەی وەکو (گروە، دستە، برخ......هتد) لە پێش ناوەکە دادەنراو نیشانەی /–ان/ی کۆ دەخرایە سەر ناوەکە، نیشانەی /–ی/ نەناسیاریش دەخرایە سەر وشەکان.(خسرو فرشیدورد: ١٣٨٢: ١٩٠) وەکو: برخی سخنان، گروهی مردان......

لێرەدا، مۆرفیمی /–ی/ چەمکی تاکییەتی لەدەست نەداوە، بەڵام ئەمڕۆ /–ی/ لە کۆتایی ناوی کۆش دێت، وەکو: سخنانی گفت، حرفهایی بزن،

لێرەوە ئەگەر پێشتر دەوترا /–ی/ تاکییەتی دەگەیەنێت، ئەوا لەم جۆرە حاڵەتەدا، پێویستە بڵێین: (تەنیا چەمکی نەناسراوی دەدات، چونکە لە کۆتایی ناوی کۆش دێت، تاکییەتیش لەگەڵ کۆ ناگونجێ.) (سید احمد خراسانی: ١٣٢٩: ٣٨) بۆیە ئەو مۆرفیمانەی کە دوو چەمکیان تێدا دەتوێتەوە، دەشێ پلەیان لە نێواندا هەبێ، یەکێکیان سەرەکی بێتو ئەوەی تریان لاوەکی بە نموونە /–ی/ ئەرکی سەرەکی پیشاندانی چەمکی نەناسیارییە، ئەرکە لاوەکییەکەی – لەهەندێ باردا– پیشاندانی چەمکی تاکییەتییە.

بەم پێیە مۆرفیمی بەند، (لە زمانی فارسیدا وەك نیشانەی نەناسراوی (/–ی/) ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ژمارە (یەك) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (یك)و/–ی/ ڕەگو ریشەی هاوبەشییان هەیە.) (محمد راسخ مهند: ١٣٨٨: ٨٦)

## ٢-٣: مۆرفیمی بەندیی کۆکردنەوە

لە زمانی فارسیدا، پیشاندانی چەمکی کۆ، لە ڕێگەی زیاتر لە مۆرفیمێکەوە دەبێت، کە هەریەکێك لەو مۆرفیمانە سیمای تایبەتیو بەکارهێنانی خۆی هەیە، بەگشتی مۆرفیمەکان ئەمانەن: /–ان/، /–ها/، /–گان/، /–جات/، /–ین/، /–ون/، /–

---

[٢٤] – بروانە: (پرویز ناتل خانلری: ١٣٨٢: ١٦٦)، (داریوش آشوری: ١٣٨٦: ١٨٢)

ات/)[٢٥] هەرچەندە هەندێ مۆرفێمی تریش بۆ گەیاندنی ئەم چەمکە ئاماژەیان بۆدەکرێت، لەوانە /–اها/، /–یها/، /–گاران/، /–یان/.....هتد)[٢٦] بەڵام زیاتر دەچنە ڕیزی ئەلۆمۆرفەوە.




ئەگەر ئاوڕێك لە زمانی فارسی بدەینەوە، دەبینین هەندێك لەو مۆرفێمانە نوێنو تازە هاتوونەتە ناو زمانی فارسییەوە، لە فارسیی کۆنو ناوەڕاستدا نەبوونە. (لە زمانی ئێرانی کۆندا، āman و ān لە فارسیی کۆندا، بۆ ئەو ناوانە بەکارهاتووە، کە کۆتاییان بە /ā/ هاتووە، īn و īnam بۆ ئەو ناوانەی کە کۆتاییان بە /-ī-/ هاتووە، بەڵام (īn) کەمتر بەکارهاتووە، لە پەهلەوی ئەشکانیو فارسیی ناوەڕاستدا زیاتر بەکارهاتووە، لە دەوری ناوەڕاستدا، مۆرفێمێکی تر هەیە -īha–، بەتایبەتی لە دەقەکانی فارسیی ناوەڕاستو زەردەشتیدا، کە لە بنەڕەتدا، مۆرفێمێکی ئاوەڵکارسازەو بۆ کۆکردنەوەی ناوی تاکیش بەکارهێنراوە.) (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٨: ٤١)، (مهری باقری: ١٣٨٦: ١٧٣، ١٧٤) بەم پێیە، مۆرفێمی /–ان/ کە ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ anamی فارسیی کۆنو لەم قۆناغەدا تاکە مۆرفێم بووە بۆ گەیاندنی چەمکی کۆ، لە قۆناغی فارسیی ناوەڕاستدا، (īhā) هاتووەتە ناوەوە، وەکو پیشاندانی چەمکی دووەمی کۆی گەیاندووە. ئەمڕۆش لەو زمانەدا، هەردوو مۆرفێمی /–ان/ و /–ها/ بە چالاکترینو بە تواناترین مۆرفێم دادەنرێن تەنانەت دەوترێت (لە زمانی فارسیدا دوو مۆرفێمی کۆ هەن ئەوانیش (–ha و –an)ن.) (علی درزی: ١٣٨٥: ٨٠) بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لێرەدا، بەکورتی، هەڵوەستە لەسەر دیارترین ئەو مۆرفێمانە دەکەین:

/–ان/ زۆربەی زمانەوانی فارس، بە مۆرفێمێکی ڕەسەنی دادەنێن لە زمانەکەیاندا، کە ڕیشەیەکی کۆنی هەیەو (بۆ ناوی گیانلەبەران، ڕووەك، تەنەئاسمانییەکان، هەندێ لە ئەندامە دوانییەکانی لەش، بەکاردێت.) (فاگمە مدرسی: ١٣٨٦: ١٢٤)

بەنموونە: مرغان، گوسفندان، لبان، گیاهان، گلان،..........

ئەم مۆرفێمە چەند ئەلۆمۆرفێکی هەیە، لەوانە: /–یان/ (ئەگەر هاتوو ناوێك کۆتایی بە {ا} هاتبوو نیشانەی کۆی /–ان/ بە شێوەی /–یان/ دەردەکەوێت.) (مهدی مشکوه الدینی: ١٣٨٩: ١٤٢) وەکو: دانا + ان < دانایان، بینا + ان < بینایان.

هەروەها لە هەندێ وشەدا، کە کۆتاییان بە {و = u}، هاتووە، لە کاتێکدا کە /–ان/ی بۆ زیاد دەکرێت، {و = u}ی وشەکە دەگۆڕێت بە (o ، ـُ) دوای ئەوە (و + ان)ی بۆ زیاد دەکرێت. (فاگمە مدرسی: ١٣٨٦: ١٢٤، ١٢٥) بۆیە /–وان/ وەك ئەلۆمۆرفێکی /–ان/ هەژماردەکرێت، بەنموونە: زانو + ان < زانُ + و + ان < زانوان.

لە هەندێ باریشدا، /–گان/ وەکو ئەلۆمۆرفێکی /–ان/ دەردەکەوێت، بەتایبەتی ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە (ە/ــە = e) هاتبێت لە نێوان ئەو بزوێنەو مۆرفێمی کۆ {گ} زیادەکرێت. (هەمان سەرچاوە: ١٢٥)، بەنموونە:

درماندە + ان < درماندەگان     فرزانە + ان < فرزانەگان

---

٢٥ – بڕوانە: (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٩: ١٤٤)، (پرویز ناتل خانلری: ١٣٨٢: ٥٤،٥٥)، (فاطمه مدرسی: ١٣٨٦: ١٢٤– ١٢٧)

٢٦ – بڕوانە: (علی اشرفی صادقیو اکرم حاجی سیداقایی: ١٣٨٩: ٥٩– ٦٥)

هەندێ جار دەشێ دەنگی {ه}، لە نووسیندا دەرنەکەوێتو ببێتە (فەتحە) (درماندگان) ئەم ئەلۆمۆرفەش هۆکاری فۆنۆلۆژی هێناویەتی. ئەگەر بە /–ها/ کۆیان بکەینەوە ئەوا فۆنیمی {گ} زیاد نابێت، چونکە /–ها/ خۆی بە نەبزوێن دەست پێدەکات، وەکو: فرزانه+ ها > فرزانەها

/–ها/: ئەم مۆرفێمە لە (پاشگری ئاوەڵکارسازی /īhā–/ی فارسی ناوەڕاستەوە کە بەرانبەر پاشگری /–انە/ی فارسی نوێیە، وەرگیراوە.) (علی اشرفی صادقیو اکرم حاجی سیداقایی: ١٣٨٩: ٦٣) بەڵام ئەمڕۆ لە زمانی فارسیدا، (زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، لە دروستکردنی وشەی کۆدا.) (فاگمە مدرسی: ١٣٨٦: ١٢٤)، (علی درزی: ١٣٨٥: ٨٠)، چونکە دەتوانێت لەگەڵ ناوی گیاندارو بێگیانو ناوی واتایی بەکاربهێنرێت، هەروەها دەتوانێت لەگەڵ ئەو ناوانەش بەکاربهێنرێت، کە بە /–ان/ کۆدەکرێنەوە، واتە دەبێتە هاوواتایی، وەکو: مردها، دخترها، پسرها، درختها، کتبها...............

بەم پێیە /–ان/ تایبەتە بە گیانلەبەرو (زیندوو)، /–ها/ دەتوانێت هەموو ناوێك کۆبکاتەوە گیانلەبەرو بێگیان، بەڵام /–ان/ ناتوانێ، لە گیاندار زیاتر کۆبکاتەوە، ئەم نیشانەیە بۆ جیاکردنەوەی ناوی گیاندارو بێگیان لە زمانی فارسیدا بەکاردێت. (اسماعیل سعادت: ١٣٧٥: ٧٧) بەڵام لە زمانی فارسی ئەمڕۆدا، ئەم یاساو ڕێساییە زۆر بەوردی ڕەچاو ناکرێتو زۆربەی ناوەکان بە /–ها/ کۆدەکرێنەوە. (ع. خیامپور: ١٣٨٩: ٣٦) ئەم تواناییەی مۆرفێمی /–ها/ دەگەڕێتەوە بۆ ئاسانی دەربڕینیو نەبوونی ئەلۆمۆرفی جیاجیا بۆی بەتایبەت لە زمانی نووسیندا، چونکە (لە زمانی قسەکردنی ڕۆژانەدا، /–ها/ دەگۆڕێت بە /–ا/) (ئەبوبەکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٨٧) ئەمەش زیاتر بۆ هۆکاری ئابووری کردن دەگەڕێتەوەو سەرباری ئەوەش لە سنوورێکی تەسکدا دەبێت. چونکە ئەو ناوانەی کە کۆتاییان بە بزوێن هاتبێو بە /–ها/ کۆکرابنەوە ناکرێت ئەم گۆڕانکارییەیان تێدا ڕووبدات، وەکو: (بندەها = *بندەا، بچەها = *بچەا) بۆیە دەشێ /–ا/ وەك ئەلۆمۆرفێکی زۆر ناچالاك دابنێین.

پەیوەندی مۆرفێمی کۆ لەگەڵ ژمارەدا، لە هەندێ زماندا، خورتەکییە[٢٧]، بەڵام لە هەندێ زماندا نییە[٢٨]، لە زمانی فارسیشدا، سەرپشکییە، دەشێ هەبێو دەشێ نەبێت، وەکو: – دو تا دخترها. – دو تا دختر.

بەڵام دەوترێت ئەگەر هاتوو هەردوکیان – ژمارەو مۆرفێمی کۆ– پێکەوە هاتن، ئەوا نیشانەی کۆ دەبێتە هۆی گەیاندنی چەمکی ناسراوی. (محمد راسخ مهند: ١٣٨٨: ٩٧) بۆیە لەسەر ئەو بنەمایەشەوە، دەکرێت بڵێین لە هەندێ باردا مۆرفێمی /–ها/ چەمکی ناسیاویش پیشان دەدات.

/–گان/: هەرچەندە هەندێ زمانەوان بە مۆرفێمێکی کۆکردنەوەی دادەنێن،[٢٩] بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە ئەلۆمۆرفێکی مۆرفێمی /–ان/ه/، –وەك پێشتر ڕوونمان کردووەتەوە– (ئەم نیشانەیە لە بەکارهێنانیدا زۆر سنووردارەو لە ڕوانگەی واتاییەوە، ئاماژە بە کۆمەڵێكو چەند دانەیەکی یەکسانو لەیەکچوو دەکات، هەروەها زۆرجاریش چەمکی ئاوەڵناوی نسبیش پیشان دەدات.) (مهدی مشکوه الدینی: ١٣٨٩: ١٤٢) وەکو: دهگان، صدگان، هزارگان، ناوگان......

/–جات/: یەکێکە لەو مۆرفێمانەی کە لە زمانی فارسیدا، بۆ گەیاندنی چەمکی کۆ بەکاردێت، بەڵام (لە بەکارهێناندا سنووردارە.) (فاگمە مدرسی: ١٣٨٦: ١٢٦) زۆرجاریش وا باس دەکرێت، کە ئەم مۆرفێمە گۆڕاوی /–ات/ی عەرەبی بێت،

٢٧–لە زمانی ئینگلیزیدا پێویستە (S) کۆ لەگەڵ ژمارەدا بێت، واتە کە ژمارە هات دەبێت مۆرفێمی کۆیش بێت، وەکو:

the two boys are here. ، the boy is here. (Eckersley, C. and Eckersley, J.1980: 50)

٢٨ – بۆنموونە لە زمانی کوردیدا، نییە، واتە کاتێك ژمارە هات، مۆرفێمی کۆی لەگەڵ نایەت. بەنموونە:

– دوو منداڵ سواری پاسکل بوون. * دوو منداڵان سواری پاسکل بوون.

٢٩ – بڕوانە: (مهدی مشکوه الدینی: ١٣٨٩: ١٤٢)، (علی اشرفی صادقیو اکرم حاجی سیداقایی: ١٣٨٩: ٥٤)

بەتایبەتی، ئەگەر هاتوو ئەو بنکەیەی کە /–ات/ وەردەگرێت، بە یەکێك لە بزوێنەکان کۆتایی هاتبێت، ناوبەندێك دێتە نێوان هەردوو دەنگە بزوێنەکە، ئەو ناوبەندانەش بە زۆری {ج}، {ی}ییە، وەکو: سبزی + ات > سبزی + ج + ات > سبزیجات.

روزنامە + ات > روزنامە + ج + ات > روزنامەجات

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە هەندێ باردا، (زیادکردنی نیشانەی (ات) بۆ وشەی فارسی ڕەسەن، بە دەگمەن دەزانن، بۆیە لەم بارەدا، (–جات) بە یەکێك لە مۆرفێمەکانی کۆ دادەنێن.)(هەمان سەرچاوە: ١٢٥) وەکو:

دواجات، حلواجات، ترشی جات، میوجات، نوشتەجات ........

لە زمانی فارسیدا، ئەو ناوانەی کە لە عەرەبییەوە، خوازراون، لە ڕێگەی زیادکردنی هەرسێ مۆرفێمی /–ات/، /–ین/، /–ون/ بۆ کۆتایی وشەکە دەبێت. (پرویز ناتل خانلری: ١٣٨٢: ٥٤، ٥٥) وەکو: /–ات/ امتیازات، انتخابات، اطلاعات، مکاتبات. /–ین/ معلمین، خادمین، کاشفین، مترجمین. /–ون/ روحانیون، مادیون، صلیبون، منطقیون.

بەڵام دەشێت هەر یەکێك لەو ناوانە، بەیەکێك لە مۆرفێمەکانی کۆی /–ان/ یان /–ها/ کۆبکرێنەوە، کە ئەمەش بە پەسەندتر دادەنرێت. (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٥٥) وەکو: امتیازها، معلمان، ناشران، روحانیان.....

یەکێکی تر، لەو ڕێگایانەی کە لە زمانی فارسییدا، بەکاردێت (جمع مکسر)ە، بەتایبەت بۆ ئەو وشانەی کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون. (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٩: ١٤٣) وەکو: امر: امور، رسم: رسوم، شیخ: شیوخ..........

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە دەشێ، ئەم جۆرە ناوانەش بە یەکێك لە مۆرفێمەکانی /–ان/ یان /–ها/ کۆبکرێنەوە، (ئەم شێوازە لە نووسینی کەڵەنووسەراندا بەکارهێنراوەو پاراوترو ڕەوانترە.) (پرویز ناتل خانلری: ١٣٨٢: ٥٨) وەکو:

رسوم = رسمها، کرام = کریمان، منافع = منفعها، شیوخ = شیخان

لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین بڵێین، ئەو مۆرفێمە (ڕێگا) عەرەبیانەی لە زمانی فارسییدا، توانایەکی زۆریان نییەو چالاك نین، لەبەرئەوەی شوێن گرەوەی خۆیان هەیە، بەڵام ئەمەش تارادەیەك دەبێتە گرفتو دەوترێت، (بوونی کۆمەڵێك نیشانەی کۆ بۆ بەکارهێنەرانی زمانو ئەوانەشی کە دەیانەوێ زانیاری لەسەر زمانی فارسی وەربگرن دەبێتە کێشە. هەروەها بوونی ژمارەیەك نیشانەی کۆ و کۆی بێ یاسا – دەستووربەدەر– لە زمانی فارسیدا دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشەیەك بۆ دانانی فەرهەنگۆك بۆ مۆرفێمەکانو دانانی لە وشەنامەدا. فەرهەنگنووس لە دانانی (مدارس)و (مدرسەها)، یان (اساتید)و (استادان)، یان (محققان)و (محققین) دوودڵە.) (لیلی مرتچائی: ١٣٨٠: ٨٩) چونکە هەردوو شێوەکە لە زمانی فارسیدا بەکاردەهێنرێت، بۆیە مۆرفێمەکانی کۆ، لە زمانی فارسیدا بە یەکێك لەو بابەتانە دادەنرێت، کە کۆدەنگی تەواوی لەسەر نییە. توانای هەریەك لەو مۆرفێمانەی کە باسمان کرد بە شێوەی خوارەوە پیشان دەدەین:

ئاماری ژمارە (٦)

خستنەڕووی توانای مۆرفیمەکانی کۆ لە زمانی فارسیدا




### ٢-٤: مۆرفێمی بەندی پلەی باڵاو بەراورد:

لە زمانی  فارسیدا، یەکێك لە چەشنەکانی ئاوەڵناو، لە ڕووی پلەوە، ئاوەڵناوی پلەی بەراوردو پلەی باڵایە، ئـەم چـەمکە لەڕێگەی مۆرفیمی بەندەوە دەگەیەنرێت، کە ڕەگو ڕیشەیەکی قووڵی لەناو ئەو زمانەدا هەیە.  لە زمانی  فارسیی کۆندا، (بـۆ دروستکردنی ئاوەڵناوی پلەی بەراوردو باڵا، سوود لە دوو شێوە دەبینرا، یەکەمیان، بۆ سازکردنی ئاوەڵنـاوی پلـەی بـەراورد پاشگری /yah-/، ئاوەڵناوی پلەی باڵا /išta-/ بەکاردەهێنرا، بەنموونە: vahu + yah >  vahyah

بهتر  <  تر  +  به

شێوازی دووەم، بۆ سازکردنی ئاوەڵنـاوی پلـەی بـەراورد، پاشـگری /tara–/ و پلـەی بـاڵا /tama–/ بـۆ ئاوەڵنـاوی پلـەی چەسپاو زیاد دەکرێن، وەکو: hubaoidi + tara  >    hubaoiditara

خوشبوتر      <  تر   +  خوشبو

hubaoidi + tama  >  hubaoiditama

خوشبوترین     <  ترین   +  خوشبو[٣٠]

شێوازی یەکەمی سازکردنی ئاوەڵناوی پلەی بەراوردو باڵا لە گـۆڕانی زمـانی فارسـی لـە کۆنـەوە بـۆ ناوەڕاسـت لەناوچـووە.) (مهری باقری: ١٣٨٦: ١٨٠) لە ئەمڕۆی زمانی  فارسیدا، هەردوو پاشـگری /–تـر/، /–تـرین/ هـەمان ئـەو پاشـگرەن، کـە بـە گۆڕانی دەنگیی کەمەوە، بەکاردێن، چونکە دەوترێت (ئاوەڵناوی پلەی بەراوردو بـە زیـادکردنی پاشـگری /–تـر/ بـۆ کۆتـایی ئاوەڵناو دروست دەکرێتو پلەی باڵاش بەهۆی زیادکردنی پاشگری /–ترین/) (محمد راویی: ١٣٨٤: ٣٧)، وەکو:  خـوب  <  خوبتر  <  خوبترین.

گویا  <  گویاتر  <  گویاترین.     دلشکستە  <  دلشکستەتر  <  دلشکستەترین

ئەم چەشنە چەمکە لە نێو هەموو زمانەکاندا، لەگەڵ ئەو ئاوەڵناوانەدا بەکاردێت، کە پێیان دەوترێت ئاوەڵناویی پلـەیی، لە زمانی  فارسیدا، هەریەك لە ئاوەڵناوەکانی (زیندوو، کوژراو، ڕۆیشتوو، نێر، مێ)، (زندە، مردە، کشتە، رفتە، مژکر، مۆنپ، خاموش) پلەیان لە نێواندا نییە، بۆیە ناکرێت پاشگری (/–تر/، /–ترین/ لەگەڵیانـدا بـەکاربێنین.)  (مهـدی مشـکوە الـدینی: ١٣٨٩: ١٨٥) وەکو:  *زندەتر، *مردەترین، *کشتەتر، *رفتەتر، *مژکرترین، *مۆنپتر، *خاموشترین……

هەریەك لەو ئاوەڵناوانەی کە پلەیان لە نێواندا هەیە، دەتوانن، ئەو پاشگری (/–تر/، /–ترین/) وەربگرن، وەکو:

گرم > گرمتر – گرمترین، سرد > سردتر – سردترین، سبك > سبکتر – سبکترین.

---

٣٠ – بۆ هەمان زانیاری بڕوانە: (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٨: ١٠، ١١)، (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٥٥، ٥٦)

پاشگرى /–تر/ بە پێى ئەو توانایەى كە هەیەتى پێویستى بە هەندێ كەرەستەى تر دەبێت. بە واتایەكى تر، ئەو ڕستەیەى كە ئاوەڵناوى پلەى بەراوردى تێدا دێت، چەند ڕەگەزێكى تر دەهێنێت، لە زمانى فارسییدا، (پاشگرى /–تر/ كە بۆ بەراورد بەكاردێت، پێویستى بە (از)ى ئامرازى پەیوەندى، یان (تا)ى ئامرازى لێكدەر دەبێت.)[٣١] (شەهرزاد ماهوتیان: ١٣٨٧: ٢٤٦) بۆ نموونە: دانا از زانا بلندتر است. دانا بلندتر است تا زانا.

بەم پێیە ئاوەڵناوى پلەى بەراورد، ئاوەڵناوێكە دیارخراوەكەى لەسەر بنەماى دیارخراوێكى تر وەسف دەكاتو ئەنجامى بەراوردیان دەخاتەڕوو، ئەم پاشگرە، (كاتێك بە ئاوەڵناوەوە، دەلكێت، لە پلەى چەسپاو (لاوان)ەوە بەهێزى دەكات.)(خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٣٨) واتە تواناو هێزى ئاوەڵناوەكەش دەگۆڕێت.

پاشگرى /–ترین/ بۆ پلەى باڵا بەكاردێت، بەراوردو ئەنجامى دیارخراوێك لەگەڵ چەند ڕەگەزێكى هاوشێوەى پیشان دەدات. (لە زمانى فارسیدا ئاوەڵناوى پلەى باڵا، لە ئاوەڵناوى پلەى بەراوردو پاشگرى /–ین/ سازدەكرێت.) (فاگمە مدرسى: ١٣٨٦: ٢٢٠) بەم پێیە لەسەر ئەم پاشگرە ڕایەكى جیاواز هەیە، كە پێى وایە مۆرفیمێكى ناسادەیەو لە دوو مۆرفێم پێك هاتووە كە (/–تر/(بەراورد) + /–ین/(باڵا)) سازكرابێت، بەڵام لە زۆربەى سەرچاوەكاندا، وەك یەك مۆرفێم ئاماژەى بۆ كراوە.[٣٢]

ئەم پاشگرە، دەكرێت، لەگەڵ دیارخراوى تاكو كۆشدا بەكاربهێنرێت، لە زمانى فارسیدا (ئەگەر ئەو ناوەى دواى /–ترین/ دێت، تاك بێت نیشانەى خستنەسەرى پێویست نییە، بەڵام ئەگەر كۆبێت، نیشانەى خستنەسەرى /ـِـ/(كەسرە)ى پێویستە. (عباسعلى مولوى: ١٣٦٠: ٧٣) وەكو: زیباتریـِن شهرهاى ایران اصفهان است. اصفهان زیباترین شهر ایران است.

## ٢-٥: مۆرفێمە بەندى ناكردن:

نەرێكردن وەك كردەیەكى سینتاكسى، لە ڕێگەى چەند مۆرفێمێكى بەندەوە، ئەنجام دەدرێت، كە وەك پێشگر دەچنە سەر كار. لە زمانى فارسیدا ئەو مۆرفێمانەى كە لە بوارى سینتاكسدا، نەرێ پیشان دەدەن، ئەمانەن:




ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووى زمانى فارسى بدەینەوە، دەبینین هەریەك لەو فۆرمانە ڕەگو ڕیشەیەكى مێژوویى كۆنیان هەیە، چونكە لە زمانە ئێرانییە كۆنەكاندا (mā–) نیشانەى داخوازى نەرێ (نهى)یەو لەگەڵ كارى دانانىو خۆزگەو فەرماندانیش بەكاردێتو (nōit) لە ئاوێستاییو (maid) لە فارسى كۆندا، نیشانەى نەرێنو لەگەڵ كارى ڕاگەیاندنو دانانیدا، بەكاردێن)(محسن ابوالقاسمى: ١٣٨٧: ١٥٧)، بەڵام ئەمڕۆ لە زمانى فارسیدا گۆڕانكارییان بەسەرداهاتووە، ئەمانە دیارترین فۆرمەكانیان.

---

٣١ – بۆ هەمان زانیارى بڕوانە: (پنج استاد: ١٣٨٧: ٦٦، ٦٧)، (عباسعلى مولوى: ١٣٦٠: ٧٣)، (حسن انورى و حسن احمدى گیو: ١٣٩٠: ١٦٨)، (فاگمە مدرسى: ١٣٨٦: ٢١٨).

٣٢ – بڕوانە: (پنج استاد: ١٣٨٧: ٦٧)، (عباسعلى مولوى:١٣٦٠: ٧٣)، (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٣٣٩)، (محمد روایى: ١٣٨٤: ٣٧)

/ نـَ/: (مۆرفێمی سەرەکی نەرێییە لە زمانی فارسییدا،) (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٦: ٢٧٨) وەك مۆرفێمێکی ڕێزمانیو لە هەمان کاتیشدا، دەشێ وەك مۆرفێمێکی فەرهەنگی، بەهەمان شێوە چەمکی نەرێ پیشان بدات[٣٣]:

نسپاس، نستوه، نمرده (مۆرفێمی فەرهەنگی)

نـَ

نرفت، نکن، نخورم (مۆرفێمی ڕێزمانی)

لەم بەشەدا پێ لەسەر چەمکی ڕێزمانی دادەگرین، کە ئەم مۆرفێمە (لە هەموو جۆرە کاتێكو لەگەڵ هەموو ڕووکارێکدا، بەکاردێت.) (مهدی مشکوة الدینی: ١٣٨٩: ٧٣) بەنموونە: نـَخوانم (ڕانەبردوو)، نـَخوان (داخوازی)، نـَخواهم خواند (داهاتوو)، نـَخواندم (ڕابردووی نزیك)، نـَخواندەام (ڕابردووی تەواو) نـَخواندە باشم (ڕانەبردووی دانانی)………

بەم پێیە لە ڕووی تواناو هێزەوە، وەك مۆرفێمێکی ڕێزمانی نەرێکردن، بەهێزترینە، تەنیا ئەگەر هاتوو ئـەو کـارەی کـە نەرێ دەکرێت، ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، یان ڕابردووی بەردەوام بێت. فۆرمەکەی دەگۆڕێت، بۆ /نـِ/.

/نـِ/: (ئەگەر هاتوو لە پێش مۆرفێمی (می) (نـ)ی نەرێ کردن هات، ئەوا بە /نـِ/ ne گۆدەکرێـت.) (تقـی وحیـدیان کامیـار: ١٣٨٩: ٦٢) کەواتە /نـِ/ ne/ ئەلۆمۆرفێکی /نـَ/ یەو تەنیا لە دەورووبەرێکی دیاریکراودا، دەردەکەوێت، وەکو:

نـِـــمی خواندم. (ڕابردووی بەردەوام) نـِـــمی خوانم (ڕانەبردوو)

بەم پێیە ئەم ئەلۆمۆرفە لە بەکارهێناندا، سنووردارترو کەم تواناترە، بەڵام لە بەکارهێنانی خۆی نەکەوتووە.

/مـَ/ ئەم مۆرفێمە لە ئەمڕۆی زمانی فارسییدا مۆرفێمێکی چالاك نییە، لەگەڵ کاری داخوازیدا بەکاردێت. فەرماندانی نـەرێ کە پێی دەوترێت، (نەهی) لە زمانی فارسیدا، مۆرفێمی (/نـَ/، /مـَ/) بـۆ بـەکاردەهێنرێت بـەڵام /نـَ/ لـە زمـانی نووسـینو قسەکردنیشدا زیاتر بەکار دێت.) (محسن حافظیان: ١٣٨٣: ٥٤)، وەکو: مپرس = نپرس مکن = نکن

لە زمانی فارسیی ئەمڕۆدا /مـَ/ تەنیا تایبەتە بە زمانی ئەدەبی. (تقی وحیدیان کامیار: ١٣٨٩: ٥٥) ئـەگینا لـە زمـانی قسەکردنو نووسیندا هەر /نـَ/ بەکاردێتو /مـَ/ شێوەی کۆنی نەرێی داخوازییە.) (حسن انوری، حسن احمد گیـوی: ١٣٩٠: ٨٨)، وەکو: بگو = مگو، بشنو = مشنو

ئەم مۆرفێمە یەکێکە لەو مۆرفێمانەی کە وردە وردە پلەی تواناییو چالاکییەکەی لەدەست دەدات، چـونکە لـە (زمـانی فارسی کۆندا (ma) بووەو بۆ نەرێکردنی ڕووکاری دانانی، خۆزگە portativeو فەرماندانو جەختکردنـەوە injunctive دوعای نەرێ[٣٤] بەکاردەهێنرا.) (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٠: ٣١٤) وەکو لە نووسراوێکی داریوش لە کێوی بیستووندا هاتووە:

mā pagaudaya = مخفی مکن. mā trasam = نباید بترسم

/نیـ/ ئەم مۆرفێمەش لەگەڵ هەندێ کاری نەرێدا دەردەکەوێت، (لەگەڵ کاری یاریـدەدەری (اسـت) /نیـ/ وەکـو مـۆرفێمی نەری کردن بەکاردێت.) (بفرین احمد حمەاغا: ٢٠٠٩: ٤٠) بەنموونە: او حاچر نیست.

واتــە تــەنیا لەگــەڵ کــاری ناتــەواوی دەمــی ئێســتادا دەردەکــەوێت. هــەروەها ناشــێ وەك مـۆرفێمێکی تایبەتمەنـد هەژماربکرێت، بۆ گەیاندنی چەمکی نەرێ، بەڵکو دەتوانرێت بە ئەلۆمۆرفێك دابنرێـت، کـە لـە سـنورێکی یـەکجار تەسـکدا لـە کاردایە ئەویش بۆ (ڕەتکردنەوەی بوون/هەبوون دەشێ مۆرفێمی /نـَ/ ببێتە /نیـ/) (ئەبوبکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ١٠٤)

٣٣ – هەندێ لە ڕێزماننووسان، لە هەندێ نموونەی وەکو (نرفتن)، (نخوردن) لە زمانی فارسییدا، و (نەزانین)و (نەبوون) لە کوردیدا، بەنیوە ڕێزمانی دادەنێن، واتە جەمکی نەرێ دەدات هەم لەبواری داڕشتنی چاوگی نەرێو هەم وەکو مۆرفێمێکی نەرێی ڕێزمانیش. بڕوانە: (خسرو فرشیدورد: ١٣٨٠: ٣١٣– ٣١٥)

٣٤ – لە زمانی کوردیدا، ئەمرۆش بۆ دوعای نەرێ هەمان فۆرم، بەکاردێت، وەکو: – خوایە لێمان مەگرە. – خوایە لێمان تێك مەدە.

بەم پێیە لە ئەنجامی ئەو شیکردنەوەیەوە بە پیشت بەستن بەو نموونانەی وەکو داتا بۆ دەرخستنی توانای هـەر پۆلێك لە مۆرفێمەکان، وەرمان گرتووە، توانای مۆرفیمەکانی نەرێ بەم شێوەیە پیشان دەدەین:

ئاماری ژمارە (٧)

خستنەڕووی توانای مۆرفێمەکانی ناکردن لە زمانی فارسیدا




## ٢-٦ : مۆرفێمی بەندی خستنەسەر

لە زمانی فارسیدا، مۆرفێمی دانەپاڵی (ِـ، ی) دەوترێت (نیشانەی خستنەسەر (کسرە)یە، کە دیارخەر بە دیـارخراوەو دەبەستێ.) (حسن انوری و حسن احمدی گیو: ١٣٩٠: ١٦٨) هەروەها /ـی/یش لە هەندێ بـاردا دەردەکـەوێت. ئەمـەش لـە کاتێکدا دەبێت کە دیارخراو پێش دیارخەر بکەوێ، ئەگەر بە پێچـەوانەوە بـوو، پێویسـتی بـە مـۆرفێمی خستنەسـەر نابێت. (مۆرفێمی دانەپاڵی (کسرە – e)یە، کە لە دوای ناو یان گرێی ناوی دێت، بەڵام ئەگـەر دیـارخراو کۆتـایی بـە بـزوێن هـاتبوو، پێش ئەوەی کە مۆرفێمی دانەپاڵی پێوە بلکێت، {ی} ناوبەنـد دێتـە نـاوەوە، وەکـو دەنگێکـی ناوبەنـد.) (فاگمـە مدرسـی: ١٣٨٦: ٣٣٦) بەم پێیە دەشێ (ِـ، e) بە مۆرفێمی خستنەسـەر دابنـێینو /ـی/ بـە ئـەلۆمۆرفێکی ئـەو مۆرفێمـە دابنـێین.

بەنموونە:

ثـسرِ باهوش، زینِ اسب، درِ خانە نامەءِی تو، عمویِ من، دانشجویِ ایرانی

ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ، ئەوەیە، کە /ـی/ ناتوانێت شوێنی کەسرە (ـِ، e) بگرێتەوە، چـونکە لـەدوای /ـی/ کەسرە (ـِ، e) دەمێنێتەوە، بەڵام هۆکـاری فۆنۆلـۆژی (ی) وەکـو دەنگێکـی ناوبەنـد دەهێنێتـە نـاوەوە. هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایەش هەندێ زمانەوان بە مۆرفیمی دانەپاڵی دادەنێن.

ئـەم مۆرفێمـە ڕیشـەکەی دەگەرێتـەوە بـۆ زمـانی فارسـی ناوەڕاسـت. لـە زمـانی پەهلەویـدا، (Ī) بـەکارهێنراوە بـۆ ڕوونکردنەوەی باری خستنەسەر. (داریوش آشوری: ١٣٨٦: ١٣٨)، وەکو: Kanī hučihr دخترِ زیبـا Rōzī wizīdag روزِ گزیدە.

دیارە ئامرازی خستنەسەر، لەگەڵ ئەو پێکهاتە سینتاکسیانەدا دێت، کە دیارخەر دەکەوێتە دوای دیارخراو. تەنانەت لـە زمانی فارسیی کۆنو ناوەڕاستیشدا، هەمان دیاردە هەبووە، بۆیە دەوترێت (دەشێ دیارخـەر پـێش دیـارخراو بکـەوێت. لـەم ڕۆنانەشدا ئامرازی خستنەسەر بەکارناهێنرێت.)(محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٣٩) تەنیا ئاوەڵناوی ژمارەی کەرتی نەبێت، کـە پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر دەبێت، هەرچەندە لـە پـێش دیـارخراویش دێـت، وەکـو: حفتـا در صـدِ دانشـجویان نـاجح شدند. ضهار یكِ شب می خوابم.

یەکێك لە گرفتەکانی ئەم مۆرفێمە لە زمانی نووسین دایە، کە شـێوەی پیتێکـی سـەربەخۆی نییـە، وەك دەوترێـت (ئـەم نیشانەیە، لەڕووی سینتاکسەوە لە زمانی فارسیدا، بەڕێژەیەکی فراوان بەکاردێت، بـەڵام لـە زمـانی نووسـیندا، بـە کـەمترین شێوە دەردەکەوێت، لە ڕێنووسی زمانی فارسیدا مایەی زەحمەتییـەکی زۆرە.) (داریـوش ئشـوری: ١٣٨٦: ١٣٧) بۆیـە لـە نوسینی زۆرینەی دەقی فارسیدا، بەرچاوناکەوێت، تەنیا بە سەلیقە دەناسرێتەوە. لە گۆکردندا هەستی پێ دەکرێت. ئەمـەش

به یەکێك لە گرفتەکانی ڕێنووسی فارسی دادەنرێت، کە لە دەقە کۆنەکاندا نەنووسراوە، ئەمەش گرفتی بۆ خوێندنەوەی ئەو دەقانە دروست کردووە.[٣٥]

هەرچەندە لە زمانی فارسیدا، هاوکێشەیەکی نەگۆڕ بۆ پێکهاتەی شوێنی ئامرازی خستنەسەر لە نێو پێکهاتەیەکی سینتاکسیدا دیاریکراوە، بەڵام مەرج نییە هەمیشە بەو نەگۆڕییە بمێنێتەوە، شێوەی پێکهاتەی دیارخەری بەم شێوەیەیە:

(دیارخراو (مضاف) + ـــِ + دیارخەر (مضاف الیه).) (فاطمە مدرسی: ١٣٨٦: ٢١)

بەڵام دەشێت هەندێ جار شوێنێ دیارخەرو دیارخراو بگۆڕێت‌و مۆڕفێمی دانەپاڵیش وەك خۆی بمێنێتەوە. — وەك لە نموونەکانی پێشتردا ڕوونمان کردۆتەوە—.

## ٢-٧: مۆڕفێمی بەندیی نادیاری:

لە زمانی فارسیدا، گەیاندنی چەمکی نادیاری لەڕێگەی مۆڕفێمی بەندەوە، نییە، بەڵکو بەهۆی کاری یاریدەدەرەوە، ئەم چەمکەی کار پیشان دەدرێت. ((شدن) وەکو کاری یاریدەدەر لەگەڵ هەموو دەمەکانی کار بۆ پیشاندنی نادیاری بەکاردێت.) (تقی وحیدیان کامیار: ١٣٨٩: ٦٢)، بە نموونە: او کتاب را نوشت > کتاب نوشته شد.

لەم نموونەیەوە، ئەو گۆڕانانەی بەسەر شێوەی کارەکەدا دێن، دەردەکەون. کارەکە دەکرێت بە شێوەی ئاوەڵناوی کراو (صفت مفعولی) کە لە ڕەگی ڕابردوو و مۆڕفێمی /–ە/ سازدەکرێت، (حسن انوری‌وحسن احمدی گیوی: ١٣٩٠: ٧٨) بەنموونە: (کوشتە، نوشە، دیدە..........) بەم پێیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، مۆڕفێمی /–ە/ بەشداری دەکات لە سازکردنی فۆرمی نادیاری، لەگەڵ کاری یاریدەدەری (شدن)دا دەردەکەوێت.

هەروەها لە گەیاندنی نادیاریدا، مۆڕفێمی (را)ی بەرکاری نامێنێت، چونکە هێزی کارەکە گۆڕاوە، لە تێپەڕەوە بۆ تێنەپەڕ، بۆیە هەندێ جار خودی کردەکە ناو دەنرێت، لاوازکردنی توانای کار.

ئەم شێوەی گەیاندنی چەمکی نادیاری ڕەگوڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی فارسیی کۆن، چونکە سازکردنی نادیاری لە زمانی فارسیی کۆندا، بەهۆی پاشگری ya- بۆ سەر ڕەگی ڕانەبردوو دەبێت، (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٨: ٤٩) وەکو:

(اندیشیدشده) man + -ya = manya(اندیشیدن)

لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا، گۆڕاوە بۆ īh بەم پێیە īh لە شوێنی yaی ئێرانی کۆن، چۆتە سەر ڕەگی کار. (محسن ابوالقاسمی: ١٣٨٧: ٤٩) وەکو: (ێموختەشدن) kēš + īh = kēšīh(ێموختن) (خواندەشدە) xwān + īh = xwānīh(خواندن)

لێرەدا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە لە زمانی فارسیی کۆن‌و ناوەڕاستدا، مۆڕفێمێکی بەند لەسەر ڕەگی کار، توانای پیشاندانی، چەمکی نادیاری هەبووە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەڵام لە زمانی فارسیی نوێدا، ئەم مۆڕفێمە پێویستی بەکاری یاریدەدەریش هەیە.

[٣٥] – بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی گرفتەکانی ئەم مۆڕفێمە لە زمانی نووسینی فارسی‌و ڕێگەچارەکانی بڕوانە: (داریوش ێشوری: ١٣٨٦: ١٣٦–١٤١) (ضند ثیشنهاد دربارەء روشِ نگارشء خطِ فارسی.)

## ٣: بەراوردی توانای مۆرفێمی بەند لە ڕا پەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی، لە زمانی کوردیو فارسیدا:

### ٣-١: هاوبەشی نێوان زمانی کوردیو فارسی:

لە ڕوانگەی پێگەی مۆرفێمی بەندو تواناو دەرکەوتنی لە بواری سینتاکسیدا، هاوبەشی زۆر لە نێوان زمانی کوردیو فارسیدا هەیە، ئەوەی کە ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەدا وەرمان گرتووە، هاوبەشییەکانییان دەخەینەڕوو، کە بوونی ئەم هاوبەشییەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ڕەگو ڕیشەیەکی کۆنو لەمێژیینەی ئەم دوو زمانە پێکەوە. هەروەها بۆ بوونی پەیوەندییەکی هاوسێیەتیو کارلێك کردنی بەردەوامیان دەگەڕێتەوە. سەرباری بوونی چەند سیمایەکی هاوبەش لە نێوان زمانەکانو کۆمەڵەو خێزانەکاندا. بۆیە لێرەدا بە شێوەیەکی تایبەت هاوبەشی نێوان ئەو دوو زمانە، لە هەر یەکێك لەو مۆرفێمانە دەخەینەڕوو.

#### ٣-١-١: مۆرفێمی بەندیی ناساندن:

مۆرفێمی /–ە/ لە هەردوو زماندا، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم چەمکە ڕێزمانییە بەکاردێت، بەڵام بەشێوەیەکی ناچالاك، چونکە لە زمانی کوردیدا تەنیا لە گێڕانەوەو هەندێ باری تایبەتدا، وەکو ئەلۆمۆرفی /–ەکە/ بەکاردێت، لە زمانی فارسیشدا تەنیا لە زمانی قسەکردنو نافەرمیدا، بەکاردێت، لە هەردوو زمانیشدا، وەکو گیرەك کاردەکەن.

ئاوەڵناوی نیشانەو بەکارهێنانی دیارخەر، دوو ڕێگەن، کە لە هەردوو زمانەکەدا دەشێ ناویان پێبناسرێت، بەڵام ئەم ڕێگەیە لە زمانی فارسیدا، زۆر چالاکترو بەبەرهەمترە، هاوبەشیشیان دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو ڕەگو ڕەچەڵەکە هاوبەشەی لە نێوانیان دایە. ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە ئەم ڕێگەیە، لە زمانە ئێرانییە کۆنەکانو ناوەڕاستیشدا، زۆر چالاك بووە بۆ پیشاندانی چەمکی ناساندن.[٣٦]

#### ٣-١-٢: مۆرفێمی بەندیی نەناساندن:

لە زمانی کوردیو فارسیدا، مۆرفێمی بەند، دەتوانێت ئەم چەمکە ڕێزمانییە پیشان بدات، سەرەڕای ئەوەی لە هەردوو زمانەکەشدا –بەشێوەیەکی بەرچاوتر لە زمانی فارسیدا– مۆرفێمی سەربەخۆ دەتوانێت ئەم چەمکە بگەیەنێت.

لە هەردوو زمانەکەدا، مۆرفێمی بەندیی نەناسیاری، لەگەڵ خۆیدا، چەمکی تاکییەتی ژمارەیەش هەڵدەگرێتو دەیگەیەنێت، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە لەگەڵ مۆرفێمی کۆدا، لەسەر یەك ناو (بنکە)دا دەردەکەون. ئەگەر پێکەوەش هاتن (مۆرفێمی نەناسیاریو کۆ) لە هەردوو زمانەکەدا، مۆرفێمی کۆ پێش نەناسیاری دەکەوێت.

لە ڕووی ڕەگو ڕیشەو ڕەچەڵەکەوە، لە هەردوو زماندا، مۆرفێمی بەندیی نەناسیاری دەگەڕێتەوە سەر ژمارە (یەك)، ئەمەش نەك تەنیا لەو دوو زمانەدا، بەڵکو (لە زۆربەی زمانەکان، نیشانەی نەناسراوی هاوڕیشەیە لەگەڵ ژمارە (یەك)دا.) (محمد راسخ مهند: ١٣٨٨: ٨٦) لەبەرئەوەی ئەو ژمارەیە بە هەمان شێوەی فۆنەتیکی لە هەردوو زمانەکەدا وەکو یەکە، بۆیە ڕیشەی مۆرفێمەکانیشیان هەر یەك دەبێت.

#### ٣-١-٣: مۆرفێمی بەندیی کۆکردنەوە:

لە نێو زمانی کوردیو فارسیدا، زیاتر لە مۆرفێمێك، بۆ گەیاندنی ئەم چەمکەو ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە سینتاکسییە بەکاردێت. هەندێکیش لەو مۆرفێمانە لە نێوان زمانی کوردیو فارسییدا، هاوبەشن. – جیاوازییەکەیان لە پلەی توانایاندایە

---

[٣٦] – لە ئێستای زمانی کوردی –دیالێکتی کرمانجی ژووروو– ئەم ڕێگایە بۆ ناساندن هەر بەکاردێت، بڕوانە: (ابراهیم ڕەمەزان زاخۆیی: ٢٠٠٨: ٢٨–٣٠)

– لەوانە مۆرفێمەکانی (/–ان/، /–ها/، /–جات/، /–ات/) بوونی ئەم هاوبەشییە دەگەڕێتەوە بۆ یەک ڕیشەیی هەردوو زمانەکە.

بەتایبەتی بەکارهێنانی مۆرفێمی /–ان/ لە هەردوو زمانەکە بە شێوەیەکی چالاک دەبینرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پاشگری /an–/ لە زمانی ئێرانی کۆندا. هەروەها بوونی مۆرفێمەکانی /–وات/، /–ات/ لە هەردوو زمانەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەریان. – هەر چەندە ئەم کاریگەرییە لەسەر زمانی فارسی زیاتر دەبینرێت–
/–یان/ وەکو ئەلۆمۆرفێکی /–ان/ لە هەردوو زمانەکەدا بوونی هەیەو هەمان هۆکار بووەتە هۆی پەیدابوونی، کە بەزۆری لەگەڵ ئەو بنکانەدا دەردەکەوێت کە کۆتاییان بە بزوێن هاتووە.

### ٣-١-٤: مۆرفێمی بەندیی پلەی باڵاو بەراورد

هاوبەشییەکی زۆر لە نێوان ئەم دوو زمانەدا لە ڕوانگەی ئەم مۆرفێمانەوە، هەیە. (یەکێك لە هاوبەشییە ڕێزمانییەکانی نێوان زمانی کوردیو فارسی نیشانەی ئاوەڵناوی پلەی باڵاو بەراوردە (صفت برترو برترین).)(ایران کلباسی: ١٣٨٥: ٧٩) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕیشە هاوبەشەی کە لە نێوانیاندا هەیە. بوونی مۆرفێمی (/–تر/، /–ترین/) لە ئێستای ئەو دوو زمانەدا، دەگەڕێتەوە، بۆ (tama , -tara-) زمانی فارسی کۆن. لە هەردوو زمانەکەدا، پلەی بەراورد بە هۆی پاشگری /–تر/ەوە، دەگەیەنرێتو دەچێتە سەر ئاوەڵناوێك، ئاوەڵناوەکەیش بەدوای دیارخراوەکەدا دێت. هەرچی پلەی باڵایە بە هۆی /–ترین/ەوە، پیشان دەدرێت، کە دەچێتە دوای ئاوەڵناوەکەو ئاوەڵناوەکەیش دەچێتە پێش ناوە دیارخراوەکە، دەبێت بە یەکێك لە دیارخەرەکانی پێش سەرە. لەناو هەردوو زمانیشدا، ڕای جیاواز لەسەر سروشتو پێکهاتەی فۆرمی /–ترین/ هەیە، هەندێکیان پێیان وایە، مۆرفیمێکی ناسادەیەو پێك هاتووە، لە مۆرفێمی /–تر/ + /–ین/، بەڵام لە هەردوو زماندا زۆرینە لەگەڵ ئەوەن، کە یەك مۆرفێم بێتو لێك جیاناکرێتەوە. بەگشتی هەردوو مۆرفێمەکە لەگەڵ ئەو ئاوەڵناو و ئاوەڵناو ئاسایانە بەکاردێن، کە پلەیان لە نێواندا هەیە.

### ٣-١-٥: مۆرفێمی بەندیی ناکردن:

هاوبەشی نێوان زمانی کوردیو فارسی لە چواچێوەی ئەم مۆرفێمانەدا، دەگەڕێتەوە بۆ هاوبەشی ڕەگو ڕیشەکەیان، هەموو ئەو مۆرفێمانەی کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە سینتاکسییە، بەکاردێن، هاوبەشییەکی تەواویان لە نێواندا، هەیە. هەم لە ڕووی فۆڕمەوە، هەم لەڕووی سروشتی بەکارهێنانو چەمکەوە. ئەویش بەکارهێنانی هەردوو شێوەی /نـ/، /مـ/ لە هەردوو زمانەکەو لەگەڵ بوونی چەند ئەلۆمۆرفێکی تر، کە بە پێی دەمو ڕووکاری کارەکە گۆڕانی بەسەردا دێت.

نەرێ کردنی کاری ناتەواو چاووگی (بوون/ هەبوون) لە هەردوو زمانەدا، بەهۆی /نیـ–/ دەکرێت بە نەرێ، لە فەرمانداني نەرێشدا /مە–/، /مـ/ لە هەردوو زمانەکە بەکاردێت، بە جیاوازی توانایانەوە، لە هەردوو زمانەکەدا /نە–/، /نَـ/ بەتواناترین مۆرفێمی نەرێیە.

لەڕووکاری دانانییدا، لە هەردوو زمانەکەدا، چەمکی کاتو نەرێ لەگەڵ یەکترییدا دەتوێتەوە، وەکو:

نەخوێنم → م. ڕووکار / م.نەرێ / م.کات

نـخوانم → م. ڕووکار / م. نەرێ / م. کات

هەروەك چۆن لە فەرماندایشدا، مۆرفێمی نەرێ (/مە–/، /مَـ/، /نَـ/) لەیەك کاتدا، ڕووکاری کارەکەو چەمکی نەرێ پیشان دەدات:

مەپرسە ← م.نەرێ / م.رووکار

مـ/نپرس ← م. نەرێ / م. ڕووکار

**٣-١-٦ : مۆرفێمی بەندیی خستنەسەر**

لە زمانی کوردیو فارسیدا مۆرفێمی خستنەسەر، بە زۆری لەگەڵ ئەو پێکهاتە سینتاکسییانەدا دەردەکەوێت، کە دیارخراو پێش دیارخەر دەکەوێت، تەنیا لەگەڵ دیارخەری ئاوەڵناوی ژمارەی کەرتی نەبێت، کە بە پێچەوانەوەیە، دیارخەر لە پێشەوە دێت.

لەڕوانگەی مێژووییەوە، مۆرفێمی خستنەسەر لە هەردوو زمانەکەدا، هاوبەشییەك لە نێوانیاندا دەبینرێت، بە تایبەتی لێك نزیکییەك لەڕووی دەنگییەوە بەتەواوی هەست پێدەکرێت، لە نێوان ئەو مۆرفێمانەی کە لەو دوو زمانەدا بەکاردێنو لەگەڵ ئەو مۆرفێمەی کە لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا بەکارهاتووە.

**٣-١-٧ : مۆرفێمی بەندیی نادیاری:**

خاڵی هاوبەشی نێوان، زمانی کوردیو فارسی، لەم ڕووەوە ئەوەیە، کە لە زمانی فارسیی ئەمڕۆدا، جگە لە چەمکەکە هیچ شتێکی تر بەرچاوناکەوێت، بەڵام لە زمانی فارسیی کۆنو ناوەڕاستدا، وەك ئێستای زمانی کوردی، ئەم چەمکە ڕێزمانییە، لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندی /-ya/ لە زمانی فارسیی کۆنداو/-īh/ لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا، گەیەنراوە، مۆرفێمی /-ر/ گۆڕاوی هەمان ئەو دوو مۆرفێمانەیە.

**٣-٢ : جیاوازی نێوان زمانی کوردیو فارسی:**

**٣-٢-١ : مۆرفیمی بەندیی ناساندن:**

لە زمانی کوردیدا، مۆرفێمی /-ەکە/و ئەلۆمۆرفەکانی بۆ گەیاندنی چەمکی ناساندن بەکاردێن، بەڵام لە زمانی فارسییدا، بە شێوەیەکی گشتی، مۆرفێمی بەند ناتوانێت، ئەو چەمکە ڕێزمانییە بگەیەنێت، بەتایبەتی لە زمانی ستانداری نووسیندا. هەندێ جار چەمکی دووەمی مۆرفێمێك ناساندن دەبێت، بەتایبەتی، مۆرفێمی /را/ی بەرکاری، هەرچی زمانی کوردییە، /-ەکە/ چەمکی یەکەمی پێشاندانی ناساندنە، لەگەڵ ئەوەیشدا لە پلەی دووەمدا ژمارە دەگەیەنێت ئەمەش تا ئەو شوێنەی کە مۆرفێمی کۆی لەگەڵدا نەبێت. لە زمانی فارسیدا، بەتایبەتی زمانی گفتوگۆی ڕۆژانە هەریەك لە مۆرفێمەکانی /-ە/، /-ش/ وەك مۆرفێمێك بۆ گەیاندنی ئەو چەمکە دیاریکراون.

**٣-٢-٢ : مۆرفێمی بەندیی نەناساندن:**

لە زمانی کوردیدا، چەمکی نەناسیاری بەهۆی مۆرفێمی بەندەوە دەگەیەنرێت، کە ئەویش /-ێك/و ئەلۆمۆرفەکانییەتی، بەڵام لە زمانی فارسیدا، ئەم چەمکە ڕێزمانییە لە ڕێگەی مۆرفێمی بەند بەتەنیاو مۆرفێمی سەربەخۆو بە تەنیاو مۆرفێمی بەندو سەربەخۆیش پێکەوە دەگەیەنرێن، بەنموونە:

- مردی می شناسم. – یك مرد می شناسم. – یك مردی می شناسم.

لە زمانی کوردیدا، ئەو مۆرفێمە بەندەی کە چەمکی نەناسیاری دەگەیەنێت، دەچێتە ڕیزی گیرەکە ڕێزمانییەکان، بەڵام لە زمانی فارسیدا، /-ی/ مۆرفێمی بەندی نەناسیاری، نووسەکە، وەك زۆربەی ڕێزماننووسانی فارس ئاماژەیان پێداوە.

**٣-٢-٣ : مۆرفێمی بەندیی کۆکردنەوە:**

لە زمانی کوردیدا، چالاکترینو بە تواناترین مۆرفێم بۆ گەیاندنی ئەم چەمکە /-ان/و ئەلۆمۆرفەکانیەتی، بەڵام لە زمانی فارسیدا، /-ها/ چالاکترینو بە تواناترین مۆرفێمە. هەریەك لە زمانەکان چەند مۆرفێمێکی تایبەتیان هەیە، بە نموونە لە

زمانی کوردیدا، مۆرفێمی /–گەل/ هەیە، کە لە زمانی فارسیدا، نییە، لە بەرانبەر لە زمانی فارسیدا، مۆرفێمی /–گان/، /–ون/ بەکاردێن، بەڵام لە زمانی کوردیدا، بەکارناهێنرێن.

مۆرفێمەکانی کۆ، لە زمانی کوردیدا، لەگەڵ مۆرفێمەکانی ناساندن زۆر چالاکن‌و لە هەندێ باردا بەبێ ناساندن نایەن،[٣٧] بەڵام لە زمانی فارسیدا، لەگەڵ ناساندن بەو شێوەیە پەیوەست نین پێکەوە. لەبەرامبەر ئەمەدا، مۆرفێمەکانی کۆ، لەگەڵ مۆرفێمی نەناسیاری چالاکن لە زمانی فارسیدا، کەچی لە زمانی کوردیدا، مۆرفێمەکانی کۆ، لەگەڵ نەناسیاری چالاك نین، بەم پێیە مۆرفێمەکانی کۆ لە زمانی کوردیدا، لەگەڵ ناسیاریدا، زۆر چالاکە، بەڵام لە زمانی فارسیدا، لەگەڵ نەناسیاری چالاکترە.

### ٣-٢-٤: مۆرفێمی بەندیی پلەی باڵاو بەراورد

لە زمانی کوردیدا، سەرەڕای بوونی مۆرفێمی بەند، بۆ گەیاندنی چەمکی پلەی باڵا، هەندێ جار ئەم چەمکە بە مۆرفێمی سەربەخۆش دەگەیەنرێت، بەڵام لە زمانی فارسیدا، تەنیا مۆرفێمی بەند دەتوانێت ئەم چەمکە بگەیەنێت. پاشگری /–ترین/ –کە پاشگرێکی هاوبەشە لە نێوان هەردوو زمانەکەدا– لە زمانی فارسیدا، بە ئاسانی لەگەڵ دیارخراوی تاك‌و کۆدا دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا زیاتر لەگەڵ دیارخراوی تاکدا دێت، وەکو:

هەولێر جوانترین شاری کوردستانە. هولیر زیباترین شهری کردستان است.

*هەولێر جوانترین شارەکانی کوردستانە. هولیر زیباترین شهرهای کردستان است.

بەم پێیە، توانای مۆرفێمی /–ترین/ لە زمانی فارسیدا، زیاترە، چونکە دەتوانێت شوێنی (هەرە)یش بگرێتەوە، کە لە زمانی کوردیدا، بەکاردێت.

### ٣-٢-٥: مۆرفێمی بەندیی ناکردن:

لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕووکارو کاتی کارەکە، مۆرفێمی نەرێ دەگۆڕێت، لەگەڵ کاری ڕابردوو، لە ڕووکاری ڕاگەیاندن‌و دانانی، کاری ڕانەبردوو لە ڕووکاری دانانیدا، مۆرفێمی /نە–/ بەکاردێت، لەگەڵ ڕانەبردوو، لە ڕووکاری ڕاگەیاندندا، مۆرفێمی /نا–/ بەکاردێت. لە ڕووکاری فرماندانیشدا، مۆرفێمی /مە–/، بەڵام لە زمانی فارسیدا، لەگەڵ هەموو ڕووکارەکان‌و دەمەکانی کاردا، مۆرفێمی /نَـ/ بەکاردێت. تەنیا لە کاتێکدا کە مۆرفێمی بەندی /می–/ لە دوابێت، لە هەر دەمێکدا بێت، دەبێت بە /نِـ/

لە زمانی کوردیدا، چەمکی ناکردن‌و کاتی داهاتوو، لە نێو مۆرفێمی /نا–/ دەتوێتەوە بەڵام لە زمانی فارسیدا، هەردوو چەمکەکە بە مۆرفێمی تایبەت دەردەبڕدرێن، وەکو: نا(م.نەرێ)، (م.ك.داهاتوو)خوێنم ، نـ(م.نەری) می(م.ك.ڕانەبردوو) خوانم

لە نەرێ کردنی کاری فەرماندانـدا، مۆرفێمی /نـَ–/ لە ئەمڕۆی زمانی فارسیدا، زیاتر بەکاردێت، شوێنی بە مۆرفێمی /مـَـ/، لەق کردووەو بەکارهێنانی زۆر کەمی کردووە، بەڵام لە زمانی کوردیدا، مۆرفێمی /مـَـ/ توانایەکی یەکجار زۆری هەیە، لە نەرێ کردنی کاری داخوازییدا،[٣٨] ئەم دیاردەیەی زمانی فارسیش بۆتە هۆی زیاتر فرەئەرك بوونی مۆرفێمی /نـَـ–/و زیاتر کردوویەتی بە فرەواتا.

### ٣-٢-٦: مۆرفێمی بەندیی خستنەسەر:

جیاوازی ئەم دوو زمانە، لەم ڕوانگەیەوە، هەم لە ڕووی جۆری مۆرفێمەکان‌و هەم سروشتی کارکردنییانەوە دەردەکەوێت. (مۆرفیمی خستنەسەر، لە زمانی فارسیدا، (کەسرە)یە، لە نێوان دوو ناو، یان ناوو ئاوەڵناودا دێت‌و پێکهاتەی

٣٧ – بەتایبەتی لە گۆڤەری سلێمانیدا، کۆکردنەوە لەگەڵ ناساندن نەبێت، زۆر بەکارنایەت.

٣٨ – هەرچەندە لە زمانی کوردیشدا، لە هەندێ باردا، مۆرفێمی /نە–/ بۆ نەرێی داخوازی بەکاردێت، لەگەڵ ئەو ڕستانەی کە داواکراو بەرزتربێت لە داواکەر، وەکو دوعا، بە نموونە: خوایە بە خراپەی ئێمە نەکەی.

دیارخەریو دیارخراوی دروست دەکات، بەڵام لە زمانی کوردیدا، (ی، ە)یە.) (کافیە صباح رچا: ٢٠٠٩: ١٢٦) سەرەڕای ئەوەش هەر لەو زمانەدا هەندێ جار ئەم مۆرفێمە دەبێتە سفریش.[٣٩]

لە زمانی کوردیدا، سروشتی دیارخەرو دیارخراو ئەو مۆرفێمە دەگۆڕێت لە (ی) بۆ (ە) یان (Ø)[٤٠] ئەمەش بەتایبەت لەکاتێکدا دەبێت کە دیارخەر ئاوەڵناوی چۆنیەتیو دیارخراویش، ناوی تاك یان کۆی ناسراوبێت. لە زمانی فارسیدا، مۆرفێمی خستنەسەر، لەبەرئەوەی بە شێوەی دەنگێکی سەربەخۆ دەرناکەوێت، بەڵکو لە شێوەی کەسرەیە، بۆیە زۆرجار لە زمانی نووسیندا، گرفت دروست دەکات. لە شێوەی نووسین، ئەمەش بەتایبەتی لای ئەوانەی تازە فێری ئەم زمانە، دەبن، بە دیاریکراویش لە خوێندنەوەو درکاندندا.

### ٣-٢-٧: مۆرفێمی بەندیی نادیاری:

لە لاوازکردنی هێزی کار لە نێوان زمانی کوردیو فارسیدا، جیاوازی بەرچاو ئەوەیە، کە لە زمانی کوردیدا، مۆرفێمی بەند ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، بەڵام لە زمانە فارسیدا، ئەم چەمکە لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندەوە نییە، بەڵکو بەهۆی کاری یاریدەدەرەوە دەبێت. (٤١) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مۆرفێمی بەند ڕۆڵ لەم دارشتە سینتاکسییەدا دەبینێت، بەوەی کە مۆرفێمی /-ە/ دەچێتەسەر ڕەگی کارو ئاوەڵناوی کراو دروست دەکات، کە بەیارمەتی کاری یاریدەدەر نادیاری دروست دەکات.

## ئەنجام

دەتوانین ئەنجامە گرنگەکانی ئەم نامەیە لە چەند خاڵێکدا پوخت بکەینەوە:

١- تواناو ئەکتیفیی یەکە زمانییەکان، دیاردەیەکی زمانیی گشتییەو لە بچووکترین یەکەوە دەست پێدەکات، کە فۆنێمەکانن، هەموو دانەیەکی زمانی لە هەر سەردەمێکدا پلەی ئەکتیڤیو پاسیفی خۆی بەستراوەتەوە بەڕادەی بەرهەمداریو ڕێژەی بەکارهێنانیەوە.

٢- توانای هەر مۆرفێمێکی بەند، پەیوەستە بە بەرهەمداریو چالاکی دەرکەوتنی لەسەر مۆرفێمی بنکەی جیاوازەوە. لەم ڕووەوە مۆرفێمە ئەرکییەکان زیاتر دووبارە دەبنەوە، زۆرتر بەسەر دەمەوەن، کەچی مۆرفێمە فەرهەنگییەکان لەسەر چەند بنکەیەکی دیاریکراودا چەق دەبەستنو پلەی ئەکتیفییان کەمترە. لە هەر بوارێکی مۆرفێمە فەرهەنگییەکانیشدا، کە ژمارەی ئەندامانی زیاترن، بۆیەش توانایەکی سنوورداریان دەبێت، چونکە تواناکە بەسەر کۆی ئەندامەکانیدا دابەش دەبێت، بەڵام لەگەیاندنی هەر چەمکێکی ڕێزمانیدا ژمارەیەکی کەمو سنووردار بەشدار دەبنو زۆرترین دووبارەبوونەوەیان هەیە، بۆ بەتواناترن.

٣- لەیەکچوونێکی زۆر لە نێوان زمانی کوردیو فارسیدا هەیە، لەڕووی مۆرفێمە بەندەکان، چ لە ڕووی تواناو چالاکییانەوە بێت، یان لە ڕووی فۆرمەکانیانەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕەگو ڕیشە هاوبەشەی کە لەنێوان ئەو دوو زمانەدا هەیە.

٤- ئاوێتەبوونی چەمك، دیاردەیەکە لە چوارچێوەی مۆرفێمە ئەرکییەکانی هەردوو زماندا، دەبینرێت، واتە یەك مۆرفێم لەسەر یەك بنکەی دیاریکراودا، زیاتر لە چەمکێکی ڕێزمانی پیشان دەدات.

٣٩ – بڕوانە (3-1-6)

٤٠ – تەنانەت لە کرمانجی ژووری زمانی کوردیدا، ڕەگەزی ناوە دیارخراوەکە ڕۆڵ دەبینێت لە دیاریکردنی ئەو مۆرفێمەی چەمکی خستنەسەر دەبینێت، بۆ ڕەگەزی نێر /-ێ/و بۆ ڕەگەزی مێ /-ا/ بەکاردێت، وەکو:

دایکا من. بابێ من.

٤١ – کاریگەری ئەم شێوازە لەسەر دیالێکتی کرمانجی ژووروی زمانی کوردی هەیە. کە بە هۆی کاری یاریدەدەری (هاتن)ەوە دروست دەبێت.

٥– کاریگەری زمانی عەرەبی لە هێنانە ناوەوەی مۆرفیمی بەند بەشێوەیەکی بەرفراوان لە زمانی فارسیدا دەبینرێت، بەڵام ئەم کاریگەرییە، کەمتر لە زمانی کوردیدا هەستی پێدەکرێت.

٦– لە گەیاندنی چەمکە ڕێزمانییەکاندا، زمانی کوردی زیاتر سوود لە مۆرفیمی بەند وەردەگرێت، چونکە لە زمانی فارسی، هەریەك لە چەمکەکانی ناساندنو نادیاری بە هۆی مۆرفیمی سەربەخۆ دەگەیەنرێن. کە زمانی کوردی بەهۆی مۆرفیمی بەندەوە ئەم دوو چەمکە دەگەیەنێت. ئەمە وا دەکات کە زمانی کوردی لە چوارچێوەی پۆلێکی تێك چرژاودا، زیاتر بەلای زمانە نووساوەکاندا بشکێتەوە نەك دابڕاوەکان، کەواتە سیفەتی دابڕاوی لە فارسیدا زیاتر زاڵە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بەزمانی کوردی


١– ئازاد ئەحمەد مەحموود(٢٠٠١)، مۆرفیمەکانی (ی) لەزمانی کوردیدا (بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی خوارووو ژووروو)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.

٢– ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان(١٩٩٨)، مۆرفیمەکانی (ە) لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا.

٣- ئەبوبکر عومەر قادر (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردیو فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٤- ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٧٩) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم – ناو– چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٥– ئیبراهیم ڕەمەزان زاخۆیی (٢٠٠٨)، ڕێزمانا کوردی، چاپا ئێکێ، سپیرێز، دهۆك.

٦– ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم (١٣٦٧) ئامراز لەزمانی کوردیدا، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگو ئەدەبی کوردی(انتشارات صلاح الدین ایوبی)، چاپی یەکەم، اورمیە.

١٢- بابا ڕەسوڵ نوری ڕەسوڵ (٢٠١٢) پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

١٣- بازیان یونس محی الدین (٢٠٠٨)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجیو سینتاکس، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

– زەرێ یوسوپۆڤا (٢٠٠٥)، شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، وەرگێڕانی لەزمانی ڕووسییەوە، کوردستان موکریانی، لەبڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر.

– سعید صدقی کابان (١٩٢٨)، مختصر صرفو نحوی کوردی، جو (١) گبع اول چاپخانەی نجاح، بغداد.

- صباح ڕشید قادر (٢٠٠٠)، هاوبێژیو فرەواتایی لە (گیرەك)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- عبدالله حسێن ڕەسوڵ (١٩٩١)، ناکردن لەکوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین– هەولێر.

- عبدالله حسێن ڕەسوڵ (١٩٩٥) مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە (ئیبن روشد) زانکۆی بەغدا.

– عەبدوڕەحمانی زەبیحی (١٣٦٧) قامووسی زبانی کوردی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگو ئەدەبیاتی کوردی (ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی).

– عەبدولجەبار مستەفا مەعروف(٢٠١٠)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، کوردۆلۆجی، سلێمانی.

– فاروق عومەر سدیق (٢٠١١)، لەدایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

- فەرەیدون عەبدول بەرزنجی(٢٠٠٨) نادیاری لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردە لە نێوان دوو زاری کوردیدا، سلێمانی.

– ك. ك. كوردۆیێڤ (١٩٨٤)، ڕێزمانى كوردى بەكەرەسەى دیالێكتى كرمانجىو سۆرانى، وەرگێڕانى: كوردستان موكریانى، هەولێر.

– كەوسەر عەزیز ئەحمەد (١٩٩٠) بیردۆزى مۆرفیمو هەندێ لایەنى وشەسازى كوردى، نامەى ماجستێر، كۆلێژى ئاداب، زانكۆى سەلاحەددین– هەولێر.

– لەیلا جەلیل عەباس دەلۆ(١٩٩٨)، مۆرفێمەكانى (ێ) لەزمانى كوردیدا بەكەرەستەى كرمانجیى خواروو و ژووروو، نامەى ماجستێر، كۆلێژى پەروەردەى ئیبن ڕوشد، زانكۆى بەغدا.

– لیمۆ محمود تۆفیق (٢٠١٢)، دەربڕینى چەمكى دیاریكردنو ئاشكرانەكردنى ناو لە كوردىو چەند زمانێكى هاوگروپى خۆییو دوور لێوەى، نامەى ماستەر، سكولى زمان، زانكۆى سلێمانى.

– محەمەدى مەحویى (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژییو بەیەكداچوونى پێكهاتەكان (مۆرفۆلۆژیى كوردیى)، بەرگى یەكەم، زانكۆى سلێمانى، سلێمانى.

– محەمەدى مەحویى(٢٠١١)، بنەماكانى سینتاكسى كوردیى، بەرگى یەكەم، زانكۆى سلێمانى، سلێمانى.

– محەمەدى مەحوى، كاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن، (٢٠١٠)، دروستەى كردار بنەماو دیاردە، زانكۆى سلێمانى، سلێمانى.

– محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر، (٢٠٠٦)، چەند لایەنێكى مۆرفۆلۆجیى كوردى، چاپخانەى ڕوون، سلێمانى.

– محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان، كۆكردنەوەو ئامادەكردنەوەى: شیروان حوسێن خۆشناو و شیروان میرزا قادر، هەولێر.

– نورى عەلى ئەمین(١٩٥٦)، ڕێزمانى كوردى، بەرگى یەكەم، بەغدا.

**دووەم: بەزمانى فارسى.**

– بفرین احمد حمەاغا(٢٠٠٩)، بررسى مقابلەاى سازەهاى دستورى در زبان هاى فارسىو كردى، پایان نامە كارشناسى ارشد، دانشكدە زبان، دانشگاه صلاح الدین.

- پرویز ناتل خانلرى (١٣٨٢)، دستور زبان فارسى، چاپ نوزدهم، چاپخانە حیدرى، تهران.

– تقى وحیدیان كامیار(١٣٨٩) دستور زبان فارسى(١)، باهمكارى غلامرچا عمرانى، چاپ دوازدهم، سمت، تهران.

- حسن انورى و حسن احمد گیوى،(١٣٩٠) دستور زبان فارسى٢، ویرایش چهارم، چاپ اول، موسسە فرهنگى فاطمى، چاپخانە خاشع، تهران.

- حسین عبدالملكى (١٣٨٥)، واژەبست /e-/ تصغیرو معریفە در زبان فارسى، مجلە زبانشناسى، شمارە (١و٢).

- خسرو فرشیدورد(١٣٨٠)، گفتارهائى دربارە دستور زبان فارسى، چاپ سوم، چاپخانە سپهر، تهران.

– خسرو فرشیدورد(١٣٨٢)، دستور مفصل امروز، چاپ اول، انشارات سخن، تهران.

– خسرو فرشیدورد(١٣٨٦)، فرهنگ پیشوندهاو پسوندهاى زبان فارسى، چاپ اول، انتشارات زوار، تهران.

- داریوش آشورى (١٣٨٦)، بازاندیشى زبان فارسى، ویراش دوم، چاپ چهارم، نشر مركز، تهران.

- سید احمد خراسانى (١٣٢٩)، نیشانە معرفەو نكرە، مجلە دانش، شمارە (١٣).

- شهرزاد ماهوتیان (١٣٨٧)، دستور زبان فارسى از دیدگاه ردەشناسى، ترجمەى مهدى سمائى، چاپ پنجم، نشر مركز، تهران.

- عباسعلى مولوى (١٣٦٠)، دستور زبان فارسى، چاپ دوم باتجدید نظر كامل، چاپخانە اتحاد، تهران.

- عبدالعظیم قریب، جلال همایی، رشید یاسمی، ملك الشعرای بهار، بدیع الزمان فروزانفر(١٣٨٧)، دستور زبان فارسی– پنج استاد، چاپ چهارم، چاپ دیبا، انتشارات ناهید، تهران.

– ع. خیامپور (١٣٨٩)، دستور زبان فارسی، چاپ پازدهم، انتشارات ستوده، تبریز.

- علی اشرف صادقی، اکرم حاجی سید اقایی(١٣٨٩)، برخی نشانههای نادر جمع در زبان فارسی، ویژنامه نامه فرهنگستان، شماره (٦).

– علی درزی (١٣٨٥) تکواژ جمع در زبان فارسی، مجله دانشکده ادبیاتو علوم انسانی دانشگاه تهران، شماره(١٧٨).

– فاگمه مدرسی(١٣٨٦) از واج تا جمله، فرهنگ زبانشناسی – دستوری، انتشارات چاپار، تهران.

– لیلی مرتچائی (١٣٨٠)، بانك های اطلاعاتی در مواجهه با زبان و خط فارسی، مجموعه مقالات نخستن هم اندایشی مسائل واژهگزینیو اصگلاح شناسی، چاپ اول فرهنگستان زبانو ادب فارسی، باهمکاری مرکز نشر دانشگاهی.

– محسن ابوالقاسمی(١٣٨٧)، دستور تاریخی زبان فارسی، چاپ هفتم، سمت، تهران

– محسن ابوالقاسمی(١٣٨٨)، اهنمای زبانهای باستانی ایران، جلد دوم: دستورو واژهنامه، چاپ سوم، سمت، تهران

– محمد راسخ مهند (١٣٨٨)، معرفهو نکره در زبان فارسی، مجله دستور، شماره (٥).

– محمد رچا باگنی(١٣٨٥)، چهار گفتار درباره زبان چاپ پنجم، موسسه انتشارات اگه، تهران.

– محمد روایی (١٣٨٤)، دستور زبان فارسی، چاپ اول، نشر امون، تهران.

– مهدی مشکوة الدینی (١٣٨٩)، دستور زبان فارسی برپایهی نظریهی گشتاری، ویرایش دوم، چاپ یازدهم، انتشارات دانشگاه فردوسی مشهد.

– مهری باقری (١٣٧٥)، مقدمات زبانشناسی، چاپ اول، نشر قطره، تهران.

– مهری باقری (١٣٨٦)، تاریخ زبان فارسی، چاپ دوازدهم، نشر قطره، تهران.

– ویدا شقاقی(١٣٧٦)، واژهبست چیست؟ ایا در زبان فارسی چنین مفهومی کاربرد دارد؟ مجموعه مقالههای سومین کنفرانس زبانشناسی، بهکوشش: یحیی مدرسی، محمد دبیر مقدم. دانشگا علامه طباطبایی، تهران.

**سێیەم: بەزمانی ئینگلیزی:**

- Eckersley, C. and Eckersley, J. (1980) A comprehensive English Grammar: for Foreign students. London: Longman Group Limited.

**چوارەم: بەزمانی عەرەبی:**

- عبدالقادر عبدالجليل (١٩٩٨)، علم الصرف الصوتي، سلسلة الدراسات اللغوية (٨)، دار الازمنة، عمان.

**الملخص**

هذه البحث يحمل عنوان (قدرة المورفيم المقيد في تنفيذ الوظائف النحوية في اللغتين الكوردية و الفارسية)، و فيه أجريت دراسة المورفيمات التى تدل على مفهوم نحوي. بداية تمت دراسة مورفيمات (المعرفة، النكرة، الجمع، النفي.......) في اللغة الكوردية، وبعدها تم عرض تلك المورفيمات التى تدل على المفاهيم أنفسها في اللغة الفارسية، و تم بيان قدرة كل منها على اساس البيانات المأخوذة، وأخيراً تمت مقارنة قدرة المورفيمات في اللغتين الكوردية والفارسية وعرض نقاط الاشتراك و الاختلاف بينهما.

## ABSTRACT

This research is entitled (The ability of bound morpheme to serve its syntactic functions in both languages Kurdish and Persian). It is devoted to the morphemes which have a grammatical concept. First, the morphemes of (definite, indefinite, plural, negative…) in Kurdish language are mentioned, and then the same morphemes according to the concepts they showed in Persian are mentioned. The ability of each one is showed by the taken data. Then the ability of morphemes in Kurdish and Persian are compared and the similarities and differences are mentioned.

# چنین له دەقی کورته چیرۆکدا

پ.ی.د.سلیم ڕشید صالح

زانکۆی سەلاحەددین/کۆلێژی پەروەردە

## پێشەکی

چنیین یان داڕشتنی کورته چیرۆك بە شێوەیەکی گشتی پێویستی بە هونەرمەندێکی کارامەوە هەیە، بۆنیاتی هونەری کورته چیرۆك نووسەری چیرۆك نووسەری کارامە و شارەزای زمان زانێکی سەرکەوتوی دەوێت، کە سێك کە خولیای نوسینی کورته چیرۆکی هەبێت پێش هەموو شتێك دەبێ شارەزای بواری زمانەوانی و پرنسیپی هونەری نووسینی هەبێت لە ڕێکختسنی کەرەستەکانی زمان لە داڕشتنی دەقی چیرۆك، داڕشتن و چنینیی کورتە چیرۆك جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ چیرۆکی ئاسایی و ڕۆماندا، لەوەیاندا نووسەر دەبێ تواناو وەسفی بەسەر چڕکردنەوەی زمان هەبێت لە دابەشکردنی کەرەستە زمانیەکان بەسەر بنەماکانی چیرۆك هەر لە (کات، شوێن، پاڵەوان، ڕووداو)، ڕەنگە کەسانێك هەبن بڵێن لە چیرۆك و ڕۆماندا هەمان ئەو بنەمایانە هەن کە لە کورته چیرۆکدا هەیە، وەلێ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بنەما یانە جیاوازە چونکە جیاوازی لە مەوداو پانتایی زەمینەکان (شوێن و کات) هەیە، پەیکەری کورته چیرۆك لە بەهێزی گەیاندنی ناوەڕۆکە کەیەتی لە دەقێکی کورت و چڕدا، هەندێ جار نووسەر بەشێك لەو بنەمایانە دەشارێتەوە لە پێناو چڕکردنەوەداو خوێنەریش ناڕاستەوخۆ دەباتە نێو دەقی چیرۆك و واتاکەی لە نوسینی ئەو جۆرە چیرۆکەدا نوسەری خۆی پێویستە خاوەن مەرج و ئاستی ڕۆشنبیریەکی هونەری داڕشتنی زمان بێت.

## بەشی یەکەم

### چەمکی هونەری چنین

بێگومان بەپێی لێکۆڵینەوەکان زۆر لە پێناسەکان و لێکۆڵینەوەکان بۆ چەمکی چنین لەیەك نزیکن، دیارە ئەمەش یەکێکە لە ئامانجەکانی نووسەر هەوڵی بۆ دەدات یان ئەو ڕێگەیەی پێویستە بیگرێتە بەر بۆ گەیاندنی ناوەرۆکی ڕووداوێك یان بابەتێك بەهۆی چۆنیەتی ڕێکخستنی وشەو زاراوەکان لەو پێناوەدا، هەندێك پێیان وایە توندکردن و پتەو کردنی پەیوەندییەکانی زمان بەرگکردنی بابەتەکە یە بۆ دەرخستنی ڕووداوەکە یان بابەتەکە بەشێوەیەکی کاریگەر، شێوازی چۆنیەتی ڕیزکردنی ڕووداوەکان لەناو تویی دەقدا بۆ چێژ گەیاندن و ئاسان گەیاندنە بۆ خوێنەر، مەبەست لە چنین ڕێکخستنی ڕووداوە بە پێی شێوازێکی دیاریکراو، گرنگ و بایەخی چنینش لەوکاتە دەردەکەوێت کە کێشەکانی چیرۆك یان گرفتەکانی دەگەنە لوتکەی ئاڵۆزی و نووسەر لەو ڕێگەیەوە شیکردنەوەیەك بە دەستەوە دەدات بۆ خوێنەر، لەکاتێك ململانێکان سەر هەڵدەدەن و دەردەکەون بەرەو لوتکە هەڵدەکشێن، چنین لەوێوە دەست پێدەکات و ڕووداوەکان دەگەیەنێتە لوتکەو دواتر بەرەو داکشانی و کۆتاییان دەبات، ئەوەش لە توانای نووسەرە چۆن ئەو هەڵوێستانە دەخاتە پاڵ یەك و یاخود پاش و پێشیان پێ دەکات تا دەیان گەیەنێتە لای خوێنەر و خوێنەر پەلکێش دەات بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکان، ئەو ڕێکخستنەش پەیوەستە بە چەند ڕێباز و یاسایەك، بەتایبەت دوای دەرکەوتنی نووسینی ئازاد و بێ سانسۆر، واتە دەتوانین بڵێین لەگەڵ هاتنی قوتابخانەی ڕۆمانسیەت ئەم جۆرە شێوازە بۆ نوسین دەرکەوت وەك داهێنانێکی نوێ بۆ خستنە ڕوی بابەتێکی دیاری کراو، چنین لە کۆندا زیاتر پەیوەست بووە بە یاساکانی داڕشتنی زمان لە دەقدا[1] (الیزابیث دبل، ت: عبدالواحد لؤلؤه، ص١٠)، لە سەردەمی ئەرستۆش ئەو ڕێسایە باوبووە وەك بوارێکی ڕەخنەییش لە ڕوی تیۆریەوە، دواتریش ئیتاڵیەکان ئەو چەمکەی لای ئەرستۆ هەبوو بۆ ڕێساکان فراوانتریان کرد، چنین وەك هونەرێك و ڕێکخەری پلانێك بەکارهاتووە بۆ داڕشتنی بابەتەکان و لەبەهای بابەتە ئەدەبیەکە ی کەم کردۆتەوە لە پێناو جوانکاری زمانی داڕشتن، بەڵام لە مرۆدا ئەو مەودایەی جێهێشتوە چونکە بە پێچەوانەوە بەهایەکی تری بەخشیوە بە بابەتەکە، وەك گێڕانەوەی حیکایەتێك لەسەر زار کە دەبوایە بە شێوەیەك دەست پێبکات وەك: (منیش کراسم دڕاو هیچم پێ نەبڕا) ، .. یان (ئەوانیش بەیەك شادبوونەوەو بەیەك گەیشتن) بەڵام لەگەڵ ئەو سادەیەشدا گێڕەرەوە دەبوایە هونەرزانێکی باش بوایە لە گێڕانەوەکەیدا چونکە ڕووداوەکان ڕێکدەخات بۆ ئەوەی چێژ ببەخشێ بە گوێگرەکانی، لە نوسینی دەقدا، خوێنەر لە ڕێگەی چنینەوە ئاگاداری ناوەڕۆکی ڕوداو دەبێت، هونەری چنین پاڵنەریکی بەهێزی خوێنەر دەبێت بۆ ئەوەی بە ووردی بەدوای یان شوێن هەڵگری نوسەر بێت لە چۆنیەتی دەربڕینی ڕووداوەکان، شێوازی چنینی چیرۆك ئاستی سۆزی خوێنەر بۆ بابەتەکە دیاری دەکات لێرەدا نووسەر دەبێ ئەوە بزانێت مەبەست لەم جۆرە چنینە چیە، بۆ ئەو شێوازە مامەڵەکردنە لەگەڵ خوێنەردا لە تۆیی خوێندنەوەی دەقدا، نوسەر بەهۆی چنینی سەرکەوتوو دەتوانێت لێکچواندنێك لە نێوان کەسەکان و هەڵوێستەکان و هەڵوێستە کانی نێو دەق دیاری بکات، بۆ ئەوەی دەق بە یەکگرتوویی دەرکەوێت، ئەویش لە ڕێگەی ڕێکخستنی مێژووی ڕووداوەکان و بەهێزی و لاوازی کەسەکان، دەبێت هەڵڕشتنی بابەتەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێکهاتەکانی

دەق، بۆ نموونە ئەگەر چیرۆك بێت ڕووداوەكان بۆ كەسێتی پاڵەوانەكان  بگێڕێتەوەو هەر یەكە بە تواناو ئاستی خۆیدا بێت، چنین بە پێی ویست و ئامانجی  نووسەر بۆ دەرخستنی هەریەكە لە بنەماكانی دەق بە پێی ڕەگەزە ئەدەبیەكە، بۆ نموونە ئەگەر چیرۆك بێت ئەوە نووسەر لە چنینیدا یان ململانێەكان دە كاتە ڕوویەكی سەرەكی چنینەكە یاخود كاتەكان لە چۆنیەتی دابەشكردنییان بەپێی سەرەتای دەست پێكردنی ڕووداو تا كۆتایی بە زنجیرە یاخود ئەو جۆرە گەڕانەوە و پێشخستنە كە لە برەگەكانی دواتری ئەم باسە بە وردی باسی لێوە دەكەین یان ڕاوەدونانی پاڵەوانەكان و كەوتنیان دەكاتە وێنە یان بەدوای دەرخستنی سۆزداری كاریگەری ڕووداوەكانەوە دەخولێتەوە، بەڵام دیارە بەشێوەیەكی گشتی بە دوو ئاراستەدا دەڕوات هەروەك چۆن ژیانی مرۆڤایەتی دابەشی  سەر دوو ئاراستە یە (چاكەو خراپە)یە هەمان شێوە چنینەكە مەبەست دەبێت بۆ یەك لەو دوولایەنەو بەشێوەی جیاجیا  دەردەبڕدرێت، كەواتە ئەركی چنین هەروەك ئەرستۆ دەڵێت: دەبێتە هونەری  بیناسازی بۆ بابەتەكە (اليزابيث ديل، ت: عبدالواحد لؤلؤه، ص١٦).

## ڕۆڵی زمان لە بینای دەقی چیرۆكدا:

مەبەست لە چۆنیەتی بەكارهێنانی زمان لە داڕشتنی دەقدا چۆنیەتی دروستكردنی  وێنەی جوان و سەرنجڕاكێشە لە پێناو گەیاندنێكی ئاسان و چێژدار، كەرستەش بۆ ئەو مەبەستە كەرەستەكانی  زمانە، چونكە هەر لە سەرەتای چونە نێو دەق، خوێنەر یان گوێگر سەرنجی جوانكاری  بەكارهێنانی زمانی نوسین دەداو دەرگای بۆ واڵا دەكرێت بۆ ئەوەی بچێتە نێو ناوەڕۆكی دەق یان گوتار، جوانكاری دەبێتە ئاوێنەی  دەقەكە بەتایبەت لە چنینی دەقێكی هونەریدا دیارە چنین لە بواری دەقی ئەدەبیدا وەك نووسینی بابەتێكی زانستی نیە، كە تەنیا پشت بەزمانی ڕووت ببەستێت و دور لە جوانكاری، بەلكو چەندین هونەری تر هەنە دێنە نێو دەقی ئەدەبی وەك هونەری  ڕەوانبێژی بە هەموو لقەكانیەوە لە پێناو جوانكردنی دەقەكە و یان شێوەی بونیات و لێك گرێدانی ڕستەو زاراوەكان بۆ بەخشینی وێنەی چێژدار بۆ خوێنەر،  ستاندال پێی وایە جوانی دەق (پەیمانی  دڵخۆشیە، بۆ هەستەكانی مرۆڤ[٣] (الجمالية، ر.ف.جونسون: ت: عبدالواحد لؤلؤه، ص١٠)،   ئەوە زمانە پەیوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆك بونیات دەنێت، لە  جوانیشدا بە یەكەوەیان دەبەستێتەوە ، فۆرمە دەربڕاوی جوان  و ناوەڕۆكی جوان دەبەخشێت، هەروەها پاش ئەوەی بەشەكانی بابەتەكەی لەگەڵ یەك گونجاو بن [٤]( هۆراس و:حميد عزيز، هونەری شیعر) ، بە بڕوای هۆراس ئەگەر نووسەر چیرۆكێك بنوسیَ و كەسێتیەكی داهێنراوی بۆ دروست بكات پێویستە كەسێتیەكە تا كۆتایی  سیفەتەكانی هەروا بمێنیَ كە لەسەرەتا وەسف كراوە، دەرخستنی ئەو جوانیەش لە ڕێگەی زمانی نووسەرەوە دەبێت كە چۆن  بینای دە كات یان  بەدوایدا دەگەڕێت، لە كۆندا تاوەكو  ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەهای دەق لە جوانی دەربڕینەكەیدا یە كە زمانی نوسینی دەقە ، ستاتیكا یەك دیاردەی سادە نیە

بە لكو كۆمەڵێك دیاردەیە بە یەكەوە بەستراون و دەبنە بنەمای پێكهاتەی  چنینی دەق، بە مەش بەهای  بابەتی دەق بەهێز دەكاتەوەو  پێوانەی  لەسەر دەكریَ، كۆمەڵێك لایەنی تر هەن، دێنە  نێو زمانی چنین لە پێناو ئامانجێكی دیاری كراودا، وەك فەلسەفەی ئەدەب كە پشت بە زمانی تایبەت دەبەستێت،  دەگەڕێتەوە بۆ پشتەوەی  چەمكەكان كە شاراوە یە و زۆر دیار نیە، بۆیە لە نێو دەقی چیرۆكدا ئامانجێكی دیاری كراوی  نیشان كردوە كە لە كۆتاییدا یان لە لوتكەدا دەردەكەوێت بەهۆی

هونەری چنینەوە، ئایا تێڕوانینە بۆ بەراوردکردنی ڕووداو بە واقعێکی ژیان یان گەیاندنی پەیامێکی ڕۆشنبیری یان ئیرشادیە، جاری واش دەبێت زمانەکە تەنیا هونەر بۆ هونەرە،هیچ کارێکی هونەری نیە بە تەنیا بۆ جوانکاری بنوسرێت بخرێتە ڕوو، بەلکو هونەری جوانکاری لە پێناو سود و چێژ بەخشین دەبێت، ڕەخنە گران هەر لەسەردەمی ئەرستۆ تاوەکو ئێستاش چونە نێو دەق بە دەرگای جوانکارییەوە دەچوێنن ئینجا ئامانج و پەیامی دەق، کەواتە ئەو داڕشتنەی دەق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوولایەنی ڕوخسارو ناوەڕۆك، هەر دوولا ئاوێنەی هەڵسەنگاندنی یەکترن، دەق وەك تابلۆیەك وایە ئەگەر لە نزیکەو سەیری بکەین پەسەندی دەکەی یان جاری وا دەبێت لە دەرەوە جوانتر دەردەکەوێت کە دەکەوێتە سەر ڕوخسار و ناوەڕۆکەکەی(٤) ( هۆراس، هونەری شیعر ل٣٢)، پێوەریش بۆ ئاستی چنینی هەر تکستێك دەوەستێتە سەر چۆنیەتی تێهەڵکێشکردنی بەشەکانی تێکستەکە بە پێی ڕەگەزە ئەدەبیەکە چیرۆك بێت یان هۆنراوە یان ڕۆمان یان وتار....تد، چونکە هەریەك لە و ڕەگەزانە شێوازی چنینی خۆی پێویستە بۆ بەهێزی تێکستەکە، داهێنانی ئەدەبی بۆ هەر دەقێك پشت بە توانای نووسەرەکە دەبەستێت لە چنینی دەقەکەو داڕشتنی ئەندێشەی نووسەر بۆ بە یەك بەستنەوەی بەشەکانی دەق و ڕژاندنی هزرو پەیامی لەو ڕێگەیەوە بۆ نێو دەقەکە: دیارە ئەوەش بۆ گەیاندنی ئاسان و ڕوون لەلایەن وەرگرەوە تا چەند توانای وەرگرتنی ناوەڕۆکی دەقی دەبێت، لێرەدا چنین ئەو ڕێگەیە دەبێت چۆن بەهۆیەوە دەق چێژ بەخش دەبێت [٥](جمالیە النص الادب، د.مسلم جسب حسین، ل٥٦)، دیارە کە ئامانج لەچنین جیاکردنەوەی دەربڕینێکی ئاساییە لەدەربڕینێکی هونەری، ئەرستۆ پێی وایە شاعیر لەبەر ئەوە نیە پێی دەڵێن شاعیر شیعر دەنوسیٚ، بەلکو لەبەر ئەوەیە کە وشەکان بە شێوەیەکی هونەری وکاریگەر لە هەست ڕێکدەخات[٦](الزابیث دیل، ت: عبدالواحد لؤلؤە، ص٢٠) هەمووکەس ناتوانێت ئەو ڕێکخستن و جوانکاریە بکات کە کاری چێژ بەخشین و گەیاندنە .

## جۆرە کانی چنین:

چنینی دەق بەچەند شێوازو جۆرێك بونیات دەنرێت، ئەوەش دەوەستێتە سەر بنەمای خستنە ڕووی پێکهاتەکانی دەق بەهەموو شێواکانیەوە، ئەوەی گشتیە لە چۆنیەتی چنینی دەق دوو شێوازی دیارە یان دوو پێوەری چنین کە هەریەکە بە ڕێکخستنی بابەت و کەرەستەکانی دەق دیاری دەکرێت بەم جۆرە:

١- چننی یەکگرتوو یان (توندوتۆڵی) : لەم جۆرەیاندا کە رە ستەکانی ڕووداو یان پێکهاتەکانی دەق بە شێوەیەکی دانە بڕاوو بە دوای یەکدا هاتوو ڕێکدەخرێت کە هەر بەشێك یان پەرەگرافێك تەواوکەری ئەوەی پێشووترە، چینێکی پتەو دروست دەکات وەك یەك بابەت دەخرێنە ڕوو وەك بابەتی شیعری قەسیدەیەك لە پێیدا هەلگوتنا یان بەستنەوەی کەرەسەتەکانی کورتە چیرۆکێك بەیەکەوە، ڕیزکردنی ڕووداوەکان بەپێی بنەماکانی چیرۆك هەر لە سەرەتاو لوتکە و گرێچنی چیرۆکدا تا کۆتایی هاتنی بەشێوەیەکی زنجیرەی لەیەك نەپچڕاو بەڕێوە دەچێت .

٢- چنینی کراوە: بە بێچەوانەی یەکگرتوو ڕووداوەکان پاش و پێش دەکرێت و چەند کەسێتیەکی جیا جیا دەکەوێتە نێو باسەکەو بابەتەکە بەشێوەیەکی یەکپارچەیی دەرناکەوێت چ لە شیعر بێت یان لە جۆرەکانی پەخشان و دەبێتە ئاڵۆزبوونی تێگەیشتنێکی باش، دیارە هەریەك لەو جۆرە چنینانە سوود و زیانی خۆی هەیە، لە یەکەمیاندا ڕەنگە

خوێنەر بەشێوەیەك ئاسانتر لە ناوەڕۆكی دەق بگات و ئامانجی پەیامەكەش بە ڕوونی و خێراتر بگات، زۆر ترین ڕێژەی خوێنەریش لە مەبەستی دەق دەگەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرەیان ڕەگەزی كاریگەری كەمتر تێدا دەردەكەوێت، دەبێتە كارێكی میكانیكی لە داڕشتندا و خوێنەر بێزار دەكات گەر بەردەوام بێت.

## شێوەكانی چنین:

ئەگەر دوو چیرۆك بخوێنینەوە كە ڕەنگە لە ناوەڕۆكەدا لەیەك نزیك بن بەڵام دوای لێ وردبوونەوەی دەبینین دوو داڕشتن و چنینی جیایان هەیە كە دەگەڕێتەوە بۆ هونەری نووسەركانیان لە بەكارهێنانی پێكهاتەو بنەما هونەریەكانی چیرۆك لە نێو دەقەكەدا، لە چیرۆكێكدا چنین ئاڵۆز و توندە گەرچی لە ناوەڕۆكدا لەگەڵ چیرۆكی دووەم لەیەك نزیكن و بەڵام لەوەی تر سادە و ڕەوانە بۆ هەمان مەبەست بەوەش خوێنەرەكانیان لەیەك جیا دەبێتەوە كەواتە نووسەر دیاری كردنی خوێنەرەكانی لە توێی چیرۆكەكەدا دەست نیشان دەكات ،ئەو ئامانجانە ش كە لە چیرۆكدا هەیەتی بۆ جۆرە كە سێكن هەژارن یان ڕەوشتێكی دیاری كراویان هەیە، منالن، گەنجن هیتر، ئەو چنینەنەش كە بەكاری دێنن دەبێت لەگەڵ ئاستە جیاوازەكان بگونجێت بۆ ئەوەی ئامانجەكەی بەدروستی بگەیەنێت .

## زمان وداڕشتنی وێنەی هونەری:

چیرۆك ئەو ژانرەی كە پێویستی بە زمانێكی تایبەت هەیەبۆ چنینی پێكهاتەكانی، ڕێكخستن و لێكدانی بنەماكانی چیرۆك زمانی جیای پێویستە لە هۆنراوە، لە چیرۆكدا بنەماكان ( كات، شوێن، ڕووداو، كەسەكان) داڕشتنێكی جیای دەوێت لە ڕەگەزە كانی ئەدەب، نووسەری چیرۆك دەبێ شارەزاییەكی باشی لە زمان هەبێت لە بەكارهێنانی ڕستەو دەستەواژەكان، لە چیرۆكدا ڕێكخستنی پێكهاتەكانی تێدایە و داڕشتنێكی جیای دەوێت، لە چیرۆكدا بیناسازیەكی تایبەتی دەوێت بۆ داڕشتنی پەیكەری ڕووداوێك و كارەكتەرەكانی، زمان لەنوسینی چیرۆكدا هەر لە سەرەتاوە تا كۆتایی چەند قۆناغ و گۆڕانكاری جیا جیای داڕشتنی تێدا دێتە كایەو گۆڕانی بەسەر دا دێت بەپێی جۆری ڕووداو یان شوێن و كات و كەسەكانی، زمان شێوەی كارەكە دیاری دەكات،پەیوەندیەكی بتەو لە نێوان زمان وبیردا هەیە، زمان ئاوێنەی هزری دەربڕاوە، نووسەر كە بیرۆكەیەك دادەڕێژێت سەرەتا زمانەكە لەناخی نووسەر بێ دەنگەو دابەشی سەر ڕووداوەكانی دەكات یان سەرجەم بنەماكانی چیرۆكی لەسەر دەچنێ ئینجا ئەو زمانە وەردەگێردرێتە سەر دەنگ و نوسین [7] (فن الكتابة واشكال التعبیر، ص٢٥) ، واتە زمانی نووسەر لە پێش ئەوەی بخرێتە ڕوو لە توێی دەق یان لە دەربڕینی دەنگدا لەناخی نووسەردا دایەلۆگی لەسەر دەكرێت لە چۆنیەتی خستنە ڕوو چنیندا، بۆ ئەوەی ئەو چنینە ببێتە چاكترین شێوازو ئاوێتەی دەقەكە، لەوەشدا دەلالەتی شتێك دەگەیەنێت، هەر چەندە زمان فراوان بێت لە دەقدا ڕەنگدانەوەی بیری فراوانتر دەبێت پێچەوانەش ڕاستە، چیرۆكیش ڕەنگدانەوەی ئەو جۆرە بیرۆكانەن لای نووسەر ڕووداوەكانی پێ دەچنرێت، زمانی چیرۆكیش ڕووناككەرەوەی ڕووداوەكانیەتی بە بنەماكانی تریشەوە نووسەری چیرۆك كە داهێنانێك دەكات لەزمانەكەیدا بەو داهێنانە چنینی دەقەكە دەگۆڕێ بە پێی بەكارهێنانەكە، ئەو وێنانەی دەیانخاتە ڕوو تەم ومژبێت یاخود ڕوون بێت، بەهۆی زمانەكەوە ئاستی

خوێنەرەکانیشی دیاری دەکات، بۆ گشتی بێت یان بۆ تاخمە کەسێکی دیاری کراو شارەزاییان لەزمانەوان هەبێت و لەدەلالەتی وشەکانی بگەن، لە ڕێگەی زمانەوە ڕێژەی سوودو چێژی ویژدانی هونەرەکە لە ڕێگای زمانی بەکارهاتوو لەدەقەکەدا، زمان کەرەستەیەکی خاوە لە بەردەست نووسەری چیرۆك، بەڵام ئاستی فیکرو ئاستی شارەزایی نووسەر پێویستە شارەزایی لە بە کارهێنانی ئاستەکانی زمانیش هەبێت، (د.سعید محمد یدوی) پێیوایە، کە پێنج ئاستی بەکارهێنانی زمان هەیە، لەنوسیندا [8] (البنیئة السردیة في الروایة، عبدالنعم زکریا، ص١٨١)، زمانێکی پاراوی کەلتوری گونجاوی سەردەم ،گشتی بۆ ڕۆشنبیران، گشتی بۆ خاوەن هزرەکانی ،گشتی بۆ خەڵکی گشتی، هەریەك لەو ئاستانەی زمان خەڵك و خوێنەری خۆی هەیە، بۆیە دەبێ نووسەر وشیارانە و بە ئاگا مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە ئاستانەی زمان بکات لەکردەی چنیندا، مەبەست نووسەری چیرۆکە، ئەگەرچی چیرۆك گێڕانەوەی ڕووداوێکە، بەڵام تاقیگەی زمانی نووسەرە، زمان ئەودەفرەیە وەسفی کارەکتەرە هەموو بنەماکانی چیرۆك دەگرێتە خۆ، دەتوانێت چێژبەخشیان بکات و دەقی چیرۆك بکاتە ئاوێنەی بونیاتەکانی، زمان بەرای (بالی) چەند ئاستێك دەبینێ لە پێشکەشکردندا وەك وروژاندنی سروشتی زمانی نووسەر و زمانی باوی نووسەر لەدەقدا، لەپشتی ئەو بەکارهێنانەدا ئامانجەکانی دەردەکەون کە چۆن هەستی خوێنەرە کان دەوروژێنن ئەمەش لە ڕێگەی کەرەستەی زامانەوانیەوە [9] ( الاسلوب والاسلوبیە، بیرو چرۆ (ص٣٧)، نووسەر بەهۆی زمان وێنەی جۆراوجۆر دەچنێ لەدەقدا ئەم وێنانەش ئامانجی گەیاندن جێ بەجێ دەکەن کە پەیوەست دەبێت بە ئەندێشەی وەرگر (خوێنەر) (الیوت) پێی وایە زمان بەرپرسیارێتی سەرەکی دەبینێت لە دارشتن و دروست کردنی وێنەی سەرنج ڕاکێش لە دەقدا ڕێگەی گەیاندنەکەی ئاسان دەکات و هەر زمانە ڕێبازی دەقەکە دیاری دەکات بەگونجاندنی لەگەڵ ئەندێشە [10] (اللغة في الادب حدیث، جاکوب کورك) ص٢٤٦) سروشتی زمان وا دەکات ئەو ووشانە هەڵبژێرن بۆ دەست نیشانکردنی هەڵوێستەکانی نێو دەقی چیرۆك، نووسەر ناتوانێ بێ لایەنی خۆی نیشان بدات لە دەقدا بەهۆی زمانەکەیەوە ڕستە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی دەقە، چونکە لەوشە بۆ ڕستە و ئینجا دەق وێنەکان دەڕەنگێنێ مەبەست هزری دەربڕاوە، لەئەدەبدا زمان پێکهاتەیەکە بابەتەکان ئامادە دەکات لەجولەکانی وشەدا، کە وشەیەك بۆمەبەستێکی ئەدەبی بەکاردێت دەخرێتەوە ناو چوارچێوەیەکی وێنەدا پەیوەندی بەوشەکانی ترەوە دەبێت، جیا دەبێت لەو واتایەی کە لە فەرهەنگدایە تەنیا دەیبینێت وەك چۆمسکی ئامارەی پێکردووە (١١)(اللغة في الادب الحدیث، جاکوب کورك، ص١٠٩) ، لەبەر ئەوە ئەو وشەیەی لەکاری ئەدەبی بەکاردێت جیا دەبێت لە ووشەی لەکاری ڕۆژانە بەکاردێت، بەوەش فۆرمێکی ئەدەبی بۆ دەقێکی دیاری کراو دروست دەبێت لەوێنەکاندا، نووسەر پێش دارشتنی وشەو ڕستە بیرۆکەیەکی لایە بۆیە لەدواتر بەدوای وشە کاندا دەگەڕێت کە بەهێزترین وێنەی پێدروست بکات بۆ ئەو بیرۆکەیە، بەهۆی زمانی نوسینی دەقەوە ناوەڕۆك بەرەوئاراستەیەکی دیاری ڕێبازەکان دەبات، هەر ڕستە یە سیستەمی دارشتنی هزرە و چوارچێوەکەی دیاری دەکات ،زمانی ئاستی ڕستەکان دیاری دەکات بە پێی شوێنی وێنە، وێنە هەیە پێویستی بە ڕستە ی سادە دەبێت و ئاشکرایە هەندێ جار بۆ وێنەیەکی تر پێویستی بە ڕستەی ئاوێتە دەبێت لەهونەرەکانی چیرۆکدا وەك وەسف و مۆنتاج ودایەلۆگ و.......زمان شێوازی جیاجیابەخشی بەکاتی نووسەر بۆ هونەری کردنی دەقی چیرۆك پەنا دەباتە بەر وێنەی جۆراو جۆر و ئامانجی جیا جیا ( دروست کردنی ئەم وێنانە، یان ئامانج تاقیگایەکی هونەریە یاخود ئامانج بەرەمزکردنی

دەقە، یان بۆ شاردنەوەو بە دوورخستنەوەیە لە خەیاڵ، یان تابلۆیە کە نووسەر دەیخاتە بەردەست خوێنەر بۆ ئەوەی ڕەنگەکانی تێدابخاتە ڕوو نووسەر بۆ چنینی وێنەیەکی فراوان چەندین وێنەی بچوک لەیەك دەدات ئەمەش هونەری مۆنتاژکردنی ئەو وێنانەیە لە توێی ڕووداوەکانی چیرۆکدا نووسەر بۆ ڕوونکردنەوەو چێژ یان جێ بەجێ کردنی ئامانج و مەبەستەکانی خۆی تابلۆیەکی لێ دروست دەکات و بەخڕی لە پێش خوێنەری دادەنێت ناچار دەبێت پەنا بباتە بەر چەندین وێنەی هونەری جیاواز لە پێناو وەدەست هێنانی ئامانجی کۆتایی، بۆیە بۆ هەربنەمایەکی چیرۆك جۆرێك وێنەی گونجاو هەڵدەبژێرێت تا بتوانێت لە ئاسانترین ڕێگا دا چیرۆکێکی هونەری بچنێ.

## وێنەو بنەماکانی چیرۆك

وێنە لە سنور کێشانی کاتی ڕووداوەکاندا دەوەستێتە سەر ئەوەی چۆن نووسەر ئەوکاتە دابەش دەکاتە سەر پێکهاتەکانی چیرۆك ( سەرەتا، گرێ ،کۆتای) ئایا لەسەرەتادا بە وەسفی کات دەست پێدەکات و وێنەی خەیاڵی یان مەعنەوی لێ دروست دەکات، نووسەر بۆ دروست کردنی وێنەکان بەدوای شێوەیەکی گونجاو دا دەگەڕێت بۆ نیشاندنی وێنەیەك کە کاتەکە دیاری دەکات ئەگەر کات لە شەودا بێتیان بەرەو شەو بچێت،وێنەیەکی واتایی دەخاتە بەرچاوی خوێنەر کە دەربڕی تاریکی بێت کە سیفەتی شەوە، شەو بە تاریکی دەناسرێتەوەو یان کە وێنەی ئەستێرە باس دەکات بێگومان ئەستێرە لەشەودا دەردەکەوێت کە دەبێتە ڕەنگی وێنەیەکی لێکدراو لەواتاو هەستپێکراودا، واتە دوو وێنە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە[١١] (بناتی وێنەی هونەری ل٢٠٩ سەردادگەری)، کاتی چیرۆك بەستراوە بە ڕووداوەکان چۆن بەر لە لە دروست کردنی ڕووداو نووسەر وێنەی کاتەکە دەکێشی کە بگونجێ لەگەڵ دۆخی ڕووداوەکەو، نووسەری سەرەکەوتوو بەدوای ئەووێنە هونەریانەدا دەگەڕێت کە لەگەڵ نیشاندانی خوێنەر بخاتە دۆخەکەوەو، واتە بچێتە نێو کاتی چیرۆکەکە روداو تێیدادەست پێدەکات، نووسەر دەبێ کاتەکەی بە دیزاینێکی ڕێك دابەش کردبێ بەپێی قەوارەی ڕووداوەکان، هەر لە دەست پێکردنەوە تا کۆتایی چیرۆك ، ئەوە خاپاندنی کاتەو چنینی سەرکەوتوو ئەوەیە کە کاتەکانی لەلایەك گرێ بدات و ئاستی ڕووداوەکانیش لەگەڵ دەمی کاتەکانیدا بڕوات ، کاتی چیرۆك لە کارەکاندا دەردەکەوێت هەموو جۆرە مامەڵەی پێ دەکرێت لە ڕابردوو یان ئێستا یان لە ئاییندە، پێوەندیەکی پتەوو ڕاستەوخۆ بەجۆری ڕوداوەکانەوە هەیە، ئایا ڕووداو مێژووییەو لەکۆندا ڕوویداوە، یان لە خەیاڵی پاڵەواندا یاخود دەشێ لە ئەنجامی ڕووداوێك لە پێشتر هەبووە و ڕووداوێکی تر لە ئاییندە بەدوای خۆیدا بێنێت هەر لێرەشدا نووسەر کاتی دەست پێکردن و کۆتایی دیاری دەکات، نووسەر ناتوانێت لەسەرەتادا کاتی خاپاندنی ڕووداو دیاری بکات لە چیرۆکدا چونکە ڕووداوەکان کاتەکان دیاری دەکەن، بەڵام دەکرێ بەکۆتاییەکەی ببستێتەوە بەچەندیەتی ڕووداوەکانی چیرۆك، لەوێدا دەستی بەسەر کاتدا دەشکێت کە چۆنی بیەوێت بینەخشێنی و کاتەکان یەکتر برین[١٢] ( الحبكة، البزابيث ديل، ت: عبدالواحد لؤه لؤه) ، دیاری کردنی کاتەکانیش لە ڕێگەی بەکارهێنانی کردارەکانەوە دەبێت ئایا ڕابردووە یان لەئێستادا یان لە ئاییندە دەبێت چونکە کردارەکان کەرە ستەی کاتە جیاوازەکانن، کات وەك دەفرێکە ڕووداوەکانی تێدا دەخولێنەوەو یاریکەریش پاڵەوانی چیرۆکە ، کات بەردەوام دەبێت وەك بەرگێکی پاڵەوان لەهەر سەردەمێکدا بەرگێکی تر لەبەر دەکات، لەهەندێ کات یارمەتی دەر ی پاڵەوان دەبێت، لە

هەندێ شوێندا، هەر ئەوکاتە جاری وا دەبێت لەسەر دەمێکی تر لە پاڵەوان هەڵدەگەڕێتەوەو بەرگێتی تری پێ دەبەخشێت نەك خۆشی لە کاتێکدا و ناخۆشی لەکاتێکی تردا سەرکەوتن لە کاتێدا و ژێر کەوتن لەکاتێکدا، نووسەر ناتوانێك جێگۆڕکی بەکاتەکان بکات بەماشای خۆی کە لەگەڵ ڕووداو دا یەکانیگر نەبێتەوە ، بەڵکو دەبێت شارەزابێت لە بەرکارهێنانی کاتەکان لە ڕێی جۆری کردارەکان و گونجان لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا،ئەو وێنەیە هەڵدەبژێرێت کە گونجاوە بۆ ڕووداو وەك دژواری ڕووداو لە شەودا یان لە چۆڵەوانیدا، هەلپەرکێ، لە رۆژدا لە گۆڕەپاندا...دەبێ نووسەر لەپاڵەوان نزیك بێت یان لەشوێنی ئەودا بێت بۆ دۆزینەوەی ڕەوتی کارەکان لەگەڵ ڕووداوەکاندا.

## وێنە لە چنینی ڕووداوی چیرۆك:

لە ڕووداودا دەبێ بەسەرهاتێك یان زنجیرە بەسەرهاتێك هەبێت کەدیمەنێك نیشان بدەن وەك کردەیەکی سینەمایی بکەوێتە بەرچاوی خوێنەرو جولەی لەلا دروست بکات لەڕۆیشتنی بە دوایەکدا، دیارە ئەمەش بە ڕێکخستنی کۆمەڵێك ڕستەو دەستەواژە دەبێت بۆ ئەنجامدان و دروست کردنی ئەو وێنانە، نوسەری کارامە دەبێ ئاگاداری ئەو ڕێکخستنەی ڕستە و ووشەکان بێت لە دروست کردنی وێنەی کاریگەر [١٣] (گولبژێرێك لە هونەری چیرۆك نوسین،ئیبراهیم یونس، لا١٦) لە وێنەکێشانی ڕووداودا نووسەر خۆی بە دوور دەگرێ لە دووبارە کردنەوەی ڕستە لەکورتە چیرۆکدا، چونکە هێزی هونەرەکە لە ڕستەی چڕ و وێنە دار دایە،چێژی ڕووداو لەوەدا دەبێت کە ڕاستەوخۆ نیشان نەدرێت، بەڵکو پێچ وپەنای بۆ دروست بکرێت، ئینجا بەرەو لوتکەی ببات، چنینی ڕووداو وا دەبێت لەسەرتای دەست پێکردنەوە ئاماژەیەکی پێبکرێت و بەچڕی بەرەو گرێ و ئاڵۆزکردنی ڕووداو بچێت، لەسیمای کورتە چیرۆك و چیرۆکی کورتیش کورتبڕیە لە دەربڕیندا، بۆیە دەبێت سەرەتاکەی لە چەند وشەیەك تێپەر نەکات بۆ ئەوی نووسەر بتوانێت مەودا بداتە گرێچنی لە لوتکەی چیرۆکەوە کاریگەریەکە بکەوێتە نێو گرێ ی چیرۆك، چیرۆکنووس لە دابەشکردنی ڕووداوی دەست نیشانکراو دەبێ بە ئاگابێ لە داڕشتنی سەرەتاو کۆتایی چیرۆك ، مۆباسان کە بەپێشەنگ و داهێنەری کورتە چیرۆك دەژمێردرێ دەڵێ: بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بە بێزاری نەکات لە خوێندنە وەی چیرۆك دەبێ سەرەتا کورت بێت و کۆتاییش کت و پڕ بێت، پێویستیشە قورسایی چیرۆك لە گرێ ی ڕووداوەکەدا بێت [١٥] (کولن ولسون - : انيس زكي، المعقول ولامعقول الادب الحديث،ص٢٠٦) ، کاری نووسەر ئەوەیە لە چیرۆکی سەرکەوتوودا قورسایی چیرۆکەکە بخاتە نێوەندی چیرۆکەکە کە گرێ ی چیرۆکەو لەوێدا دەردەکەوێت، ئەگەر چی هەندێ جار نووسەر یان هەندێك نووسەر ڕووداوەکە دەئاخنێتە سەرە تا بەلام بۆ ئەوەی خوێنەر واز لە بیرۆکەکە نەهێنێ، تەنیا دەبێ تیشکێك یان ئاماژەیەك بدات وەك ناوهێنانێك یان بەشێکی کەم لەگشتی ڕووداو، ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت چیرۆك هەر لە سەرەتادا تەواو دەبێت، بەشەکانی تری چیرۆك (گرێ و کۆتای) دێنە نێو سەرەتاو چیرۆك چێژی نامێنێت، بۆیە دەبێت ئەو ئاڵۆزیە بکەوێتە پێش کۆتایی ڕاستەوخۆ ، سەرە تا دەبێت وەك پێشەکیەك بێت بۆ نیشاندانی یان ئاگادارکردنەوەی خوێنەر کە لەدوای ئەوە ڕووداوە گرنگە کە دێت، بۆ بزواندنی خوێنەر پێویستە سەرە تاش ڕوون و پەیوەست بێت بە ڕووداوی چیرۆك [١٦] (ابراهيم يونس، گولبژێرێك لەهونەری چیرۆك نوسین، لا٢٧)، لەچنینی سەرەتاشدا بەدوای ئەو وشانەوە دەبێت کە وەسفی ڕووداوی پێ دەکرێت،ئەگەر ڕووداو کاریگەر بوو، ئەوە بە وشەی توند

دەچێتە نێو ڕووداو و سەرە تاش ئاماژەیەك دەبێت بۆ ئەو توندیە ، یان ئەگەر خەیاڵ یان سۆزداری بوو ئەوە سەرەتا ئاوێنەیەکی ئەو لایەنە دەبێت،[17]( سۆزان لوهاظر، ـ :محمد نجیب الاعتراف بالقصة القصیر، ص٨٠) لە ڕێکخستنی وشەو ڕستە کانیش خاڵبەندی ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بۆیە لەو هەڵوێستانەی پێویستی بە وەستانە لە دەربڕینی دایەلۆگی کەسەکان یان لەکۆتایی هاتنی ڕستەی دەربڕاو، نیشانەی وەستاو دادەنرێت کەدەبێتە کۆتایی دوای قسەکەرێك بەرامبەر بە دووەم ، یاخود بوون و دانانی چەند خاڵێك بۆ هەبوونی وڵامێکی جفرەی کە پڕە لە بێدەنگی بۆ چنینی وێنەکانی نێو ڕووداو دەبێ لەمێشکی نووسەردا نەخشە کە دیاری کرابێت، ئایا بەرەو سەرکەوتنە یان تێکشکان، لە چنینیشدا هەندێ نووسەر ڕەنگە بەو هێڵە ڕاستەوە بەرەو پێش نەچێت، بەلکو بەشێوەیەکی چەماوە ئەملاو ئەولا دەست پێ دەکات، دواتر بەو چەماوەییە بەرەو لوتکە هەڵدەکشێ، ئەمەش جۆرێکە لەشێوازی چنین وەك لای عەبدوللا سەراج هەیە کەخوێنەر دەخەلەتێنێ تا نەگاتە کۆتایی و لە ئامانجی چیرۆك نە گات، لەوانەشە لە خوێندنەوەش ببێتەوە، هەر تێنەگات، لەلایەکی دی شەپۆلی هۆش بەچ شێوەیەك دەئاخنرێتە نێو تەکنیکی چیرۆك لەلایەن نووسەرەوە چۆن مامەڵەی دەروونیانەی پاڵەوان لەنێو ڕووداوەکان وێنا دەکات، ئایا ڕووداو بەرەو سەرکەوتن دەڕوات یان هەر لەشوێنێکدا لە ئاڵۆزیدا دەمێنێتەوە بەهۆی باری ناهەمواری دەروونی پاڵەوانەکانەوە ، ئەوە دەوەستێتە سەر نووسەر چۆنی هەڵدەچنێ لەو دەقەدا، لەوەشدا پێویستی بە زیرەکی و کارامەیی نووسەرە چۆن ئەو چنینە دەهۆنێتەوە کارەکان ڕێکدەخات .

## چنین لەشوێنەکانی چیرۆکدا :

گومانی تێدانیە کە ڕووداوی چیرۆك دەبێت پشت بە زەمەن ببەستێت وبوینات بنرێت، ڕووداویش پێویستی بە شوێن و زەمەنێك دەبێت کە تێیدا ڕوودەدا وەك ڕووبار، ژوور، شەقام قوتابخانە،چیاو شاخ....تد، شوێن لەیەك لەبنەما تەواوکەرەکانی ڕووداوە کاتێك باس لەڕووداوێك دەکرێت، خوێنەر بە فلاشەکەیەوە دەچێتەوە ئەم شوێنە بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ببینێ وێنەکەی دەکێشێ و لە خەیاڵیدا چوارچێوەیەکی بۆ دروست دەکات بەپێی ئەو ئاماژەیەی لەچیرۆکەکەدا دێت، لێرەدا ڕۆڵی نووسەر چیە لە نیشاندان و نەخشاندنی وێنەی شوێنەکانی، وا دەبێت نووسەر لە سەرەتادا لە وەسفێکی کورتدا وێنەیەکی شوێنی ڕوداو دەخاتە بەرچاوی خوێنەر، هانی خوێنەر دەدات بچێتە شوێنەکەو ڕووداوەکان لەوێدا ببینێ نووسە شارەزاییەکی پێویستە بۆ خستنە ڕووی مەیدانی ڕووداوەکان، ئەگەر وانەبێت ناتوانێت چیرۆکەکەی دابڕێژێ کە شارەزایی لێ ی نەبێت یان لە بارەیەوە وەسفی بۆ نەکرابێت، نووسەر دەبێتە چاوساغی خوێنەر و ڕاکێشی دەکات بۆ شوێنی ڕووداوەکان بەهۆی وەسفێکی وردو چڕ بۆ شوێنەکە یان دەبێت سیفەت و کەشی شوێن لەوە سفێکدا بخاتەروو کەخوێنەر بتوانێت بە ئاسانی وێنەی ڕووداوەکان ببینێ[18] ( الاعتراف بالقصیرة، سوزان لوهاظر: ت: محمد نجیب لفتة، ص٨٧) شوێنێکی دەبێت، لەگەڵ جۆری ڕووداو کەسایەتیەکان تەریب وگونجا بێت، بۆ نموونە کێشەی نێوان ژن ومێردێك لەشوێنێکدا ڕوودەدات کە ماڵە یان کۆڵانی نزیك ماڵە، یان گوندێك ململانێی نێوان ئاغاوجوتیار کە هەردووکیان لەیەك شوێن دەژین بەڵام دژبەیەکن ،نووسەر هەندێ جار شوێنی جێگۆرکێ دووەم،دەخاتە دوای شوێنی هاوبەش، چونکە لە دووەمدا یەکێکیان شوێنی یەکەم جێ دێڵێ بۆ دەرباز بوون ، کە بێگومان کەسە بێهێزەکە دەبێت،نووسەر دەبێ وردو

بەدیقەت بێت لە داڕشتنی شوێنەکان و جێگۆڕکێیەکەش دیاری دەکات لەکات وساتێکی گونجاودا [١٩] (گولبژێرێك لە هونەری چیرۆك نوسین، ئیبراهیم یونس، و: نەبەز جیهانگیر،لا٦١-٦٢) ، شوێن بۆ ڕووداوی گەورە وەك لە یەکدانی دوو ئۆتۆمبێل، شەقام دەبێت نابێت شوێنێك وەك هۆڵ یان ژوور بۆ ئەم جۆرە ڕووداوە بەکاربهێنرێت، ئەگەر چیرۆکەکە خەیاڵیش بێت و بە مەزەندەی نووسەر باس لە ڕووداوێك بکرێت، بەلام دەبێت لە بیری واقعیدا ئەم وێنەیە پەسەند بێت.

## بەشی دووەم

### ڕۆڵی زمان لە ئاراستەکردنی واتای چیرۆك:

مەبەست ئەوەیە چۆن ڕێگەیەك هەڵدەبژێرێت نووسەر بۆ گەیاندنی پوختەی واتای چیرۆکەکەی بەهۆی زمانی نووسینە کەی، کاتێك وشە هەڵدەبژێرێت، کە لە واتای فەرهەنگیدا بەکاردێت پێکانی ڕاستەوخۆ یاخود پەیوەند بە ڕستەی تری نێو دەقەکە لە دەرخستنی واتا کەوا، وشەو ڕستەکان ناتوانێت دابڕێت لە وشەو ڕستەی تری پێش خۆی یان دوای خۆی لەواتادا، ئەگەر چنینی دەق بەرەو تەم و مژی ببرێت ئەوە بێگومان وشەو ڕستەکان دوور دەخرێنەوە لە واتایە فەرهەنگیەکەی، ڕستە یەکەیەکی بچوکە لە نیو دەقدا چونکە تەنیا واتای مەبەست بەیەك ڕستە دەرناکەوێت بەلکو دەبێت تەواوی دەقەکە بخوێنرێتەوە لە بەکارهێنانی ڕستەدا لە نێو دەقی چیرۆکدا، پێویستە پابەندی یاساکانی زمان بێت وەك پێوانەیە کێش بۆ دەربڕینی واتای ڕاست ودروست،ئەگەر چی هەندێ نووسەر یاری بەویاسایانە دەکات و تێکیان دەشکێنێ کە ئەمە دەچێتە نێوشێوازی نووسەرەکە خۆی ،یان واتای دەوروبەر بەکاردێنێ وەك لەچیرۆکی ڕەمزیدا، بۆ مەبەستێکی دیاری کراو، یان ئەوەتە مەبەستی نەبێت بەڕوونی و ئاشکرا ئامانجێك بۆ خوێنەرەکەی بخاتە ڕوو، دەقی سەرکەوتوو ئەوەیە کە پەیوەندی بەفۆرمەوە نەبێت بەلکو بە واتاکەیەو بێت، [٢٠] ( د.طالب حسین، واتا سازي، لا٤٨) ،نوسینی چیرۆکیش گواستنەوەی واتایە یان چەمك و مەبەستێکە ئامانجێکی دیاری کراوی بەدواوەیە،گواستنەوەی ئەوچەمکەش جێ بەجێ کردنی ئەرکێکە کە فراوان و هەمەجۆرە لەناوکۆمەڵدا ( سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری، ئایینی، ڕەخنەیی، تد...)، نووسەری چیرۆك نایەت وشەو ڕستەکان یەکەیەکە بە واتای فەرهەنگی و ڕوونی خۆیان دەربڕێت، ئەگەر بە ڕستەیەك بە تەنیا دەربڕێت ڕەنگە واتایەکی فەرهەنگی جیاواز بگەیەنێت وەك ئەوەی لەنێو کۆمەلێك ڕستەدا بەکاردێت،بۆنموونە کە دەنووسرێ یان دەگوترێ: (دزیەکەی ئەوان ئاشکرابوو)، ئەگەر ئەو ڕستەیە هەر بەتەنیا بێت چەند واتایەکی جیا جیا دەگەیەنێت، بەلام کە لە نێو کۆمەڵێك ڕستەی بینراودێت بەپێی سیاقی واتاکەی دەردەکەوێت، پێی ناوێت نووسەر ڕاڤە بۆ واتاکەی بکا، چەند واتایەك بە تەنیشت یەکەوە یان بەدوای یەکەو بێت، ئەوەچەمکێکی فراوانتر دروست دەکەن، کە ڕووداوەکەی چیرۆك ڕونتر دەکات، نووسەری چیرۆك ئاراستەیەك دیاری دەکات لە نێو دەقدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی جۆراوجۆری ڕستەودەستەواژەکانی بۆ چنینی چیرۆکێك و ئەوشێوازە بەکارهێنانەی نووسەر دەبێتە ڕێبازی نووسەرەکە لەچۆنیەتی نوسین وداڕشتنی چیرۆك، ئەگەر خوێنەر پێشتر چەند چیرۆکێکی نووسەرانی خوێندبێتەوە بەهۆی شێواز وچنینەکە هزری نووسەرەکە دەخوێنێتەوە، لە داڕشتنی ڕستەکاندا نووسەر بە پێویستی نازانێت هەندێ وشە هەیە بۆ

خوێنەر لەدەقدا بەکاری بێنێ چونکە لە بەهای داڕشتنەکەو چنینەکە کەم دەکاتەوەو بۆ نموونە وەك: (هەروەها، ئەگەر، لەبەر ئەوە....تد) چونکە خوێنەر پێویستی بەم وشانە نابێت بۆ شیکردنەوە ئەگەر وابێت ئەوە هونەری چیرۆك لاواز دەبێت و بەرەو وتار دەچێت خوێنەر لە مەبەست وئامانجی نووسەر دەگات لە نێو دەقدا کەزیاتر هونەری تێدا بەکاربێت کارامەیی نووسەر لەوەدایە کە چەند خۆی لەم جۆرە داڕشتنە وتاریە بە دووربگرێت ولەبە یەك بەستنی وشەو ڕستەکان دەتوانێت لەچرپیدا ئامانجی خۆی بگوازێتەوەو لای خوێنەر ڕستەیەك یان دەستەواژەیەك بەپێی وشەی بەستنەوە یان ئامرازی بەستنەوە تەواوکەری ڕستەو دەستەواژەکانی پێشتر دەبن [٢١]( واتاسازي،د.طالب حسين، ل٥٩٧)، لە چیرۆکدا نووسەر پەیرەوی سیستەمێك دەکات کە هەر ریزکردنی وشە نیە بەدوای یەکدا، یان ڕێکخستنی ئاوازەی وەك لەهۆنراوەدا دە بینرێت، بەلکو چنینێکی هونەری ڕستەکانە، بۆ بەخشینی واتای دروستی ڕووداوەکان وگەیەنەر، هونەری چنینی ئەرکێکی تایبەتی هەیە گەیاندنی واتاو ناوەڕۆکی دەقی چیرۆك، ئەوەش بەڕێکخستنی کەرەستە جیاوزەکانی زمان دەبێت، وەك ڕێکخستنی ڕستەکان، پریپۆزشنەکان و بەستنەوەیان لەکاتی پێویست بۆ واتایەکی بەهێز، لە خستنە ڕووی چیرۆکیشدا چەندین جۆری چنین هەیە بەکاردێت بەهۆی دەستەواژەی جۆراو جۆرەوە وە:

١- چنینێك پشت بە زنجیرەو بەدوای یەکدا هاتنی ڕووداو دەبەستێت: واتە نووسەر ئەو ڕستەو وشانە بەکاردەبات کە پەیوەست بێت لە سەرەتاوە بە ڕووداوەکان قوت کردن وەیان لەسەرەتای چیرۆکدا، بۆ ئەمەش وشەودەستەواژەی تایبەتی دیایدەکات .

٢- چنینێك پشت بەخستنە ڕووی کەسەکان دەبەستێت بە وشەی وەسف ودیاری کردنی کەسێتیان لەچۆنەتی بیرکردنەوەو سۆزەکانیان، لێرەوە سەرنجی خوێنەر بەرەو ڕووداوەکان و بنەماکانی چیرۆك دەبات .

## چۆنیەتی بینای هونەری نووسینی چیرۆك :

نوسەری چیرۆك ئازادە لەچۆنیەتی داڕشتنی چیرۆکەکەی وشێوازەکەی، ئەوەش دەوەستێتە سەر تواناو کارامەیی نووسەر کە چ ڕێگەیەك هەڵئەبژێرێ وکاریگەری زیاتری دەبێت لەسەر دەروونی خوێنەرە کانی، لەچیرۆکدا هەندێ لایەن هەیە دەبێت نووسەر ڕووی تێ بکات و فەرامۆشی نەکات ئەویش دابەشکردنی بابەتی چیرۆکەکەیە بەسەر سێ بەشی دیاری چیرۆك وەك (سەرەتاو لوتکەوگرێ وکۆتایی)، چیرۆك، کارامەیی نووسەر لێرەدا لەوە دەردەکەوێت کە چۆن ئەوە بەشانەی دادەڕێژێ وپەیوەستە بە قەبارەی دەقی چیرۆك ،ئایا ئەو بەشانە بە ڕوون و ئاشکرا و تێروتەسەل دەردەکەون یاخود شێوازی جۆراو جۆری پێویستە بۆ ئەوەی چیرۆك کاریگەر بێت دەبێت نووسەر ئەووێنانە بەو شێوەیە بئاخنێتە نێو بەشەکانی چیرۆك کە گونجاوترین شێوەو داڕشتنی بۆ بکات و لەگەڵ کورت ودرێژی ڕووداوەکان گونجاو بێت ڕەخنە گران بە پێویستی دەزانن، کە چیرۆك کورت بێت یان ئاسایی بێت سەرەتاکەی دیار بێت، چونکە دیارە کە چێژو کاریگەری چیرۆك لە سەرەتاکەیدا دەردەکەوێت لەوخاڵەدا نووسەر دەتوانێت خوێنەر پەلکێشی نێودەقی چیرۆك و بابەتەکەی بکات، هەندێ جار وا پێویست دەکات کە ناوونیشانی چیرۆك ببێتە سەرەتاو دەست پێکی چیرۆك ئەگەر ناونیشان بەهێزو گونجاو بێت لەگەڵ ئامانجی دەق ئەوە خوێنەر هەر لەوێدا سەرەتای چیرۆك دەبینێ،ئەگەر ناوونیشانی کەم وکورتی لە هێزدا تێدا بێت،بێگومان

دەبێتە هۆی دورکەوتنەوەی خوێنەر لە خوێندنەوەی دەقەکە، دواتر ئەگەر نووسەر لەسەرتادا دەستی پێکرد بە گێڕانەوە ئەوە تەواوکەری ناوونیشان دەبێ ئینجا دەتوانێت ڕێگەی هێنانە ناوەوەی خوێنەر خۆش بکات وەك لەو شێوەیەدا دەردەکەوێت:




کاتێك نووسەر توانی ناوونیشانێکی بەهێز دابڕێژێت ئەوە دەبێتە سەرەتای چیرۆك ودەروازەیەك بۆخوێنەر ،نووسەر لەسەرەتادا کەسەکانی چیرۆك چ لە ڕێگەی وەسفەوە بێت یان لەرێگەی هەڵس و کەوتەکانەوە بێت بەخوێنەریان دەناسێنێ، زانیاریەکانیش بەشێوەیەکی گشتی نابێت کە ئاماژەی پێ دەکرێت زۆر ڕوون بێت، چونکە دەبێتە نووسینێکی ئاسایی و چێژی خوێندنەوە لەدەست دەدات، سەرەتا تەنیا ڕێگە خۆشکردن دەبێت بۆ چونە نێو دەقەکەو ڕووداوەکانی چیرۆك، ئەو سەرەتایەش شێوەی جیا جیا لە وەسفی بنەماکانی چیرۆك دەست پێ دەکات، یان بە گێڕانەوەی یاخود دایەلۆگ دەبێت، ئەگەر لە کەسەکان دەست پێ بکات ئەو بەشی زۆری بە وەسفی ڕاستەوخۆی کەسەکان دەبێت یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، لەڕاستوخۆدا نووسەر یان گێڕەرەوە باس لە سیفەتەکانی کەسەکان دەکات کە تێکە ڵ دەبێت بە ڕەنگ و شێوەی کەسەکان، وەك وەسفی باڵاو دەم وچاو و ڕەنگی پێست، ئەگەر یەك لەشێوەکانی گێڕانەوەو بە وەسفی بنەمایەکی تری چیرۆك وەك کات ئەوە هەمیشە دەبێتە هۆی دەست نیشانکردنی دەقی ڕووداوەکە لە سەرەتاوە بەڵام نابێت بەشێوەیەکی گشتی بێت چونکە چێژی چیرۆك کەم دەکاتەوەو،تەنیا کاتی دەست پێکی ڕووداو و کاتەکانی تری خایەنراو لەدواتر دێت کە دەکەوێتە گرێچنی لوتکەو دواتریش کۆتایی هێنان، لەگەڵ کۆتایی هاتنی ڕووداو کاتەکان تەواو دەبێت، بە پێچەوانە کاتێك ڕووداو تێکەڵ بەیەك دەبن و دەکاتە لوتکە لەگرێی چیرۆکەکەدا کۆتایی نزیك دەبێتە، بەڵام جاری وا دەبێت نووسەر چەندین ڕووداوی ئاڵۆز نیشاندە دا کە بە لای خوێنەرەوە ئەوێ لوتکەی ڕووداوە، بەڵام دواتر کۆمەڵێك ڕووداوی ئاڵۆزتر نیشاندەدات کە خوێنەر زەینی بۆ ئەو ناچێت و درێژە دەکێشێ،کۆتایی چیرۆکیش پەیوەندیەکی بتەوی بەسەرەتای چیرۆکەوە هەیە، سەرەتا ئاماژەیەك نیشان دەدات بۆ گرێ ی چیرۆك بەڵام بە ناتەواوی چونکە ئەگەر لەوێ ئەو کارە بکات، ئەوەچیرۆکەکە تەواو دەبێت، کۆتاییپێهێنانی چیرۆکیش شێوازی جۆراو جۆری هەیە، بەشێك لەڕەخنە گرانی پێیان باشە کۆتایی چیرۆك کت و پڕ نەبێت چونکە کۆتایی کۆکەرەوەی ناوەڕۆك ومەبەستی دەقەکەیە، بەڵام مۆباسان ئەوەپەسەند ناکات و بەڵکو کاتێك ڕوواو دەگاتە لوتکە،پێویست بە ردێژایی بێزارکەر ناکات، لە چنینی چیرۆکیش چەندین شێوە بەکاردێت وەك:

## گێڕانەوە:

 کە بنچینەی بویناتی گشتی چیرۆکە، هیچ نووسەرێك ناتوانێت خۆی لەم شێوەیە بەدوور بگرێت، ئەرکی گێڕانەوە خستنە روی بەش وبنەماکانی چیرۆکە لە شێوەیەکی هونەریدا، هەڵوێستی ئاستی زمانە لە گێڕانەوەی ڕووداوی چیرۆك یان هەواڵی نێو چیرۆك، نووسەر لەگێرانەوەدا کەرەستەی زمانی زۆر لەبەر دەستەو هەڵبژاردنی تێدا دەکات بۆ خستنە ڕوویەکی گونجاو، زمان دەبێ لەگەڵ سروشتی دەقەکە تەریب بێت، ئەوەی لە دەقدا دەردەکەوێت، دەشێ وەربگێڕدرێتە سەر هەڵس و کەوتە

مرۆییەکانی قارەمان وشوێن و ڕووداو، گێڕانەوە زانیاری نێو چیرۆك ڕێکدەخات و جۆری بەکارهێنانی زمانەکە هەڵدەبژێرێت سادەیە یان ئالۆزە، گێرانەوە چەندین شێوەی هەیە، هەندێ جار لەوێنەکان ئاماژە بۆ بنەماکانی چیرۆك دەکات، لەگێڕانەوەشدا، چەندین ڕێگا هەیە، وەك:

- گێڕانەوەی خودی
- گێڕانەوەی بەڵگەنامەکان
- گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ

زمانی گێڕانەوە هەڵگری بابەتی چیرۆکە لەنووسەرەو بۆ خوێنەر، نووسەر پەیڕەوی سیستەمێك دەکات کە چنینێکی هونەری بێت، تەکنیکی گێڕانەوەی چیرۆك جیایە لە گێڕانەوەی ڕەگەزەکان وەك ( حیکایەت و ڕۆمان) چونکە دەچێتە نێو شێوازە تایبەتی وکەسیەکانی گێڕانەوە هەر لەناوونیشانەوە سەر هەڵدەدات، دەست پێ دەکات، دەرگای چوونە ژوورەوەی خوێنەر بۆ نێو دەق، بەڵام گێڕانەوەی بەهۆی گۆڕانکاریە شێوازەکان گۆڕانی بەسەردا هاتوە، بۆ نموونە لەگەڵ پەیدابوونی شەپۆلی هۆش بەکارهاتنی لەچنینی چیرۆکی نوێدا وەك تازەگەریەك شێوازی گێڕانەوەشی گۆڕی، لەگێڕانەوەیەکی ئاسایی بەرەو گێڕانەوەی هەڵس و کەوتی ناوەوەی مرۆڤ ، چەندین هونەری تر لەنێو گێڕانەوەدا سەری هەڵدا وەك مەنەلۆج و مۆنتاج کردنی بەش و بنەماکانی چیرۆك و، تێخزانی خەون و ولایەنە دەروونیەکان وهونەری پاش و پێش کردنی بنەماکانی چیرۆك، هاتنی چەندین هونەری تازەو لە مۆنتاچ و سیناریۆو فەزای دەق وایکرد کەوا خوێنەر زۆر ئاگای لە گێڕانەوەی ئاسایی نەمێنێت ، لەگێڕانەوەدا نووسەر چەند شێوازێك هەیە بەکاریان دێنێ بۆ گونجاندن لەگەڵ کەسی چیرۆك و ڕووڵیان لە ڕووداوەکاندا.

- شێوەی ڕاستەوخۆ: گێڕەرەوە زمانی کەسانی چیرۆك دەخاتە ڕوو بەزمانی ئەوان قسە دەکات، کەسەکان ناچنە شوێنی گێڕەرەوە یان بە پێچەوانەوە وەك دەربڕینی نێو دایەلۆگی کەسەکان.
- ناڕاستەوخۆ: نووسەر گێڕەرەوەیەو لەجیاتی کەسەکان دەدوێ،
- ناڕاستەوخۆی سەربەرست: ئەوەش تێکەڵ لە نێوان قەسەی گێڕرەوەو کەسەکان، هەردوو جێگۆڕکی دەکەن [٢٢] ( تقنيات السرد، د.يمنى العيد، ص١٦٤) نووسەر لە چوارچێوەی چنینی چیرۆکدا پێویستی بە وردبوونەوەی هەمەلایەنی هونەرەکانی زمان و بینای پەیکەری چیرۆکە، هەر لەچۆنیەتی هۆنانەوەی سەرەتاو چوونە نێو ئالۆزی گرێ ی چیرۆك وکۆتاییهاتنیکی کاریگەر لە دوا وشەی چیرۆکدا، ئەگەر نووسەر ڕەچاوی ئەم لایەنانە بکات، نووسەرێکی سەرکەوتوو دەبێت، دەقەکەش سوودبەخش دەبێت، فەزای دەقی چیرۆك بەو هەموو لایەنەی چنین هەڵسەنگێنەری نووسەر دەبێت.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١- اليزابيث ديل، ت: عبدالواحد لؤه لؤه، بغداد، دار الحرية، ١٩٨١.

٢- بيير جيرۆو، **ت:** منذر عياش، الاسلوب والاسلوب، لوبنان.

٣- چاكوب كورك، ت: ليون يوسف، اللغة الادب الحديث، بغداد، ١٩٨٩.

٤- ر.ف. جونسو، ت: عبدوالحد لؤه لؤه، بغداد، دار الحرية، ١٩٧٨.

٥- سۆزوان لوهاڤر،ت: محمد نجيب لفتة، الاعتراف بالقصة القصير، بغداد، ١٩٩٠.

٦- كولن ولسون، ت: انيس زكي حسن، المعقول واللامعقول في الادب الحديث، بيروت، ١٩٧٨.

٧- عبدالمنعم زكريا القاضي، البيئة السريو في الروائية جامعة كويت، ٢٠٠٩.

٨- مسلم حسب حسين، جماليات النص الادب، لندن، ٢٠٠٧.

**سەرچاوە کوردیەکان:**

٩- ئیبراهیم یونس: و: نەبەز جیهانگیر پور، گوێدرێژێك لە هونەری چیرۆك نووسین.

١٠-هۆراس، و: حمید مژین، هونەری شیعر، بەغدا، ١٩٧٩.

١١-طالب حسین، واتاسازی ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات.٢٠١١.

**خلاصة البحث**

حبكة القصة او كتابة القصة بصورة عامة يحتاج الى قدرة الكاتب على المهارة في تفنن مقومات وبناء القصة بصورة فنية و امكانية الكاتب على المعرفة اللغوية بصورة واسعة، كتاب القصة المهتمين بهذا النوع من القصة يجب عليهم قبل كل شيء على تنظيم المفردات اللغوية والفنون الكتابية لكتابة هذا النوع من النص القصصي، حبكة القصة القصيرة تختلف اختلافا شاسعا عن حبكة الرواية و القصة العادية، لأن الكاتب في هذا النوع من الحبكة يتمكن في تقصير اللغة تقسيمها بشكل ايجابي على اقسام القصة من بداية القصة ثم الى النهاية، كذلك التعامل مع الزمن والمكان والبطل والحدث)، يمكن ان يقال عند بعض القراء لماذا الاختلاف مادام المقومات الموجودة في الرواية هي نفس المقومات في القصة القصيرة، ونقول الاختلاف هو التعامل مع اللغة في كلا الجنسين في الادب، فان هيكل القصة القصيرة، يظهر حيويتها عند ايصال المعنى بصورة غزيرة وقصيرة، فان الكاتب، في بعض الاحيان يخط بعض اشكال هذه المقومات ويجبر القارئ الى فهم القصة بصور غير مباشرة، لهذا النوع من النسج يحتاج الى كتاب لهم مهارات ومستوى ثقافي وكتابي عالي للتفنن في كتابه واختيار لفضه القصة.

## Abstract

As a general the grid of the story or the writing of the story needs the capacity or the competence of the written or the author how to construction the story artic ally and his wide authority about the language cognition. To get attention to this kind of the story, before everything, he must organize his language lexically to author this kind of story text. The grid of short story is different than the other kinds, because to grid of this kind of story the author can finalize his language and positively classification, on the part of the story from the beginning to the final of the story ad how he treats with tine, hero, and events. It must be possible to ask (if the rules are some in the story and the Novel why we make difference? We can say that the different between the contains in how to treat with language in these two kinds. The body of the story, we can communicate more meaning in a short expression.

# شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا

د.سامان عیزەدین سەعدون
زانکۆی سلێمانی / سکولی پەروەردەی چەمچەماڵ

## پێشەکی

تائێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی تایبەت بە شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا نەکراوە , ئەگەر کرابێتیش ئەوا هەندێکیان بە باشی ئەنجامی زانستییان بەدەست نەهێناوە چونکە چەمکو ڕەوتەکەی بە باشی ڕوون نەکراوەتەوەو بە دروستیش فۆرمەکانیانو سیماکانیان دەستنیشان نەکراوە.

هەندێ ڕەخنەگر وەکو باسێکی لاوەکیو بابەتێك لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەییو ڕاڤەییدا خستویانەتەڕوو، بەڵام نەك بە تێروتەسەلی بەڵکو بە کورتی، وەنەبێ ئەم جۆرە باسانەش گرنگیو بایەخیان نەبێ بەڵکو سەرەتایەکی باشن بۆ چوونە ناو ئەم باسەوە، هەندێکیان بناغەی دەستنیشانکردنی ڕەوتی چەمکی شیعری سەربەستیان لەیەك سەرچاوەی نوێگەرییەوە ڕوون کردۆتەوەو نەچوونە بەلای سەرچاوەی ترەوە، کە پێمان وایە چەمکی شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبی ڕۆژئاواو ئەدەبی عەرەبی، لەم بوارەشدا لە ئەدەبی کوردیدا بەهەردوو چەمکەکە ڕەنگی داوەتەوە، هەربۆیە لای خۆمان بەهەردوو ڕێچکەکە لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ پەیڕەو دەکرێنو نموونەی شیعریان پێ دەنووسرێ. ڕێڕەوی شیعری سەربەست لەناو پرۆسەی نوێگەری شیعری کوردیدا ئاراستەو فۆرمی جیاوازی لەخۆی گرتووە. لەسەرەتادا هەوڵەکان بەو ئاراستەیەوە هەنگاویان دەنا شیعری بێ کێشو سەروا یان وەك داهێنانێکی قۆناغەکە هێنایە کایەوە ئەم جۆرە بۆخۆی بووە سیمای دیاری نوێگەرییەکە.

دواتر ئەم هەوڵانە بەردەوام نەبوو، گۆڕانیان بەسەردا هاتو ئاڕاستەیەکی تری وەرگرتو شاعیران ڕوویان لەوجۆرە شیعرە کرد کە پابەندی کێشو سەروای دەستکاری کراو بنو هاوشێوەی ئەوەی کە نازكو هاوەڵەکانی بانگەشەیان بۆ کردبوو کە شیعر لەسەر کەرتکردنی پێیەکان بنیات بنرێو پابەندی سەروای تەقلیدی نەبێو شاعیر سەربەستانە کێشو سەروا هەڵسوڕێنێ.

## گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە :

قۆناغی نوێگەری لە شیعری کوردیدا قۆناغێکی دوورودرێژە چەندین ناونیشانی نوێی هەمەجۆری لەخۆگرتووە، هەندێك لە ڕەخنەگرانو لێکۆڵەران تەنانەت شاعیرانیش تێڕوانینی جیاوازو هەندێ جار هەڵەشیان لە بارەی شیعری سەربەستو فۆرمەکانییەوە خستۆتە بەردەست، دیارە شاعیران بۆخۆیان تێڕوانینی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام بەپشت بەستن بە بنەماکان چەمکی شیعری سەربەست فۆرمەکانیان جیاوازە، کەناکرێ ببنە بناغەو تێڕوانینەکانمانیان لەسەر بنیات بنێن. بەلای ئێمەوە شێوازەکانی قۆناغەکانی نوێگەری دەکرێ بەم شێوەیەی لای خوارەوە دیاری بکەین:

١. شیعری کێش بڕگەیی ستوونیو سەروای یەکگرتوو جووتو سەرواو سەروای هەمەڕەنگ.
٢. شیعری سەربەست بە (کێشو سەروای دەستکاریکراو).
٣. شیعری سەربەست داماڵراو لە کێشو سەروا.
٤. شیعری پەخشانی

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :**

نارۆشنیو بەهەڵە بەکارهێنانی زاراوەکانو چەمکەکانی نوێگەری لای نووسەرانو شاعیرانی کورد لەو تێڕوانینەیاندا کە خستوویانەتەڕوو، هەست پێ دەکرێو دەبینرێ ئێمە بەپێی توانا، هەوڵی ڕوونکردنەوەو ڕاستکردنەوەیان دەدەین کە ئەمەش بۆ خۆی هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەیە.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە :**

سنووری لێکۆلینەوەکە دەست پێدەکات لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕێچکەی شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردی تا سالأنی هەفتاکان

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :** پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی – شیکاریم کردوە .

**ستراکتۆری لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەكو دوو بەشو ئە نجام پێکهاتووە:**

لە بەشی یەکەمدا کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە لە تەوەری یەکەمدا کە بە ناونیشانی سەرهەڵدان وچەمکی شیعری سەربەست لەئەدەبی ئەوروبیە باسمان لە سەرەتاکانی نوێگەریو هەوڵەکان کردووە لەگەڵ دیاریکردنی سیماکانی ئەم جۆرە شیعرە.

لەتەوەری دووەمدا کە بەناونیشانی سەرهەڵدان وچەمکی شیعری سەربەست لەئەدەبی عەرەبی یە باسمان لە چەمکەکە کردووە کە لە سەرەتادا لەژێر کاریگەری ئەدەبی ڕۆژئاوادا هەولەکانیان بەرەو ئەو شێوازە شیعرییە هەنگاوی نا ، بەلأم دواتر بە پێشەنگی نازك ڕەوتێکی تری شیعری سەربەست هاتە کایەوە کە جیاوازبوو لەوەی کە لە ڕۆژئاوا پەیڕەو دەکرا. بنەماو تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە شیعرەمان دەستنیشان کردووە.

لە بەشی دووەمدا کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر چەمكو ڕەوتی شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا لە ڕوانگەی ئەدەبی ڕۆژئاواوە، لێرەشدا بە وردی باسمان لە قۆناغەکانی نوێگەری کوردی کردووە، هەر لەسەرەتاوە تا چەسپاندنی ئەم جۆرە لە شیعرو دیاریکردنی سیماکانی لە شیعری شاعیرانی قۆناغەکە.

لە تەوەری دووەمیشدا لە ڕوانگەی چەمکی شیعری نوێی (عەرەبییەوە) کە نازك الملائکە بۆ شیعری سەربەستی داناوە باسمان لەم ڕەوتە لە ئەدەبی کوردی کردووە لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا هەفتاکان، لە کۆتایشدا کۆمەڵێك ئەنجاممان گەلاڵە کردووە کە دەکرێ سوودیان هەبێ بۆ قۆناغە ئەدەبییەکەی ڕێڕەوی شیعری نوێو بەکالأکردنەوەی هەندێ مەسەلەی گرنگ لە بواری نوێگەری شیعری کوردیدا.لە کۆتاییدا لیستی سەرچاوەکان و کورتەی باسەکەمان بە زمانی عەرەبی وئینگلیزی خستۆتە ڕوو .

**بەشی یەکەم :**

**تەوەری یەکەم :**

## سەرهەڵدان وچەمکی شیعری سەربەست لە ئەدەبی ئەوروپیدا

ڕۆژئاواییەکان لە بواری نوێکردنەوەی شیعردا پێشکەوتنێکی دیاریان بەدەستهێناوە. شیعری سەربەست بۆ یەکەمجار لەسەرەتای سەدەی بیستەم لە ئەوروپا سەری هەڵدا. ڕێبازی ڕەمزیەتو وێنەگەرای کاریگەری بەرچاویان لەسەر بەرەوپێشبردنی شیعری ئەوروپی هەبوو، هەر ئەمانیش کاریگەرییان لەسەر شاعیری ئەمریکی (والت ویتمان) هەبوو کە بەرەو شیعری سەربەست بڕوات.

"ئەم جۆرە لە شیعری نویٚ بە فەرەنسی (verse libre) و بە ئینگلیزی (free verse)ی پیٚ دەوتریٚت، واتە شیعری سەربەست"[١]. ئەوەی تیٚبینی دەکریٚت (ویتمان) دەستەواژەی (free verse)ی بەکارهیٚناوە[٢]، "بۆ یەکەمجاریش شیعری سەربەست (verse libre) لای رامبۆ لە ١٨٨٦ هاتە ئارا"[٣]، "بەلاٚم دەتوانریٚ بگوتریٚ کە یەکەم شیعری سەربەستی فەرەنسی لە شیعرەکانی والت ویتمان بیٚ ئاگا بووە"[٤]. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا شیعری سەربەست هاتۆتە نیٚو ئەدەبی ئینگلیزییەوە، یەکەمین شاعیری ئینگلیزیش کە کەوتۆتە ژیٚر کاریگەری هۆنراوەی سەربەستەوە (ت.ئیس.ئیلیوت) بوو[٥].

"ئەم جۆرە شیعرە بریتییە لە چەند پارچە بەیتیٚکی وەزنداری نایەکسان، لەم شیعرەدا یەکیٚتی قالبٚو فۆرم نییە. یەکیٚتی شیعر بەو یەکیٚتی فیکرو خەیالٚو ویٚنانە دیاری دەکریٚ کە لە شیعرەکەدا هەن، کورتیو دریٚژی بەیتەکانیش بەندە بە واقیعی ناوەرۆکی ئەو بەیتانەوە، ئیدی شاعیر مەجبور نییە بۆ تەواوکردنی هاوسەنگی بەیتەکانی خۆی وشەی زیادە بیٚنیٚتەوە، ئەوەندە وشانی گەرەکە کە مەبەستەکەی بدات بەدەستەوە"[٦].

بەپیٚی ئەم پیٚناسەیە شیعری سەربەست جۆریٚك لە کیٚشی تیٚدایە، بەلاٚم نەك بە شیٚوازە کلاسیکیەکە، چونکە لیٚرەدا یەکیٚتی بەیت تیٚکشکاوە، دریٚژیو کورتی دیٚرەکان بەپیٚی ویٚنەکان دیاری دەکریٚ.

یاخود دەوتریٚت "شیعری سەربەست ئەو شیعرەیە کە زیاتر کیٚشی قسە (کلام) و قالبی ویٚنەی شیعری تیٚدا ریٚکدەخریٚت، لە جیاتی ئەوەی بەپیٚی ریٚکخستنی کیٚشو سەروایەکی دووبارە دابریٚژریٚت، ئەم جۆرە لە هۆنراوە سەربەستە، بەلاٚم تەنها لە روویەکی ریٚژەییەوە، سەروایەکی ئامادەکراوی ئەبستراکتی نییە وەکو هۆنراوەی نەریٚتی (تەقلیدی).. سەروای شیعری سەربەست لەسەر بنچینەی چەند رەگەزیٚکی هاوقالب دادەریٚژریٚت وەك: دەنگ، وشە، فریٚز، رستە، پەرەگراف نەك لەسەر بنچینەی (زانستی هۆنراوە – عەروزی)ی تەقلیدی کە هەموو دیٚرەکان وەك یەك بن لە قالبدا. بەم پیٚیە شیعری سەربەست کۆتایی بە دەستکردیٚتی و رووکەشی زۆریٚك لە دەربرینی شیعری دیٚنیٚتو جیٚگەیان دەگریٚتەوە بە دارشتنیٚك کە نەرمی تیٚدا بیٚتو لەگەلٚ ئیدیۆمی مۆدیٚرنو مۆسیقای زماندا بگونجیٚت"[٧].

لەم پیٚناسەیەشدا جەخت دەکریٚتەوە سەر جۆریٚك لە کیٚش، بەلاٚم بەبیٚ ئەوەی رەچاوی یەکیٚتی کیٚشو سەروا بکات، بەلکٚو بەشیٚوەیەکی سەربەستانە مامەلٚەیان لەگەلدٚا دەکات کە تەواو جیاوازە لە سیستەمی تەقلیدی. کەواتە "ئەم چەشنە شیعرە هەولٚ دەدات خۆی لە هەندیٚ لە کۆتەکانی شیعر رزگار بکات، بەتایبەتی سەروا، هەندیٚ جار خۆی بە کیٚشو سەروا نابەستیٚتەوە، بەلاٚم هەر لەناو سنورەکانی شیعردا دەمیٚنیٚتەوەو ریٚز لە تایبەتمەندییەکانی شیعر دەگریٚت، پتر بایەخ بە ریتم دەدات و خۆی لە پەخشان جیادەکاتەوە، شیعری سەربەست گوزارشتیٚك بوو بۆ خۆدەربازکردن لە شیعری کلاسیکی"[٨].

لە ئەدەبی ئەوروپیدا پیٚش سەرهەلدٚانی شیعری سەربەست لەسەرەتای سەدەی ١٩یەمەوە چەند هەولیٚکی نویٚگەری هاتنە ئاراوە کە رۆلیٚان هەبوو لە سەرهەلدٚانی شیعری سەربەست دا "دەریاچە خوازەکان دەستەیەکی شاعیرانی رۆمانسی بوونو لەدەوری دەریاچەکانی باکوری ئینگلستان کۆبوونەوە، لەنیٚوان ١٧٩٨ و ١٨١٥دا یەکەمین کۆمەلٚە شیعری رۆمانتیکیانەی خۆیان بلاٚوکردەوەو رۆلیٚان هەبوو لە سەرهەلدٚانی شیعری سەربەست دا. رۆمانسیەکان هاتن ترپەی دلٚو دەنگی هەناسەی هەستەکانی خۆیان ترنجاندە ناو ئیقاعەوە، هەر لیٚرەشەوە کەوتنە سەر بەکارهیٚنانی نەزمی نویٚی وەك هەلبٚەستی سپی (blank versa). لە ١٨٨٦ بەیاننامەی سیمبولیستەکان بیری نویٚگەریٚتی بەرەو پیٚشەوە برد.(بۆدلیٚر، ستیڤان مالارمیٚ، رامبۆ، ئۆسکار وایلدٚ) پەرەیان بە بیری شیعری سەربەست دا. لای سیمبولیستەکان کیٚشو سەروا وردە وردە تیٚکشکیٚندران، تەنانەت لای هەندیٚکیان بە تەواوەتی توورٖ هەلدٚرانە دەرەوەی شیعر"[٩].

لیٚرەدا سیمبولیستەکان رۆلیٚکی دیاریان لە سەرهەلدٚانی شیعری سەربەست دا هەبوو، کە ناکریٚ هەولەٚکانیان لەم لایەنەوە نەخریٚنە روو، چونکە کارەکانیان وەك دەسکەوتیٚکی نویٚگەری رۆلٚو کاریگەری لەسەر نەخشەی تازەی شیعری ئەوروپیدا

هەبوو "سیمبولیستەکان دەیانگوت کە کێشی شیعری خەیاڵ لە جوڵە دەخات بۆیە ژمارەیەك لە سیمبولیستەکان دەستکاری کێشی شیعریانیش کردو قافیەیان گۆڕی بەم جۆرە لەنێو سیمبولیستەکاندا ڕێچکەیەکی نوێو جیاواز پەیدابوو ئەویش ڕێچکەی (ڤارلین و ژول لانورگ) بوو. ئەمانە گاڵتەیان بە ڕەسەنایەتی ڕۆشنبیرییانەی زمانو تەرزی دەربڕینی پارناسیەکان دەکردو هەوڵیان دەدا زمانی ئاسایی‌و عامیانەی خەڵکی بەشێوەیەکی هونەریانە بەکاربهێنن، ئەمانە لەهەمان کاتدا کەوتنە بیری ئەوەی کە قاڵبە شیعرییە باوەکان تێکبشکێنن، بەوجۆرە مەسەلەی (شیعری سەربەست) هاتە ناو ناوانەوە"[١٠].

بەم شێوەیە دوابەدوای پەیدابوونی شیعری سەربەست لای سیمبولیستەکان، چیتر ئەوە نەمایەوە کە شیعردیلی وەزن‌و قافیە بێت. " لەگەڵ سەرهەڵدانی شیعری سەربەست لای رامبۆ کلێشەو قاڵبی شیعر چیتر پەیوەندییان بە کێشی شیعرو یەکپارچەیی شیعرەوە نەما، بەڵکو بینین‌و وێنەکان کەوتنە ئەوەی ڕۆڵ لە دروستکردنی یەکێتی شیعردا ببینن. وەزن‌و قافیە چیتر وەکو مەرجێك نەمانەوە بۆ دروستکردنی جوانی‌و شیعر، بەڵکو وێنەو مۆسیقای ناوەوە جێگەی کێش‌و سەروایان گرتەوە"[١١].

شارل بۆدلێر یەکەم پەیام هەڵگری یاخیگەری بوو، رێگەیەکی تازەی گرتەبەرو بەمەش بناغەی قوتابخانەیەکی تازەی دامەزراند.لەنێو ئەوانەی کە ئیلهامیان لە بۆدلێر وەرگرتووەو بە زەبری بەرهەمی خۆیان زەمینەیان بۆ سەرهەڵدانی سیمبولیزم خۆش کردووەو سێ ناوی دیار مایەی سەرنجن: (پۆل ڤارلین) (ئارتور رامبۆ) (ستیڤان مالارمیە)[١٢].

سیمبولیستەکان کۆمەڵێك پرنسیپی تیۆری گرنگیان داهێنا کە بۆ خودی شیعر شتێکی تازە بوون، یەکێك لەو پرنسیپە تیۆریە گرنگەیان ئەوەبوو توانیان "کێشی تازە دابهێنن بە پشت بەستن بە شیعری سەربەست"[١٣] لەم بوارەشدا شاعیرانی نوێخواز کۆمەڵێك هەوڵیان دا بەتایبەتی لە بواری کێش‌و سەروادا. "ئەو شاعیرانەی کە لە هەوڵی ئەوەدا بوون شیعر لە قاڵبی سنوردارو باوی خۆی سەربەست بکەن، هاتن نەزمی (ئەلکساندرون) = نیوە بەیتی ١٢ هیجائی  کە قاڵب‌و فۆرمی ئەسڵی شیعری فەرەنسی بوو، تێکشکاند, لەجیاتی ئەوە قاڵبی جۆراوجۆریان بۆ شیعر هێنایە ئاراوە، بەیتی کورت‌و درێژو نایەکسانیان داهێناو ژمارەی هیجایەکانیان بە رادەیەك زیادکرد کە تا ئەو رۆژە لە دنیای خەیاڵیشدا پێشینەی نەبوو. زەرورەتی دابەشکردنی شیعریان بەسەر بەیتی یەکساندا رەتکردەوە. قافیەیان سادەترکردو کۆمەڵێك قافیەی نوقستانیان لەجێی دانا، ڤارلین لێرەدا وەستا، بەڵام پێشڕەوی هەر بەردەوام بوو، شیعری سەربەست ئەنجامی ئەو پێشڕەوییە بوو"[١٤].

وەکو لە بەرهەم و نووسینی سیمبولیستەکاندا دیارە، شیعری سەربەست بووە باعیسی ئەوەی کە وشە بە گوێرەی ئەو ریتم و ئاوازەی لە شیعرەکەدا هەیەتی نرخ و بایەخی بەدەست بێنێ... سیمبولیزم برەو رەواجی بە بۆچوونەکانی بۆدلێر لەمەڕ (مۆسیقای وشە) لە شیعردا داو ریتمی وشەی روونکردەوەو مۆسیقای تایبەتی بە بەیتی شیعر بەخشی‌و هەڵبەتە ئەم مۆسیقایە زادەی پەیوەندی نێوان ریتمەکان بوو. ئەم مۆسیقای وشەیەش بژێر بەهێزکردنی توانای دەربڕین بەکاردەهێنرا. بەکارهێنانی سەرواو دووبارەکردنەوەی هەندێ پیتی دیاریکراو لە بەیتێکداو بەکارهێنانی وشەێك هاوئاهەنگو ڕەوانی ڕستەێك شیعری، کۆمەڵێك توانای وێنەگرتن‌و دەربڕینی بۆ شاعیر فەراهەم کرد[١٥].

بەم پێیە لەسەر دەستی سیمبولیستەکان شیعری سەربەست دەرکەوت، لەم بوارەشدا رامبۆ، بۆدلێر ڕەچەشکێن بوون.

بەرهەمی شیعریی ئەوروپی لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەلای زۆربەی رەخنەگرانەوە جۆرێك لە چەقبەستوویی بەخۆیەوە بینیوە، ماوەیەکی زۆر بوو شیعر هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبوو، بەتایبەتی لە ڕووی فۆرم و قاڵبی شیعریەوە، جگە لەوەش لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە هەنگاوی تازەی نەنابوو، بۆیە "هەندێ لەو شاعیرانەی کە زمانی نووسینیان ئینگلیزی بوو لە کۆتایی سەدەی ١٩هەمدا لە ئەمریکاوە ڕوویان لە بەریتانیاو فەرەنسا کرد.بەوپێیەی ئەوروپای رۆژئاوا ژینگەیەکی لەبارەو سەرچاوەی ئیلهام و رۆشنبیرییە، هەروەها بۆئەوەش کە سستی‌و نەزۆکی بەرهەمی ئەدەبی سەدەی نۆزدەهەمی ئەوروپا

ئاشکرا بکەن"[١٦]. یەکێك لە دیارترین ئەو شاعیرانە (عەرزا پاوەند)ی شاعیری ئەمریکایی بوو، کە وەکو ناڕازییەك وڵاتی خۆی بەجێهێشتبوو پەنای وەبەر ئینگلستان بردبوو. توانی ببێتە پاڵنەرو بزوێنەرێکی کارا بۆ زۆرێك لە شاعیرانو رەخنەگرانی سەردەمەکەی، دیارترینیان (ت.ئێس.ئیلیوت) بوو"[١٧]. "پاوەند سەرەڕای ئەوەی بایەخی بە کولتوری شیعری ئەوروپی داوە. بەڵام هەوڵی دەدا لە کۆن یاخی بێتو کۆتەکان بشکێنێ، لەم لایەنەشەوە تێکۆشانی لە نووسینی شیعردا شێوەیەکی نوێگەری وەرگرت (شیعری سەربەست)ی بە واتا راستەقینەکەی بنیات نا ئەمە لە رووی فۆرمەوە، لە رووی ناوەرۆکیشەوە ڕووی لە وێنەگەرای (ئیمجیزم) کرد وەکو رێبازێك بۆ دەربڕینی بیرۆکە (فیکرە). چونکە بەلایەوە وێنەگەرایی چاکتر بیرۆکە ئەگەیەنێ، ئەم ڕێبازە لە شیعردا لە ئەنجامی گەشەو پێشکەوتنی رەمزیەتی فەرەنسییەوە لە کۆتایی سەدەی ١٩هەمدا سەری هەڵدا"[١٨]. "وێنەگەرایی رێبازێکی شیعری بوو کە لە ساڵی ١٩١٠-١٩١٧ بە هاوکاری شاعیرانی وەك (ریچارد ئالدینگتون و ئەرزا پاوەند) لە ئینگلستان دامەزراو کاریگەری ئەم رێبازە گەیشتە ئەمریکا. موریدانی ئەم بزوتنەوەیە کە بە وێنەگەرایی ناویان دەرکرد، ئیلهامیان لە ڕێبازی کلاسیك و ڕێبازی سیمبولیزمی فەرەنسی وەردەگرت، ئەمانە چڕکردنەوەو چڕکاریان بە کرۆکی سەرەکی شیعر دەزانیو خۆیان لە وتنی شیعری خاو و سۆزداری دەپاراستو هەوڵیان دەدا هزرو حاڵەتە دەروونیەکان راستەوخۆ بە زمانێکی شیعر مکوم و ڕوون نیشان بدەن"[١٩]. ئەمانە لەگەڵ ئەوەبوون ئیماژو وێنەی ڕوونو پوختە بۆ داهێنانی شیعری زۆر گرنگ و پێویستە، رابەری ئەم بزوتنەوە شیعرییە (ئەرزا پاوەند) بوو کە لە ساڵی ١٩١٢ لە گۆڤاری (شیعر) کە لە شیکاگۆ دەردەچوو بۆ یەکەمین جار زاراوەی (ئیماژیزم)ی بەکارهێنا. (پاوەند و فلینست) لەو گۆڤارەدا بنەماکانی بزوتنەوەکەیان بە وردی خستۆتە ڕوو... ئیماژیزمەکان شێوازو تێڕوانینی خۆیان لەبارەی شیعرو زمانەوە پیشان داوە کە بریتین لە بەکارهێنانی زمانی ئاخاوتن، بەکارهێنانی زمانێکی وێنەیی (کۆنکرێت) داهێنانی کێشی شیعری تر، سەربەستی لە ڕوانین و بیرکردنەوە، بەکارهێنانی ئاوازێکی تەوس ئامێزو رەخنەگرانە بەرانبەر بە کۆمەڵو دەسەڵات[٢٠].

بەم پێیە وێنەگەراییەکانیش ڕۆڵیان لە پێشخستنو نوێکردنەوەی شیعری ئەوروپیدا هەبوو، بەوپێیەی کۆمەڵێك بنەماو پرنسیپی تازەیان هێنایە ناو پرۆسەی نوێگەری شیعرییەوە، کە بۆخۆیان ئاراستەیەکی نوێیان لەناو بزاڤی نوێی شیعریدا کردەوە کە زەمینەی رەخساند بۆ شاعیرانی تر کە هەنگاوی بوێرانە بنێن بەرەو گۆڕانکاری ریشەیی لە کێشو سەروای شیعرییدا.

(یەکێکی تر لە سیماکانی نوێگەری ئەوروپی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لەدوای پێشکەوتنی رەمزییەت بەرەو وێنەگەرایی، پێشکەوتنێکی تر، بەرەو سوریالیەتو وادائیەت بەرچاو دەکەوێت. سوریالیزم کاریگەریەکی بەرچاوی لەسەر نوێگەری شیعری ئەو قۆناغە جێ هێشت)[٢١].

دیارترین سیمای نوێگەری لە شیعری ئەوروپیدا دورکەوتنەوە بوو لە کێشو سەروا. سەروا بەشێك نەبووە لە سامانی نەتەوایەتی ئەوروپی. دەرکەوتنی بە شێوەیەکی شەرمنانە لە هەندێ شوێندا نەبووە مایەی ئەوەی ببێتە بەشێکی گرنگی بەرهەمی رەسەنی ئەوروپی، بەڵام کێش هەر لە کۆنەوە بنەمایەکی دیاری شیعری ئەغریقیو لاتینی بووە تا ناوەڕاستی سەدەی ١٩هەم بەردەوام بوو. بەڵام شاعیری ئەمریکی (واڵت ویتمان) توانی لە پەیڕەوکردنی کێشو سەروا دەرچێو کۆمەڵە شیعری (پەلکەی گیاکان) بنوسێت. پاڵنەری سەرەکی بۆ ئەم داهێنانە نوێیە خواستی جیاواز بوون بوو لە شیعری ئینگلیزی، دواتریش ئەم هەوڵەی بەناوی (شیعری سەربەست) وەسف کرد[٢٢].

شاعیرانی نوێگەری لە پەیڕەوکەرانی شیعری سەربەست داوای رەتکردنەوەی کێشو سەروایان دەکرد.پێیان وابوو کە جیایە لە قسەی سروشتیو ئاسایی، باشترین نموونەش بۆ فەرامۆش کردنی کێشو سەروا یەکەم شاعیری رۆمانسی ئینگلیزی (ولیم بلیك)ە، نموونەی دووەم لای رامبۆو بۆدلێر کە لە شێوەی (پەخشانە شیعر) دایە، دیارە ئەم جۆرە نموونانە و نموونەی

تریش هانی (والت ویتمان) و پەیڕەوکەرانی شیعری سەربەستیان دا کە بە تەواوی واز لە کێشو سەروا بهێنن[٢٣]. لێرەوە ئەم شێوازە لە نووسینی شیعر لە کۆتایی سەدەی ١٩هەمدا گوازرایەوە بۆ شاعیرانی رەمزی لە فەرەنسا دیارترینیان (رامبۆو لافورگ) بوو دواتریش پەیڕەوکەرانی شیعری نوێی ئینگلیزی پابەندبوون بەو شێوازەوە[٢٤].

(عەرزا پاوەند) پێی وایە لەنێوان ریتمو سەروادا جیاوازی هەیە، بەوپێیەی سەروا سیستەمێکی مۆسیقی سەپێنراوە لە دەرەوەی شیعر، هەروەکو کێش بەڵام ریتم مەسەلەیەکی ئۆرگانییە دەکەوێتە ناوکی زمانەوە بە پشت بەستن بە نموونەی شیعری سەربەست لە (پەڵکە گیاکان) داو بەپێی تێڕوانینیو لێکدانەوەکانی پاوەند دەربارەی ئەم بابەتەو تێپەڕبوونی نیو سەدە بەسەریدا ئەوە روون دەبێتەوە کە مەبەست لە شیعری سەربەست بریتییە لەو دانراوەی کە هەڵگری بارگەیەکی (شحنە) شیعرییەکە ناتوانرێ بە دەستەواژەی مەنتیقی یاخود هاوکێشەی بیرکاری دیاری بکرێ. بنیاتی دێڕ لەم جۆرە شیعرەدا لە کورتیو درێژیدا وەك یەك نین. دەوەستێتە سەر ئەو وێنەو بیرەی کە شاعیر دەیەوێ دەریببڕێ ریتمی زمان لە دێڕی شیعریدا بۆ خۆی وێنەو بیرۆکەکان دیاری دەکات، وێنەو بیرۆکەکانیش ملکەچی ریتمی زمانەکە دەبن. لێرەشەوە مۆسیقای ناوخۆیی لە دێڕدا یاخود لە کۆپلەدا دەبێتە بەدیلی مۆسیقای پێیەکانو مۆسیقای سەرواش[٢٥].

بەم جۆرەو لە ڕوانگەی چەمکی شیعری سەربەستەوە لە ئەدەبی رۆژئاوا، لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەماندا ڕوو لە شیعری کوردی دەکەین کە ئاخۆ رەوتی ئەم جۆرە لە شیعر چۆن رێچکەی گرتووەو سەری هەڵداوە. هەروەها بەسەر هەوڵەکانی شاعیرانی کوردیش دەچینەوە کە بۆ خۆیان هەنگاوێکی پڕ بایەخ بوون بۆ دیاریکردنی سیماو خەسڵەتی شیعری کوردی لە قۆناغی نوێگەریدا کە دەروازەیەکی تازەیان بە رووی شیعری کوردیدا کردەوە. کە دواتر شیعری سەربەست بەم چەمکە بە تەواوەتی سەرهەڵبداتو ببێتە مۆدێلێکی باو کە باڵ بەسەر جوگرافیای شیعری کوردیدا بکێشێ.

## بەشی یەکەم :

## تەوەری دووەم :

## سەرهەڵدان و چەمکی شیعری سەربەست لە ئەدەبی عەرەبیدا

پێش ئەوەی باس لە شیعری سەربەستی عەرەبی بکەین، بەسەر ئەو هەوڵانەدا دەچینەوە کە شاعیرانی عەرەب لەپێناوی نوێکردنەوەی شیعردا داویانە. چونکە ئەو هەوڵانە کە لە سوود بەدەر نین، لەلایەکەوە رۆڵیان هەبوو لە گەشەکردنی پرۆسەی نوێگەری شیعرو چەسپاندنی لەناو ئەدەبی عەرەبیدا، لەلایەکی تریشەوە رێگەخۆشکەر بوون بۆ شاعیرانی دوای خۆیان کە هەوڵی نوێگەری بدەن. لە راستیدا بەشێوەیەکی گشتی باسەکەمان لەبەر رۆشنایی چەمکی شیعری سەربەستو پێشکەوتنو گەشەکردنی لە ئەوروپا ئەنجام دەدەین، کە چۆن لە ئەدەبی عەرەبیدا دەستی پێکردووەو شاعیرانی هاوچەرخی عەرەبی چۆن لە چەمکی شیعری سەربەست تێگەیشتوونو سەرچاوەی تێگەیشتنەکانیان لەکوێوەیە؟.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەش سەرەتا لە هەوڵەکانی نوێگەریەوە دەست پێ دەکەین، هەروەکو ئاشکرایە کە (لێکۆڵەرانی عەرەب کۆکن لەسەر ئەوەی کە سەرەتاکانی نوێگەری لە میسرەوە سەری هەڵداوە دیارە ئەمەش بەهۆی کاریگەری ئەدەبی رۆژئاواوە رووی داوە)[٢٦]، ئەم نوێگەرییەش سەرەتا لە میسر لەساڵی ١٩٢١ لەو بزاڤە شیعرییەدا ڕەنگی دایەوە کە بەناوی (کۆمەڵەی دیوان)ەوە ناسراوە (ئەم کۆمەڵەیە پێکهاتبوو لە محمود عەباس العقاد و ابراهیم عبدالقادر المازنی و عبدالرحمن شکری ئەمانە پێشەنگی نوێکردنەوەی شیعری عەرەبین، سەرەڕای ئەوەی بایەخیان بە رەسەنایەتی دەدا، بەڵام لە هەوڵەکانیاندا دژی هەندێ کولتور وەستانەوە)[٢٧]. هەروەها ئەم کۆمەڵەیە بانگەوازی نوێکردنەوەی شیعری عەرەبیان دەرکرد بە رەتکردنەوەی نموونەی کۆن لە رووی بنیاتی زمانو شێوازی رەوانبێژی تەقلیدیدا، هەروەها داوای

ئەوەیان دەکرد کە لەگەڵ سەردەمدا بڕۆنو بە ڕووی ڕۆشنبیری ئینگلیزیدا بکرێنەوە[٢٨]. تێڕوانینەکانی عەقاد لەبارەی شیعری نوێو ڕەخنەوە بوونە جێگای سەرنجو بایەخدانی شاعیرانو ڕۆشنبیرانی عەرەبی، کرانەوەش بە ڕووی ئەدەبی ئەوروپیدا داوایەکی سەرەکی عەقادو هاوڕێکانی بوو، هەربۆیە (عەقاد پێی وایە بەهۆی خوێندنەوەی ئەدەبی ئینگلیزیو فەرەنسیو ئەڵمانیو ئیتاڵیو ئیسپانیو یۆنانیو لاتینییەوە نوێگەری لە ئەدەبی عەرەبیدا دروست بوو)[٢٩]، بەم پێیە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە لە ئەنجامی پەیوەندی شاعیرانی عەرەب بە شیعری ئەوروپیەوە نوێگەری لە شیعری عەرەبیدا هاتە ئاراوە.

لە ئەنجامی بایەخدانی عەقاد بە ڕەوتی ڕەخنە لە ڕاڤەکردنی شیعردا گوڕو تەوژمێکی نوێ بە پرۆسەکە بەخشی، بایەخدانەکەشی بووە هۆی (سەرهەڵدانی کۆمەڵەیەکی تر لە ساڵی ١٩٣٢ بەناوی (کۆمەڵەی ئەپۆلۆ) بە هاوکاری ئەحمەد زەکی (ابوشادی) (١٨٩٢–١٩٥٥) کە شارەزاییەکی باشی لە شیعری ئینگلیزیدا هەبوو، خەلیل مگران (١٨٧٢–١٩٤٥) ئەمیش شارەزاییەکی چاکی لە ڕۆشنبیری فەرەنسیدا هەبوو، چونکە نیشتەجێی فەرەنسا بوو. )[٣٠]. ئەم بزاڤە شیعرییە کۆمەڵێك دەسکەوتیان بۆ نوێگەری شیعری عەرەبی جێ هێشتووە. وەکو (هاتنە ناوەوەی بابەتەکانی چیرۆكو شانۆو ئۆپەرێت لە بنیاتی دەقە شیعرییەکانداو بایەخدان بە ئەدەبی ڕەمزی، هەروەها دەربڕینی خۆرسکانە بوو بە بنەمای داهێنانەکانیان. لە بواری کێشو سەرواشدا، هەوڵی بوێرانەیان پێشکەش کرد، هەندێك دەقیان بەرهەم هێنا کە کێشی تێکەڵیان تێدا بەکاردەهێنا کە ناویان نابوو (شیعری سەربەست) و جۆرێکی تریش داماڵراو لە سەروا ناونرا (شیعری بێ قافیە) و هەروەها دەقی داماڵراو لە کێشو سەروایشیان ناونا (شیعری بە پەخشان)[٣١] وەك دیارە ئەم کۆمەڵەیە ئامانجیان ئەوەبووە پێویستە شاعیرانی عەرەب گەشە بە شیعری عەرەبی بدەنو سوود لە شارستانیەتی نوێ وەربگرن کە زیاتر خەسڵەتی مرۆڤایەتی لەخۆگرتووە. (ابوشادی یەکەم کەسە کە باسی (شیعری بێ قافیە) و (شیعری سەربەست) دەکات. لە هەوڵەکانیدا بەرەو نوێگەری و پێشخستنی عمودی شیعری عەرەبی و دەرچوون لە سیستەمی کۆن ڕۆڵی بەرچاوو دیاری گێڕاوە)[٣٢]. بەم پێیە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا "بانگەشەکردن بۆ وازهێنان لە کێش یان سەروا یان هەردووکیان پێکەوە لەسەر دەستی کۆمەڵەی دیوان و ئەپۆلۆ لە میسر هاتە کایەوە ئەمەش بەهۆی کاریگەری نموونەی شیعری ئینگلیزی و فەرەنسییەوە بوو لەسەر ئەم دوو بزاڤە بە پلەو ئاستی جیاواز"[٣٣].

هەوڵەکانی نوێگەری لە شیعری عەرەبیدا هەر بە تەنها لەناو وڵاتانی عەرەبیدا چڕ نەبووبوونەوە، بەڵکو لەو وڵاتانەشدا کە شاعیرانی عەرەب تیایاندا دەژیان هەوڵی نوێگەری دراوە، ئەمانە کە بە شاعیرانی (مەهجەر) دەناسران لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوتی نوێگەری ڕۆژئاوا بوون. ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەو دیاریان هەبوو. (شاعیرانی تاراوگەش ڕۆڵیان لە پێشخستنی شیعری عەرەبی و نوێکردنەوەیدا هەبوو چونکە ئەمانە کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو ژیانە تازەیەوە کە تێیدا دەژیانو لە نزیکەوە ئاگاداری ئەدەبی بێگانە بوون. دیارترینیان (میخائل نعیمة) و (جبران خلیل جبران) و (ایلیا ابو ماضی) بوون)[٣٤].

بەم پێیە هەوڵەکان بۆ نوێکردنەوەی شیعری عەرەبی نەبووە دیاردە، تا لەلایەن شاعیرانەوە پەیڕەو بکرێ، چونکە هێشتا هەوڵەکان بۆ نوێگەری لەئارادان، سەرەڕای ئەوەی کە فۆرم و شێوازی نوێی شیعری لای ئەوروپیەکان لە نووسینی شیعردا پەیڕەو دەکرێت هێشتا بە تەواوی لە نووسینی شیعری عەرەبیدا ڕەنگی نەداوەتەوە. (بەڵام دەرکەوتنی نوێگەری لە شیعری عەرەبیداو پێشکەوتنی بەشێوەیەکی دیار دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی (ئەمین الریحانی) (١٨٧٦–١٩٤٠) و جبران خلیل جبران (١٨٨٣–١٩٣١) و ئەندامانی (الرابطة القلمیة) کە لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەمریکای باشور دروست بوو. ڕەیحانی داوا دەکات واز لە بابەتە تەقلیدیەکان بهێنێنو بایەخ بە ناوەرۆکی مرۆڤایەتی بدەن. خواستی بە پەلەو پێویستی ئەو گۆڕینی فۆرمو دەربڕینی شیعری بوو، کە مەبەستی سەربەستبوون بوو لە کێشو چاوکردن لە نووسینی شیعری سەربەستی ڕەها (الشعر الحر الطلیق).

ڕەیحانی خاوەنی زاراوەی (الشعر المنثور)ە. تێڕوانینی ئەو بۆ شیعر لە چەمکی شیعری سەربەستی شاعیری ئەمریکی (والت ویتمەن)ەوە سەرچاوەی وەرگرتووە)[٣٥].

(ئەمین الریحانی) هەرزوو لەپێش هەموو شاعیرانی تری بواری نوێکردنەوەدا درکی بەو دەسکەوتەی ڕۆژئاواییەکان لە بواری نوێکردنەوەی شیعردا کردبوو، چونکە "ئاماژە بە جۆرێك لە شیعری نوێ دەکات کە بە ئینگلیزی Free Verse و بە فەرەنسی Verse Libre. واتە (شیعری ڕەهای) پێ دەوترێت کە لەکاتی خۆیشیدا هەریەکە لە (شکسپیرو واڵت ویتمەن) ئەم ڕێچکە نوێیەیان گرتبوەبەر"[٣٦].

بەلای د.عبدالواحید لۆلۆەشەوە "ئەمین ڕەیحانی یەکەم کەسە وەك یەکێك لە شاعیرانی (الرابطة القلمیة) لە تاراوگەی ئەمریکی باسی (الشعر الحر الطلیق) دەکاتو داوای وازهێنانی لە کێشو سەروا لە نووسینی شیعری عەرەبی نوێ دا دەکات، تا هاوشانی ئەو نوێگەریە ڕێچکە بگرێ کە لە ئەمریکاوە سەری هەڵداوە"[٣٧]. بەم پێیە نوێگەری لە شیعری عەرەبیدا لەسەر دەستی شاعیرانی تاراوگە پێشکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا، چونکە ئەمانە لە هەموو ڕوویەکەوە لە ژینگەیەکی جیاواز لە ژینگەی عەرەبی دەژیان. نوێگەریەکەشیان سەرکەشیو بوێری تێدا بوو لەچاو نوێگەری ئەو شاعیرانەی کە لە ژینگە عەرەبێکە دەژیانو چاویان بڕیبووە بەرهەمی شیعری ڕۆژئاواییەکان لەڕێگەی خوێندنەوەوە.

ڕەیحانی لە ١٩٢٢ هات بۆ عێراقو لەگەڵ خۆیشیدا بیری نوێگەری بە چەمکە ڕۆژئاواییەکەی هێنا کە وازهێنان بوو لە کێشو سەرواو شێوازی شیعری تەقلیدی... لەلایەن ڕۆشنبیرانو شاعیرانەوە پێشوازیەکی گەرمی لێ کراو شیعرە نوێیەکانی خۆی بۆ خەڵکی دەخوێندەوەو لە ڕۆژنامەکانیشدا بڵاوی دەکردنەوە. لەنێو ئەدیبو شاعیرانیشدا لایەنگرو نەیاری بۆ دروست بوو... بەم پێیە هاتنی ڕەیحانی بۆ عێراق نوێگەری بەهێزکرد، گۆڤاری (الحریە) باس لەوەدەکات کە (ڕەیحانی) لەژێر کاریگەری (والت ویتمەن)دا بانگەشە بۆ نوێگەری لە شیعردا دەکات بەتایبەتیش لە بواری وازهێنان لە کێشو سەروای شیعریدا، توانی شێوازی شیعری پەخشانی (الشعر المنثور) لە شیعری عەرەبیدا دابهێنێ[٣٨]. وەك دیارە ڕەیحانی لە بەکارهێنانی زاراوەی شیعری مەنسوردا بۆ ئەو جۆرە شیعرەی کەوتۆتە هەڵەوە، چونکە بنیاتی ئەم جۆرە لە شیعر زیاتر بەرەو بنیاتی شیعری سەربەستە نەك بەرەو بنیاتی شیعری پەخشانی یاخود شیعری مەنسور.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایا شیعری سەربەست بە چەمکە ڕۆژئاواییەکەی چۆن گوازرایەوە بۆ وڵاتانی عەرەبیو بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی چۆن لێی تێگەیشتوون؟ و چۆنیش بەرهەمی نیو سەدەی کۆتایی سەدەی بیستەمیان بەناوی شیعری سەربەستەوە ناوناوە. لە ڕاستیدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستمان بەوە هەیە کە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ یەکەم هەوڵو یەکەم هەنگاو کە بە چەمکە ڕۆژئاواییەکە لە بستێنەی شیعری نوێدا نراوە.

هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێ دا یەکەم هەوڵ لەلایەن ڕەیحانی یەوە دراوە، کە لەبەر ڕۆشنایی چەمکی شیعری سەربەست لای ڕۆژئاواییەکان بانگەشەی بۆ جۆرێك لە شیعر دەکرد کە سەرچاوەی لە تاقیکردنەوەی نوێگەری ئەوروپییەوە وەرگرتبوو. سەرەڕای ئەوەی هەوڵەکەی کاریگەری لەسەر بزاڤی نوێخوازی بەشێوەیەکی گشتی هەبوو، بەڵام وەك دەردەکەوێت ئەم هەوڵە برەوی نەبوو، لەهەمان کاتیشدا نەبوو بە ڕێبازێکی نوێی شیعری، کە لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبیدا وەك تاقیکردنەوەیەکی نوێی شیعری بوونی خۆی بچەسپێنێو ببێتە مۆدێلێکی تازە داهێنراوی پەسەندکراو بۆ نووسینی دەقی شیعری عەرەبی نوێ لەوسالانەدا.

هەر لە بازنەی هەوڵەکانی نوێگەری عەرەبی پێویستە ئاماژە بەو هەوڵانە بکەین کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە بواری نوێگەری شیعری عەرەبیدا دراون. وەکو ئەوەی "لە ڕۆژنامەی عێراق لە ١٩٢١دا دەقێکی شیعری بەناونیشانی (نظم الطلیق) واتە (هەڵبەستی سەربەست) و بەناوی (ب.ن) بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لە گۆڤاری (الحریە) لەساڵی ١٩٢٤دا ابراهیم

عبدالقادر المازنی شیعرێك بەناونیشانی (محاورة قصیدة مع لی بعد وفاة أمه) بڵاودەكاتەوە، ڕۆژنامەی الاستقلال لە ١٩٣٠دا شیعرێك بەناوی (الی فتاه الشرق) و لەژێر بابەتی (الشعر المرسل) واتە شیعری بێ قافیە بڵاودەكاتەوە. لە ١٩٢٩شدا ڕۆژنامەی عێراق شیعرێكی (انور شاؤول) لەژێر ناونیشانی (الشعر المرسل)دا بڵاودەكاتەوە"[٣٩]. ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە، كە ئەم شاعیرە پێشەنگانە ناوی شیعری سەربەستیان بۆ هەوڵە سەرەتاییەكانیان بەكارنەهێنا.

شاعیرانی تاراوگەی ئەمریكی بەتایبەتیش (ئەمین رەیحانی) و (جبران) بەشێوەیەكی فراوان ئاگاداری شیعری سەربەست بوون، كە لای شاعیرانی ئەمریكا بایەخی پێدەدرا، سەرەڕای ئەوەش زۆر بە كەمی ناویان دەهێنن. "بەرهەمەكانی جبران خلیل جبران لەم لایەنەوە ئاماژەن بۆ شیعری بە پەخشان (قصیدة النثر) لەسەر ڕێچكەو شێوازی (بۆدلێر). بەڵام نموونەی شیعری سەربەست لە عەرەبیدا بەمانا وردو ڕاستەقینەكەی لە گۆڤاری (الادیب)ی لوبنانی دەبینرێتو دەتوانرێ ئەو ڕاستیەش بوترێ كە شاعیرانی فەلەستینو لوبنانو سوریا لە پێشەنگی ئەوانەن كە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە برەویان بە شیعری سەربەست داوە"[٤٠]. دیارە بەو چەمكەی كە لە ئەدەبی ئەوروپیدا هاتووە. (باشترین نموونەی شیعری سەربەست بە چەمكە ڕۆژئاواییەكەی بەلای د.عبدالواحد لؤلؤەوە ئەوانەیە كە لە بەرهەمی جبرا ابراهیم جبرا (١٩٢٠-١٩٩٤) ڕەنگی داوەتەوە)[٤١].

بەم پێیە بانگەشەكردن بۆ شیعری سەربەست بە چەمكە ڕۆژئاواییەكەی زیاتر لە سوریاو لوبنانو میسرو تاراوگەو عێراق پەرەیسەندو لە هەر وڵاتێكیش بە ئاستی جیاوازو تێگەیشتنی جیاواز بەرەو ئەو بانگەشەیە هەنگاو نراوە. پێویستە ئاماژە بەو ڕاستیە بكەین كە شیعری سەربەست بە چەمكە ئەوروپیەكەی لە ئەدەبی عەرەبیدا لەدایك نەبوو، هەتا ساڵانی شەستەكان، بەڵكو جۆرە شیعرێكی جیاواز لەوەی ئەوروپا لە كۆتایی چلەكاندا لەدایك بوو ناویان نا (شیعری سەربەست). هەربۆیەش د.دڵشاد عەلی پێی وایە "كە لە ئەدەبی عەرەبیو كوردیشدا چەمكی هۆنراوەی سەربەست بەهەمان زاراوە ڕۆژئاواییەكە بەكارنەهێنراوەو لەم دوو ئەدەبەدا سەربەستییەكە واتای سەربەستی لە بەكارهێنانی پێیەكانداو سەربەستی لەخۆ نەبەستنەوەی هۆنراوە بە بەیتەوە دەگەیەنێت نەك سەربەستی لە داماڵینی ئاوازی دەرەوەی هۆنراوەدا"[٤٢].

"ناوی شیعری سەربەست لە عێراقو وڵاتانی عەرەبی لە سەرەتای پەنجاكانەوە بڵاوبووەوە. تائێستاش وا بەكاردێت كە ئاماژەیە بۆ جۆرێك لە شیعر كە لەسەر سیستەمی تەقلیدی شیعری عەرەبی ناڕوات، بۆ شیعرێك كە لە دێڕ پێكهاتبێتو درێژی وەك یەكیان نەبێتو ژمارەی پێیەكانی لە دێڕێكەوە بۆ دێڕێك ئەگۆڕێ بەبێ ئەوەی پابەندبێت بە سیستەمێكی جێگیر لە قافیەدا، بەكارهێنانی ئەم چەمكە بەم شێوەیە دوورە لەو چەمكەی كە ئەوروپیەكان بەكاریان هێناوە بۆ جۆرە شیعرێك كە داماڵرابێ لە كێشو سەروا"[٤٣]. بەلای شاعیرانی پێشەنگەوە ئەم تاقیكردنەوە نوێیە دابڕاو نییە لە ڕەسەنایەتیو كولتوری شیعری پێشینان. هەروەها لاساییكردنەوەیەكی كوێرانەی ئەزموونی بێگانەش نییە.

گۆڕانكاری لە كێشو سەروا لەلایەن نازك الملائیكەوە هەروەكو لە (عاشقه اللیل) دواتریش لە (شظایا و رماد) ئاماژەی پێ دەكات كە گۆڕانی لە ژمارەی پێیەكان و لەیەك سەروایی كردووە. لە پێشەكی دیوانی (شظایا و رماد) چەمكی نوێگەری لە پێشخستنی ژمارەی پێیەكانداو لە پابەندنەبوون بە سیستەمی یەك جۆر سەرواوە ڕوونكردۆتەوەو ناوی ئەم جۆرەشی ناوە (شیعری سەربەست)[٤٤].

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بكرێ ئەوەیە ئەم جۆرە لە شیعری سەربەست هەمان ئەوجۆرە شیعرە سەربەستە نییە كە لای ئەوروپیەكان هەیە، بەڵكو جۆرێكی ترە كە نازك خۆی چەمكەكەی دەخاتەڕوو و دەڵێ: "ئەو هۆنراوەیەیە كە پشت بە تاكە دێڕ دەبەستێو ئەم دێڕانەش درێژییەكی وەك یەكیان نابێت بەڵكو ژمارەی پێیەكانی لە دێڕێكەوە بۆ دێڕێكی تر دەگۆڕێن. ئەم گۆڕانەش بەگوێرەی یاسایەكی عەروزی ئەنجام دەدرێت... هەرچی دەربارەی قافیەشە ئەوە دیاری دەكات كە

هۆنراوەی سەربەست پێویستییەکی تایبەتی بە قافیە هەیە، چونکە هەندێ لەو ئاوازەی ون دەکات کە لە سیستەمی بەیتە دوو دێڕیەکەدا هەستی پێ دەکرێ.. گۆڕانو جیاوازی ژمارەی پێیەکان لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەمتر هەست بە ترپەی هەڵبەستەکە بکرێت کەمتریش هەست بە نەغمەکەی بکرێت، لەبەرئەوە هاتنە ناوەوەی قافیە لە کۆتایی دێڕەکاندا، جا قافیەی یەکگرتوو بێت یاخود هەمەڕەنگ، بۆ خۆیان زیاتر سیمای هۆنراوەی دەبەخشن بە هەڵبەستەکە"[٤٥] لێرەداو بەپێی بۆچوونەکانی نازك کە لەبارەی شیعری سەربەستەوە خرانە ڕوو، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە تێڕوانینی بۆ چەمکی شیعری سەربەست لەو ڕوانگەیەوەیە کە شیعر نابێت دەستبەرداری کێشو سەروا بێت. ئەمەش پێچەوانەی چەمکی زاراوە ڕۆژئاواییەکەیە کە نە کێشو نە سەروا هیچیانی تێدا نییە. هەربۆیەش جبرا ابراهیم جبرا لە ڕوانگەی چەمکی شیعری سەربەستەوە لای ڕۆژئاواییەکان ڕەخنە لە نازك دەگرێت، کە پێی وایە ئەوەی نازك دەینووسێت شیعری سەربەست نییە، بەڵکو شیعرێکی کێشو سەروادارەو ژمارەی پێیەکانی لە دێڕێکدا وەك یەك نین، لە ڕاستیدا نابێت شیعر بەوجۆرە کۆتانە بەند بکرێتو ناوبنرێ سەربەست. شیعری سەربەست وەرگێڕانێکی وشە بە وشەی زاراوە ئەوروپییەکەیەبە ئینگلیزی Free Verse و بە فەرەنسی Verse libre. لای ڕۆژئاوا بەوجۆرە شیعرە دەوترێ کە داماڵراوە لە کێشو سەروا. ئەو شیعرەی کە (والت ویتمان) و کەسانی تر لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا نووسیویانە. نووسینی شیعری سەربەست لای شاعیرانی عەرەب لای محمد الماغوگ و توفیق صایغ و جبرا ابراهیم جبرا دەبینرێ[٤٦].

شیعری (الکولیرا) بەلای نازك الملائیکەوە یەکەم شیعری سەربەستە کە لە ١٩٤٧ نووسیویێتی. ئەوەی لەم شیعرەدا کردوویەتی بەکارهێنانی پێی (متدارك)ە بۆ چەند جارێك لە دێڕێکدا بەپێی پێویستی وێنەو فیکرەکە، هەروەها پابەندیش بووە بە سەرواوە، سەرەڕای ئەوەی کە گۆڕانکاری تێدا کردووە... ئەم شیعرەو هەموو ئەو دەقانەی هاوشێوەی ئەم دەقە نووسراون نموونەیەکی دیارن لەسەر پێشخستنی شێوازی شیعری تەقلیدی عەرەبی کە لە دوو نیوە دێڕ پێکهاتووەو پابەند بوو بەپێی شیعری دیاری کراوو تاك سەرواوە. بۆیە بە ڕاست نازانرێ کە ناوی شیعری سەربەست بەسەر ئەم شێوازە لە شیعردا دابڕێت. چونکە ئەم شیعرە هێشتا پابەندە بە کێشو سەرواوە. بەڵام شیعری سەربەست بە هیچ شێوەیەك پابەند نییە بە کێشو سەرواوە.

بەلای لۆلۆەوە " ئەم شێوازە نوێیەی نازك الملائیکە دایهێناوە وا ڕاسترە کە بە شیعری تفعیلە ناوبنرێت بۆئەوەی جیابکرێتەوە لە شیعری شگرین ی تقلیدی. شیعری تفعیلە هاوشێوەی هەمان چەمکی شیعرە کە لە کولتوری عەرەبیدا بەکارهاتووە، چونکە ئەم جۆرە لە شیعر پابەندە بە کێشو بە سەرواوەو بایەخیش بە واتا دەدات. ئەمەش لادان و دەرچوون نییە لە کولتور، بەڵکو دەچێتە بازنەی پێشخستنی کولتورەوە. بەم پێیە ناوی شیعری سەربەست کە نازك بەکاری دەهێنا ناولێنانێکی هەڵە بوو بۆ ئەو جۆرە لە شیعر کە نازك بنەماو یاساکانی داڕشتبوو"[٤٧]. هەڵەی دووەم کە نازك تێی کەوتووە ئەوەیە کە تێکەڵی لەنێوان شیعری سەربەستو شیعری پەخشاندا کردووە. کاتێك ڕەخنە لە دیوانی ماغوگ دەگرێت، پێی وایە ئەوەی خۆی دەینووسێت شیعری سەربەستەو ئەوەی ماغوطیش دەینووسێت شیعری پەخشانە، لەکاتێکدا بەپێی چەمکی شیعری سەربەست لای ڕۆژئاوا ئەوەی ماغوط دەینووسێ شیعری سەربەستە نەك ئەوەی نازك دەینووسێ. شیعری پەخشانی وەرگێڕانی زاراوەو چەمکی Poemeen Proseی فەرەنسییە کە مەبەست لێی ئەو شیعرەیە کە رامبۆ نووسیویێتی وەکو (وەرزێك لە دۆزەخ) و (اشراقات)"[٤٨].

نازك پێی وایە کێش پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆئەوەی جیاوازی لەنێوان شیعرو پەخشانی پێ بکرێ. هەروەها بەلایەوە شیعری سەربەست سەربەستبوونە لە مۆسیقای تەقلیدی لەڕێگەی سەربەستی بەکارهێنانی ژمارەی پێیەکانو سەربەستی لە دابەشکردنیان بەسەر دێڕەکانداو سەربەستبوون لە یەکێتی سەروا. بەم جۆرە "شیعری سەربەست لە تێگەیشتنو تێڕوانینی

نازکەوە ئەوەیە کە سەربەست بێ لە هەندێ پێوەری شیعری کۆن نەك شیعرێك سەرتاپا لە هەموو پێوەرەکان داماڵرابێ. هەربۆیە پەخشانە شیعر بە پەخشانێکی ئاسایی داناوە، چونکە بە پێوەرە دیاریکراوەکانەوە پابەند نابێت، هەرچەندە رۆژئاوا بە شیعری دادەنێت بەڵام مەرج نییە ئەوەی لای گەلێك بە شیعر دادەنرێت لای گەلانی تریش بە شیعر دابنرێت"[٤٩].

هەرکاتێك باس لە نوێکردنەوەی فۆرمی شیعر لە بازنەی تاقیکردنەوەی نوێگەریدا دەکرێت، دەبێ باس لەو فۆرم و شێوازانەی شیعر بکەین کە لە سەرەتای نوێگەرییەوە لەلایەن شاعیرانی نوێخوازەوە پەیڕەو دەکرا. لەپێشتر باسی شیعری سەربەستمان کردو سیماکانی ئەم شێوازەمان لە چوارچێوەی ئەو قۆناغەی تێدا سەری هەڵداوە دەستنیشان کرد.لێرەدا بەکورتی باس لە چەند جۆرێك لە فۆرمی شیعری نوێ دەکەین، بەوپێیەی ئەم شێوازانەی شیعر رۆڵیان لە بنیاتنانی دەقی شیعری نوێگەری دا هەبووە.

پێش شیعری سەربەست جۆرێکی شیعری تر دەرکەوت ناونرا شیعری پەخشانی، ئەمین رەیحانی بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٠٥ شیعرێکی پەخشانی لە گۆڤاری هیلال دا نووسی بەڵام بە هەڵە بەکارهێنانی شیعری پەخشان لە بری شیعری سەربەست گرفتێکی گەورەی دروستکردووە. ئەم جۆرە لە ئەدەبی کوردیدا سەرەتا لە ساڵی ١٩٢٦ لە ژمارە (٥) گۆڤاری زاری کرمانجیدا هاتۆتە ئاراوە[٥٠]. بەڵام عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی پێی وایە "پیرەمێرد زۆر پێش بڵاوبوونەوەی شیعرەکانی (ز.ع.هەروتی) و (کاکە حەمە) باسی شیعری پەخشانی وەك چەشنێکی شیعری نوێ کردووە..."[٥١].

لەپاڵ شیعری پەخشانی چەشنێکی تری نووسین هەبووە هاوماڵی ئەم بووە، ئەویش پەخشانە شیعرە، کە رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە نزیککردنەوەی شیعرو پەخشان بەڵام جیاوازیشیان ئەوەیە کە شیعری پەخشانی لە شیعرەوە بۆ پەخشان دەچێتو لە ئامێزی دەگرێت، پەخشانی شیعریش بەپێچەوانەی ئاراستەی یەکەمەوە، لە پەخشانەوە بەرەو شیعر دەچێت[٥٢].

شیعری سپی یش شیعری پەخشان نیە هەروەك بە هەڵە لای فارسەکان بەکارهێنراوە شیعرێکە کێشی هەیەو سەروای نییە، لە کۆتایی سەدەی ١٩یەمەوە هاتووەتە ناو ئەدەبی عەرەبییەوە.

"پەرەسەندنی پتەو نوێتر لە رەوتی نوێگەریدا سەرهەڵدانی شیعری پەخشانە، کە پێش ساڵانی شەستی سەدەی بیست چەند نموونەیەکی کەم و سەرەتایی شیعری پەخشان لە شیعری عەرەبیدا بەدیدەکرێن. بەڵام مێژووی دروستی دامەزراندنی و سەرهەڵدانی لە چەند نموونەیەکی گۆڤاری (شیعر)ی یوسف ئەلخال و ئەدۆنیس و ئونسی ئەلحاج و شەوقی ئەبی سەقراو... دیاریدەکرێت. بەتایبەتی لە رووە تیۆرییەکەیەوە، ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار ئەدۆنیس لە ژمارە چواردەی گۆڤاری (ئەدیب)دا ساڵی ١٩٦٠ وتارێکی لەبارەی شیعرو چامەی پەخشانەوە نووسی. هەروەها ئەو پێشەکیەی کە ئونسی ئەلحاج بۆ کۆمەڵە شیعرێکی خۆی بەناونیشانی (لن) نووسیبووی. هەوڵێکی تیۆرییە بۆ بزووتنەوەی شیعری پەخشان. ئیتر لەوێوە شیعری پەخشانی عەرەبی رێگای راستەقینەی خۆی ئەدۆزێتەوە. لە ئەدەبی کوردیشدا بەلای عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجییەوە (ئەنوەر قادر محمد )یەکەم شاعیرە کە بەم شێوازە دەقێکی لە ژمارە ٢٧ ساڵی ١٩٧٥ لە گۆڤاری بەیان دا بڵاوکردۆتەوە. کە هەموو خەسڵەت و سیمایەکی شیعری پەخشانی تێدا بێت. بەتایبەتی بەپێی بۆچوونی و تێزەکانی سۆزان برنار لەبارەی شیعری پەخشانەوە"[٥٣].

"لە فەرهەنگی برنستۆنتدا وا پێناسەی دەکات (قەسیدەیەکە هەموو خەسڵەتەکانی شیعری غینائی، بابەتێکیانی تێدایە، بەڵام لەسەر لاپەڕە وەك شێوەی پەخشان دەنووسرێت، لە پەخشانی شیعریش بەوە جیا دەکرێتەوە کە ئەم کورت و چڕە، لە شیعری سەربەستیش بەوە جیادەکرێتەوە، کە شیعری پەخشان پابەندی سیستمی بەیتو دێڕ نابێت هەروەها لە برگەی پەخشانی کورتیش بەوە جیادەکرێتەوە کە هەمیشە ریتم و کاریگەری دەنگی هەیە جگە لەمانە شیعری پەخشان بە وێنەو چڕی دەربڕین دەوڵەمەندە"[٥٤].

لێرەدا نامانەوێ بە دوورودرێژی باس لە جۆرەکانی شیعری نوێ بکەین لە رووی فۆرم و شێوازەکانییەوە بەڵکو تەنها مەبەستمانە کە شیعری سەربەست روون بکەینەوە. دیارە لەم تەوەرەدا ڕوویان لەو جۆرە کردوە، کە نازك الملائیکە پێناسەی کردووە.

بەم پێیە ئەوە ئاشکرا دەبێ رەوتی شیعری سەربەست بە چەمکەکەی رۆژئاوا بە دروستی لای ئەمین رەیحانی و جبران ابراهیم جبران سەری هەڵداوە، بەڵام ئەم هەوڵانە بە هەڵە ناونران شیعری پەخشانی وپەخشانە شیعر ، بەڵام لە نیوەی سەدەی بیستەمدا هەولێکی نوێگەری لەسەر دەستی نازك الملائیکە هاتە ئاراوە کە جیاواز بوو لەو شیعرە سەربەستەی کە لە رۆژئاوا پەرەی سەندبوو. ئێمە لێرەدا لە ڕوانگەی چەمکەکەی نازکەوە کە بۆ شیعری سەربەستی کردووە ڕوو لەم جۆرە لە شیعر دەکەین لە ئەدەبی کوردیدا.

## بەشی دووەم :

## تەوەرەی یەکەم:

## ڕێڕەوی شیعری سەربەست بە چەمکە ڕۆژئاواییەکەی لە ئەدەبی کوردیدا

وەك ئاشکرایە مەسەلەی نوێگەری لە شیعری کوردیدا، پێشینەیەکی مێژوویی هەیە کە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، گومانی تێدانییە ئەم نوێگەرییە لەلای کوردیش بە کاریگەری ئەدەبی ڕۆژئاوا هەنگاوی ناوە، لەم نێوەندەشدا هەر دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ڕەگو ڕیشەی ئەو نوێگەرییە لای نووسەرانو شاعیرانی کورد لەو قۆناغەدا. هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ئەوروپادا لەبواری نوێگەری شیعردا شیعری پەخشانیو شیعری سەربەستو شیعری سپیان وەك جێگرەوەی قاڵبی شیعری کۆن داهێنا کە لە دیارترین سیماکانی نوێگەری قۆناغەکەبوون، ئەوەی لە هەموویان زیاتر سەرنج ڕاکێش بوو ئەوەیە کە جۆرە شیعرێك هاتە ئاراوە کە داماڵرابوو لە کێشو سەروای تەقلیدیو بایەخی بە ریتم دەدا. کە مەبەست (Free Verse)ە واتا شیعری سەربەست.

لەسەرەتاشەوە ئەدەبی تورکی هەڵقەی گەیاندنی پرۆسەی نوێگەری بوو لە ئەوروپاوە بۆ کوردستان هەربۆیەش ئەدەبی نوێی تورکی دەروازەیەکی گرنگ بوو بە ڕووی گۆرانکارییەکانیو چەمکەکانی نوێگەری ڕۆژئاوا. لەم نێوەندەشدا لێکۆڵەرانی کورد سەرەتای نوێکردنەوەی شیعر دەگەڕێننەوە بۆ حاجی قادریی کۆیی و عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری, کەپێیان وایە ڕۆڵێکی گرنگیان لە تازەکردنەوەی شیعری کوردی ونووسینی شیعری سەربەستدا هەبووە , بەڵام بەو چەمکە نا کە لە ئەدەبی ئەوروپیدا پەیرەوکراوە . " عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری کۆمەڵێك داهێنان و گۆڕانکاری لە شیعرەکانیدا کردووە کە بە هۆیانەوە دەتوانین شاعیر بە یەکێك لە تازەکەرەوەکانی شیعری کوردی بزانین ... یەکێك لە داهێنانەکانی گۆڕینی تۆبۆگرافیایی شیعرە , واتە گۆڕینی بنەمای ستوونی بوونی شیعر ,ئەم هەوڵەی شاعیردەکرێ بە سەرەتایەکیش دابندرێت بۆ نزیکبوونەوەی لە شیعری ئازاد " [٥٥] . لێرەوە وردە وردە شیعری کوردی بەرەو قۆناغێکی جیاواز هەنگاوی دەنا. لەم بارەیەشەوە دەگەڕێنەوە بۆ وتارێکی شێخ نوری کە لە (١٩٢٦) بڵاوی کردۆتەوە، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە ئەم وتارە کەرەستەیەکی پڕ لە زانیاری بەکەڵکە بۆ یەکاڵاکردنەوەی کۆمەڵێك بابەتی گرنگی بواری نوێگەری لە شیعری کوردیدا، لەم لایەنەشەوە وەڵامی کۆمەڵێك پرسیاری بایەخداری داوەتەوە- کە دەکرێ ئێمە هەندێ لەو ئاکامو بۆچوونانەی گەڵاڵەی کردوون بۆ بواری نوێکردنەوەی فۆرمی شیعر وەك بەردی بناغەی نوێگەری شیعری کوردی لێی بروانین، لەسەرەتاشدا شێخ نوری لە وتارەکەیدا لەپاش پێناسەکردنی ئەدەب دێتە سەر پێناسەکردنی شیعرو دەڵێ (لە ئاپاری ادبیەدا بەو خاصەیە کە حرکت روحیە و هیجائی بد یعی حاصل ئەکا وئەڵین شعر مسلا ئەڵێن لەم ئەپرە دا شعریا (شعرییتی) تیایە یعنی لەم کتێبەدا

خاصەیەکی مهیمە هەیە)[٥٦].د.کامیل زانستانە ئەم پێناسەیەی شیکردۆتەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە پەنجە لەسەر ڕاستییەکی گرنگ دادەنێ‌و پێی وایە کە شێخ نوری لەسەر ڕێچکەی ڕەخنەگرانی وەکو ئەرستۆو قدامە کوڕی جەعفەر نەڕۆیشتووە، بەڵکو بە تێڕوانینێکی نوێ خۆی لەوان جیادەکاتەوە کە لاسایی هیچ کەسێکی نەکردۆتەوەو بەجۆرێکی ڕەسەن لە سروشتی هۆنراوە تێگەیشتووە بەوەی کە تایبەتی کێش‌و سەروا لەم هۆنراوەدا بە شتێکی رووکەش لەقەڵەم داوە.[٥٧] ناتوانرێ بڵێین شێخ نوری لەم تێڕوانینە نوێیەیدا دەربارەی کێش‌و سەروا لاسایی هیچ کەسێکی نەکردۆتەوە، چونکە لەو سەردەمەدا ئەو دوو ڕەگەزەی شیعر وەك دوو بنەمای بنچینەیی پێکهاتەی دەقی شیعری مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، تا ئەو سەردەمەو دواتریش هێشتا سەرچاوەی بنیاتی ئاوازەیی شیعری کوردی بوون. لەبەرئەوە پێمان وایە ئەم تێڕوانینە نوێیەی لە ئەدەبی ڕۆژئاواوە گەلاڵە کردووە، بەلام گەلاڵەبوونی ئەم تێڕوانینە نوێیەی بۆ کێش‌و سەروا بۆخۆی هەنگاوێکی بوێرانەیە لە بواری نوێگەریدا کە لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا بنەمایەکی داهێنراوی شاعیرانی قۆناغە نوێگەرییەکە بوون لەهەمان کاتیشدا سیمایەکی دیاری شیعری سەربەست بوو.

بیری نوێگەری شێخ نوری لە وتارەکەیدا باسکردنی جۆرەکانی کێش‌و سەرواو سروشت‌و سەرچاوەکانیانە بەپێی تێڕوانینێکی نوێ‌و جیاواز لەو تێڕوانیانە کە پێشتر بۆ سەردەمانێکی درێژ خۆی سەپاندبوو بەسەر چەمکی شیعردا. هەروەك د.کامل بەسیر دەڵێ "شێخ نوری بەر لە نیو سەدە زیاتر بە پوختی ڕێگای بۆ ئەو ئاکامانە تەخت کردووەو پەنجەی خستۆتە سەر سەرچاوەی کێش‌و سەروا کە هەست‌و نەستی وێژەرەو سەرنجی بۆ سروشتی ئاهەنگ هۆنراوە ڕاکێشاوە کە جوانیە"[٥٨].

شێخ نوری دەڵێ "ماهیت حقیقەی وزن‌و قافیە ئاهنگە... ئەگەر فکرێکی جوان بە طرزێکی ئاهنگدار بیان وئیفادە بکەین لە روحی قارئین یاخود سامعین دا دوو نوع تاثیر حاصل ئەکا، اویتریشیان ئیفادەی او فکرەیە کە چند کلیمەیکی موزون‌و قافیەدارو اهنگدار بیانی ئەکین کە ئەمەیان عیناً وەکو موسیقی لە روحی او سامعەدا تاپیرێکی بدیعی حاصل ئەکا"[٥٩] لێرەدا شێخ نوری باس لە ڕەگەزێکی نوێ دەکات ئەویش ریتمە کە بەهۆی فکرەیەکی جوان‌و وشەی ئاهەنگدارەوە دروست دەبێ مەسەلەی (وچوح) وەك خواستێکی نوێگەری لە شیعردا بەلای شێخ نورییەوە مەبەست لێی ((ئەفکارو حیات لە سەهلی تێگەیاندنە).. کە قەصد لە نوسین ئەوەیە ئەو ئەفکارەی کە لە دەماغمانا حاصل ئەبێ بە شخص اخر ئیفهامی بکەین)).[٦٠] مەسەلەی ڕوونی لە ناوەڕۆکی شیعری کۆندا بەدەست ناهێنرێ هەربۆیە بەلایەوە رووکردنە شیعری روون‌و ئاشکرا پەیوەندی بە نوێخوازییەوە هەیە کە زیاتر لەو دەقانەدا بەدەست دەهێنرێ کە بۆ گەل دەنووسرێن. لێرەشەوە شێخ نوری لەنێوان هونەر بۆ هونەرو هونەر بۆ گەل دووەمیان پەسەند دەکات. لەم لایەنەشەوە د.کامیل بەسیر دەڵێ (شێخ نوری بەو تێڕوانینەی لەبارەی (وضوح) لە شیعردا بەشدار بابەتێکی ڕەخنەسازی دەکات کە لەشێوەی پرسیارێکدا بەرپاکراوە: ئایا وێژەر بۆ میللەت دەنووسێت یان دەبارەی میللەت بەرهەمەکانی ئەنجام دەدات؟)[٦١].

ئەم مەسەلەی ئاسانی‌و ڕوونییە لە شیعردا لای ڕۆژئاوا جێی بایەخ بوو، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا مەسەلەی دەربڕینی ئاڵۆزو ڕستەی تێکەڵ‌و داڕشتنی لێڵ لە شێوازی ڕەمزدا باڵی بەسەر جیهانە شیعریەکەی ئەو قۆناغەدا کێشابوو، بەڵام لەگەڵ بانگەشەکردنی شاعیرانی نوێخواز بۆ نوێگەری لە شیعردا مەسەلەی لێڵی‌و تەم‌ومژیش بەرەو کەمبوونەوە دەچوو، لەگەڵ هەڵکردنی بەیداخی نوێگەری کە بانگەشەی ڕوونی‌و بێگەردی‌و بێ لێڵی‌و شێوازی دەربڕینیان دا، ئیتر ئاسانی‌و ڕوونی وەکو سیمایەکی دیاری شیعری ڕۆژئاوا لەناو شیعری سەربەستدا پەرەی سەند.

لێرەدا ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەبێت کە شێخ نوری ئاگاداری ڕەوتی نوێگەری ئەورووپی بووە ئەم بۆچوونەشی لەوانەوە وەرگرتووە. بەم پێیە شێخ نوری وەك یەکەم بناغە داڕێژەری نوێگەری لە شیعری کوردیدا توانیویەتی بۆچوونەکانی لە چوارچێوەیەکی تیۆریدا بخاتەڕوو کە بنەماکانی ئەم نوێگەریەشی لە سەرچاوە ڕەسەن‌و خۆماڵییەکەی ئەدەبیاتی

کوردیمانەوە داڕشتووە. بەڵام لەهەمان کاتیشدا لە ڕێگەی ئەدەبیاتی تورکییەوە پێشتر بە ئەزموونی گەلانی تریشی بەستەوەو ئاگاداری گۆرانکاریو چەمکەکانی نوێگەری ڕۆژئاوا بووە، لەم بوارەشدا تێڕوانینەکانی ئاسۆیەکی فراوانیان لەبەردەم شاعیرانو لێکۆڵەرانی کوردستان کردەوە کە هەنگاو بەرەو نوێگەری بنێن.

(پیرەمێرد) یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی کە دەنگێکی دیاری ئەو بزوتنەوە نوێگەریەی شیعری کوردییە، پیرەمێرد وەك دەنگێکی دیاری بزوتنەوەی نوێگەریی شیعری کوردی لە نزیکەوە ئاگاداری جیهانبینی ڕۆشنبیری ئەدەبی تورکیو ڕۆژئاوا بووە، بەوپێیەی بۆخۆی نزیکەی ٢٥ ساڵ تەمەنی تاقیکردنەوەی شیعری لە تورکیا بەسەربردووە ئاگاداری هەموو ئەو ڕەوتو قوتابخانە ئەدەبیانەی تازەکردنەوەی شیعری تورکی بووە. هەربۆیە دەبێ لەژێر کاریگەری ئەو ڕەوتە نوێخوازیانەدا بۆیەکەمجار زاراوەی شیعری سەربەستی هێنابێتە ناوانەوە، بەڵام هەروەك د.دڵشاد عەلی لە ماستەرنامەکەیدا دەڵێ "پیرمێرد زاراوەی شیعری سەربەستی بەو چەمکەی ڕۆژئاوا بەکارنەهێناوە بەڵکو بۆ جۆرێك لە شیعر بەکاری دەهێنێت کە پابەندی سەروا نەبێت"[٦٢] هەرچەندە هیچ ئەزموونێکی شیعری خۆی بەو چەمکە نوێیە نەنووسیووە تەنها شیعرێك نەبێت کە لە ١٩٣٣ لەژێر ناونیشانی وەرگێڕانو بەناونیشانی (بەندی پەخشان بە واتای سەربەست)[٦٣].

لە ڕاستیدا ئەو دەقە هەڵگری تۆوی سیمای نوێگەرییە بە چەمکە ڕۆژئاواییەکەی، هەرچەندە وەرگێڕانە بەڵام دووبارە لە ژمارە ٥٩٧ لە ١٩٤٠ لە ژین دا بەدەستکارییەوە جارێکی تر بڵاوی دەکاتەوەو پێشەکیشی بۆ نووسیوە تیایدا باسی ڕەچە شکاندن دەکات، پیرەمێرد دەڵێ "ڕۆژنامەکەمان (ژین) شانازی بەمەوە دەکات کە لەم بەستێنەدا ڕەچەشکێن بووەو بۆ یەکەمین جارە شیعری سەربەست بڵاودەکاتەوە هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە پێشتر لە ژمارە ٥٩٦ی هەمان ڕۆژنامەی ژیندا هەوڵدانێکی دیکەش لەم بەستێنەی ڕەچەشکاندن شیعردا بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی (تۆ بۆ منی) بە سروش وەرگرتن لە شاعیری ئینگلیزی شیللییەوە کە ڕەمزی قەزاز نووسیبووی"[٦٤]. لەوسالانەدا کۆمەڵێك دەقی شیعری وەرگێڕاو بڵاوکراونەتەوە کە بۆخۆیان بەمەبەستی بانگەشەکردن بۆ سەربەستکردنی شیعرو نوێگەری هاتوونەتە ناوەوە کاریگەریشیان لەسەر ڕەوتی نوێگەری شیعری کوردی هەبووە. بەڕادەیەك کە ڕێگەو زەمینەخۆشکەربوون بۆ داهێنانی شێوازێکی نوێی وەك شیعری سەربەستو تێك شکاندنی شێوازی قاڵبی شیعری کۆن.

ئەم شیعرە ئەگەر وەرگێڕانیش بێت گرنگی خۆی هەر هەیە، بەتایبەتی لەناوهێنانی جۆرێکی شیعری نوێدا کە پێی دەوترێت (سەربەست). ئێمە وای بۆدەچین پیرەمێرد بەئەنقەست بە وەرگێڕانی بڵاوکردبێتەوە بەڵکو لە بناغەدا تاقیکردنەوەی نوێی شیعری تایبەت بەخۆی بووە بەڵام بۆ ئەو سەردەمە وەکو داهێنراوێکی نوێ کارێکی قورسە کە خوێنەری ئەو سەردەمە پەسەندی بکەن. ئەم دیاردەیە لای برایم ئەحمەدیش لە دەقی (بەرەو ڕووناکی)دا هەست پێدەکرێ. کە نەیانتوانیوە لە ژینگەیەکی تەقلیدی کە هێشتا گوێی خوێنەری شیعر بەم جۆرە لە ئاوازەیی شیعر ڕانەهاتووە تا شیعری بێ کێشو سەروا وەك تاقیکردنەوەی خۆیان بڵاویکەنەوە.

بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە شیعرە لەلایەن شاعیرێکی ناوداری وەکو پیرەمێردەوە هەنگاوێکی بوێرانە بووەو جێی سەرنجی ژینگە ئەدەبییەکەش بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە خۆشکەربووە بۆ شاعیرانی تر کە بیر لە هەنگاوێکی وابکەنەوە تا بەرەو نوێگەرییەکی تازەیان بەرێت.

هەروەك ئاشکرایە بەشی هەرەزۆری شیعرەکانی پیرەمێرد ستوونین، بەڵام لەنێوانیاندا چەند شیعرێکی برگەیی هەیە کە تاقیکردنەوەیەکی تازەن بە شێوازی نوێ نووسراون کە یەکێکیان شیعرێکی سەربەستە لەژێر ناوی شیعری سەربەست لە ژمارە ٣٦١ی ڕۆژنامەی ژیان لە ساڵی ١٩٣٣ بڵاوبۆتەوە:

تەلی چرایەك لە شەوقی تۆوە

بۆ جەرگو دڵم ڕاکێشراوە

ئەودەمەی کە تۆ بێ شەوقو کزی

چرای دڵی من ئەکوژێتەوە[٦٥]

هەر لەهەمانساڵدا پیرەمێرد دەقێکی نوێی لە ڕۆژنامەی ژیان ژمارە ٣٨١ بە ناونیشانی (گوڵستانی ڕەنگی زەرد) بڵاودەکاتەوە، هەر ئەم دەقە بە دەستکارییەوە لە ڕۆژنامەی ژیان ژمارە ٥٦١ لە ١٩٢٩ دووبارە بڵاودەکاتەوە:

ئەوا پایزە گوڵستان ڕەنگی زەرد

گەڵای دار وەری بای سەحەر ئاهی سەردە

باڵندە لە هەردە

دڵی پڕ لە دەردە

پەرێشانە سونبول، چنار بەرگی لوولە

گولی قەهقەهە ماتە، مینا مەلوولە[٦٦]

ئەم دیاردەی دووبارە بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە دەقانە کە بنیاتێکی نوێگەریان تێدایە بۆخۆی مەبەستو ئامانجێکی پیرەمێردی لەپشتەوەیە چونکە بەلایەوە جێی بایەخ بووە کە ئەم جۆرە شیعرە ببێتە ڕێبازێکی جێگیرو شاعیرانیش پەیڕەوی بکەنو بەرەوپێشەوەی بەرن.

ئەوەی جێی سەرنجە لەم دەقەدا ئەوەیە کە چەمکی بەیت تێکشکاوەو ژمارەی پێیەکان بە نایەکسانی بەسەر دێڕی شیعریدا دابەشکراون وەك دیارە پیرەمێرد پابەندی شێوازی قاڵبی ستوونی نەبووە. بەڵکو مامەڵەیەکی تازەی لەگەڵ بنیاتی ئاوازەییو قاڵبی شیعرەکەیدا کردووە.

هەروەها لە دەقێکی شیعری تریشیدا هەمان ڕێچکەی دووبارەکردۆتەوە لەسەر هەمان ڕێوشوێنی شیعرەکەی پێشتری دەقی شیعری (گۆرانی) لە ساڵی ١٩٣٥ بڵاوکردۆتەوە:

وابوو بە شەڕو هەڵڵا

جیهان خرۆشا

لاوانمان لە جێ هەڵسان

خوێنان جۆشا

ئاهە بۆ باسی وەتەن

دوانزە سوارەی مەریوان[٦٧]

فەرهاد پیرباڵ لە کتێبی شیعری نوێی کوردی دەڵێ "پیرەمێرد پێش کامەران بەدرخان یەکێکە لەو شاعیرانەی ڕۆڵی هەبوو لە ڕەهاکردنی شیعری کوردی بەرەو سەربەستی"[٦٨].

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە گۆران بناغەیەکی پتەوی بۆ نوێگەری لە شیعری کوردیدا داناوە، چونکە هەر زوو بۆ گەڕانەوە بۆ کێشی بڕگەییو شکاندنی کۆتی کێشو سەروای تەقلیدیو هەنگاونان بەرەو کەرتکردنی پێی کێشەکانو تێکەڵکردنی چەند کێشێك لە شیعرێکدا ئاسۆیەکی فراوانی لەبەردەم شیعری نوێدا کردەوە کە هەنگاوی نوێی تریشی بەدوادا بێتو تا بەیەکجاری شیعر لە سیستەمی یەکپارچەیی تەفعیلە ڕزگار بکرێت ئەوەبوو لای هەندێ لە شاعیران هەنگاوی لەو شێوازە نوێیە نراوەو بوێرانە دەرگایەکی تازەیان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی نوێگەری شیعری کوردیدا کردەوە. گۆرانی داهێنەر بەئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ نوێکردنەوەی شیعرو نوێگەریدا کردووە. هەر لەژێر گەشەسەندنی ئەدەبی ڕۆژئاواو

دواتریش ئەدەبی عەرەبیدا، لە چەند تاقیکردنەوەیەکی خۆیدا هەوڵی داوە بناغەی ئەو نوێخوازیە بچەسپێنێت و گۆڕانکاری لە کێش‌و سەروای شیعریدا بکات. هەروەك لە شیعری ئاواتی دووری دا رەنگی بۆ رشتبوو.

گۆران دەربارەی ئەم هەڵبەستەی دەڵێ: "ئەم شیعرانە لەسەر ئوصولی (فقره) رێکخراون هەر فەقەرەیەك عیبارەتە لە چوار بەیت، بەیتی یەکەم و چوارەم لەسەر وەزنی عەروز وتراون، دووەم و سێیەمیش لەسەر وەزنی پەنجە"[٦٩].

شیعرەکە لە پێنج بەند پێکهاتووە ئەمەش بەندی یەکەمێتی

ئەی چاو چەشنی بازی قەفەس هەڵوەرێ پەرت
کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دڵبەرت؟ — کێشی عەروزی موزارع

کوانێ دوو چاوی مەست؟ کوانێ؟
کوانێ برۆی پەیوەست؟ کوانێ؟ — کێشی پەنجە ٨ بڕگەیی

کوانێ زوڵفی ڕەش؟
کوڵمی ئاڵوگەش؟ — کێشی خۆماڵی ٥ بڕگەیی

کوا هەیکەلی جەمال؟
کوا حوسنی بێ میپال؟ — کێشی عەروزی موزارع

لەم دەقەدا چەند هەنگاوێکی نوێگەری نراوە کە جێگای سەرنجن، یەکەمینیان کێشەی عەروزییە کە لە دێڕی چوارەمدا کەرت کراوە لەجیاتی چوار، دوو تەفعیلەی هەیە.

پاشان کێشی خۆماڵییە کە دوو جۆر کێشی بەکارهێناوە (٨ بڕگەیی) و (٥ بڕگەیی) لەکاتێکدا پەیڕەوکردنی کێشی بڕگەیی بۆخۆی وەك هەنگاوێکی تازەکردنەوەی شیعری قۆناغەکە جێگیر نەبووبوو کەچی گۆران بە تێکەڵ کردنی دووجۆر کێش جۆرە تازەکردنەوەیەك‌و داهێنانێکی نوێی هێنایە ئاراوە کە بۆخۆی جێی سەرنج بووە "کە ئەمەش دیاردەیەکی زۆر دەگمەنە لە هەڵبەستی کوردیدا با لە هۆنراوەی فۆلکلۆریشدا بەکارهێنرابێ"[٧٠] لە رووی سەرواشەوە دەقەکە بە سەروای یەکگرتوو بنیات نەنراوەو ڕووی لە سەروای مەسنەوی کردووە.

گۆران لە (خۆزگەم بە یار، گۆڕان، سکاڵا، ئاهەنگێك لە ناوڕان، یار، پایز، ئاخ هەزار ئاخ، بەردەنووسێك، جیلوەی شانۆ)دا ڕێبازێکی تازە پەیڕەو دەکات، کە پابەند نابێت بە قاڵبی شێوازە کۆنەکەوە، بەڵکو پابەندی جۆرە قاڵبێکی نوێیە کە تیایدا چەمکی بەیت دەشکێنێت‌و ڕەچاوی سەروای یەکگرتووش ناکات. ئەم تاقیکردنەوە نوێیانە هەنگاوێکی تری نوێگەریەکەی بوون بەرەو فۆرمێکی نوێی شیعری کە تیایدا رەچاوی رەسەنایەتی دەکات‌و لەهەمان کاتیشدا پەیڕەوی هێنانەکایەوەی سیستمێکی نوێی شیعری دەکات کە تێیدا دەستکاری کێشەکان دەکات‌و بەپێی سەلیقەی خۆی کێشی ڕەنگاوڕەنگ بەکاردەهێنێت. ئەم دەقانە بە بەراورد لەگەڵ شیعری کلاسیکی‌و تەقلیدیدا دەتوانین وەکو ڕەوتێکی دژە باوی سەردەمەکەی لێیان بڕوانین، کە وەکو هەنگاوێك بەرەو شیعری سەربەست خۆیان دەنوێنن چونکە لە هەندێ شوێندا سنووری بەیتی دوو دێڕییان شکاندووەو کێشەکەیان لەسەر دێڕی کورت‌و درێژو پێی جیاواز دامەزراندووە.

یەکێ لەو دەقانەی کە لەم ڕووەوە سەرنج ڕادەکێشێ (بەستەی دڵدار)ە کە بۆیەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٠ بڵاوکراوەتەوە:

لەژێر ئاسمانی شینا
لەپاڵ لوتکەی بەفرینا — کێشی ٧ بڕگەیی

کوردستان گەڕام
دۆڵاو دۆڵ پێوام — کێشی ٥ بڕگەیی

نە لەشارو نە لەدێ ← كێشی ٧ برگەیی
نەمدی كەس ← كێشی ٣ برگەیی
وەك تۆ جوان بێ ← كێشی ٤ برگەیی
تۆیتو بەس ← كێشی ٣ برگەیی

كچە كوردێك دڵ پێی شادبێ
وەك فریشتەو پەریزادبێ! } كێشی ٨ برگەیی

"گۆران لەم شیعرەدا سێ جۆر كێشی برگەیی بەكارهێناوە كە بریتییە لە كێشی (٧، ٥، ٨) ئەوەی جێی سەرنجە جگە لە تێكەڵكردنی ئەم كێشانە كەرتكردنی كێشی (٧) برگەییەكەیە بەسەر سێ دێردا كە هەریەكەیان لەیەك پێ پێكهاتووە كە بریتین لە پێیەكی سێ برگەیی‌و چوار برگەیی‌و دیسان پێیەكی سێ برگەیی ئەم پێیانەش بۆخۆیان پێی كێشە حەوت برگەییەكەن جا بۆیە ئەم جیاكردنەوەیە هەنگاوێكە لە هەنگاوەكانی هۆنراوەی سەربەست"[٧١].

گۆران لە پەنجاكاندا بە تەواوی هەنگاو بەرەو نوێگەری دەنێتو ڕێچكەیەكی نوێتر لەبەردەم شاعیرانی نوێخوازدا دەكاتەوە. كە لە بنیاتی دەقە شیعرییەكانیدا پێی كێشە برگەییەكانی كەرت كردو دێڕی شیعری لەسەر پێ بنیات نا.

پەیڕەوكردنی كێشی خۆماڵی بە شێوازو قاڵبێكی نوێ‌و پابەندنەبوون بە یەكپارچەیی ژمارەی پێی كێشەكان‌و كەرتكردنیان‌و دابەشكردنیان بەسەر دێڕەكانداو پابەندنەبوون بە سەروای تەقلیدییەوە بناغەی ئەو نوێگەرییە تازەیەی لە پرۆسەی نوێگەری شیعری كوردیدا بە چاكی چەسپاند.كە دواتر لە ژێر ئەم گۆڕانكارییانەدا هەنگاوی تر نرا بۆ نووسینی شیعر بە چەمكە ڕۆژئاواییەكە كە تیایدا پابەند نابن بە كێش‌و سەروا.

گۆران لە وتارێكیدا كە لە ژینی ژمارە ١١٢٦و ١١٢٧ لە ساڵی ١٩٥٢ بڵاوكردۆتەوە باس لە نوێگەری شیعری ڕۆژئاوا دەكات‌و سەرەتاش باس لە شیعری پەخشانی دەكات كە لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەری هەڵداوە، كە یەكەمجار شاعیرەكانی فەرەنسە خستیانە گۆڕەوە، لایەنگرەكانی تازەبوونەوەی تری دنیا لەوانەوە وەریان گێڕا بۆ زمانەكانی خۆیان. ئەمانە پێیان وابوو كە كێش‌و سەروا بەندو زنجیرێكی بەبێ كەڵك‌و بەبێ پێویست دەست‌و پێ شیعریان بەستۆتەوە. سەرەڕای ئەوەی ڕێگریان لێ دەكرا، بەڵام لە سەدەی نۆزدەیەمدا چەند شاعیرێكی گەورەی ڕۆمانتیك سەریان بەرزكردەوە بە پابەندبوونی ئەوان ئیتر ڕێگرەكان ناچاربوون دەمیان لێك نێن‌و بێ دەنگ بن. لەدوادوایی سەدەی نۆزدەیەم‌و سەرەتای سەدەی بیستەما ڕاپەڕینێكی تریش لە شیعری ڕۆژئاوادا ڕوویدا. شیعریان شیعری سەربەستبوو ئەیان وت شیعر لەگەڵ مۆسیقا پەیوەندییەكی ئێجگار بەهێزی هەیە، لەبەرئەوە وەزن نەك بێ كەڵك یان پێویستە نیە بۆ شیعر، بەڵكو گەوهەر (عنصرێكی) بنجی (اصلی)یە لە گەوهەرەكانی دروستبوونی، بەڵام ئەو بەندو سنوورانەی بۆ شیعری كلاسیك دانراون ڕێگا لە شاعیر ئەگرن لە مەیدانی بابەتی نووسینەكەیان بە ئارەزووی خۆی ئەسپ تاودا.

بەم ڕەنگە لە ئەدەبی ئەمڕۆی ڕۆژئاوادا جۆرە شیعرێك كەوتۆتە گەڕ پێی ئەڵێن شیعری سەربەست یان سەربەست، شاعیری ئەم شیعرانە گەلێ دەسكاری لە وەزنە باوەكاندا ئەكەن‌و هەركەسێ بەپێی چێژو سەلیقەی خۆیان وەزنی ڕەنگاوڕەنگ بەپێی تەرتیبێكی تایبەتی لەیەك بابەتا ئەخەنە سەریەك‌و شیعری پێ دائەنێن. لە درێژەی وتارەكەیدا دەڵێ ((پێوانەی وەزن لای گشت نەتەوەكان وەك یەك نیە. هەرنەتەوەو وەزنێكی تایبەتی خۆی هەیە، بەپێوانەی تایبەتی زمانەكانی خۆیان ئەپێورێن، تەنانەت لە یەك نەتەوەدا ئەگونجێ لە پشتێكەوە بۆ پشتێ دەستوورو پەیڕەوەكانی وەزنی شیعر لە جۆرێكەوە بۆ جۆرێكی

تر بگۆڕدرێت. بەڵام هەرچی بابەتی قافیەیە لە شیعری ڕۆژئاوادا ئەو بایەخەی پێ نەدراوە کە شیاوی سەرنجێکی دوورو تیژ بێ، لە شیعری یۆنانیو لاتینی کۆندا قافیە هەر بەتەواوی نیە لە بەشێکی زۆری شیعری ئینگلیزیشدا هەروەها، بۆ نموونە بەهەشتی ونکراوی میللەت چیرۆکە تەمسیلییەکانی – شکسپیر– ناوبەناوێك نەبێ. کەوابێ ئەگەر بمانەوێ بەپێی نەریتێك، کە ڕەوایەو باوەو بەجۆرێك خۆی لەخۆیا هەیە شیعر تەعریف بکەین، ئەبێ وابڵێین: شیعر قسەی ڕێکخراوە بە ڕەنگێك کە لە خوێندنەوەیا هەست بەجۆرێکی وەزن بکرێت، بەڵام لەو ڕووەوە کە شیعر لقێکە لە ئەدەبو ئەدەبیش بە (ڕێکخستنی قسەی جوان) تەعریف کراوە. ئەبێ لەبیرمان نەچێ بنچینەی ئەم تەعریفەی سەرەوە لەسەر قسەی جوان وەستاوە.[٧٢]

گرنگترین تێبینی کە لەم وتارەی گۆراندا بەدەست دەهێنرێ، ئەوەیە کە چەمکی شیعری پەخشانی بریتییە لەو جۆرە شیعرەی کە نە کێشو نە قافیەی تێدا نییە... هەروەها شیعری سەربەست ئەو شیعرەیە کە جۆرێك لە کێشی تێدایە بەڵام بە گەلێك دەستکارییەوە. کە هەر شاعیرێ بەپێی چێژو سەلیقەی خۆی کێشی هەمەڕەنگ لە دەقێکی شیعریدا ئەخەن سەریەكو شیعری پێ دائەنێن.

بەشی زۆری بەرهەمە شیعرییەکانی گۆران کە لەدوای ساڵانی ١٩٥٢ بەدواوە نووسیونی بەپێی هەمان ئەو ناوەڕۆکەی کە لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێدەکات وەك یەکەم هەنگاونانی شیعری کوردی بەرەو ئەم چەشنە هۆنراوەیە خۆیان دەنوێنن، کە بنیاتی چەند دەقێکیان بە ئاوەزەیی نوێ ئەم جۆرە بۆچوونانەی بنیاتی ناون. ئەمەش ناونیشانی هەندێ لەو دەقە شیعرییانەیە  کە لەدوای ئەو وتارەیەوە نووسیویەتی:

(ئەنجامی باران، ماستاو، چۆقی یونسکۆ، موحاکەمەی مام چەوەندەر، نقو جق، چەقەڵ، لە زیندانا چواردەی تەمموز، بتو بتەوان، شۆڕشگێڕ، تاسەی دیدار، بۆ سەربازی جمهوریمان، بەڕێگەدا بەرەو کۆنفرانس، یادی پیرەمێردی بوێژ...)

برایم ئەحمەدیش لە وتاری (شیعرەکانمان)دا کە وتارێکی گرنگ وپڕ بایەخی بواری رەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبییەبەو پێیەی هەندێ تێڕوانینی نوێ سەبارەت بە چەمکی شیعر دەخاتەڕوو لەگەڵ دیدێکی ڕەخنەگرانەی نوێش دێنێتە ئاراوە بەتایبەتیش کە دێتە سەر باسکردنی شیعری کلاسیکی .  بەلامانەوە ئەم وتارە تەواوکەری وتارەکەی شێخ نورییە لەبواری هەنگاونان بەرەو نوێکردنەوەی شیعری کوردی.

د.کامیل بەسیر لە لێکۆڵینەوەیەکیدا زانستانە وتارەکەی شی کردۆتەوەو کۆمەڵێك ئەنجامی زانستیو گرنگی بەدەست هێناوە.. هەروەك ئەوەی برایم ئەحمەد کۆمەڵێك پێناسە بۆ چەمکی شیعر دەخاتەڕوو , بەڵام لە هیچیاندا باس لە کێشو سەروا ناکات بەڵکو زیاتر بیروڕای (شیلی) سەبارەت بە هۆنراوەو هەستیاران بە شێوازی خۆی دەگێڕێتەوە بەلایەوە هەروەکو شیلی کێشو سەروا بە ئاکامێکی رووکەش دادەنێت[٧٣].

نووسەر لە وتارەکەیدا لە جیهانبینی رۆشنبیری ئەورووپییەوە تێڕوانینەکانی لەبارەی چەمکی شیعرەوە گەڵاڵە دەکات و بانگەشە بۆ جۆرێك لە نوێگەری دەکات کە پێشتر شێخ نوری هەنگاوی بۆ نابوو. لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێ لە شیعری کوردیدا شیعرێك ناخوێنینەوە کە بەپێی ئەو پێناسانەی کە لە وتارەکەیدا خستوێتیڕوو نووسرابێت. چونکە بەلایەوە شیعری شاعیرانی کورد لە (وتنێکی وەزنداری قافیەدار) زیاتر بەولاوە هیچی تر نییە. "سەبارەت بە کێشو سەروا لە شیعردا لەگەڵ ئەو بۆچوونەداین کە برایم ئەحمەد زیاتر پێناسەکەی دەرحەق بە هۆنراوە روون دەکاتەوەو بە رەگەزی کێشو سەروا قایل نابێتو داوای رەگەزی تر لە هەستیارە کوردەکان بۆ بنیاتنانی هەڵبەستەکانیان دەکات. ئەمە راستییەکە بەڵام ئەم رەگەزانە چین؟! ئایا سۆزو هەڵچوونو مۆسیقای ناوخۆییو ئەندێشەو وێنەی هونەرین؟ یاخود داوای پچڕاندنی کۆتو زنجیری کێشو سەروا لە هەستیارەکان دەکاتو دروشمی هۆنراوەی (سەرفراز) واتە (الحر) بەرزدەکاتەوە؟ نووسەرەکەمان بەڕاستی

ئەم پرسیارانە بەبێ وەڵام دانەوە دەهێڵێتەوەو تۆوی گومانو دوودڵی لە زەمینەی هۆنراوەی کوردیدا دەوەشێنێو خوێنەری کورد بە سەرگەردانی دەهێڵێتەوە"[٧٤].

بەم پێیە ( برایم ئەحمەد )یەکەم ڕەخنەسازیی جەسووری کوردە کە لەو سەردەمەدا ویستوویەتی ڕێگای هۆنراوەی ڕاستەقینە بۆ شاعیرە کوردەکان نەخشە بکێشێت، بەڵام بەداخەوە تەنها هەر ئەوەندەی پێکراوە کە سەری گوریسەکە بدات بە دەستەوە.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەم وتارە یەکەمجار لە ساڵی ١٩٣٢ لە ژیان بڵاوکراوەتەوە، لەبەر گرنگی و بایەخی پەیامەکەی جارێکی تر لە ساڵی ١٩٣٣ نووسەر لە یادگاریو لاوان بڵاوی دەکاتەوە. ئەم جەخت کردنەوەی نووسەر لەسەر وتارەکەی دەمانگەیەنێتە ڕاستییەکی ئامانجدار کە لەژێر کاریگەری ڕەوتی نوێگەری شیعری جیهانی ئەم تێڕوانینەی لا گەڵاڵەبووبێت. لەکاتی خۆشیدا ڕەفیق حیلمی بۆچوونەکانی ئەم وتارە ڕەخنەییە (بە بناغەی شیعری نوێ دادەنێت)[٧٥]. هەربۆیەش د.فەرهاد پیرباڵ پێی وایە (ئەم وتارە بە مانیفێستێك دەچێت بۆ شیعری کوردی)[٧٦]. هەروەها د.محەمەد فازیلیش رای وایە کە ئەم وتارە دەنگی ڕەخنەی کوردییە بە بانگەشەکردن بۆ نوێگەری شیعری کوردی.[٧٧] نووسەر لە وتارەکەیدا بڕیارێکی بوێرانەی داوە بەوەی کە شیعری کۆن ڕەت دەکاتەوەو سەرلەبەریان بە وتنێکی کێشدارو سەروادار لەقەڵەم دەدات.

لەو سەردەمەدا ئەم جۆرە بڕیارە زۆر قورس بووە چونکە هەروەك گۆران لە ١٩٥٠ لە پێشەکی بەهەشتو یادگارەکەیدا دەڵێ "پەیڕەوکەرانی شیعری کۆن هێشتا ڕێژەیەکی زۆر پێکدەهێنن". ئەم وتارە تا ئاستێکی باش کاریگەری لەناو بازنەی جیهانبینی شیعری کوردیدا جێهێشتووە. ڕەفیق حیلمی لە کتێبی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا لەچەند شوێنێکدا ئاماژەی بەم وتارە کردووە کە پێی وایە لە ڕوانگەی بۆچوونەکانی ناو ئەم وتارە دەتوانین بڕیار لەسەر شیعری شاعیرە تازەکانمان بدەین.[٧٨] هەروەها لە جێگەیەکی تریشدا باس لە بۆچوونەکانی ئەو وتارە دەکات کە بەلایەوە بانگەشە بۆ بابەتێکی تازە دەکات کە ئەیانەوێ لە شیعرا (بروسکە)یك هەبێ کە لە خەو خەبەرمانکاتەوە (بریسکە)یك هەبێ ڕێی ژیانمان بۆ ڕووناککاتەوە سیحرێکی تیابێ خوێنمان بخاتە گەڕ.[٧٩]

برایم ئەحمەد هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی وتارەکەیدا لە یادگاری لاوان دەقی شیعری (یادگارو هیوا)* بڵاودەکاتەوە کە لەڕووی ناوەڕۆکەوە ئەو جۆرە شیعرەیە کە خۆی لە وتارەکەیدا بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵام لەدوای چەند ساڵێك دەقی شیعری (بەرەو ڕووناکی)* بڵاودەکاتەوە کە لە ناوەڕۆكو ڕووخساریشدا لەگەڵ بۆچوونەکانی وتارەکەیدا یەکدەگرێتەوە کە لەڕووی تیۆرییەوە خستوونیەتییە بەردەست.

بەرەو ڕووناکی

لەناو جەرگی تاریکییەوە
دەست بە کەلەبچەو تەوق لە ملو زنجیرلەپێ
لە کانگای نەزانیو هەژاریو دیلییەوە
کەوتوومەڕێ، هاتووم، ئەڕۆم بەرەو ڕووناکی
پشتم داڕزاوی جەزرەبەی قەمچییە
ناوچەوانم تفی پیا دێتەخوارەوە
پێم شەلی دارکارییە
فرمێسك لە چاوما قەتیس ماوە
پێستم بەسەر ئێسکما وشك بۆتەوە

بەڵام بە دڵێکی وەك پۆڵاوە

ڕێم گرتۆتەبەر، ئەڕۆم بەرەو ڕووناکی

ماندووم‌و ڕێگاکەم دوورە

برسیم‌و دوژمنەکانم تێرن

ڕووتم‌و ئەوان پۆشتەن

بێ هێزم‌و ئەوان بە دەسەڵاتن

من دەست‌و پێ بەستراوم‌و ئەوان بەرەڵان

لەگەڵ ئەوەشا بە ویستێکی نەگۆڕو گیانێکی نەبەز

ژانێکی مەردانەوە، ئەڕۆم بەرەو ڕووناکی

مامۆستا حسێن عارف یەکەمجار لە یەکەم وتاری دەربارەی شیعری تازە بۆ ئەوە چووە کە شیعری بەرەو ڕووناکی دەقێکی شیعری نوێیە داماڵراوە لە کێش‌و سەروا[80].

پێمان وایە ئەم دەقە سەرەتای دامەزراندنی قوتابخانەی شیعری تازەی کوردی یە کە بە چەمکی شیعری سەربەست لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا نووسراوە.

حسێن عارف هەر لە بنەڕەتدا لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی قوتابخانەی شیعری نوێی عەرەبی (نازك الملائكە– بدر شاكر صبار– عەبدوالواحید البیاتی) کەوتۆتە خۆی‌و باس لە شیعری تازە دەکات کە لای عەرەبەکان جێگەی خۆی گرتووە. هەرچەندە لە پێناسەکردنی ئەم قوتابخانەیە کەوتوونەتە هەڵەوە، وای دەخاتەڕوو کە بانگەشە بۆ جۆرێك شیعر دەکات کە داماڵرابێ لە کێش‌و سەروا لەکاتێکدا شیعری سەربەست لەو قوتابخانەیە ئەوە ناگەیەنێت بەڵکو هەر پابەندی کێش‌و سەروایە. لە هێنانەوەی نموونەی شیعریش بۆ ئەم جۆرە شیعرە تووشی هەڵەبووە چونکە دەقی شیعری بەرەو ڕووناکی برایم ئەحمەدو دەقی شیعری (چۆن گەنجێکم)ی نووری وەشتی بە نموونە هێناوەتەوە کە داماڵراون لە کێش‌و سەرواو پەیڕەوی ئەو بنەمایانەیان نەکردووە کە نازك الملائكە ئاماژەیان پێدەکات. بەڵام مامۆستا حسێن عارف دیارە مەبەستی شیعری سەربەستە بە چەمکەکەی نازك، چونکە دواترو لە کتێبی کامەران‌و هۆنراوەی نوێ جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە مەبەستی لە شیعری تازە ئەوە نیە کە پەیڕەوی کێش‌و سەروا نەکرێ بەڵکو دەڵێ ئەم جۆرە لە شیعر هەر پەیڕەوی ئەو بەحرانە دەکات کە شیعری کۆن پەیڕەوویان دەکات. هەروەك زیاتر لە وتاری (ڕایەك لەبارەی شیعری سەربەستەوە) زیاتر مەبەستەکانی لەبارەی شیعری سەربەستەوە ئاشکرا دەکات.[81]

شاعیرو نووسەر (لەتیف هەڵمەت)یش هەمان بۆچوونی (حسێن عارف) دووپات دەکاتەوە کە دەقی (بەرەو ڕووناکی) بە پەخشانە شیعر لەقەڵەم دەدات.[82]

د.مارف خەزنەدار لەبارەی دەقی بەرەو ڕووناکی برایم ئەحمەدەوە دەڵێ "بەرەو ڕووناکی بەرهەمێکی ئەدەبی داهێنراوی ئیبراهیم ئەحمەدە، لە نێوەندی ئەدەبیدا زۆر بەناوبانگە، لەکاتی خۆیدا بڵاوکرایەوە ڕووی ڕەخنەی لێکرایەوە. هەندێ کەس بە پەخشانیان دادەناو هی دیکە پەخشانە شیعریان پێ دەوت (یان شیعری پەخشانی) سێیەمیان بە شیعری نوێی تەواویان دەژمارد"[83]. ئەوەی تێبینی دەکرێ لە بۆچوونەکانی د.مارف ئەوەیە ئەو دەقە بە دەقێکی داهێنراوی برایم ئەحمەد لە قەڵەم دەدات. هەرچەندە ڕای خۆی لەبارەی ئەو بەهەمەوە دەرنەبڕیوە بەوەی ئایا لە ڕووی فۆرمە سەر بە کام لەو جۆرانەی شیعرە. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا پێی وایە نموونەیەکی بەرزی ئەدەبی کوردییە. هەروەها تێبینییەکی تریش کە جێی سەرنجە

ئەوەیە مارف خەزنەدار شیعری نوێی بۆ ئەو جۆرە شیعرانە بەکارهێناوە کە لە ئەدەبی عەرەبیدا نازك الملائکە ناوی ناوە شیعری سەربەست بەڵام پێدەچێت لێرەدا بۆ ئەم دەقە دەستەواژە یاخود ناوی (شیعری نوێی تەواو) بەکاردەهێنێت جیاوازە لەو شیعرە سەربەستەی ئەدەبی عەرەبی، چونکە ئەم دەقە پابەندی هیچ جۆرە کێشو سەروایەك نیەو بەتەواوی سەربەستە. کەواتە وەکو ئەو جۆرە شیعرە سەربەستەیە کە لە ئەوروپادا پەیڕەو دەکرێت، چونکە برایم ئەحمەد بایەخی بە شیعری بێگانە داوە، کۆمەڵێك لە جوانترین شیعری نەتەوەکانی گێتی وەرگێڕاوەتەسەر زمانی کوردی)[٨٤]. جگە لەوانەش بۆخۆی لە وتاری شاعیرەکانمان بانگەشە بۆجۆرێك لەم شیعرانە دەکات.

کامەران موکری یەکەم بەرهەمی لەبواری شیعری سەربەستدا بە چەمکە ڕۆژئاواییەکە داماڵراو لە کێشو سەروا لە ڕۆژنامەی ژین ژمارە ١٢١٥ پێنج شەممە ١٦|٩|١٩٥٤ بە ناونیشانی (لەدایکبوونی ئینسانێك) بڵاودەکاتەوە. ئەمە بەشێکی ئەو شیعرەیە:

شەو
تریفەی مانگ
loورەی تیژ
هاژەی ئاو
خوڕەی چەم
دێی بێدەنگ
لە دۆڵێکی کچی مندا
لانکەی برسی ڕووت
پێستی بەسەر ئێسکدا لکاو
شتیالی چڵکن
دەستی پۆخڵ
پێی کرێشاوی
پشتی بە دار جەزرەبەدراو

هەر لەهەمان ڕۆژنامەو لە ٢٣|٩|١٩٥٤ دا شیعرێکی تری سەربەست بە ناونیشانی (کە مردم) بڵاودەکاتەوە.

لەڕاستیدا ئەم هەنگاوەی کامەران موکری لە نووسینی شیعری بێ کێشو سەروا داهێنانێکی نوێو نامۆ بوو بە تاقیکردنەوەی شیعری کوردی. بەڵام نەیتوانی درێژەی پێ بداتو خۆی بچەسپێنێو بەردەوام بێ لەسەری.

نوری وەشتی یەکەم بەرهەمی شیعری بەپێی چەمکەی سەربەستو داماڵراو لە کێشو سەروا لە ساڵی ١٩٥٣ شیعرێکی بە ناونیشانی (تاریکی) لە سێ ژمارەی یەك لەدوای یەکی (١١٦٧، ١١٦٨، ١١٦٩)ی ڕۆژنامەی ژین بڵاودەکاتەوە کە ئەمە سەرەتاکەیەتی:

شەوە تاریکی باڵی ڕەشی درێژ
کردووە
سنگی زۆر بەهێز داکوتاوە
چنگەکانی لەملاولەولای خۆی
گیرکردووە

دانەکانی وەك دڕندە دەرپەڕیووە

بە چاوی زەقەوە ئەڕوانێ

ئەڕوانێ لە دوورو نزیك

لەسەروبنی هەموو ڕێگایەك

لەسەر چڵی هەموو،

دارێك

لەبن بەردو بەناو پاسارەکان

زۆر تیژ ئەڕوانێ

لە ١|٢|١٩٥٥ دووەم شیعری سەربەستی خۆی (چۆن گەنجێکم) لە ژمارە (١٢٧٤)ی ڕۆژنامەی ژین بڵاودەکاتەوە. لەبارەی ئەم شیعرەوە حسێن عارف وتارێك بەناونیشانی (قوتابخانەی شیعری تازە) ئەنووسێ‌و تیایدا تێڕوانینی خۆی بەچڕی لە بارەی شیعرەکەوە گەڵاڵە دەکاتو دەڵێ "پارچە شیعرەکەی کاك وەشتی سەرەتای دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیەیە لە شیعری کوردیدا" لە ڕاستیدا بۆچوونەکەی لە ڕوانگەی قوتابخانەی نازكو هاوڕێکانیەوە گەڵاڵە کردووە، نموونەی شیعری سەربەست لەو قوتابخانەیە هێشتا هەر پابەندی کێشو سەروان، بەڵام ئەم دەقەی وەشتی داماڵراوە لە کێشو سەروا.

یەکێکی تر لەو شاعیرانەی کە بۆتە جێگای سەرنجی ڕەخنەگران (کامل ژیر)ە، کە هەر لە پەنجاکاندا بە شیعری نوێ دەستی پێکردو لەم بوارەشدا کۆمەڵێك شیعری نووسیووە کە خۆیان بە هەردوو چەمکەکەی شێوازی شیعری سەربەست دەنوێنن وەك ئەوەی هەندێکیان بێ کێشو سەروانو هەندێکی تریشیان کێشو سەروادارن هەروەکو خۆشی لە پێشەکی یەکەم کۆمەڵە بەرهەمێکیدا ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێ ((ئەم کۆمەڵە هەڵبەستەی من لێرەدا پێشکەشتانی دەکەم لە هەموو جۆرەکانی هەڵبەستی تازەی تێدایە، من تا ئێستا جۆرێکی تایبەتیم نەگرتووە بۆ هەڵبەست وتن))[٨٥].

بەپێی وتەکانی خۆی ژیر لە نووسینی شیعردا لەسەر یەك شێواز نەگیرساوەتەوە لە هەردوو جۆرەکەی شیعری سەربەست تاقیکردنەوەی شیعری هەیە. لە یەکەم کۆمەڵە بەرهەمەکەیدا ئەم دەقانەی (کەشتێك، دوانامە، بۆ گوڵی ئاواتم، سپڵە) بەبێ کێشو سەروا بنیات ناوە. دەقەکانی تریشی بە پابەندبوون بە کێشو سەروا نووسیووە، بەڵام ژیر لەدوای ئەو کۆمەڵە بەرهەمەیەوە نەچۆتەوە سەر شێوازی شیعری بێ کێشو سەروا، بەجۆرێك بەتەواوی وازی لێهێناو لێیان پەشیمان بۆتەوەو دواتریش کە دووبارە بڵاویانی کردەوە لەسەریانی نووسی پەخشان، بەڵام زیاتر ڕووی لەو ڕێچکەیە کرد کە لە ئەدەبی عەرەبیدا هاتە کایەوە ئەویش پەیڕەوکردنی کێشو سەروا بوو لە نووسینی شیعر، بەڵام بە شێوازێکی نوێ کە شاعیر بە ئارەزووی خۆی یاری بە کێشە باوەکان دەکاتو هەندێ جاریش پابەندی سەرواش نابێ.

کامل ژیر دەڵێ "ئەگەر لە مێژووی تازەی وێژەی کوردیشماندا بۆ سەرەتا ئەو دیاردەیە بگەڕێنو ئەوە بە شانازی بزانینو ناوی بنێین تازەکاری، یان سەرەتای دەستپێکردنی هەڵبەستی سەربەست، ئەوا لە پەنجاکاندا خاوەنی ئەم دێڕانەو چەند هەستیارێکی هاوتەمەنی ئەو، وەك مامۆستا حسێن عارف دەڵێ: "کامەرانو دەشتیو ژیر" هەندێك هەوڵدانیان هەیە لەوبارەیەوە، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم ئەو هەوڵدانانەی لەسەر بنچینەی وازهێنان بوو لە کێشو سەروا، ئەوا نەك هەر بە تازەکارییان دانانێم، بەڵکو بە گەڕانەوەیەکیشیان ئەزانم بۆ دواوە لە هەڵبەستدا . لەبەرئەوە من هەرزوو وازم لەو ڕەوتە هێناو گەڕامەوە سەر کێشو سەروا، بەڵام بەشێوەی کۆنە دەقگرتووەکە نا، بەڵکو بەجۆرێکی تازەو گۆڕاو".[٨٦]

لەم وتارەی خۆیەوە چەند ڕاستییەکمان بۆ ئاشکرا دەبێ بەکورتی سەرنجی خۆمانیان لەبارەوە دەخەینە بەردەست. ژیر لەسەرەتای تاقیکردنەوەی شیعری خۆیدا باس لەوەدەکات کە لە نووسینی شیعردا هەوڵی نوێگەری هەیەو شانازیشی پێوە

دەکات کە بریتی بووە لە پابەندنەبوون بە کێشو سەروای شیعرییەوە کە ئێستاو دوای ماوەیەك بەسەر ئەو هەوڵانەیدا بە تازەکاری دانانێت، بەڵام ناتوانێت ئەو ڕاستییە بشارێتەوە کە چەند دەقێکی بەم چەمکە نوێیەی شیعر بنیات ناوە کە بۆ خۆشی ناوی هەڵبەستی سەربەستی لێناوە. بەلای ئێمەوە ئەو هەوڵانەی ژیر وەکو یەکەم هەنگاو بۆ نووسینی شیعر بە چەمکەکەی ئەوروپا بناغەو دەستپێشکەرییەکی پڕ بایەخە بۆ قۆناغە ئەدەبیەکەو بزافی نوێگەری کوردی کەچی شاعیر لێیان پەشیمان دەبێتەوە بەتەواوی واز لەو ڕێچکەیە دەهێنێتو ڕوو لەو ڕەوتەی تری نوێگەری دەکات کە شاعیر پابەندی کێشو سەروا دەبێت، بەڵام بەشێوە کۆنەکە نا، بەڵکو بەوجۆرەی کە گۆڕانکارو دەستکاری لە کێشی خۆماڵی (بڕگەیی)و سەروای یەکگرتوودا کراوە، کە لە باسەکانی دواتردا دێنە سەر ئەم ڕەوتە لای کامل ژیر.

بەڵام نموونەی شیعری سەربەست بە چەمکەکەی ڕۆژئاوا لای هەر لە یەکەم کۆمەڵە بەرهەمەکەیدا دەنگی داوەتەوە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانمانو وتەکانی خۆی لەبارەی شیعری سەربەستەوە ڕوو لەو بەرهەمانەی دەکەین کە خۆی بە شیعری بێ کێشو سەروا ناوی بردوونو هەر خۆشی ئەم شیعرانەی بە شیعری سەربەست ناوناوە کە بۆخۆی ناولێنانێکی ڕاستەو دروستە نەك دواتر کە ئەم دەقانە بڵاودەکاتەوە لەسەریان دەنووسێ پەخشان.

کامل ژیر لە دەقی (گەشتێك)دا کە نموونەی شیعری سەربەستە بە چەمکی ڕۆژئاوا دەڵێ:

ئێوارەیە<br>
زەردەی زێڕینی ڕۆژی دەم کەل<br>
لاگیرەی سەری لوتکەی کێوانە<br>
درەوشانەوە<br>
شنەو شەپۆلی شەماڵ<br>
ئەدات لە گیاو گوڵاڵەی چیمەن<br>
لە درکی قەدپاڵ<br>
لە پەلەی تەرسیل<br>
لە چڕوچۆڵی ئەرخەوان<br>
چۆپیو سەرمایە، ئاهەنگ گشتە<br>
بوکیش سرووشتە[87]

ئەم دەقە کە هی سەرەتای ساڵانی پەنجاکانە بەو شێوازە نوێیەی شیعری سەربەست نووسراوە کە داماڵراوە لە کێشو سەروا لەکاتی خۆیدا سەرنجی لێکۆڵەرانی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو بەجۆرێك کە کەسێکی وەکو حسێن عارف شاعیرێکی نوێگەری قۆناغەکە ناوی بهێنێت وەك دیارە تا ڕادەیەکیش کاریگەری لەسەر ڕەوتی شیعری نوێی قۆناغە ئەدەبییەکە هەبووە. هەروەها کۆمەڵە دەقێکی تریشی وەکو (دوانامە، گەشتێك، بۆگوڵی ئاواتم، سپڵە لە دیوانی نازەنین)دا کە لە نازەنین لە ١٩٥٨ بڵاوبۆتەوە لەسەر هەمان شێواز نووسراون کە کێشو سەروایان تێدا نیە لە شیعری (بۆگوڵی ئاواتم) دەڵێ:

لەگۆشەیەکی تاریكو نوتکدا گیرماوم<br>
بەهەرلادا ئەڕوانم<br>
گوێ هەڵدەخەم<br>
دەنگێك نیە بۆ دڵەی هەناوبڕاوم<br>
ئەو بایەی پێی ئەژیام

ئەو بۆنەی مێشکی ئەکردەوە

ئەو چرایەی ڕێی ڕوون ئەکردەوە

ئێستا لێی برراوم[88]

بەم پێیە شیعری سەربەست بە چەمکە ڕۆژئاواییەکەی لە شیعری کوردیدا تاك تاك بووەو لە پەنجەی دەست تێنەپەڕیوە. جگەلەوەش لای شاعیران و تەنانەت ڕەخنەگرانیش ئەم تاقیکردنەوە نوێیەیان بەهەڵە بە شیعری پەخشانی لەقەڵەم داوەو، هەندێ جاریش بەهەڵە دەقێك جارێك بە شیعری سەربەستو جارێکیش بە شیعری پەخشانی لەقەڵەم دراوە. سەرەڕای ئەوەی هیچ جیاکارییەکان لەنێوان شیعری سەربەست بە چەمکە ئەورووپییەکەی و چەمکە عەرەبییەکەی نەکردووە لەکاتێکدا سیمای هەرە دیاری سەربەستی ڕۆژئاوا ئەوەیە کە شاعیر پابەند نەبێ بە کێشو سەرواوە، بەڵام سیمای هەرە دیاری سەربەستی عەرەبی ئەوەیە شاعیر پابەندە بە کێشو سەرواوە، بەڵام بە چەمکە کۆنو تەقلیدیەکەی نا بەڵکو بەشێوەکەی تر کە شاعیر ژمارەی پێی کێشەکان بە ئارەزووی خۆی دابەش دەکات، بەڵام بە سیستەمێکی دیاریکراو واتە ژمارەی پێیەکان لە دێڕەکەوە بۆ دێڕێکی تر بە نایەکسانی دابەش دەبێتو هەر بۆیەش درێژیو کورتی دێڕەکان لەم جۆرە شیعرەدا بە ئاشکرا دیارە. جا ئەوەی جێی سەرنجە شیعری سەربەست داماڵراو لە کێشو سەروا لای هیچ کام لەو شاعیرانەی ناومان بردن نەچەسپاو نەبوون بە ئەزموون. ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ئەوەبوویێت کە تا ئەو سەردەمە خوێنەرو تەنانەت شاعیرانیش هێشتا هەر چێژیان لەو جۆرە شیعرانە وەردەگرت کە پەیڕەوی کێشو سەروا دەکەنو بایەخ بە مۆسیقای دەرەکی دەدەن نەك ریتمی ناوخۆیی، بەڵام بەرەی نوێگەری و چێژی ریتمی نوێ سەرەڕای ڕێگرییەکان هەر بەرەوپێشەوە هەنگاویان دەناو داهێنەرانی ئەم بوارە ڕەوتو ڕێڕەوی شیعری سەربەستیان بە داماڵینی کێشو سەروا لەنێوان ململانێی کۆنو نوێدا بە یەکجاری یەکالاکردۆتەوە. لە ساڵانی هەفتاکاندا بەیەکجاری بناغەی ئەم جۆرە شیعرە لەلایەن شاعیری داهێنەر لەتیف هەڵمەتەوە دادەنرێتو بەم هەنگاوەش شیعری کوردی پێدەنێتە ناو قۆناغێکی تازەوە.

هەروەك زۆربەی لێکۆڵەرانیش پێش ئێمە گەیشتوون بەو ڕاستییەی کە یەکەم شاعیر لەدوای قۆناغی گۆران هەوڵی نوێگەری دابێتو شیعری بەتەواوی لە کێشو سەروا داماڵیبێ هەروەکو ئەوەی لای ڕۆژئاوا ڕوویدا (لەتیف هەڵمەت)ە، کە بە (١٦) دەقی شیعری داماڵراو لە کێشو سەروا لە یەکەم کۆمەڵە بەرهەمی بەناوی (خواو شارەبچکۆلەکەمان) کە لە ١٩٧٠ بڵاوبوویەوەو بناغەی ئەم جۆرە شیعرەی لە بزافی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا دامەزراندو لەو ساڵەشەوە بوو بە مۆدێلێکی تازە داهێنراوی چەسپاو لە دنیای شیعری کوردیدا. بەم کارەشی ئەوەی سەلماند کە شاعیرانی کوردیشو زمانی کوردیش لە توانایدایە بەو چەمکە نوێیە شیعرەکانیان بنیات بنێن. دیارە هەروەکو شاعیران خۆیشیان ئاماژەیان پێکردووە، سوودیان لەو هەوڵەی نوێگەری شاعیرانی عەرەبی وەرگرتووە کە بەرهەمەکانیان لە گۆڤاری شیعرو گۆڤاری ٦٩ی شیعر بڵاوکردۆتەوە بە شێوازێکی تازەو نوێ کە ناویاننابوو شیعری پەخشانی کە بەهەڵە ئەم ناوەیان بۆ ئەوجۆرە شیعرە بەکاردەهێنا.[89]

بەم پێیە لە ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە شیعری سەربەست بە چەمکەکەی ڕۆژئاوا دەبێتە بنەمایەكو تەنانەت پێوەرێك بۆ نوێخوازی کە لە ڕێگەی شاعیرانی نوێخوازی کفری و هەندێ لەو شاعیرانەی لە گۆڤاری ڕوانگەدا دەیاننووسی ئیتر شیعری سەربەست بە تەواوەتی جێگەی بە شیعری ستونیو هیجایی شێوازی گۆران چۆڵ دەکات.[90]

دیارترین سیمای ئەو دەقە شیعرییانە ئەوەیە کە داماڵراون لە کێشو سەروا، چەمکی دێر تێکشکاوەو جەخت دەکاتە سەر جۆرێك ریتمی تایبەت کە پێی دەوترێت ریتمی ناوخۆیی، سەرچاوەکانیشی بیتو دەنگو وشەو ڕستەی شیعریو کۆپلەیە. هەندێکجاریش سەروای ناوەوە کە لە دووبارەکردنەوەی دەنگی وشەکانی دروست دەبێ.

لەم جۆرە شیعرانەدا وێنەکانو دەربڕینەکان چڕو دەوڵەمەندنو ڕەهەندی قوڵو فرە لەخۆیان هەڵدەگرن، کە دوورە لە شەرحی مەنتیقیو درێژدادریی بەڵکو کورتو چڕەو جەخت دەکاتەوە سەر چوارچێوەیەکو بەدوای فۆرمێکی تەواوبوودا دەگەڕێت. ئەم شیعرە هەروەکو شیعری سەربەستی عەرەبییە کە لەسەر لاپەڕە شێوازێکی پەیژەیی هەیەو واتاکان دێڕەکان دەست نیشان دەکات.

(لەتیف هەڵمەتو هاوڕێکانی هەر لە سەرەتاوە دەستیان کردبوو بە خوێندنەوەی بەرهەمی شاعیرانی نوێخوازی عەرەبی، ئەوانەی لە گۆڤاری (شیعر)ی لوبنانیو گۆڤاری (الکلمه) بڵاودەکرانەوە، دواتریش گۆڤاری شیعری ٦٩ی عێراقیو هەروەها گۆڤاری (المعلم الجدید) کە شیعری مایکوفسکیو بۆ دلێرو مالارمیەو هۆگۆو نازم حیکمەتو شاعیرانی تری نوێخوازی جیهانیان تیا بڵاودەکرایەوە. دوای سوودوەرگرتنو دەوڵەمەندکردنی بەهرە شیعرییەکانیان بڕیاریان دا لە بازنەی شیعری باوی کوردیو ڕێچکەی شیعری گۆران دووربکەونەوە. بەتایبەتی هەڵمەت هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی کێشو سەروای شیعری داو لە کێشی هیجاو برگەش یاخی بوو).[٩١]

کەواتە یەکێك لە سیماکانی پرۆسەی نوێگەری لە هەفتاکاندا کە لەتیف هەڵمەت یاخود گروپی کفری (فەرهاد شاکەلی، لەتیف هەڵمەت، ئەحمەد شاکەلی..) ئەفراندیانو پەرەیان پێدا شیعری سەربەست بوو بەو چەمکەی کە لای ڕۆژئاوا پەیڕەو دەکرا. لەدوای ئەو کۆمەڵە بەرهەمەی ئەو گروپەوە شیعری سەربەست بوو بەشێوازێکی هەرە دیارو باوی قۆناغی شیعری کوردی هاوچەرخ. سەرجەمی ئەو شیعرانەی کە بێ کێشو سەروان هەڵمەت لە دیوانی یەکەمی (خواو شارە بچکۆلەکەمان)دا بڵاوی کردۆتەوە، کۆمەڵە دەقێکی سەرکەوتوونو تەکنیکی تازەگەرییان تێدایە بەتایبەتی (شیعری ئەم کولەکانە ئەشکێنم، لە باوکێکی کلیل ونبوو، مردن لە کوێی شەوایە، لقی هەتاو، پەیکەرێك بۆخۆم ئەتاشم..)

سەرجەم ئەو دەقانەی بەم شێوەیە نووسراوە ١٦ دەقە کە لەڕووی فۆرمو ناوەڕۆکەوە زۆر جیاوازن لە شیعرەکانی تریو تەنانەت شاعیرانی تری دەوروبەری ئیتر لەدوای ئەم کۆمەڵە شیعرەوە بەتەواوی ئەو ڕێچکەیەی گرتو وازی لە شیعری خۆماڵیو ستوونیو تەنانەت کێشی برگەیی سەربەست هێناو ڕووی لە شیعری بێ کێشو سەروا کرد.بەم پێیە ((لەسەر دەستی لەتیف هەڵمەت بۆ یەکەمجار شیعری سەربەست لە تاکو قلەوە بوو بە ئەزموونو بەرەبەرە پەرەی سەندو دیمەنی شیعری کوردی داگیرکرد))[٩٢].

ئەم کولەکانە ئەشکێنم
ئەمە باوەڕی منە
ئاگرەکەم ناتوێتەوە
تەمەنی من بلێسەیەکی
بێ خۆڵەمێشە
پەرستگاکان ئەڕووخێنم
وشەکانم ئاوێتەی ڕەگی زەوی ئەکەم[٩٣]

بنیاتی ئاوازەیی ئەم دەقە وەکو شیعرە باوەکان نییە، بەڵکو شێوازێکی تەواو سەربەستەو پابەندی کێشو سەروا نابێت. لەبری ئەم دوو ڕەگەزە گرنگی بە ریتم دەدات کە مۆسیقای وشەکانو ئاوازی دەنگی پیتەکان لە دووبارەبوونەوەیانو وەستانو دەربڕینەکاندا ئەو ئاوازە دروست دەکات. هەربۆیە ریتمی ئەم جۆرە لە شیعر زۆر جیاوازە لە ریتمی شیعری ستونیو ئەوانەی بە کێشی برگەیی دەستکاریکراو نووسراون. سیمای دیاری ئەم جۆرە لە شیعر بریتیە لە دووبارەکردنەوەی دەنگو (پیت)و وشەو ڕستەو کۆپلە لە بنیاتی شیعرەکەدا بۆخۆیان دەبنە سەرچاوەی دروستبوونی ریتمی شیعرەکە[٩٤].

لەڕاستیدا لە هەفتاکانەوە شان بەشانی شیعری سەربەستی تەواو جۆرێکی تری شیعری سەربەست بە چەمکەکەی نازك الملائکە لای شاعیرانی قۆناغەکە تەنانەت لای ئەو شاعیرانەی کە شیعری بێ کێش‌و سەرواشییان دەنووسی لە ئارادابوو. هەربۆیە ئەم دوو جۆرە لە شیعر لەپاڵ شیعری پەخشانیدا سیمای دیاری شیعری ئەو قۆناغەو دواتریش بوو. هەرچەندە بەهەڵە شیعری بێ کێش‌و سەروایان ناونابوو شیعری پەخشانی‌و شیعری کێش‌و سەرواداریان بە چەمکەکەی نازك ناونابوو شیعری سەربەست‌و لە ڕاستیدا لای عەرەبیش ئەم ناولێنانە بۆ ئەوجۆرانەی شیعر بەهەڵە بەکارهێنراون‌و هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە ئەو هەڵەیە لای ئێمە دووبارەبۆتەوە.

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو شاعیرانەی کە شیعری کێشداری کراوەشیان دەنووسی‌و زۆرینەبوون وردە وردە کەوتنە نووسینی شیعری سەربەست. ئەمەش بۆخۆی ماوەیەکی ویست، هەرچەندە کەسانێ هەن هەتا ئێستاش بە کێشەوە لکاون، بەڵام ئێستا لە دیمەنی گشتی شیعری کوردیدا لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنیك‌و فراوانبوونی کەرەستەدا جۆری ریتمی سەربەست زاڵە.[٩٥] مەبەست لە ریتمی سەربەست ئەوەیە کە شاعیران پابەندی کێش‌و سەروا نابن.

## بەشی دووەم :

## تەوەری دووەم:

## ڕێڕەوی شیعری سەربەست بە چەمکەکەی نازك مەلائیکە لە ئەدەبی کوردیدا

لەم تەوەرەیەدا لەو ڕاستییەوە دەچینە ناو باسەکەمانەوە کە هەوڵەکانی پرۆسەی نوێگەری تەواوکەری یەکترین‌و ناشتوانرێ لەیەکیان دابڕین، هەربۆیە پێمان وایە هەوڵەکانی نوێگەری کە لە تەوەری پێشووتردا ئاماژەمان پێکرد تەواوکەرو هەڵقەی بەیەکەوەبەستنی ئەم هەوڵە نوێگەرییەیە کە بەسوودوەرگرتن لە پرۆسەی نوێگەری شیعری عەرەبییەوە زەمینەی بۆ ڕەخساوەو نەش‌ونمای کرد.هەروەها گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە شیعری کوردی لەدوا وێستگەدا لەسەر نووسینی شیعری سەربەست بە چەمکی ڕۆژئاوا لە حەفتاکاندا بەتەواوی چەسپاو تا ئەمڕۆش لەپێشکەوتندایە.

جا ئەوەی لەم تەوەرەدا دەمانەوێ باسی بکەین مەسەلەی شیعری سەربەستە لە ئەدەبی کوردیدا بەو چەمکەی کە نازك الملائکە لە ئەدەبی عەرەبیدا هێنایە ئاراوە لەڕاستیدا هەروەك چۆن لە ئەدەبی عەرەبیدا چەمکی هۆنراوەی سەربەست بەهەمان چەمکی زاراوە ڕۆژئاواییەکە بەکارنەهێنراوە، بەهەمان شێوە لە ئەدەبی کوردیشدا ئەم چەمکە بەشێوەیەکی جیاواز لە چەمکە ئەوروپییەکەی بەکارهێنراوە. ((چونکە هۆنراوەی سەربەست لەهەردوو ئەدەبەکەدا وەرگێڕانێکی وشە بە وشەی زاراوەیەکی ڕۆژئاواییەکەی ئینگلیزی‌و فەرەنسییە. لەم دوو ئەدەبەدا سەربەستیەکە واتای سەربەستی لە بەکارهێنانی پێیەکانداو سەربەستی لەخۆنەبەستنەوەی هۆنراوەیە بە بەیتەوە دەگەیەنێت نەك سەربەستی لە داماڵینی ئاوازی دەرەوەی هۆنراوە))[٩٦].

بەشێوەیەکی گشتی هەروەك چۆن لای زۆربەی لێکۆڵەران‌و ڕەخنەگران ئەوە ڕوون بۆتەوە کە شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا بەهەمان چەمك بەکاردەهێنرێت کە لە ئەدەبی عەرەبیدا بەکارهێنراوە هەربۆیە لای حسین عارف هەرزوو لە (١٩٥٥)ەوە بە وتارو لێکۆڵینەوە دەرگای ئەم باسەی بۆ چەند جارێك کردۆتەوە. هەوڵیداوە سیماکانی شیعری تازەی کوردی دەستنیشان بکات بەتایبەتیش ئەوکاتەی لەڕێگەی سەرنجدانی لە بزافی نوێخوازی شیعری عەرەبییەوەو ئەوەی لەبارەیەوە دەنووسرا، کەوتەخۆی بۆ گەڕان بەدوای هەوڵی نوێخوازی لە شیعری کوردیدا بەتایبەتیش نموونەی لە شیعری (کامەران‌و نووری‌و دەشتی‌و کامیل ژیر) تێدا دەدی. هەر لەیەکەم وتاریداو لە دیاریکردنی شیعری نوێدا ئاماژە بەوەدەکات کە

پەیڕەوکەرانی قوتابخانەی شیعری تازە (خۆیان بەتەواوی لە وەزنو لە قافیەش ڕزگارکردووە. مەبەستیش لەم ڕزگاربوونە، بایەخدانە بە مانای شیعرەکە زیاتر لە شێوەکەی)[٩٧]. دیارە مەبەستی نووسەر لە ڕزگاربوون لە کۆتی کێشو سەروا بە واتا تەقلیدییەکەی نەك وازهێنان لێیان بەتەواوەتی. چونکە هەرخۆی لەجێگایەکی تردا دەڵێ ((لەکاتێکدا لە هۆنراوەی نوێدا لەسەرەتاوە تا کۆتاییەك بەدوای یەکدا دێنو یەکتر تەواو دەکەن ئەمەش بەهۆی ڕزگاربوونییەوە لەو کۆتو زنجیرەی وەزنو قافیەو گوێدانی بەمانا زیاتر لە شێوە تا ئێستاش زۆر لەوانەی دوورەپەرێز وەستاون لە هۆنراوەی نوێ وادەزانن مەبەست لە خۆڕزگارکردن لە کۆتو زنجیرەی وەزنو قافیە وازلێهێنانیانە بەتەواوی بێگومان بەهەڵەچوون، چونکە لەبارەی وەزنەوە هۆنراوەی نوێش هەر لەسەر ئەو بەحرانە دەوترێت کە هۆنراوەی کۆنی لەسەر دادەڕێژرێت بەڵام تەنیا هێندە هەیە شاعیری نوێ بەئارەزووی خۆی یاری بەو بەحرانە دەکاتو هەڵیان دەسووڕێنێت))[٩٨].

لێرەدا مەبەستی لە شیعری نوێ شیعری سەربەستە کە پابەند نابێ بە کێشو سەروای کۆنەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی تر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات شاعیر بە سەربەستانە یاری بە بەحرەکان دەکاتو هەڵیان دەسووڕێنێت لەبارەی سەرواشەوە لە شیعری سەربەستدا دەڵێ ((خۆی لەو کۆتەش ڕزگار دەکات کە لەسەرەتاوە تا کۆتایی هەر بەیەك قافیە بێتەوە وە یاخود تێکەڵکێش وەیا جووت بگیرێ بگرە شاعیر بۆی هەیە بەئارەزووی خۆی ئاڵوگۆڕ بە قافیە بکات))[٩٩]. بەم پێیە لەو بۆچوونانەی خرنەڕوو دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە شیعری سەربەست بەلایەوە ئەوەیە کە لەسەر وەزنی یەکپارچەیی دەڕواو پابەندیش نابێ بە دەستووری کێشو سەروای کلاسیکییەوە، بەڵکو شاعیر سەربەستە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی کێشەکانو دەستە پێیەکانیان. تاکو شاعیر بتوانێ چی لەدڵابێ دەری ببڕێ، وە یەکیەتییەکیش بدات بە ماناکە پاراستنی یەکێتی ماناش سیمایەکی تری شیعری سەربەستە. بەگشتی ئەوشاعیرانەی کە بەلای حسین عارفەوە سەر بەم ڕێچکە نوێیەن ئەوانەن کە لەسەر بنەمای گرنگیدان بەپێی هەڵبەستو دەرچوون لە سنووری دوو بەیتی، دێڕی شیعرەکانیان بنیات ناوە.

هەروەکو نموونەی هەندێ شیعری (گۆرانو کامەران موکریو دیلانو نووری وەشتیو کامیل ژیر)دا ڕەنگی داوەتەوە. کە بەلایەوە (نووری دەشتی) لە دەقی (چۆن گەنجێکم) بناغەی ئەم قوتابخانە تازەیەی دامەزراندووە:

بەڵێ گەنجم

خاوەنی مێشكو بازووی ڕەنجم

ژیانم لاخۆشەویستە

کامەرانیم پێویستە

ئەمەوێ شادمان بم

جوان وەك خۆری بەیان بم

بەڵام هەرهەنگاوێك

هەر تاوە ناتاوێك

تارمایی مردن

لەبەردەمما ئەکەوێتە سەماکردن[١٠٠]

وەك دەبینرێ ئەم کۆپلەیە لەسەر کێشی بڕگەیی سەربەستو سەروای هەمەڕەنگ بنیات نراوە، کە بەلایەوە مژدەی لەدایکبوونی ئەو هۆنراوە نوێیەمان دەداتێ کە ئێمە مەبەستمانەو لێی دەدوێن. هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە کامەران موکری لەنێو ئەوانەی کە شیعری سەربەست دەنووسن زیاتر سەرکەوتووترە. هەربۆیە دەڵێ ((کامەران نزیکترین شاعیرامانە لە هۆنراوەی نوێوە، هۆنراوەی نوێ بەمانای هۆنراوە سەربەست (حر) بەرەڵا (مطلق).))[١٠١]

مارف بەرزنجیش لە ڕوانگەی هەمان چەمکەوە ڕای خۆی لەبارەی شیعری نوێوە بەم شێوەیە دەردەبڕێت ((شاعیرو بوێژانی ئەم سەدەی بیستەمە کۆتو زنجیری کۆنیان شکاندو قاڵبێکی تریان دروست کردو وازیان لە قافیە هێناوەو وەزنیان بە چەشنێکی کە هەڵسوڕان جاران وەزن لەسەر کەرتە شیعر دائەمەزرا ئەمڕۆ لەسەر (تەفعیلە) دائەمەزرێ گوێ نادرێتە کورتو درێژیی کەرتەکانی شیعر بەڵام مۆسیقا ئەپارێزرێ ئەویش بە لانەدان لە وەزن. بەم بۆنەیەوە ئەتوانم بڵێم هەر چەند پارچە شیعرێکمان هەیە لە کوردستانی عێراقدا کە شیعری تازەی پێ بوترێو ئەم مەرجانەی تیا بەجێهاتبێ کە بریتییە لە یەکێتی هەڵبەستو دامەزراندنی وەزن لە تەفعیلە ئەو پارچانەش (بت بتەوان، شۆڕشگێڕ)ی گۆرانو (ڕێگای خەباتی)ی دیلانە))[١٠٢].

بە گشتی بۆچوونی مارف بەرزنجی لەبارەی شیعری نوێوە هەمان دەستنیشانکردنی چەمکی شیعری سەربەستە لە ئەدەبی عەرەبیدا. کەواتە ئەم جۆرەشیعرانە سەرەڕای ئەوەی کێشو سەروای تێدایە بایەخی زیاتر بە مۆسیقا دەدات.

یەکێ لەو شیعرانە بەلای نووسەرەوە بە شیعری سەربەست دانراون پابەندی کێشو سەروای کۆن نەبووەو لە سنووری بەیتی دوو دێڕیی دەرچوونو لەسەر بنەمای گرنگیدان بەپێی (تەفیعلە) بنیات نراون شیعری ( بت بتەوان )ی گۆرانە:

| | |
|---|---|
| ڕابووردوو | ٣ |
| هەبوو نەبوو | ٤ |
| سەردەمی زوو | ٤ |
| بت بتەوان | ٤ |
| پیرە شەیتان | ٤ |
| بت دروستکەر | ٤ |
| بتەوان گۆشدەر | ٥ |
| بت پەرستی بە ئاینکەر | ٨ |
| ڕەگ داکەوتووی ئیمریالیت | ٨ |
| خوێن مژی ئاسایش نەویست | ٨ [١٠٣] |

گۆران لەو دەقەدا چوار کێشی بڕگەیی بەکارهێناوە کە بریتین لە کێشی (٣، ٤، ٥، ٨). ئەوەی زیاتر زاڵە بەسەر دەقەکەدا کێشی هەشت بڕگەییەکەیە کە بەدەستەپێی جیاواز بنیاتی ئاوازەیی دەقەکەی پێکهێناوە. هەروەها چەمکی بەیتی دوو دێڕیی تێکشکاوەو دێڕی شیعری لەسەر پێ دامەزراوە.

(د.دلشاد عەلی)یش باس لەم جۆرە کێشە دەکاتو پێی وایە ئەم کارە هەنگاوێکە لە هەنگاوەکانی هۆنراوەی سەربەست، چونکە شاعیر لە هەندێ شوێندا سنووری بەیتی دوو دێڕیی شکاندووەو کێشەکەی لەسەر دێڕو پیتی جیاواز دامەزراوە. شیعری (بەستەی دڵدار)ی بە نموونە هێناوەتەوە.[١٠٤]

گۆران لە چلو پەنجاکاندا کۆمەڵێك دەقی بەم شێوازی نووسیوە کە هەموو ئەو مەرجانەی تێدایە کە لە شیعری تازەدا بەو چەمکەی کە حسین عارفو مارف بەرزنجیو عەبدولڕەزاق بیمار دەستنیشانیان کردووە وەکو (گوڵی خوێناوی، بەستەی دڵدار، ئاهەنگێك لەناو ڕان، کوردستان، جیلوەی شانۆ، ئاواتی دووریی، خۆزگەم بە پار، ئەنجامی باران، شۆڕشگێڕ، بتو بتەوان، گۆرانی لاوانی جیهان، گۆرانی دەنکە گەنم، پیتەرلۆتی، ماکارتی، دانە دانە، مارشی ئاشتیخواز، پشیلەکەم، ساوای ئاشتیخوان).

عەبدولرەزاق بیماریش هەمان بۆچوونی هەیە بۆ شیعری سەربەست کە دەڵێ ((دەبێ زۆرچاك لەوە بگەین کە هەڵبەستی سەربەست وازی لە عەرووزو بەحرەکانی خەلیل نەهێناوە، بەڵکو هەر هەڵبەستێك دەتوانرێ بە پێوانەی عەرووز بپێورێتو جیاوازییەکەیان لەوەدایە کە دێرە هەڵبەستێکی شێوەی کۆن ئەگەر (رەمەڵ) بێت بە نموونە ٨ پێی (فاعلاتن)ی تێ دەبێت. بەڵام لە هەڵبەستی سەربەستا دێڕ (بەیت)، کە بریتی نییە لە دوو نیوەدێڕ کە شاعیران پێی دەڵێن، بەڵکو بریتییە لە چەند نیوەدێڕێك لە دوو تا شەشو حەوت هەموویان بیرو مەبەستێك دەردەبڕن ئەم چەند نیوەدێڕانە لە کۆپلەیەکدا کۆدەبنەوە، هەریەکە ژمارەیەك تەفعیلەیان تێدایە هی وا هەیە یەك پێی (فاعلاتن)و هی وا هەیە دوو یان چوار یان سێ بەپێی ڕیزکردنو هاوڕێکیی لەمەدا ڕێکەوتو پێویستی دەربڕینو پشوودان دەوردەگێڕن، پاشبەندیشیان هەروەها ڕێکەوتەو هیچ یاسایەك ڕیزیان ناکات زۆرجاریش کۆپلەیەك بەبێ پاشبەندە))[١٠٥]. لەم بۆچوونانەوە چەند ڕاستییەکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە کە شیعری سەربەست بەلایەوە ئەوەیە کە وازی لە کێشی عەروزیی نەهێناوە، بەڵام ئەوەی کە جیای دەکاتەوە ئەوەیە کە لێرەدا چەمکی دێڕ (بەیت) تێکشکاوە، کە بریتییە لە چەند نیوە دێڕێکو بەهەموویانەوە مەبەستێك دەردەبڕن، پێی کێشە بەکارهاتووەکەش بەبێ هاوڕێکیی بەسەر ئەم نیوەدێڕانەدا دابەشکراوە سەرواشیان ڕێکەوتەو شاعیر بیر لە سەروا ناکاتەوە بۆیە زۆرجار کۆپلەیەك بێ سەروایە. ئەوەی جێی سەرنجە لەم بۆچوونانەی نووسەر ئەوەیە کە باسی کێشی بڕگەیی ناکات کە چۆن بەم شێوازە نوێیە ڕۆڵیان لە بنیاتی ئاوازەیی دەقی شیعری سەربەستدا دەبێ.

بەپێی ئەم چەمکەی کەبیمار دەستنیشانی کردووە زۆر بە کەمی شاعیرانی کورد شیعریان پێ نووسیووە. چونکە شاعیرانی کورد لە قۆناغی نوێخوازیداو هەر لە یەکەم هەنگاویاندا ڕوویان لە کێشی بڕگەیی کردو وازیان لە کێشی عەروزیی هێنا.

ئەو مامەڵە نوێیەش لەگەڵ کێشی بڕگەییدا بۆخۆی بووە مایەی سەرهەڵدانی شیعری سەربەست بەم چەمکە نوێیە. ئەو شیعرانەی کە بەلای بیمارەوە بە شیعری سەربەست دانراون بۆخۆیان لەسەر بنەمای گرنگیدان بەپێی شیعری بەڵام لە چوارچێوەی کێشی عەروزیداو دەرچوون لە سنووری بەیتی دوو دێڕی بنیات نراون، نموونەی دەقێکی شیعری گۆران بەناونیشانی (ئاخ هەزار ئاخ) کە لە بەحری (رەمەل)دا گوتوویەتی دەهێنێتەوە.

ئۆف هەزار ئۆف! ئاخ هەزار ئاخ! تاقیامەت ئاخو داخ

من کە سنگم بەردە، گهبعم بەرزە چەشنی شاخو داخ

من کە خوێنم ئاگرە

چوونە جۆشم حازرە

من کە مایەی فەخری تەئریخی بەرووم

تاقەڕەنگی ئابرووم[١٠٦]

ئەوەی لە دەقەکەدا کردوویەتی دەستکاری پێی کێشەکەیە کە کەرت کراون لەبری ئەوەی هەر بە چوار تەفعیلە بێتە خوارەوە، هاتووە دێڕەکانی دواتری لەسەر دوو تەفعیلەو سێ تەفعیلەیی نووسیووە، بەڵام گۆران هەر بەمەوە نەوەستاوە دوای ئەوەی وازی لە کێشی عەرووزی هێناو ڕووی لە کێشی بڕگەیی کرد دەستکاری لەو کێشە بڕگەییانەشدا کردو مامەڵەیەکی نوێی لەگەڵ کێشو سەروای بڕگەییدا هێنایە کایەوە کە بۆخۆی بووە مایەی سیمایەکی دیاری شیعری سەربەست، چونکە بەکارهێنانی دەستەپێی جیاوازی کێشەکانو تێکەڵکردنیان لە دەقێکدا سەربەستی تەواوی بە شاعیر بەخشی سەربەستانە بیروڕاو هەستو مەبەستی خۆی پتر دەرببڕێو بەم کارەش بەر بۆ داهێنانێکی هونەری واڵاتر دەبێ.

بەم پێیە بەلای بیمارەوە ((هەڵبەستی سەربەست لە چوارچێوەی عەرووزدا خۆی دەنوێنێتو لە دانانی ژمارەی (تەفعیلە) لە دێڕە هەڵبەستدا سەربەستەو کێشە جۆربەجۆرەکان عەرووزی تێدا بەکاردێتو ترپە لەسەر بناغەی پێ هەڵدەستێ نەك

دێ))[١٠٧]. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە شیعری سەربەستی کوردی بەم چەمکە نوێیە بنیات نرابێ بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی زیاتر بە کێشی خۆماڵی نووسراوە بەو چەمکەی شاعیر سەربەستانە مامەڵە لەگەڵ کێشو دەستەپێی کێشەکەدا دەکاتو پابەندیش نابێ بە سەروای یەکگرتووەوە. هەروەك لە چلەکانەوە لەم جۆرە شیعرەمان هەیە تەنانەت لەدوای هەفتاکانیشەوە بە شێوەیەکی گشتی شاعیران بەیەکجاری ڕوویان لە کێشی بڕگەیی دەستکاریکراو کرد.

کردنەوەی ڕێڕەوی شیعری سەربەست بە چەمکی نازك لە شیعری کوردیدا هەر بەو هەنگاوانە زەمینەی بۆ ڕەخساو دەرگای بە ڕوودا کرایەوە کە هەر لە سەردەمی گۆران خۆیداو لەسەر دەستی خۆی ئەم جۆرە شیعرەی ئەزموون کردووە. هەروەکو د.دڵشاد عەلی دەڵێ ((یەکێ لەو هەڵبەستانەی کە لەم ڕووەوە سەرنج ڕادەکێشێ هەڵبەستی (بەستەی دڵدار)ی گۆرانە کە بۆیەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٠ بڵاوکراوەتەوە هەڵبەستەکەشی بریتییە لە چەند کۆپلەیەكو تەنها کۆپلەیەکی لێ دەرچێت ئیتر ئەوانی تر سێ کێشی بڕگەیی تیادا بەکارهێنراوە کە کێشی حەوتو پێنجو هەشت بڕگەییە وەك لەم کۆپلەیەدا بەدی دەکرێ:

| | |
|---|---|
| نەباریکی نەگۆشتن | ٤+ ٣ |
| نەکچۆڵەی نەشا ژن | ٤+٣ |
| نەزۆر چاوڕەشی | ٥ |
| نەئێجگار گەشی | ٥ |
| بەڵام بە نیگای شیرین | ٥+٢ |
| نەمدی کەس | ٣ |
| وەك تۆ بەتین | ٤ |
| تۆیتو بەس | ٣ |
| لێت بێ بزەی مانگە شەوێ | ٤+ ٤ |
| بەژنی ڕێكو ڕەوتی کەوێ | ٤+٤))[١٠٨] |

وەك دەردەکەوێت هیچ یاسایەك نییە کە دەستەپێی کێشەکان بە هاوڕێکی بەسەر دێڕەکاندا دابەشبکاتو بەڵکو پێیەکان کەرتکراون هەروەها (پێنج) جۆر کێشی بەکارهێناوە کە ئەمە بۆخۆی زۆر نوێیەو لەپێشتر تەنها یەك کێشو یەك دەستەپێی کێشەکە لە دەقێکدا بەکاردەهێنرا. لەبواری سەرواشەوە پابەندی سەروای یەکگرتوو نەبووە بەڵکو سەروای هەمەڕەنگ لە بنیاتی ئاوازەیی دەقەکەدا بەکارهاتووە. هەوڵەکانی گۆران بناغەیەکی گرنگ بوون بۆ سازدانی زەمینەیەکی لەبار بۆ شاعیرانی دوای خۆی کە بەرەو ئەم ڕێچکە نوێیە هەنگاوبنێنو لە نووسینی شیعردا پەیرەوی بکەن. هەروەك لە پەنجاکاندا کۆمەڵێك شاعیری وەك (کامەران، دیلان، وەشتی، ژیر، ع.ح.ب، دلزار، کاکەی فەلاح..) چەندان شاعیری تریش بەرەو ئەم جۆرە لە شیعر هەنگاویان نا، بەڵام هەر بەتەواوی ڕێڕەوی خۆی نەگرت. ئەوەبوو لە دوای هەفتاکانەوە لەسەر دەستی کۆمەڵێك لە شاعیرانی لاو بەیەکجاری ئەم ڕێچکە نوێیەیان کردەوەو چەسپاندیانو ئێستاش لەلایەن هەندێ لە شاعیرانەوە پەیرەودەکرێت.

هەندێ لێکۆڵەرو ڕەخنەگر لەپێش ئێمەدا باسیان لەوەکردووە کە نموونەی ئەم ڕێچکە نوێیەی شیعری سەرەبەست کەمو زۆر لای هەندێ لە شاعیرانی قۆناغی نوێگەری دەبینرێ وەکو (گۆران، دڵدار، بەختیار زێوەر، قەدری جان، کامەران موکری، دیلان، ع. ح. ب، کامل ژیر، نوری وەشتی، کاکەی فەلاح، دلزار،...)[١٠٩].

هەر لێرەوە کاتێك ئاوڕ لە بەرهەمی کامەران موکری دەدەینەوە ئەوا هەندێ دەقی شیعریمان بەرچاو دەکەوێ کە بەپێی هەمان چەمکی شیعری سەرەبەست نووسراون. کە کێشدارن‌و سەرواشیان هەیە، بەلاّم گۆڕانکارییان تێداکراوە، یەکێتی بەیت تێکشکاوەو لەجیاتی ئەوە دێڕ یا ڕستە جێگای دەگرێتەوە ئەمەش کۆپلەیەکە لە شیعری (ئەی کچە شوان)[110]ەکەی.

| | |
|---|---|
| ئەی کچی شوان | ٤ |
| هەلاّلەیی | ٤ |
| ئەی کەنیرەی کەژی کوێستان | ٤+ ٤ |
| بەشێنەیی | ٤ |
| نەرمو نیان | ٤ |
| بە ئاوازی شمشاڵەکەت | ٤+ ٤ |
| بەلەرەی لێوە ئاڵەکەت | ٣+ ٥ |
| هەستی خۆشم بێنە فڕین | ٤+ ٤ |
| بۆناو گوڵزار | ٤ |
| چەم‌و نزار | ٤ |
| ئاسمانی شین | ٤ |

وەك دەبینرێ لەڕووی کێشەوە بنەمای ئاوازەیی ئەو کۆپلەیە ئاکامی تەنها کێشێکە کە هەشت برگەییە، هەرچی پێی شیعرەکانیشە کە لێرەدا دانەی پێکهێنانی ئاوازەکەیە بریتییە لە پێی چوار برگەیی کە ئەمەش لەو پێیانەن کە لە کێشی هەشت برگەییدا دەبینرێن. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە دەستەکردنی ئەو پێیانەو ڕیزکردنیان لە سەرجەمی دێڕەکاندا یەك سیستەمی نەگرتۆتەبەر چونکە هەندێ دێڕ لە یەك پێ پێکهاتووەو هەندێ دێڕی تریش لە دوو پێ ئەمەش بۆخۆی تایبەتییەکەو سرووشتی کێشە برگەییەکە پێکیهێناوە. سەرواشیان ڕێکەوتەو هیچ یاسایەك ڕیزیان ناکات[111].

هەروەها لە شیعری (کۆتری ئاشتی) کە لە یانزە کۆپلە پێکهاتووە لە ساڵی ١٩٥٤ لە ڕۆژنامەی ژین ژمارە (١٢١٠– ١٢١١) لە ١٩|٨|١٩٥٤ بلاّوبۆتەوە هەمان دیاردەی مامەڵەکردنێکی سەربەستانەی شاعیر لەگەڵ پێ‌و دەستەپێی هەمان کێشی هەشت برگەییدا بەدی دەکرێ وەك لەم کۆپلەیەدا دەبینین:

| | |
|---|---|
| بەیانییە | ٤ |
| تۆ بخوێنە | ٤ |
| ئەی کۆتری سپی نەشمیل | ٤+ ٤ |
| قاچ ئاڵتونی نەرمی خنجیل | ٤+ ٤ |
| تۆ بخوێنە | ٤ |
| بەیانییە | ٤ |
| کاتی خۆشی‌و گۆرانییە | ٤+ ٤ |
| لەخەو هەموو | ٤ |
| ڕاپەڕێنە | ٤ |
| ئاواتمان ئاوەدانییە | ٣+ ٥ |
| بەیانییە | ٤ |

وەك دەبینرێ لێرەدا شاعیر مامەڵەی لەگەڵ یەك کێشدا کردووە کە ئەویش بریتییە لە کێشی هەشت بڕگەیی، بەڵام بەشێوەیەکی نایەکسان دەستەپێی ئەم کێشەی بەسەر دێڕەکاندا دابەشکردووە، دێڕ هەیە لەیەك دەستەپێی چوار بڕگەیی‌و دێڕیش هەیە لە دوو دەستەپێی چوار بڕگەیی بنیات نراوە، بەڵام لەسەرجەمی کۆپلەکەدا یەك دەستەپێی بەکارهێناوە تەنها لە دێڕی دەیەمدا نەبێ دەستەپێ (٣+ ٥)ی بەکارهێناوە. سەروای ڕەنگاوڕەنگ ڕۆڵی لە بنیاتی ئاوازەیی ئەم کۆپلەیەدا گێڕاوە.

کامەران موکریش جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە شیعری سەربەست بەهەڵە وادەزانرێ بێ کێشە. لەم بارەیەشەوە دەڵێ: ((ئینجا هۆنراوەی سەربەست خۆ وەنەبێ پەخشان بێ وەك نەشارەزایان تێی گەیشتوون، ئەمیش هەرچەندە سەربەستە هەر ڕێوشوێنی خۆی هەیەو هەر تێکەڵ بە دەریاو تایبەتییەکانی هۆنراوە ئەبێتەوەو شارەزایی زۆری ئەوێت))[١١٢]. یان پێی وایە کە قاڵبی کێش دەکرێ گۆڕانکاری تێدابکرێ‌و بەشێوەی جیاوازو هەمەجۆر بەکاربهێنرێت ((کێش ئەگەر چی وتمان بنچینەی هۆنراوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە وەك چۆن بووە هەروابێ وەیان وەك چۆن هەیە هەروا بمێنێتەوە ئەگونجێ کێش پارچەپارچە بکرێت، لەهەندێ شوێندا چەند پارچەیەکی لابرێ‌و لە چەند شوێنێکی تردا چەند پارچەیەکی تری بدرێتە دەم، بەڵام ئەبێ ئەم کارە نەبێ بەهۆی ونبوونی بنچینەی کێشەکە چونکە ئەگەر هاتوو وای لێ بەسەرهات ئەوا ئەبێ بە پەخشان))[١١٣].

لەبارەی پەیڕەوکردنی کێشی شیعرییەوە پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە کامەران موکری لە بنیاتی ئاوازەیی دەقە شیعرییەکاندا تەنیا کێشی بڕگەیی بەکارهێنراوە بەزۆریش ڕووی لە کێشی حەوت‌و هەشت‌و دە بڕگەیی کردووە، سیمای هەرە دیاری شیعری کامەران ئەوەیە کە پەیڕەوی شێوازی بەیتی کردووە، ئەو شیعرانەشی لەسەریەك کێش داناوە قافیەکانیان مەسنەوین (جووت قافیە). بەڵام بنیاتی هەندێ دەقیشی هەیە لەم ڕێچکەیە لایداوەو ڕووی لە کێشی هەمەڕەنگ‌و سەروای ڕەنگاوڕەنگ کردووە. هەروەك د.مارف خەزنەدار ئاماژەی پێدەکات‌و دەڵێ ((بەشێکی کەم لە شیعرەکانی کامەران ئەو پارچە لیریکانەن کە لە شیعرێکدا چەند کێشێك بەکاردەهێنێت وەکو خۆیان یان بە کەرتکردنیان وەك لە کەرتکردنی دە بڕگەیی پێنج بڕگەیی دروست دەکات‌و یان لە هەشت بڕگەیی چوار بڕگەیی دروست دەکات))[١١٤].

ئەم هەنگاوە نوێیەی کامەران بەرەو ئەم ڕێچکە نوێیەی شیعری کوردی لەهەردوو دەقی (ئەی کچە شوان)و (تینومە)دا ڕەنگی داوەتەوە. کامەران لە کەرتکردنی کێشی دە بڕگەیی لە ڕوانگەی چەمکی شیعری سەربەستەوە ئەم دەقەی بەپێی (٥) بڕگەیی بنیات ناوە، کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ئەمڕۆ تینوومە | ٥ |
| زۆرم تینووە، هەروەك بیابان | ٥+ ٥ |
| لمی سووتاوم، تاسەی تاساوم | ٥+ ٥ |
| تینوون، بۆ نەختێك دڵۆپی باران | ٥+ ٥ |
| سادەی هەورەکەی ژیان، بارانێ | ٥+ ٥ |
| ڕامالێت پووشی نائومێدی دڵ– خەندەو گریانێ | ٥+ ٥+ ٥ |
| شۆڕشی لێشاو | ٥ |
| باهەستێ بەتاو | ٥ |
| بۆسەر قەڵاکەی سەختی، دەروونی | ٥+ ٥ |
| سزاو نەبوونی | ٥ |

دەرهێنیێ لەبێخ ژاڵەی پەژارە، ژیانم تاڵە ٥+ ٥+ ٥

ئەمرۆ تینوومە هەروەك بیابان[١١٥] ٥+ ٥

وەك دیارە بنیاتی ئەم دەقە لەڕووی كێشەوە كێشی دە بڕگەییە، بەڵام شاعیر ئەم كێشەی كەرتكردووە بۆ پێی (٥) بڕگەیی‌و دەستەپێی جیاوازیشی لێ دروستكردووە. هەربۆیە بنیاتی دێڕەكانیشی بە هاوسەنگی‌و بە ڕیز پابەندی كێشی دە بڕگەیەكە نەكردووە، بەڵكو هاتووە بەسەربەستانە دێڕەكانی لەسەرپێ‌و دەستەپێی جیاواز بنیات ناوە هەروەك لە بەرانبەر دێڕە شیعرییەكاندا دیاریمان كردوون.

كامەران موكری لە شیعری (شەپۆلی زێڕ) دەڵێ:

چیای ڕەنگین ٤

داوێنی كەژ، نێرگس‌و گوڵ ٤+ ٤

گزنگ لەناو كۆشی چەما، ئارامی گرت ٤+ ٤+ ٤

ئاسمانی شین ٤

ئەستێرەی زیوی ڕووی سڕی ٣+ ٥

شەوبۆیەكی خنجیلانە ٤+ ٤

لە سێبەردا ٤

پێكەنی سەری هەڵبڕی ٣+ ٥

بۆ تیشكی خۆری گەرم‌و گوڕ ٣+ ٥

دڵۆپی قەڵبەزەی وەك چوڕ ٣+ ٥

چاوی هەزار ٤

شنەی شەماڵ، سروەی نازدار ٤+ ٤

چەمی بزێو[١١٦] ٤

لەم كۆپلەیەدا چەمكی باڵ‌و دێڕ نەماوەو تێكشكاوە، هیچ پەیڕەوو یاسایەك نییە بەهۆیەوە ژمارەی پێیەكانی هەر دێڕە دەستنیشان بكرێ، چونكە دێڕ هەیە لە یەك پێ‌و هەیە لە دوو هەیە لە سێ پێ پێكهاتووە، كەواتە ئەو یەكسانییە نامێنێت كە لە سیستەمی عەرووزی‌و ستوونیدا پەیڕەو دەكرا. لێرەدا دێڕی شیعری جێگای دەگرێتەوەو ئیتر دێڕەكە سەربەستە لەوەدا ڕستەكە درێژبێتەوە یا كورت. ئەوەی جێگای سەرنجە لەو دەقەدا ئەوەیە كە دێڕی (٨و ٩و ١٠) لە دەستەپێی جیاواز درووستبوون كە هەمان ئەو دەستەپێیە نییە كە لە بنەڕەتدا ئاوازیی بنیاتی دەقەكەی پێكهێناوە ئەویش (٤+ ٤)ە، بەڵام لێرەدا شێوەیەكی ترە ئەویش (٣+ ٥)ە. بەڵام هیچ ناسازییەك لە ئاوازەی دەقەكەدا ڕووی نەداوە چونكە ئەمە تایبەتمەندییەكی كێشە بڕگەییەكەیە كە بۆخۆی پێكی هێناوەو لە سنووری كێشی (٨) بڕگەییەكەش نەچۆتە دەرەوە با كێشەكەش كەرت بكرێ بۆ دەستەپێی جیاواز، لەم لایەنەوە مامۆستا حسین عارف زنجیرەیەك وتاری لەژێر ناونیشانی (ڕایەك لەبارەی شیعری سەربەستەوە)[١١٧] بڵاودەكاتەوە تیایدا چەمك‌و چییەتی شیعری سەربەست‌و ئەو كێشانەی كە لە بنیاتی شیعری سەربەستدا بەكاردەهێنرێن ڕوونكردۆتەوە، هەروەها جۆری سەربەستییەكەشی بە نموونە ڕوونكردۆتەوە. ئەوەی لەو باسەدا جێگای سەرنجەو بایەخی زۆرە بریتییە لە (كەرتكردنی بڕگەكان) بەشێوەیەك كە شاعیر بتوانێ بەر بۆ تواناو دەسەڵاتی خۆی لە داهێناندا لە هەموو ڕوویەكەوە بەرەڵا بكا[١١٨].

کەرتکردنی برگەکان لە کێشی دوانزە برگەییدا دەشێ بە (٤+ ٤+ ٤)و (٣+ ٣+ ٣+ ٣) ئاوازدارین‌و زەماوەندی خۆیان بگێڕن، یاخود لە کێشی ١٣ برگەییدا دەشێ بێتە (٤+ ٤+ ٤+ ١) یا (٤+ ٤+ ٥) یا (٣+ ٣+ ٣+ ٣+ ١) یا (٣+ ٣+ ٣+ ٤) ئیتر بدەن بەدەمیەوە بۆ هەموو دەستەپێیەکانی تری ئەم کێشە[119].

ئەمە ئەو شێوازەیە لە بەکارهێنانی کێشێک‌و پابەندبوون بەیەك جۆر دەستەپێی کێشەکەوە. هەروەك نازك الملائکە پێشنیاری ئەوەی کردووەو دەڵێ ((دەبێ شاعیر ئەوە باش بزانێت کە هەر بەحرێك لە بەحرەکانی هۆنراوە دەستەپێی جیاوازی هەیە نابێ لە هەڵبەستێکدا بەیەکەوە بەکاربهێنرێن بەڵکو پێویستە هەر هەڵبەستەو دەستەپێیەکی سەربەخۆ هەڵبژێرێ‌و لەسەری بڕواتو تا دوا دێڕ لێی لانەدات))[120].بەڵام زۆرجار شاعیر لەو دەستوورە لادەداتو بەپێی هەستو سۆزو مەبەستی شاعیر سەربەستانە مامەڵە دەکات لەوەی کە دەستەپێی جیاوازو کێشێکی شیعری بەکاربهێنێت. تەنانەت هەندێ جار کێشەکان بە تێکەڵی لەدەقێکدا بەکاردێنێت.

هەر لە ڕوانگەی چەمکی شیعری سەربەستەوە کە شیعرەکانی دیلان بەسەردەکەینەوە ڕووبەڕووی چەند دەقێك دەبینەوە کە بەپێی ئەم چەمکە بنیات نراون، لەپێشەوەی ئەو دەقانەش دەقی (ڕێگای خەبات)ەکەیەتی کە بۆخۆی گەلێك سەرنج‌و تێڕوانینی لەبارەوە گەڵاڵەکراوە، کە لێکۆڵەران‌و ڕەخنەگران بە دەقێکی سەرکەوتووی شیعری سەرەبەستی کوردی لەقەڵەمی دەدەن. ((یەکەم تێڕوانینی ڕەخنەگرانە دەربارەی (ڕێگای خەبات)ەکەی دیلان لەو پێشەکییەدا بەدەست دەهێنرێ کە (مەعروف خەزنەدار) نووسیویێتی بۆخۆی تێڕوانینێکی سەرنج ڕاکێشە کە دەڵێ: دیلان ڕێگای خەباتی ناوناوە پارچەیەکی مەنسور، نازانم بۆچی؟ مامۆستا دیلان،لەلای من وایە ڕێگای خەباتت پارچە شیعرێکی گەلێ بەرزە، ئەگەر لە شیعرەکانی ترت بەرزتر نەبێ هیچ گومانم نییە کە لەوان کەمتر نییە... ئەبوو شیعری پێ بڵێی، چونکە وەزنی هەیە، خۆ قافیەشی زۆر بەهێزە، لام وایە ڕێگای خەباتت بە تەرازووی کۆن کێشاوە.. ئێمە شانازی بە کۆنەوە ئەکەین،چونکە دەستووری ئێستامانە... ڕێگای خەبات نموونەیەکی جوانە بۆ شیعری ئێستای کوردی ئاسۆیەکی تازە لە پێش ئەدەبی کوردییا ئەکاتەوە..))[121].

پێشبینی کردنی ئەوەش کە ئەم بەرهەمە کارێکی داهێنەرانەیەو ئاسۆیەکی نوێ لەبەردەم نوێگەری شیعری کوردیدا دەکاتەوە. ڕاستەوخۆ بووە مایەی ئەوەی تێڕوانینی تر دەربارەی بخرێتە بەردەست.

یەکێ لەو بۆچوونانەشی لە نووسینێکی (مەعروف بەرزنجی)دا بەدەست دەهێنرێ کە دەڵێ: ((شاعیرو بوێژانی ئەم سەدەی بیستەمە کۆتو زنجیری کۆنیان شکاندو قاڵبێکی تریان دروستکرد وازیان لە قافیە هێنا، وەزنیان بە چەشنێکی کە هەڵسوڕان جاران وەزن لەسەر کەرتە شیعر دائەمەزرا. ئیمڕۆ لەسەر (تەفعیلە) دائەمەزرێ گوێ نادرێتە کورتو درێژی کەرتەکانی شیعر، بەڵام مۆسیقا ئەپارێزێ، ئەویش بە لانەدان لە وەزن... ئەتوانم بڵێم هەرچەند پارچە شیعرێکمان هەیە لە کوردستانی عێراقا کە شێوەی تازەی پێ بوترێ.. ئەو پارچانەش (بت بتەوان، شۆڕشگێڕ)ی گۆران‌و (ڕێگای خەبات)ی دیلانە..))[122].

د.دڵشاد عەلی لەم بارەیەوە بۆچوونی خۆی خستۆتە بەردەستو زانستانە لەم باسەی کۆڵیوەتەوەو گەلێك سەرنج‌و بۆچوونی وردی لەبارەی دیلان‌و تاقیکردنەوەی شیعری سەربەستو ئەو دەقەوە خستۆتە بەردەست کە بەلای ئێمەوە گرنگترینیان ئەوەیە کە ((دیلان لەپێش هەموو ئەو شاعیرانەوەیە ڕوویان لە شیعری نوێ بە چەمکی سەربەست کردووە چونکە بە (ڕێگای خەبات)ەکەی ڕەنگی شیعری سەربەستی لە ئەدەبی کوردیدا ڕشت))[123].

هەر لێرەوە بەمەبەستی دیاریکردنی سیماو تایبەتمەندی ئەم دەقەو چۆنێتی مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ کێش‌و سەرواداو ڕۆڵیان لە بنیاتی ئاوازەیی دەقەکەدا سەرنج لەم کۆپلەیەی (ڕێگای خەبات)[124]ی دیلان دەدەین:

تا فرمێسکی ڕەهێڵەی خۆر        ٤+ ٤

| | |
|---|---|
| نەڕژێتە سەر | ٤ |
| نەڕژێتە سەر چرۆی قۆچاو | ٤+ ٤ |
| نایەتە بەر | ٤ |
| پێ ناکەنێ بەبای شەماڵ | ٤+ ٤ |
| ناترووکێنێ | ٤ |
| چاوی نووستووی ژێر هەوری تار | ٤+ ٤ |
| ناکرێتەوە | ٤ |
| نابێ بەسەرپۆشی درەخت | ٤+ ٤ |
| چرۆی کرژی نەپشکوتوو | ٤+ ٤ |
| خەولێکەوتوو | ٤ |
| لێو هەڵتووتاو | ٤ |
| بۆ ئاوی چاو | ٤ |

لەهەر دێڕێك لە دێڕەکانی ئەم کۆپلەیەدا ژمارەی پێیەکان بە نایەکسانی دابەشبوون هەرچەندە بنیاتی ئاوازەیی دەقەکە بە کێشی هەشت برگەیی بنیات نراوە هەر پێیەکیش لە چوار برگە پێکهاتووە، بەڵام شاعیر بەشێوەیەکی سەربەست مامەڵەی لەگەڵ ئەم کێشەدا کردووە، چونکە دێڕ هەیە لە یەك پێ پێکهاتووە هەیە لە دوو پێ بەبێ ڕیزکردنو هاوڕێکی، لەمەدا ڕێکەوتو پێویستی بیر دەربڕینو پشوودان دەوردەگێڕن.

((هەرچی ڕۆڵی قافیەشە لەو کۆپلەیەدا ئەوا دیارە کە ئەو سیستەمە ڕێكوپێکەیان وەرنەگرتووە کە ڕاستەوخۆ بەچاو ببینرێن یان لەکاتی گوێگرتندا لەو شوێنەدا ببیسترێن کە چاوەڕێ دەکرێن بەڵکو وەك دەستە دەنگەکانی (ەر)و (او)ی کۆتایی پێو دەستەپێی ناو ئەو کۆپلەیە بینیویانە))[١٢٥].

دیلان لەزۆربەی چاوپێکەوتنەکانیدا ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە بنەماو بنەڕەتی شیعر هەیبێو پێویستی پێیبێ هەر ئەو دوو بنەما ئاوازەییەو ڕاشکاوانە وتوویەتی ((ئەوەی بێ کێشو سەروا بڵاوئەکرێتەوە شیعر نیە، موستەلزەماتی شیعری لە مەنپور یا ئەوەی پێی ئەڵێن شیعری (الحر) کە قافیەو وەزنی نییە چی جیای ئەکاتەوە، قافیەو وەزن جیای ئەکاتەوە، نەك من ڕام وایە، ئەوە شتێکی داڕێژراوەو داکوتراوە کە موناقەشەی تیا نییە، هیچ مومکین نییە تۆ بتوانی موناقەشەی لەسەر بکەی کە ئەمە شیعری (حر)ە ئەمەیان شیعری موقەفاو مەوزوونە))[١٢٦].

هەربۆیە هیچ دەقێکی شیعری (دیلان )مان بەرچاو ناکەوێ کە داماڵرابێ لە کێشو سەروا، چونکە شیعری حر بەلایەوە ئەو شیعرەیە کە کێشو سەروای نییە ئەم جۆرە شیعرەش بە پەخشان دادەنێو بە شیعری دانانێ، دیلان لەسەرەتاوە بە دوودڵییەوە ڕووی لەم ڕێچکە نوێیە دەکاتو زۆرجاریش ئەم جۆرە شیعرانەی بە پەخشانو شیعری مەنسور لەقەڵەم دەدا. بۆیە (ڕێگای خەبات)ەکەشی بە شیعری مەنسور بڵاوکردبوویەوە، بەڵام هەروەك د.دڵشاد دەڵێ ((پاش بایەخدانی نووسەرانو شاعیرانی کورد بە شیعری سەربەستو سەرهەڵدانی کۆمەڵێ بەرهەمی شیعری سەربەست لەدوای (ڕێگای خەبات)ەکەی. ئەمیش ناوبەناو ڕووی لەم جۆرە بنیاتە شیعرییە دەکردو لە کۆتایی پەنجاکانەوە تا کۆتایی شەستەکان چەند بەرهەمێکی تری شیعری سەربەستی بڵاوکردەوە لەوانەش (نێرگس، لومبومبا، بۆگیانی غەنی بلووریان، درەخت، سولەیمانی، چیرۆکێ))[١٢٧].

ئەوەی تێبینی دەکرێ بە گشتی لەو بەرهەمانەشی ڕووی لە بەکارهێنانی کێشی هەشت بڕگەیی‌و پێی چوار بڕگەیی کردووە ئەمەش ((بۆخۆی بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو لە شیعری سەربەستی کوردیدا))[١٢٨]. تەنانەت لە هەفتاکانیشدا لای زۆربەی شاعیران سیمایەکی دیاری بنیاتی دەقە شیعرییەکانیان بوو.

خۆنەبەستنەوە بە دەستەپێیەکی دیاریکراوەوە، هەنگاوێکی نوێ بوو لای دیلان کە لە ڕێگای بەکارهێنانی دەستەپێی جیاوازەوە سەربەستییەکی تەواو لەبەردەم ئاوازی دەرەوەی بنیاتە شیعرییەکاندا کردۆتەوەو توانیویەتی کاریگەرانەتر سۆزی هەڵچووی دەروونی بگەیەنێتە خوێنەرو گوێگرەکانی..

لەم بارەیەشەوە د.دڵشاد عەلی بەم شێوەیە ڕای خۆی خستۆتە ڕوو دەڵێ ((کێشی بڕگەیی سەربەستییەکی تەواو دەدات بە شاعیر تا بە گوێرەی سۆزی تاقیکردنەوەکەی دەستەپێی جیاواز بەکاربهێنێ‌و لەهەمان کاتیشدا خۆی نەبەستێتەوە بە سیستەمێکی چەسپاوو نەگۆڕی ڕیزبوونی ئەو دەستە پێیانەو، بەڵکو مەودای ئەوەی لەبەردەمدابووە کە بەوپەڕی سەربەستییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دەستەپێیانەدا بکاتو بەگوێرەی پێویست ڕیزیان بکات، دیارە ئەمەش نەك هەر ئاوازی هەڵبەستەکە بێ هێز ناکات بەڵکو شان بەشانی سۆزی هەڵبەستەکە ترپەکان دەگۆڕێ‌و کاتی دووبارەکردنەوەیان لەیەك نەسقی ڕزگار دەکات))[١٢٩].

ئەم مامەڵەکردنە نوێیە ڕێگە خۆشکەربوو کە شاعیران داهێنان‌و هەنگاوی تری نوێگەری لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشی بڕگەییدا بهێنێتە ئاراوە. کە بەجۆرێك شاعیر پابەندی یەك سیستەم لە ڕیزکردنە دەستەپێی کێشەکان نەبێت. ئەمەش بۆخۆی یەکێکە لە سیماو تایبەتمەندییەکانی کێشی بڕگەیی کە شاعیر سەربەستە لە بەکارهێنانی دەستەپێی جیاواز لە بنیاتی ئاوازەی دەقە شیعرییەکانیدا.

هەرچی ڕۆڵی قافیەش بووە لەو بەرهەمانەی دیلاندا ئەوا نەك هەر دەستبەرداریان نەبووە بەڵکو لە زۆر شوێنی بنیاتەکاندا سیستەمی دیاریکراویان پێکهێناوەو ئاشکراتر ترپەکانیان پێ بەرجەستەکراوە:

وەك لەم دوو کۆپلەیەدا بەدی دەکەین:

ئاگر
لەملاو لەولای وڵات کرایەوە..!!
پۆلە مەلی تەرە کوشتار
گەڕایەوە...!!
وتی... بەدەنگێکی زوڵاڵ
ئەی گەورەکان
پیاو خۆرەکان..!!
ئەم ئەستێرەی مرۆڤدارە
جێگای گشتە... هی هەر چوارە...[١٣٠]

داربەڕوو
گەڵای ئەستوور
لقی دوایی ئەبێ بە موور
ئەی پەڕێنن

ئەی شکێنن

شتەك نەدرێ

ئەیجەرێنن[١٣١]

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ ئەو شیعرانەیەتی کە دەچنە خانەی شیعری نوێوە کە دیارە لێرەدا مەبەست لە شیعری سەربەستە کە ئێمە مەبەستمانەو د.مارف خەزنەدار بەم شێوەیە پێناسەی دەکاتو دەڵێ ((ئەم جۆرە شیعرە لەڕووی کێشو قافیەوە گەڕاوەتەوە سەر ئەو دەستوورانەی لە شیعری میللی نووسراو شیعری میللی نەنووسراو فۆلکلۆر بەکاردەهێنران، تەنیا ئەوە هەیە کێشە میللییەکانیشیان وەکو خۆی بەکاردەهێنران. هەندێ جاریش کەرتیان دەکردنو دێڕە شیعریان لەو کەرتانە دروست دەکرد، دەسکاری شاعیر دەگەیشتە ئەو ڕادەیەی دێڕی شیعر لە وشەیەکی یەك بڕگەیی دروست بکات))[١٣٢].

بەم پێیە تاقیکردنەوەی دیلان لە مەیدانی شیعری نوێدا بەردێکی بنچینەیی بوو لە بناغەی کۆشکو تەلاری بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردی کە بە ڕێبازی ڕۆمانتیکیش ناودەبرێ، هەروەها لە هەفتاکانیشدا چەند دەقێکی بەم چەمکە نوێو بەو شێوازەی کە چەمکی دێڕ تێکشکاوە بەرهەمهێناوە وەکو (دڵی کورد)و (ڕووداوە نەبڕاوەکە)، بەڵام لە دەقی (چیرۆکێ ) کە لە ١٩٦٩ نووسیوویێتی لە سەرەتاوە بە کێشی هەشت بڕگەیی دەست پێدەکات.

کامیل ژیر لەدوای ئەوەی کە چەند بەرهەمێکی شیعری بە چەمکی شیعری سەربەستی ڕۆژئاوا بڵاودەکاتەوە ئیتر لێیان پەشیمان دەبێتەوەو ڕوو لەو ڕەوتەی تری شیعری نوێگەری دەکات ئەویش ئەو جۆرە شیعرەیە کە لای ڕۆشنبیرانی کوردیش بە شیعری سەربەست ناوی دەبەن کە نازك الملائکە پێناسەی کردووە. چونکە خۆی ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێ ((من بەش بەحاڵی خۆم ئەو هەوڵدانانەی لەسەر بنچینەی وازهێنان بوو لە کێشو سەروا ئەوا نەك هەر بە تازەکارییان دانانێم، بەڵکو بەگەڕانەوەیەکیشیان ئەزانم بۆ دواوە لە هەڵبەستدا. لەبەرئەوە من هەرزوو وازم لەو ڕەوتە هێناو گەڕامەوە سەر کێشو سەروا، بەڵام بەشێوە دەقگرتووەکە نا، بەڵکو بەجۆرێکی تازەو گۆڕاو))[١٣٣].

لێرەوە درێژە بەم جۆرە شیعرە دەداتو لەسەری بەردەوام دەبێ، (ژیر) پێی وایە یەکێك لەو هۆیانەی شیعر بەرەو نووشستی ئەبەن وازهێنانە لە کێش هەربۆیەش بەر پەرچی ئەو کەسانەش دەداتەوە کە کێشو سەروا بە کۆتو زنجیر وەسف دەکەن ڕاشکاوانە لەم بارەیەوە باری سەرنجی خۆی دەردەبڕێو دەڵێ: لە ڕاستیدا کێشو سەروا کۆتو زنجیر نین، بەڵکو دوو پێویستی هەڵبەستن کە هەڵبەست خۆشو جوان ئەکەن. بەڵام ئایا کێشو سەرواش وەك هەر بوویەکی تر نابێ لە گۆڕانکاریدابن؟ بێگومان با، بەڵام گۆڕانکاری هەرگیز ئەوە نییە واز لەو دوو ڕەگەزە بێنن))[١٣٤]. لەڕاستیدا وەك لەو وتەیەی ژیردا دەردەکەوێ کە بڕوای بە گۆڕانکاریو دەستکاری کردنی کێشو سەروا هەیە بۆیە لە تاقیکردنەوە شیعرییەکانیدا ئەو بۆچوونەی بەتەواوی وەك بنەمایەك بە شێوازێکی هونەریو سەرکەوتوو بەجێ هێناوە. ئاخۆ دەبێ ئەو گۆڕانکارییەی کە بڕوای پێی هەبوو بەسەر کێشو سەروادا بکرێ چییەو چۆنە؟ ئایا ئەم بۆچوونەی لە دەقێکی شیعریدا ڕەنگی داوەتەوە؟ هەروەکو ئاشکرایە کە پەیڕەوکردنی کێشی بڕگەیی لە سەرەتادا بەوشێوەیە بوو کە شیعرەکە لەسەر یەك کێشی بڕگەیی ئەهاتە خوارەوەو تیایدا پابەندی قافیەی مەسنەوی دەبوو، واتە ئەگەر کێشی دێڕی یەکەم دە بڕگەیی بوایە هەموو هەڵبەستەکە بە دە بڕگەیی ئەهاتە خوارەوە. بەڵام دوایی وای لێهات کە ئەشگونجێ کێشی دێڕێك بۆ نموونە چوار بڕگەیی بێ دێڕەکەی دوای ئەو چەند جارەی چوار بڕگەیی بێ واتە بەکارهێنانی پێ لە بنیاتی دێڕدا کە ژمارەیان بێ یاسا ڕیزدەکرێ:

نازدارەکەم ٤

ئەی پەپوولە ئاوارەکەم ٤ +٤

هەر ئەڕۆمو ناگەمە ئاستی سەرابت ٤ +٤ +٤

دەمی تینووم نادا لە جامی شەرابت ٤ +٤ +٤

خۆشم ئەوێی گوڵی ونبووم ٤ +٤

بیرت ئەکەم، بیرت ئەکەم لەوساتەوە کە جێتهێشتووم![١٣٥] ٤ +٤ +٤ +٤

شاعیر لە بنیاتی ئاوازەیی دەقەکەدا جووت سەروای بەکارهێناوە.

یان بۆ نموونەیەکی تر: لە هەڵبەستێکدا کێشی یانزە بڕگەو حەوت بڕگە ڕایەڵەی هەڵبەستەکە بن بەیەکەوە:

ئێستا ئەوانەی بە هەرجا بێگانەن ١١

ئەمانەی خۆمان کە شنۆی هەمانەن ١١

بەڵێ مەڕە لاتەکان ٧

لێ ناگەڕێن، ڕێنمان ٧

ئەوانیش فێربوون گەر ناویان بهێنی ١١

لێت ڕاست ئەبنەوەو پێت ئەڵێن شۆڤێنی ١١

ئیتر بەوجۆرە ئەگونجێ هەردوو دێڕەو لەسەر کێشێك بێت، بەمەرجێك مۆسیقا پارێزراوبێتو هەست بە ناسازی ریتم نەکرێ، هەروەك لەو کۆپلەیەدا شاعیر بە لێهاتووی ئەوکارەی ئەنجام داوە. ئەم گۆڕانگاریەو شێوازە لە کێشی عەروزیدا لای گۆرانو بەختیار زێوەرو دڵزارو شاعیرانی تر ئەنجام دراوە، لە کێشی بڕگەیشدا دیسانەوە لای گۆرانو کامەرانو دیلانو ژیرو ع. ح. بو کاکەی فەلاحو شاعیرانی تر بەبەکارهێنانی کێشی هەمەڕەنگ لە دەقێکدا سیمایەکی گرنگی داهێنانەکانیانە.

لەڕووی گۆڕانکاریەکانو دەستکاری کردنی کێشەباوەکانو هەنگاوی نوێگەری کامیل ژیر بەم شێوەیە بۆچوونی خۆیمان بۆ دەخاتەڕوو دەڵێ ((ئەم دەرچوونو خۆ ڕزگارکردنانە لە کێشە دەقگرتووە کۆنەکان، با بڵێین ئەم تازەکارییانە لە کێشدا بوارێکی فراوان بۆ شاعیر دروست دەکات کە بە ئارەزووی خۆی یاریو ئاڵوگۆڕ بە کێشەکان بکات بەبێ ئەوەی مۆسیقای هەڵبەستەکە تێکبچێت. ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی هەستیار دانەمێنێت بۆ واتا لەپێناوی کێشدا[١٣٦]. وەك دەبینرێ ژیر لەژێر کاریگەری ئەوبۆچوونەی کە کێشو سەروا دوو بنەمای بنچینەی گرنگی پێکهاتەی دەقی شیعرییە ڕوو لەم ڕەوتەی شیعر دەکات کە دانەی ئاوازییەکەی پێیە نەك دێرو پابەندی سەرواش نابێت بەشێوە تەقلیدییەکەی.

ع. ح. ب لەسەر سیستمی لیریکی نوێ , شیعری کوردی داناوە، فرەکێشی بڕگەییو فرە قافیەیی ڕەنگیان لە شیعری داوەتەوە. بە گشتی دێڕی شیعری ( ع. ح. ب ) کورتە، چونکە بەزۆری کێشی حەوت بڕگەییو هەشت بڕگەیی بەکاردێنێ. تەنیا بەمە ناوەستێ ئەمانەش کەرت دەکا , واتە دێڕی کورتتر لە حەوت بڕگەو هەشت بڕگەشی زۆرە. شیعری لە ڕووی کێشو سەرواوە کاریگەری ئەدەبی میللی سەرزاری پێوە دیارە[١٣٧].

لە ساڵی ١٩٤٦ شیعر (لە گەنجیو پیریو مردنا)[١٣٨]. دەنووسێت کە تەمەنی ٢٣ ساڵ بووە

لە گەنجیما کە ئێستەیە

پڕ لە گۆرانیو بەستەیە

پڕ لە باوەڕی بەتینە

پڕ لە هەوڵو تێکۆشینە

ئەم دەقە بۆخۆی بە کێشی خۆماڵی ٨ بڕگەیی بنیات نراوە، بەبەکارهێنانی دوو پێی چوار بڕگەیی بەڵام دواتر ڕوو لە کێشی ٧ بڕگەیی دەکاتو بە دوو دەستەپێ ٣+ ٤.

راگری ژینمی تۆ

ئایینو دینمی تۆ

تواناو تینمی تۆ

دەنگی یا سسینمی تۆ

دوای ئەم کۆپلەیە دێتە سەر کێشی (٥) بڕگەیی.

تۆی تیانەبینم

ئەڕووخێ ژینم

هەر تۆ ئەناسم

هەر تۆیە باسم

دوای ئەم کۆپلەیەش دێتەوە سەر کێشی ٨ بڕگەییەکە

سبەی دوو سبەی پیرییە

ژوورێکی پڕ لە ژیرییە

جارێکی تریش دێتەوە سەر کێشی (٥) بڕگەیی

تۆی تیا نەبینم

وێرانە ژینم

هەرتۆ ئەناسم

هەرتۆیە باسم

بەم شێوە دەبینن شاعیر کێشەکانی (٨ بڕگەییو ٧ بڕگەییو ٥ بڕگەیی) لە بنیاتی ئەم دەقەیدا بەکارهێناوە کە بۆخۆی هەنگاوێکە لە هەنگاوەکانی نوێگەریو ڕووکردنە بنیاتی شیعری سەربەست بەو چەمکەی کە لە ئەدەبی عەرەبیو کوردیدا ئاماژەی پێکراوە.

شاعیر لە دەقێکی تریدا بەناوی (ڤیت مینە)[١٣٩] کە لە ١٩٥٤ نووسیویێتی تێدا پەیڕەوی کێشی ٨ بڕگەیی کردووەو مامەڵەی جیاوازی لەگەڵ پێی ئەم کێشەدا دەکات وەك ئەوەی لە هەندێ دێڕدا بڕگەکانی دابەشکردووە بەسەر دێڕی یەك پێی چوار بڕگەییو هەندێ جاریش دوو پێ چوار بڕگەیی:

| | |
|---|---|
| لە ڕۆژهەڵات | ٤ |
| لە وڵاتی بیرو خەبات | ٤ + ٤ |
| لەپڕ دەستڕێژ | ٤ |
| لێزمەی تفەنگ | ٤ |
| ئەشڵەقێنێت | ٤ |
| شەوی بێدەنگ | ٤ |
| گۆمی وەك چاوی ئافرەت گێژ | ٣ + ٥ |
| نووستووی ناو خانووی کۆنکرێت | ٣ + ٥ |

کێشی سەربەستی تێدا بەکارهاتووە کە بریتییە لە ٨ بڕگەیی‌و شاعیر بەسەر پێی چوار بڕگەیی دابەشکردووە، لە دێڕێکدا پێی چوار بڕگەیی‌و لە دێڕێکی تریشدا پێی ٨ بڕگەییەکە بە ٢ پێی چوار بڕگەیی. سەروایش بە ئاشکرا دیارە کە شاعیر جۆرێك لەسەروای ڕەنگاوڕەنگی بەکارهێناوە. ئەم دەقە لەڕووی بنیاتی ئاوازەییەوە لە دەقی (بت بتەوان‌و شۆڕشگێڕی گۆران‌و ڕێگای خەباتی دیلان‌و ئەی کچە شوانی کامەران)‌و هەندێ دەقی تریش کە لای ڕەخنەگران بە دەقگەلێکی سەربەست لەقەڵەم دراون دەچێت.

لەم جۆرە شیعرەی زۆرە کە زۆربەیان لەسەر کێشی ٨ بڕگەیی بنیات نراون، تریەی ئاوازەیی بنیاتی ئەم دەقانەی کە ژمارەی پێیەکانی بە ناڕێکی لە بنیاتی دێڕەکاندا بەکارهێناوە. دێڕ هەیە لە یەك پێ پێکهاتووە دێڕیش هەیە لە دوو پێ پێکهاتووە.

(ع. ح. ب ) بە درێژایی ساڵانی پەنجاکان گەلێك لە وتەکانی بەم شێوازە بنیات نراوە ئیتر بە درێژای تەمەنە شیعرییەکەی بەردەوام بوو لەسەر ئەم ڕێچکەیە. مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ کێشی بڕگەیی هەندێجار ڕووی لە بەکارهێنانی زیاتر لە کێش کردووە. هەروەك لە دەقی (شێخی گەورە)[١٤٠] دا کێشی بڕگەیی (٥، ٧، ٦، ٢، ١٠، ٣)ی بەکارهێناوە. بنیاتی دێڕ لەم دەقانەدا لەسەر پێی جیاواز دروست بووە دێڕ هەیە لە یەك پێ‌و هەیە لە دوو پێ‌و هەیە لە سێ‌و لەهەمان کێشدا دەستەپێی جیاوازی بەکارهێناوە تەنانەت دێڕ هەیە لە یەك وشە پێکهاتووە ئەم دیاردەو ئەم هەنگاوە لە هەفتاکانەوە لا شاعیر سەرهەڵدەدات. سیمایەکی دیاری ئاوازەیی بنیاتی شیعرەکانی کێشی هەشت‌و حەوت بڕگەیی‌و دێڕی شیعری کورتە‌و هەندێجار لە یەك وشە پێکهاتووە. هەمیشەش سەروای بەکارهێناوە‌و هەرگیز دەستەبەری ئەم بنیاتەی ئاوازی شیعر نەبووە.

شاعیرێکی تری ئەم ڕێچکەیە دڵزارە، کە هەر لە سەرەتای چلەکانەوە هەنگاوی بەرەو نوێگەری ناوە، چ بە خۆڕزگارکردنی لە کێشی عەرووزی‌و چ بە خۆنەبەستنەوە بە قافیەی یەکگرتوو. لە شیعری (مەڕەنجێنە) کە لە ساڵی ١٩٤١ لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکراوەتەوە ! هەنگاوی یەکەمی ناوە:

لە عیشقی تۆ پشتم چەما
شادیم لە دڵ دەرچوو نەما
قەڵای ژینم لێ ڕما
مەڕەنجێنە دڵم گوڵم
سووتام بەجارێ

ئەم دەقە بە کێشی سەربەستی هەشت بڕگەیی‌و (٥) بڕگەیی بنیات نراوە، هەروەها لە دەقێکی تریدا کە بە ناونیشانی (ئەی تازە جەوان) کە لە ساڵی ١٩٤٣ دایناوە ساڵی ١٩٤٥ لە گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە، نموونەیەکی ترە لە نوێکردنەوە لە ڕووی بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی‌و هەروەها پەیڕەوکردنی کێشی ١٤ بڕگەیی‌و کێشی ٦ بڕگەیی:

ئەی تازە جەوان گەر ئەتەوێ ژینی بەخۆشی
وازبێنە لەسەر خۆشی کە تۆ ژیرو خۆشی
بۆ گەل بە پەرۆشی
تۆ تازە نەمای چیمەنی باغی ژیان
بەم تەرزە لە تەرزەت مەدەدار لە چەمانی
مەحکوومی زەمانی[١٤١]

لە دەقی (لە لادێدا) کە شاعیر لە ١٩٤٦ لە بەندیخانەی هەولێردا نووسیوویێتی لە کۆپلەیەکیدا دەڵێ:

دەمێکە ژێر چەپۆکو هەق خوراوین ١١
بەهۆی بێگانە ڕووتو نان براوین ١١
نەزانو گێژو وێژین ٧
غەمو تاڵی ئەچێژین ٧
دزیو خوێن ڕشتن ٥
گەلێ سەربەستین ٥
زۆر بێ پەروایین ٤

ئەم دەقە بەو شێوازەی کە نازك الملائیکە لە پێناسەی شیعری سەربەستدا ئاماژەی پێکردووە نووسراوە.

دێڕەکان لەسەر پێ بنیات نراوەو شاعیر یاری بە بڕگەکان کردووە، لە یانزە بڕگەییەوە وەکو هێڵێکی بەیانی داکشاو بە ڕووی حەوتو پێنجو چوار بڕگەیی هەنگاو دەنێ، ئەم هەنگاونانە وە دەستکاریکردنە بە کەرتکردنی بڕگەی کێشەکان ریتمی ناوی شیعری پێ دەبەخشێ سەرەڕای ئەوەی کە شاعیر لەسەر یەك ریتم ئەم کۆپلەیەی بنیات ناوە.[١٤٢]

بەم پێیە بەکارهێنانی کێشی هەمەڕەنگ لای شاعیر سیمایەکی دیاری نوێگەرییەکەی بووە هەر بۆخۆیشی بنەمایەکی گرنگی بایەخدانی شاعیرانی نوێخوازییە بە پابەندنەبوونیان بەیەك جۆرە کێشەوە کە بواری دەربڕینی هەستو سۆزی ڕاستەقینە تەسك دەکاتەوە.

هەر لە بواری شیعری سەربەستدا ئاوڕ لە شیعری حەسیب قەرەداخی شاعیر دەدەینەوە کە ئەویش وەکو شاعیرێکی نوێگەر هەرچەندە زۆر بەکەمی لێکۆڵەرانو ڕەخنەگران ئاوڕیان لەم شیعرەمان داوەتەوە، بەڵام لەنێو شاعیرانی نوێی کوردیدا ناوێکی دیارو دەنگێکی ڕەسەنە، هەرزوو هاتە سەر ڕێچکەی شیعری نوێو گەلێك بەرهەمی خۆی بەم چەمکە نوێیە چنیووە ((بایەخی زۆری بە کێشی خۆماڵی داوە هەموو کێشەکانی بەکارهێناوە بەتایبەتی کێشە سووکەکانی ٧و ٨و ١٠ بڕگەیی. لە (شیعری نوێ)یا ٨ بڕگەییو ١٠ بڕگەیی کەرت دەکاو دەیانکاتە چوار بڕگەو پێنج بڕگە، بەم جۆرە دێڕە شیعری چوار بڕگەییو پێنج بڕگەیی دروست دەبێ))[١٤٣]. ئەم هەنگاونانەی شاعیر بۆخۆی ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە لە ڕێچکەی باوی کێشی خۆماڵی بە شێوازی ستوونی دوورکەوتۆتەوەو ڕووی لە کەرتکردنی کێشە خۆماڵییەکان کردووە کە بەپێی هەستو بیروڕا دەربڕین درێژی شیعری بەدەستەپێی جیاواز بنیات دەنێ:

دنیا شەوبوو
چاوی هیوا ڕووی لە خەوبوو
هاوین گەرمو گڕەو تۆز بوو
ئاگرباران
کاروان زۆری لە گەرمانا
لە تینوانا
دوور لە هەوار
دوور لە جێگا
باری خستبووە لای ڕێگا[١٤٤]

کاکەی فەلاح دەنگو ڕەنگی تایبەتی خۆی لە شیعردا هەیە یەکێکە لە شاعیرەکانی ناودارەکانی سەدەی بیستەم. لەڕووی کێشو مۆسیقاو ئاوازەی بنیاتی شیعرەکانییەوە شاعیرێکی سەلیقەدارو بەهرەدارو سەرکەوتووە، هەمیشە لەسەر کێشی

برگەیی شیعری داناوە جۆرە ترپەو ئاوازێکی سوارو ناسکی پێ بەخشیون. هەروەکو خۆی لەبارەی خۆیەوە دەڵێ ((لە شیعرو ئەدەبو تێکڕای ژیاندا باوەڕم بە گۆڕینو پێشکەوتنو نوێبوونەوە هەیە))[١٤٥].

جگە لە نووسینی شیعر بە چەمکی یەکێتی بەیتو جووت قافیە، گەلێك دەقی شیعری بە پێی چەمکی سەربەست کە بنیاتی دێڕ لەسەر پێیە نەك کێش هەوڵی دیارو بەرچاوی هەیە. هەروەك د.مارف خەزنەدار دەڵێ: ((شاعیر بەشداری بەرچاوی هەبوو لە دەوڵەمەندکردنی شیعری نوێی کوردی ئەو شیعرە لیریکییەی لە یەك کێشی خۆماڵیی زیاتر لە تاکە شیعرێکدا بەکاردەهێنرا هەروەها ڕەچاوی ڕەنگاوڕەنگە قافیەش دەکرا))[١٤٦].

| | |
|---|---|
| ئەی فریشتەی خۆشەویستی | ٤ + ٤ |
| خۆشەوویستی پاكو بێگەرد | ٤ + ٤ |
| کەوتوومەتە تۆ پەرستی | ٤ + ٤ |
| لە ئاسمان بێ یا لەسەر عەرد | ٤ + ٤ |
| خۆشەویستم | ٤ |
| ئەتپەرستم | ٤ |
| بەتۆ مەستم | ٤ |
| بێ تۆ پەستم | ٤ |

یاخود لە نموونەیەکی تردا دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ڕێبوارێکم | ٤ |
| لەسەر هەورازی توترکا | ٥ + ٣ |
| هەڵئەگەڕێم | ٤ |
| بەڕێی کا کێشانی دڕکا | ٦+ ٢ |
| هەنگاو ئەنێم | ٤ |
| بەڕێگادا | ٤ |
| گۆماوی خوێن بەجێدێڵم | ٤+ ٤ |

شاعیر بنیاتی ئەم شیعرەی لەسەر کێشی هەشت برگەیی داناوە، هەندێ دێڕی وەکو خۆی هێشتۆتەوە، هەندێ دێڕی کەرتکردووەو بووە بە چوار برگە چەند جۆرێك قافیەی بەکارهێناوە. بەم پێیە ئەم شیعرەو هەموو ئەو شیعرانەی بە نوێ ژمێردراون گەمەیێکی تەکنیکی لە دێڕی شیعری عەرووزیو خۆماڵی تیایاندا کراوە تازە دەکەونەوە بەرچاو، کەچی ئەدگاری شیعری عەرووزیو خۆماڵییان تێدا ماوە[١٤٧].

بەم پێیە ڕێچکەی شیعری سەربەست بەو چەمکەی نازك الملائیکە لە ئەدەبی عەرەبیدا دەستنیشانی کردووە لە ئەدەبی کوردیشدا بەهەمان چەمك لای شاعیرانی کورد لە چلەکانی سەدەی بیستەوە سەری هەڵداوەو بەردەوام لە گەشەکردندا بووە تا لە ساڵانی هەفتاکاندا بەتەواوی زەمینە بۆ ئەم ڕێچکەیە کرایەوەو ڕەگی داکوتاو بووە مۆدێلێکی نوێخوازی قۆناغە شیعرییەکە.

# ئەنجام

١. نوێگەری لە ئەوروپا لە بواری شیعردا بەچەند فۆرمو جۆری جیاواز سەری هەڵداوە هەربۆیەش قۆناغی پرۆسەی نوێگەری پێکەوە تەواوکەری هەموو هەنگاوەکانن بە فۆرمە جیاوازەکانیەوە لەم لایەنەوە نراوەو ناشتوانرێ بەجیا لێیان بڕوانینو لەیەکیان دابڕین.

٢. چەمکی شیعری سەربەست لای ڕۆژئاوا ئەو شیعرەیە کە پابەندی کێشو سەروای تەقلیدی نابێتو تەنها بایەخ بەجۆرێك لە ریتم دەدات کە بەهای شیعریەتی تێدا پارێزراوبێت، بەڵام لە ئەدەبی عەرەبیدا ئەو جۆرەیە کە پابەندی کێشو سەروا دەبێت بەڵام بەشێوازێکی دەستکاریکراو هەڵیان دەسوورێنێ کە جۆرێك لە سەربەستی بۆ شاعیر تێدایە کاتێ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

٣. لە ئەدەبی کوردیدا هەردوو چەمکی شیعری سەربەست لە پرۆسەی نوێگەری شیعری کوردیدا ڕەنگیان داوەتەوە وەکو دوو شێواز ڕۆڵیان هەبووە لە بنیاتی دەقی شیعری کوردیداو لەولایەنەشەوە بە هەندێ هەوڵی سەرەتایی دەستیان پێکردو پاشان ڕەگیان داکوتا.

٤. ڕەخنەگرانو لێکۆڵەرانو شاعیرانیش بەهەڵە فۆرمو ناونیشانی شیعری نوێی کوردی بەکاردەهێننو تێکەڵییەکیان کردووە لەنێوان شیعری سەربەستی بێ کێشو سەروا شیعری سەربەستی کێش برگەی دەستکاریکراو هەروەها شیعری پەخشانیش.

٥. لەسەرەتا شاعیران بە دوورکەوتنەوەیان لە کێشو سەروا هەنگاویان بەرەو نوێگەری دەنا بەڵام دواتر ڕەوتەکەیان گۆڕیو ئەوجۆرە هەوڵانەیان بە پەخشانی شیعری لەقەڵەم داو گەڕانەوە بۆ پەیڕەوکردنی کێشو سەروا بەڵام بە شێوازێکی نوێو جیاواز لە شێوازە کۆنەکەی.

٦. لە هەفتاکاندا هەردوو ئەو شێوازە شیعرەی سەربەستو شیعری پەخشانی بەچاکی دەرکەوتن بەڵام شیعری بێ کێشو سەروا وەکو ئەو چەمکەی کە لە ڕۆژئاوا پەیڕەودەکرێ لەناو پرۆسەی نوێگەری کوردیدا بەشەرمەوە چاوی لێ دەکرا هەتا لەتیف هەڵمەت هاتو بە چەند پارچە دەقێکی شیعری بێ کێشو سەروا لەیەکەم کۆمەڵە بەرهەمێکیدا بەناوی (خواو شارە بچکۆلەکەمان) ئەو شەرمەی ڕەواندەوەو دەرگای لەبەردەم شاعیراندا بەتەواوی کردەوەو ئیتر ئەم جۆرە لە شیعر بووە مۆدێلێكو مەرجێکی نوێگەری قۆناغەکە.

٧. هەر لە هەفتاکاندا لە بواری درێژەدان بە نووسینی شیعر بە چەمکەکەی نازك ئێجگار فراوان بوو چونکە لە شەستەکاندا بناغەیەکی پتەوی بۆخۆی دامەزراندو شاعیرانی قۆناغی ڕوانگە لە پەیڕەوکردنی بنەماکانی ئەم شێوازە لەبەرهەمەکانیاندا بەچاکی ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام هەر لەگەڵ ئەم قۆناغەشدا هەندێ هەوڵی شیعری پەخشانیش هاتە ئاراوە، دواتریش لە هەشتاکاندا پەرەی سەندو لەلایەن شاعیرانەوە بایەخی پێدەدرا.

٨. یەکەم شاعیر لە بواری نووسینی شیعری بێ کێشو سەروا واتە بەو چەمکەی ڕۆژئاوا برایم ئەحمەدەو هەروەها شاعیرانی (کامەران موکریو نوری وەشتی)یە دواتریش لەسەر دەستی لەتیف هەڵمەت پەرەی سەندو چەسپا. یەکەم شاعیریش لە بواری نووسینی شیعری سەربەست بەو چەمکەی کە لەسەر پێ دامەزراوە گۆرانەو دواتر لای کامەرانو دیلانو ع. ح. ب و کاکەی فەلاحو دڵزارەوە، پەرەی پێدراوە لە هەفتاکاندا لەسەردەستی کۆمەڵێك شاعیری قۆناغەکە بەتەواوی گەشەی کردو ڕەگی داکوتا.

٩. سیمای شیعری نوێی کوردی بەپێی فۆرمو هەنگاوەکانی نوێگەریی خاوەن تایبەتمەندیو خەسڵەتی جیاوازە کە لەڕووی فۆرمەوە خۆی لە شیعری بێ کێشو سەرواو شیعری کێشو سەروادادری برگەیی دەستکاریکراوەو شیعری

پەخشانی دەبینێتەوە، سیمای دیاری شیعری سەربەست کە پەیڕەوی کێشو سەروا دەکرد پەیڕەوکردنی کێشی (٨) برگەیی بوو بە دەستەپێی جیاوازو دواتریش کێشی هەمەڕەنگ (٧+ ٤+ ٥+ ١١).

## پەراوێزەکان:

[١] یوسف الصائغ، الشعر الحر في العراق منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨، دراسة، اتحاد الكتاب العرب، ٢٠٠٦، ل٢٣.

[٢] د.عبدالواحد لؤلؤە، مدائن الوهم شعر الحداثة والشفات، رياض الريس للكتاب والنشر، ٢٠٠٢، ل٥٩.

[٣] د.فەرهاد پیربالّ، شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٤٩٩٩).

[٤] ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٦٦.

[٥] www.encyclopedia Britannica

[٦] ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، ل١٦٦.

[٧] www.encyclopedia Britannica

[٨] نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبیو ڕەخنەیی، چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١١.

[٩] د.فەرهاد پیربالّ، شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٤٩٩٩)، ٢٠٠٩/١٠/١٥.

[١٠] ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، ل١٦٥.

[١١] د.فەرهاد پیربالّ، شیعری نوێی کوردی، دەزگای کوردستان، هەولێر، ل١٧.

[١٢] ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، ل١٥٠–١٥٦.

[١٣] ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، ل١٧٤.

[١٤] ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، ل١٦٦.

[١٥] ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، ل١٦٧.

[١٦] د.عبدالواحد لؤلؤە، مدائن الوهم، ل١٣.

[١٧] ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، ل١٧٤.

١٨ د.عبدالواحد لؤلؤە، مدائن الوهم، ل١٥–١٦.

[١٩] بوکنەر ب–تراویک، مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی، بەرگی دووەم، و: حمەکریم عارف، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٠٥.

[٢٠] د.موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٥٠–٥٣.

[٢١] د.عبدالواحد لؤلؤە، مدائن الوهم، ل٤٣.

[٢٢] د.عبدالواحد لؤلؤە، مدائن الوهم، ل٤٧.

[٢٣] د.عبدالواحد لؤلؤە، مدائن الوهم، ل٥٨.

[٢٤] ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، ل١٧٤.

[٢٥] د.عبدالواحد لؤلؤە، مدائن الوهم، ل٦٣–٦٤.

[٢٦] د.یوسف عزالدين، التجديد في الشعر الحديث، دار المدى، ط٢، ٢٠٠٧، ل٩٦.

[٢٧] یوسف الصائغ، الشعر الحر في العراق منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨، ل٢٢.

[٢٨] د.عبدالواحد لؤلؤە، مدائن الوهم، ل٥١.

[٢٩] د.عبدالواحد لؤلؤە، مدائن الوهم، ل٥٣.

[٣٠] د.عبدالواحد لؤلؤە، مدائن الوهم، ل٥٢.

[٣١] یوسف الصائغ، الشعر الحر في العراق منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨، ل٢٣.

[٣٢] د.عبدالواحد لؤلؤە، مدائن الوهم، ل٥٢.

[٣٣] د.عبدالواحد لؤلؤە، مدائن الوهم، ل٦٨.

[٣٤] یوسف الصائغ، الشعر الحر في العراق منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨، ل٢٣.

[٣٥] د.عبدالواحد لؤلؤە، مدائن الوهم، ل٥٣.

[36] يوسف الصائغ، الشعر الحر في العراق منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨، ل٢٣.

[37] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٥٧.

[38] د.يوسف عزالدين، التجديد في الشعر الحديث، ل١١٥، ل١٢٢.

[39] يوسف الصائغ، الشعر الحر في العراق منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨، ل٣٢.

[40] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٦٩.

[41] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٦٩.

[42] د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٥١.

[43] يوسف الصائغ، الشعر الحر في العراق منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨، ل٣٠.

[44] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٧٠.

[45] د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل١٥٠.

[46] د.فاتح علاق، مفهوم الشعر عند رواد الشعر العربي الحر، دراسة، اتحاد الادباء العرب، ٢٠٠٥، ل١٠٢.

[47] د.عبدالواحد لؤلؤه، مدائن الوهم، ل٧١.

[48] د.فاتح علاق، مفهوم الشعر عند رواد الشعر العربي الحر، ل١٠٣.

[49] د.فاتح علاق، مفهوم الشعر عند رواد الشعر العربي الحر، ل١٠٣.

[50] بڕوانە: د.فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی، ل

[51] بڕوانە: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، شیعری کوردی و سەدەیەك بە هەڵە بەکارهێنانی ناونیشانەکانی نوێگەری، ڕۆژنامەی چاودێر، ژمارە (٣٩٩) دووشەممە ٢٠١٤/٣/٣.

[52] عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، شیعری کوردی و سەدەیەك بە هەڵە بەکارهێنانی ناونیشانەکانی نوێگەری، بەشی دووەم.

[53] عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، شیعری کوردی و سەدەیەك بە هەڵە بەکارهێنانی ناونیشانەکانی نوێگەری، چاودێر ژمارە (٤٠٠) بەشی سێیەم دووشەممە ٢٠١٤/٣/١٠.

[54] عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، شیعری کوردی و سەدەیەك بە هەڵە بەکارهێنانی ناونیشانەکانی نوێگەری، بەشی سێیەم، ڕەخنەی چاودێر ژمارە (٤٠٠) ٢٠١٤/٣/١٠، ل٣.

[55] یادگار ڕەسول باڵەکی , ,سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی , دهۆك , ٢٠٠٥ .

[56] شێخ نوری شێخ صالح، ئەدەبیاتی کوردی، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٢٢) تەمموزی ١٩٢٦.

[57] د.کامل حسن بصیر، شێخ نوری شێخ صالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەیی‌و ڕەخنەسازیدا، بەغدا، ١٩٨٠، ل٢٥.

[58] د.کامل بەسیر. شێخ نوری لە کۆڕی، ل٣٣.

[59] شێخ نوری شێخ صالح، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٢٢)، ١٩٢٦.

[60] شێخ نوری شێخ صالح، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٢٢)، ١٩٢٦.

[61] د.کامل بەسیر. شێخ نوری شێخ صالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەو ڕەخنەسازیدا، ل٦٨.

[62] د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل ١٥٣.

[63] پیرەمێرد هەر بەو ناونیشانە پەخشانە شیعرەکەی وەرگێڕاوە، بڕوانە ژیان، ٣٦١ ساڵی ١٩٣٣.

[64] د.فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی، ل ٩٢.

[65] ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣٦١، ساڵی ١٩٣٣.

[66] ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣٨١ ساڵی ١٩٣٣.

[67] پیرەمێرد، پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان‌و بەرهەمەکانی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئومێد ئاشنا، بەرگی یەکەم، ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم ٢٠٠٩، ل٣٧١.

[68] د.فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی، ل٩٠.

[69] د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل١٤٧.

[٧٠] سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.

[٧١] د.دلشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل ١٥٤.

[٧٢] گۆران، سەرنجێکی کورت لە شیعر، ژین، ژمارە ١١٢٦، ١١٢٧، ٤ و ١١|١٢| ١٩٥٢.

[٧٣] د.کامل بەسیر، وێژەی کوردی و رەخنەسازی، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان، کوردستان، ١٩٩٠، چاپخانەی (دار الجاحظ)، ل٢٦١.

[٧٤] د.کامل بەسیر، وێژەی کوردی و رەخنەسازی، بەغدا، ١٩٩٠، ل٢٦٩.

[٧٥] ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەغدا، ١٩٤٦، ل ٢٦.

[٧٦] د.فەرهاد پیربال شیعری نوێی کوردی، ل٢٦.

[٧٧] د.محەمەد فازل مستەفا، دەنگی پیرەمێرد لە بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٤.

[٧٨] ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، ل ١٣٣.

[٧٩] ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، ل ٢٠٥.

* یادگارو هیوا یەکەمجار بە ناونیشانی (هیواو دڵداری) لە گۆڤاری هاوار ژمارە (١٩) ساڵی یەکەم ١٧ی نیسانی ١٩٣٣ بڵاوکراوەتەوە. دواتر لە یادگاری لاوان لە ١٩٣٣ ناونیشانەکەی کراوە بە یادگارو هیوا جارێکی تر بڵاوکراوەتەوە، دیسان جارێکی تریش لە گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (٩) ئەیلولی ١٩٤٣ بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە عومەر مارف بەرزنجی، برایم ئەحمەد کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، چاپەمەنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٨.

* بەرەو ڕووناکی یەکەمجار بەناوی (أ. أ) بڵاوکراوەتەوە، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٥)، ساڵی ٦ مایسی ١٩٤٦. بڕوانە عومەر مارف بەرزنجی، برایم ئەحمەد، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، ل٣٣ بڵاوبوونەوەی ئەم دەقە پێنج جار لەماوەی سێ ساڵدا ئەوە دەسەلمێنێ کە دەقێکی نوێگەرییە چ لەڕوو ڕووخسارو چ لەڕووی ناوەڕۆکەوە، خاوەنەکەی ئامانجی بووە چاوی لێبکەنو بیکەنە بناغەی ڕێبازێکی نوێی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا.

[٨٠] محەمەد صدیق عارف، قوتابخانەی شیعری تازە، ڕۆژنامەی ژین، ژمارە ١٢٧٧، ١٥|١٢|١٩٥٥

بەڵام نوسەر لە وتارێکی تریدا بەناونیشانی ڕایەك لە بارەی پەخشانە شیعرەوە لە هاوکاری ژمارە ٩٧٩ لە ٢|٦|١٩٨٨ بلاکراوەتەوە بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی پێشووتری (بەرەو ڕووناکی) بە پەخشانە شیعر لەقەڵەم دەدات.

[٨١] بڕوانە حسین عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا، ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل٦، ل٢٣٦، ل٢٤٧، ل٣٣٠.

[٨٢] لەتیف هەڵمەت، شیعر خەنانس، ئەنوەری مینجۆب، سلێمانی، ل٣٤٤.

[٨٣] د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، B، ٢٠٠٦، ل٣١٤.

[٨٤] د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، B، ٢٠٠٦، ل٣٠٧.

[٨٥] کامل ژیر، نازەنین، دیوانی هەڵبەست، چاپخانەی النور، بغداد، ل٩.

[٨٦] هەڵبەستەکانی ژیر، داستانی ئەوینی کوردستان، دەزگای چاپەمەنی ڕۆژ لە سوید، ل٤٤٠.

[٨٧] نازەنین هەڵبەست، کامل ژیر،١٩٥٨، ل ٩.

[٨٨] نازەنین هەڵبەست، کامل ژیر،١٩٥٨، ل٣٨.

[٨٩] سامان عیزەدین سەعدون، بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٠٠.

[٩٠] د.فەرهاد پیربال، شیعری نوێی کوردی، ل٩٤.

[٩١] سامان عیزەدین، بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، ل١٠٠.

[٩٢] عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، ڕەخنەی چاودێر، ژمارە ٣٩٩، ٢٠١٤.

[٩٣] خواو شارە بچکۆلەکەمان، لەتیف هەڵمەت.

[٩٤] سامان عیزەدین، بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، ل ٢٨٣، ل ٣١٨.

[٩٥] عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، ڕەخنەی چاودێر، ژمارە ٣٩٩.

[٩٦] د.دلشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، ل١٥٠.

[٩٧] حسین عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا، ل٦.

[٩٨] حسین عارف، نوسینەکانم، ل٣٦٦.

[٩٩] حسین عارف، نووسینەکانم، ل ٣٦٦.

[100] بەرهەمە شیعرییەکانی نووری دەشتی، ئامادەکردنو پێداچوونەوەی مارف ناسراو، بەرێوەبەرێتی گشتی چاپو بلاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٣.

[101] حسێن عارف، نووسینەکانم، ل٣٥٨.

[102] مارف بەرزنجی، گۆڤاری شەفەق، ژمارە (١٠)ی بەرگی (١) مات، ١٩٥٨.

[103] دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل ٢٠٩.

[104] د.دلشاد عەلی، بنیاتی هەلبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل١٥٢– ١٥٤.

[105] عەبدولرەزاق بیمار، کێشو مۆسیقای هەلبەستی کوردی، دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، چاپی یەکەم، ١٩٩٢، ل ١٥١.

[106] دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل ١٤٩.

[107] عەبدولرەزاق بیمار، کێشو مۆسیقای شیعری کوردی، ل١٥٤.

[108] د.دلشاد عەلی، بنیاتی هەلبەست لە هۆنراوەی کوردیدا.

[109] بروانە: ١. حسێن عارف، کامەرانو هۆنراوەی نوێ.

٢. د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم B.

٣. د.دلشاد عەلی، بنیاتی هەلبەست لە هۆنراوەی کوردیدا.

٤. عەبدولرەزاق بیمار، کێشو مۆسیقای هەلبەستی کوردی.

[110] دیوانی کامەران موکری، پێشەکی نووسین پەراوێز لێدان عەبدوللا ئاگرین، بلاوکراوەکانی گۆڤاری کاروان، ١٩٨٧، ل٤٠.

[111] بروانە د.دلشاد عەلی، بنیاتی هەلبەست، ل١٥٨، هەروەها حسێن عارف، نووسینەکانم، کامەرانو هۆنراوەی نوێ، ل٣٦٦.

[112] د.پەرێز سابیر، رەخنەی ئەدەبی کوردیو مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٣٦٧.

[113] د.پەرێز سابیر، رەخنەی ئەدەبی کوردیو مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، ل٣٦٨.

[114] د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم B، هەولێر، ل ٦٤٣.

[115] دیوانی کامەران موکری، ئامادەکردنی عەبدوللا ئاگرین، ل ٦٥.

[116] دیوانی کامەران موکری، ل١٠٤.

[117] حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری رەخنەو لێکۆلینەوەدا، ل٢٤٨.

[118] حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری رەخنەو لێکۆلینەوەدا، ل ٢٤٧.

[119] حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری رەخنەو لێکۆلینەوەدا، ل٢٥٠.

[120] د.دلشاد عەلی، بنیاتی هەلبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل١٥٦.

[121] د.دلشاد عەلی، دیلانو تاقیکرنەوەی شیعری، ل٢٢٧.

[122] گۆڤاری شەفەق، مارف بەرزنجی، ژمارە (١٠)، ١٩٥٨.

[123] د.دلشاد عەلی، دیلانو تاقیکردنەوەی شیعری، ل٢٢٩.

[124] دیوانی شیعر محەمەد صالح دیلان، ئامادەکردنی د.عەبدوللا ئاگرین، هەولێر، کوردستان، سالی ٢٠١٣، ل١٥٦.

[125] د.دلشاد عەلی، دیلانو تاقیکردنەوەی شیعری، ل٢٣٠.

[126] د.دلشاد عەلی، دیلانو تاقیکردنەوەی شیعری، ل١٩٤.

[127] د.دلشاد عەلی، دیلانو تاقیکردنەوەی شیعری، ل٢٣١.

[128] د.دلشاد عەلی، دیلانو تاقیکردنەوەی شیعری، ل٢٣١.

[129] د.دلشاد عەلی، دیلانو تاقیکردنەوەی شیعری، ل٢١٢.

[130] دیوانی دیلان، ل٢٤٧ لومبومبا.

[131] دیوانی دیلان، ل٢٧٧، درەخت.

[132] د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم B،ل٥٠٣.

[133] هەلبەستەکانی ژێر، داستانی ئەوینی کوردستان، سوید، ل٤٤٠.

[١٣٤] هەڵبەستەکانی ژیر، داستانی ئەوینی کوردستان، ل٤٣٣.

[١٣٥] هەڵبەستەکانی ژیر، داستانی ئەوینی کوردستان، ل٢٥٨.

[١٣٦] هەڵبەستەکانی ژیر، ل٤٣٥.

[١٣٧] د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی حەوتەم B، ٢٠٠٦.

[١٣٨] دیوانی ع. ح. ب، دەزگای بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٣، ل٩.

[١٣٩] دیوانی ع. ح. ب، ل١٢٧.

[١٤٠] دیوانی ع. ح. ب، ل٣٧٠.

[١٤١] کەمال غەمبار، بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێك، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٨٢.

[١٤٢] کەمال غەمبار، بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێك، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٨٣.

[١٤٣] د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم B، ٢٠٠٦، ل٦١٨.

[١٤٤] فەرهەنگی غەم، حەسیب قەرەداخی، شیعر، سلێمانی، چاپخانەی کاکەی فەلاح، ١٩٧٩، ل١١٧.

[١٤٥] کاکەی فەلاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، ل٢٠٤.

[١٤٦] د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، B، ٢٠٠٦، ل٥٦٩.

[١٤٧] د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، B، ل٥٦٩.

## سەرچاوەکان:

### کتێبی کوردی:


- بوکنەر ب – تراویك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی، بەرگی دووەم، و: حمەکریم عارف، هەولێر، ٢٠٠٨.
- پیرەمێرد، پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیانو بەرهەمەکانی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئومێد ئاشنا، بەرگی یەکەم، ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم ٢٠٠٩.
- د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، سلێمانی، ١٩٩٨.
- د.فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی، دەزگای کوردستان، هەولێر.
- د.کامل بەسیر، وێژەی کوردی و رەخنەسازی، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیریو لاوان، کوردستان، ١٩٩٠، چاپخانەی (دار الجاحظ).
- د.موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢.
- رەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حمەکریم عارف، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦.
- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبیو رەخنەیی، چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١١.
- بەرهەمە شیعرییەکانی نووری وەشتی، ئامادەکردنو پێداچوونەوەی مارف ناسراو، بەرێوەبەرێتی گشتی چاپو بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا، ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.
- خواو شارە بچکۆلەکەمان، لەتیف هەڵمەت.
- د.پەرێز سابیر، رەخنەی ئەدەبی کوردیو مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.
- د.دڵشاد عەلی، دیلانو تاقیکردنەوەی شیعری.
- د.کامل حسن بصیر، شێخ نوری شێخ صالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەییو رەخنەسازیدا، بەغدا، ١٩٨٠.
- د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی حەوتەم B، هەولێر، ٢٠٠٦.
- د.محەمەد فازل مستەفا، دەنگی پیرەمێرد لە بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، هەولێر، ٢٠١١.
- دیوانی محەمەد صالح دیلان، ئامادەکردنی د.عەبدوڵڵا ئاگرین، هەولێر، کوردستان، ساڵی ٢٠١٣.
- دیوانی ع. ح. ب، دەزگای بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٣.
- دیوانی کامەران موکری، پێشەکی نووسین پەراوێز لێدان عەبدوڵڵا ئاگرین، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کاروان، ١٩٨٧.

●ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەغدا، ١٩٤٦.
●سامان عیزەدین سەعدون، بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، سلێمانی، ٢٠٠٩.
●عەبدولڕەزاق بیمار، کێشو مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، چاپی یەکەم، ١٩٩٢.
●فەرهەنگی غەم، حەسیب قەرەداخی، شیعر، سلێمانی، چاپخانەی کاکەی فەلاح، ١٩٧٩.
●کاکەی فەلاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی.
●کامل ژیر، نازەنین، دیوانی هەڵبەست، چاپخانەی النور، بغداد.
●کەمال غەمبار، بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێك، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
●لەتیف هەڵمەت، شیعر خەنانس، ئەنوەری مینجۆب، سلێمانی.
●هەڵبەستەکانی ژیر، داستانی ئەوینی کوردستان، دەزگای چاپەمەنی ڕۆژ لە سوید.

**کتێبی عەرەبی:**

●د.عبدالواحد لؤلؤە، مدائن الوهم شعر الحداثة والشفات، رياض الريس للكتاب والنشر، ٢٠٠٢
●د.فاتح علاق، مفهوم الشعر عند رواد الشعر العربي الحر، دراسة، اتحاد الادباء العرب، ٢٠٠٥
●د.يوسف عزالدين، التجديد في الشعر الحديث، دار المدى، ط٢، ٢٠٠٧.
●يوسف الصائغ، الشعر الحر في العراق منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨، دراسة، اتحاد الكتاب العرب، ٢٠٠٦.

**ڕۆژنامە:**

●د.فەرهاد پیرباڵ، شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٤٩٩٩)، ٢٠٠٩/١٠/١٥.
●عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، شیعری کوردی و سەدەیەك بە هەڵە بەکارهێنانی ناونیشانەکانی نوێگەری، ڕۆژنامەی چاودێر، ژمارە (٣٩٩) دووشەممە ٢٠١٤/٣/٣.
●ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣٦١، ساڵی ١٩٣٣.
●ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣٨١ ساڵی ١٩٣٣.
●شێخ نوری شێخ صالح، ئەدەبیاتی کوردی، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٢٢) تەمموزی ١٩٢٦.
●گۆران، سەرنجێکی کورت لە شیعر، ژین، ژمارە ١١٢٦، ١١٢٧، ٤ و ١١|١٢| ١٩٥٢.
●محەمەد صدیق عارف، قوتابخانەی شیعری تازە، ڕۆژنامەی ژین، ژمارە ١٢٧٧، ١٥|١٢|١٩٥٥

**گۆڤار:**

●مارف بەرزنجی، گۆڤاری شەفەق، ژمارە (١٠)ی بەرگی (١) مات، ١٩٥٨.

## ملخص البحث

في هذا البحث (الشعر الحر في الادب الكردي) نتناول بالتفصيل مفهوم الشعر الحر و ظهوره في الادب الغربي ثم نعرج على سعى الشاعرة العربية الرائدة نازك الملائكة و جهودها لترسيخ هذا المصطلح وفق فهمها الخاص له، وذلك بغية توضيح ما انعكس من ذلك في ايجاد تيار الشعر الحر في الادب الكردي وهذا ما دفعنا الى تقسيم البحث الى قسمين:

في القسم الاول تطرقنا الى مفهوم الشعر الحر في الادب الغربية وفي هذا المجال تمت اعادة النظر في المحاولات التي جاءت بخصوص ظاهرة بروز هذا النوع من الشعر في الادب الغربية. و طروحات الشاعرة العربية الرائدة نازك الملائكة حول مفهوم الشعر الحر.

وفي القسم الثاني من البحث ومن خلال تعويلنا على ماتم التطرق اليه في القسم الاول حول كيفيه ظهور الشعر الحر في الادبين الغربي والعربي سلطنا الاضواء على مشروع التجديد الذي ظهر في الشعر الكردي وبدأنا بتناول جميع المحاولات الذي مهد الطريق لايجاد الشعر الكردي الحر في حقبة زمنية معينة. وقد تم الحديث عن هذا الموضوع في جميع المراحل واحدة تلد اخرى ثم عن مرحلة ترسيخ المبادئ والمفاهيم بشكل أوسع. وفي الختام توصلنا الى النتائج المرجوه في هذا البحث.



Abstract

This study deals with the concept of ‘free verse’ both in the Western and Arabic literature. The purpose behind the study is to show and clarify the reflection and impact of their literature on Kurdish literature and indicating their characteristics. Thus, this study is divided into two parts:

Chapter one:
In this part, the term ‘free verse’ has been tackled in Western literature. Then we dealt with free verse from Nazik Al-Mala’ika’s point of view, in order to identify their feature in the second part in Kurdish poetry.

Chapter two:
Relying on characteristics and features, of the free verse both in Western and Arabic literature, we dealt with innovation in Kurdish poetry. For Furthermore, free verse, step by step and in different eras in Kurdish literature, has been studied and the study ends with a conclusion and a list of references.

# دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستاندا

# (توێژینەوەیەکی شیکاری- بەراوردکارییە)

م. ی. هێمن رسول مراد

زانکۆی راپەڕین

فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان– بەشی یاسا

## پێشەکی

### یەکەم: ناساندنی بابەتی توێژینەوەکە

دەستور وەك باڵاترین یاسا لە هەر وڵاتێکدا، سنوری پەیوەندی نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان دەکێشێت و رادەی کاریگەری هەر دەسەڵاتێکیش دیاری دەکات.

دەسەڵاتی سەرۆکیش، لە هەر سیستمێکی حوکمڕانیی دیموکراسیدا بە خاڵی دیارو جیاکەرەوەی سیستمی ئەو وڵاتە دادەنرێت، چون لە رێگەی زانین و وردبوونەوە لە دەسەڵاتەکانی سەرۆك، کاریگەری و باڵادەستیی هەرسێ دەسەڵاتەکانی دەوڵەت (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) دەردەکەوێت، لەگەڵ رادەی پەیوەندی و هاریکاریی نێوانیان و چاودێریی هەر دەسەڵاتێك بۆ سەر دەسەڵاتەکەی تر، ئایا کام دەسەڵاتە کاریگەری بەسەر ئەویتریانەوە هەیە، هاوسەنگیی دەسەڵات لە وڵاتدا بە قازانجی کام لایەنە لاسەنگە؟

سەرەنجام یارمەتیدەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی بزانرێت ئەم سیستمی حوکمڕانییە کام جۆری سیستمی دیموکراسیی نوێنەرایەتییە، کە لە دنیادا باوە (پەرلەمانی، سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی، تێکەڵاو)، بەتایبەت کە هەر سیستمەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

هەرێمی کوردستانیش وەك هەرێمێکی فیدراڵ لە چوارچێوەی عێراقدا، دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ مافی بونی دەستوری پێبەخشیوە، بە کردەوەش پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٩/٦/٢٤ پرۆژەدەستورییێکی پەسەند کرد، تێیدا سنور و دەسەڵاتی هەریەك لە دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جیبەجێکردن، دادوەری) و چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم وەك باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێکردن دیاریکردووە.

## دووەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی سەرۆك لە پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان، و تیشکخستنەسەر هەموو ئەو ماددانەی کە پەیوەندیدارن بە سەرۆکی هەرێم لەگەڵ شیکردنەوەیان، ئایا ئەم دەسەڵاتانە دەگونجێن لەگەڵ سیستەمی حوکمڕانیی کوردستاندا، کە لە ماددەی (١) ی پرۆژەی دەستورەکەدا بە پەرلەمانی ناوی هاتووە؟

ئامانجێکی تری توێژینەوەکە بەشداریکردن و هاوکاریکردنی هەر هەوڵێکە کە لە ئایندەدا دەدرێت بە هەموار یان گۆڕینی هەر ماددە و برگەیەك کە پەیوەندی بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمەوە بێت، چونکە دەستوری هەریمی کوردستان، سەرەڕای پەسەندکردنی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، هێشتا هەر پرۆژەیەو شایانی دەستکاری و هەموارکردنە، تاکو ئەوکاتەی لە راپرسییەکی گشتیدا لە لایەن زۆرینەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستانەوە پەسەنددەکرێت.

## سێیەم: چوارچێوەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە، باسی دەسەڵاتی سەرۆکی دەوڵەت دەکات لە چوار سیستەمی دیموکراسیی نوێنەرایەتی، کە لە دنیادا باوە، لەگەڵ دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستاندا.

## چوارەم: کێشەی توێژینەوەکە

ئەو کێشەیەی توێژینەوەکە دەیەوێت بیخاتە بەرباس و شیکردنەوەی بۆ بکات، چۆنێتیی چارەسەرکردنی ئەو ماددە دەستورییانەیە کە لە پرۆژەدەستوری هەرێمدا هاتوون و تایبەتن بە دەسەڵاتەکانی سەرۆك، بە جۆرێك رەنگدانەوەی سیستەمی پەرلەمانی بێت، بە تایبەت کە سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتێکی بەرفراوانی هەیە، بەڵام هیچ بەرپرسیارێتیکی لەسەر شان نیە.

## پێنجەم: رێبازی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە پشتیبەستووە بە هەردو رێبازی شیکاری و بەراوردکاری، کە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا شیکردۆتەوە، و بەراوردی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کردووە لەگەڵ دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەوڵەت لە سیستەمە دیموکراسییە جیاوازەکاندا.

## شەشەم: پەیکەری توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە دابەشبووە بەسەر دوو باسی سەرەکیدا، لە باسی یەکەمدا دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەوڵەت لە سیستەمەکانی: پەرلەمانی، سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی، تێکەڵاو باسکراوەو شیکراوەتەوە، هەرچی باسی دووەمیشە تایبەتە بە شیکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستاندا.

توێژینەوەکە بە کۆمەڵێك دەرەنجام و راسپاردە کۆتایی دێت، کە توێژەر پێیوایە لەبەرچاوگرتنیان پێویست و گرنگە.

## باسی یەكەم:

## سەرۆكی دەوڵەت لە سیستمە دیموكراسییەكاندا

سیستمی جیاوازی حكومڕانی لە ڕژێمە دیموكراسییەكاندا پەیڕەودەكرێت، كە هەر یەكێكیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە رووی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتە گشتییەكان لە دەوڵەتدا: (یاسادانان، جێبەجێكردن، دادوەری)، ئەم سیستمانەش بریتین لە سیستمی (پەرلەمانی، سەرۆكایەتی، ئەنجومەنی، تێكەڵاو)، كە لەم باسەدا دەسەڵاتەكانی سەرۆكی دەوڵەت لە هەر یەكێكیاندا شیدەكرێتەوە.

### داخوازی یەكەم:

### سەرۆكی دەوڵەت لە سیستمی پەرلەمانیدا

سیستمی پەرلەمانی، شێوازێكی حكومڕانیی دیموكراسییە، كە لەسەر بنەمای هاوسەنگی و هاوكاریی نێوان دەسەڵاتەكانی یاسادانان و جێبەجێكردن، بوونی دوانەیی دەسەڵاتی جێبەجێكردن (سەرۆكی دەوڵەت و ئەنجومەنی وەزیران)، بەرپرسیارێتی بە كۆمەڵی وەزیرەكان و نەبوونی بەرپرسیارێتیی سەرۆكی دەوڵەت دامەزراوە[1].

لەمجۆرە سیستمەدا دەكرێت پاشا ببێتە سەرۆكی دەوڵەت، كە بە میرات ئەو پۆستە وەردەگرێت (وەك بریتانیا)، یان كەسێكی هەڵبژێردراو لەلایەن پەرلەمانەوە ببێتە سەرۆك (وەك دەستوری عیراق، ساڵی ٢٠٠٥)، یاخود لە ڕێگەی دەستەیەكی تایبەتەوە بە هاوبەشی لەگەڵ پەرلەمان سەرۆك هەڵدەبژێردرێت (وەك دەستوری هند، ساڵی ١٩٤٧)[2].

سەرۆكی دەوڵەت لە سیستمی پاشایەتیدا لە روی سیاسی و سزاییەوە بەرپرسیار نیە، لەكاتێكدا لە سیستمی كۆمارییدا سەرۆك تەنها لە روی سیاسییەوە بەرپرس نیە[3]. لەم سیستمەدا سەرۆكی دەوڵەت كۆمەڵێ دەسەڵات لە بوارە جیاوازەكاندا پەیڕەودەكات، كە گرنگترینیان بریتین لە:

#### یەكەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری جێبەجێكردندا:

سەرۆكی دەوڵەت لە سیستمی پەرلەمانیدا كەسێكی جیایە لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، كاردەكات بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتەكان لە دەوڵەتدا و ئاڕاستەكردنیان، دەربارەی دەسەڵاتەكانی سەرۆك لە بواری جێبەجێكردندا دوو بۆچونی جیاواز هەیە، یەكەمیان ڕۆڵی سەرۆك لەم بوارەدا بە نائەكتیڤ (سلبی) دادەنێت و پێیوایە، ڕۆڵی سەرۆك ڕۆڵێكی ئەدەبییە بە ئاڕاستەكردنی ئامۆژگاری و ڕێنوێنی بۆ دامودەزگاكانی دەوڵەت، بە بێ بوونی هیچ دەسەڵاتێكی كردەیی و ڕاستەوخۆ لەو بوارەدا، چونكە سەرۆك باڵادەستە و حوكمناكات (الملك يسود ولا يحكم) و بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتی كردەییەوە بەرپرسیارێتیی سیاسی نیە.

---

(1) د.عبدالحميد متولى، القانون الدستوري والأنظمة السياسية، ج١، ط٤، دار المعارف، بدون مكان نشر، ١٩٦٦، ص٣١٣-٣١٤.

(2) لطيف مصطفى أمين، مبدأ الفصل بين السلطات و وحدتها وتطبيقها في الدساتير العراقية، منشورات مكتب الفكر والتوعية للاتحاد الوطني الكردستاني، سليمانية، ٢٠٠٧، ص١٧٧- ١٧٨.

(3) د. السيد الصبري، مبادىء القانون الدستوري، ط٤، القاهرة، ١٩٤٩، ص١٨٨.

هەرچی بۆچوونی دووەمە پێیوایە، کە هیچ دژیەکییەك نیە لەگەڵ سیستمی پەرلەمانیدا، کاتێك سەرۆکی دەوڵەت بەشداری لە کاروباری دەسەڵاتی جێبەجێکردندا دەکات، بە مەرجی لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی دەستێوەردانی سەرۆك لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران و داپۆشینی، هەروەها سەرۆك و کارەکانی نەبێتە هۆی بابەتی گفتوگۆ لە بەردەم پەرلەمان و رایگشتیدا، و کارەکە شێوەیەکی نهێنی هەبێت و وەك ئەوە وابێت کە کاری وەزارەت (کابینە) خۆیەتی[٤]. سەرەڕای بونی بۆچونی جیاواز لەسەر رۆڵی سەرۆك، بەڵام سەرۆك ئەم دەسەڵاتانە لە بواری دەسەڵاتی جێبەجێکردندا پەیڕەودەکات:

١. دانانی سەرۆك وەزیران:

هەرچەندە بوونی سیستمی دوو پارتی و چڕبوونەوەی ململانێی هەڵبژاردن لە نێوان پارتی پارێزگاران و پارتی لیبراڵ (یاخود پارتی پارێزگاران و پارتی کرێکاران لە ئێستادا) لە بریتانیادا، تاڕادەیەکی زۆر دەسەڵاتی پاشای لەم بوارەدا بەرتەسککردۆتەوەو ناچاریکردووە کە سەرۆکی پارتی زۆرینە لە پەرلەماندا رابسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیاریکردنی سەرۆك وەزیران بە ئیمتیازێکی تەقلیدی تاج[٥] لە بریتانیادا دادەنرێت، بەتایبەت کاتێك هیچ یەکێك لە پارتەکان نەتوانن بە تەنها حکومەت پێکبهێنن و پێویستیان بە دروستکردنی ئیتیلاف هەبێت[٦].

٢. رەتکردنەوەی دەستلەکارکێشانەوەی وەزارەت (کابینە):

لە کۆندا، پاشای بریتانیا دەسەڵاتی قبوڵ یان رەتکردنەوەی کابینەی وەزارەتی هەبوو، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی پێشکەوتنی سیستمی پەرلەمانییەوە پاشا ئەم دەسەڵاتەی نەماوەو ناتوانێت کابینەی وەزارەت رەتبکاتەوە[٧].

٣. دەستپێلەکارکیشانەوەی وەزارەت (إقالة):

پاشا لە بریتانیا دەیتوانی وەزارەت ناچاری دەستلەکارکێشانەوە بکات، چونکە وەزیرەکان وەك راوێژکار لەوکاتەدا سەیریاندەکرا، بەڵام لە دوای جێگیربوونی بەرپرسیارێتیی وەزارەت لە بەردەم پەرلەماندا لە ساڵی ١٧٨٣ پاشا دەسەڵاتی دەستپێلەکارکێشانەوەی وەزارەتی نەما و پەرلەمان لە دوای ئەو مێژووەوە بووە خاوەنی ئەم دەسەڵاتە[٨].

٤. وتاری عەرش:

جاران پاشا رۆڵی گرنگی هەبوو لە دانانی وتاری عەرش، و لەلایەن خۆیشیەوە لە کاتی مەراسیمی کردنەوەی خولی تازەی پەرلەماندا پێشکەشدەکرا، بەڵام لە ئێستادا وتاری عەرش وەك بەرنامەی سیاسیی حکومەت حسابی بۆ دەکرێت و لەلایەن

---

[٤] د. محسين خليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، بدون مكان نشر، ١٩٨٧، ص٥٦٠-٥٦٢.

[٥] جیاوازی لە نێوان (شا) یاخود (شاژن) وەك کەسێکی سروشتی و (تاج) هەیە، کە بریتییە لە کۆمەڵێك دەسەڵات و دامەزراوەی یاسایی. د. پێشەوا حميد عبدالله، المسؤولية السياسية للسلطة التنفيذية في النظام البرلماني، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٣، ص١٦٧.

[٦] د.عبدالغني بسيوني عبدالله، سلطة ومسؤلية رئيس الدولة في النظام البرلماني، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٥، ص٥٩.

[٧] لطيف مصطفى أمين، العلاقة بين رئيس الدولة و رئيس الوزراء في النظام البرلماني، أطروحة دكتوراه مقدمة الى مجلس كلية القانون والسياسة بجامعة السليمانية، ٢٠١٠، ص١٨١.

[٨] د. محمد عبدالحميد أبو زيد، توازن السلطات ورقابتها، دار النسر الذهبي للطباعة، القاهرة، ٢٠٠٣، ص١٤٠.

پاشا و وەزارەتەوە دادەنرێت، بە شێوەیەك كە پاشا سەیری وتارەكە دەكات بۆ پێدانی پێشنیاز یاخود پەلْپێگرتنی (الإعتراض)[٩].

٥. بەخشینی میدالیای پاشایەتی:

پاشای بریتانیا دەسەلاتی بەخشینی میدالیای پاشایەتی هەیە بەو كەسانەی بە شایەنیان دەزانێت، كە زۆربەی كات راوێژ لە گەلْ سەرۆك وەزیران دەكات، و بەخشینەكەش وا باوە لە بۆنەیەكی تایبەت بە پاشا دەبێت، وەك رۆژی لە دایكبونی یان دانیشتنی لە سەر تەخت[١٠].

٦. دانان لە پۆستی گشتیدا:

دانان لە هەندێ پۆستی گەورەی بواری سەربازی، یان شارستانی یاخود كەنیسە بە یەكێك لە دەسەلاتەكانی تاج لە بریتانیا دادەنرا، بەلام لەگەلْ جێگیربوونی بەرپرسیارێتیی وەزارەت ئەم دەسەلاتانە بەرە بەرە كەمبوونەوەو گواسترانەوە بۆ وەزارەت[١١].

**دووەم: دەسەلاتی سەرۆك لە بواری دەسەلاتی یاسادانانەدا**

١. بانگهێشتی پەرلەمان بۆ دەستپێكردنی كۆبونەوە:

دەستورە پەرلەمانییەكان دەسەلاتی بانگهێشتكردنی پەرلەمانیان بۆ دەستپێكردنی كۆبونەوە بە سەرۆكی دەولەت بەخشیوە لە ماوەیەكی دیاریكراودا، بەلام ئەگەر لەو ماوەیەدا سەرۆك بانگهێشتی پەرلەمانی نەكرد بۆ كۆبونەوە، ئەوا پەرلەمان بە حوكمی یاسا كۆدەبێتەوە[١٢].

٢. پێشنیازكردنی یاسا:

لە سەرەتا، پێشنیازكردنی یاسا بە تەنها دەسەلاتی پاشا خۆی بوو، بەلام لە دوای دەرچونی (ماگنا كارتا) لە سالی ١٢١٥دا، پەرلەمان مافی بەشداریكردنی لە پێشنیازكردنی یاساكاندا بە دەستهێنا لە رێگەی پێشكەشكردنی داواكاری (العرائض)، كە پاشا ناچار نەبوو پابەندیان بێت، تەنها لە حالەتی سەپاندنی باجی نوێ نەبێت، كە پێویستی بە وەرگرتنی رەزامەندیی پەرلەمان دەكرد[١٣].

٣. رەتكردنەوەی یاساكان (الاعتراض على القوانين):

سەرۆكی دەولەت ئەو یاسایانە دەردەكات كە لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەنددەكرێن، هەروەها مافی رەتكردنەوەی ئەو یاسایانەی هەیە و دەتوانێت بیانگەرێنێتەوە بۆ پەرلەمان، بۆ دووبارە چاوپێداخشاندنەوەی[١٤].

---

[٩] د.عبدالغني بسيوني عبدالله، سلطة ومسؤلية رئيس الدولة في النظام البرلماني، مصدر سابق، ص٥٩–٦٠.

[١٠] لطيف مصطفى أمين، العلاقة بين رئيس الدولة و رئيس الوزراء في النظام البرلماني، مصدر سابق، ص١٨٣.

[١١] د.عبدالغني بسيوني عبدالله، سلطة ومسؤلية رئيس الدولة في النظام البرلماني، مصدر سابق، ص٦٢.

[١٢] د. محمد عبدالحميد أبو زيد، مصدر سابق، ص١٨٠.

[١٣] د. ڤيَشتوا حميد عبدالله، مصدر سابق، ص١٦٨.

[١٤] د.عصام أحمد عجيلة و د.محمد رفعت عبدالوهاب، النظم السياسية، ط٥، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٢، ص٢٩١.

٤. هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان:

لە كاتی بونی ناكۆكی لە نێوان سەرۆك و پەرلەماندا، سەرۆك، پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە، لە سەرەتاشدا كابینەی وەزارەت كە پاڵپشتی زۆرینەی پەرلەمانی هەیە، لادەبات و لە جێگەیدا كابینەیەك لە كەمینەی پەرلەمان، یان لە دەرەوەی پەرلەمان رادەسپێرێ بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری وڵات، تا ئەو كاتەی رای گەل لە هەڵبژاردنێكی نوێدا وەردەگیرێت[١٥].

٥. دانانی ئەشراف (تنصيب الاشراف):

دانانی ئەشرافەكان لە ئەنجومەنی لۆردەكان، یەكێك لە دەسەڵاتە دێرینەكانی تاج بووە لە بریتانیادا، كاتێك ئەنجومەنی لۆردەكان پرۆژەیاسایەكی گرنگی رەتدەكردەوە، كە ئەنجومەنی گشتی پەسەندیدەكرد، پاشا چەند ئەندامێكی لە ئەنجومەنی لۆردەكان دادەمەزراند، بەمەبەستی بەدەستهێنانی زۆرینە لە ئەنجومەنەكە بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەیاساكە[١٦].

**سێیەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری دەسەڵاتی دادوەریدا**

١. بڕیاری لێبوردن:

پاشا بە راوێژ لەگەڵ وەزیری ناوخۆ دەسەڵاتی لێخۆشبونی هەیە لەو كەسانەی كە تاوانێك ئەنجامدەدەن، جا ئەم لێخۆشبونە پێش دەرچونی بڕیاری تاوانباركردن، یان دوای دەرچونی بڕیارەكە بێت[١٧].

٢. دانانی دادوەرەكان:

لە بریتانیا، وەزارەت دادوەرەكانی دادگای باڵا دادەنێت، پاش وەرگرتنی رەزامەندییەكی رواڵەتی (شكلی)ی پاشا[١٨].

**چوارەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری كاروباری دەرەوەدا**

١. پەسەندكردنی پەیماننامە و رێككەوتنە نێودەوڵەتیەكان:

سەرۆك، پەیماننامە و رێككەوتنە نێودەوڵەتیەكان پەسەنددەكات، ئەمەش دوای رەزامەندیی ئەنجومەنی نوێنەران[١٩].

٢. قبوڵكردنی باڵیۆزەكان:

سەرۆكی وڵات پێشوازی لە باڵیۆزانی وڵاتان دەكات و كارنامەی كاركردنیان وەردەگرێت[٢٠].

**پێنجەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری كاروباری جەنگیدا**

سەرۆكی دەوڵەت سەركردایەتیی هێزە چەكدارەكان دەكات لە كاتی بۆنەو مەبەستە پرۆتۆكۆڵییەكاندا[٢١].

---

(١٥) دانا عبدالكريم سعيد، حل البرلمان وأثاره القانونية على مبدأ استمرارية أعمال الدولة، ط١، المؤسسة الحدية للكتاب، طرابلس– لبنان، ٢٠١٠، ص٥٨.

(١٦) د.عبدالغني بسيوني عبدالله، سلطة ومسؤلية رئيس الدولة في النظام البرلماني ، مصدر سابق، ص٥٨.

(١٧) لطيف مصطفى أمين، العلاقة بين رئيس الدولة و رئيس الوزراء في النظام البرلماني، مصدر سابق، ص١٨٣.

(١٨) هةمان سةرضاوة، هةمان لاثةرِة.

(١٩) ماددەی (٧٣)/ دووەم لە دەستوری كۆماری عێراق،ساڵی ٢٠٠٥.

(٢٠) ماددەی (٧٣)/ شەشەم لە دەستوری كۆماری عێراق، ساڵی ٢٠٠٥.

(٢١) ماددەی (٧٣)/ نۆیەم لە دەستوری كۆماری عێراق، ساڵی ٢٠٠٥.

## داخوازی دووەم

## سەرۆکی دەوڵەت لە سیستمی سەرۆکایەتیدا

لە سیستمی سەرۆکایەتییدا، دەسەڵاتی جێبەجێکردن خۆی لە سەرۆکی دەوڵەتدا دەبینێتەوە، کە سەرۆك لە یەککاتدا سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی حکومەتیشە، سەرۆك، دەسەلات لە رێگەی هەڵبژاردنی راستەوخۆوە لە گەل وەردەگرێت، و ئەمەش دەیکاتە خاوەنی دەسەڵاتێکی فراوان، لەم سیستمەدا جیاکردنەوەیەکی تەواو هەیە لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، کە نە دەسەڵاتی یاسادانان مافی لێپرسینەوەی سەرۆکی هەیە، و نە سەرۆکیش مافی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەیە[٢٢].

### یەکەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری جێبەجێکردندا

سەرۆك بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە سەرۆکایەتیی دەزگاکانی جێبەجێکردن دەکات، پاڵپشت بە ماددەی دووەم برگەی یەکەم/(١)ی دەستوری ساڵی ١٧٨٧، کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی سپاردووە بە سەرۆك، بەمەش سەرۆك خاوەنی هەموو دەسەڵاتە کردەیی و راستەقینەکانە، بەرپرسی یەکەم و دواهەمینە لە رەسمکردنی سیاسەتی گشتیی دەوڵەتدا[٢٣][٢٢]، هەر بۆیە سەرۆك دەسەڵاتێکی فراوان پیادەدەکات، گرنگترینیان:

١. جێبەجێکردنی یاساکان:

سەرۆك بەو پێیەی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، و پاڵپشت بە برگەی سێیەم لە ماددەی دووەمی دەستوری ئەمەریکا، دەسەڵاتی تەواوی هەیە بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئەو یاسایانەی کە لە کۆنگرێس دەردەچن، هەروەها جێبەجێکردنی هەموو بەڵێننامە و یاسا دادوەرییەکان و گەلاڵەنامەکان کە هێزی یاساییان هەیە[٢٤].

٢. سەرپەرشتی و راییکردنی کاروباری حکومەت:

سەرۆك، سیاسەتی گشتیی وڵات دادەرێژێت و سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی دەکات، وەزیرەکان (یان راستتر سکرتێرەکان) هاوکاریی سەرۆك دەکەن لە بەرێوەبردنی کارەکان، بە بێ بونی هیچ جۆرە سەربەخۆییەك، چونکە سەرۆك دەسەڵاتی تەواوی هەیە لە دانان و لابردنیان، وەزیرەکان هیچ جۆرە بەرپرسیارێتییەکی تاکی، یان بە کۆمەڵیان بەرامبەر بە پەرلەمان نیە، بەڵکو پابەندی تەواوی سەرۆکن[٢٥].

٣. دامەزراندنی پلە باڵاکان:

سەرۆك، سەرۆکی ئیدارەی فیدراڵییە و دەسەڵاتی دامەزراندنی پلە باڵاکانی هەیە، کە هەندێکیان پێویستیان بە رەزامەندیی ئەنجومەنی پیران هەیە، بەڵام بۆ لابرنیان پێویستی بە رەزامەندیی ئەو ئەنجومەنە نیە، بە رەچاوکردنی هەندێ کۆتوبەندی یاسایی[٢٦].

---

(٢٢) د. زهير شكر، الوسيط في القانون الدستوري، ج١، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية (النظرية العامة والدول الكبرى)، ط٣، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، دون مكان الطبع، ١٩٩٤، ص٢٠٨.

[٢٣] د. سعيد السيد علي، حقيقة الفصل بين السلطات في النظام السياسي والدستوري للولايات المتحدة الأمريكية، بدون مكان نشر، ١٩٩٩، ص١٠٥.

[٢٤] د. محمد عمر مولود، فيدراڵیەت و دەرفەتی پیادەکردنی لە عیراقدا، وەرگێرانی: د. محمد عومەر مەولود و د. عومەر ئیبراهیم عەزیز، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٤٥٨.

(٢٥) لطيف مصطفى أمين، مبدأ الفصل بين السلطات و وحدتها وتطبيقها في الدساتير العراقية، مصدر سابق، ص١٨٨– ١٨٩.

(٢٦) د.عبدالحميد متولى، مصدر سابق، ص٢٦٩.

٤. دەرکردنی گەڵاڵەنامەی کارگێڕی (اصدار اللوائح الادارية):

سەرۆکی ئەمەریکا دەسەڵاتی دەرکردنی هەندێك گەڵاڵەنامەی هەیە بۆ دانانی بنەمای تەواوکار، یان درێژەپێدانی پێویست (قواعد المكملة أو التفصيلية) بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی فیدراڵی، ئەم گەڵاڵەنامانە هەندێکجار پێیاندەڵێن یاسای لاوەکی (التشريعات الفرعية)، هەروەك دەکرێت سەرۆك گەڵاڵەنامەی رێککاری (اللوائح التنظيمية) دەربکات بۆ رێکخستنی دامەزراوەی گشتی (مرفق عام)، یاخود پشتبەستن بە رێپێدانی کۆنگرێس یاسای پێسپاردن دەربکات (التشريعات التفويضية)[٢٧].

**دووەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری یاسادانانَدا**

١. پێشنیازکردنی پرۆژەیاسا:

سەرۆك لە رێگەی وتاری ساڵانەوە، کە دەربارەی باری یەکێتییە (الاتحاد)، دەتوانێت سەرنجی پەرلەمان رابکێشێ بۆ دەرکردنی یاسایەکی دیاریکراو، ئەویش بە پێشکەشکردنی زانیاری و رێنمایی بۆ پەرلەمان[٢٨].

٢. مافی تانەگرتن (ڤیتۆ):

سەرۆك دەتوانێت تانە لەو یاسایانە بدات، کە لەلایەن کۆنگرێسەوە دەردەچن و بیانگەڕێنێتەوە بۆ کۆنگرێس، بەمەش بۆ تێپەڕاندنی یاساکە کۆنگرێس پێویستی بە دەنگی (٢/٣) دوو لەسەر سێی ئەندامانی هەیە، کە ئەمەش ئەستەمە، هەروەك سەرۆك رۆزڤێڵت[٢٩](٦٣٥) جار ڤیتۆی بەکارهێناوە، بەڵام کۆنگرێس تەنها لە (٩) نۆ جاردا توانیویەتی سەربکەوێت بەسەر ڤیتۆکانی سەرۆکدا[٣٠].

**سێیەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری کاروباری دادوەریدا**

دەستوری ئەمەریکا مافی هەڵوەشاندنەوە، یان سوککردن، یاخود راگرتنی جێبەجێکردنی سزای ئەنجامدانی تاوان، لێبوردن لە تاوانی بە سەرۆك بەخشیوە، بەو مەرجەی کە تاوانەکە دژی یاسایەکی فیدراڵی بێت، نەك یاسای ویلایەتەکان، هەروەها رێوشوێنی دادگاییکردنی سزایی تاوانەکە لەبەردەم کۆنگرێسدا نەگیرابێتەبەر[٣١].

**چوارەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری کاروباری دەرەوەدا**

١. نوێنەرایەتیکردنی وڵات:

لەگەڵ ئەوەی دەستوری ئەمەریکا دەقێکی راشکاوی تێدانیە ئەو دەسەڵاتە دیاری بکات، کە نوێنەرایەتیی وڵات دەکات لە پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتانی تردا، بەڵام لە سەرەتای مێژووی ئەمەریکاوە ئەوە چەسپیووە، کە سەرۆك تەنها نوێنەری وڵاتە لەو پەیوەندییانەدا، ئەویش بە پشتبەستن بە سیفەتی سەرۆك، وەك سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە دەسەڵاتی

---

(٢٧) د.عصام أحمد عجيلة و د.محمد رفعت عبدالوهاب، مصدر سابق، ص٣١٠.

(٢٨) ماددەی دووەم، برگەی سێیەم لە دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ساڵی ١٧٨٧.

(٢٩) فرانکلین دیلانو رۆزڤێلت (١٨٨٢-١٩٤٥): سی و دووەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە، کە سەر بە دیموکراتەکان بووە، لە ماوەی نێوان (١٩٣٣- ١٩٤٥) لە پۆستی سەرۆکدا بووە، چوار جار بە سەرۆك هەڵبژێردراوە (لەدوای هەمواری بیست و دووەمی دەستوری ئەمەریکا ماوەی سەرۆکایەتی بە دوو خول دیاریکرا)، لە ساڵی یەکەمی ویلایەتی چوارەمی سەرۆکایەتییەکەی کۆچی دوایی کردووە. http://ar.wikipedia.org/wiki/%D٩%٨١%D٨%B١%D٨%A٧%D٩%٨٦%D٩%٨٣%D٩%٨٤%D٩%٨A%D٩%٨٦_%D٨%B١%D٩%٨٨%D٨%B٢%D٩%٨١%D٩%٨٤%D٨%AA. مێژووی سەردان ٢٠١٥/١/٢.

(٣٠) د. ابراهيم أبو خزام، الوسيط في القانون الدستوري، ط٢، دارالكتاب الجديد المتحدة، بيروت ٢٠٠٢، ص ٣٣٩.

(٣١) د.عصام أحمد عجيلة و د.محمد رفعت عبدالوهاب، مصدر سابق، ص٣١٢- ٣١٣.

تایبەتمەندە بە ئیدارەدانی کاروباری دەرەوە، هەروەك کۆنگرێس لە ساڵی ١٧٩٩دا یاسایەکی دەرکرد سەبارەت نوێنەرایەتیکردنی وڵات لە پەیوەندییەکانی دەرەوەدا لە لایەن سەرۆکەوە[٣٢].

٢. پێشوازیکردن لە نوێنەرانی دیپلۆماسی:

برگەی سێیەم لە ماددەی دووەمی دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دەسەڵاتی پێشوازیکردن و وەرگرتنی باوەڕنامەی کارکردنی باڵیۆزو نوێنەرانی دپلۆماسی بە سەرۆك داوە، بەمپێیەش قبوڵکردن، یان ڕەتکردنەوەی کارکردنی هەر نوێنەرێکی دیپلۆماسیی وڵاتان لەو وڵاتەدا، بە تەنها لە دەسەڵاتی سەرۆك خۆیدایە.

٣. گرێدانی ڕێککەوتننامەی جێبەجێکاری (Excutive Agreement):

سەرۆك دەسەڵاتی دەستپێشخەری هەیە بۆ بەستنی بەڵێننامەکان لەگەڵ وڵاتانی بێگانە بە ڕەزامەندی (٢/٣) دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی پیران، کە زۆرجار وەرگرتنی ئەم ڕەزامەندییە بە کۆسپێك لەبەردەم سەرۆك دادەنرێت، بۆ خۆبەدوورگرتن لەم کۆسپە سەرۆك پەنا بۆ ڕێککەوتنی جێبەجێکاری دەبات، بەمەش پێویستی بەوەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی پیران نابێت[٣٣].

٤. دانپێدانان بە وڵاتان:

هەرچەندە دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دیارینەکردووە کام دەسەڵاتە خاوەنی دەسەڵاتی دانپێدانانە بە وڵاتانی بێگانە، بەڵام ڕای جێگیری زانایان و دادگا ئەوەیە، کە ئەم دەسەڵاتە یەکێکە لە دەسەڵاتەکانی سەرۆك، چونکە بەشداریکردنی ئەنجومەنی پیران لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردندا، دەرچونە لە پرنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان[٣٤].

**پێنجەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری کاروباری جەنگیدا**

سەرۆك بە حوکمی پایەکەی، سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی وڵاتە، کە تەنها ئەو دەتوانێت فەرمان بە سوپا بکات، چ لە ناوەوە یان لە دەرەوەی وڵات، هەروەها سەرۆك دەتوانێت داهاتەکانی دەوڵەت تەرخان بکات بۆ پلانی ستراتیژیی پێشکەوتنی سوپا. بەپێی دەستور ڕاگەیاندنی جەنگ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دەسەڵاتی کۆنگرێس دایە، سەرۆك ناتوانێ بە بێ ڕەزامەندیی دەسەڵاتی یاسادانان جەنگ ڕابگەیەنێت، بەڵام لە سیستمی ئەمەریکادا شتێك هەیە کە پێی دەڵێن کارەکانی جەنگ (الاعمال الحربية)، کە سەرۆك دەتوانێ بە بێ ڕاگەیاندنی جەنگ لە لایەن کۆنگرێسەوە پەنای بۆ ببات، کە ئەویش بریتییە لە کردەوەی سنورداری سەربازی، کە سەلامەتیی دەوڵەت و بەرژەوەندییە باڵاکانی پێویستیان پێیەتی، ئەمەش بۆتەهۆی بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتە لەلایەن سەرۆکەکانی ئەمەریکاوە و بەرپاکردنی جەنگی گەورە و فراوان، وەك جەنگی کۆریا لە ساڵی ١٩٥٠ لە سەردەمی سەرۆك ترومان دا[٣٥]، هەروەها جەنگی ڤێتنام لە ساڵی ١٩٧٣ کە سەرۆك جۆنسۆن[٣٦] کردی، لەگەڵ ئەوەی تێچونێکی زۆر و قوربانییەکی زۆری لێکەوتەوە[٣٧].

---

[٣٢] د. سعيد السيد علي، مصدر سابق، ص١٢١– ١٢٢.

[٣٣] د. محمد عمر مولود، سةرضاوةي ثَيشوو، ل٤٦٠.

[٣٤] د. سعيد السيد علي، مصدر سابق، ص١٢٤– ١٢٥.

[٣٥] هاری ترومان (١٨٨٤– ١٩٧٢): سی و سێیەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە، کە سەر بە دیموکراتەکان بووە، ماوەی سةرؤكايةتييةكةي سالَني (١٩٤٥– ١٩٥٣) بووة.
%٨٨%٩D%١B%٨AA%D%٨A_%D٨%٩D%١B%٨D%٧A%٨D%٨٧%٩http://www.marefa.org/index.php/%D
.٨٦%٩D%٧A%٨D%٨٥%٩D مێژووی سەردان ٢٠١٥/١/٧.

## داخوازی سێیەم:

## سەرۆکی دەوڵەت لە سیستمی ئەنجومەنیدا (حکومەتی کۆمەڵە)

بە تەنیشت هەردوو سیستمی پەرلەمانی و سەرۆکایەتییەوە، سیستمێکی تر هەیە کە شێوازێکی تری دیموکراسیەتی نوێنەرایەتییە، ئەویش سیستمی ئەنجومەنی، یان حکومەتی کۆمەڵەیە، کە بە پاشکۆیەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە دەسەڵاتی یاسادانان و، نەبونی هاوسەنگی لە نێوانیان جیادەکرێتەوە[٣٨].

ئەم سیستمە لەسەر بنەمای چڕبونەوەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لای پەرلەمان دامەزراوە، پەرلەمان کاری یاسادانان بۆخۆی جێبەجێی دەکات، و کاری جێبەجێکردنیش بە دەستەیەکی تایبەت دەسپێرێ، کە بەناوی پەرلەمان و لەژێر سەرپەرشتی و چاودێریی ئەودا کارەکان رادەپەڕێنێ[٣٩].

وەکچۆن بریتانیا بە بێشکەی سەرهەڵدان و گەشەکردن و پراکتیزەکردنی سیستمی پەرلەمانی دادەنرێت، ئەمەریکاش نمونەی بەرچاوی سیستمی سەرۆکایەتییە، سویسرا بە تاکە نمونەی بەردەوام و سەرکەوتووی ئەمجۆرە سیستمە دادەنرێت[٤٠].

دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سویسرا بە ئەنجومەنی فیدراڵی (اتحادي) دەناسرێت، کە لە (٧) حەوت ئەندام پێکدێت و بۆ ماوەی چوارساڵ لە لایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت و سەرۆکی ئەنجومەن بە سەرۆکی سویسرا دادەنرێت، کە ماوەی سەرۆکایەتییەکەی یەک ساڵەو جارێکیتر هەڵنابژێردرێتەوە[٤١].

سەرۆک هیچ تایبەتمەندییەکی نیەو وەك هەموو ئەندامەکانی تری دەستەی جێبەجێکردن وایە، لە کاتی دەنگدان و یەکسانبوونی دەنگەکاندا، دەنگی سەرۆك نابێتە هۆی قورسکردن و لاسەنگکردنی ئەو لایەنەی سەرۆکی لێیە، بڕیارەکانیش بە کۆمەڵ دەدرێن هەروەك بەرپرسیارێتییەکەشیان بەشێوەیەکی هاوپشتییە[٤٢].

سەرۆك لەم سیستمەدا خاوەنی هەندێ دەسەڵاتی تەشریفاتییە، وەك پێشوازیکردن لە نێردراو و باڵیۆز و وەزیر و باوەڕپێکراوەکانی وڵاتانی بێگانە، هەروەك نێردراو و وەزیرەکانیش بە ناوی سویسراوە دەنێرێتە وڵاتانی بێگانە بۆ بەستنی پەیماننامە، پاش ڕێپێدانی پەرلەمان پەیماننامەکان پەسەنددەکات، هەروەها سەرۆك بە قسەکەری ڕەسمیی سویسرا دادەنرێ[٤٣].

---

[٣٦] ليندون بينيس جونسون (١٩٠٨- ١٩٧٣): سی و شەشەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە، کە سەر بە دیموکراتەکان بووە، ماوەی سەرۆکایەتیەکەی ساڵانی (١٩٦٣- ١٩٦٩) بووە. http://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/c٠٥٠١٧٧٥-٩٢٨٥١١٦fc٠-fb٥٤a٩-١٠a٤-٨f٧٤ مێژووی سەردان ٢٠١٥/١/٧

[٣٧] د. ابراهيم أبو خزام، مصدر سابق، ص٣٣٦- ٣٣٧.

[٣٨] د.عصام أحمد عجيلة و د.محمد رفعت عبدالوهاب، مصدر سابق، ص٣١٨.

[٣٩] د. عبدالغني بسيوني عبدالله، النظم سياسية، ط٤، منشأة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٢، ص ٢٩٨.

[٤٠] د.عصام أحمد عجيلة و د.محمد رفعت عبدالوهاب، مصدر سابق، ص٣٢١.

[٤١] ماددەی (١٧٥و ١٧٦)، دەستوری سویسرای فیدراڵی، ساڵی ١٨٧٤.

[٤٢] د. عبدالكريم علوان، النظم السياسية والقانون الدستوري، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٨، ص٢٠٦.

[٤٣] د. محمد عمر مولود، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨٢- ٤٨٣.

## داخوازی چوارەم:
## سەرۆکی دەوڵەت لە سیستمی تێکەڵاودا ( پەرلەمانیی لادەر )

ئەمەشیان سیستمێکە لە نێوان سیستمی سەرۆکایەتی و سیستمی پەرلەمانی دا، کە تایبەتمەندیی هەردوو جۆرەکە لەخۆدەگرێت، لەم سیستمەدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن دوانەییە وەك سیستمی پەرلەمانی، بەڵام سەرۆك راستەوخۆ لە لایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، کە ئەمەشیان تایبەتمەندییەکی سیستمی سەرۆکایەتییە، هەروەها سەرۆك خاوەن دەسەڵاتێکی زۆرە، کە تەنها بەرپرسیارە لە بەرامبەر گەلدا، بەڵام وەزارەت بەرپرسیارە لە بەرامبەر پەرلەماندا، پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان هاوکاری و چاودێریی بەرامبەرە، هەروەك پەرلەمان مافی لێپرسینەوەی وەزیرەکانی هەیە، لە بەرامبەردا دەسەڵاتی جێبەجێکردن مافی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی یاسادانانی هەیە[٤٤].

### یەکەم: دەسەڵاتە تایبەتەکانی سەرۆك:

١. سەرۆکایەتیکردنی ئەنجومەنی وەزیران:

بە پێی ماددەی (٩) لە دەستوری فەرەنسا ساڵی ١٩٥٨، سەرۆك کۆمار سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران دەکات، ئیدارەی گفتوگۆکانی ئەنجومەن دەکات، و لە کاتی بڕیاردانیشدا دەنگی سەرۆك حساب دەکرێت.

٢. دانان و لابردنی وەزیری یەکەم[٤٥] (سەرۆك وەزیران):

بە پێی بڕگەی (١) لە ماددەی (٨)ی دەستوری فەرەنسا ساڵی ١٩٥٨، سەرۆك کۆمار وەزیری یەکەم (سەرۆك وەزیران)دادەنێت، هەروەها لایدەبات لە پۆستەکەی لە کاتی دەستلەکارکێشانەوەی حکومەت دا.

لەم دەقەوە ئەوە دەردەکەوێت کە سەرۆك، وەزیری یەکەم لادەبات، دوای ئەوەی خۆی داوایکردووە بەهۆی دەنگدانی کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ پێشنیازی سەرزەنشتکردنی حکومەت، یان هەر هۆیەکی تر، بەڵام رەوشەکە دوای کۆنگرەی رۆژنامەوانیی ژەنەڕاڵ دیگۆل[٤٦] لە ٣١ی یەنایەری ١٩٦٣ گۆڕا، کاتێك وتی "سەرۆك دەتوانێت وەزیری یەکەم بگۆڕێت، کاتێك ئەو ئەرکەی پێسپێردراوە جێبەجێیکردووە، یان متمانەی لە دەستداوە"[٤٧]. بە کردەوەش زۆر لە سەرۆك وەزیرەکان ناچاری دەستلەکارکێشانەوە کراون (سەرەڕای نەبونی دەسەڵاتی دەستوریی سەرۆك لەو بارەیەوە)، ئەویش بە واژۆنەکردنی پرۆژەی مەراسیمەکان لەلایەن سەرۆکەوە[٤٨].

٣. پەنابردن بۆ ئەنجامدانی راپرسیی گشتی:

---

[٤٤] د. كاظم المشهداني، النظم السياسية، مطابع دار الحكمة للطباعة و النشر، الموصل، ١٩٩١، ص ١٩١.

[٤٥] لە فەرەنسا سەرۆك وەزیران بە وەزیری یەکەم ناودەبرێت، کە بە رای هەندێك مەبەست لێی، لێستاندنی پۆستی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانە لە سەرۆك وەزیران و بەخشینێتی بە سەرۆك کۆمار. بڕوانە: لطيف مصطفى أمين، العلاقة بين رئيس الدولة و رئيس الوزراء في النظام البرلماني، مصدر سابق، ص٩٣ نقلا عن ابراهيم حمدان حسين على، رئيس الدولة في النظام الديمقراطي، أطروحة مقدمة الى كلية الحقوق جامعة القاهرة، ١٩٨٧، ص٢٧١.

[٤٦] چارلس دیگۆل (١٨٩٠– ١٩٧٠): ژەنەڕاڵ و پیاوێکی سیاسی فەرەنسا بوو، سەرکردایەتیی بەرگریی فەرەنسای کرد لە جەنگی دووەمی جیهانی دژ بە ئەڵمانیای نازی، لە ساڵانی (١٩٥٩–١٩٦٩) سەرۆك کۆماری فەرەنسا بووە.
http://www.zuhlool.org/wiki/%D٨٤%٩D%٨٨%٩BA%D%٨A%D٨%٩AF%D%٨ %D٨٤%٩D%١B%٨D%٧A%٨D%٤B%٨. مێژووی سەردان ٢٠١٤/١/٧.

[٤٧] ظالا فريد ابراهيم، حماية الحقوق والحريات الدستورية في ضوء المسؤولية السياسية والجنائية للسلطة التنفيذية"النظام البرلماني نموذجاً"، أطروحة دكتوراه مقدمة إلى كلية القانون والسياسة بجامعة صلاح الدين– أربيل، ٢٠٠٨، ص١٩٤.

[٤٨] د.عبدالغني بسيوني عبدالله، سلطة ومسؤلية رئيس الدولة في النظام البرلماني ، مصدر سابق، ص١٣٧.

برگەی (١) لە مادەی (١١) ی دەستوری ساڵی ١٩٥٨ دەسەڵاتی ئەنجامدانی راپرسی لەسەر پڕۆژەی یاسا داوەتە سەرۆك، ئەویش لەسەر داواکاریی حکومەت، یان هەردوو ئەنجومەن و بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی، ئەو پڕۆژەیاسایانەش پەیوەندییان بە رێکخستنی دەسەڵاتە گشتییەکان و پەسەندکردنی پەیماننامەکانەوە هەیە.

٤. ئاخاوتنی پەرلەمان لە رێگەی نامەوە:

سەرۆکەکانی فەرەنسا ئاخاوتنی پەرلەمانیان کردووە لە رێگەی ناردنی نامەوە، سەرۆك دەتوانێت ئەم کارە بکات ئەگەر پەرلەمان لە پشوودا بوو، بۆ ئەم مەبەستەش پەرلەمان کۆدەبێتەوە[٤٩].

٥. هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی نیشتیمانی:

سەرۆك دوای راوێژکردن لە گەڵ وەزیری یەکەم و سەرۆکی هەردوو ئەنجومەن (ئەنجومەنی پیران و کۆمەڵەی نیشتیمانی) دەتوانێت کۆمەڵەی نیشتیمانی هەڵبوەشێنیتەوە، بەڵام دەبێت ئەم هەڵوەشاندنەوەیە دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بێت بەسەر هەڵبژاردنیدا[٥٠]، ناشبێت هەڵوەشاندنەوەکە لە کاتی حاڵەتی نائاسایی (استثنائي) دابێت[٥١].

٦. دانانی ئەندامانی ئەنجومەنی دەستوری:

بە پێی ماددەی (٥٦)ی دەستوری فەرەنسای ساڵی ١٩٥٨ سەرۆك ماف دانانی (١/٣) یەك لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی دەستوری و سەرۆکەکەی هەیە (ئەم ئەنجومەنە کاری چاودێریکردنی دەستوریبونی یاساکانە).

٧. ئاگادارکردنی ئەنجومەنی دەستوری لە بارەی پەیماننامە و یاساکان:

سەرۆك، ئاگاداریی ئەنجومەنی دەستوری دەکاتەوە لە کاتی بەستنی پەیماننامە و دەرچونی یاساکان، کە بۆ یاسا سەرەکییەکان و گەڵاڵەنامەکانی ئەنجومەنەکانی نوێنەران پێویستە بەرلە پەرلەمان بخرێنە بەردەم ئەنجومەنی دەستوری، هەرچی یاساکانی ترە دەکرێت پێش دەرچونیان لەلایەن سەرۆك، یان وەزیری یەکەم، یاخود سەرۆکی یەکێك لە ئەنجومەنە نوێەرایەتییەکان، یان (٦٠) شەست ئەندامی ئەنجومەنی پیران بخرێنەبەردەم ئەم ئەنجومەنە، بۆ زانینی رادەی گونجاویی یاساکان لەگەڵ دەستور دا[٥٢].

٨. واژۆکردنی مەراسیم و فەرمان:

پاڵپشت بە برگەی یەکەم لە ماددەی (١٣)ی دەستور، سەرۆکی فەرەنسا لە کۆماری پێنجەم، هەموو ئەو مەراسیم و فەرمانانە واژۆدەکات کە لە ئەنجومەنی وەزیران دەردەچن.

٩. دەسەڵاتی سەرۆك لە کاتی باری نائاساییدا:

مادەی (١٦)ی دەستوری ساڵی ١٩٥٨ رێگە بە سەرۆکی فەرەنسا دەدات، کە لە کاتی بوونی هەڕەشەیەکی جدی و مەترسیدار لەسەر دامودەزگاکانی وڵات و سەربەخۆیی نیشتیمان و پارێزگاریی زەوی فەرەنسا و جێبەجێکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، دەسەڵاتی نائاسایی هەبێت، ئەوەش دوای راوێژی وەزیری یەکەم و سەرۆك ئەنجومەنەکان و ئەنجومەنی دەستوری دەبێت، هەروەها سەرۆك بە نامەیەك گەل لەو بارە نائاساییە ئاگاداردەکاتەوە. ئەم مادەیە دەسەڵاتێکی زۆری یاسادانان وجێبەجێکردنی داوەتە سەرۆك، بە جۆرێك جێگەی پەرلەمان و حکومەت بگرێتەوە، بەمەش وەك دیکتاتۆرێکی

---

[٤٩] ماددەی (١٨)، دەستوری فەرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

[٥٠] ماددەی (١٢)، دەستوری فەرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

[٥١] ماددەی (١٦)، دەستوری فەرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

[٥٢] ماددەی (٦١)، دەستوری فەرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

کاتی خۆی دەنوێنێ[٥٣]. بەمپێیە سەرۆك دەتوانێت دەستوەربداتە کاری دادوەری و کارکردن بە هەندێ دەقی دەستوری رابگرێت، بەڵام ناتوانێت دەستور هەمواربکات، کارەکانیشی لەو ماوەیەدا ملکەچی چاودێریی دادوەری و ئەنجومەنی دەستوری و پەرلەمان دەبن[٥٤].

**دووەم: دەسەڵاتە هاوبەشەکانی سەرۆك و حکومەت:**

سەرۆك هەندێ دەسەلات بە هاوبەشی حکومەت پەیڕەودەکات، لەم کاتەدا بە تەنیشت واژۆی سەرۆکەوە، واژۆی وەزیری یەکەم و وەزیری تایبەتمەند دەبێت (توقیع مجاور):

١. دانانی ئەندامانی حکومەت و لابردنیان:

پاڵپشت بە برگەی (٢) لە ماددەی (٨)ی دەستوری فەرەنسای ساڵی ١٩٥٨، لەسەر پێشنیازی وەزیری یەکەم، سەرۆك دەسەڵاتی دانان و لابردنی وەزیرەکانی هەیە.

٢. دانانی گەورە فەرمانبەران:

بە پێی ماددەی (١٣) لە دەستوری فرەنسای ساڵی ١٩٥٨، سەرۆکی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی دانانی (راوێژکارانی دەوڵەت، باڵیۆزەکان، نێردراوە پایەبەرزەکان، راوێژکارانی دیوانی ژمێریاری، بەڕێوەبەرەکان، نوێنەرانی حکومەت لە هەرێمەکانی ئەودیو دەریاکان، گەورە ئەفسەران، بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە زانستییەکان، بەڕێوەبەرانی ئیدارە مەرکەزییەکان)یان هەیە.

٣. بانگهێشتی پەرلەمان بۆ کۆبونەوە، یان کۆتاییپێهێنانی:

جگە لەو حاڵەتانەی کە پەرلەمان بە حوکمی یاسا کۆدەبێتەوە، سەرۆك دەتوانێت بە مەرسومێك بانگهێشتی پەرلەمان بکات بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی و بە مەرسومێکیش کۆتایی بەو کۆبوونەوەیە بهێنێت[٥٥].

٤. سەرکردایەتیی هێزە چەکدارەکان:

سەرۆکی فرەنسا، سەرۆکی هێزە چەکدارەکان و سەرۆکی ئەنجومەن و لیژنەکانی باڵای بەرگریی وڵاتە[٥٦]، بەڵام بە پێی ماددەی (٢٠) لە دەستوردا حکومەت هەژمونی بەسەر ئیدارە و هێزە چەکدارەکان هەیە.

سێیەم: دەسەڵاتی سەرۆك لەبواری یاسادانانندا:

١. دەرکردنی یاساکان:

بە پێی ماددەی (١٠) برگەی (١)ی دەستور، سەرۆك کۆمار ئەو یاسایانە دەردەکات، کە پەرلەمان پەسەندیکردون.

٢. تانەگرتن لە یاساکان:

سەرۆکی فرەنسا دەتوانێت تانە لەو یاسایانە بگرێت، کە پەرلەمان پەسەندیکردون لە ماوەی (١٥) رۆژدا، ئەویش بە داواکردن لە پەرلەمان بۆ دووبارە چاوپێداخشاندنەوەی، بە پێی ماددەی (١٠) برگەی (٢) لە دەستوریش پەرلەمان پابەندە بەم کارە.

چوارەم: دەسەڵاتی سەرۆك لەبواری دادوەریدا

بە پێی ماددەی (٦٤) لە دەستوری فرەنسای ساڵی ١٩٥٨، سەرۆك دەستەبەری پاراستنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییە، لەم بوارەدا ئەم دەسەڵاتانە پەیڕەودەکات:

---

[٥٣] د. كاظم المشهداني، مصدر سابق، ص٢٠٣.

[٥٤] د. محسين خليل، مصدر سابق، ص٦٢١.

[٥٥] ماددەی (٣٠)، دەستوری فرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

[٥٦] ماددەی (١٥)، دەستوری فرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

١. سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری و دانانی ئەندامەکانی:

پاڵپشت بە ماددەی (٦٥) ی دەستور، سەرۆکی فرەنسا، سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی باڵای دادوەری دەکات، هەروەها هەر (٩) نۆ ئەندامی ئەنجومەنەکەش دادەنێت، بەپێی ئەو مەرجانەی کە یاسا دیاریکردووە.

٢. مافی لێبوردن:

بە پێی ماددەی (١٧) لە دەستوری فرەنسای ساڵی ١٩٥٨، سەرۆک دەسەڵاتی لێبوردنی تایبەتی هەیە، بەڵام لێبوردنی گشتی لە دەسەڵاتی پەرلەمانە و پێویستی بە دەرکردنی یاسا هەیە.

پێنجەم: دەسەڵاتی سەرۆک لە بواری کاروباری دەرەوەدا

سەرۆکایەتیی بەستنی پەیماننامە لەگەڵ وڵاتانی تر دەکات و پەسەندیان دەکات، هەروەک چاودێریی هەموو ئەو دانوستاندنانە دەکات کە ئەنجامدەدرێن بۆ بەستنی رێککەوتنامەی نێودەوڵەتی، کەوا پێویستیان بە پەسەندکردن نیە(٥٧)، بەڵام هەندێ پەیماننامە پەسەندناکرێت، تەنها بە رێگەی پەرلەمان و دەرکردنی یاسا نەبێت[٥٨].

لە کۆتایی باسی یەکەمدا دەگەینە ئەوەی، کە دەسەڵاتی سەرۆکی دەوڵەت جیاوازە، بەپێی جیاوازیی سیستمی حکومڕانیی وڵاتەکە، لە سیستمی سەرۆکایەتیدا سەرۆک راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، ئەمەش هێزو کاریگەریی مەزن بە سەرۆک دەبەخشێت، جگە لەوەی لەم سیستمەدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەستی سەرۆک چڕکراوەتەوە و جیاکردنەوەیەکی توند لە نێوان دەسەڵاتی یاسادان و جێبەجێکردن هەیە، دەسەڵاتی یاسادانان توانای چاودێریی سەرۆکی هەیە، بەڵام توانای لێپێچینەوەی نیە[٥٩].

لە بەرامبەردا لە سیستمی ئەنجومەنیدا، دەسەڵاتەکان لای پەرلەمانە و دەسەڵاتی جێبەجێکردن تەنها دەستەیەکە، کە لەلایەن پەرلەمانەوە دادەنرێت، لە ناو ئەو دەستەیەدا کەسێك بە سەرۆك دیاریدەکرێت، کە دەسەڵاتەکانی سنووردارە، لەم سیستمەدا جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەدیناکرێت، بەڵکو دەسەڵاتی جێبەجێکردن پاشکۆی دەسەڵاتی یاسادانانە.

هەرچی سیستمی پەرلەمانییە، سیستمێکی مامناوەندییە لە نێوان سیستمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانیدا، دوانەیی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، و لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن نەرم و رێژەییە، کە تێیدا پەرلەمان و وەزارەت هاوکاری و چاودێریی بەرامبەر لە نێوانیاندا هەیە (وەزارەت بەرپرسیارە لە بەرامبەر پەرلەمان، دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەیە)، سەرۆکی دەوڵەت لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت و خاوەن دەسەڵاتێکی پرۆتۆکۆڵی و رەمزییە.

سەبارەت بە سیستمی تێکەڵاو-یش، جۆرێکە لە پەرەسەندنی سیستمی پەرلەمانی، کە بە سیستمی "پەرلەمانیی لادەر"، یان "نیمچەسەرۆکایەتی" ناودەبرێت، سەرۆك لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، لەم سیستمەدا (کە فرەنسا نموونەیەتی)

---

[٥٧] ماددەی (٥٢)، دەستوری فرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

[٥٨] ماددەی (٥٣)، دەستوری فرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

(٥٩) لە سیستەمی ئەمەریکادا کۆنگرێس توانای چاودێریی سەرۆکی هەیە، بەڵام دەسەڵاتی لێپێچینەوەی نیە لە حاڵەتی زۆر دەگمەن نەبێت، کە پێی دەوترێت تانەلێدان (Impeachment)، وەك لێپێچینەوەی کۆنگرێس لە (بیل کلنتۆن) لەسەر ئەنجامدانی پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ (مۆنیکا لوینسکی) لەناو کۆشکی سپیدا، بەڵام کۆنگرێس نەیتوانی متمانە لە سەرۆك وەربگرێتەوە. د.شێرکۆ کرمانج، سیستەمی سەرۆکایەتی یان سیستەمی پەرلەمانی، کوردستان و هەڵبژاردنی سیستەمی سیاسی، https://drive.google.com/a/raparinuni.org/file/d/B٠QAcws٠٦BZnKQ٠swU١NGN١FSY٢M/view?usp=sharing مێژووی سەردان ٢٠١٥/١/١٠.

دوانەیی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، سەرۆك خاوەنی دەسەڵاتێکی کردەیی بەرفراوانەو سەرۆکایەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات، بەڵام لە بەرامبەر پەرلەماندا بەرپرس نیە.

## باسی دووەم:
## دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عیراق

هەرێمی کورستان، وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عیراقدا دەتوانێت دەستورێکی هەبێت، کە پەیکەری دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری رێکبخات و سنورەکەیان دیاری بکات، بە مەرجێك کە حوکمەکانی دژیەکی لەگەڵ دەستوری فیدراڵی نەبێت[٦٠].

پەرلەمانی کوردستان– یش وەك مافێکی دەستوری و، بە مەبەستی رێکخستن و دیاریکردنی دەسەڵاتە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە ٢٠٠٩/٦/٢٤ دەنگی لەسەر پرۆژەی دەستور داو پەسەندیکرد[٦١]، بەڵام تا پەسەندکردنی لە راپرسییەکی گشتی لەلایەن زۆرینەی دەنگەرانی هەرێمی کوردستانەوە و بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوەو کاری پێناکرێت[٦٢]، لە ئێستاشدا بەپێی ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان (یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان– عیراق)، پرۆژەدەستورەکە گەڕێندراوەتەوە پەرلەمان بۆ هەموارکردنەوەی.

بەپێی ماددەی (١)ی پرۆژەدەستوری هەرێم، سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا پەرلەمانیی کۆماریی دیموکراسییە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێکدێت لە سەرۆکایەتیی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران (دوانەیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن)[٦٣]، سەرۆکی هەرێم لە رێگەی دەنگدانێکی گشتیی نهێنیی راستەوخۆوە لە لایەن هاوڵاتیانی هەرێمەوە هەڵدەبژێردرێت[٦٤]، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران لە لایەن پەرلەمانەوە متمانەوەردەگرێت و ئەندامەکانی بەرپرسیارن بەشێوەیەکی بە کۆمەڵ و بە تاك بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان[٦٥].

هەڵبژاردنی سەرۆك لە لایەن گەلەوە دژیەکییەك لەگەڵ ماددەی یەکەمی پرۆژەدەستورەکە دروستدەکات، کە سیستمی سیاسی لە هەرێمدا بە پەرلەمانی ناودەبات، هەروەك بەپێی رای شارەزایانی بواری یاسای دەستوری ئەم شێوازەی

---

(٦٠) ماددەی (١٢٠)، دەستوری کۆماری عێراق، ساڵی ٢٠٠٥.

(٦١) بۆ یەکەمجار بە بڕیاری ژمارە (٢٥)ی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٢/١١/٧ پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان پەسەندکرا، بەڵام لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا بە بڕیاری ژمارە (٤)ی پەرلەمان لە ٢٠٠٥/٨/٦ بڕیاردرا پرۆژەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ چاوپێداخشاندنەوە، لە ٢٠٠٥/٩/٨ لیژنەیەك بۆ ئەم مەبەستە بە پێی بڕیاری ژمارە (٥)ی پەرلەمان پێکهات، لە ٢٠٠٨/١١/٢٨ پەرلەمان یاسای پەسەندکردنی دەستوری هەرێمی کوردستانی دەرچواند، لە ٢٠٠٩/٦/٢٤ پەرلەمان پرۆژەکەی پەسەندکرد. کوێستان محەمەد، پرۆسەی نوسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان، وۆرکشۆپێك سەبارەت بە (پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان)، رۆژی شەممە ٢٠١٣/٥/٢٥ هۆڵی هۆتێل مەم و زین لە سلێمانی.

http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=٢٠٨٥٦&LinkID=٤&AspxAutoDetectCookieSupport=١. مێژووی سەردان ٢٠١٤/١٢/٣٠.

(٦٢) ماددەی (١١٨و١١٧)، پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

(٦٣) ماددەی (٥٩)، پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

(٦٤) ماددەی (٦١)، پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

(٦٥) ماددەی (٧٠)/ پێنجەم و ماددەی (٧٣)، پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

هەڵبژاردنی سەرۆك لەگەڵ سیستمی پەرلەمانیدا ناگونجێ، چونکە دەبێتەهۆی بەهێزکردنی رۆڵ و پێگەی سەرۆکی دەوڵەت بەرامبەر بە پەرلەمان و سەرۆك وەزیران، سەرەنجام زاڵبوون و کۆنترۆڵکردنی هەموو دەسەڵاتەکان[٦٦].

## داخوازی یەکەم

## دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لەبواری دەسەڵاتی جێبەجێکردندا

سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە بەو پێیەی سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنە بە پێی برگەی یەکەم لە ماددەی (٦٠)ی پرۆژە دەستوری هەرێم، دەسەڵاتەکانی بریتین لە:

یەکەم: راسپاردنی سەرۆك وەزیران

بە پێی ماددەی (٦٥) برگەی چواردەهەم/١ لە پرۆژەدەستوری هەرێم، سەرۆکی هەرێم پاڵێوراوی ئەو فراکسیۆنەی زۆرترین ژمارەی کورسی هەیە رادەسپێرێ بۆ پێکهێنانی وەزارەت لە ماوەی (٤٥) چل و پێنج رۆژدا، ئەگەر لەو ماوەیەدا پاڵێوراوەکە نەیتوانی وەزارەت پێکبهێنێ، ئەوا سەرۆکی هەرێم پاڵێوراوێکی دیکە لە هەمان فراکسیۆن رادەسپێرێ، ئەگەر پاڵێوراوی دووەمیش نەیتوانی وەزارەت پێکبهێنێ، سەرۆکی هەرێم دەتوانێ هەرکەسێکی دیکە کە پێی باش بوو رابسپێرێ، جا ئەو کەسە دەکرێ ئەندامی پەرلەمان، یان کەسێکی دیکە بێت. هەرچەندە لێرەدا سەرۆك جۆرێك لە ئازادی هەیە بۆ دیاریکردن و راسپاردنی ئەو کەسەی وەزارەت پێکدەهێنێ، بەڵام لە دواجاردا رەزامەندیی پەرلەمان پێویستە بۆ پێدانی متمانە بە سەرۆك وەزیر و کابینەکەی.

### دووەم: پەسەندکردنی ئەندامانی وەزارەت

بەپێی برگەی چوارەم لە ماددەی (٧٠)ی پرۆژەدەستوری هەرێم، سەرۆکی راسپێردراوی ئەنجومەنی وەزیران لیستی ئەندامانی وەزارەتەکەی پێشکەشی سەرۆکی هەرێم دەکات و داوای پەسەندکردنیان دەکات، بە پێی برگەی پێنجەمیش لە هەمان مادده دوای پەسەندی سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی راسپێردراوی ئەنجومەنی وەزیران لیستی ئەندامانی وەزارەتەکەی پێشکەشی پەرلەمان دەکات بۆ وەرگرتنی متمانە. ئەمە لەکاتێکدا لە سیستمە پەرلەمانییەکاندا پەسەندکردنی ئەندامانی وەزارەت پەرلەمان دەیکات، نەك سەرۆکی دەوڵەت، چونکە وەزارەت بەرپرسیارە لەبەردەم پەرلەماندا، نەك لەبەردەم سەرۆکی دەوڵەت.

### سێیەم: لەسەرکارلابردنی وەزیر

لە پاڵ دەسەڵاتی پەرلەمان بۆ لێسەندنەوەی متمانە لە سەرۆك یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران[٦٧]، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی لەسەرکارلابردنی وەزیری هەیە لەسەر پێشنیازی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران[٦٨]. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم دەسەڵاتە لە سیستمی پەرلەمانیدا لە دەستی سەرۆك نیە، بەڵکو پەرلەمان دەتوانێت متمانە لە وەزیر بستێنێتەوە، بەڵام ئەم دەسەڵاتە لە دەستوری فرەنسا بە هەمانشێوەی دەستوری هەرێم بەدیدەکرێت، کە سەرۆك دەتوانێت لەگەڵ وەزیری یەکەم ئەندامانی حکومەت لاببەن، هەروەها لە سیستمی سەرۆکایەتیش سەرۆك بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان دەتوانێت وەزیرەکانی لاببات.

---

[٦٦] د.لەتیف شێخ مستەفا، لادان لە سیستەمی پارلەمانی لە پرۆژەی دەستوری هەرێمدا (١)، http://sbeiy.com/article_detail.aspx?ArticleID=830&AuthorID=203 مێژووی سەردان ٢٠١٥/١/٤.

[٦٧] ماددەی (٥٠) برگەی دووەم، پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

[٦٨] ماددەی (٦٥) برگەی شەشەم، پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

### چوارەم: سەرۆکایەتیکردنی کۆبوونەوەی وەزیران

برگەی یانزەیەم لە مادده (٦٥)ی پرۆژەی دەستوری هەرێم، دەسەڵاتی داوەتە سەرۆك بۆ بانگهێشتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی، و سەرۆکی هەرێم خۆیشی سەرۆکایەتی ئەو کۆبونەوەیە دەکات. هەرچەندە لە هەردوو سیستمی پەرلەمانی و تێکەڵاویش دەکرێت سەرۆکی دەوڵەت بەشداری بکات لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام لە سیستمی پەرلەمانیدا لە کاتی بوونی بابەتێکی زۆر گرنگ سەرۆکی دەوڵەت بەشداردەبێت لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، بە بێ بەشداریکردن، یان ئەژمارکردنی دەنگی سەرۆکی دەوڵەت لە کاتی دەنگدان لەسەر بڕیارێك، هەرچی دەستوری فرەنسایە لە ماددەی (٩)دا دەسەڵاتی بە سەرۆکی کۆمار بەخشیوە بۆ سەرۆکایەتیکردنی ئەو کۆبوونەوانە، سەرۆکی کۆمار سەرپەرشتیی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران دەکات، و دەنگەکەشی ئەژمارەکرێت[٦٩].

ئەوەی پەیوەندی بە سەرۆکی هەرێمەوە هەیە، نازانرێت بەشدارییەکەی شەرەفییە وەك ئەوەی سیستمی پەرلەمانی، یاخود بەشدارییەکەی فەرمییە وەك سیستمی فرەنسا؟ ئایا دەنگی سەرۆك ئەژماردەکرێت، یان ئەژمارناکرێت؟ هەروەها بەرپرسیارێتیی سەرۆکی هەرێم دیارنیە لەو بڕیارانەی ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتیی ئەو دەیدات.

### پێنجەم: نوێنەرایەتی هەرێم و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵی

سەرۆکی هەرێم نوێنەرایەتیی گەلی هەرێم دەکات لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا، هەروەها هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتەکانی فیدڕاڵی و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات[٧٠].

سەرۆك لە زۆربەی وڵاتاندا بە بەرزترین دەسەڵات و رەمزی وڵاتەکە دادەنرێت (هەرچەندە خاوەن دەسەڵاتی کردەیی و فراوان نەبێت)، بۆیە سروشتییە لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا نوێنەرایەتیی وڵاتەکەی بکات، هەروەها هەماهەنگی بکات لە سیستمە فیدڕاڵییەکاندا لە نێوان دەسەڵاتی فیدڕاڵی و دەسەڵاتی هەرێمەکاندا.

### شەشەم: دامەزراندنی خاوەن پلە تایبەتەکان

سەرۆکی هەرێم، پاڵپشت بە برگەی بیست و دووەم لە ماددەی (٦٥)، دەسەڵاتی دامەزراندنی خاوەن پلە تایبەتەکانی هەیە، پاش کاندیدکردنیان لە لایەن وەزیری تایبەتمەند و رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران.

دەستوری عیراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە برگەی پێنجەم مادده (٦١)دا ئەو دەسەڵاتەی داوەتە پەرلەمان، هەرچی دەستوری فرەنسایە، ئەم دەسەڵاتە سەرۆك بەکاریدێنێت بە هاوبەشی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام لە ئەمەریکا دامەزراندنی پلە باڵاکان هەندێکیان بە تەنها لە دەستی سەرۆکە، هەندێکیشیان پێویستی بە رەزامەندیی ئەنجومەنی پیران هەیە.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستەلەسەرکردنە، پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان دیارینەکردووە ئەو پلە تایبەتانە چین و کام لە پلە تایبەتەکان دەگرێتەوە، پێمانوایە واباشتر بوو پلەکان دیاری کرابانایە، هەروەك دەستوری فرەنسای ساڵی ١٩٥٨ لە ماددەی (١٣) دیاریکردووە، چونکە هەندێك پلەی تایبەت هەیە کە بە حوکمی گرنگیی کارەکەی وەرگرتنی رەزامەندیی پەرلەمان لەسەری پێویستە.

### حەوتەم: هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان

سەرۆکی هەرێم لەم حاڵەتانەی خوارەوە بە مەرسومێك پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە[٧١]:

١. ئەگەر پتر لە نیوەی ئەندامانی دەستیان لە کارکێشایەوە.

---

[٦٩] د.عبدالغني بسيوني عبدالله، سلطة ومسؤلية رئيس الدولة في النظام البرلماني ، مصدر سابق، ص١٥٤-١٥٥.

[٧٠] ماددەی (٦٠) برگەی یەکەم، پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

[٧١] ماددەی (٥٦) برگەی دووەم، پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

٢. ئەگەر شەست رۆژ پاش بانگهێشتکردنی بۆ کۆبوونەوە لە دوای هەڵبژاردنیدا نیسابی یاسایی بۆ کۆبوونەوە تەواونەبوو.

٣. ئەگەر متمانەی نەدا بە (٣) سێ کابینەی پێشنیازکراوی جیاوازی یەك لە دوای یەك.

ئەم دەسەڵاتە بەپێی ماددەی (١٢) لە دەستوری فرەنسای ١٩٥٨ بە سەرۆك دراوە، دوای راوێژ لەگەڵ سەرۆکی هەردوو ئەنجومەن و سەرۆکی وەزیران، ناشبێت جارێکی تر کۆمەڵەی نیشتمانی هەڵبوەشێنرێتەوە لە ماوەی ئەو ساڵەی کە لە دوای هەڵبژاردنیەوە دێت، هەروەك دەستوری عیراقی ٢٠٠٥ لە ماددەی (٦٤) برگەی یەکەمدا ئەو دەسەڵاتەی بە هاوبەشی داوە بە سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆمار، بە مەرجێك لە کاتی لێپرسنەوەی سەرۆك وەزیراندا نەبێت.

لەم ماددەیەی پرۆژەدەستورەکەدا هیچ ئاماژەیەك نیە بۆ بوونی هەڵوەشاندنەوەی وەزاری، کە وەزارەت لەکاتی بوونی کێشەدا لەگەڵ پەرلەماندا پەنای بۆ دەبات و داوا لە سەرۆك دەکات پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە وەزارەت مافی داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی نەبێت، چونکە ئەم مافە پێویستە بۆ هێنانەدی هاوسەنگی نێوان پەرلەمان و وەزارەت کە بە یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی سیستمی پەرلەمانی دادەنرێت.

## هەشتەم: جاڕدانی باری نائاسایی

"سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی جاڕدانی باری نائاسایی هەیە، پاش راوێژکردن و رێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە حاڵەتی شەڕ، داگیرکردن، یاخیبوون، ئاژاوە، کارەساتی سروشتی، یان بڵاوبوونەوەی پەتا، یان هەر حاڵەتێکی لەناکاوی دیکەدا، بە مەرجێك ماوەکە لە مانگێك پتر نەبێ و درێژکردنەوەی دواتریش بە رەزامەندیی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان و بۆ ماوەیەك دەبێ کە بۆ هەر درێژکردنەوەیەك، لە سێ مانگ مانگ تێنەپەڕێت. حوکمەکانی حاڵەتی نائاساییش بە یاسایەك رێکدەخرێن"[٧٢].

سەبارەت بە جاڕدانی باری نائاسایی لە سیستمی پەرلەمانی ئەگەر بریتانیا وەك نمونە وەربگرین، وەزارەت بەرپرسە لە بەرێوەبردنی کاروباری وڵات و بە پێی یاسایەك (یاسای بەرگری لە مەملەکەت) کە پەرلەمانی بریتانیا لە ساڵی ١٩١٤-١٩١٥ دەریکرد، دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەسەڵاتی دەرکردنی هەندێ گەڵاڵەنامەی تایبەت (اللوائح الخاصة)ی پێدراوە بۆ پاراستنی سەلامەتیی گشتی. هەروەها لە ئەمەریکا وەك نمونەیەکی سەرکەوتووی سیستمی سەرۆکایەتی، دەستور دەسەڵاتی راگەیاندنی باری نائاسایی داوە بە کۆنگرێس، یان سەرۆك لە حاڵەتی نائامادەیی (غیابي) کۆنگرێسدا. هەرچی سیستمی ئەنجومەنییە، لە ١٩١٤/٨/٣ پەرلەمانی سویسرا یاسایەکی پەسەندکرد، کە بەپێی یاساکە پەرلەمان ئەنجومەنی فیدڕاڵی (دەسەڵاتی جێبەجێکردن) رێپێدەدات (تخويل) بۆ گرتنەبەری هەر رێوشوێنێك بەمەبەستی پاراستنی ئاسایش و بەرژەوندی و یەکپارچەیی وڵات[٧٣].

هەروەها دەستوری فرەنسا ئەم دەسەڵاتەی داوەتە سەرۆك، دوای راوێژ لە گەڵ وەزیری یەکەم و سەرۆکی ئەنجومەنەکان و ئەنجومەنی دەستوری[٧٤].

لێرەدا پرۆژەی دەستوری هەرێم رێگەیەکی دروستی هەڵبژاردووە، کە دەسەڵاتی جاڕدانی باری نائاسایی تەنها لە دەستی سەرۆك قەتیسنەکردووە، بەڵکو پاش راوێژ و رێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك وەزیران، سەرۆکی هەرێم ئەم دەسەڵاتە پیادەدەکات.

---

[٧٢] ماددەی (٦٥) برگەی هەشتەم، پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

[٧٣] خاموش عمر عبدالله، تأثیر قوانین الطوارىء على حريات الأفراد في الدساتير"دراسة مقارنة"، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧، ص٧٧- ٩١.

[٧٤] ماددەی (١٦)، دەستوری فرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

### نۆیەم: دەرکردنی مەرسومی دامەزراندنی سەرۆکی دەستەکان

پاڵپشت بە بڕگەی بیست لە ماددەی (٦٥)ی پڕۆژەی دەستور، سەرۆکی هەرێم مەرسوم دەردەکات بۆ دامەزراندنی سەرۆکەکانی ئەو دەستەو کۆمسیۆنانەی کە لە ماددەی (١٠٧)[٧٥] ی پڕۆژەکەدا دەقنووسکراون، پاش ڕەزامەندیی پەرلەمان لەسەر پاڵاوتنیان. ئەم دەسەڵاتەی سەرۆکی هەرێم تەنها دەسەڵاتێکی رواڵەتی (شکلی)یە، چونکە پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی سەرۆکی ئەو دەستانە دەدات.

### دەیەم: دامەزراندنی نوسینگەی حکومەت لە دەرەوە

لەسەر پێشنیازی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی هەرێم بڕیار بۆ دامەزراندنی نوسینگەی تایبەت بە هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی بیانیدا دەردەکات، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی تایبەتمەند لە حکومەتی فیدراڵیدا[٧٦].

هەروەك بەپێی بڕگەی چوارەم لە ماددەی (١٢١) لە دەستوری عیراقی ٢٠٠٥، هەرێمەکان و پارێزگاکان دەتوانن نوسینگەی تایبەت لە باڵیۆزخانە و نێردە دپلۆماسییەکاندا دابمەزرێنن، بۆ بەدواداچوونی کاروباری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان.

## داخوازی دووەم:

## دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە بواری دەسەڵاتی یاسادانان‌دا

پڕۆژەدەستوری هەرێم چەند دەسەڵاتێکی لە بواری دەسەڵاتی یاساداناندا بە سەرۆکی هەرێم داوە، کە لەم داخوازیەدا رونیاندەکەینەوە:

### یەکەم: بانگهێشتی پەرلەمان بۆ کۆبوونەوە

لە ماددەی (٦٥) بڕگەی چوارەمی پڕۆژە دەستوری هەرێمدا هاتووە: "دەرکردنی مەرسومێك لە لایەن سەرۆکی هەرێم بۆ بانگهێشتکردنی پەرلەمان بۆ یەکەم دانیشتنی خولی کۆبوونەوەی خولی هەڵبژاردنی لە ماوەی پازدە رۆژ دوای راگەیاندنی دوا ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا، ...". شایانی باسە پڕۆژەدەستوری هەرێم پێچەوانەی دەستوری فەرەنسای ساڵی ١٩٥٨ تەنها دەسەڵاتی بانگهێشتکردنی پەرلەمانی بۆ کۆبوونەوەی ئاسایی بە سەرۆك بەخشیوە، لە کاتێکدا سەرۆکی فەرەنسا دەتوانێت بانگهێشتی پەرلەمان بکات تەنها بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی[٧٧].

هەرچی دەستوری عیراقی ٢٠٠٥ لە ماددەی (٥٤، ٥٨) دەسەڵاتی بانگهێشتکردنی پەرلەمانی بۆ کۆبوونەوەی ئاسایی و نائاسایی بە سەرۆك کۆمار داوە.

### دووەم: درێژکردنەوەی خولی پەرلەمان

دەکرێ خولی کاری پەرلەمان تاکو ماوەی (٣٠) سی رۆژ درێژبکرێتەوە بۆ تەواوکردنی هەندێ کار لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم، یان سەرۆکی پەرلەمان، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یان بیست و پێنج کەس لە ئەندامانی پەرلەمان[٧٨].

---

[٧٥] ئەو دەستە و کۆمسیۆنانە بریتین لە (دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە کوردستان– عیراق، دیوانی دەستپاکی و چاودێریی دارایی، دەستەی گشتیی دروستی و باشیی بەرهەمەکانی خۆماڵی و هاوردەکان).

[٧٦] ماددەی (٦٥) بڕگەی بیست و یەکەم، پڕۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

(٧٧) ماددەی (٣٠)، دەستوری فەرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

[٧٨] ماددەی (٤٧) بڕگەی دووەم، پڕۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

ئەوەی تێبینیدەکرێت هەمان دەسەڵات لە ماددەی (٥٨) برگەی دووەم لە دەستوری عیراقی ٢٠٠٥ بە سەرۆك کۆمار، یان سەرۆك وەزیران، یان سەرۆکی پەرلەمان، یان پەنجا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دراوە.

**سێیەم: دەرکردنی مەرسوم بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی**

سەرۆکی هەرێم بەپێی برگەی سێیەمی ماددەی (٦٥)ی پرۆژەی دەستوری هەرێم لە کاتی هەڵوەشاندنەوە، یان تەواو بوونی خولی پەرلەماندا، مەرسومێك دەردەکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمان، ئەویش بەپێی (٥٧)[٧٩]ی پرۆژەدەستورەکە. ئەوەی لێرەدا سەرۆکی هەرێم دەیکات، تەنها دەرکردنی مەرسومەکەیە بۆ دیاریکردنی رۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەو ماوە دەستورییەدا، کە ماددەی (٥٧) دیاریکردووە.

**چوارەم: پێشنیازکردنی یاسا و بڕیارەکان**

سەرۆکی هەرێم پاڵپشت بە برگەی یەکەم لە ماددە (٦٥)ی پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان دەتوانێت پرۆژەی یاسا و بڕیار پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکات، پەرلەمانی کوردستانیش دوای داڕشتنەوە و گفتوگۆکردن و دەنگدان لە سەری، دەیکاتە یاسا.

هەرچەندە بونی ئەم دەسەڵاتە لای سەرۆکی هەرێم نیشانەی بوونی هاوکارییە لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم وەك بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمدا، بەڵام پێشنیازکردنەکە بە تەنها لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوەیە، بەبێ بەشداریی ئەنجومەنی وەزیران، لە کاتێکدا لە دەستوری عیراقدا سەرۆك کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران بەیەکەوە پرۆژەیاساکان پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەران دەکەن[٨٠]، بۆیە واباشتر بوو سەرۆك لە رێگەی وەزارەتەوە پێشنیازی یاسا و بڕیارەکان بکات، کە ئەمەش زیاتر لەگەڵ سیستمی پەرلەمانیدا گونجاوە.

**پێنجەم: دەرکردنی یاسا و بڕیارەکان و تانەلێگرتنیان**

لە برگەی دووەمی ماددەی (٦٥) لە پرۆژەدەستوری هەرێمدا هاتووە، کە سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی هەیە بۆ: "دەرکردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی کە پەرلەمانی کوردستان دایاندەنێ، لە ماوەی پازدە رۆژ لە وەرگرتنیانەوە، بۆیشی هەیە لەو ماوەیەدا ناڕەزایی لەسەر هەموو یان بەشێکیان دەربڕێ و بیاننێرێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ چاو پێداخشاندنەوەیان، و دواتر بڕیاری پەرلەمان لە بارەیانەوە بنبڕدەبێ، ئەگەر سەرۆك لەو ماوەیەدا یاساو بڕیارەکانی دەرنەکرد، بێ ئەوەی ناڕەزاییان لەسەر دەربڕێ، ئەوا بە دەرچوو دەژمێردرێن و سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڵاوکردنەوەیان لە رۆژنامەی فەرمیدا لە ئەستۆدەگرێت".

زۆر لە دەستورەکان دەسەڵاتی دەرکردنی یاسا و بڕیارەکانیان بە سەرۆك داوە[٨١]. هەروەها دەسەڵاتی تانەگرتنیش لە سیستمەکانی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی و تێکەڵاویش بە سەرۆك دراوە[٨٢].

---

[٧٩] ماددەی (٥٧) تێیدا هاتووە: "ئەگەر پەرلەمان هەڵوەشایەوە یان خولی هەڵبژاردنی تەواو بوو، مەرسومێك دەردەچێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و دیاریکردنی رۆژی ئەنجامدانی لە ماوەی پازدە رۆژ لە هەڵوەشانەوەیدا، یان بە لانی کەمی، نەوەد رۆژ پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردن، بە مەرجێك ئەنجامدانی کاتی هەڵبژاردن لە نەوەد رۆژی دوای هەڵوەشاندنەوەی تێپەڕنەکات، یان دەبێ لە ماوەی نەوەد رۆژ پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردن بێت".

[٨٠] ماددەی (٦٠)، برگەی یەکەم، دەستوری کۆماری عێراق، ٢٠٠٥.

[٨١] بۆ نمونە: ماددەی (١٠) برگەی (١) لە دەستوری فەرنسای ساڵی ١٩٥٨، ماددەی (٧٣) برگەی سێیەم لە دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥، ماددەی یەکەم، برگەی حەوتەم/ ٢ لە دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ساڵی ١٧٨٧.

[٨٢] بڕوانە باسی یەکەم لەم توێژینەوەیە.

ئەم تانەگرتنەی سەرۆکی هەرێمیش لەسەر یاسا و بڕیارەکان تانەیەکی راگرتنە (توقیفي)، نەك تانەگرتنێکی رەها (مطلق)، چونکە بۆ جاری دووەم پەرلەمان دەتوانێت یاساکە پەسەندبکات، بە بێ ئەوەی سەرۆك ئەمجارەیان مافی تانەگرتنی هەبێت.

**شەشەم: دەرکردنی مەرسوم، کە هێزی یاسایی هەیە**

بە پێی برگەی حەوتەم لە ماددەی (٦٥) ی پرۆژەی دەستوری هەرێم، سەرۆکی هەرێم دەسەلاتی دەرکردنی ئەو مەرسومانەی هەیە کە هێزی یاساییان هەیە، پاش راوێژکردن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر هەرێمی کوردستان و سیستمە سیاسییەکەی، یان ئاسایشی، یان دامەزراوە دەستورییەکانی کەوتنەبەر مەترسییەکی لەناکاو و پەرلەمانیش نەیتوانی کۆببێتەوە، بە مەرجێك ئەو مەرسومانە بخرێنەپێش چاوی یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمان، ئەگەر نەشخرانە بەرچاوی پەرلەمان، یان خرانە بەرچاوی پەرلەمان و ئەویش پەسەندنەکردن، ئاکاری یاساییان نامێنێ.

لەگەڵ ئەوەی ئەم ماددەیەی پرۆژەی دەستور ئەم دەسەلاتەی بە رەهایی نە بەخشیوەتە سەرۆك و کۆمەڵێك کۆتوبەندی بۆ داناوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بوونی دەسەلاتێکی وەها فراوان بە مەترسی دەزانرێت، چونکە پەرلەمان وەك نوێنەری خەڵك و دامەزراوەی سەرەکی یاسادانان واز لە دەسەلاتی یاسادانان دەهێنێت و سەرۆکی هەرێم لەم کاتەدا جێگەی پەرلەمان دەگرێتەوە، جگە لەمەش بوونی ئەم دەسەلاتە لای سەرۆکی هەرێم کاڵبوونەوەی پرنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەلاتەکان دەگەیەنێت، وا دەکات سەرۆك لە یەککاتدا یاسادانەر و جێبەجێکاری یاساش بێت.

## داخوازی سێیەم

## دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم لەبواری دەسەلاتی دادوەریدا

پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، چەند دەسەلاتێکی لە بواری دادوەریدا بەخشیوەتە سەرۆکی هەرێم، کە ئەمانەن:

یەکەم: دامەزراندنی ئەندامانی دادگای دەستوری[٨٣]

لە برگەی هەژدەهەم لە ماددەی (٦٥)ی پرۆژەدەستوری هەرێمدا هاتووە کە سەرۆکی هەرێم دەرکردنی مەرسومێك دەردەکات بۆ دامەزراندنی ئەندامانی دادگای دەستوری، پاش رەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان لەسەر پاڵێوراوەکان.

---

[٨٣] لە ماددەی (٩٥) لە پرۆژەی دەستوری هەرێمدا هاتووە کە: "دادگای دەستووری تایبەتمەند دەبێت بەو کاروبارانەی خوارەوە:

یەکەم: راڤەکردنی دەقی ماددەکانی دەستووری هەرێمی کوردستان.

دووەم:

١–چاودێریکردن بەسەر دەستووریبوونی یاساکان، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یان ئەنجومەنی وەزیران، یان دە کەس لە ئەندامانی پەرلەمان.

٢–بڕیاردان لەسەر رەوایی مەرسوم و پێڕەو و بڕیار و رێنماییەکان، لەسەر هەر کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی راستەوخۆ.

سێیەم: یەکلاکردنەوەی دەفعێك کە پێشکەشکراوە لە داوایەکدا کە دراوەتە بەردەم دادگا سەبارەت بە دەستووری نەبوونی یاسایەك، یان رەوانەبوونی بڕیارێك، یان پێڕەوێك، یان رێنماییەك، دادگاش دەبێ داوایەکە دوابخات تا ئەو کاتەی ئاکامی دەفعەکە یەکلادەبێتەوە.

چوارەم: پەسەندکردنی ئەنجامەکانی راپرسی و هەڵبژاردنەکانی گشتی بۆ سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان– عیراق.

پێنجەم: یەکلاکردنەوەی دەستووریبوونی ئەو هەموارکردنەی پێشنیاز دەکرێ بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان و گونجاوبوونی ماددەی (١٢٠)ی ئەم دەستوورە.

شەشەم: دادگایی کردنی سەرۆك یان جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پاش ئەوەی بە پێی ماددەی (٦٢)ی ئەم دەستوورە لە لایەن پەرلەمانەوە تۆمەتیان دەدرێتەپاڵ. بۆ تاوانبارکردنی سەرۆك یان جێگرەکەی، پێویستە بەلای کەم پێنج ئەندمی دادگا رەزامەندی لەسەر بدەن.

حەوتەم: یەکلاکردنەوەی ئەو داوایانەی کە بەپێی ماددەی (١٩/برگەی هەژدەهەم/٣) ی ئەم دەستووره بەرزکراونەتەوە.

هەشتەم: یەکلاکردنەوەی ئەو تانوتانە کە پێوەندیان بە دروستی ئەندامەتی و لابردنی پارێزراوەیی (حصانە) لەسەر ئەندامی پەرلەمانەوە هەیە".

هەروەها لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (٩٢)ی پڕۆژەكە سەبارەت بە پاڵاوتنی ئەندامانی ئەم دادگایە هاتووە، كە سەرۆكی هەرێم بە راوێژكردن لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری، ئەندامانی دادگای دەستوری دەپاڵێوێ.

بە پێی ماددەی (٩٤)یش، سەرۆك و ئەندامانی دادگای دەستووری، پێش ئەوەی دەست بە ئەرك و فەرمانەكانیان بكەن، لەبەردەم سەرۆكی هەرێمی كوردستان سوێندی یاسایی دەخۆن.

ئەم دەسەڵاتەی سەرۆكی هەرێم جێگەی مەترسییە، چونكە لە لایەك زیان بە پرنسیپی لێكجیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان دەگەیەنێ، لە لایەكیترەوە بە هۆی گرنگی و هەستیاریی دەسەڵاتەكانی دادگای دەستوری، وەك لە ماددەی (٩٥)ی پڕۆژەی دەستور دەقنووسكراوە، دەسەڵاتەكانی ئێجگار بەرفراوان و گرنگن، بە تایبەت كە سەرۆكی هەرێم خاوەن بۆچوون و دەسەڵاتە لە دانانی ئەندامەكانیدا و مەترسی ئەوەی لێدەكرێت پێگە و دەسەڵاتەكانی بەكاربهێنێت بۆ دانانی كەسانێك كە لە ژێر كاریگەریی خۆیدا بن، سەرەنجام خراپبەكارهێنانی ئەم دادگایە و لەدەستدانی بێلایەنی و سەربەخۆیی دادگاكەی لێبكەوێتەوە.

### دووەم: دانانی دادوەرەكان و ئەندامانی داواكاری گشتی

سەرۆكی هەرێم بە مەرسومێك دادوەرەكان و سەرۆكی سەرپەرشتیاری دادوەری و سەرۆك و ئەندامانی داواكاری گشتی دادەمەزرێنێت، دوای پاڵاوتنیان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی كوردستان[٨٤]. ئەمەش مانای ئەوەیە دەسەڵاتی سەرۆك تەنها لە دەركردنی مەرسومی دامەزراندن كورتدەبێتەوە، چونكە پێشتر ئەنجومەنی دادوەری دەیانپاڵێوێ، هەروەها بە یاساش دادەمەزرێن[٨٥].

### سێیەم: لێبوردنی تایبەت

بەپێی بڕگەی نۆیەم لە ماددەی (٦٥)ی پڕۆژەدەستوری هەرێمی كوردستان، سەرۆكی هەرێم دەسەڵاتی دەركردنی مەرسومی هەیە بۆ لێبوردنی تایبەتی زیندانیان بە پێی یاسا.

ئەم دەسەڵاتە لە ماددەی (٧٣)ی دەستوری عیراقی ٢٠٠٥ بە سەرۆك كۆمار دراوە، كە سەرۆك لەسەر راسپاردەی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران ئەم دەسەڵاتە پیادەدەكات، لەگەڵ بوونی هەندێك ریزپەڕ (استثناء)، كە نابێت لێبوردنەكە پەیوەندی بە ماف تایبەت، حوكمدراوەكان بە تاوانی نێودەوڵەتی و تێرۆر و گەندەڵی دارایی و كارگێڕی حوكمنەدرابن. هەروەها دەستوری فەرەنسای ساڵی ١٩٥٨ لە ماددەی (١٧) دەسەڵاتی لێبوردنی تایبەتی داوە بە سەرۆك، هەروەك دەستوری ئەمەریكا لە (ماددەی دووەم بڕگەی دووەم /١)دا ئەو دەسەڵاتەی داوە بە سەرۆك بەو مەرجەی تاوانەكە دژی یاسایەكی ویلایەتەكان نەبێت، هەروەها رێوشوێنی دادگاییكردنی سزایی تاوانەكە لەبەردەم كۆنگرێسدا نەگیرابێتەبەر. هەربۆیە دەسەڵاتی سەرۆكی هەرێم بۆ لێبوردنی تایبەت هەرچەندە بە یاسا دەبێت، بەڵام وا باشترە كە رەها نەبێت و هەندێك تاوانی لێبەدەربكرێت، وەك ئەوەی لە دەستوری عیراقیدا هاتووە.

### چوارەم: پەسەندكردنی حوكمی لە سێدارەدان، یان سووككردنی

سەرۆكی هەرێم پاڵپشت بە بڕگەی دەیەم لە ماددەی (٦٥)ی پڕۆژەی دەستور دەسەڵاتی پەسەندكردنی حوكمی لە سێدارەدان، یان سووككردنی بۆ زیندانی هەتاهەتایی هەیە، بەڵام دەستوری عیراقی ٢٠٠٥ لە ماددەی (٧٣) بڕگەی هەشتەم تەنها دەسەڵاتی پەسەندكردنی حوكمی لە سێدارەدانی داوەتە سەرۆك كۆمار، بەبێ بوونی دەسەڵاتی گۆڕینی حوكمەكە.

---

[٨٤] ماددەی (٦٥) بڕگەی هەژدەهەم، پڕۆژە دەستوری هەرێمی كوردستان- عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

[٨٥] ماددەی (٨١)، پڕۆژە دەستوری هەرێمی كوردستان- عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

## داخوازی چوارەم

## دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە بواری کاروباری سەربازیدا

لە بواری سەربازیدا سەرۆکی هەرێم خاوەنی چەند دەسەڵاتێکە، کە ئەمانەن:

یەکەم: فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگە

پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٦٠)ی پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستاندا، سەرۆکی هەرێم فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم)ە.

دووەم: بەخشینی پلەی سەربازی

ماددەی (٦٥) بڕگەی بیست و سێیەم لە پرۆژەی دەستور، دەسەڵاتی بەخشینی پلە سەربازییەکانی بە ئەفسەرانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی بە سەرۆکی هەرێم داوە، هەروەها بەپێی هەمان بڕگە و ماددەی پرۆژەکە، دەسەڵاتی دەرکردن و خانشینکردنیشیان لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمە، بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

سێیەم: بەخشینی میدالیا و نیشانە

بەپێی بڕگەی بیست و چوارەم لە ماددەی (٦٥)ی پرۆژەی دەستور، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی بەخشینی میدالیا و نیشانەی هەیە، ئەویش بە دەرکردنی مەرسوم و بەپێی یاسا.

**چوارەم: ڕێگەدان بە هاتنی هێزەکانی حکومەتی فیدراڵی**

"ڕێگەدان بە هاتنی بەشێك لە هێزە چەکدارە فیدراڵییەکان بۆ کوردستان– عیراق لە کاتی پێویستدا، پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان– عیراق لەسەر هاتنەژوورەوەی ئەم هێزانە لەگەڵ دیاریکردنی ئەرك و فەرمانیان و جێگا و ماوەی مانەوەیان لە هەرێمدا"[٨٦].

**پێنجەم: ناردنی هێزەکانی پێشمەرگە، یان ئاسایش بۆ دەرەوەی هەرێم**

بەپێی بڕگەی سێزدەهەم لە ماددەی (٦٥)ی پرۆژەی دەستور، سەرۆکی هەرێم بە ڕەزامەندیی پەرلەمان، دەسەڵاتی ناردنی هێزەکانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) یان ئاسایشی ناوخۆی بۆ دەرەوەی هەرێم هەیە.

دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە بواری سەربازیدا لەگەڵ سیستمی پەرلەمانی ناگونجێت، کە دەسەڵاتەکانی سەرۆك لەم سیستمەدا ڕەمزی و پرۆتۆکۆڵین و دەسەڵاتی ڕاستەقینە و کردەیی لای ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی بەرگرییە. هەروەها لە دەسەڵاتی سەرۆك لە سیستمی تێکەڵاویش زیاترە، چونکە لە فەرەنسا سەرۆك سەرکردەی هێزە چەکدارەکانە، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران هەژمونی بەسەر ئیدارەو هێزەکانەوە هەیە، بەڵام لە پرۆژەدەستوری هەرێمدا سەرۆك فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگەیە و هیچ ئاماژەیەك بۆ ڕۆڵی ئەنجومەنی وەزیران نەکراوە لەو بوارەدا، هەروەك دەسەڵاتەکانی سەرۆك لەو بوارەدا تەنها لە سەرکردایەتیی هێزەکانی پێشمەرگە ناوەستێت، بەڵکو پەلدەهاوێت بۆ سەرکردایەتیی هەموو هێزە چەکدارەکان، کە خۆی دەبینێتەوە لە بەخشینی پلەی سەربازی بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، دەرکردن و خانەنشینکردنیان و ناردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ دەرەوەی هەرێم، ئەمەش نزیکیدەکاتەوە لە دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری سەربازی لە سیستمی سەرۆکایەتیدا.

لە کۆتایی باسی دووەمدا، پاش خستنەڕووی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان– عیراق و شیکردنەوەیان و بەراوردکردنیان بە دەسەڵاتەکانی سەرۆك لە سیستمە جیاوازەکاندا، دەردەکەوێت کە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە هەندێ باردا زیاترە لە دەسەڵاتەکانی سەرۆك لە سیستمی پەرلەمانیدا، بە تایبەت شێوازی هەڵبژاردنی

---

[٨٦] ماددەی (٦٥) بڕگەی دوازدەهەم، پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

سەرۆکی هەرێم، کە لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێرێت، لەگەڵ سیستمی پەرلەمانی ناگونجێت و سیستمەکە دەکاتە سیستمی تێکەڵاو (پەرلەمانیی لادەر).

سەرۆکی هەرێم خاوەن دەسەڵاتێکی بەرفراوانە لە بواری جێبەجێکردندا، سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەکات، بەبێ دیاریکردنی ژمارە و جۆری کۆبوونەوەکان و ئەژمارکردنی دەنگی سەرۆك، یاخود نا؟

هەروەك سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی پەسەندکردنی ئەندامانی کابینەی وەزارەتی هەیە، ئەم دەسەڵاتەش لە بنەڕەتدا هی پەرلەمانە، نەك سەرۆکی هەرێم، ناشکرێت دوانەیی لە متمانەدانی کابینەی وەزارەت هەبێت. هەروەها سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی لادانی وەزیری هەیە لەسەر پێشنیازی سەرۆك وەزیران، بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان، لە کاتێکدا پێشتر ئەو وەزیرە متمانەی لە پەرلەمان وەرگرتووە. هەرچی بواری یاسادانانە سەرۆکی هەرێم بە تەنها دەسەڵاتی پێشنیازی پرۆژەی یاسا و بڕیاری هەیە بۆ پەرلەمان، دەسەڵاتی دەرکردنی یاسا و بڕیار و تانەگرتنیشی هەیە، هەروەها لە نائامادەیی پەرلەماندا دەسەڵاتی دەرکردنی ئەو مەرسومانەی هەیە، کە خاوەن هێزی یاسایین. لە بواری دادوەریش سەرۆکی هەرێم بەشدارە لە دانانی ئەندامانی دادگای دەستوری، لێبوردنی تایبەت و سوککردنی حوکمی لە سێدارەدان.

لە بواری سەربازیشدا، سەرۆکی هەرێم خاوەن دەسەڵاتێکی زۆرە، ئەو دەسەڵاتانە لە سیستمی پەرلەمانیدا لە دەست ئەنجومەنی وەزیران دایە، هەرچی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمە لەم بوارەدا زیاترە لە دەسەڵاتی سەرۆکی دەوڵەت لە سیستمی تێکەڵاودا و نزیکدەبێتەوە لە دەسەڵاتی سەرۆکی دەوڵەت لە سیستمی سەرۆکایەتی[٨٧]. جێگەی سەرنجیشە سەرۆکی هەرێم ئەم دەسەڵاتانە بە کردەیی لە ڕێگەی خۆیەوە پەیڕەودەکات، لە کاتێکدا لە سیستمی پەرلەمانیدا پێویستە سەرۆکی دەوڵەت لە ڕێگەی وەزارەت و بوونی واژۆی سەرۆکی دەوڵەت لە پاڵ واژۆی سەرۆك وەزیران، یان وەزیری تایبەتمەند (توقيع مجاور) دەسەڵاتەکانی پەیڕەوبکات[٨٨].

لەگەڵ ئەو هەموو دەسەڵاتەی سەرۆکی هەرێم هەیەتی، هیچ جۆرە بەرپرسیارێتییەکی لەسەر شان نیە، تەنها ئەوە نەبێت کە لە ماددەی (٦٢)ی پرۆژەکەدا لە حاڵەتی تۆمەتبارکردنی بە شکاندنی سوێندی دەستوری، یان پێشێلکردنی سامناکی دەستور، یان ئەنجامدانی خیانەتی گەورە لەلایەن (٢/٣) دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان و بە تاوانباردانانی لەلایەن (٥) پێنج ئەندام لە کۆی (٧) حەوت ئەندامی دادگای دەستورییەوە، لە پۆستەکەی لادەبرێت، ئەم کارەش ئەگەر نەکردە (مەحاڵ) نەبێت زۆر ئەستەمە، بەتایبەت کە زاراوەکانی (شکاندنی سوێندی دەستوری، پێشێلکردنی سامناکی دەستور، ئەنجامدانی خیانەتی گەورە) روون نین، کە چی دەگرنەوە، هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە، سەرۆکی هەرێم ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لە دانانی ئەندامانی دادگای دەستوری، کە پێویستە راوێژ بە سەرۆکی هەرێم بکرێت لە کاتی دانانیاندا، دیاریش نیە ئەم راوێژەی سەرۆکی هەرێم چیە و چۆنە و تا چ ئاستێکە؟

لەبەرئەوە لەگەڵ بوونی ئەو هەموو دەسەڵاتە و نەبوونی بەرپرسیارێتیی سەرۆکی هەرێمدا، وا باشترە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بگوازرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، کە بەرپرسیارە لەبەردەم پەرلەماندا، سەرۆکی هەرێمیش دەسەڵاتێکی پرۆتۆکۆڵی پێبدرێت. دەشکرێت سەرۆك خاوەن دەسەڵاتی کردەیی و راستەقینە نەبێت، بەڵام ئەرکی خۆی بەجێبگەیەنێت وەك بەرزترین دەسەڵات و رەمزی وڵاتەکە، لە دادوەریکردنی نێوان دەسەڵاتەکان و پارتەکان بە شێوەیەکی بێلایەنانە،

---

[٨٧] بە پێی بۆچوونی زانایان (لاڤارێر، جیرو، بیردو) پێناسەی دروست بۆ سیستمی سەرۆکایەتی ئەوەیە کە تەرازووی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن بەلای سەرۆکەوە لاسەنگ بێت. د.عبدالحميد متولي، مصدر سابق، ص٣٠٠.

[٨٨] د. محسين خليل، مصدر سابق، ص٥٦٤.

هەروەك ڕۆڵی هەبێت لە ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان، ئەویش بە بەکارهێنانی هێز و دەسەڵاتە مەعنەوییەکانی لە ڕێنوێنی و ئامۆژگاری، بە مەبەستی ڕاگرتنی ئۆقرەیی و خێری وڵاتەکە[٨٩].

## دەرەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، توێژەر بەم دەرەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

١. شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و ئەو دەسەڵاتە فراوانەی لە بوارەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان، دادوەری و سەربازی پێیدراوە، لەگەڵ سیستمی پەرلەمانی ناگونجێت، بەڵکو سیستمی حکومڕانیی هەرێمی کوردستانی کردووە بە سیستمێکی پەرلەمانیی لادەر، لە هەندێ حاڵەتیشدا لە سیستمی سەرۆکایەتی نزیکیکردۆتەوە.

٢. سەرۆکی هەرێم کۆمەڵێ دەسەڵاتی لە بواری جێبەجێکردن پێدراوە، تای تەرازووی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنی بە لای سەرۆکدا لاسەنگکردووە، هەروەها سەرۆك ڕاستەوخۆ دەسەڵات پیادەدەکات، لە کاتێکدا لە سیستمی سەرۆکایەتیدا سەرۆك دەسەڵاتەکانی لە ڕێگەی وەزارەت یاخود تەنیشتە واژۆ (توقیع مجاور) پیادەکات.

٣. سەرۆك شانبەشانی پەرلەمان متمانەدەداتە ئەندامانی کابینەی وەزارەت، ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ سیستمی پەرلەمانی، کە وەزارەت تەنها متمانە لە پەرلەمان وەردەگرێت، هەروەها سەرۆك دەسەڵاتی لادانی وەزیری هەیە لەسەر پێشنیازی سەرۆك وەزیران، لە حاڵێکدا لە سیستمی پەرلەمانیدا وەزیر متمانە لە پەرلەمان وەردەگرێت و هەر پەرلەمانیش دەتوانێ متمانەی لێوەربگرێتەوە.

٤. سەرۆکی هەرێم لە دانانی ئەندامانی دادگای دەستوریدا ڕۆڵ و کاریگەری هەیە، ئەمەش دژیەکە لەگەڵ پرنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکاندا.

٥. سەرەڕای بوونی دەسەڵاتێکی زۆر لای سەرۆکی هەرێم، بەڵام لە بەرامبەردا هیچ بەرپرسیاریەتێکی لەسەر شان نیە، مەگەر دادگای دەستوری، دوای تۆمەتبارکردنی بە شکاندنی سوێندی دەستوری، یان پێشێلکردنی سامناکی دەستور، یاخود ئەنجامدانی خیانەتی گەورە، لەلایەن (٢/٣) دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان، بە دەنگی (٥) پێنج ئەندام لە کۆی (٧) حەوت ئەندامی دادگاکە بە تاوانبار دایبنێ، ئەمەش کارێکی نزیکی مەحاڵە، چونکە تا ئێستا مانای زاراوەکانی (شکاندنی سوێندی دەستوری، پێشێلکردنی سامناکی دەستور، ئەنجامدانی خیانەتی گەورە) ڕوون نین، هەروەها سەرۆکیش کاریگەری بەسەر ئەندامانی دادگاکەوە هەیە، کاتێك ئەو ئەندامانە بە ڕاوێژی ئەو دەپاڵێورێن.

[٨٩] د. السيد الصبري، مصدر سابق، ص١٩٥.

## راسپاردەکان

پێویستە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ ماددەی (١)ی پڕۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان- عیراق بگونجێنرێن، کە سیستمی حکومڕانیی هەرێمی بە پەرلەمانی ناساندووە، ئەویش لە رێگەی:

١. گۆڕینی شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، لە هەڵبژاردنی راستەوخۆوە بۆ هەڵبژاردنی لەلایەن پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، یان دەستەیەکی هەڵبژێردراو بۆ ئەو مەبەستە، دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ئەو دەستەیە هەڵبوەشێتەوە، بەمەش هەم دەسەڵاتی سەرۆك سنورداردەکرێت، هەم سەرۆك لە ژێر کاریگەریی پەرلەماندا نابێت و رۆڵی دادوەری و چاودێری و رێنوێنی دەسەڵاتە گشتییەکان لە هەرێمدا دەبینێت.

٢. لابردنی بڕگەی چوارەم لە ماددەی (٧٠)ی پڕۆژەدەستورەکە، کە تایبەتە بە پەسەندکردنی ئەندامانی وەزارەت لەلایەن سەرۆکەوە، پێویستە ئەم دەسەڵاتە تەنها لای پەرلەمان بێت.

٣. لابردنی بڕگەی شەشەم لەماددەی (٦٥)ی پڕۆژەکە، کە سەرۆك دەسەڵاتی لابردنی وەزیری هەیە لەسەر پێشنیازی سەرۆك وەزیران، پێویستە ئەم دەسەڵاتە تەنها لای پەرلەمان بێت.

٤. لابردنی بڕگەی یازدەهەم لە ماددەی (٦٥)ی پڕۆژەکە، کە تایبەتە بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن سەرۆکەوە، پێویستە سەرۆك وەزیران ئەم کارە بکات.

٥. گواستنەوەی دەسەڵاتی جاڕدانی باری نائاسایی (بڕگەی هەشتەم لە ماددەی (٦٥)ی پڕۆژەکە) بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

٦. بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٦٥) ی پڕۆژەکە هەمواربکرێت و سەرۆك بە هاوبەشی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پڕۆژەیاسا و پڕۆژەبڕیار پێشکەشی پەرلەمان بکەن.

٧. لابردنی بڕگەی حەوتەم لە ماددەی (٦٥)ی پڕۆژەکە، کە سەرۆك دەسەڵاتی مەرسومی خاوەن هێزی یاسایی هەیە.

٨. ماددەی (٩٢) بڕگەی دووەم لە پڕۆژەکە هەمواربکرێت، بە شێوەیەك کە ئەندامانی دادگای دەستوری بە تەنها لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری بپاڵێورێن، بەبێ راوێژی سەرۆکی هەرێم.

٩. ماددەی (٦٠) بڕگەی یەکەم هەمواربکرێت و سەرۆکی هەرێم تەنها بۆ مەبەستی پڕۆتۆکۆڵی و لە کاتی بۆنەکاندا فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە بێت، دەسەڵاتی فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە بگوازرێتەوە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب

١. د. ابراهيم أبو خزام، الوسيط في القانون الدستوري، ط٢، دارالكتاب الجديد المتحدة، بيروت ٢٠٠٢.

٢. د. السيد الصبري، مبادىء القانون الدستوري، ط٤، القاهرة، ١٩٤٩.

٣. د. ڤيشةوا حميد عبدالله، المسؤولية السياسية للسلطة التنفيذية في النظام البرلماني، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٣.

٤. خاموش عمر عبدالله، تأثير قوانين الطواريء على حريات الأفراد في الدساتير"دراسة مقارنة"، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧.

٥. دانا عبدالكريم سعيد، حل البرلمان وأثاره القانونية على مبدأ استمرارية أعمال الدولة، ط١، المؤسسة الحدية للكتاب، طرابلس– لبنان، ٢٠١٠.

٦. د. زهير شكر، الوسيط في القانون الدستوري، ج١، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية(النظرية العامة والدول الكبرى)، ط٣، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، دون مكان الطبع، ١٩٩٤.

٧. د. سعيد السيد علي، حقيقة الفصل بين السلطات في النظام السياسي والدستوري للولايات المتحدة الأمريكية، بدون مكان الطبع، ١٩٩٩.

٨. د.عبدالحميد متولى، القانون الدستوري والأنظمة السياسية، ج١، ط٤، دار المعارف، بدون مكان نشر، ١٩٦٦.

٩. د.عبدالغني بسيوني عبدالله، سلطة ومسؤلية رئيس الدولة في النظام البرلماني، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٥.

١٠. د. عبدالغني بسيوني عبدالله، النظم سياسية، ط٤، منشأة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٢.

١١. د. عبدالكريم علوان، النظم السياسية والقانون الدستوري، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٨.

١٢. د.عصام أحمد عجيلة و د.محمد رفعت عبدالوهاب، النظم السياسية، ط٥، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٢.

١٣. د. كاظم المشهداني، النظم السياسية، مطابع دار الحكمة للطباعة و النشر، الموصل، ١٩٩١.

١٤. لطيف مصطفى أمين، مبدأ الفصل بين السلطات و وحدتها وتطبيقيها في الدساتير العراقية، منشورات مكتب الفكر والتوعية للاتحاد الوطني الكردستاني، سليمانية، ٢٠٠٧.

١٥. د. محسين خليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، بدون مكان نشر، ١٩٨٧.

١٦. د. محمد عبدالحميد أبو زيد، توازن السلطات ورقابتها، دار النسر الذهبي للطباعة، القاهرة، ٢٠٠٣.

١٧. د. محمد عمر مولود، فيدراليەت و دەرفەتی پیادەکردنی لە عیراقدا، وەرگێڕانی: د. محمد عومەر مەولود و د. عومەر ئیبراهیم عەزیز، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

**دووەم : نامەی زانکۆیی**

١٨. لطيف مصطفى أمين، العلاقة بين رئيس الدولة و رئيس الوزراء في النظام البرلماني، أطروحة دكتوراه مقدمة الى مجلس كلية القانون والسياسة بجامعة السليمانية، ٢٠١٠.

١٩. فالا فريد ابراهيم، حماية الحقوق والحريات الدستورية في ضوء المسؤولية السياسية والجنائية للسلطة التنفيذية"النظام البرلماني نموذجاً"، أطروحة دكتوراه مقدمة إلى كلية القانون والسياسة بجامعة صلاح الدين– أربيل، ٢٠٠٨.

**سێیەم : دەستور و یاساکان**

٢٠.دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ١٧٨٧.

٢١. دەستوری سویسرای فیدراڵی ١٨٧٤.

٢٢.دەستوری فرەنسا ١٩٥٨.

٢٣.دستوری کۆماری عێراق ٢٠٠٥.

٢٤.پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق ٢٠٠٩.

٢٥.یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٩) ی ساڵی ٢٠١٣ (یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم).

**چوارەم : سەرچاوەی ئەلکترۆنی**

٢٦. http://ar.wikipedia.org/wiki/%D٩%٨١%D٨%B١%D٩%٨A%D٧%٨٦%D٩%٨٣%D٩%٨٤%D٩%AA%D٨%_٨%B١%D٩%٨٨%D٨%B٢%D٩%٨١%D٩%٨٤%D٨%AA. فرانکلین رۆسفێلت

٢٧. http://www.marefa.org/index.php/%D٩%٨٧%D٨%A٧%D٨%B١%D٩%٨%D٨_%A٨%D٨AA%D٨%B١%D٩%٨٨%D٩%٨٥%D٨%A٧%D٩%٨٦. هاری ترومان

٢٨. http://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/c٥٧٧١٠٥٠-٤٧f٨-٤a٠١-٩a٤٥bf-٠cf٦١١٥٨٢٩. ليندون جونسون

٢٩. http://www.zuhlool.org/wiki/%D٨%B٤%D٨%A٧%D٨%B١%D٩%٨٤%D٨_%D٨%AF٩%٨A%D٨%BA٩%٨٨%D٩%٨٤. چارل دیگول

٣٠.کوێستان محەمەد، پرۆسەی نوسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان، وۆرکشۆپێك سەبارەت بە (پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان)، رۆژی شەممە ٢٠١٣/٥/٢٥ هۆڵی هۆتێل مەم و زین لە سلێمانی.
http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=٢٠٨٥٦&LinkID=٤&AspxAutoDetectCookieSupport=١

٣١. د.لەتیف شێخ مستەفا، لادان لە سیستمی پارلەمانی لە پرۆژەی دەستوری هەرێمدا(١)،
http://sbeiy.com/article_detail.aspx?ArticleID=٨٣٠&AuthorID=٢٠٣.

٣٢. د.شێرکۆ کرمانج، سیستمی سەرۆکایەتی یان سیستمی پەرلەمانی، کوردستان و هەڵبژاردنی سیستمی سیاسی، https://drive.google.com/a/raparinuni.org/file/d/٠B٠swU٠BZnKQ٦QAcws١NGN١FSY٢M/view?usp=sharing

## پوختە

پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق، کە لە ٢٠٠٩/٦/٢٤ پەرلەمانی کوردستان پەسەندیکرد، تا ئێستا لە راپرسییەکدا نەخراوەتە بەردەم هاولاتیانی هەرێم بۆ دەنگدان لەسەری، کۆمەڵێ دەسەلاتی فراوانی لە بوارەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان، دادوەری، سەربازی بەخشیوەتە سەرۆکی هەرێم، لە بەرامبەردا سەرۆك هیچ بەرپرسیارێتییەکی لەسەر شان نیە، ئەمەش بوەتە هۆی هاتنەئارای بیرورای جیاواز لەسەر سیستمی حکومرانیی هەرێم، هەندێك پێیانوایە، سیستمەکە سەرۆکایەتییە، بەلام هەندێکیتریش وایدەبینن، کە پەرلەمانییە، وەکچۆن لە ماددەی (١) پرۆژەکەدا وا دەقنووسکراوە.

توێژینەوەکە تاوتوێی دەسەلاتەکانی سەرۆك لە سیستمە جیاوازەکان و هەرێمی کوردستان دەکات و بەراوردیان دەکات، ئەمەش خالێکی گرنگە دەکرێت لە کاتی چاوخشاندنەوە بە پرۆژەکەدا سوودی لێوەربگیرێت، بە تایبەت بە پێی ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (١٩)ی سالی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەکە هەمواردەکرێتەوە.

توێژینەوەکە لە کۆتاییدا گەیشتۆتە چەند دەرەنجامێك، کە گرنگترینیان بریتین لە:

١. شێوازی هەلبژاردنی سەرۆکی هەرێم ناگونجێ لەگەلّ سیستمی پەرلەمانی، سیستمەکە لە پەرلەمانی دووردەخاتەوەو بەرەو سەرۆکایەتی، یان تێکەلاوی دەبات.

٢. سەرۆکی هەرێم دەسەلاتەکانی جێبەجێکردن راستەوخۆ پیادەدەکات، لە کاتێکدا لە سیستمە پەرلەمانییەکاندا سەرۆك لە رێگەی وەزارەت، یاخود تەنیشتەواژۆ (توقیع مجاور) دەسەلاتەکانی پیادەدەکات.

٣. سەرۆکی هەرێم فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە، کەچی لە سیستمە پەرلەمانییەکاندا ئەم دەسەلاتە لای سەرۆك وەزیرانە.

٤. سەرۆکی هەرێم رۆلّ و کاریگەری هەیە لە دانانی ئەندامانی دادگای دەستوری، ئەمەش پێچەوانەی پرنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەلاتەکانە.

بۆیە توێژەر ئەم خالانە راسپاردەدەکات:

١. پێویستە شێوازی هەلبژاردنی سەرۆکی هەرێم بگۆردرێت، سەرۆکی هەرێم لە لایەن دەستەیەکی پێکهاتوو لە ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، یاخود دەستەیەکی هەلبژێردراوەوە هەلبژێردرێت.

٢. دەسەلاتە کردەییەکانی جێبەجێکردن لە سەرۆکی هەرێمەوە بگوازرێنەوە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

٣. سەرۆکی هەرێم رۆلی نەبێت لە دانانی ئەندامانی دادگای دەستوری، سەربەخۆیی دەسەلاتی دادوەریش بپارێزرێ.

٤. سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە بێت، تەنها بۆ حالەتی پرۆتۆکۆلی سەرۆکی هەرێم ئەم رۆلە ببینێت.

## ملخص البحث

ان مشروع دستور الاقليم والذي تم تصديقه بتاريخ(٢٠٠٩/٦/٢٤) من قبل برلمان كوردستان، لم يجر الاستفتاء الشعبي بحقه ليصوت له مواطنو الاقليم، فقد اعطى هذا الدستور سلطات واسعة في مجالات: (التنفيذ، التشريع، القضاء، العسكري) لرئيس الاقليم، وفي المقابل لاتوجد مسؤولية على كاهله، مما ادى ذلك الى نشوء اختلاف الرأى بصدد نظام الحكم في الاقليم، فيرى البعض بانه نظام رئاسي، ويرى بعض آخر بانه نظام برلماني كما نصت المادة(١) من المشروع.

يتطرق البحث لسلطات الرئيس في الانظمة المختلفة من جهة واقليم كوردستان من جهة اخرى وكذلك مقارنتهم مع بعض.

وهذه نقطة مهمة من الممكن الاستفادة منها لدى مراجعة المشروع، لاسيما بعدما اقرت المادة الثانية من قانون رقم(١٩) لسنة (٢٠١٣) لبرلمان اقليم كوردستان بتعديل المشروع.

وفي الخاتمة تم التوصل الى مجموعة من الاستنتاجات، اهمها:

١. لاتتناسب طريقة انتخاب رئيس الاقليم مع النظام البرلماني، حيث تبعده باتجاه النظام الرئاسي أو المختلط.

٢. يمارس الرئيس سلطاته التنفيذية مباشرةً، الا انه في النظم البرلمانية ان الرئيس يمارسها عبر الوزارة أو توقيع المجاور.

٣. ان الرئيس قائد عام للقوات المسلحة، في حين ان في النظم البرلمانية ينفرد رئيس الوزراء بهذا المنصب.

٤. للرئيس دور في اختيار اعضاء المحكمة الدستورية، وهذا ما يخالف مبدأ الفصل بين السلطات.

**وعليه يقوم الباحث بالتوصيات الآتية:**

١. لابد من تعديل طريقة انتخاب الرئيس، بحيث ان يتم اختياره من قبل اعضاء البرلمان و اعضاء مجلس المحافظات الاقليم أو من قبل هيئة مختارة.

٢. انتقال السلطات التنفيذية الفعلية من رئيس الاقليم الى رئيس مجلس الوزراء.

٣. الا يكون للرئيس دور في اختيار اعضاء المحكمة الدستورية، مع الحفاظ على استقلال السلطة القضائية.

٤. ان يكون رئيس مجلس الوزراء قائداً لقوات البيشمركة، وان يحتفظ رئيس الاقليم بهذا الدور للحالة التشريفية فقط.

## Abstract

The Iraqi Kurdistan constitution project approved by Kurdistan Parliament on 24 June 2009 has not been surveyed among people to vote for or against it thus far. The constitution grants the President of Kurdistan Region several extensive executive, legislative, judicial and military powers in return the President does not shoulder any responsibility.

Due to the above mentioned fact, people have different views and interpretations on the authoritative system of Kurdistan Region. Some define it as a presidential system but in the eyes of others it is a parliamentary system as it is written in article (1) of the project. The research scrutinizes the powers of the President in the different systems and Iraqi Kurdistan. It makes a comparison between them . This is an important step which can be taken into consideration. In accordance with the article (2) of item (19), the Kurdistan Parliament can amend the project in 2013.

The researcher reaches to some conclusions, most importantly including the following:

1-The electoral system of the President of Kurdistan Region is not compatible with parliamentary system.
This system separates it from parliamentary system and it makes it presidential system or the mixture of the two systems.

2-The President of Kurdistan Region exercises the executive power directly. Meanwhile, the President can use his power only via a ministry or via writing his signature next to the name of the ministers in parliamentary system.

3-The President is the General Commander of military forces. Meanwhile this power can only be exercised by the President of Government in parliamentary system.

4-The President of Kurdistan Region has a vital role in electing the members of constitutional court. This is the reverse of the principles of separating powers.

On the basis of the conclusion drawn above, the following recommendations are made:

1-The electoral system of the President of Kurdistan Region should be altered. The President should be elected by a committee formed from the parliamentary members and Kurdistan Provincial Council members or by an elected committee.

2-The executive power of the President of Kurdistan Region should be transferred to the President of Government.

3-The President of Kurdistan Region should not have role in electing the members of constitutional court and he should protect the independence of judicial power.

4-The President of Government needs to be the General Commander of military forces. The president of Kurdistan Region can take this role only in protocols.

# ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگای سلێمانییدا
## (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوە)

م.ی. شاد حمید محمد
بەشی جوگرافیا/ زانکۆی ڕاپەڕین

تەنها هۆکاری ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی ئۆتۆمبێلە چونکە تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت تاکە هۆکاری گواستنەوەی ناوخۆی پارێزگاکەیە، لەگەڵ ئەم هەموو گرنگیەی بۆ پارێزگاکە بەڵام ڕۆژانە دەبنە هۆی گیان لەدەستدان و برینداربوونی هاووڵاتیان، ڕاستە ڕووداوەکانی هاتووچۆ بەتەنها لەم پارێزگایەدا ڕوونادات بەڵکو هەموو جیهانی گرتۆتەوە بەجۆرێك لەکاتی ئێستادا ساڵانە ملوێنێك و دووسەد هەزار کەس دەمردن و زیاتر لە چل ملوێن کەسیش بریندار دەبن. زۆرینەی ئەم ڕووداوانەش لە ووڵاتە دواکەوتووەکاندا ڕوودەدەن بەجۆرێك ووڵاتە پێشکەوتووەکان تەنها (١٥٪)ی دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنن و زیاتر (٦٠٪)ی کۆی ئۆتۆمبێلەکانی جیهانیان هەیە، کەچی ڕێژەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ (١٤٪)، لەکاتێکدا ووڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست خاوەنی (٢٪)ی ئۆتۆمبێلەکانی جیهانن کەچی (٦٪)ی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لەخۆدەگرن[1].بۆ ئەم مەبەستەش لەجیهاندا چەندین هەوڵی جۆراوجۆر دراوە بۆ کەمکردنەوەی ئەم ڕووداوانە بەتایبەت لەم کاتەدا کە ئێمە لە دەیەی سەلامەتی هاتووچۆداین، هەموو جیهان لەهەوڵی جۆراوجۆردان بۆ خستنە رووی هۆکاری ڕووداوەکان پاشان لەڕێگەی زانینی هۆکارەکانەوە پلان دائەنێن بۆ کەمکردنەوەی ئەم ڕووداوانە، پارێزگای سلێمانیش وەك بەشێك لە ووڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبینین ژمارەیەکی زۆر ڕووداوی هاتووچۆی تیادا ڕوودەدات بەمەش ساڵانە مردنی زۆری لێدەکەوێتەوە، بەرپرسان و شارەزایانی هاتووچۆ و هاوڵاتیان ئاماژە بەهۆکاری جۆراوجۆر دەکەن بۆ ئەم ڕووداوانە لە پارێزگاکەدا یەکێك لە هۆکاراکان کە ئاماژەی پێدەکەن تیژڕەوییە، جگە لە پارێزگای سلێمانیش توێژینەوە جیهانییەکان زۆریان بەوە گەیشتوون یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ مرۆڤەکان خۆیانن، بەهۆکاری سەرەکی و گرنگ دادەنرێنن کە توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە (٦٦٪)ی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مرۆڤ بەرپرسیاری یەکەمە، (١٨٪)ی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەرپرسە لێی واتە (٩٤٪)ڕووداوەکان مرۆڤ بەرپرسن لێیان[2]. هەر بۆیە پارێزگای سلێمانیش لەگەڵ ئەوەی لە لێکۆڵینە لەم دۆخە تاڕادەیەك سستە بەڵام چەند هەوڵێکی داوە بۆ کەمکردنەوەی ئەم ڕووداوانە، یەکێك لەو هەوڵانانەی دراوە دانانی کامێراکانی چاودێرییە بۆ کەمکردنەوەی خێرای شۆفێران ئەم کامێرایانە بەیەکێك لە هۆکارە گرنگەکان دادەنرێن، خێرای شۆفێران کەم بکاتەوە بەواتایەکی تر شۆفێران پابەند بکات بەخێرای یاسای و ڕێگەپێدراوەوە، ئێمەش لێرەدا بە باشی دەزانین پاش بەکارهێنانی ئەم کامێرایانە لە پارێزگای سلێمانییدا ڕوونیبکەینەوە ئەم کامێرایانە تاچڕادەیەك ڕووداوەکانی هاتووچۆی کەمکردۆتەوە، بەبەراورد بە زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و شۆفێران و دانیشتوانی ناوچەکە.

---

(١)سالار تحسین دری، ژینگەی ترافیك، چ ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، بەبێ ساڵی چاپ، ل٥.

(٢)هاشم محمد نور مەدەنی، ڕووداوەکانی هاتووچۆ، و: هەڵکەوت عبدالله، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٥.

## چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە :

توێژینەوەکە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١٣)ی لەخۆدەگرێت واتە ماوەی توێژینەوەکە (١٠)ساڵە، ئەم ماوەیەشمان کردووە بە دوو قۆناغ ئەوانیش قۆناغی یەکەم نێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١١) ئەم ساڵانە کامێرای چاودێری نەبووە لە پارێزگاکەدا، قۆناغی دووەم نێوان ساڵانی (٢٠١٢-٢٠١٣) ئەم ساڵانە کامێرای چاودێری بەکارهێنراوە، وەرگرتنی ئەم دوو قۆناغە جیاوازە لە ڕووی ماوەوە ئەمەش بۆ ئەوەیە بەشێوەیەکی وورد تێبینی بکەین پێش و پاش بەکارهێنانی کامێراکانی چاودێری بارودۆخی ڕووداوەکان چۆن بووە، قۆناغەکانی پێش بەکارهێنانیش پێکهاتووە لە هەشت ساڵ ئەمەش بۆ ئەوەیە پشت بە مێژوویەکی دوور ببەستین تەنها لەسەر بارودۆخی ساڵێك وردنەبینەوە چونکە هەتاوەکو ساڵەکان زۆرتربن لە ڕاستی بارودۆخی ناوچەکە زیاتر دەتوانین تێبگەین، بەراوردی ئەم دوو ماوەیە دەکەین بۆ ئەوەی بزانین کامێراکانی چاودێری خزمەتی بەناوچەکە گەیاندووە.

## چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکە :

شوێنی توێژینەوەکەمان پارێزگای سلێمانیە، کە یەکێکە لەپارێزگا گرنگەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق.

## هۆکارە پاڵنەرەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە:

ڕووداوەکان و قوربانیانی هاتووچۆ لە پارێزگاکەدا بووەتە دیاردەیەکی ڕۆژانەو ترسێکی گەورەی خستۆتە سەر ژیانی هاوڵاتیان لەگەڵ ئەوەشدا نە دامودەزگاکان و نە هاووڵاتیان بەرپرسیارێتی ئەم ڕووداوانە ناگرنە ئەستۆی خۆیان هەمووان بەرامبەرەکانیان بەبەرپرس دەزانن ئەمەش بەهۆی نەبوون یان کەمی توێژینەوەی زانستی لەسەر ڕووداوەکانی هاتوچۆ و دیارکردنی لایەنی بەرپرس لە ڕووداوەکان ئەمە و جگە لە کەمی بە دواداچوون و کەمتەرخەمی میدیاکان تاکوو لایەنی بەرپرسی لێ ئاگادار بکرێتەوە و هاوڵاتیانیش هۆشیار بکرێنەوە بۆ ئەوەی ئەرك و بەرپرسیاریەتی خۆیان بزانن سەبارەت بەم دۆخە سامناکە هەر بۆیە بە پێووستم زانی ئەگەر کارێکی زۆر سەرەتای و بچووکیش بێت لە خزمەتی ئەم بوارەدا ئەنجامی بدەم.

## کێشەی توێژینەوەکە :

دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە یەکێکە لە هەنگاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەی جوگراف کە بەهۆیەوە توێژەر دەگات بەدەرئەنجامی وورد بۆ بابەتی توێژینەوەکە، دانانی چارەسەری پێشبینکراو بۆ ئەم کێشانە. دەتوانین کێشەی توێژینەوەکە لەم خاڵانەدا بخەینە ڕوو:

١-ئایا ئەو هۆکارانە چین کە کاردەکەنە یان دەبنەهۆی ڕوودانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگای سلێمانیدا؟

٢-ئایا کامێراکانی چاودێری خێرای ئۆتۆمبێل هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ؟

## گریمانەی توێژینەوەکە :

بریتییە لە چارەسەرکردنی سەرەتای پێشبینیکراو بۆ کێشەکانی توێژینەوەکە، کە توێژەر دەتوانێت لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی بەدەستیهێناوە لەسەر بابەتی توێژینەوەکە بیخاتە ڕوو. گریمانەکانیش بریتین:

١-ڕووداوەکانی هاتووچۆ چەندین هۆکار کاریان تێدەکات لەگرنگترینیان تیژڕەوی و ڕێگاکانی ئۆتۆمبێلە.

٢-کامێراکانی چاودێری دەبنە هۆی کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ چونکە نوێترین تەکنەلۆژیایە کە لە جیهاندا بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنرێن.

## گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە:

١-نەبوونی داتای پێوست لەسەر ئەم ڕووداو مردنی و بریندارانە ئەوانەشی هەن هەمووی زانیاری زۆر سەرەتایین نەچوونەتە ناوەڕۆکی بارودۆخەکانەوە، تەنها ئاماژە بە ژمارەی ڕووداوەکان دەکەن بەبێ ئەوەی هۆکاری ڕوودانی ڕووداوەکانیان ڕوونبکەنەوە ، ئەمە جگە لەبوونی دوودڵیەکی زۆر لای ڕێکخراو هاوڵاتیان کە ئەم زانیاریانە گۆڕانکارییان تیادا دەکرێت بە مەبەستی دەستێوەردانی حکومی و حزبی و بەرژەوەندی بەڕێوبەرایەتییەکان. وەك لە پاشکۆی ژمارە (١)دا دەبینرێت.

٢-نەزانینی هۆکاری سەرەکی ڕووداوەکانە لە پارێزگاکەدا، ئەو داتایانەی هەیە دەتوانرێت پەیوەندی نێوان تیژڕەوی ڕووداوەکانی پێبزانین. ئەویش بەهۆی بوونی کامێراکانی چاودێری چ کاریگەرییان هەیە لەسەر کەمکردنەوەی ڕووداوەکان.

## پەیکەری توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا باس لە چەند بابەتێك دەکەین ، هەر بۆیە توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سێ تەوەرە. تەوەرەی یەکەم چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوە ئەمەش دابەشدەبێت بۆ دوو باس، باسی یەکەم ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و باس دووەم دیاریکردنی زاراوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەیە. تەوەرەی دووەم بریتییە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕوودانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ ئەویش دەبێتە چوار باس، باسی یەکەم تیژەڕەوی شۆفێران و باسی دووەم ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل و باسی سێیەم زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و باسی چوارەم مۆڵەتی شۆفێرییە، تەوەرەی سێیەم بریتتیە لە کاریگەری کامێراکانی چاودێرییە لەسەر کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ کە کراوە بە سێ باس باسی یەکەم بەراوردی سەرپێچیەکانی کامێرای چاودێری دەکەین لە ساڵانی پێش بەکارهێنانی کامێراکانی چاودێری باسی دووەم بەراوردی سەرپێچیەکانی کامێرای چاودێری دەکەین لە ساڵانی پاش بەکارهێنانی کامێراکانی چاودێری و باسی سێیەم بەراورد دەکەین لەنێوان ئەم دوو قۆناغەدا. لە کۆتایدا دەگەین بەچەند ئەنجامێك و ئاماژە بەچەند پێشنیارێکیش دەدەین.

## تەوەرەی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوە

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری لەسەر ڕووداوەکانی هاتووچۆ بخەینەڕوو، لەڕێگای دەستنیشانکردنی شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە و کاریگەری لەسەر ڕووداوەکانی هاتووچۆ ئاماژەدان بەهەندێك زاراوە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکەوە، لەڕێگای بەکارهێنانی چەندین ئامارو شیکردنەوەی زانستیانەوە.

## باسی یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

لەڕووی شوێنی جوگرافیەوە پارێزگای سلێمانی دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی عێراق وە خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان، سنووری هاوبەش پێکدەهێنێت لەگەڵ وولاتی ئێران لەخۆرهەڵاتەوە بە درێژی (٣٧٨)کم وە لەگەڵ پارێزگاکانی هەرێمشدا سنووری پێکدەهێنێت لەگەڵ پارێزگای هەولێر لە باکوور و خۆرئاواوە بە درێژی (١٦١)کم و پارێزگای کەرکوك لە خۆرئاوا و باشووری خۆرئاوایەتی بە درێژی (١٦١)کم و قەزای خانەقین لە باشوور بە درێژی (٣٦)کم[٣] ئەمەش هۆکارێکی

(٣)شاد حمید محمد، ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە پارێزگای سلێمانیدا (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوەدا)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١،ل ١٥.

یاریدەدەرە بۆ دروستبوونی پەیوەندیی ئاڵوگۆڕکردن. لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە، دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٣٤,٥٨° –٣٦,٣١°)باکوور و لە نێوان هەردوو هێڵی درێژی (٤٤,٣٢° –٤٦,٢٠°)ڕۆژهەلات. واتە دەکەوێتە باشووری ناوچەی ئاووهەوای مامناوەندی باکوورەوە. (نەخشەکانی ١ و ٢).

وەك دەبینین پارێزگای سلێمانی سنوورێکی فراوانی هەیە لەگەڵ وولاتی ئێراندا و ڕۆژانەش شمەکێکی زۆر ئاڵوگۆڕ دەکرێت لە نێوان ئەم وولاتە و هەرێمی کوردستان و عێراق لە ڕێگای خاڵە سنووریەکانی پارێزگاکەوە، ئەمەش لەڕووی ئابوورییەوە بایەخێکی گرنگی هەیە بۆ ناوچەکە بەلاّم ئەم بایەخە بێزیان نییە کە ڕۆژانە بە دەیەها ڕووداو ڕوودەدات لەسەر ئەم ڕێگایانە، ئەم کارەساتانە زیانی مادیی و گیانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. وێنەی ژمارە (١) ڕێگای سنوری نێودەوڵەتی باشماخە کە ئۆتۆمبێل بارهەلگرەکان لە چاوەڕوانی ڕۆشتنیادان بۆ وولاتی ئێران.

وێنەی ژمارە (١)




ڕێگای مەرزی نێودەوڵتی باشماخ

سەرچاوە: فۆتۆی توێژەر لە کاتی هەڵسان بەکێوماڵی کردنی ڕێگای نێودەوڵەتی باشماخ.

## نەخشەی ژمارە (١)

## شوێنی پارێزگای سلێمانی بەپێی هەرێمی کوردستان و عێراق




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

شاد حمید محمد، ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە پارێزگای سلێمانیدا (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوەدا)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١،ل ٤.

نەخشەی ژمارە (٢)

شوێنی ئەسترۆنۆمی و یەکەکارگێڕییەکانی پارێزگای سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

شاد حمید محمد، ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە پارێزگای سلێمانیدا (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوەدا)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥.

## باسی دووەم: دیاریکردنی زاراوە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە:

بیروبۆچوونەکان لە دیاریکردنی زاراوەکاندا جیاوازن تەنانەت لە زانستێکدا چەندین بیروبۆچوونی جیاواز هەیە بۆ دیاردەیەك، بۆیە دەستنیشانکردن‌و دیاریکردنی ئەم زاراوانە لە ڕێگەی خستنەڕووی بیرو بۆچوونی پسپۆرو لێکۆڵەرەوەکانەوە پێویستی بەشیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ورد هەیە، بەمەبەستی گەیشتن بە ماناو پێناسەی ئەو زاراوانە بەو شێوەیەی لەخزمەت لێکۆڵینەوەکە دابێت. چونکە هەریەك لە مانای کامێراکانی چاودێری و ڕووداو و قوربانیان تێکهەڵچوون‌و کاریگەریان لەسەر یەك هەیە، جگە لەوەی کاریگەریان لەسەر دیاردە و هۆکارەکانی تریش هەیە، چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆو سەرەکیان هەیە لەسەریان، کەواتە دیاریکردنی ئەم زاراوانە کارێکی بنەڕەتی‌و پێویستی‌و تەواوکارییە بۆ بەشەکانی تری لێکۆڵینەوەکە.

**یەکەم: کامێرای چاودێری:**

بریتییە لە کامێرایەکی ئەلکترۆنی کە لە شانی ڕێگاکان دادەنرێن یان دانانی ڕێگاکان بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەر هەندێك ئۆتۆمبێلی هاتووچۆ جێگیر دەکرێن یان لە ڕێگەی کارمەندانی بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆوە بەکاردەهێنرێن کاری ئەم کامێرانە گرتنی وێنەی ئەو ئۆتۆمبێلانەیە کە سەرپێچی یاساکانی هاتووچۆ دەکەن لەڕووی بەزاندنی تیژڕەوی مۆڵەت پێدراوی سەر شەقامەکان[٤]. ئەمەش دوو جۆرە:

١-کامێرای چاودێری جێگیر: ئەو جۆرە کامێرانەیە لە شوێنێکی دیاریکراودا جێگیر دەکرێت، ئەم کامێرایانە لە ساڵی ٢٠١٤دا هێنرایە پارێزگای سلێمانی و خرایە گەڕ، بەڵام ناکەوێتە چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکەوە بۆیە ڕوونکردنەوەی پێووستی لەسەر نادەین.

٢-کامێرای چاودێری گەڕۆك: ئەم جۆرە کامێرایانە لەلایەن کارمەندانی هاتووچۆ بەکاردەهێنرێت کە بەپێی پلانی تایبەتی خۆیان شوێنەکەی دەگۆڕن لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر.ئەم کامێرایە بۆ یەکەم جار لە کۆتایی ساڵی (٢٠١١)دا بەکارهێنرا لە پارێزگای سلێمانی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەو جۆریان ڕوو لە زۆربوونە ئەم جۆرە کامێرایانە زۆر گرنگن چونکە لە تۆمارکردنی سەرپێچی تیژڕەوی ئۆتۆمبێلەکان زۆر وردن ئەمە و جگە لەوەی بەشەویش بە هەمان کوالیتی ڕۆژ کار دەکەن. لەلایەکیترەوە سەرپێچیکار ناتوانێت نکۆلی بکات لە زیادڕەوییەکەو چونکە هەر وێنەیەکی تۆمارکراو کۆدێکی تایبەت بەخۆی هەیە تەنانەت کارمەندی بەکارهێنەری کامێراکەش ناتوانێت ئەم وێنانە ڕەش بکاتەوە، ئەمەش گرنگی خۆی هەیە لەهێنانەدی دادپەروەری لەسزادانی ئەنجامدەرانی ئەم جۆرە سەرپێچیانە[٥].

**دووەم: ڕووداوەکانی هاتووچۆ**

لێکۆڵەرەوان بەشێوەی جۆراوجۆر پێناسەی ڕووداو دەکەن لەوانە (ڕووداو پێشهاتێکە کەبەهۆیەوە زنجیرەیەك بەسەرهات دێتە ئاراوە گەلێك جار پێکان یان مردن یاخود زیانی مادیی موڵك وماڵی لێدەکەوێتەوە.) هەروەها (ڕووداو خەوشی یان مەسەلەیەکی کتوپڕە لەسەر شەقام یان پیادەڕێ (شۆستە) ڕوودەدات کە تیایدا ئۆتۆمبێل لایەنی یەکەمە و

(٤)http://ar.wikipedia.org/wiki

(٥)مەریوان محمد أمین، کامێراکانی کۆنترۆڵکردنی خێرای، ٢٠١٣، http://www.sul-traffic.com/Description.aspx

مرۆڤی پێکراو یان موڵك و ماڵی زیانپێکەوتوو لایەنی دووەمە)[٦]ڕووداوەکانی هاتوچۆ ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لەزیادبوونن لە پارێزگاکەدا. لایەنی بەرپرس هاوڵاتیان بەهۆکاری سەرەکی دادەنێن و هاوڵاتیانیش هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ لایەنی بەرپرس بەوەی نەیانتوانیەوە خزمەتگوزاری پێوست بە ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل و خزمەتگوزاری هاتووچۆ بکەن. ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (١)بکەین دەبینین:

١-نێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١٣)دا ساڵانە (٩٦٥.٣)ڕووداوی هاتووچۆ هەیە.

٢- ئەگەر بەراوردی ڕووداوەکانی هاتووچۆ بکەین لە نێوان ئەو ساڵانەی کە کامێرای چاودێری نەبووە و ئەو ساڵانەی کامێرا هەبووە دەبینین لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١١)دا ساڵانە (٩٤٢.٨)ڕووداوی هاتووچۆ هەبووە کە کامێرای چاودێری نەبووە بەڵام نێوان ساڵانی (٢٠١٢-٢٠١٣) ساڵانە (١٠٥٥)ڕووداوی هاتووچۆ هەیە.واتە (١١٢.٢)ڕووداو ساڵانە زیاترە لەو کاتەی کامێرای چاودێری نەبووە.

٣-کاتێك هەردوو ساڵی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ بەراورد بکەین کە کامێرای چاودێری لە هەردوو ساڵەکەدا هەبووە ڕووداوەکان لە ساڵی ٢٠١٣دا (٣٣٦)ڕووداو کەمی کردووە بەراورد بەساڵی ٢٠١٢.

خشتەی ژمارە (١)

ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگای سلێمانی لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١٣)دا

| ساڵ | ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ |
|---|---|
| ٢٠٠٤ | ٢٩١ |
| ٢٠٠٥ | ١٣٨٠ |
| ٢٠٠٦ | ٦٦٩ |
| ٢٠٠٧ | ٦٥٠ |
| ٢٠٠٨ | ٧٩٩ |
| ٢٠٠٩ | ٦٩٠ |
| ٢٠١٠ | ٨٥٤ |
| ٢٠١١ | ٢٢١٠ |
| ٢٠١٢ | ١٢٢٣ |
| ٢٠١٣ | ٨٨٧ |
| کۆ | ٩٦٥٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەشی ئامار، ئاماری ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە ڕووداویانکردووە و تۆمارکراون لە هاتووچۆی سلێمانی، بەبێ ژمارەی پەڕە.

٤-بەبەراوردکردنی ڕێژەی گۆڕان لە نێوان هەردوو دیاردەکەدا ڕووداوەکانی هاتووچۆ و سەرپێچی تۆمارکراوی کامێراکانی چاودێری تیژڕەوی لە نێوان ساڵانی ٢٠١٢و ٢٠١٣دادەبینین ڕێژەی (١٤٪)ی سەرپێچی تۆمارکراو زیادیکردوە لە بەرامبەردا (٢٨٪)ی ڕووداوەکان کەمی کردووە.

(٦)هاشم محمد نور مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

### سێیەم: قوربانیانی هاتووچۆ

بێگومان ڕووداوەکانی هاتووچۆ تەنها بە زیانگەیاندنی مادی کۆتای نایەت بەتایبەت ئەگەر ڕووداوەکان بەهۆی تیژڕەوییەکی زۆرەوە بێت بۆیە زۆر کات قوربانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەندێکیان بەبریندابوون یان کەمئەندامبوونی یان گیانلەدەستدانی هاوڵاتیبان کۆتای دێت ئەگەر تەماشای خشتەی ژمارە (٢) بکەین، ژمارەی برینداربوون و مردنی ١٠ساڵی تیادا خراوەتە ڕوو، دەبینین:

١-نێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١٣) ساڵانە (٣٦٨٤)بریندار و (٢٦٧.٥)مردنی هەیە بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆوە.

٢-زۆرترین ڕێژەی بریندار لە ساڵی ٢٠٠٤دایە، هەروەها زۆرترین مردن لە دوو ساڵی ٢٠٠٤و ٢٠٠٥دایە بەهۆی زیادبوونی بڕێکی زۆر لە ژمارەی ئۆتۆمبێل لەم کاتەدا بەهۆی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، بووە هۆی باشبوونی گوزەرانی دانیشتووان.

خشتەی ژمارە (٢)

ژمارەی بریندار و مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە لە پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١٣)دا

| ساڵ | زیانی گیانی | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بریندار | ڕێژەکەی | بریندار | ڕێژەکەی |
| ٢٠٠٤ | ٣٦٨٤ | ١٢.٥ | ٣٧٢ | ١٣.٩ |
| ٢٠٠٥ | ٢٥٥١ | ٨.٦ | ٣٨٩ | ١٤.٥ |
| ٢٠٠٦ | ٢٢٥٨ | ٧.٧ | ٢٤١ | ٩ |
| ٢٠٠٧ | ٢٣٢٧ | ٧.٩ | ٢٣٤ | ٨.٧ |
| ٢٠٠٨ | ٢١٩٩ | ٧.٥ | ٢٠٠ | ٧.٥ |
| ٢٠٠٩ | ٢٩٧١ | ١٠.١ | ٢٥٦ | ٩.٦ |
| ٢٠١٠ | ٣٦٣٢ | ١٢.٣ | ٢٥٨ | ٩.٦ |
| ٢٠١١ | ٣٥٤٧ | ١٢ | ٢٧٨ | ١٠.٤ |
| ٢٠١٢ | ٣٤٧٩ | ١١.٨ | ٢٢٧ | ٨.٥ |
| ٢٠١٣ | ٢٨٣٥ | ٩.٦ | ٢٢٠ | ٨.٣ |
| کۆ | ٢٩٤٨٣ | ١٠٠ | ٢٦٧٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەشی ئامار، ئاماری ژمارەی بریندار و مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە لە پارێزگای سلێمانی ، بەبێ ژمارەی پەڕە.

٣-جارێکی تر لە ساڵانی ٢٠١٠ و ٢٠١١دا ژمارەی بریندار و مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە زیادکردووە، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە ناوچەکەدا و نەبوونی یاسایەکی گونجاو یان لێپرسینەوەیەکی سەردەمیانە لە ناوچەکەدا.

٤–ساڵانی ٢٠١٢و ٢٠١٣ دا ژمارەی بریندار و مردن بە ڕوداوەکانی هاتووچۆ کەمی کردووە، لەگەڵ ئەوەی ژمارەی ئۆتۆمبیلیش هەر لەزیادبووندا بووە ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی کامێراکانی چاودێری لە ناوچەکەدا بووە.

ئەگەر بەراوردی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ بە ژمارەی گیانلەدەستدانی گشتی پارێزگاکە بکەین دەبینین بەشێوەیەکی گشتی ڕووداوەکانی هاتووچۆ ڕێژەی (١٢٪)ی ژمارەی گیانلەدەستدانی پارێزگاکە پێکدەهێنن بەڵام ئەم ڕێژەیە جیاوازە بەپێی ساڵەکان ساڵانی پێش بەکارهێنانی کامێرای چاودێری ڕێژەی (١٢.٦٪)بووە، ئەم ڕێژەیە کەمی کردووە بۆ (٩.٤٪)لەو ساڵانەی کە کامێرای چاودێری بەکارهاتووە واتە بە ڕێژەی (٣.٢٪)کەمی کردووە، بەڵام دوو ساڵی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ کە کامێرای چاودێری هەبوە دەبینین ساڵی ٢٠١٣ ڕێژەی (١.٧٪)ڕێژەی مردن زیادیکردووە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٢. وەك لە خشتەی ژمارە (٣)دا دیارە.

خشتەی ژمارە (٣)

ژمارە و ڕێژەی مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە بەراورد بە مردن بە شێوەیەکی گشتی لە پارێزگای سلێمانیدا لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤–٢٠١٣)دا

| ساڵ | ژمارەی مردن بە شێوەیەکی گشتی | ژمارەی مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆ | ڕێژەکەی* |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٤ | ٢٨١٠ | ٣٧٢ | ١٣.٢ |
| ٢٠٠٥ | ١٩٦٢ | ٣٨٩ | ١٩.٨ |
| ٢٠٠٦ | ٢٠١٣ | ٢٤١ | ١١.٩ |
| ٢٠٠٧ | ١٧٨٦ | ٢٣٤ | ١٣.١ |
| ٢٠٠٨ | ٢٠٩٧ | ٢٠٠ | ٩.٥ |
| ٢٠٠٩ | ٢٢٣٩ | ٢٥٦ | ١١.٤ |
| ٢٠١٠ | ٢٤٠٦ | ٢٥٨ | ١٠.٧ |
| ٢٠١١ | ٢٤٦١ | ٢٧٨ | ١١.٢ |
| ٢٠١٢ | ٢٦١٥ | ٢٢٧ | ٨.٦ |
| ٢٠١٣ | ٢١٢٥ | ٢٢٠ | ١٠.٣ |
| کۆ | ٢٢٥١٤ | ٢١٥٦ | ١٢ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

وەزارەتی تەندروستی، بەڕیوەبەرایەتی لەدایکبوون و مردن لە پارێزگای سلێمانی، بەشی ئامار، زانیاری بڵاونەکراوە، بەبێ ژمارەی پەڕە.

*ڕێژەی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ = ژمارەی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ/ ژمارەی مردن بە شێوەیەکی گشتی × ١٠٠

## تەوەرەی دووەم: هۆکارەکانی ڕوودانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ

گواستنەوە وەك چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە درێژای مێژوو گەشەیکردووە، پێداوستیەکانی مرۆڤی گواستۆتەوە بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا گۆڕنکاری بەسەردا هاتووە لە ڕووی کات و شێوازی گەیشتن. بەڵام لەگەڵ هەموو

ئەمانەشدا ئەم هۆکارە بۆتە هۆی ڕووداني چەندین کارەساتی ماڵی و گیانی وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەم کارەساتانە چەندین هۆکاری جۆراوجۆری لەپشتەوەیە کە ئێمە لێرەدا تەنها گرنگترینیان باسدەکەین.

**باسی یەکەم: تیژڕەوی:**

یەکێکە لە هۆکارەکانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ کە مرۆڤەکان لێی بەرپرسن، بەجۆرێك لەکاتی ئێستادا توێژینەوەی زۆر لەسەر ئەم بوارە کراوە، بۆ نموونە هەندێك لە توێژینەوەکان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی خێرای لێخوڕینی زیاد لە ڕێگە پێدراو بەرپرسە لە دوو ڕووداوی مردن لەهەر پێنج ڕووداوێکدا. هەروەها بەپێی توێژینەوەیەك کە لە وولایەتە یەکگرتووەکان کراوە دەڵێت (٣٠.١٪)هۆکاری ڕووداوەکان خێراییە هەروەها تا خێرای زیاتربێت ڕووداوەکانیش زیاتر دەبن وەك لە توێژینەوەیەکی تردا هاتووە دەڵێت خێرای زۆر بەرپرسە لە (٦٧.٥٪)ی سەرجەمی ڕووداوەکان(٧).بەجۆرێك دابەزاندنی خێرای بە ڕێژەی (١٪) دەبێتە هۆی دابەزاندن و کەمکردنەوەی ڕێژەی برینداری بەڕێژەی (٢-٣٪) کەمکردنەوەی گیانلەدەستدان بەڕێژەی (٤-٦٪)،(٨)هەر ئەمەش وایکردووە یاسایەکی تایبەت دابنرێت بۆ ئەم بوارە چونکە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لەژێر چەند بنەمایەکی یاسایدایە کەیەکێك لەو یاسایەنە دیاریکردنی تیژڕەوی ئۆتۆمبێلەکانە وەك لە بەشی(١٥)ی ڕێنماییەکانی لێخوڕیندا هاتووە (هەموو بەکارهێنەرانی ڕێگا لەسەریانە پێوویستە پابەند بن بە بنەماکانی ڕۆشتن و هاتووچۆ)وە، لە پارێزگای سلێمانیشدا سەرەتا کارمەندانی هاتووچۆ لێپرسینەوەیان لەم بوارە دەکرد بەڵام بەهۆی زۆربوونی دیاردەکە کارێکی ئاسان نەبوو بۆ کارمەندەکان بۆیە بیر لە تەکنیکێکی نوێ کرایەوە ئەویش سوود وەرگرتن بوو لە کامێراکانی چاودێری. چونکە ئەزموونی وولآتان ئەوەیان سەلماندووە چاودێرکردنی خێرای ئۆتۆمبێل دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕووداوەکان بۆ نموونە لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕووداوەکانی هاتووچۆ کەمیکرد لە (٤٣٠٠٠)ڕووداو لە ساڵی ١٩٧٣ بۆ (٣٦٠٠٠)ڕووداو لە ساڵی (١٩٧٤)دا ئەمەش پاش ئەوەی خێرای لێخوڕین کەمکرایەوە و کرا بە یاسایەکی سەپێندراو، بەهەمان شێوە لە دانیمارك بەهۆی کەمکردنەوەی تیژڕەوی و گرانکردنی نرخی بەنزین ڕێژەی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ سێ یەك کەمی کرد،(٩) کەواتە بەپێی ئەو نموونانەی سەرەوە بێت دەتوانرێت لە پارێزگای سلێمانیدا ژمارەو جۆری ڕووداوەکان و مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ کەمبکرێتەوە بە کەمکردنەوەی تیژڕەوی و چاودێرکردن و کۆنترۆڵکردنی بەشێوازێکی نوێی سەردەمیانە ئەویش بە سوود وەرگرتن لە کامێرای چاودێریکردنی تیژڕەوی.

سەبارەت بە پارێزگای سلێمانی لە دوای دانانی کامێراکانی چاودێری تیژڕوییەوە توانراوە سەرژمێری تیژڕەوی بکرێت لە ناوچەکەدا، هەربۆیە بە سەرنج دان لە خشتەی ژمارە (٤)دا دەبینین، ساڵی ٢٠١٢ بڕی(١٦٨,٤٠٠)سەرپێچی تۆمارکراوە، ئەم بڕە زیادیکردووە بۆ(١٩٦,٠٠٢)سەرپێچی لە ساڵی ٢٠١٣دا ئەگەر بەراوردی ئەو دوو ساڵە بکەین کە کامێرای چاودێری بەکارهێنراوە لە پارێزگاکەدا دەبینین سەرپێچی ناو شاربە بڕی (٢٧٤٢٢)سەرپێچی زیادیکردووە، سەرپێچی دەرەوەی شار بەبڕی (١٨٠)سەرپێچی زیادیکردووە واتە هەردوو ناوچەکە بڕی (٢٧٦٠٢)سەرپێچییە واتە بە ڕێژەی(١٦,٤٪) تۆمارکراو زیادیکردووە. کەواتە دەتوانین بڵێین تیژڕەوی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکەدا، وەك دەبینین پاش بەکارهێنانی کامێرای چاودرێش واتە پاش سزادانی سەرپێچی شۆفێران دەبینین ژمارەی تیژڕەوی زیادیکردووە لە ناوچەکەدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی ئۆتۆمبێل و مۆڵەتی شۆفێری زیادیکردووە، بۆیە دەبێت ڕێژەی تیژڕەوی وەربگرین بەرامبەر بەم دوو هۆکارە بۆ ئەوەی ڕۆڵی کامێراکانمان بۆ دەربکەوێت.

(٧)سمير محمد غويبة، حوادث الطرق الحرب المفتوحة المشكلات و الحلول، دار زهران، الآردن، ٢٠٠٨،ص ٩٧-١٠٣.

(٨)بەختیار محمد عبدوڵلا، بۆسەکانی مەترسی ڕووداوەکانی هاتووچۆ،چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٩، ل٢٤.

(٩)سمير محمد غويبة، مصدر سابق، ص١٨٢- ١٨٣.

خشتەی ژمارە (٤)

ئاماری کامێراکانی چاودێری بە پێی ناوشار و دەرەوەی شار لە نێوان ساڵانی(٢٠١٢–٢٠١٣)دا.

| ساڵ | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٢ | | | | | ٢٠١٣ | | | | |
| ناوشار | (٪) | دەرەوەی شار | (٪) | سەرجەم | ناوشار | (٪) | دەرەوەی شار | (٪) | سەرجەم |
| ٥٦٣١٢ | ٣٣ | ١١٢٠٨٨ | ٦٧ | ١٦٨٤٠٠ | ٨٣٧٣٤ | ٤٣ | ١١٢٢٦٨ | ٥٧ | ١٩٦٠٠٢ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەشی ڕاگەیاندن، ئاماری بڵاونەکراوە، بەبێ ژمارەی پەڕە.

## باسی دووەم: ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل

بێگومان ئەوەی زانراوە پەیوەندییەکی تووند و بەهێز هەیە لە نێوان ئۆتۆمبێل و ڕێگاوبان، واتە هەر دووکیان کاریگەرییان هەیە لەسەر یەکتری بە جۆرێك خزمەتگوزاری گواستنەوە بە توانستیێکی گەورە و بەهێز دادەنرێت ئەمەش مەرجێکی سەرەکی و بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتنی گواستنەوەی هاوڵاتیان و کەل و پەل و کاڵاو شتومەك لە شوێنی وەبەرهێنانەوە بۆ شوێنی بەکار بردن و مەبەست.

دەبێت ئاماژە بەوە بکەین و دان بەوەدا بنێین کە کەرتی گواستنەوەو ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل ڕووبە ڕووی کۆمەڵێك کێشەو گرفت و لەمپەر دەبێتەوە لە هەمان کاتیشدا کاریگەری و ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەسەر گەشە کردندا، ئەو بەربەستەش یەکێکە لەو کێشەو گرفتانەی ڕوو بە ڕووی زۆربەی وڵاتە دواکەوتوو و تەنانەت پێشکەوتووەکانیش دەبێتەوە و ماوەیەکی زۆری خایاندووەو وەکو پێویست چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە، بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو کێشەو گرفتە بەرەو زیاد بوون دەچێت(١٠) .

زۆرینەی سەرچاوەکان ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بە دووەم هۆکار دادەنێن بۆ ڕوودانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ، ناوچەی لێکۆڵینەوەش بێگومان بەدەر نییە لەم کێشانە، کە هەندێکیان حکومەت لێی بەرپرسن وهەندێکیشیان هاوڵاتیان، بەڵام بەهۆی نەبوونی داتا لەسەر کاریگەری ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ڕوودانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکەدا، بۆیە ناتوانین ئەم کاریگەریە بەژمارە و داتا ڕوونبکەینەوە بەڵکو تەنها دەتوانین هەندێك لەو کێشانەی ڕێگاکان باسبکەین کە کاردەکاتە سەر ڕووداوەکان. لەگرنگترین ئەو کێشانە:

١– شوێنی جوگراف ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل، سەرجەم ڕێگاکانی ئۆتۆمبێلی دەرەوەی شاری پارێزگای سلێمانی بەتایبەتیش ڕێگا سەرەکییەکان پێش ساڵی ١٩٩٠دروستکراون یان بەواتایەکی تر نەخشەسازی بۆکراوە لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕێگایانە بە شێکیان بە دووساید کراون و چاکسازی ئەندازیاری و سەلامەتی هاتووچۆیان بۆ کراوە بەڵام تاکوو ئێستا هیچ کام لەم ڕێگایانە ڕێڕەوی درێژبوونەوەیان گۆڕانکاری تیادا نەکراوە وەك دەبینین ئەم ڕێگایانە بەسەنتەری شار و شارۆچکەکانی پارێزگاکەدا تێپەڕ دەبن ئەمە لەلایەکەوە گرفتە بۆ شۆفێران کە ڕۆژانە کاتێکی زۆریان بەفیڕۆ دەچێت لەبەرئەوەی بە

(١٠)محمد زاهیر سادق، شیکردنەوەیەکی جوگرافی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل لە قەزای کۆیە(لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرافیای گواستنەوە)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)،زانکۆی کۆیە،٢٠٠٨، ل٧٠.

ناوچەیەکی چڕی دانیشتواندا تێپەڕ دەبن کە دەبێت خێراییان کەم بکەنەوە واتە دەبێت یاسای هاتووچۆی ناو شارەکان پەیڕەو بکەن کە خێرای ڕێگەپێدراو لە ناو شارەکاندا نزیکەی نیوەی خێرای ڕێگای دەرەوەی شارە، بە هۆی بەکارهێنانی زۆری ئەم ڕێگایانە لای هاوولاتیانی ئاسای ناوچەکە قەڵەباڵغییەکی زۆر دێتە ڕێیان، لەلایەکی ترەوە گرفتە بۆ دانیشتوانیی ئەم شار و شارۆچکانە چونکە ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێلی تایبەتی و گشتی و بارهەڵگر بە شەقامی نیشتەجێبوونی دانیشتوان تێپەڕ دەبێت کە هیچ کام لەم ئۆتۆمبێلانە بۆ سەردانکردنی ئەو ناوچەیە نەهاتوون واتە هیچ قازانجێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە ناوچەکە ناگەێنن ئەمەش وا دەکات ئەو دانیشتوانە لە بارێکی ئارم و سەلامەتدا نەژین وەك هەر دانیشتوانێکی تری ئاسای ناو شارەکان، کەواتە دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی هاتووچۆ شوێنی جوگرافی ڕێگاکان لێی بەرپرسە لە دیارترین نموونەش ڕووداوی ئەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەی قەزای دووکان بوو لە بەرواری (١٥ی کانونی دووەمی ٢٠١٤)دا ڕووی دا ئەگەر بەووردی بڕوانیینە ئەم ڕوداوە وای دابنێین ئەم شوفێرە تیژڕەو بووە و پابەندی یاساکانی هاتووچۆ نەبووە بەڵام ئەگەر شوێنێکی تر دوور لە دانیشتوان هەبوایە ئەم شوفێرەی پیادا تێپەڕبوایەو هەمان ڕووداویش ڕووی بدایە ئەوا بەس بەتەنها ئۆتۆمبێلەکەی خۆی و خۆی زەرەرمەند دەبوون بەڵام بەهۆی ئەوەی لە ناو شارێکدا ڕوویدا بووە هۆی سووتانی چەند ئۆتۆمبێلکی تر و جگە لە گیانلەدەستدانی هاوڵاتییەکش ئەمە جگە لەوەی ئەم ناوچەیەکی گەشتوگوزاریشە ڕژاندنی ئەم نەوتە بووە هۆی پیسبوونی ناوچەکە و ئاوی ڕووبارەکە، وێنەی ژمارە (٢). کەواتە دەگەینە ئەوەی بڵێین هەڵبژاردنی شوێنی جوگرافی زۆر گرنگە بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ بۆ پێویستە لەسەر بەڕێوبەرایەتی ڕێگاوبان کە هەموو ئەو ڕێگا سەرەکییەکان کە بەناو شار و شارۆچکەکاندا تێپەڕ دەبن ڕێڕەوەکانیان بگۆڕێت و لەدەرەوەی سنووری شارەوانییەکان ڕێگای نوێیان بۆ دروستبکرێت وە کاتێکش ڕێگایەکی سەرەکی دروستدەکرێت ڕێنەدرێت دانیشتوان نزیك بەو ڕێگایانە نیشتەجێبن.

وێنەی ژمارە (٢)

دیمەنێك لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێکی هاتووچۆ لە شاری دووکان



سەرچاوە: فەرهاد محمد، وەرگەڕانی تەنکەرێك ڕووداوێکی هاتووچۆی لێدەکەوێتەوە،

http://www.awene.com/article/2014/01/15/29016

٢-تەسکی ڕێگاکانی ئۆتۆمۆبیل:

ڕێگاکانی ئۆتۆمۆبێل لە پارێزگای سلێمانیدا تەسکن و پانییەکەیان (٧.٥)م، زۆربەیان یەك سایدن تەنها چەند بەشێکی ڕێگا سەرەکییەکان نەبێت دووسایدن، ئەمەش ئەگەر بەراوردی بکەین بە وولآتانی جیهان، جیاوازییەکی زۆر دەبینرێت، لەبەر ئەوەی ئەو وولآتانە زۆربەی ڕێگاکانی دەرەوەی شاریان ڕێگای خێران، پانییەکەیان (١٠٠)م لە کاتێکدا لە پارێزگادا ڕێگای خێرا نابینرێت هەروەها ڕێگا سەرەکیەکانیشیان بە پێی ستانداری عێراقی نییە، کە دەبێت پانیی ئەم ڕێگایانە (١٣,٥-٤٠)م بێت، هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ سروشتی تۆپۆگرافیای ناوچەکە و بارودۆخی سیاسی دەگەڕێتەوە[11]، وەك پێوست گرنگی نەدراوە بە دروستکردن و گەشەکردنی ڕێگاکانی ئۆتۆمۆبێل لە ناوچەکەدا، وەك لە ڕێگای بیارە-تەوێڵە-مەرزی تەوێڵە، کە ڕێگاکە لە زۆر شوێنیدا (٧)م-ە و بەناو ناوجەرگەی شاری بیارەدا ڕۆشتووە ئەمەش دەبێتە کێشە چونکە ڕۆژانە بە سەدەها ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر بەم ڕێگایەدا تێپەڕ دەبن و دەچنە وولآتی ئێران، وەك لە وێنەی ژمارە (٣)دا دیارە.

٣-ڕەچاونەکردنی ڕەگەزەکانی ئاووهەوای پارێزگاکە لەکاتی درووستکردنی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێلدا بەتایبەتیش باران و پلەی گەرمی، سەبارەت بە باران دەبێت ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل شانی هەبێت بۆ ئەوەی دابارینەکە لەسەر ڕێگاکان نەمێنێتەوە، بەشێوەیەکی ئەندازیاری درووستبکرێت واتە ناوەڕاستی ڕێگاکە بەرزتربێت لە قەراغی ڕێگاکەو ئەم قەراغەش چاڵ بکرێت تاوەکوو ئاوەڕۆی ڕێگاکە و ناوچەی تەنیشت ڕێگاکانی بچێتەوە سەر، بەشێکی کەم لە ڕێگا سەرەکییەکانی پارێزگاکە شانی هەیە یەکێك لەو ڕێگایەنە لە بەشێکی کەمی ڕێگای دەربەندیخان دەبینرێت، وەك لە وێنەی ژمارە (٤)دا دەبینرێت، بەڵام لە زۆرینەی ڕێگاکانی پارێزگاکەدا بە پێچەوانەوە نەك شانی ڕێگا دروووست ناکرێت بەڵکو زۆرینەی ڕێگاکان ئاوی قەدباڵەکانیشی دێتەوە سەر وەك لە وێنەی ژمارە (٥)دا دەبینرێت. هەرچی ڕێگاکانی ناوشاریشە ئاوەڕۆکانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بۆ درووست ناکرێت بۆیە لەکاتی دابارینداا زۆر لە ئاوی دابارینەکە لەسەر شەقامەکان کۆدەبنەوە.

(١١)شاد حمید محمد، ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە پارێزگای سلێمانیدا (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوەدا)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

وێنەی ژمارە (٣)

ڕێگای بیارە–تەوێڵە–مەرزی تەوێڵە




سەرچاوە: فۆتۆی توێژەر لە کاتی هەڵسان بەکێومالّی کردنی ڕێگای بیارە–تەوێڵە.

وێنەی ژمارە (٤)

ڕێگای دەربەندیخان




سەرچاوە: فۆتۆی توێژەر لە کاتی هەڵسان بەکێومالّی کردنی ڕێگای دەربەندیخان.

وێنەی ژمارە (٥)

ڕێگای پێنجوین




سەرچاوە: فۆتۆی توێژەر لە کاتی هەڵسان بەکێومالّی کردنی ڕێگای بیارە–تەوێڵە.

سەبارەت بە پلەی گەرمی پارێزگاکە دەبینین ناوەندی پلەی گەرمی لە زۆرینەی ناوچەکانی پارێززگاکەدا زیاترە لە (٤٠)پلەی سەدی[١٢]، بۆیە دەبێت لە کاتی دروستکردنی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل ڕەچاوی ئەم جیاوازیە بکرێت ئەو قیرەی بەکاردەهێنرێت بەرگەی ئەم پلە گەرمیە بگرێت بەڵام لە پارێزگاکەدا ئەم خاڵە پشتگوێ خراوە بۆیە دەبینین زۆرینەی ڕێگاکان لە تەمەنێکی کەمدا تێکدەچن، سەیری وێنەی ژمارە (٦)بکە.

وێنەی ژمارە (٦)

ڕێگای کۆیە–کلکەسماق



سەرچاوە: فۆتۆی توێژەر لە کاتی هەڵسان بەکێومالّی کردنی ڕێگای کۆیە–کلکە سماق.

(١٢)شیروان عمر ڕەشید، بنەماکانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانیدا ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٧،ل ١٢٧.

٤- ڕەچاونەکردنی سرووشتی تۆبۆگرافیا و جیۆلۆجیای ناوچەکە لە کاتی دروووستکردنی ڕێگاکاندا، وەك دەبینین بەشێکی زۆری ڕێگاکانی لە لاپاڵی چیاکاندا درێژبۆتەوە یان لە تەنیشتی ڕێگاکاندا دۆڵ و نزمای تیادا بەدیدەکرێت، بەڵام زۆر گرنگی بەم دیاردەیە نەدراوە لە بەشێکی زۆر کەمیدا دیواربەندی کۆنکرێتی یان ئاسنی بۆ کراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕووداوی هاتووچۆی گەورە و ساڵانە زەرەرێکی زۆر گەورەی مادی و گیانی لێدەکەوێتەوە، بۆیە پێوستە لە سەر دامودەزگا حکومییەکان، کە گرنگی بدەن بەم دیاردەیە بەتایبەت لەو ناوچانەوە دەستپێبکەن، کە دۆڵی تەنیشتەکانیان زۆر قوڵن وەك ڕێگای کلکەسماق کە شاخی تەنیشت ڕێگاکە درزی بردووە ئەگەری ئەوەی هەیە دابڕمێ وەك لە وێنەی ژمارە (٧)دا دەبیبنرێ.

وێنەی ژمارە(٧)

ڕێگای دوکان-کلکەسماق-کۆیە



سەرچاوە: فۆتۆی توێژەر لە کاتی هەڵسان بەکێوماڵی کردنی ڕێگای دوکان-کۆیە.

٥- تابلۆی هاتووچۆ

بوونی ئەم تابلۆیانە زۆر بەکەمی دەبینرێت تەنانەت لەسەر ڕێگا سەرەکیەکانیش بە شێوەیەکی یاسای گونجاو لە هەموو ناوچەکانی سەر ڕێگاکە دانەنراون یان ئەوانەشی دانراون لەلایەن هەندێك لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە و گەشتیارانەوە دەشکێندرێن یان دەشێوێندرێن، بەتایبەت لە لۆفەکانی شاخەکاندا زۆرینەی هێماکان تێکچوون وەك لە وێنەی ژمارە (٨)دیارە، بۆیە هێماکانی هاتووچۆ یەکێکە لە پێویستیە سەرەکییەکانی ڕێگاکانی ئۆتۆمۆبێل بە تایبەت لە ناوچەی شاخاوی و دۆڵەکان، کە شۆفێرەکان بە باشی پێشڕەوی خۆیان نابین هەروەها بۆ کاتە سەختەکانی ئاووهەوا وەك خۆڵبارین و تەم و باران و بەفر یان لە کاتی چاککردنی ڕێگاوبان دا،[١٣]

(١٣) شاد حمید محمد، ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە پارێزگای سلێمانیدا(لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوەدا)،سەرچاوەی پێشوو،ل١٥.

وێنەی ژمارە (٨)

ڕێگای سیدسادق– هەڵەبجە




سەرچاوە: فۆتۆی توێژەر لە کاتی هەڵسان بەکێومالّی کردنی ڕێگای سیدسادق–هەڵەبجە.

### باسی سێیەم: زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمۆبێل:

ئۆتۆمبێل: (هەر هۆکارێك چەرخدار بێت بەبزوێنەرێکی میکانیکی کاربکات یاخود بەهێزی جەستەی یاخود ڕادەکێشرێت بە ئامرازێك جگە لەوانەی لەسەر هێڵی شەمەندەفەر دەڕوات)[١٤].

زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمۆبێل لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا پابەند نییە بە یاسایەکی دیاری کراوە، ئەمەش گەورەترین کێشەی دروستکردووە بۆ سەلامەتی هاتووچۆ، بۆ نموونە ئەگەر نێوان سالآنی (٢٠٠٤–٢٠١٣)وەربگرین دەبینین زیادبوونی سالآنەی ژمارەی ئۆتۆمۆبێل (٢٦١٤٢.٥)ئۆتۆمبێلە لە سالێکدا، بەشێوەیەك ئەم دە سالە ڕێژەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل زیادیکردووە بە ڕێژەی (٦٩٪)ی ئۆتۆمبێلی پارێزگاکە لەم دەسالەدا بووە،* بەلآم ئەم ڕێژەیە گۆڕانی بەسەردا دێت،لە سالآنی سەرەتای توێژینەوەکە زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە پارێزگاکەدا بە ڕێژەیەکی کەمە، بەلآم لە سالی ٢٠٠٨ دا ژمارەی ئۆتۆمبێل زۆر دەبێت بە ڕێژەی چوار ئەوەندەی سالآنی پێشوو، بەلآم لەم چوار سالەی کۆتایدا ڕێژەکەی زۆر بەرزبووەتەوە بەراورد بەسالآنی پێشوو، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بارودۆخی ئابووری خەلکی بە شێوەیەکی زۆر باش لە هەلکشاندا بوو، پارێزگای سلێمانیش یەکێکە لە پارێزگا دەولەمەندەکانی عێراق، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی زۆرترین لە دانیشتوان ئۆتۆمۆبێلی تایبەتی خۆیان بەکاردەهێنن، ئەمەو جگە لەوەی بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری پارێزگاکە بە گشتی لەچاوپارێزگاکانی عێراق دا کە ڕەگەزی مێیینە ژمارەیەکی بەرچاو لە شۆفێرانی پارێزگاکە پێکدەهێنن بەجۆرێك لەم

(١٤)سەباح موفتی، و: کاوانی ئەنوەر مەسیفی، یاسای هاتووچۆ ژمارە ٨٦ی سالّی ٢٠٠٤، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،٢٠١٢، ل٤.

*– ژمارەی ئۆتۆمبێل لە ٣١–١٢–٢٠١٣دا (٣٧٧٧٢٦)ئۆتۆمبێلە.

ده ساڵەدا (٥٢٩١٦)ژن مۆڵەتی شۆفێری وەرگرتووە، ئەمە و جگە لە کۆنی و نەبوونی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و هۆکارەکانی ئاسوودەیی و سەلامەتی لە ئۆتۆمۆبێلە گشتییەکاندا، کەمی و نەبوونی لە کاتی قەرەباڵغی و کاتی دەوام و دووری لە شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتوان و فراوانبوونی شارەکان وە نرخەکەی بۆ زۆر لە دانیشتوان گونجاو نییە وەك لە خشتەی ژمارە (٥)دا دەبینرێ.دەتوانین ئاماژە بەچەند خاڵێك بکەین:

١–لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤–٢٠١١) زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی ئۆتۆمۆبێل (٢١١٨٣.٧)ئۆتۆمبێلە لە ساڵێکدا.

٢–لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل کەمی کردووە چەنکە لەم ساڵانەدا یاسای مراندنی ئۆتۆمبێل (واتە لە ناوبردنی ئۆتۆمبێلی مۆدێل کۆن) پەیڕەو دەکرا. لە پاش نەمانی ئەم یاسایە ژمارەی ئۆتۆمبێل ساڵ بە ساڵ ڕوو لە زیادبوونە.

خشتەی ژمارە (٥)

زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمۆبێلی هەمەجۆر لە پارێزگای سلێمانیدا لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤–٢٠١٣)دا

| جۆر / ساڵ | تایبەت | کرێ | بارهەڵگر | میری | کشتوکاڵی | جۆری تر | سەرجەم | (٪) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٤ | ١١٦٣٥ | ٢٧٣٩ | ١٥٠٦ | ١٨٠٦ | ٣٣ | – | ١٧٧١٩ | ٦.٧ |
| ٢٠٠٥ | ٣٦٧٤ | ١٤٩٣ | ٢٠٣٢ | ٧٣٢ | ٦١ | ١ | ٧٩٩٣ | ٣.١ |
| ٢٠٠٦ | –٩١* | ٤٧٣ | ١٢٩١ | ٩٠٧ | ١٣٨ | ٢٤ | ٢٧٤٢ | ١ |
| ٢٠٠٧ | ٨٠ | ٢٢٦ | ٩٥٠ | ٩٢٦ | ١٨٨ | ٧٣ | ٢٤٤٣ | ٠.٩ |
| ٢٠٠٨ | ٣١٣٣ | ١٥٩ | ٦١٤٨ | ١٠٤٥ | ٨٧ | ٤٨ | ١٠٦٢٠ | ٤.١ |
| ٢٠٠٩ | ١٧٣٠٤ | ٢٥٨٨ | ١٢٣٢٧ | ١٠٧٩ | ٤١٨ | ٦٢١ | ٣٤٣٣٧ | ١٣.١ |
| ٢٠١٠ | ٢٦٣٩٩ | ٤٠٠٢ | ١٧٣١٥ | - | ٢٧٣ | ٦٣٨ | ٤٨٦٢٧ | ١٨.٦ |
| ٢٠١١ | ٢٦٤٦٣ | ٣٢٢١ | ١٣٧١٩ | - | ٦٨٦ | ٩٠٠ | ٤٤٩٨٩ | ١٧.٢ |
| ٢٠١٢ | ٢٥٠٧٤ | ٣٥٨٥ | ١٣٣٥٥ | - | ٤٠١٢ | ١٠٨٤ | ٤٧١١٠ | ١٨.١ |
| ٢٠١٣ | ٢٠١٩١ | ٤٥٨٨ | ١٤٤٩٠ | - | ٤١٤٠ | ١٤٣٦ | ٤٤٨٤٥ | ١٧.٢ |
| کۆی گشتی | | | | | | | ٢٦١٤٢٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەشی ڕاگەیاندن، ئاماری بڵاونەکراوە، بەبێ ژمارەی پەڕە.

*ساڵانە بڕێك لە ئۆتۆمۆبێل لەناو دەبرێت، بۆیە لەو ساڵەدا ژمارەی ئۆتۆمۆبێلی لە ناوبردن زیاتربووە لە ژمارەی ئۆتۆمۆبێلی هاتوو بەبڕی ٩١ئۆتۆمۆبێل.

## باسی چوارەم: مۆڵەتی شۆفێری

بریتییە لە(بەڵگەنامەی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلە کە ئەفسەری مۆڵەت پێدان دەری دەکات)[١٥] ژمارەی مۆڵەتی شۆفێری ساڵانە زیاد دەکات ئەمەش ئەوە دەگەێنێت بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە کەواتە پێوستە خزمەتگوزارییەکانی کە پێشکەش دەکرێت بەشۆفێران و هۆکارەکانی گواستنەوە لەلایەن بەرپرسان وپلاندارەنی وولاتەوە ئەم برە بەهەند وەربگرن پرۆژەکانیان بەجۆرێك بێت ئەم زیادبوونەی تیادا لەبەرچاوگیرابێت. بەتێبینی کردنی خشتەی ژمارە (٦) دەبینین:

١-لە کاتێکدا تێکرای زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری لە پارێزگای سلێمانی وەربگرین لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١٣)دا دەکاتە (٣٩٦٥٧.٥)مۆڵەت لە ساڵێکدا.

٢-ژمارەی مۆڵەتی شۆفێری لە پارێزگای سلێمانیدا لە ساڵی ٢٠٠٤وە زیادیکردووە تا ساڵی ٢٠١٠ ئەمەش بەهۆی باشبوونی بارودۆخی ئابووری پارێزگای سلێمانی، بەشێکی زۆری هاوولاتیان بوونەتە خاوەن ئۆتۆمبێلی خۆیان. بەلام لە دوای ساڵی ٢٠١٠وە ئەم ڕێژەیە ساڵ بەساڵ کەمی کردووە ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕێکاری زانستی نوێ بەکاردەهێنرێت لەکاتی مۆڵەت دانە هاولاتیان بەمەستی ئەوەی شۆفێران شارەزاتربن کاتێك دەچنە سەر شەقامەکان.

٣- لەکاتی بەراوردکردنی ڕێژەی مۆڵەتی شۆفێری بە ڕێژەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ، دەبینین شێوەیەکی ئەندازەی نییە لەنێوان زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری و ڕووداودا. بەنموونە زۆرترین ڕووداو لە ساڵی ٢٠١١دا ڕووی داوە بەلام لەم ساڵەدا زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری کەمیکردووە، کەمترین ژمارەی مۆڵەتی شۆفێری لە ساڵی ٢٠٠٥دایە لە کاتێکدا لەڕووی ڕووداوانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ بە پلەی دووەم دێت.

کەواتە ئەمە دەمانگەێنێتە ئەوەی زیادبوونی ژمارەی مۆڵەتی شۆفێری کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر ڕووداوەکانی هاتووچۆ. یان دەکرێت ئەو مۆڵەتانەی درابن بەشێکی بەپێی پێووست نەبووبێ لە ڕووی فێربوونی لێخووڕنی ئۆتۆمبێلەوە.

(١٥)سەباح موفتی، و: کاوانی ئەنوەر مەسیفی، یاسای هاتووچۆ ژارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤، ، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل٥.

خشتەی ژمارە (٦)

ژمارەی مـــۆڵــەتی شـــۆفــێری و ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگای سلێمانی لـــــە نێوان ساڵانــی (٢٠٠٤–٢٠١٣)

| ســـــاڵ | ژمارەی مـــۆڵــەتی شـــۆفـــێری | ڕێژەکەی | ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ | ڕێژەکەی |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٤ | ١٤٩٥٢ | ٣.٨ | ٢٩١ | ٣ |
| ٢٠٠٥ | ١٣٩٧٥ | ٣.٦ | ١٣٨٠ | ١٤.٣ |
| ٢٠٠٦ | ٢٢٢١٠ | ٥.٧ | ٦٦٩ | ٦.٩ |
| ٢٠٠٧ | ٣١٥٠٤ | ٧.٩ | ٦٥٠ | ٦.٨ |
| ٢٠٠٨ | ٤١٧٤٥ | ١٠.٥ | ٧٩٩ | ٨.٣ |
| ٢٠٠٩ | ٥٩٤٣٧ | ١٥ | ٦٩٠ | ٧.١ |
| ٢٠١٠ | ٦٠٨٩٨ | ١٥.٤ | ٨٥٤ | ٨.٨ |
| ٢٠١١ | ٥٤٦٥١ | ١٣.٥ | ٢٢١٠ | ٢٢.٩ |
| ٢٠١٢ | ٥٤٣٣٨ | ١٣.٦ | ١٢٢٣ | ١٢.٧ |
| ٢٠١٣ | ٤٣٤٨٨ | ١١ | ٨٨٧ | ٩.٢ |
| سەرجەم | ٣٩٦٥٧٥ | ١٠٠ | ٩٦٥٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر یە پشت بەستن بە:

بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەشی ڕاگەیاندن، ئاماری بڵاونەکراوە، بەبێ ژمارەی پەڕە.

خشتەی ژمارە (١)

## تەوەرەی سێیەم: کاریگەری کامێراکانی چاودێری لەسەر ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگای سلێمانیدا

کامێراکانی چاودێری دەستکەوتێکی ناوازەن بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی خێرای و ناچارکردنی شۆفێران بەوەی پابەندی خێرای دیاریکراوی ڕێگەکان بن. لێرەدا پێویستە بڵێین هەموو ئەو تەکنیکانەی بۆ کەمکردنەوەی تێکڕای ڕووداوەکان و زۆربوونی سەلامەتی هێنراونەتە ئاراوە، ئەمەش بەپێی پلانێك تاوتوێکراوە، نەك بۆ پەیداکردنی پارە، چونکە بەدیکراوە زۆر بەڕێوبەرایەتی سەرقاڵی زۆرکردنی داهاتەکانیان لەڕێگەی ئەو سەرپێچیانەوە، ئەمەش کاردانەوەی خراپی دەبێت لای شۆفێران[١٦]. ئێمەش لێرەدا بە باشی دەزانیین دوای ئەوەی دوو ساڵە ئەم کامێرایانە لە پارێزگاکەدا کارپێدەکرێت چ کاریگەریان هەبووە لەسەر ڕووداو قوربانیانی هاتووچۆ لە پارێزگاکەدا:

(١٦)هاشم محمد نور مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٠.

## باسی یەکەم: بەراوردکاری ڕووداو و بریندار و مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە بەرامبەر زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و شۆفێران لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤- ٢٠١١دا.

لێرەدا بەراوردکارییەك دەکەین لەو هەشت ساڵەی ماوەی توێژینەوەکە، پێش بەکارهێنانی کامێرای چاودێری لەنێوان (ڕووداو و بریندار و مردن) و (زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و شۆفێران)دا، بە پشت بەستن بە خشتەکانی (١)، (٢)، (٥)، (٦)، دەبینین:

أ: ڕووداوەکانی هاتووچۆ:

١-ڕووداوەکانی هاتووچۆ ڕێژەی (٣٩.٦:١) بەراورد بە مۆڵەتی شۆفێری واتە ساڵانە لە (٣٩.٦)مۆڵەتی شۆفێری نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك ڕووداو زیادکردووە.

٢-ڕووداوەکانی هاتووچۆ ڕێژەی (١: ٢٢.٥) بەراورد بە ژمارەی ئۆتۆمبێل واتە ساڵانە لە (٢٢.٥)ئۆتۆمبێلی نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك ڕووداو زیادکردووە.

ب: بریندارەکان

١-بریندارەکان ڕێژەی (١٢.٩:١)بەراورد بە مۆڵەتی شۆفێری واتە ساڵانە لە (١٢.٩)مۆڵەتی شۆفێری نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك بریندار زیادکردووە.

٢-بریندارەکان ڕێژەی (١: ٧.٣) بەراورد بە ژمارەی ئۆتۆمبێل واتە ساڵانە لە (٧.٣) ئۆتۆمبێلی نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك بریندار زیادکردووە.

ج: مردن

١-مردن ڕێژەی (٧٦:١) بەراورد بە مۆڵەتی شۆفێری واتە ساڵانە لە (٧٦)مۆڵەتی شۆفێری نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك مردن زیادیکردووە.

٢-مردن ڕێژەی (١: ١٣٤.١) بەراورد بە ژمارەی ئۆتۆمبێل واتە ساڵانە لە (١٣٤.١) ئۆتۆمبێلی نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك مردن زیادیکردووە.

لەم بەراوردکاریەدا ئەمانەمان بۆ ڕووندەبێتەوە:

١-زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل کاریگەری زیاترە لە زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری لە ڕووی زیادبوونی ژمارەی ڕووداو بریندار لە ناوچەکەدا.

٢-زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری کاریگەری زیاترە لە زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە ڕووی ژمارەی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکەدا.

٣- زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل گەورەترین کاریگەری هەیە لەسەر زیادبوونی بریندار بەجۆرێك لەهەر (٧.٣)ئۆتۆمبێل کە زیابووە لە پارێزگاکەدا لە بەرامبەردا بریندارێك زیادیکردووە.

٤- زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل کەمترین کاریگەری هەیە لەسەر زیادبوونی ژمارەی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ بەجۆرێك لەهەر (١٣٤.١)ئۆتۆمبێل کە زیابووە لە پارێزگاکەدا لە بەرامبەردا یەك ژمارەی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ زیادیکردووە.

## باسی دووەم: بەراوردکاری ڕووداو و بریندار و قوربانیان هاتووچۆ بەرامبەر زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و شۆفێران لە نێوان ساڵانی ٢٠١٢-٢٠١٣

لێرەدا بەراوردکارییەك دەکەین ئەو دوو ساڵەی کە وەرمانگرتووە پاش پیادەکردنی کامێرای چاودێری لەنێوان (ڕووداوەکان و برینداران و قوربانیان) و (زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و شۆفێران)دا، بە پشت بەستن بە خشتەکانی (١)، (٢)، (٥)، (٦)، دەبینین:

أ: ڕووداوەکانی هاتووچۆ:

١- ڕووداوەکانی هاتووچۆ ڕێژەی (١:٤٨.٥)بەراورد بە مۆڵەتی شۆفێری واتە ساڵانە لە (٤٦.٥)مۆڵەتی شۆفێری نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك ڕووداو زیادکردووە.

٢-ڕووداوەکانی هاتووچۆ ڕێژەی (١: ٤٣.٦) بەراورد بە ژمارەی ئۆتۆمبێل واتە ساڵانە لە (٤٣.٦)ئۆتۆمبێلی نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك ڕووداو زیادکردووە.

ب: بریندارەکان

١-بریندارەکان ڕێژەی (١:١٥.٥)بەراورد بە مۆڵەتی شۆفێری واتە ساڵانە لە (١٥.٥)مۆڵەتی شۆفێری نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك بریندار زیادکردووە.

٢-بریندارەکان ڕێژەی (١: ١٤.٦) بەراورد بە ژمارەی ئۆتۆمبێل واتە ساڵانە لە (١٤.٦) ئۆتۆمبێلی نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك بریندار زیادکردووە.

ج: مردن

١-مردن ڕێژەی (١:٢١٨.٨)بەراورد بە مۆڵەتی شۆفێری واتە ساڵانە لە (٢١٨.٨)مۆڵەتی شۆفێری نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك مردن زیادکردووە.

٢-مردن ڕێژەی (١: ٢٠٥.٧) بەراورد بە ژمارەی ئۆتۆمبێل واتە ساڵانە لە (٢٠٥.٧) ئۆتۆمبێلی نوێ زیاد دەکات لەبەرامبەردا یەك مردن زیادکردووە.

لەم بەراوردکاریەدا ئەمانەمان بۆ ڕووندەبێتەوە:

١-جیاوازییەکی زۆر نابینرێت لە نێوان کاریگەری مۆڵەتی شۆفێری و ژمارەی ئۆتۆمبێل لەسەر ڕووداو و بریندار و مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە.

٢-زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل کاریگەری زیاترە لە زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری لە سەر هەر سێ دیاردەکە.

٣- زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل گەورەترین کاریگەری هەیە لەسەر زیادبوونی بریندار بەجۆرێك لەهەر (١٤.٦)ئۆتۆمبێل کە زیابووە لە پارێزگاکەدا لە بەرامبەردا برینداریێك زیادیکردووە.

٤- زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری کەمترین کاریگەری هەیە لەسەر زیادبوونی ژمارەی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ بەجۆرێك لەهەر (٢١٨.٨) مۆڵەتی شۆفێری کە زیادبووە لە پارێزگاکەدا لە بەرامبەردا یەك ژمارەی مردن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ زیادیکردووە.

**باسی سێیەم: بەراوردکردنی زیانەکانی هاتووچۆ لە هەردوو قۆناغەکەدا:**

لێرەدا بەراوردکارییەك دەکەین لەنێوان ئەو دوو قۆناغەدا کە وەرمانگرتووە پێش بەکارهێنانی کامێرای چاودێری و پاش بەکارهێنانی کامێرای چاودێری لەنێوان (ڕووداو و بریندار و قوربانیان) و (زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و شۆفێران)دا دەبینین:

أ: ڕووداوەکانی هاتووچۆ:

١-بەراوردی ڕوداوەکانی هاتووچۆ بەرامبەر مۆڵەتی شۆفێری لەنێوان ئەم دوو ماوەیەدا دەبینین بەبڕی (٦.٩:١)کەمی کردووە، واتە لەو قۆناغەی کامێرای چاودێری بەکارهێنراوە ساڵانە (٦.٩)ڕووداو کەمی کردووە بەراورد بە زیادبوونی مۆڵەتێکی شۆفێری.

٢-بەراوردی ڕوداوەکانی هاتووچۆ بەرامبەر ژمارەی ئۆتۆمبێل لەنێوان ئەم دوو ماوەیەدا دەبینین بەبڕی (٢١.١:١)کەمی کردووە، واتە لەو قۆناغەی کامێرای چاودێری بەکارهێنراوە ساڵانە (٢١.١)ڕووداو کەمی کردووە بەراورد بە زیادبوونی ئۆتۆمبێلێك.

ب: برینداره‌کان

١-بەراوردی بریندارەکان بەرامبەر مۆڵەتی شۆفێری لەنێوان ئەم دوو ماوەیەدا دەبینین بەبڕی (٢.٦:١)کەمی کردووە، واتە لەو قۆناغەی کامێرای چاودێری بەکارهێنراوە ساڵانە (٢.٦)بریندار کەمی کردووە بەراورد بە زیادبوونی مۆڵەتێکی شۆفێری.

٢-بەراوردی بریندارەکان بەرامبەر ژمارەی ئۆتۆمبێل لەنێوان ئەم دوو ماوەیەدا دەبینین بەبڕی (١: ٧.٣)کەمی کردووە، واتە لەو قۆناغەی کامێرای چاودێری بەکارهێنراوە ساڵانە (٧.٣)بریندار کەمی کردووە بەراورد بە زیادبوونی ئۆتۆمبێلێك.

ج: مردن

١-بەراوردی مردنیان بەرامبەر مۆڵەتی شۆفێری لەنێوان ئەم دوو ماوەیەدا دەبینین بەبڕی (١٤٢.٨:١)کەمی کردووە، واتە لەو قۆناغەی کامێرای چاودێری بەکارهێنراوە ساڵانە (١٤٢.٨)مردن کەمی کردووە بەراورد بە زیادبوونی مۆڵەتێکی شۆفێری.

٢-بەراوردی مردن بەرامبەر ژمارەی ئۆتۆمبێل لەنێوان ئەم دوو ماوەیەدا دەبینین بەبڕی (١: ٧١.٦)کەمی کردووە، واتە لەو قۆناغەی کامێرای چاودێری بەکارهێنراوە ساڵانە (٧١.٦)مردن کەمی کردووە بەراورد بە زیادبوونی ئۆتۆمبێلێك.

لەم بەراوردکاریەدا ئەمانەمان بۆ ڕووندەبێتەوە:

١- ڕووداو بریندابوون و مردن لە قۆناغی دووەمدا کەمی کردووە واتە لەکاتی دانانی کامێراکانی چاودێریدا.

٢= زۆرترین کاریگەری کامێراکانی چاودێری لەسەر کەمبوونەوەی ژمارەی مردنە.

٤= کەمترین کاریگەری کامێراکانی چاودێری لەسەر کەمبوونەوەی ژمارەی بریندارە.

## دەرئە نجامەكان :

١-پارێزگای سلێمانی یەكێكە لە پارێزگا سنوورییەكانی هەرێمی كوردستان و عێراق ئەم هەڵكەوتەیەشی وایكردووە ژمارەیەكی زۆر ئۆتۆمبێل بەتایبەت ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر بێنە ناوچەكە بۆ مەبەستی بازرگانی لەگەڵ وولاتی ئێران ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی ڕووداوەكانی هاتووچۆ.

٢-ڕووداوەكانی هاتووچۆ لە هەر دە ساڵی توێژینەوەكەدا ڕوویانداوە بەشێوەیەكی ئەندازەیی زیاد یان كەمیان نەكردووە. ڕاستە لە ساڵی ٢٠١٢و ٢٠١٣دا ڕووداوەكان كەمی كردووە لەكاتی بوونی كامێرای چاودێریدا بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧و ٢٠٠٨دا ژمارەی ڕووداوەكان كەمیان كردووە پاشتر لە ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ و ٢٠١١دا زیادیان كردۆتەوە واتە ئەگەری هەیە لە ساڵەكانی تردا ئەم ژمارەیە زیادبكاتەوە.

٣-برینداربوون و مردن بە ڕووداوەكانی هاتووچۆ بەهەمان شێوەی ڕووداوەكان ڕاستە لە ساڵی ٢٠١٢و ٢٠١٣دا كەمی كردووە لەكاتی بوونی كامێرای چاودێریدا بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧و ٢٠٠٨دا ژمارەیان كەمی كردووە پاشتر لە ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ و ٢٠١١دا زیادیان كردۆتەوە واتە ئەگەری هەیە لە ساڵەكانی تردا ئەم ژمارەیە زیادبكاتەوە.

٤-دوو ساڵی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ كە كامێرای چاودێری هەبوە دەبینین ساڵی ٢٠١٣ ڕێژەی (١.٠٧٪)ڕێژەی مردن بەڕووداوەكانی هاتووچۆ  بەراوورد بە ڕێژەی مردنی گشتی لە پارێزگاكەدا زیادیكردووە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٢.

٥-تیژڕەوی یەكێكە لە هۆكارە سەرەكییەكانی ڕووداوەكانی هاتووچۆ ئەوەتا پاش بەكارهێنانی كامێراكانی چاودێری ژمارەی تیژڕەووی لەنێوان دوو ساڵی بەكارهێنانی كامێرادا زیادیكردووە.

٦-ڕێگاكانی ئۆتۆمبێل بە دووەم هۆكار دادەنرێت بۆ ڕوودانی ڕووداوەكانی هاتووچۆ بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تاكوو ئێستا لە پارێزگاكەدا گرنگی پێنەدراوە و هیچ داتایەك نییە بۆ پشتڕاستكردنەوەی.

٧-لە ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١١)دا زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل كاریگەری زیاترە لە زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری لە ڕووی زیادبوونی ژمارەی ڕووداو بریندار لە ناوچەكەدا بە پێچەوانەوە زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری كاریگەری زیاترە لە زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە ڕووی ژمارەی مردن بە ڕووداوەكانی هاتووچۆ لە پارێزگاكەدا.

٨-لە ساڵانی (٢٠١٢-٢٠١٣)دا جیاوازییەكی زۆر نابینرێت لە نێوان كاریگەری مۆڵەتی شۆفێری و ژمارەی ئۆتۆمبێل لەسەر ڕووداو و بریندار و مردن بەهۆی ڕووداوەكانی هاتووچۆوە هەروەها زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل كاریگەری زیاترە لە زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری لە سەر هەر سێ دیاردەكە.

٩- ڕووداو برینداربوون و مردن لە قۆناغی دووەمدا كەمی كردووە واتە لەكاتی دانانی كامێراكانی چاودێریدا.

## پێشنیارەکان:

دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بڵێین کامێراکانی چاودێری هۆکارێکی نوێیە بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگای سلێمانیشدا ڕۆڵی خۆی بینیوە، دەکرێت زیاتریش ڕۆڵببینێت بەوەی ڕێوشوێنەکانی گۆڕانکاری تێدا بکرێت بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بە دوولایەن سوودمەندبن بەجۆرێك لەلایەکەوە کارەساتەکان کەمبکرێتەوە و لەلایەکی ترەوە شۆفێران کەمترین سەرپێچیان بۆ تۆماربکرێت لە گرنگترین گۆڕانکاری کە لەم بوارەدا بکرێت:

١-دانانی باج بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە پارێزگاکانی ترەوە دێن و بە پارێزگاکەدا تێپەڕ دەبن بەمەستی بازرگانی بۆ ووڵاتی ئێران واتە هیچ سوودێك ناگەێنن بە ناوچەکە بۆ ئەوەی بەو باجە خزمەتی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێلی پێبکرێت.

٢-توێژینەوەی وورد بکرێت لەسەر ڕووداوەکان و قوربانیانی هاتووچۆ هۆکارەکانیان بە ڕوونی دیاریبکرێت، ئەمە چ لەلایەن حکومەتەوە بێت یان لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە بێت.

٣-پاش ئەوەی زانرا تیژڕەوی هۆکاری سەرەکی ڕووداوەکانە بۆیە پێووستە خەڵك هۆشیار بکرێتەوە بەرامبەر ئەم پرسە لەلایەن زانکۆ و کەناڵەکانی ڕاگەیاند و پیاوانی ئاینییەوە.

٤-گرنگی بدرێت بە ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل و گرفتەکانی چارەسەر بکرێت بەتایبەت لە لایەن حکومەتەوە بەی ئەرکی سەرەکی دابنێت.

٥-دانانی هێماکانی هاتووچۆ بەشێوەیەکی ئەندازیاری ڕێکوپێك ئەمە لەلایەکەوە دەبێتە کار ئاسانی بۆ کاروباری ئەفسەرانی هاتووچۆ و لەلایەکی تریشەوە هۆشیاری بدرێتە شۆفێران بەوەی پێوستە پابەندی ئەم هێمایانە بن و بەجۆرێك دەرچوون لەم هێمایانە دەبێتە هۆی شکاندنی یاسا.

٦-بەرفراوانکردنی دانانی کامێرای چاودێری جێگیر بەزووترین کات لە ناو شارەکاندا و بەتایبەت لە ناوشاری سلێمانی بە شێوازێکی چڕ کامێراکان دابنرێت کە شۆفێران چیتر نەتوانن زیاد لە خێرای دیاریکراو ئۆتۆمبێل لێبخوڕن.

٧-کاراکردنی ئەم کامێرایەنە بەوەی کە سەرپێچییەکان ڕاستەوخۆ بگەن بەسەرپێچیکاران.

٨-زیادکردنی بڕی پارەی سەرپێچی، لە کاتی دووبارەکردنەوەدا دەست بەسەر ئۆتۆمبێلەکەیدا بگیرێت وە ئەگەر خێراییەکە زۆر لەسنوور دەرچووبێت ئەوا مۆڵەتی شۆفێری لەو سەرپێچی کارە بسەنرێتەوە، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی سزادان تەنها بەپارە نەبێت چونکە هەندێك لە شۆفێران بڕی پارەکە هەرچەندێك بێت بەئاسانی بۆیان دەستەبەردەکرێت و هەروەها هەندێك لە هاوڵاتیانیش پێیان وایە وەرگرتنی پارە تەنها بۆ مەبەستی مادیی و دەستکەوتە بۆ حکومەت نەك بۆ سەلامەتی هاتووچۆ.

٩-ئەو پارەیەی کە دەست دەکەوێت لەم کامێرایان بەشێوەیەکی زۆر دروست بۆ هاوڵاتیانی ڕوونبکرێتە کە لە چ بوارێکدا بەکاردەهێنرێت، دەرئەنجامی ئەو بوارانە چین کە بۆی بەکاردەهێنرێت.

١٠-لەبەرئەوەی بواری هاتووچۆ لە پارێزگاکەدا گرفتێکی گەورەی هەیە بۆ پێوستە ئەو داهاتە لە سەرەتادا تەنها بۆ ئەم بوارە بەکاربهێنرێت لەپاشاندا لەڕێگەی پەیوەندیکردن بە بەڕێوبەرایەتی ڕێگاوبان و شارەوەنیەکان هاوکاری پرۆژەکانی ڕێگاوبانبکرێت بەم پارەیە.

١١–کاتێك ئەم سەرپێچیانە تۆمار دەکرێت پێوستە لەسەر کارمەندانی هاتووچۆ توێژینەوە بکەن لەسەر هۆکارەکانی دووبارەبوونەوەی سەرپێچی لە ناوچە جیاوازەکاندا چونکەئەگەر کارمەندانی هاتووچۆ کارنەکەن بۆ گەیشتن بە هۆکارەکانی ئەم سەرپێچیانە و ئەو هەلاَنای شۆفێران دووبارەی دەکەنەوە ئەوا ناتوانرێتکێشەکانی گواستنەوە چارەسەربکرێت.

## سەرچاوەکان:


یەکەم:عەرەبیەکان:أ–کتێب:

١–سمیر محمد غويبه، حوادپ الگرق الحرب المفتوحه المشكلات و الحلول، دار زهران، الآردن، ٢٠٠٨.

دووەم: کوردیەکان:أ–کتێب

٢–بەختیار محمد عبدوللا، بۆسەکانی مەترسی ڕووداوەکانی هاتووچۆ،چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٩.

٣–سالار تحسين دری، ژینگەی ترافیك، چ ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٤– هاشم محمد نور مەدەنی، ڕووداوەکانی هاتووچۆ، و: هەڵکەوت عبداللـه، چاپی یەکـەم، چاپخانەی سـەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢.

٥– سەباح موفتی، و: کاوانی ئەنوەر مەسیفی، یاسای هاتووچۆ ژمارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،٢٠١٢.

ب–نامەی ماستەر

٦–شاد حمید محمد، ڕێگاکـانی ئۆتۆمبێـل لـە پارێزگـای سـلێمانیدا (لێکۆڵینەوەیـەك لـە جوگرافیـای گواسـتنەوەدا)، نامـەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١.

٧–شیروان عمر ڕەشید، بنەماکانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانیدا ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٧.

٨– محمد زاهـیر سـادق، شـیکردنەوەیەکی جـوگرافی ڕێگاوبـانی ئۆتۆمبێـل لـە قـەزای کۆیە(لێکۆڵینەوەیەکـە لـە جوگرافیـای گواستنەوە)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)،زانکۆی کۆیە،٢٠٠٨ .

ج– فەرمانگە حکومییەکان

٩–بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەشی ڕاگەیاندن، ئاماری بڵاونەکراوە.

١٠–بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەشی ئامار، ئاماری ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە تۆمارکراون لە هاتووچۆی سلێمانی.

١١–وەزارەتی تەندروستی، بەڕیوبەرایەتی لەدایکبوون و مردن لە پارێزگای سلێمانی، بەشی ئامار، زانیاری بڵاونەکراوە.

سێیەم: سایتی ئەلیکترۆنی

١٢–http://ar.wikipedia.org/wiki

١٣–مەریوان محمد أمین، کامێراکانی کۆنترۆڵکردنی خێرای،

http://www.sul-traffic.com/Description.aspx،٢٠١٣

١٤–: فەرهاد محمد، وەرگەڕانی تەنکەرێك ڕووداوێکی هاتووچۆی لێدەکەوێتەوە،

http://www.awene.com/article/2014/01/15/29016

## پاشکۆ ژمارە (١)

ژمارەی گیانلەدەستان بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ بەپێی ئاماری بەڕێوبەرایەتییەکان لە پارێزگای سلێمانیدا

| ساڵ | ژمارەی گیانلەدەستان بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ | |
|---|---|---|
| | پەیمانگای پریشکی دادوەری | پەیمانگای پریشکی دادوەری |
| ٢٠١٠ | ٢٥٩ | 258 |
| ٢٠١١ | ٢٨٤ | 278 |
| ٢٠١٢ | ٢٦٦ | 227 |
| ٢٠١٣ | ٢٨٤ | 220 |
| سەرجەم | ١٠٩٣ | ٩٨٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

أ–حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەیمانگای پزیشکی دادوەری/هەرێم،

ب_بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەشی ئامار، ئاماری ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی تۆمارکراون لە هاتووچۆی سلێمانی، بەبێ ژمارەی پەڕە.

## الخلاصة

تعد السيارة من أهم و أكثر وسائل النقل الداخلي في محافظة السليمانية، و لحد الأن كعامل وحيد لنقل داخل المحافظةالأ أنه هناك وقوع العديد من حوادث السير قد سجلتها دوائر المرور فيها ما تسبب في قتل و جرح العديد من المواطنين يوميا.

ان حوادث الطرق أمرا طبيعيا في كل أنحاء العالم، فهناك أحصائيات تشير الى مقتل مالا يقل عن (مليون و مائتا الف شخص) وجرح أكثر من (أربعين مليون) أخرين سنويا بسبب هذه الحوادث.

أن المسؤولين و المختصين في المجال الطرق وحتى الموطنين يشيرون الى ان هناك عدة أسباب لحوادث الطرق في المحافظة و أن بين أهم الأسباب وفي مقدمها هو القيادة السريعة و حتى البحوث العلمية أشارت الى أن الأنسان هو أهم سبب من أسباب نسبته (٩٤٪) من المسؤلية عن حوادث الطرق في العالم.

رغم قلة أو عدم وجود البحوث من قبل أدارة محافظة السليمانية الخاصة بحوادث الطرق الا ان هناك محاولات لتقليل عدد الحوادث و ذلك من خلال التوسع بأستخدام كاميرات المراقبة لمراقبة معدلات السرعة في القيادة، لأن كاميرات تسهم في تحديد سرعة السيارات و بالتالي تنظيم حركة المرور وأجبار السواق بالألتزام بقوانين المرور و اسرعة المسموح بها. أن هذا البحث مهم في تحديد السرعة السيارات و دوره في تقليل حوادث الطرق و التي حتما تتزايد عدد السيارات و السواق و السكان في المحافظة.



## Abstract

In spite of all importance of this province the only internal transportation device is car that causes death and injury to citizens.

It is true that driving accidents are not just in the Slemani province and now the whole world is taken. Statistics show Traffic accidents account for *1200000* deaths and more than 40 million injuries each year worldwide.

Experts say a higher speed increases the likelihood of an accident. The majority of road crashes are caused by human error. Researches have shown that directly driver error accounts for over 66% of all crashes and indirect errors account for 18%.

The Slemani province some work has been conducted in order to reduce accidents, which one of them is installing surveillance cameras. Speed cameras are one of powerful reasons to drive slower. We eager to know despite of increasing vehicle numbers to what extent these cameras have reduce accidents.

# ڕۆشنبیـــری بنەماڵەی ئەیوبـی و ڕۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی لایەنی مەعریفی وفێرکردن لـە میسر و شام لە سەدەی شەش و حەوتی کۆچی /سیانزەی زایەنیدا

د. ئەحمەد رەزا ئەحمەد
زانکۆی راپەرین – فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان – بەشی مێژوو

**پوختەیەك:**

دیارە بەهۆی ئەو سیستەمەی کە ئەیوبیەکان لە بواری فێربووندا پەیڕەویان دەکرد کە خاڵێکی وەرچەرخان بـوو لـە ئاراسـتە کردنی کۆمەڵگە بۆ قۆناغێکی نوێ و بەرەوپێش چـوون و پێگەیانـدنی کەسـانی سـەرکردەو زانـاو کەسـایەتیە بـەتواناکان کـە خزمەتێکی زۆریان بە وولات کردووە، ئەم بزووتنەوە ڕۆشـنبیریە کـە لەسـەردەمی ئەیوبیەکانـدا بـوونی هـەبووە بـەرەو پـێش چـوونێکی باشـی بەخۆیـەوە بینیـووە لەچـاو سـەردەمەکانی پـێش خـۆی، بەشـێوەیەکی گشـتی لەسـەردەمی ئەیوبیـەکان و بەتایبەتی دامەزراوە فێرکارییەکان بوونـە مەڵبەنـدی زانسـت و فێربـوون وە وەکـو شـوێنێکی سـەربەخۆی دام و دەزگایـەکی دەوڵەتی ئەژمار دەکرا.

توێژەر بە پێویستی دەزانێ کە لەم توێژینەوەدا تیشك بخاتە سەر گرنگی ئەم بابەتە کە ئامانج لی دەرخستنی خودی ئاسـتی ڕۆشنبیری تاکەکانی بنەماڵەی ئەیوبی و ئەو حەز وئارەزوویانەی کە لە لایان کۆببووە مەبەستمان ئەوەیە کە چیان پـێ بـووە لە بواری زانستی ئاینی ومەعریفی و شیعر و یان نووسین و دەرکردنی کتێب و بەشداریان لە کۆڕو گفتوگۆ زانسـتیەکان خولیـا و حەزەکانیان لە کتێب خوێندنەوە و ئاراستەی هزری و یان شارەزا بوون لە بواری جوگرافیا و مێژوو هاو کات تیشك خسـتنە سـەر ڕۆڵیـان لـە دروسـت کردنـی دامـەزراوەی فێرکـاری تـەرخانکردنی سـامانی بـێ شـومار لـە پێنـاو بـەردەوام بـوونی ئـەو دامەزراوانە، ئەم دامەزراوانە خزمەتێکی زۆریان بە خەڵکی ئەو سەردەمە پێشکەش کردووە لە شام و میسر دا.

ئەم توێژینەوە دابەش کراوە بۆ چەند بەشێك لەوانە **بەشی یەکەم** / ئاماژە کردنە بە کورتەیەك لەسەر ڕەچەڵەك و دەرکەوتنی ئەیوبیەکان لە گۆڕەپانی ڕامیاری، **بەشی دووەم**/ ئاماژە کراوە بە ڕۆشنبیری و ئەیوبیەکان، پاشان **لە بەشـی سـێیەم** /باسـی ڕۆشنبیری جێگرەوەکانی سەڵاحەددینی ئەیوبی کراوە لە گەڵ ئاماژە کردن بە ڕۆڵی ئەیوبیەکان لە پێشخستنی کتێبخانە ، **لە بەشی چوارەم** / ئاماژە کراوە بە ڕۆشنبیری ئافرەتەکانی بنەماڵە ئەیوبی.

**وشە زۆر بە کارهاتووەکان: ئەیوبیەکان، ڕۆشنبیری، دامەزراوەی فێرکاری، زانستی ئایینی، فێربوون، کتێبخانە.**

**ملخص البحث**

تعتبر العصر الايوبي احد العصور المتقدمة في الجانب العلمي والثقافي حيث ان اكثر السلاطين وشخصيات الايوبية كانوا في مستوى ثقافي عالي ، ففي هذا المجال كانوا في طليعة الامراء والحكام المعاصرين لهم والعصور اللاحقة في العالم الاسلامي في العصور الوسطى ، الهدف من هذا البحث هو الوقوف على الثقافة الشخصية لهؤلاء ، بالرغم من ان هناك الكثير من الدراسات حول الجانب الحضاري او العلمي والمؤسسات التعليمية عن هذا العصر ، ولكن ليس هناك الحديث عن التفاصيل الدقيقة لثقافة الملوك والسلاطين وافراد البيت الايوبي ونتاجتهم ومشاركاتهم في المناظرات والمجالس العلمية ودورهم الادبي واللغوي اضافة الى العديد من النشاطات الاخرى ، لذا حاول البحث قدر الامكان ان يبين هذه التفاصيل الدقيقة. فمن خلال البحث والتمعن ظهر للباحث ان من بين اعضاء العائلة الايوبية ظهر الكثير من العلماء والمؤرخين والجغرافيين واللغويين والنحويين والادباء، فقد اشر الى ذلك الصادر المعاصة لتلك الفترة، بل يعتبر بعض من نتاجاتهم مصادر مهمة في الجانب التاريخي والجغرافي والادبي ، لايمكن الاستغناء عنها.

**Abstract**

The era (peryod) of Ayuobione of the Sophisticated and Prosperous in Scientific and cultural terms. This is because most of the Sultans and figures of this family they were highly educated, which is the subject of our research, in this area, they were pioneers, compared to their peers, in the Muslim world In the Middle Ages. We refer here to identify the cultural level of the individual, In many cases we read or been searching for leaders Been talking about the cultural, especially the scientific side aspect and educational institution-building, But is not addressed to the cultural level of *Sultans* and their hobbies, Outcomes, participation, discourses and their confrontations In the scientific field. And many other activities have not been taken care of.

It is worth mentioning that among the members of this family appeared many historians, geographers, linguists, poets and lovers of literature, A lot of sources and historians of that period has been pointed out to the extent that the products of the Ayyubid period is an important historical sources. There is the other side of the interesting family members Ayyubid and cultural level is to give their money and their wealth for the development of the scientific aspect and service scientists, students and educational institutions. In addition to building and reconstruction of a lot of educational institutions, These institutions that contributed to the maturation of a lot of characters in a variety of areas. And those who have served the state and the Ayyubid and after them.

## بەشی یەکەم /دەرکەوتنی دەوڵەتی ئەیوبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٥٧٠ ك/١١٧٤ ز

## باسی یەکەم: ڕەچەڵەك و شوێنی جوگرافیای ئەیوبیەکان

دەوڵـەتی ئـەیوبی دەگەڕێتـەوە بـۆ نـاوی ئـەیوب کـوڕی شـادی، بـاوکی سـەڵاحەددین، ئەمانـە لـە هـۆزی ڕەوادی[i] سـەربە عەشیرەتی گەورەی هەزبانی[ii] بوون، لە شاری دوین[iii] نیشتەجی بوون. بە کوردە ناودارو چاکەکارەکان دەژمێردرێن. شادی باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە بوو[iv]. زانیاری زۆر لە سەر سەرەتای دەرکەوتنی ئەم بنە ماڵەیە و بەشداریان لە ژیانی سیاسی لە بەغداد نیە، وە ئەمە شتێکی سروشتییە چونکە گرنگیدانی مێژوونوسەکان بە ئەیوبیەکان لە دوای بەشداری کردنیان لە لەشکرکێشیەکانی زەنگیەکان بوو بۆ سەر وولاتی میسر دەرکەوت، زۆربەی سەرچاوەکان لە سەر ئەوە کۆکن کە تاکەکانی ئەم خێزانە بەتایبەتی شادی و هەردوو کوڕەکەی ئەیوب و شێرکوە شاری دوینیان بە جێهێشت ڕوویان کردە عێراق کە بارەگای خیلافەی عەبباسی لێ بوو[v]، وە سەنتەری جیهانی ئیسلامی بوو، لەوێ بە کرداری دەستیان کرد بە ژیانی سیاسی، یەکەم کاریان کە ئەنجامیان دا دەسنیشان کردنی شادی بوو بە پارێزەری قەڵای تکریت. لەدوای مردنی شادی لە (٥٢٠ك /١١٢٦ز) نجم الدین ئەیوبی کوڕی جێگای گرتەوە[vi]. هەندێك لە نووسەران و مێژوو نوسان هەوڵیانداوە بنچینەی کوردی ئەیوبی بگۆڕن گەڕاندویانەتەوە بۆ عەرەب لە ناویشیاندا بۆ پشتی ئەیوبیەکان چونکە لە کۆندا خێڵە عەرەبەکان لە گەڵ کوردەکان بوون، ژن و ژن خوازیان کردووە لە گەڵیان ئەو عەشیرەتەش بە دیاریکراوی مەروانین، مەروانیەکانیش ڕەچەڵەکیان لە بنەماڵەی بەنی ئومەویەیە[vii].

جوگرافی ناسی بەناوبانگ یاقوتی ئەلحەمەوی لە (٦٢٦ك/١٢٢٨ ز) مردووە، لە سەر زێدی ئەیوبیەکان دەڵێ: (کوردن خەڵکی شاری دوینن لە کوردە شەرفمەندەکان، وە دوین کە یەکێکە لە ناحیەکانی ئاران لە کۆتایی سنوری ئازەربیجان لە نزیك تەفلیس)[viii]. بەگەڕانەوە بۆ سەرچاوە کۆنەکان دەردەکەوێت کە ئەیوبیەکان خەڵکی دوینی ئەرمەنستانن، چونکە زۆربەی ئەو مێژوو نوسانەی کە هاوسەردەمی ئەیوبیەکانن یان کەمێك دوای ئەوان دەرکەوتوون ئاماژە بەدوینی ئەرمەنستان دەکەن، هەروەها هەندێك سەرچاوەی تر باس لە شوێنی ئەم خانەوادەیە دەکەن وتراوە لە دوین یان دبیل بوون، دبیل شارێکە دەکەوێتە سنوری ئازەربیجان لە باکوری ناوچەی ئەرمینیایە[ix]. ئەوەی هەموو مێژوونوسان لە سەری کۆکن ئەوەیە کە شادی کوڕی ئەیوب لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندێکە بەناوی ئەجاد قان دواتر هاتووە بۆ شارۆچکەی دوین[x].

## باسی دووەم /دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی (٥٧٠ك/١١٧٤ز)

ئەیوبیەکان بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندی ڕامیاریان لە دوین کۆچیان کرد بـۆ تکریت، خـزم و کـەس و کاریـان لـە گـەڵیان بوون، پەیوەندیان بە (مجاهدین بەهرۆز) کرد کە پێشتر هاوڕێی شادی بووە، بەهرۆز لـە کەسـە نزیکـەکانی سـوڵتان مسـعودی سەلجوقی (٥٤٧ك/١١٥٢ز) بوو، بە هۆی دڵسۆزی فـەرمانڕەوایی تکریتـی پـێ بەخشـیووە[xi]، ئـەویش شـادی و بنەماڵەکـەی بانگێشتی تکریت کرد، شادی باوکی نجمەدین لە تکریت کۆچی دوایـی کـرد گۆڕەکـەی دیـار و ناسـراوە لـەوێ، یەکـەم کـاری نەجمەدین و ئەسەددەدین شێرکۆی برای بەرپرسیارەتی بـەڕێوەبردنی قـەڵای تکریتیـان پێبەخشـراوە، پەیوەنـدی بـەهرۆز و نەجمەدین تێکچوو بەهۆی کوشتنی پیاوێك بە ناوی (الإسفهسار)لە لایەن شێرکۆی برای، بۆیـە بـەهرۆز داوای لێکـردن تکریـت بەجێ بهێڵن، لە (٥٣٢ ك/١١٣٧ ز) ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ لـە دایـك بـوونی سـەلاحەددین بەشـێك لـە ئەنـدامانی بنەماڵەکـەی بەشـتێکی شـومیان زانیـوە، (عیمـادەدینی زەنگـی)[xii] لـە موصـل پێشـوازیەکی گـەرمی لێکـردن[xiii]. لـە دوای مردنـی عیماددەدین بنەماڵـەی شـادی چـووە لای (نـورەدین محمـود) [xiv] کـە زۆربـەی (شـام، حلـب، جزیـرەی) لەدەسـت دابـووە، خەلیفەی فاتمی العاچد لە ساڵی (٥٦٤ك/١١٩٦ز) پەنای بۆ نورەدین بـرد بـۆ ڕزگـارکردنی لـە دەسـت فرەنجیـەکان وململانـی ناوخۆیەکانی گەورە بەرپرسان وولات لە سەر دەسەڵاتی وەزارەت، ئەویش بەسەرکردایەتی شێرکۆ لەشکرکێشیەکی گـەورەی

بەرەو میصر نارد، شێرکۆ فرەنجیەکانی دور خستەوە و (شاوری) وەزیری میصری کوشت خۆی بـوو بـەوەزیر لـە میسـر[xv].

شێرکۆ کتوپڕ لە ڕۆژی (شەممە ٢٢ی مانگی جمادی الاخیری ساڵی (٥٦٤ ك/١١٦٨ ز) مردووە ماوەی دەسـتەڵاتی دوومـانگ و (٥ ڕۆژ) بووە[xvi]. خلیفەی فاتمی العاضد سەلاحەددینی کـردە وەزیـر، بـەر لـە مردنـی العاچد سـەلاحەددین وتـاری بـەناوی خلیفەی عباسی لە میصر خوێندەوە، بە مردنی العاضد دەوڵەتی فاتمیەکان کۆتـایی پێهـات، لـە (٥٦٩ ك/١١٧٣ ز) نـورەدین محمودیش مرد، بەمەش سەلاحەددین بوو بە کەسی یەکەم لە میسر[xvii]، دوای مردنی نورەددین (صـالح اسمـاعیلی) کـوڕی جێگای گرتەوە کە تەمەنی لە نێوان (١٠ بۆ ١١) ساڵان دا بووە، هەندێك لـە سـەرۆك سـوپاكان لێـی هەڵگەڕانـەوە، لـە هـەمان كات دا پێویست بوو بەرەی ئیسلام یـەك بگرێـت بـۆ ڕوبەڕوبونـەوەی خاچیەكان، وهـەروەها لـە سـەر داوای گـەورە پیـاوانی دەوڵەتی زەنگی لە سەڵاحەددین بۆ دەسخستنە ناو کاروباری وولاتی شام،چونكە لەو کاتەدا شام بەرەو خراپی دەچـوو بۆیـە سەلاحەددین سوپایەکی لە میصرەوە بەرەو ئەوی جولاند، پێکهاتەی سوپاکە تێکهەڵ بوو لە (کـورد – تـورك) وە ڕێژەیـەکی کەمیش لە نەتەوەکانی تر، دەستەڵاتدارانی دیمەشق بەدوای سەلاحەددینیان نارد، خلیفـەی عباسـی(المستضـیء) پشـتگیری لێکرد لە (٥٧٠ ك/١١٧٤ ز) سەلاحەددین لە دیمەشق کاروباری ڕیکخست دژی هاوپـەیمانانی زەنگـی چـووە شـەڕێکی یـەکلایی کەرەوە، بەسەرکردایەتی مەلیك ئیسماعیلی زەنگینی لە نزیك حما، سەلاحەددین سەرکەوتنی بەدەست هێنا، دەستی بەسـەر شام دا گرت بەمەش توانی میسر و شـام یـەك بخـات[xviii]. یـەکێك لـە دەسـکەوتەکانی سـەلاحەددین سـەرکەوتنی بـوو لـە شـەڕی حـەتین و ڕزگـار کردنـی قـودس، لـە سـاڵی (٥٨٣ ك/١١٨٧ ز) سـەلاحەددین بڕیـاری دا هێـرش بکاتـە سـەر دەسـت درێژیـەکانی (رینـوك شـاتیون) فـەرمان رەوای کـەرەك[xix]، فـەرمان ڕەوای کـەرەك تـوانی (جـای لوزینانـدی) پاشـای بەیتولمەقدس ڕازی بکـات تـاکو سـوپای ئـەو ناوچـەیە بـەکاربهێنێت بـۆ ڕوبەڕوبوونـەوەی سـەلاحەددین لـەکاتی هـاتنی لـە میسرەوە، هەردوو لا لە ناوچەی حەتین لە نزیك تەبەریە بە یەك گەیشتن لـە وێدا سـەلاحەددین شکسـتێکی گـەورەی توشـی سوپای خاچیەکان کرد، پاشای بەیتولمەقدس وفەرمان ڕەوای کەرەکی رینوك شاتیونی بە دیل گـرت[xx]، سـەلاحەددین بـاش دەیزانی سەرکردەکانی ئەوروپا چـاویان بڕیوەتـە ڕۆژهـەڵات، بۆیـە بانگـەوازی بـۆ هـەموو گـەلانی ڕۆژهـەڵات کـرد بـۆ شـەڕی خاچیەکان خۆیان ئامادە بکەن، ژمارەیەکی زۆر لە تیرەکانی (کورد، عـەرەب، ئەرمـەن، ئاشـور، جـۆرجی) چـونە ژێـر ئـاڵای سەلاحەددین[xxi]. سەلاحەددین ڕووی کردە عەسقەلان[xxii] و گرتی دواتر گەلێك شوێنی تری گرت، لـە مـاوەی دوو مـانگ دا سەرکەوتنێکی زۆری بەدەست هێنا، بەمەش ڕێگای قودس بۆ لەشکری ئیسلام کرایەوە، سوڵتان ژمارەیەك پیـاو مـاقولی نـارد بـۆ قـودس داوای تەسـلیم بـوونی لێکـردن بـۆ ئـەوەی شـارەکە توشـی زیـان و ڕوخـان نـەبێت، بـەڵام خاچیـەکان بەمـە ڕازی نەبوون[xxiii]. بۆیە شاڵاوی سێ یەمی خاچیـەکان بـە سـەرکردایەتی (ریشـارد قلـب الاسـد) دڵـی شـێری بـەریتانی و (فلیـپ ئۆگست) پاشای فەڕەنساو (فریدریك بڕبڕوسەی) ئیمپراتۆری ئەڵمانیا دەسـتی پێکـرد[xxiv]. خاچیـەکان بـەردەوام هێرشـیان دەبردە ناوچە سنوریەکانی وولاتی شام، سەلاحەددین هەوڵی دا پێشڕەویان لە فەڵەستین بووەسـتێنی بـەڵام لـە نزیـك گـردی جەزیرەکان لە باشوری خۆرهەڵاتی ڕملە لە (٥٧٢ ك/١١٧٦ ز) توشی شکست بوون، دوای دوو سـاڵ لـە نزیـك تەلئـەلقازی لـە (٥٧٤ك /١١٧٨ز) بەسەر پاشا بلدوینی چوارەمدا سەرکەوت، بۆیە لە (٥٧٥ ك /١١٧٩ ز) داوای ئاگربەستی کرد بۆ ماوەی دوو ساڵ بەناوی ئاگربەستی ڕملە، فەرمانڕەوای کەڕەك لە (٥٧٨ ك /١١٨٢ ز) هێرش بردنە سەر مەککە و مدینـەی جـێ بـە جـێ کـرد، بـە مـەش ئاگربەسـتەکە هەڵوەشـایەوە بۆیـە سـەلاحەددین لـە مـانگی ڕەجـەبی (٥٨٣ ك /١١٨٧ ز) شکسـتی توشـی خاچیەکان کرد خۆیی و سوپاکەی چونە ناو شاری قودس[xxv]. سوڵتان نزیکەی مانگێك لە قودس مایەوە مزگەوتی ژیانـدەوە و قوتابخانەی دامەزراندنەوە، ڕێگای دا بەو خاچیانەی لە وێدا مابونەوە بەمەرجێك لـە بەرامبـەر پاراسـتنیان بـۆ هـەر پیاوێـك (١٠) دینار و بۆ ئافرەت (٥) دینار و بۆ منداڵ (٢) دینار بدەن وەکو سەرانە[xxvi]، لـە دوای مردنـی سـەلاحەددین جۆرێـك لـە نائارامی و پشێوی پێکدادانی دەرەکی لە مێژووی دەوڵەتی ئەیوبی سـەری هەڵـدا ئەمـەش بـۆ ڕکابەرایـەتی نێـوان کوڕەکـانی

سەلاحەددین و خێزانی ئەیوبی دەگەڕێتەوە. چونکە بەر لە مردنی ناوچـەکانی بەسـەر کوڕەکـانی دابـەش کـرد، فەڵەسـتین و سوریای دا بە (الافضل علی) وە میصری بە (العزیز) سپاردبوو، هەروەها حەلەبیشی بـە (زاهـیر غـازی) دابـوو، مـەلیك عـادلی براشی بەشێك لە جزیرەی لە دەست دا بوو، دوای ماوەیەك مەلیك عزیز و مـەلیك عـادلی بـرای سـوڵتان هێرشـیان کـردە سـەر مەلیك الافچل فەرمانڕەوای شام لە (٥٩٢ ك/١١٩٥ ز) دیمەشق خرایە ژێـر دەسـتی مـەلیك عـادل، لـە سـاڵی (٥٩٥ ك/١١٩٧ ز) مەلیك عزیز مرد، بە مەش بۆماوەیەکی کەم میصر کەوتە ژێر دەسـتی مـەلیك الڤچـل، چـونکە دواتـر مـەلیك عـادل میصـری خستە ژێر دەستی خۆی، لەساڵی (٦٢٢ ك/١٢٢٥ ز) مەلیكالأفضل مرد، مەلیك زاهیر غازی بەرهەڵستی مەلیك عـادلی نەئـەکرد کە فەرمانڕەوای حلب بوو، چونکە زاوای مەلیك عادل بوو، لە ساڵی (٦١٣ ك /١٢١٦ ز) مەلیك زاهیر غازی مرد، بەمەش مەلیك عادل دیمەشق و میصری خستە ژێر دەستی خۆی توانی بۆ جاری دووەم میصر و شام یەك بخات[xxvii].

مەلیك عادلیش بە هەمان شێوەی سوڵتان سەلاحەددین ناوچەکانی بەسـەر کوڕەکـانی دا دابـەش کـرد، میصـری بەخشـی بـە مەلیك کامیل، وەمەلیك موعەزەمی کردە حاکمی دیمەشق،مەلیك ئەشرەفی کرد بە فـەرمانڕەوای جزیـرە، لـە سـاڵی (٦١٥ ك /١٢١٨ ز) مەلیك عادل کۆچی دوایی کرد، کوڕەکانی مەلیك عادل لـەناوخۆدا نـاکۆکی کەوتـە نێوانیـان دوای مردنـی باوکیـان، مەلیك کامیل بەرەو دیمەشق چوو تاکو لەگەڵ مەلیك ئەشرەف بجـەنگێت، بـەڵام لـەو کاتـەدا مـەلیك ئەشـرەف مـرد، مـەلیك کاملیش لە ساڵی (٦٣٥ ك /١٢٣٧ ز) مرد، مەلیك عادلی دووەمی کوڕی هاتە جێی، دوای دوو ساڵ مەلیك ساڵەح ئـەیوبی بـرای لە میصر دەری کرد، بارودۆخەکە وای کرد کە مەلیك ساڵەح ئەیوب بۆ جاری سێ یەم هەموو دەوڵەتی ئـەیوبی یـەك بخاتـەوە تاکو حەلەب و ناوچەی جەزیرە، سەردەمی ساڵح ئەیوب پڕ بـوو لـە ململانێـی نێـوان ئەنـدامانی خێزانـی ئـەیوبی لـە لایـەك و خاچیەکان و خەوارزمیەکان بە کرێ گێراوەکان لە لایەکی ترەوە، لە ساڵی (٦٤٧ ك /١٢٤٩ ز) شـالآوی حەوتـەمی خاچـیەکان لەسەر دەستی لویسی نۆیەم پاشای فەڕەنسا دەستی پێکرد بەرەو میسر، خاچیەکان شـاری(دمیـاط)تیـان داگـیر کـرد، ئـەو کاتە ساڵەح ئەیوب نەخۆش بوو لە مانگی شەعبانی هەمان ساڵدا مرد (٦٤٧ ك /١٢٤٩ ز)،(الشـجر الـدر)ی خێزانـی مردنەکـەی شاردەوە تاکو موعەزەم توران شاە کوڕی لە جەزیرەوە گەڕایەوە، لە گەڵ سوپاکەی کە لە مەمالیکەکان پێك هاتبوو، تـوانی (دمیـاط)لـە دەسـتی خاچـیەکان ڕزگـار بکـات، لویسـی نۆیـەمی بـەدیل بگرێـت، هەڵسـوکەوتی (تـوران شـاە) وای کـرد کـە مەمالیکیەکان بە هاوکاری (الشجر الدر)ی بیکوژن و شجرە دوریان لە جێگەی دانا[xxviii]. مێـژوو نوسـان لـە بـارەی کۆتـایی هاتنی دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر و سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی مەمالیکی دەریایی بۆچونی جیاوازیـان هەیـە، هەنـدێکیان پێیان وایە بە کوشتنی مەلیك موعەزەم کۆتایی بە دەستەڵاتی ئەیوبیەکان هـات لـە میسـر، شـجرە دور دادەنرێـت بـە یەکـەم سوڵتانی مەمالیك لە میسر، بەڵام ڕای تر پێیان وایە دەستەڵاتی شجرە دور بەردەوامبوون و درێژبوونەوەی دەوڵەتی ئەیوبیە، بەڵام بۆچونی سێ یەم پێی وایە ماوەی دەستەڵاتی شجرە دور بە بەشێك لـە قۆنـاغی گواسـتنەوەو کۆتـایی هـاتنی دەوڵـەتی ئەیوبی و دروست بوونی دەوڵەتی مەمالیکی دەریایی دادەنرێت[xxix].

## بەشی دووەم / ڕۆشنبیری و ئەیوبییەكان

### باسی یەكەم: فەرمانڕەوایان و ڕۆشنبیری

لە مێژووی شارستانیەتی موسڵماناندا دیاردەیەكی نایاب بە دی دەكرێت ئەویش ڕۆڵی خەلیفەو پادشا وسوڵتانەكان و فەرمانرەوایانە بە گشتی لە بە شداری كردنیانە لە پەرەپێدانی لایەنی ڕۆشنبیری و خزمەتكردنی ڕەوتی زانستی لە سەردەمەكانی خۆیاندا لە شارو پایتەختی وڵاتەكانیاندا، ئەم دیاردەیە بۆتە مایەی تێروانین و تیارامانی توێژەران كە بەراستی بە یەكێك لە دیاردە دیارەكانی سەدەكانی ناوەراست دادەنرێت. زۆر جار كاتێك باس لە سەردەمی دەوڵەتێك یان میرنشینێك یان فەرمانرەوای ناوچەیەك دەكرێت زۆر ئەستەمە بتوانرێت فەرامۆشی لایەنی ڕۆشنبیری و زانستی و ئاواكاری بكرێت چونكە ئەم لایەنانە بە شاكاری ئەم كەسانە ئەژماردەكرێت لە سەردەمی فەرمانرەوایاندا، ئەم دیاردەیە زۆر لە مێژە دەركەوتووە، بەڵام بە پێی سەردەمە جیاوازەكانی دیاردەكە گۆڕان و گەشەسەندنی بەسەر هاتووە و زیاتر فراوانبووە و ڕووە دیارەكانی دەركەوتووە، بە تایبەتی لە سەردەمی خەلافەتی عەبباسی (١٣٢-٦٥٥ك/٧٤٩-١٢٥٨ز) ئەم دیاردەیە بۆتە بەرنامەی كاری خەلیفەكان زۆر بە تامەزرۆیی برەویان پێداوە و بەشێوەیەكی بەرنامە بۆ دارێژراوەی كاریان لەسەر كردووە، وە ئەم نەریتە بووە بە بەشێك لە بەرنامە و كاری زۆرێك لە دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و میرنشینەكانی ئەو سەردەمەو دوای ئەو سەردەمەش، بۆیە كاتێك سەیری ژیاننامەی هەر دەسەڵاتدارێك بكەین دەبینین پەشێكی زۆری تەرخان كراوە بە ڕۆڵی ئەو كەسایەتیە لە بواری زانستی ڕۆڵی لەپێشخستنی لایەنی مەعریفی و پەرەپێدانی دامەزراوەی فێركاری، وەك نموونە هەر یەك لە خەلیفە هارون رەشید و مەئمون و وەزیرنظام‌الملكی سەلجوقی و سیف الدولە الحمدانی و نور الدین زەنگی و چەندانی تر لەم ناودارانە كە شوین دەستایان لەو بورەدا دیارە[xxx].

وەكو نموونە ئاماژەی پێبكەین یەكێك لە سیما دیارەكانی سەردەمی خەلیفە (مـەئمون) حەوتـەمین خەلیفـەی عبباسـی بـووە (١٩٨-٢١٨ك /٨١٣- ٨٣٣ز) دامەزراندی خانەی حیكمەت بـووە لـە سـاڵی (٢١٥ك/٨٣٠ز) كـە وەكـو پـەیمانگایـەكی زانسـتی وابوو كە تیایدا كتێبخانەیەكی لە خوگرتبوو وە شوێنێكی تایبەت كرابوو بۆ چاپكردنی كتێـب، هـەروەها شـوێنی وەرگـێران و خوێندن و خوێندنەوەی پەرتووك بیانیەكانی تێدا بوو كە وەرگێرەكـان پشـتیان لـە وەرگێڕانـی كتابـە گـەورە سـەرەكیەكانی زمانی سنسكریتی و پەهلەوی و یۆنانی و سریانی دەبەست كە چـەندین كـەس لـەبواری وەرگێـڕان دەسـت كـەوت[xxxi]. ئـەو خانەیەی كە مەئمون كردیەوە كاریگەری لەسەر شۆڕشی زانستی هەبوو لەسەرجەم هەرێمەكاندا تەنانەت هەندێ ڕێبازو فكری فەلسەفی دامەزراند كە كوششیان دەكرد لەوانە فكرەی (الاعتزالی)[xxxii]، كە مەئمون پشـتی بـە عـەقڵ و مـەنتیق دەبەسـت لەهـەموو شـتێكدا بـە لێكدانـەوەی بـیرو ڕاكـان، سـەرەڕای ئـەوەی كـە كۆمـەڵێك لـەزانایانی فوقـەهاو وتـار بێـژان و زانایـانی ڕەوانبێژان (المتكلمین) قسەزانەكان و زمان زانان، شاعیران خاوەن پایە زانسـتیەكان، لـەدەوری خـۆی كۆكردبـۆوە كـە ئـازاد بوون لە ڕادەربڕین[xxxiii]. هەر ئەمەش وای كرد كە بەرگری لە لێهاتویی و بەیەكگەیشتنی زانایان بكات كـە لەشـوێنێك كـۆ دەبنەوە وەك كۆڕی رووبەروبونەوەی زانستی[xxxiv]، ئەمە بووە هۆی ئەوەی كە لەو ڕێگەیەوە بتوانیت بیروڕای جیاواز لـەناو زانایان لابدات كە دەیانكردە بەڵگە بۆ خۆیـان ئەمـەش وای كـرد كۆمـەڵێك لـە زانایـان دەربكـەون كـە لێكۆڵینـەوەیان دەكـرد دەربـارەی دروسـت بـوونی قورئـان و گفتوگۆیـان دەكـرد دەربـارەی خەلافـەت لـەدوای پێغەمبـەر (د.خ) و جێگرتنـەوەی جێنشینەكانی[xxxv]. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە كە لەسـەردەمی عەباسـیەكان زانسـت بـەرەو گەشەسـەندن و فـراوان بـوون چووە بەتایبەت كە ئەم سەردەمە بەسەردەمی نووسینی كتێب بەناوبانگە كە بووە هۆی دەركەوتنی كۆمەڵێك لـە زانایـان كـە لەم بوارەدا كاریان دەكـرد[xxxvi]، كـە گەرانـەوە بـۆ كتـێبی نووسـەر ابـن النـدیم (**٣٨٥ك/٩٩٧ز**) كـە بـە نـاوی (الفهرسـت)ە بەڵگەیەكی حاشە هەڵنەگرە لە سەر دەوڵەمەندی ئەم سەردەمە لە بوونی كتێب و زۆری چاپ كردنی كە زۆریك لەو كتێبانە لـە نێوچوونە[xxxvii].

کاتێك کە باسی لایەنی ڕۆشنبیریدەکەین پێویستە ئاماژە بکەین بە پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەم لایەنە، کە خۆی دەبینێتەوە لە بوونی کەسانێکی کە هەمەلایەن بن لە مەعریفە و زانیاری کە حەزو خولیای زانست و خوّ ڕۆشنبیری بن، وە گرنگی بدەن بە زانایان و تەرخان کردنی سەروەت و سامانیان بو خزمەت کردنی ئەم لایەنە بەتایبەتی ئەم کەسانە لە پایەی دەسەڵات بن کارگێری وولاَتیان بە دەستەوە بێت، وە پێکهاتەیەکی تر بوونی زانا لە زۆر بواری جیاواز دا کە ڕۆل ببینن لە بواری فێرکردن وە ئەمانە لە سایەی سیستەمێکی دەسەلاَتی تەندروستە کار بکەن و خزمەتێکی زۆر بکرێن و پشت گوێ نەخرێن لە لایەن دەسەلاَتدارەوە، پێك هاتەیەکی تر بوونی دامودەزگای زانستی یە لە وولاَت کە بنیاد نرابێت لە لایەن دەسەلاَت داران و یان هەر کەسێکی تر لە پێناو خزمەتکردنی ئەوانەی کە ئارەزووی فێربوون و فێرکردن دەکەن، بوونی بابەتی زانستی تا ئەم بابەتانە هەمە جۆر بێت زیاتر کاریگەر و بەهێزتر دەبێت(xxxviii).

ڕاستیەکی حاشە هەڵنەگرە کە لایەنی زانستی پێکهاتەیەکی سەرەکی لایەنی شارستانی هەر کۆمەڵگایەکە، گەر ئەم لایەنەی تێدا زیندوو بوو واتای ئەویە کە ئەو کۆمەڵگایە بەرەو هەڵکشانی شارستانی دەچێت، وە ئەگەر بێت و تەماشای شارستانی ئیسلامی بکەین بە درێژایی سەردەمی دەسەلاَتی یان لەو کاتانەی کە خاوەن دەسەلاَتێکی بەهێز بووە ئەوە گرنگیەکی زۆر دراوە بە لایەنی زانستی بە تایبەتی لە لایەن کەسانی یەکەمی وولاَت(xxxix).

## باسی دووەم / ڕۆشنبیری تاکەکانی بنەماڵی ئەیوبی

سوڵتانەکانی بنەماڵەی ئەیوبی دابڕوا نەبوون لەو تەوژمە جۆراوجۆرە لە چالاکی هزری کە وولاَتی میسرو شام بەخۆیانەوە بینیویانە لە سەدەی شەشەم وحەتەمدا، هەرچەندە ئەم سوڵتانانە زۆر جار بەکاری کارگێری و بەرپرسیارێتیەوە خەریك دەبوون بەڵام ئەم بوارەیان پشت گوی نەخستبوو، لە پێشەکی کارەکانیان هەوڵدان بووە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی و پاڵپشتی ئەندامەنی تری بنەماڵەی ئەیوبی بۆ دەسەڵاتەکانیان و دانان بە دەسەڵاتی بوون بە سوڵتانیان، هەرچەندە ئەم هەوڵوکۆششەیان زۆر جار دووچاری ململانی ناوخۆی دەکردن و کێشەی توند دەکەوتە نێوان میرو پادشایانی ئەیوبی وە ئەم دیاردەیە لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی بارودۆخی سیاسی دەوڵەتی ئەیوبی بوون. گرنگیدانی پادشاو سوڵتانەکانی ئەیوبی بە لایەنی ڕۆشنبیری و چالاکی هزری لەو کۆڕە زانستیانەی کە کۆشکەکانیان بە بەردەوامی لە خۆی دەگرت دەردەکەوێت، کەتێدا گەورە زانا و فەقیهەکان و سونە ئاینزە لە خۆ دەگرت بۆ ڕووبەڕووبونەوە و گفتوگۆکردن یان گرێدانی کۆڕی ئامۆژگاری و بەئاگاهێنانەوە، یان گفتوگۆکردن لە سەر هەندێ بابەتی زانستی، لەم ڕێگایەوە سوڵتانەکان خۆیان دەور دەدا بە زانا و شارەزایان وە لێیانەوە برێکی زۆر زانیاری و ڕۆشنبیری ئەو سەردەمەیان پێدەگەیشت، نەك ئەوەندە بەڵکو هەندێکیان وەك و خوێندکار لە کۆڕی زانستی دادەنیشتن کە لەلایەن گەورە زاناکان و فەرموودە ناسەکانەوە بەڕێوەدەبران، هەروەها هەندێکیان بەکەسایەتی زۆر شارەزاو ناودار دەوری خۆیان دابوو بریتی بوون لەو کەسانەی کە خاوەنی ناوبانگ و خاوەنی توانایەکی لەبن نەهاتووبوون لە بواری زانستی وئەدەب لە دادوەر و نوسەرو راوێژکارەکان وە ئەمانە زۆر پۆستی کارگێری هەستیاران لە دەوڵەتدا پێدرا بوو وەك وەزارەت و بەرپرسیارێتی دیوان، سەرەرای پۆستی ئایینی وەکو وتار دان و پێشنوێژی و سەرۆکایەتی مەزهەبەکان و چەندین پۆستی تر کە لەوکاتدا لە دەوڵەتدا بوونی هەبوو(xl).

ئەوەی جێگای باسە ئەوەیە کە سیمای ڕۆشنبیری زۆر بە ڕوونی دەبینرێت لە سەردەمی دەوڵەتی ئەیوبی (٥٧٠ – ٦٥٨ك) وە سوڵتانەکان و پاشایان وە خاتونەکانی ئەم بنەماڵەیە زۆر باڵا دەست بوون لە بواری زانستی ئاواکاری نەك هەر ئەوە بەڵکو زۆریان لە ئاستێکی زۆر بەرزی ڕۆشنبیریدا بوون بەڵکو زۆر دەست کراوە بوون لەخزمەت کردنی زانایان و کۆکردنەوەیان لەدەوری خۆیان(xli)، وە هەروەها تەرخان کردنی سامانێکی زۆر بۆ دروست کردنی دامودەزگای فێرکاری کە سیمایەکی زۆر پرشنگداری دەدا بە سەردەمی دەسەڵاتی ئەم بنەماڵەیە، وە ئەم بنەماڵایە تەنها لە بواری جەنگ و ململانێ

چـەکداری چـالاك نەبوونـە بـەڵکو لـە بـواری شارسـتانی رۆڵێکـی کاریگـەریان هـەبووە جـێ پـێ و دەسـتیان زۆر بـە ڕوونـی دیارە[xlii]، زۆرێك لە پادشایانی ئەیوبی دەستی شـیعر نووسـین و بڵاوکردنـەوەی کتـێبی زۆر نایابیـان هـەبووە چ لـە بـواری ئایینی یا ئەدەبی یا خود مێژوو یان لایەنەکانی تر[xliii].

ئەیوبیەکان ئەو بنەماڵە کوردە بوون کە توانییان لە سالی (٥٧٠ك/١١٧٤ز) دەوڵەتی ئەیوبی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بکەن، وە قەڵەم ڕەوی ئەم دەوڵەتە لە وڵاتی میسرەوە دەست پێ دەکات وە بەشێك لە سودان و وڵاتی یەمـەن و حیجـازو هەموو وەڵاتی شام و موسل و جەزیرە[xliv]، وە سەلاحەددینی ئەیوبی یەکەم سولتانی ئـەم دەوڵەتـە بـوو وە مـەلیك ناسـیر کۆتا پادشای ئەیوبی کە بە دەستی مەغۆلەکان لە ساڵی (٦٥٨ك/١٢٦٠ز) لەسێدارە درا بـە مردنـی ئـەم پادشـایە کۆتـایی بـە دەوڵەتی ئەیوبی دێت(xlv). لەو ماوەیـەدا کـە ئەیوبیـەکان دەسـەڵاتیان هـەبوو توانییـان سـەرکەوتنی زۆر مـەزن لـە بـواری سەربازی و ڕامیـاری بـە دەسـت بێـنن، وە سـەرکەوتن لـە شـەڕی(حطـین)ڕزگـار کردنـی قـودس بـە شـای سـەرکەوتنەکانیان دەژمێردرێت[xlvi]، وە هەروەها توانیان لە ڕووی کارگێڕییەوە دەسەڵاتێکی زۆر پتەو دابنێن هەرچـەند هەنـدێ جـار کێشـەی ناوخۆیی دەبووە مایەی لاوازی بۆ ئەم دەوڵەتە[xlvii].

ئەوەی شایەنی باس بێت ئەوەیە کە زۆرێك لە پاشایانی ئەم بنەماڵەیە لە ئاستێکی بەرزی رۆشنبیریدا بوون وە زۆر گرنگییان داوە بە ئاواکاری، هەرچەندە ئەم دەوڵەتە بەدرێژایی تەمەنی لە ململانیەکی سەختدا بوون دژی هێرشی یەك لە دوای یەکی خاچیەکان بۆ سەر دەوڵەتەکەیان، بەڵام بەهیچ شێوەیەك کەم تەرخەم نەبوون لە پەرەپێدانی لایەنی مەعریفی و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و بنیاد نانی دامودەزگای ئایینی و فێرکاری و خەزمەتگوزاری، وە ئەوانەی کە دامودەزگای زانستییان دروست کردووە زۆر هەوڵیان داوە کە سەرچاوەیەکی داهاتی جێگری بۆ دابین بکەن لە پێناو بەردەوام بوونی ئەم دامودەزگایانە لە خزمەت کردنی بێ وەستان، بۆ ئەو مەبەستە زۆر وەقفیان بۆ دائەنا بۆ ئەوەی ئەوانەی کە پەیوەندییان پێوە دەکرد لە فێرخوازان لە ئاستێکی بەرزی خوشگوزرانیدا بن لە پێناو بەردەوام بوونیان لە وەرگرتنی زانست بێ ئەوی توشی هیلاکەت بن. بۆ نموونە هەر یەك لە شارەکانی قاهیرە و دیمشق و حەلەب و بیت المقدس لە (سەدەی حەوتی کوچی /سیانزەی زایەنی) نموونەی ئاوەدانی وپەرەپێدانی تەوەژمی شارستانی بووە لە سەردەمی ئەیوبیەکان وە ئەم شارانە بەختەوەرترین شار بوونە لە سەردەمی ئەیوبی وە گەر سەردانی ئەم شارانە بکەی شوێنەواری ئاوەدانی لە قاهیرە و دیمەشقی کۆن وقەڵای حەلەب دەوربەری زۆر بەڕوونی دەبینرێ کە زۆرێك لە بیناکانی پاشماوەی ئەو سەردەمانەن[xlviii] وئیبن جوبیر شایەتحاڵی ئەم ووتانەیە کاتێك لە سەردانەکەی بۆ شاری دیمەشق ئاماژە بە زۆر لەو دامودەزگایاندا دەکات لە کتێبە بەناوبانگەکەی (رحلە ابن جبیر)[xlix].

دروست کردنی دامەزراوەی فێرکاری یەکێك بووە لە کارە جوانەکانی پادشاو سوڵتانەکانی بنەماڵەی ئەیوبی بەتایبەتی لە درووستکردنی قوتابخانە و خزمەتکردنی بواری زانستی شتێکی دانەبڕاوبوو لەباسی مێژوویی بنەماڵەی ئەیوبی، گەر بێت و باسی مێژووی دەرکەوتنی خوێندنگا بکەین ئەوە دەبینین کە لەساڵی (٤٥٩ك/١٠٦٦ز) لە شاری بەغداد خوێندنگای نیزامیە لە لایەن وەزیری سەلجوقیەکان (نظام الملك)درووستکرا، بەم شێوەیە بواری درووستکردنی خوێندنگا گەشەی کرد، نور الدین زەنگی لە گرنگی دان بە خوێندن و فێربوون دروستکردنی دامەزراوەی فێرکاری رۆڵی بەر چاوی هەبوو[l]، وە ئەم رێچکەیە ئەیوبیەکانیش گرتیانە بەر لە سەر هەمان رێگای پێشینەکانی خۆیان دەرۆیشتن لە پێناو بڵاوپێکردنی ئاینزەی سونەگەری بەر گرتن لە بڵاو بوونەوەی شیعەگەری و دروست کردنی بەرەیەکی بەهێز بو وەستان بەرامبەر خاچیەکان و تەوژمی شیعەگەری کە لەو کاتەدا مەترسی بوو لە سر بوون و پێگەی دەوڵەتی عەبباسی ئەو هێزو دەسەڵاتانەی کە لە سەر سونەگەری هەژماردەکران[li]، گەر بێت بمانەوەی باسی ئەیوبیەکان بکەین لەم بوارەدا ئەوە دەبێت سەرەتا قسە لە سەر مامی سەلاحەددینی ئەیوبی ئەسەددین شێرکۆ بکەین کە لەم بوارەدا سەربڵند و جێ دەستی دیاربوو لە خزمەتکردنی زانایان

و دروستکردنی قوتابخانە لە شارەکانی (حەلەب و دیمەشق)، کە شێرکۆ بەوە ناسرابوو، کە کەسانی زانا و زانستخوازی خۆش ویستووە، هەمیشە پشتگیری لێ کردوون و یارمەتی داون و بەردەوام هانی داون بۆئەوەی خزمەت بکەن لە بواری پەروەردەو فێرکردنی ڕۆڵەکانی موسوڵمان[lii].

سەلاحەددین ئەیوبی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بواری رۆشنبیری و زانستی بینیوە هەروەك مێژوونوسان باسیان کردووە کە گرنگی زۆری بە زانایانی سەردەمەکەی داوە، سەرەرای توانای لەبن نەهاتووی خودی خۆی لە بواری زانستیدا و لەگەڵ هەوڵەکانی بۆ پەرەپێدانی ڕەووتی مەعریفی لە دەوڵەتەکەیدا، هەروەها ئەو سیاسەتە ژیرانەی کە سەڵاحەددین هەیبوو لە پێشخستنی زانستدا، بۆیە دەستی کرد بە دروستکردنی خوێندنگا لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیدا، کۆکردنەوەی گەورە بیرمەند و زاناکان لە دوڵەتەکەیدا سەرەرای دەسکراوەیی لە خەرج کردنی سەروەت و سامان لەو پێناوەدا [liii]. کە بەتایبەت لەشاری دیمەشق نزیکەی (٢٦) خوێندنگای دروستکردوە[liv]. کەئەمەش وایکرد کە دیمەشق لەسەردەمی ئەیوبیەکان زۆرترین گەشە بەخۆیەوە ببینێ لەبواری زانستی و رۆشنبیریدا، ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆڵەکانی بنەماڵەی ئەیوبی بەشداریان لەم بزوتنەوە رۆشنبیریە کردو خوێندنگایان لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتیان دروست دەکرد، سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندنگاکان لەلایەن میرەکانەوە دروست دەکران کە گشت دەسەڵاتداران ڕۆڵیان هەبووە لە پێشخستنی زانست بەتایبەتی لە دروستکردنی خوێندنگا و دابینکردنی لە تەواوی لایەنەکانی خوێندنگاکە کە سامانێکی زۆر لەم بوارەدا خەرج دەکرا، ئەو خوێندنگایانە زیاتر بۆ ئەوە بوون بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئیسلامی بەشێوەیەکی بەرفراوان و بەرچاو بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی هەبووە بە زانستی ئیسلامیەوە[lv]، پاشان بڵاوکردەنەوەی ئاینزەی شافیعی بەسەرنج و وریایەوە تاوەکو ئامانجەکەیان بەدیهێنا[lvi].

لەو کەسایەتیانەی تری بنەماڵەی ئەیوبی کە ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە لە دروستکردنی خوێندنگا بە تایبەت (مظفر تقي الدين عمرى ابن شاهنشاي أيوبي)(٥٨٧ك/١١٩١ز) کوڕی برای سەڵاحەددین بوو، کە لەشاری دیمەشق خوێندنگایەکی درووستکرد بەناوی (التقويه) کە دەکەوێتە باکووری مزگەوتی ئەمەویە ئەم خوێندنگایە بە خوێندنگایەکی گەورە هەژمار دەکرێت کە لەساڵی (٥٧٤ك/١١٧٦ز) دروستکراوە[lvii]. وەهەروەها لە چالاکیەکانی پاشاکانی ئەیوبیەکان نوسین ودانانی پەرتوك و پیاچونەوە بووە و ئەمە بەشێکی دانەبڕاو بووە لە تاکەکانی ئەم بنەماڵەیە لە وانە مەلیك ناسر داود کتابێك دادەنێ بە ناوی" الفوائد الجلية في الفرائد الناصرية "و بەشێکی لە کتابەی تەرخان کرد بە باس کردنی ڕەچەڵەکی بنەماڵەی ئەیوبی و بەشێکی تری تەرخان کرد بۆ شیعرە[lviii]، وە مەلیك مەنسوور محەمەد (٦١٧ ك /١١٢٠ز) دەسەڵاتداری حەماە پەرتووکێکی نووسی بەناوی (مێژووی حەماە) وە ناوی ئەو کەسانەی تێدا نووسی کە سەردانی حەمایان کرد بوو لەوەی ماونەتەوە ناوی نا "المضمار في التواريخ"[lix]،وەهەروەها ئەستەمە بتوانرێ ڕۆڵی(ابو الفداء)(٧٣٢ك/١٣٣١ز) فەرامۆش کەین کە بە یەکێك لە مێژوونووسە بەناوبانگەکانی مێژووی ئیسلامی دادەنرێت و هەردوو کتابەکەی (تقويم البلدان) کە سەرچاوەیەکی گرنگی جوگرافیای مێژوویە و (المختصر فى اخبار البشر) کە لە چوار بەش پێك هاتووە، دەربارەی مێژووی گشتیە، بە یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکان دادەنرێت کە ناکرێ توێژینەوە لە سەر ڕووداوەکانی سەدەی شەش و حەوت و چارەگی یەکەمی سەدەی هەشتی کۆچی بکرێ ئەم سەرچاوەیە پشتگوێ بخرێ، وە ئەم نووسەر نموونەی زیندووی و بەرزی ئاستی رۆشنبیری بنەماڵەی ئەیوبیە[lx].

توێژەر وای دەبینێ کە چەند کەسایەتیەکی ئەیوبی دەسنیشان بکرێت وە ئاماژە بکرێت بە ئاستی ڕۆشنبیریان و ڕۆڵیان لە بنیادنانی دامودەزگای زانستی، وەپێویستە ئەوەش بووترێت کە خاتونەکانی ئەیوبی ڕۆڵی باڵایان بینیوە لەم بوارەدا، وە پێویستە و دەبێت نموونەی ئەم ڕۆڵەیان دیاری کەین بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئافرەت لە سەردەمی ئەیوبی خاوەنی چالاکێیەکی گەورە بووە لە بواری شارستانی و ئاواکاری، لەو کەسایەتییانە کە دیاریمان کردوون کە باسی ئاستی

ڕۆشنبیریان بکەین بریتین لە (سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی، کورەکانی سەلاحەددین، مەلیك عادیل، مەلیك موعەزەم، مەلیك کامیل، ساڵح نەجمەدین ئەیوب، ست شام، صەفیە خاتوون...، و کتێبخانە لە سەردەمی ئەیوبیدا).

## باسی سێیەم: ڕۆشنبیری سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی( ٥٨٩ك/١١٩٣ز)

سەلاحەددین لەو ڕۆژە لە دایك بوو کە بنەماڵەکەی کۆچیان کرد بەرەو موسڵ لـە سـاڵی (٥٣٥ك/١١٤٠ز)، وە ئـەو بارودۆخـەی کە خێزانەکەی پیدا تێدەپەڕی وای کرد زۆر بگوازنەوە لەم شار بۆ ئەو شار، منداڵی لە موسڵ بەسەر بردووە وە کاتێك بـاوکی بو بە کاربەدەستی بەعلەبەگ لەگەڵی کۆچی کرد بۆ ئەو شارە، لـە بـەر ئـەوی کـوری کاربەدەسـتی شـارەکە بـوو گرنگیـەکی تایبەتی پێ دەدرا، بۆیە زۆر زوو دەستی بە پرۆسەی خوێندن و فێربوون کرد وە بەتایبەتی لە سەرەتاوە دەستی بە فێربوون کرد لە زانستە شەرعییەکان (قورئانی پیرۆز و فەرمودە) [lxi] زانستەکانی تر وەکو زمانی عەرەبی و مێژوو و ڕەچەڵەك[lxii].

بەڵام کاتێك کە بنەماڵەکیان کۆچیان کرد بەرەو دیمەشق سەلاحەددین زۆر سـوود مەنـد بـوو چـونکە تـوانی تێکـەل بێـت بـە گەورە زاناکانی ئەم شارە وە توانی زانستیان لی وەرگرێ، زانستی فەرمودەی لە ژێر دەستی زانای گەورە(الحافظ ابـي طـاهر السلفي(٥٧٦ك/١١٧١ز)، ابي الحسن علي بن ابراهيم بن المسلم، ابن بري النحوي(٥٨٢ك/١١٨٦ز)، ابي الفتح محمود بـن احمـد الصابوني، أبو الطاهـر بــن عوف (٥٨١ك/١١٨٥ز)وەهەروەهاسودی لە وانەکانی زانای گەورەعبد الله بن ابي عصرون وەرگرت کە لە مزگەوتی ئەمەوی دەیوتەوە وەهەروەها ئەو زانایە لە لایەن سەلاحەددینەوە ڕێزی لێنرا وە کردیە کەسێکی زۆر نزیك لە خۆی، سەلاحەددین فێری زۆر لە زانستەکانی سەردەمی خۆی بوو، وەبە ڕۆشنبیری خەڵکی ئەوسەردەمە خۆی ڕۆشنبیر کرد، توانی لە تەمنی منداڵیەوە شارەزایی لە زانستی قورئان پەیدا بکات و هەندیکی لی لە بەر بکات وە گەنجێکی قورئانی بـوو لـە تەمەنی منداڵیەوە، وە وانەی فیقهی خوێندوە وەهەروەها زانستی فـەرمودەی خوێنـدوە. لـە کـاتی بـوونی بـە سـوڵتان زیـاتر گرنگـی دا بـە لایـەنی زانسـتی وە زۆر ئامـادەی کـۆڕی زانایـان دەبـوو وە گـوێ لـی دەگـرتن بەشـداری دەکـرد لـە بابـەت و توێژینەوەو لێکولینەوەکانییان، زۆر حەزی لە گوێ گرتن بوو لـە فـەرمودە بـە ئیسـناد (گێرانـەوە) وە وتووێـژی لـە گەڵیانـدا دەکرد لە سەر زانستی شەرعی وە لە بەر زۆر لەم بوارەندا تێکەل دەبوو لە (أحکام الشرعیە) زۆر شـارەزا بـوو بۆیـە زۆر جـار گفتوگۆی لە گەڵ دادوەرو شارەزایان دەکرد[lxiii]. وەهەر کەسێك لە گەڵیدا دادەنیشت وای دەزانی لەگەڵ برایەك لە برایـان دانیشتوە نەك سوڵتان، وە شارەزایەکی زۆری لە ئاینزەی شافیعی هەبوو وە کتابی زانا (نجم الدین بن الموفـق الشـافعي) کـە ناسرابوو بە الخبوشاني (تحقیق المحیط) کە لە شانزە مجلەد پێك هاتبوو لە بەر بوو[lxiv].

لەم باریەوە مێژوونوس ابن شداد (٦٣٢ك/١٢٣٤ز)ئاماژەیەکی ڕوونی بۆ ڕۆشنبیری و توانای زانستی سوڵتان سەلاحەددین کردوەو دەڵێ:((وتفهم من ذلك ما يحتاج الى تفهمه،بحيث كان اذا جرى الكلام بين يديه يقول فيه قولاً حسناً وان لم يكن بعبارة الفقهاء)) [lxv].

ئەوەی زانراوە کە سوڵتان سەلاحەددین لە ڕێگای ئەم کۆڕە زانستیانەوە توانایەکی ڕۆشنبیری زۆری لە بواری شەرعی و زانستی وەرگرت ئەم کۆڕانە بە ئامادەبوونی خۆی گرێدەدرا و بە بەشداری خودی خۆی بەرێوە دەچوو، هەروەها بەناوبانگترین زانای سەردەمی لە خۆی نزیك کردبووە لە وانە(القاضي الفاضل (٥٩٦ك/١٢٠٠ز) والعماد الكاتب الاصفهاني (٥٩٧ك/١٢٠١ز) والقاضي بهاء الدين کوری شداد (ت٦٣٢ك/١٢٣٤ز). ئەوەی وەك شاهیدیەك وا بوو بۆ ڕۆشنبیری ئاینی سوڵتان ئەو زانیاریە بوو کە لە سەر زانستی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و لە بەرکردنی قورئانی پیرۆز و بەردەوام بوونی لە خوێندنەوەی هەی بوو لە گەڵ دانانی دیاری گرانبەها بۆ هەرکەسێ کە فێری خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز یان بتوانێت هەموو قورئان لەبەر بکات. سەرەرای بوونی ئارەزوویەکی زۆر بۆ گوێ گرتن لە فەرموودە و پیاچوونەوەی لە لایەن گەورە زانایانەوە

و بۆ ئەو مەبەستە دوو جار گەشتی بۆ شاری ئەسکەندەریە کردووە، یەکەمسەردانی لە ساڵی ٥٧٢ك/١١٧٦م لە گەڵ هەردوو کورەکەی (الافضل علي والعزيز عثمان)لەوەی گوێ گرت لە فەرموودە لە ژێر دەستی(الحافظ أبي طاهر السلفي) (٥٧٦ك/١١٨٠ز)[lxvi]، سەردانی دوومی لە ساڵی (٥٧٧ك/١١٨١ز) لەوەی گوێ گرت لە (الموطأ)لە ژێر دەستی فەقیە(أبي الطاهر بن عوف)(٥٨١ك/١١٨٥ز)[lxvii].بەدرێژایی مانەوەی لە قاهیرە بەم شێوەیە ژیانی دەگوزەراند، زۆر هەوڵی دەدا کاتێك دیاری بکات بۆ گوێگرتن لە فەرموودەی پیروز لە کوری زانا (زين الدين بن نجيه) (٥٩٩ك/١٢٠٢ز)، ئەم زانایە سەرۆکی ئاینزەی حەنابلیەکانی میسر بوو لەوکاتەدا لە گەڵ منداڵەکانی، هەروەها گوێ لە فەرموودە دەگرت لە ژێر دەستی زانا(ابراهيم بن مسلم و ابي الفتح الصابوني) [lxviii].

هەروەها گرنگی دان بە ڕووداوەکانی مێژوو و ژیاننامەی پادشایان و گەورە پیاوان لەنێو حەزوخولیاکانی سەڵاحەددین بووە زۆر گرنگی پێداوون، گوێگرتنی لە مێژووی رۆژانی عەرەب و عەجەمەکان لە ژێر دەستی زانای ناودار ئەبو سەعیدی البنديهی (٥٨٤ك/١١٨٨ز) بووە، ئەم زانایە لە زۆربەی زانایان زیاتر نزیك بووە لە سەڵاحەددین بەردەوام لە گەڵی بووە بەهۆی لێهاتووی لە ڕووی ڕەوان بێژی و بەرزی ئاکاری[lxix]، وە لە کاتی بوونی لە وڵاتی شام وسەرکردایەتی کردنی لەشکرکێشیە سەربازیەکان لە دژی خاچیەکان، سەڵاحەددین هەوڵی داوە بە هیچ شێوەیە دانەبڕێ لەو کۆڕە زانستیانەی کە بە بەردەوامی دابەسترا، لەم بارەیەوە (اليونيني)(٧٢٦ك/١٣٢٦ز)دەڵێ: " کە سوڵتان سەڵاحەددین لە پێشەوەی ئەو کەسانە بوون کە ئامادەی وانەکانی زانا(نجم الدين البادرائي)(٦٥٥ك/١٢٥٧ز) بوو لە زاناکان و فەقیهەکان و دادوەرەکان و گەورە پیاوانی وڵات، کاتێك بۆ یەکەم جار خوێندنگەیەی(البادرائية)کردووە کە لە دیمەشق دروستی کرد"[lxx]. وەهەروەها گرنگی زۆری بە زمانی عەرەبی و ئەدەبەکەی داوە و زانایانی ئەو بوارەی لە خۆی نزیك کردوّتەوە و ڕێزی لێگرتوون، گوێ گرتنی لە وانەی نەحو لە سایەی زانای ناوداری نەحوی عبدالله کوری برِی (ت٥٨٢ك/١١٨٦ز) بووە، وەهەروەها لەو بارەیەوە وتراوە کە دیوانی (الحماسه)ی ئەبی تمامی لە گەڵ قورئانی پیرۆزی و کتێبی (التنبيه) فقهی شافعی لەبەر بووە[lxxi]. سەڵاحەددین خاوەن هەستێکی جوان بوو لە گێرانەوەی شیعرو هەڵسەنگاندن و لە بەر کردنی،لەو بارەیەوە ابنكثير(٧٧٤ك/١٣٧٢ز) دەڵێ کە سەڵاحەددین دیوانە شیعرەکەی میر اسامە بن مونقیز لە هەموو دیوانە شیعریکان پێ باشتر بوو: " له ديوان شعر كبير، وكانصلاح الدين يفضله على سائر الدواوين"[lxxii]. وەهەروەها دەوری خۆی دابوو بە کۆمەڵێك زانا و نووسەری بەناوبانگی ئەو سەردەمە وە لە کۆشکەکەی کۆیانی کردبووە وەك وقاضي الفاضل و ابن شداد و عماد الدين الكاتبوە زۆریکی تر لە زانایان، وە سەڵاحەددین لە ستایشی (قاضي الفاضل) دوای مردنی دەڵێت " وامەزانن من ئەم وڵاتەم بە شەمشێرەکانی ئێوە بەدەسهێناوە بەڵکو بە پێنووسەکەی فازیل"[lxxiii]،وە هەروەها زۆر ڕاوێژی لە گەڵ ئەم زانایانە دەکرد و مێژوونوس ئەبو شامە (٦٦٥ك/١٢٦٦ز) لەو بارەیەوە دەڵێت " هیچ فەرمان و بریارێکی نەدەدا تا وەکو پرس و راوێژی بەو نەکردایە " واتا العماد الکاتب[lxxiv]،وەهەروەها زۆرێك لە نووسەرەکانی ئەو سەردەمە ستایشی سەڵاحەددینییان کردووە وەك ئوسامەی کوری مونقیز کە خاوەنی کتابی (الاعتبار)ە، وە هەروەها زانای گەورە عبد اللگیف بغدادی (ك٤٦٣ك/١٠٧٠ز) لە کتابەکەی (الافاده والاعتبار) دەڵێت:" سەردانی سەڵاحەددینم کرد لە دیمەشق... بینم لیێ کە پادشایەکی مەزنە و چاوەکان پڕ دەکات لە جوانی و دڵ پڕ دەکات لە خوشەویستی، نزیکەو ئاسانە، کۆرەکەی پڕ بوو لە خەڵکی زانست خواز و گفتوگۆ و باسی چەندها زانست تێدا دەکرا، خۆی زۆر بە چاکی بەشداری دەکرد و گوێ دەگرد، هاورێکانی شوێن پێ دەگرن و چاوی لێدەکەن و پێشپرکێی لە گەڵ دەکەن بۆ چاکەکاری"[lxxv].

ئەم ئاستە بەرزی سەڵاحەددین لە بواری ڕوشنبیری و زانستی و حەز کردن لە زانایان و هاوڕییکردنیان وای کرد دەس کراوە بێت لە پاداشت کردنیان وە جگە لەمە دەستی کرد بە دامەزراندنی چەندین دامەزراوەی فێرکاری و خزمەتگوزاری[lxxvi] کە

ئەم دامەزراوانە سیمایەکی شارستانی زۆر مەزنی بەخشی بوو بە دەوڵەتی ئەیوبی، ئەوەی شایەنی باس بێت تەنها ئاماژە بە گرنگترین ئەو دامەزراوانە دەکەین کە سەڵاحەددین دروستی کردووە لە وولاّتانی میسر و شام و بیت المقدس.

سەرەتای چالاکییەکانی سەڵاحەددین لە دامەزراندنی فێرگە لە وولاّتی میسر دەستی پـێ کـرد وە ئـەو یەکـەم کـەس بـوو کـە خوێندنگای نموونەیی لە میسر دروست کرد، لە قرافەی بچوك لە تەنیشت قەبری ئیمام شافعی خوێندنگایەکی دروست کرد لە سـاڵی (٥٧٢ك/١١٧٦ز) ناسـرابوو بـە (تـاج المـدارس) وە (نجـم الـدين الخبوشـاني)(٥٨٧ك/١١٩١ز) مامۆسـتـای بـوو، وە دوو خوێندنگای تری دروست کرد بە ناوی ناسریە لـە تەنیشـت مزگـەوتی عـەتیق (٥٦٦ ك/١١٧٠ز) لـە مامۆسـتاکانی (عیسـی بـن الصاحب برهان الدين السنجاري) بووە و خوێنـدنگای (القمحیـە) جگـە لـە دروسـت کردنـی مزگـەوت و بیمارسـتانی ناسـریە و ئسکەندەریە[lxxvii]. هەروەها لە وولاّتی شام چـەندین خوێنـدنگای دروسـتکردووە لـە وانـە خوێنـدنگای ئەلسـەلاحیەیە ئـەم خوێندنگایە لە نزیك گۆڕستانی نوریيە کە دروستکەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (نور الدين محمـود زنگـی) وە تـەواو کـردن نـۆژەن کردنەوەی دەدرێتە پاڵ سولتان سەلاحەدین رزگار کەری (بيت المقدس)[lxxviii]. ئـەم خوێندنگایـە کراوەتـە وەقـف لەسـەر پەیڕەوکەرانی ئاینزەی مالیکی کە یەکێکە لە گرنگترین خوێندنگاکانی مالیکی هۆکاری ئەوەی کە ناو دەبرێت بە (الصـلاحیە) ئەوەیە کە سەڵاحەددین خۆی دروستی کردووە، یاخود تەواوی کردووە لە دوای (نور الدين محمود زنگی)، کە وانە بێـژان لـەم قوتابخانەیە بریتی بوون لە هەر یەکە لە (جمال الدين عيمان بن الحاجي) لە دوای ئەویش (شێخ زين الدين عبدالسلام الزواوي) پاشـــان ئـــەویش بەخشـــیيە زاواکـــەی بـــەناوی (جمـــال الـــدين يوســـف الـــزواوي) ئـــەویش بـــەردەوام بـــوو تـــاکو ســـاڵی (٦٤٧ك/١٢٤٩ز)[lxxix].

هەروەها لە وەڵاتی شام سەڵاحەددین چەندین دامەزراوەی ئاینی و فێرکاری تری دامەزراندوە، لـە وانـە خوێنـدنگای (کلاّسـە) کە لە سەردەمی نور الدين محمود زنکی دروستکراوە، وە سەلاحەددین ئاوەدانی کردوە لـە سـاڵی (٥٧٥ك/١١٧٩ز). هـەروەها خوێندنگای غزالییە کـە لـە سـەردەمی نـور الـدين محمـود زنکـی دروسـتکراوە، وە سـەڵاحەددین ئـاوەدانی کـردوە لـە سـاڵی (٥٧٥ك/١١٧٩ز). هەروەها خوێندنگای صلاحیە لە شاری قـودس سـاڵی (٥٨٨ك/١١٩٢ز) دروسـت کـرد. وە خوێنـدنگای (دار الغزل) سەڵاحەددین دروستی کردوە بۆ ئاینزەی مالکی، وە ئەوقاف زۆر بۆ دانا. وە لـە پـاڵ خوێنـدنگا سـەڵاحەددین چـەندین مزگەوت و خانەقای سۆفیگەری دامەزراندوە. لە گەل دروست کردنـی بیمارسـتان لـە وانـە بیمارسـتانی قـودس بـۆ چارەسـەر کردنـی نـەخوش[lxxx]، هـەروەها بیمارسـتانی سـەڵاحیە یـەکێکی تـرە لـەو دامەزراوانـەی کـە سـەڵاحەددین لـە سـاڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) دوای ڕزگار کردنی قودس دایمەزراندوە و خوێندنگایەکی پزیشکی لە تەنیشتی کردەوە، وە ئەم بیمارسـتانە پێك هاتبوو لە چەند بەش یان هوڵ هەر یەکی لەوانە تەرخان کرا بوو بۆ جۆریکی تایبەتی نەخوشی[lxxxi].

یەکیکی تر لە چالاکیە ئاواکاریەکانی سـەڵاحەددین لـە بـواری فێرکاریـدا دروسـت کردنـی خانـەقا بـوو، کـە ئـەویش خانـەقای (سەڵاحیە) بووە، لە لایەن سوڵتانەوە دروست کراوە لە ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) لە بارەگـای پێشـتری (لبطریـرك القـدس: ئـەو نازناوە و پێگەیە بوو کە سەرۆکی ئەسـقوفیەکانی قـودس هـەیبوو)[lxxxii] لـە تەنیشـت کەنیسـەی (القبر المقـدس) لـە لای بەشی سەرەوەی، وە سوڵتان وەقفی کرد لە سەر هەژارەکان و سوفیەکان لە عەرەب وعەجەم[lxxxiii].

## بەشی سێیەم /ڕۆشنبیری جێگرەوەکانی سەڵاحەددینی ئەیوبی

### باسی یەکەم: کوڕەکانی سەڵاحەددین

لە جێگرەوەکانی سەڵاحەددین زانراوە کە خاوەنی ڕۆشـنبیریەکی ئـایینی و زانسـتی بـەرز بونـە و خۆشەیسـتی و پـەیوەسـت بونیان بە کۆڕە زانستیەکان و ئەو گفتوگۆ و ڕووبەڕووبونەوانەی کەتێدا سەری هەڵدەدا، سـەرەرای هێنـانی گـەورە زاناکـانی سەردەم بۆ ناو دامودەزگاکانی دەوڵەت و دامەزراوە فێرکاریەکان، لـە کوڕەکـانی سـەڵاحەددینەوە دەسـپێدەکەین بـۆ نمونـە

مەليك العزيز عوسمان (٥٩٥ك/١١٩٨ز) گوێ لە فەرموودە گرتووە لـە ژێـر دەسـتی گـەورە زاناكـانی فـەرموودەی سـەردەمی خۆی وەك (الحافظ السلفي والحافظ أبن عوف والعلامة بن بري). هەندێك مێژوو نوسـان پێیـان وایـە كـە مـەليك العزيـز هـەولی فێربوونی زانستی فەرموودەناسی داوە لە شاری ئەسكەندەریە یە[lxxxiv].

وەهەروەها دەربارەی ئەم مەلیكە زانراوە كە زۆر حەزی بە دانیشتن و بەشداری كۆڕ و كۆبونەوەی زاناكان بێت و نزیكردنەوەیان لە خۆی بۆ نموونە پزیشك و فەقێ و نەحوی بەناوبانگ موفق الدين البغدادي (ت٦٢٩ك/١٢٣١ز) جێگایەكی بەرز و تایبەتی لە لای هەبوو. ڕێزی لێگرتووە و پاداشتی دارایی كردووە لە (بيت المال) لە پێویستی خۆی زیاتر[lxxxv]، وە بەهەمان شێوە ڕێزی لە فەقێ و نەحوی بەناوبانگ الحسن كوری الخگیر النعماني كە ناسرابوو بە الظهیر (٥٩٨ك/١٢٠١ز) گرتووە و موچەیەكی مانگانەی بۆ بڕیوەتەوە كە بە بەرزترین موچە دادەنرێ بە درێژایی سەردەمی ئەیوبی بۆ زانایەك یاخوت فەقیهێك برا بێتەوە[lxxxvi].

ڕادەی ڕێزو خۆشەویستی مەلیك العزيز خزمەت و سەرپەرشتی كردنی بۆ زاناكان، بە تایبەتی شافیعیەكان، گەیشتە ئەو ئاستەی كە چەندین دامەزراوەی فێركاری جۆراوجۆریان بۆ بنیاد بنێت، بۆ نموونە زاویەكانی هەشت فقهەكە لە مزگەوتی عمرو كوریعاص(٦٣ك/٦٨٢ز)، ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری خۆیدا بنیاد نراون و وەقفی بۆ داناوە[lxxxvii]. هەروەها ئەم مەلیكە لە شاری دیمەشق خوێندنگەیەكی دروست كرد ناوی لێنا (المدرسة العزيزية)بڕیاری دا وقف بكرێ لە سەر خوێندكارانی فقهی شافعی وە چەند مامۆستایەكی بەناوبانگی بۆ تەرخان كرد، سەرەرای دابین كردنی وەقفێكی زۆر لە پێناو بەردەوام بوون لە چالاكیەكانی و پێشكەش كردنی خزمەت[lxxxviii]. هەروەها كۆشكەكەی زۆرێك لە گەورە زاناو ئەدیبەكانی لە خۆ گرتبوو وە زۆر جار بەئامادە بوون و بەشداری خودی خۆی ڕووبەڕووبونەوە و گفتوگۆی زانستی وكۆڕی شیعری لە نێوان ئەو زانایانە ڕێك دەخرا[lxxxix].

وەهەروەها لەسەر كوڕە گەورەكەی سەڵاحەددین مەلیك الافضل علی زانراوە كـە شـاعیر و ئـەدیبێكی چـاك بـووە تارادەیـەك شارەزای لە شیعر نووسین و ئەدەبی عەرەبیدا هەبووە، لە ژێر دەستی زانا (ئـەبی الطـاهركوری عـەوف) (٥٨١ك/١١٨٥ز) لـە ئەسكەندەریە وانەی فەرموودەی خوێندوە، وە لە قاهیرە لە ژێـر دەسـتی نـەحوی و زمانـەوانی نـاودار (عبـدالله كـوری بـڕی) وانەی خوێندوە، هەروەها چەند ئیجازەیەكی زانستی لە لایەن گەورە زاناكانی میسر و وڵاتی شام وەرگرتووە[xc].

مەلیكالظاهرغازی ناوی تەواوی (ابو منصور غازی كوری سوڵتان سەڵاحەددین یوسف كوری ئەیوب)، نازناوی مـەلیك (الظـاهر غیاث الدين) بوو خاوەنی حەلەب بوو، لە قاهیرە ساڵی (٥٦٨ك/١١٧٣ز) لە دایك بووە، بە ئازایـەتی و زیرەكـی و چاونەترسـی پەروەردە و گەورە كراوە، لە پێناو پاراستن و جێگیركردنی دەسەڵاتەكەی كچی مەلیك عادیلی مـامی هێنـاوە، بـەوە سـتایش كراوە كە جوان و دەسكراوە و نزیكـی زاناكـان بـووە، گـوێ لـە فـەرموودە گرتـووە لـە ئەسـكەندەریە، هـەروەها لـە حەلـەب فەرموودە گێراوەتەوە، بەوە ناسرابوو كە مەلیكێكی بە هێبەت و چاوكراوەو و یەكلاكەرەوە بـووە لـە بڕیاردانـدا، زۆر ئاگـادار بووە لە كاروباری خەڵكی ژێر دەستی هەواڵپرسیكردوون و ئاگای لە هەواڵی پاشایان بووە، بەوە ناسرابوو كە سـەربەرز بـووە و بە جوانی كارەكانی ڕاپەراندوە و پیاوێكی سیاسی بووە و یەكسـانی ودادپـەروەری بڵاوكردۆتـەوە، زانایـانی خۆشویسـتوەو دۆست ونزیكی شاعیران بووەو، باوكی كردیە كاربەدەستی مەملەكـەتی حەلـەب لـە سـاڵی (٥٨٢ك/١١٨٦ز)، لـە كاتێكدا ئـەم شارە لە موڵكەكانی مەلیك عادیلی مامی بوو بەڵام دەستی لێبردە بە فەرمانی سەڵاحەددین برای شوێنی تری پێ درا[xci].

ئەم مەلیكە زۆر ڕێزی لە زانایان و شاعیران و هەژارەكان دەناو پاداشتی دەكردن، ڕەزامەنـدی شـاعیرەكانی بەدەسـهێنابوو، زۆر جار لە كـۆڕی شـاعیراندا ئامـادە دەبـوو[xcii]، دەوری خـۆی دابـوو بـە كۆمـەڵێك زانـا و تـوانی زۆرێـك لـە گـەورە زانـا و مامۆسـتان بەناوبانگـەكان ڕازیبكـات كـە ڕووبكەنـە شـاری حەلـەب و شـیعر و شـاعیرانی خۆشدەویسـت[xciii]،هـەروەها

پەیوەندیەکی باشی لە گەڵ دادوەرەکان و فەقێکان هەبووەو لە سەردەمی ئەم سوڵتانەدا خاوەنی حورمـەتێکی بـەرز بوونـەو گرنگی پێداون و چاوی لێیان بووە، سەرەرای ئەوەی توانی دادوەر (بهاو الدین أبی المحاسن یوسف ابن شداد) رازیبکـات کـە بێتە حەلەب لە نزیکەوە خزمەتی سوڵتان بکات ئەم کەسایەتیە بووە هۆکاری پێشکەوتن و گەشەسندنی لایـەنی زانسـتی لـەم شارەدا، زۆربوونی دروستبوونی دامەزراوەی فێرکاری تێدا رەنگی دایەوە و حەلەب بووە مەڵبەندی کۆبونەوەی فەقی و زانـا و گەورە مامۆستاکان[xci v].

رێزگرتنی لە زانایان گەیشتە ئەو ئاستەی کە خوێندنگای تایبەت لە پێناو گەورە زاناکان دروست بکات لە شـاری حەلـەب، بـۆ ئەو مەبەستە و لە خوشەویسـتی مامۆسـتا و شـێخی نـاودار (أبـی الحسـن علـی بـن ابـی بکـر الهـروی السـائح)(٦١١ك/١٢١٥ز) خوێندنگەی (الهرویه)ی بنیاد نا بڕیاری دا کە بۆ خوێندنی فقهی شافعی تەرخان بکرێ، ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە کـە ئـەم زانایە خاوەن پێگەیەکی بەرز بوو لای ئەم سوڵتانە، ئەم قوتابخانەیە بۆ ماوەیەکی زۆر خزمەتی پێشکەش کردووە[xcv].

## باسی دووەم: مەلیك عادیل

لە ساڵی (٥٣٩ك/١١٤٤ز) لە بەعلەبگ لە دایك بووە، مەلیك عادیل ناسرا بوو بە خاوەن ڕەوشتێکی زۆر بەرز و پیاوماقوڵ، وە لە بڕیاردا یەکلاکەرەوە بووە وە لە ڕایەکانیدا دەیپێکا، زیرەك و لیهاتوبووە وە کاربەدەستێکی چالاك بووە لێبوردەو حەزی لە ئاشتی بووە[xcvi]، خاون زانست بووە وە دوربین بووە وە مێژوونووسان وا ستایشیان کردووە کە لەناو براکانیدا لە هەموویان بچووك تر بووە[xcvi i]، بەڵام تەمنی لە هەموییان درێژتر بووە، وەبیری لە هەموویان قوڵتر بووە، وەسەیری داهاتووی رووداوی دەکرد وە حسابی بۆ دەکرد. دەستی بە بیروباوەری ئیسلامیەوە گرتبوو وە پیاو چاك بووە یارمەتی هەژارانی دەدا بەتایبەتی لە کاتی لیقەوماندا[xcvi i i].

وە دەربارەی لایەنی رۆشنبیری مەلیك عادیل زانراوە کە گرنگی بە لایەنی رۆشنبیری داوە، سەرەرای ئەوەی کە ئەم سوڵتانە زیاتر مەیلی بە لای ڕاپەڕاندنی کاروباری سیاسیەوە هەبووە و بەردەوام خەریکی داکوتانەی پێگەکانی دەسەڵاتی بووە، بەڵام ئەمە نەبۆتە رێگر لە گرنگی دانی بە لایەنی زانستی و زاناکان، بۆ ئەو مەبەستە ئیبن تغری بردی (٨٧٤ك/١٤٦٩ز) ستایشی کردوە دەڵێت: " خاوەن هزرێکی فراوان بووەو، بە دوای رێچکەی سونەگری هەواداریانەوە بووە و مەیلی بە لای زاناکانەوە بووە "[xci x].

لە سەرەتای دەرکەوتنی سەردەمی ئەیوبیدا، مەلیك عادیل ئامادەی هەندێك لە وانەکانی زانا (الحافظ ابو الطاهر السلفي) دەبووە کە دەیوتەوە بە خوێندکارەکانی فقە و فەرموودە لە خوێندنگای (الحافظیة) لە شاری ئەسکەندەریە، هەروەها ئیجازەی گێرانەوەی فەرموودەی پێ بەخشیوە[C]. جگە لەوەی کە بنیادنانی دامەزراوەی فێرکاری لە کارە سەرەکیەکانی بووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی پایەی سەڵتەنەتی وەرگرت، فەرمانی کرد بە بنیادنانی خوێندنگەیەك لە شاری قاهیرە، ئەم خوێندنگایە ناوی لێنرا (خوێندنگەی العادلیه) و بڕیاری دا ئەم خوێندنگەیە وقف بێت لە سەر خوێندکارانی فقهی مالکی[ci]. هەروەها فرمانی دەرکرد بە تەواو کردنی خوێندنگەی (العادلیه)ی گەورە لە شاری دیمەشق و وەقف بکرێت لە سەر فەقێکانی شافعی[ci i].

مەلیك عادیل لە سایەی زانایان خۆشەویستی بۆ زانست پەروەردە بووە، وە فێری هونەرەکانی جەنگ بووە، وە زانستی (اصول الدین)ی لە ژێر دەستی زانا گەورەکان خوێندووە لە هەموییان بەناوبانگتر (الحافظ السلفي) وە لەسەر دەستی ئەم زانایە فێری بەشی حەوتەمی لە کتابی (المحملیات) کە لە نوسینەکانی فەرموودەناس بەناوبانگ (الحسین المحامیلی) ە بووە،

وە هەروەها لە ژێر دەستی زانا (ابو الطاهر بن عوف) وانەی خوێندووە، وە مەلیك عادیل زۆر مەیلی بەلای زاناكانی سەردەمی خۆی هەبوو بۆیە ئیمام فخرالدین الرازی كتابی (تاسیس التقدیسی) بۆ پۆلێن كردووە، وەهەروەها فێری زانستی فەرموودە بووە وە گێڕاویتەوە لە شام و میسر[ciii].

**قوتابخانەی عادلیەی گەورە:** یەكەم كەس كە دەستی كرد بە دروست كردنی ئەم قوتابخانەیە نور الدین زەنكی بوو لە ساڵی (٥٦٨ ك/١١٧٢ز)، بەڵام نەیتوانی تەوای بكات چونكە وەفاتی كرد، پاشان مەلیك عادیل ویستی تەواوی بكات بەڵام نەیتوانی تەواوی بكات كورەكەی مەلیك موعەززەم لە ساڵی (٦١٥ك/١٢١٨ز) تەواوی كرد وە بەناوی باوكیەوە ناوی نا[civ].

## باسی سێیەم: مەلیك موعەززەم ( ٥٧٦-٦٢٤ك/١١٨٠-١٢٣٧ز )

تاكەكانی بنەماڵەی دەسەڵاتداری ئەیوبی لە ئاستێكیَ بەرزی ڕوشنبیردا بوون ڕێزییان لە زانایانی سەردەمی خۆیان دەگرت و دەیان زانی كە ڕۆڵی زانابیان زۆر دیارە بۆ ڕاكێشانی ڕای گشتی وە پاڵپشتی كردنی جەماوەر لە دەسەڵات دار بۆیە زۆر بە كارامەیی ئەم لایەنەیان فەرامۆش نەكردبوو وە زۆریان لە زانایان ڕادەكێشا بۆ لای خۆیان[cv]، وە مەلیك موعەززەم یەكێك بوو لە پادشاییانەی كە لەم بواردا كاری كردووە، لە ڕووی بۆچون و توانا ڕۆشنبیریەكانی جێگایەكی زۆر پێشكەوتووی هەبوو بە بەراوەرد بە میرو پادشاكانی تری ئەیوبی،هەر لەو ماوەیەی كە كاربەدەستی دیمەشقی پێسپێردرا لە ساڵی (٥٩٢ ك/١١٩٦ز) گرنگیەگی بیَ پایان و گەوری بە زانست و زانایان دەبخشی، ئەم كارەی بە هەمان ڕێچكەی زۆربە تاكەكەنی بنەماڵەی ئەیوبی بووە، شایەنی باسە ڕۆشنبیری مەلیك موعەززەم ڕوویەكی ئایینی بە خۆیەوە وەرگرتبوو لە بەر ئەوەی هەر لە مناڵیەوە فێری وانەی قورئانی پیرۆز بووە خوێندەوە و لە بەری كردووە[cvi]، گومانی تێدا نیە كە مەلیك موعەززەم هەرچەندە تەمەنی گەورە بوو بێت ئەوە ڕادەی ڕۆشنبیری فراوان بووە و بیروبۆچونەكانی هەمەجۆر دەبوو چونكە زیاتر هەوڵی دەدا فێربێت و خۆی ڕۆشنبیر بكات لە هەموو لایەنەكان بەتایبەتی زۆر هەوڵی دەدا شارەزای فیقە بێت لە سەر مەزهەبی ئیمام ئەبی حەنیفە[cvii]، ئەم فقهەی لە سەر دەستی زانای ناودار (جمال الدین الحصیری) (٦٣٦ك/١١٣٨ز) خوێندوە[cviii]، مەلیك مەعەززەم كاتێك كە ئەم زانایە هات بۆ دیمەشق لە ساڵی (٦١١ك/١١١٤ز) تەمەنی لە دەوروبەری سیو پێنچ ساڵ بووە[cix]، ئەم زانایە بە ناودارترین فەقیهەكانی ئاینزەی حەنەفی سەردەمی خۆی دادەنرا، مەلیك موعەززەم وانەی كتابی (الجامع الكبیر)لە فقهی حەنەفی لەلای ئەم مامۆستایە خوێندوە[cx]. ئەوەی جێگای باسە ئەوەیە كە مەلیك موعەززەم لە نێو ئەندامانی بنەماڵەكەی بە تەنها و پێشەنگ بوو لە پێڕەو كردنی ئاینزەی حەنەفی لە كاتێكدا ئەیوبیەكان شافعی بوونە[cxi]، توانی زانا تاج الدین[cxii](٥٢٠-٦١٣ك/١١٢٦-١٢١٦ز) بكاتە مامۆستای خۆی وە پەرتوكی سیبەوەی[cxiii] (١٨٠ك/٧٩٦ز) دەخوێند لە لای ئەم زانایە، وە شرۆڤەی پەرتوكی سیراف (٣٦٨ك/٩٧٩ز) بۆ كرد و كتابی ئەبی علی الفارسی (شیوەی خوێندنەوەی قورئانی) پیرۆزی بۆ كرد، وە قورئانی لە بەر كرد، مەلیك مەعەززەم سیاسەتێكی بیَ وێنەو ڕێكی پێرەو دەكرد لە پێناو هاندانی خەڵكی وفەقێكان بۆ مەبەستی فێربوون و خوێندنەوە، وە بۆ ئەو مەبەستە پەنای دەبردە بەر پێدانی دیاری كە پێكهاتبوو لە سەد دینار بۆ هەر كەسیَ كە بتوانی كتابی (الجامع الكبیر)ی فقهی حەنەفی لە بەر بكات[cxiv]، وە هەر كەسێك پەرتوكی (المفصل) الزمخشری[cxv] (٥٣٨ك/١١٤٣ز)لە بەر بكردایە سەد دیناری پاداشت دەدایە، وە خۆی شارەزایی باشی لەم پەرتوكەدا هەبووە، وەهەر كەسێك پەرتوكی (الایضاح) لە بەربكردایە سی دیناری پاداشتی دەدایە، وە زۆر زانایانی خۆش دەویست وە ڕێزی لێدەنان وە ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ دەكردن و مێژوونوس سبگ ابن الجوزی (٦٥٤ك/١٢٥٦ز) دەلێت: "كە موعەززەم زۆر شارەزا بوو لە فەقهی حەنەفی بە تایبەتی پەرتوكی دە بەرگی (التذكرة)ی القدوری (٤٢٨ك/١٠٣٦ز)"[cxvi]، وە موعەززەم لێكۆڵینەوەی تێروتەسەلی لە سەر هەموَ بەرگەكانی كردووە ئەمە

دیاردەیە زۆر سرنجی سبگی راکێشاوە و پیێ وتووە کە زانا گەورەکان ناتوانن ئەمە بکەن، بەڵام موعەززەم پێداگری کردوەو و داوای لیێ کردووە زانای گەورە کۆ بکاتەوە و تاقی بکەنەوە، وە کاتێك موعەززەم مردووە سبگ بەم شێوەیە ستایشی کردووە: " لەم ساڵەدا مردنی موعەززەم عیسی دەرکەوت، مەلیك و نەحوی و زمانەوانی...." [cxvi i]. هەروەها پادشایانی ئەیوبی ڕۆڵیکی کاریگەرییان هەبوو لە مەیدانی نووسین و پێرستەی پەرتووك، مەلیك موعەززەم پەرتووکێکی هەبوو لە بواری فقهی حەنەفی و هەروەها کۆمەڵە شیعرکی هەبووە و کۆی کردەوە لە دیوانێکی تایبەت[cxvi i i].

ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە مەلیك موعزەم کاتێك کە پەرتووکی (تاریخ بغداد)ی الخطیب البغدادی[cxi x] (٤٦٣ك/١٠٧٢ز) خوێندەوە سەیری کرد هێرشی زۆری تێدا کراوەتە سەر ئیمام ئەبی حەنیفە (١٥٠ك/٧٦٧ز)، وە البغدادی کاتێك کە ئاماژەی بە ژیاننامەی ئەبی حەنیفە کردووە لە پەرتووکەکەی ئەو هێرشانەی کردووە[cxx]، ئەو هێرشانە بریتی بوون لە کومەڵێك بابەتی فیقهی ئیمام ئەبو حەنیفە بە ڕای خۆی فەتوای لە سەر داوون، ئەم شتانە بوو البغدادی کردی بە بەڵگە لە سەر ئیمام و هێرشی کردە سەر تواناکانی دەڵێ: " ئەبو حەنیفە قیاس دەکات بەبێ ئەوەی شارەزای زانستی نەحو بێت "[cxxi]،وە لە لای خۆیەوە مەلیك موعەززەم هەستا بە دواداچوون کردن بە دوای ئەو هێرشانە سەر ئەنجام پەرتوکێکی نووسی ناوی لێنا (السهم المصیب في الرد علی الخطیب)[cxxi i] لەم پەرتووکەکەیدا وەڵامی هێرشەکان و بابەتە فیقهێکانی بابەت بە بابەت داوەتەوە، بە بەڵگە فقهی و نەحوێکان چارەسەری کردوون، وە دەربارەی ئەم پەرتووکە ابن واصل (٦٩٧ك/١٢٩٧ز) دەڵێ[cxxi i i] : "لە سەر ئەم پەرتووکە لە قودس وەستام، خوێندمەوە بینیم لە ئاستیکی زۆر باشدا بوو"سەرەڕای ئەوەی باسکرا مەلیك موعەززەم لە پەرتووکەی خۆی ئاماژەی کردووە بە باس کردن و هەواڵ و بارودۆخی ئەو پیاوانەی کە الخطیب البغدادي بابەتە فیقهێکانی لێیانەوە گێراوەتەوە بە گەرانەوە بۆ پەرتووکی البغدادی (تاریخ البغداد)ی خۆی[cxxi v]، لە پاش ئەوەی کە مەلیك موعەززەم بە پیێ ڕوانگە و لێکدانەوەی ی خۆی تەواو دەبێت لە بێتاوان کردنی ئیمام ئەبی حەنیفە لەو بوهتانانەی کە البغدادی بۆی کردووە، ڕوودەکاتە پەرتووکەکەی البغدادی خۆی و چەند شیعرێکی غەزەلی لیێ دەگێڕێتەوە دەکات لە وانە[cxxv]:

بات الحبیب وكم لە من لیلة فیها اقام الى الصباح معانقي

ثم الصباح أتى ففرق بیننا ولقلما یصفو سرور العاشق

زور جار ئامانجی بووە کە تێدا تاوانباری البغدادی بکات لە نەبوونی دەسپاکی و دادپەروەری لە نوسینەکانیدا[cxxvi].

ئەوەی کە ڕێگای خۆشکرد بۆ بەدواداچونەکانی مەلیك موعەززەم لە کاتێکدا ئەم جۆرە کارە پێویستی بە توانایەکی نەحوی بەرز هەبووە، ئەوەبوو کە لە ماوەیەکی گونجاودا لە تەمەنیدا ئەو کاتەی کە لێپرسراوی دیمەشق بووە (٥٩٢–٦٢٤ك/١١٩٦–١٢٢٧ز) زۆر بە ڕێکوپێکی ڕووی کردە زیاتر خۆ ڕۆشنبیر کردن بە تایبەتی زانستی نەحو، پیێ دەچیێ لێکدانەوەکانی الخگیب البغدادی هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ڕووکردنی موعەززەم بۆ خوێندنی نەحو لە پێناو دەرخستنی تواناکانی ئەبی حەنیفە لە بواری نەحوی و فیقهی، لەو پێناوەدا ڕووی کردە (الاستاذ البغدادی) شێخی سەردەم لە بواری نەحو کە ناسرا بوو بە تاج الدین الکندی (٦١٣ك/١٢١٦ز) ئەوەی جێگای باسە ئەو زانایە لە سەردەمی میر (فروخشاه کوري شاهنشاه الایوبي)(٥٧٨ك/١١٨٢ز) هات بۆ دیمەشق[cxxvi i]، وە بوار بۆ موعەززەم ڕەخسا کە وانەی نەحو و زمان و ئەدەبی لەلا بخوێنیێ، ئەوەی زانراوە کە شێخ الکندی بە گرنگترین مامۆستای زمان و نەحو ئەو کاتە ئەژمار دەکریێ، موعەززەم توانی لەلای ئەم زانایە شارەزا بێت لە پەرتووکی (سیبویە) لە نەحو[cxxvi i i]، وەدەربارەی ئەم بابەتە ابن واصلدەڵیێ کە: " لە سەر نوسخەیەکی پەرتووکی سیبویە وەستام بینم کە لە چەند پەرەیەکی خەتی موعەززەمی لە سەر نووسرابوو وا هەست دەکەم لە شەش شوێن، لە هەندێ شوێنی وتوێتی کە: خوێندنەوەو پیاچونەوەی بەشێك لەم کتێبەم تەواو کرد کاتێك من بۆ

شەر چوو بووم بۆ شاری ئەرسوف(cxxi x)، وە خوێندنەوەو پیاچونەوەی هەندێکی تریم کرد کاتێك کە من لە نابلوس بووم "(cxxx) وە ئەمە ئاماژەیەکە حاشەهەڵنەگرە کە موعەززەم لە کاتی شەڕو پەلامارە سەربازیەکانیش بەردەوام بووە لە داواکردنی زانست و زیاتر وەرگرتنی زانیاری.

وەهەروەها مەلیك موعەززەم لە سەر دەستی الکندی (٦١٣ك/١٢١٦ز) پەرتووکی (الحجە فی القراوات)ی زانا ئەبی عەلی الفارسی (٣٧٧ك/٩٨٧ز) خوێندوە هەروەها لە سەر دەستی ئەم زانایە دیوانی (الحماسە)ی ئەبی تەمامی (ت ٢٣١ك/٨٤٦ز)خوێندوە(cxxxi). ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە مەلیك موعەززەم تەنها لە تەمەنی منداڵی و گەنجی هەوڵی خۆ ڕۆشنبیر بوونی نەداوە بەڵکو هەوڵی بەردەوامی داوە و کۆششی کردووە بە درێژایی تەمەنی هەرکاتێ بۆی گونجا بووبێ سەرەڕای ئەوەی کە بە کێشە سیاسیەکان و سەردەمی دەسەڵاتی و کاروباری سوپاوە خەریك بووە.

ڕۆشنبیری مەلیك موعەززەم بە تەنها قەتیز نەبووە لە فقە و ئەدەب و زانستەکانی زمان، بەڵکو زانستی فەرموودە و گوێ گرتن لێی بە بەشێکی تری نەبراوەی لایەنی مەعریفی ئەم مەلیکە دادەنرا و گرنگی زۆری پێدەدا، بۆیە لەم پێناوەدا توانی گوێ بگرێ لە مەسنەدی ئیمام ئەحمەد لە سەر دەستی زانای ناودار (حنبل بن عبدالله بن سعادە المکبر) (٦٠٤ك/١٢٠٧ز) ئەم کەسایەتیە بەناودارترین زانای گێرانەوە فەرموودە دادەنرێ و ستایش کراوە بە مەسنەدی بەناوبانگی سەردەمی خۆی، ئەم زانایە ریوایەتی مەسنەدی لە شاری هەولێرو موسڵ و لە پاشان لە دیمەشق کردووە و مەلیك موعەززەم گوێ لە وانەکانی گرتووە(cxxxi i) هەروەها گوێ لە ریوایەتی فەرموودە لە زانا (عمر ابن طبرزد)(٦٠٧ك/١٢١٠ز) گرتووە(cxxxi i i).

وەهەروەها مەلیك موعەززەم زۆر گرنگی داوە بە شیعرو لە کۆری شاعیران دانیشتووە، بە هۆی ئەم گرنگیە هەمە جۆرە ڕۆشنبیریە و ئەو کەسایەتیە زانستیەی هەیبوو، بۆیە ستایش کراوە کە لە ناو بنەماڵەی ئەیوب وەك مەئمونی بنەماڵەی عەبباسی وابوو(cxxxi v) , وە سەبارەت بە وتنی شیعر لە لایەن مەلیك موعەزەم سەرچاوەکان ئاماژەیان کردووە بەوەی کە شیعری داناوە و ابن واصل چەند دێرە شیعرێکی لێوە ریوایەت کردووە وە وتوێتی کە ئەم شیعرەی لە وەڵام دانەوەی یەکێك پیاوەکانی خۆی داناوە کە ناسراو بوو بە (بهاو الدین نصر بن محمد القیسرانی) کە تێدا هاتووە:

| | |
|---|---|
| یـــا مــــن تفــرّد بالفضـــائل دائبـــاً | أبــــداً يؤســــس مجـــدها تأسيســـا |
| لا زلـــــت في درج المكــــارم راقيــــاً | تعلـــو وربعـــك بالثنـــا محروســـا(cxxxv). |

هەروەها لە شیعرەکانی ئەوە بوو کە لە کاتی مردنی مەلیك عادیلی باوکی وتوێتی و دەڵێ:

| | |
|---|---|
| يقـــول أنـــا يعلمـــون فضـــائلي | وعظِـــم ارتيـــاحي للمكـــارم والمجـــد |
| ألاّ تحضـــر المرحـــوم في حـــال دفنـــه | فقلـــت ولـــي قلـــب يُفتّـــت بالوجـــد |
| خشـــيت أرى الإســـلام والملـــك والعُلـــى | وبذل النّدى والحلم يـودع في اللحد اللحدِ(cxxxvi). |

هەروەها سەبارەت گرنگی دانی موعەززەم بە شیعر (سبط ابن الجوزي) دەڵێ کە: "دیوانێکی شیعری هەبووە"(cxxxvi i) بەبێ ئەوەی سبگ ئاماژە بکا بە هیچ زانیاریەکی تر دەربارەی ئەو دیوانە شیعرە، هەروەها ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە هیچ زانیاریەك لە سەر ئەم دیوانە نەبینراوە کە دەسنووس بێت یان چاپ کراو بێ تەنها ئەو ئاماژە سەرپییانە نەبێت کە لە کاتێکی درەنگدا لە لایەن (سبط ابن الجوزي) هاتووە کە لەو بارەیەوە وەڵام دەداتەوە دەڵێ کە موعەززەم دیوانێکی شیعری هەبووە و کە (عبد الرحمن القوصی) (٦٣١ك/١٢٣٣ز) گوی لێبووە، بە بێ ئەوەی ئاماژە بکات بە پەیوەندی ئەم (القوصی) ناوە بە مەلیك موعەززەمەوە چی بووە و کاتی چاوپێکەوتنەکەی کەی بووە(cxxxvi i i). هەروەها لە گەڵ ئەو

هەمەجۆریـە لـە ڕۆشـنبیر و و زانسـتی مـەلیك موعـەززەم هـەیبوو لایـەنی (السـیره النبـوی) فـەراموش نـەکردووە بـەپێی سەرچـاوەکان وانـەی (السـیره النبویـه –ابـن هشـام)ی لـە سـەر دەسـتی دادوەر (ابـی محمـد عبـدالله بـن محمـد بـن المحلـی) خوێندوە[cxxxix].

لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئاینزەکەی مەلیك موعەززەم دوو خوێندنگای تایبەتی دروست کرد بە ئامانجی خوێندنی ئاینزەی حەنەفی تێدا ناوی لە هەردووکیان نا (المدرسه المعظمیة) یەکێکیان لە قودس لە ساڵی (٦١٤ك/١٢١٧ز) دروستی کرد، ئەوەی تریان لە دیمەشق لە ساڵی (٦٢١ك/١٢٢٤ز) دروستی کرد، جگە لەمانە مەلیك موعەززەم ڕۆڵی بینیوە لە دروست کردنی چەندین دامەزراوەی فێرکاری و خزمەتگوزاری لە وولاتی شام[cxl].

بۆ زیاتر بەرەوپێش بردنی خولیاو حەزەکانی لە بواری ڕۆشنبیری بە تایبەتی گرنگیدانی بە زانستەکانی زمان و نەحو مەلیك موعەززەم فەرمانی دەرکرد بە دروست کردنی خوێندنگایەك لە شاری قودس ناسرا بە خوێندنگای (النحویه یان القبه النحویه) لە ساڵی (٦٠٤ك/١٢٠٧ز)، ئامانجی ئەوە بوو کە ببێتە مەڵبەندێك بۆ وتنەوەی هەر شتێك کە پەیوەندی بە زمان و زانستەکانیەوە هەبێت، لە پێناو پاڵپشتی کردنی دارایی ئەم دامەزراوە زانستیە و وەك ابن واصل دەڵێ: " مەلیك موعەززەم وەقفێکی زۆری بۆ دانا ... مەرجێکی دانا کە نابێت ئەو وەقفە خەرج بکرێت تەنها بۆ حەنەفیەکان نەبێت"[cxli]، ئەم حاڵەتەش لە گەڵ پێرەوی ئاینزەی خۆی دەگونجا.

زۆر جار پاش تەواو بوونی دروست کردنی خوێندنگا ئاهەنگێکی قەشەنگی کردنەوەی بۆ دەکرا وە زۆر جار سوڵتان و گەورە بەرپرسیارانی وڵات ئامادە دەبوون وە تێیدا خواردن و خواردنەوەو دیاری دەدرا بە مامۆستاکان و خوێندکارەکان لە لایەن سوڵتان و میرەکان، وە مەلیك موعەززەم لە کاتی کردنەوەی خوێندنگای عادلیە ئامادەی یەکەم وانە بوو لە ساڵی (٦١٩ك/١٢٢٢ز) وە لە پێشەوە دانیشتبوو لە لای چەپی قازی جمال الدین المصری بو و لەلای ڕاستی جمال الدین الحصری و لە تەنیشتی فخر الدین ابن عساکر (٥٧١ك/١١٧٥ز) بوو، هەروەها موعەززەم بریاری دا بۆ خوێندنگاکەی خۆی ژمارەی خوێندکارانی بە پێی ئەو ئەوقافی بۆی دیاری کرابوو بێت و خوێندکارەکان ئازاد لەو وانانانەی کە دەیان خوێند[cxlii].

## باسی چوارەم: مەلیك کاملی کوڕی مەلیك عادیل

هەروەها مـەلیك الکامـل محمـدی کـوری عادیـل (٦١٥–٦٣٥ك/١٢١٨–١٢٣٧ز) کـە جێگـای بـاوکی گرتـەوە لـە دەسـەڵات لـە ئاستێکی ڕۆشنبیری بەرزا بـوو، هەرچـەندە مـەیلی بـەلای ئـاینزەی شـافعی ئەشـعەریەوە هـەبووە و رکابـەری حەنابیلـەکانی دەکرد، بەڵام بەوە ستایش دەکرا کە خۆشەویستی بۆ زانایان و زانست هەبووە بە گشتی، دەربارەی ووتراوە کە: " پیـاوێکی چاکەکارو ئـەدیب و فـەقی و... بـە چـاوی گـەورەیی تەماشـای زانسـتخوازانی دەکـرد زۆر خۆشەویسـت بـوو لایـان، هـەموو هەفتەیەك کۆیدەکردنەوە لە کۆشکەکەی خۆی لە لای لێکۆڵینەوەو ڕووبەرووبونەوە ئەنجام دەدراو قسەی لەگەڵ دەکـردن وە

بەشداری لێکۆڵینەوەکانی دەکردن و ڕەچاوی ئادابی ڕووبەڕووبونەوەی دەکرد و بە جوانترین شێوە بەشداری گفتوگۆی دەکردو بیروڕای خۆی دەخستەڕوو"[cxliii].

وەهەروەها مەلیك الكامل بەوە ناسرابوو کە خاوەن ڕۆشنبیریەکەی هەمە جۆر بووە، لەلایەك بە زانستی فەرموودەوە سەرقاڵ بووە، وە ئیجازی گێرانەوەی فەرموودەی لە لایەن گەورە زاناکانی ئەو سەردەمەی پێبەخشراوە وەكالحافظ السلفي و ابو عبد الله كوري صدقي الحراني و الحافظ جمال الدين الصفراوي(٦٣٥ك/١٢٣٧ز) نزیکەی چل فەرموودەی بۆ دەرهیناوە و بەدواداچوونی بۆ کردووە[cxliv]، لە گرنگترین کارەکانی دامەزراندنی (خوێندنگەی الكاملیە) یە، کە بەیەکەم خوێندنگە دادەنرێ کە تایبەت کرابێت بە وتنەوەی وانەی زانستی فەرموودەناسی لە وولاتی میسر ئەویش لە ساڵی (٦٢١ك/١٢٢٤ز) بوو[cxlv].

سەرەڕای زانستە شەرعیەکان، مەلیك الكامل گرنگیەکی زۆری بە زانستی نەحو داوە و لەم بوارەدا بیروڕای تایبەتی هەبووە کە وای لێکردوە وەك زانایەکی شارەزا دەرکەوێ بچێتە قوڵایی جیاوازیەکان و گرێ کوێرو نهێنیکانی ئەم زانستە، بۆ ئەم مەبەستە القفطي(٦٤٦ك/١٢٤٨ز) دەڵی: " الكامل (غرام)ی خوشەویستی بو زانستی نەحو هەبوو، زۆر ئارەزوومەند دەبوو تێکەڵی نەحەویەکان بێت تاوەکو لێانەوە فێربێت و سودمەند بێت"[cxlvi]. بۆیە خاوەنی پێگەیەکی بەرزو بەرێز بوو لای گەورە زاناکانی نەحو لە وانە نەحوی گەورە عبدالله کوری بڕی کە توانی ئیجازەیەکی زانستی لە لای ئەم زانایە لەم زانستەدا وەربگرێت[cxlvii]. بۆیە بە هۆی ئەم بیروبۆچون و ڕووە ڕۆشنبیری و زانستیەی مەلیك الكاميلەوە زۆریك لە زانا و پیاوچاکان و زانستخوازانەوە بە سەر دەکرایەوە ئەویش درێغی نەدەکرد لە ڕێزگرتنیان و پاداشتی دەکردن، وەك ابن واصل دەڵێ: " لمن ياتيه منهم الارزاق الوافرة الداره"[cxlviii]، بۆیە زیادڕەوی نیە گەر بوترێ کە میسر لە سەردەمی ئەم مەلیکە بووە مەڵبەندێکی کۆبونەوەی زانا و فەقێکان و خەڵکی چاکەکار، وە مەلیك الكامل زۆر بە باشی گرنگی پێدان و ماڵ و پارەوپوڵی بەسەردا هەڵدەرژان[cxlix]. وە زۆر جار ڕووبەڕوو دەبووە لە گەڵ زاناکان و پرسیاری دەوروژاند لە بواری فقەو نەحو وە تاقیکردنەوەی ئەو کەسەی دەکرد گەر وڵامی بداياتەوە زۆر ڕێزی لی دەگرت و نزیکی دەکردوە لە خۆیەوە، وە دەوترێت کە ئیمبراتۆر فردریك[cl] (٥٩٠ –٦٤٨ ك/١١٩٤ – ١٢٥٠ ز)چەند پرسیارێکی لە بواری ئەندازەیی و پزیشکی و بیرکاری بۆ مەلیك كاميل ناردوە بۆ وەڵامدانەوە، مەلیك كاميل خستيە بەردەست زاناكان بۆ وەڵام دانەوەی و وڵامەکەی ناردەوە بۆ ئیمبراتۆر فردریك[cli].

وە باوکی مەلیك كاميل مەلیك عادیل زۆر گرنگی دەدا بە کورەکانی وە لەناو کوڕەکانی مەلیك كاميل ڕێگای بۆ خۆش کرا و لە زۆر بوارد (اجازە) ڕێپێدانی وەرگرتووە لە لایەن زانایانی سەردەمی خۆی، وەهەروەها توانیوێتی بەشێوەیەکی زانستی و ڕەوان قسە لە سەر سەحیحی مسلم بکات[clii]، وە ئەم خاوەنی دانانی کۆڕی هەفتانە بوو بۆ زانایان هەموو ئێوارەیەکی پینج شەممان خۆشی بەشداری دەکردوو وە بەشدار دەبوو لە ڕووبەڕوو بونەوەکانی زاناکان[cliii]. مەلیك كاميل چالاکی ئاواکاری هەبووە بە تایبەتی دروست کردنی قوتابخانە لەوانە:

– قوتابخانەی کامیلیە: لە لایەن مەلیك كاميل کوڕی مەلیك عادیل لە ساڵی (٦٢٢هـ/١٢٢٥ز) لە قاهیرە دروست کراوە، ئەم قوتابخانەیە وەقف بوو بۆ ئەو کەسانەی کە سەرقاڵ بوون بە فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەر (د.خ)، زانای شافعی عمری کور حسن ئەلئەندەلوسی(٦٣٣ك/١٢٣٦ز) سەرپەرشتی ئەم قوتابخانەیەی پیێ درا[cliv].

– ماڵی فێربونی فەرمودەی ئەلکامیلیە: کە ئەویش بریتی بوو لەو دامەزراوەی، کە بەیەکەم ماڵی فێربوونی فەرموده دادەنرێ کە لە میسر دروست کراوە، لە ساڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز) لە نێوان دوو کۆشکەکە لە لایەن مەلیك كاميل محەمەد کوری مەلیك عادیل دروستکراوە، وە ئەرکی سەرپرشتیاریکردنی درا بە شێخ عومەر دەحیە(٦٣٣ك/١٢٣٦ز) کە خاوەنی نووسینی کتێبی

"نهایه السول"ە[clv]. وە لە هەمان کاتدا بریار درا بە دروست کردنی شوێنی تایبەت لە ناو ئەم ماڵدا بۆ خوێندکاران و مامۆستاکان وبەشێکی ترخان کرا بۆ کتێبخانەیەکی مەزن[clvi].

## باسی پێنجەم: سوڵتان ساڵەح نجم الدین ئەیوب

سوڵتانساڵەح نەجمەددین ئەیوب کوڕی مەلیك کامیل ناصرەدین کوڕی مەلیك عادل محمد کوڕی ئەیوب، لەساڵی (٦٠٣ ك/١٢٠٦ ز)، لەقاهیرە هاتۆتە دنیایەوە[clvii]. لە ساڵی (٦٢٥ك/١٢٢٨ز)، باوکی کردی بە جێنیشینی خۆی، بەڵام بە کاریگەری و بوختانی دایکی مەلیك عادیلی دووەم ماوەیەك بە بڕیاری باوکی لە میسر دوور خرایەوە، توشی ئەزیەت و کوێرەوەری زۆر بوو، بەلاّم لە دوایدا بانگ کرایەوە بۆ میسر بوو بە سوڵتانیدەوڵەتی ئەیوبی لە ساڵی ٦٣٧ك/١٢٤٠ز[clviii] بەلاّم بۆچوونەکی تر هەیە دەڵێت لەڕۆژی هەینی ٢٣ شەوالی ساڵی(٦٣٦ك/١٢٣٩ز)، بوو بە سوڵتان[clix]. ساڵەح نەجمەددین ئەیوب لە سەرەتای گرتنەدەستی دەسەلاّتی میسر گرنگی زۆری دا بەکڕینی مەمالیکە تورکەکان تا ئاستێك کەهیچ کەسێك لە بنەماڵکەی خۆی پێی نەگەیشتبوو، زۆربەی سوپاکەی لەتورکەکان بوون، ئەمەش لەترسی پاشا ئەیوبیەکانی تر کە بە سەرکردایەتی مەلیك ساڵەح اسماعیلی مامی لەدژی کۆبوونەوەو تیپەکانی ئەشرەفیە و کاملیەکان لێی ڕاپەڕین بۆیە ساڵەح ئەیوب تەنیا ژمارەی ئەم مەمالیکانەی زۆر نەکرد، بەڵکو ئازادیەکی وای پێدان کە بە دەستە و تاقمەکانی تری نەدابوو، تا ئەوەی خەڵکی میسر لە خراپەو ئاژاوەو دەست درێژیان بۆ سەر ماڵ وگیانیان لیان بێزار بوون، ئەو کات ساڵەح ئەیوب پێی باش بوو، لە پایتەخت دووریان بخاتەوە، بۆیە لە ساڵی (٦٣٨ك/١٢٤١ز)، قەلاّیەکی تایبەتی بۆ دروست کردن لە دوورگەی (روضة النیل) و لەوی سەقام گیری کردن و کردنی بە مەڵبەندی دەسەلاّتی خۆیی وچەك وئامێرە جەنگیەکان وشمەکی پێویستی بۆ بردن، بۆیە ئەو مەمالیکانە بە مەمالیکی ساڵەحی دەریایی ناسران[clx] شایەنی باسە سوڵتانساڵەح نەجمەدین ئەیوب یەکەم کەس بوو کە ئەم ناوەی لێی ناوە، لەبەر دەریای ڕووباری نیل کە چوار دەوری نشینگەکانی ئەوانی لە دوورگەی روضة النیل دا دابوو[clxi].

لە سەردەمی ساڵەح ئەیوب فەرەنسیەکان (خاچیەکان) بەسەرکردایەتی لویس نۆیەم[clxii](٦٢٣–٦٦٨ك/١٢٢٦–١٢٧٠ز)دەستیان گرت بەسەر دمیاگ[clxiii]. پێشڕەویان کرد بۆ مەنصورە، مەلیك ساڵەح نەجمەدین ئەیوب لەوکاتەدا نەخۆش بوو، بەلاّم خۆی ئامادەکرد بۆ جەنگ دژی خاچیەکان، بەلاّم تەواوی نەکرد[clxiv]. لەو شەوەدا لە ناوەڕاستی مانگی شەعبان لە منصورە کۆچی دوایی کردوو مردنەکەیان شاردەوە تا هاتنی کوڕەکەی لە حصن کیفاوە[clxv] کە ئەویش مەلیك موعەززەم تورانشاە بوو[clxvi].

گەر بێت و قسە لەسەر سوڵتان ساڵەح ئەیوب بکەین ئەوە ئەتوانین بڵێین کە ئەم سوڵتانە بە لێهاتوترین زیرەکترین دەسەلاّتدار و پادشای بنەماڵەی ئەیوبی لە ڕووی سیاسی و سەربازیەوە دوای سوڵتان سەلاّحەددینەوە ئەژماردەکریت، ئەم توانایە بواری پێدا کە بەوردی چاودێری بەشە کاریگەرە گرنگەکانی دەوڵەت بکات[clxvii].بەلاّم دەربارەی ڕۆشنبیری گشتی ئەم سوڵتانە بیروڕای جیاوازی لە سەر هەیە لەلای مێژوونوسان، لەو کاتەی کە لە لای هەندێك سەرچاوەی مێژوونوسانی دڕەنگ هاتووە کە ئەم سوڵتانە هیچ مەیلێکی بەلای زانست یا خود خوێندنەوەی کتێب و دانیشتن لە کۆڕی زانایان نەبووە سەرەرای ئەوەی کە خزمەتی دەکردن و پارەوپوڵی بۆ خەرج دەکردن[clxviii]. بەلاّم هەندێکی تر لە سەرچاوە هاوچەرخەکانی ئەو سەردەمە ڕای پێچەوانەیان هەیە لەوانە ابن ایبك الداودار کە دەربارەی ساڵەح ئەیوب دەڵێ: " کە خاوەن بیروباوەر و ئاینیکی باش بوو، زۆر مەیلی بەلای خوێندنەوەی کتێب و زانست و پیاوچاکان هەبووە خۆشەویستی بۆ ئەو کەسانەی کە چاکەکارو بەڕێزو و خاوەن ئاکاربوون هەبووە، زۆر مەیلی بە لای زاناکان و خاوەن هەموو ڕەوشتە چاکەکان بووە "[clxix]، وەهەروەها ئەوەی کە پزیشك و گیایی ناوداری ئەندەلوسی چیاو الدین عبد الله کوری ئەحمەد المالقی کە

ناسرابوو بە كوڕی البيگار (٦٤٦ك/١٢٤٨ز) ئاماژەی پێكردوە لە پێشەكی كتابە ناودارەكەی (الجامع لمفردات الادويـە)[clxx] دەربارەی ساڵەح ئەيوب دەڵێ كە گوايە لە سەر داوای ئەم سوڵتانە ئـەو كتێبـەی ئاماژەمـان پێكـرد نوسـيوە، هـەروەها زۆر گرنگی داوە بە پزيشكی ناودار رشـيد الـدين كـوڕی ئـەبی حوليقـە(٦٤٦ك/١٢٤٨ز)، كـە بـە يـەكێك لـە پزيشـكە ناودارەكـانی دروست كردنی (الكحل – كل) و پزيشكی چاو دادەنرێت لە ميسر لـە سـەردەمی ئـەيوبی، ئـەم پزيشـكە لەسـەر داوی سـاڵەح ئەيوب كتێبێكی نووسی لە سەر چۆنێتی دروست كردنی داودەرمانی چاو[clxxi]، هەروەها بە هەمان شێوە رێزێكی بێ پايانی لە پزيشكی ناوداری شامی نجم الدين محمد كوری يحيی اللبـودی (٦٦٦ك/١٢٦٧ز) نـاوە كاتێـك ئـەم كەسـايەتيە لـە شـامەوە كۆچی كرد بۆ ميسر وپەيوەندی كرد بە تيمی پزيشـكانی پسـپۆری تايبـەت بـە كۆشـكی سـەڵتەنە، سـوڵتان بـە بەرێوەبـەری ديوان لە ئەسكەندەريە دايمەزراند و مانگانە نزيكەی سێ هەزار درهەمی بۆ بڕييەوە[clxxii].

ئەوەی سەرچاوەكان ئاماژەيان پێكردوە دەربارەی پەيوەندی سوڵتان الصالح ئـەيوب بـە زانـا و فەقيهەكانـەوە ئـەوەمان بـۆ دەردەكەوێ كە بە يەكێك لەو سوڵتانانە دادەنرێ كە لە دوادوايـەكانی سـەردەمی ئـەيوبی رێزێكـی تايبـەتی بـۆ زانسـتخوازان دانابوو بەڵام نەدەگەيشتە ئاستی سوڵتانەكانی پێش خۆی لە سەرەتاكانی دەوڵەتی ئەيوبی، بۆ نمونە زانای نـاودار عـز الـدين كوڕی عبد السلامی (٦٦٠ك/١٢٦٢ز) گرتە ئامێزی خۆی كاتێك وڵاتی شامی بە جێهێشت بە هۆكاری سياسی لە پێنـاو جـێگير كردنی پێگەی خۆی لە سەڵتەنە و بڕياری دا نيشتەجێ بێ لـە ميسـر لـە سـاڵی (٦٣٩ك/١٢٤١ز)، رادەی ئـەو رێـزو پێشـوازيە گەرموگوڕەی كە سوڵتان ساڵەح ئەيوب لەم زانايەی گرت لەوەو دەردەكەوێ كە چەندين پۆستی فـەرمی و ئـاييني پێبەخشـی وەكو پۆستی دادوەری ميسر و ڕووی هۆزايەتی و وتاردان لە مزگەوتی (عمرو بن العاص)، سەرەرای پێدانی ئـەركی چـاودێری ئەو بيناو مزگەوتە چۆڵكراوەكان لە شاری قـاهيرە و فسـگاگ[clxxiii]، لەگـەڵ پێـدانی ئـەركی وانـە وتنـەوە لـە خوێنـدنگای (الصالحيە)، ئەم نمونەيە تەنها نمونە نيە كە ئەم سـوڵتانە بەرامبـەر زانايـان كـردوێتی بـەڵكو بەهـەمان شـێوە كاتێـك مێـژوو نووسی شامی (سبط بن الجوزي) (ت ٦٥٤ك/١٢٥٦ز)، لـە سـاڵی (٦٤١ك/١٢٤٣ز) سـەردانی ميسـری كردپێشـوازيەكی گـەرمی لێكردو زيادرەوەی زۆری كرد لە خزمەتكردنی و رێزلێنانی كە گەيشتە ئەو رادەيەی كـە سـبگ ابـن الجـوزی نـەيتوانی شـوێنی نيشتەجێ بوونی لە قاهيرە جێبهێڵێ و سەردانەكەی بـۆ شـارەكانی تـری ميسـر تـەواو بكـات[clxxiv]. بـەڵام ئـەوەی جێگـای باسكردن و كەموكورتيە لە سوڵتان الصالح ئەيوب ئەوەيە كە ئامادە نەبونێتی لە كـورو ڕووبەڕووبونـەوە زانسـتيانەی كـە بـە بەردەوامی دەبسترا يان بەشداری كردنی كارای نەبوو لەو چـالاكييانە وەك سـوڵتانەكانی پـێش خـۆی، پـێ دەچـێ هۆكـاری ئەمـە وەك المقريـزی دەڵـێ بگەرێتـەوە بـۆ حـەزی ئـەم سـوڵتانە بـە گۆشـەگيری و بەتـەنها مانـەوەو بێـدەنگ بـوون لـەزۆر كاتدا[clxxv].

**خوێنـدنگای ئەلسـاڵەحيە**: سـوڵتان صـالح نەجمـەدين ئـەيوب رۆڵـی بينيـوە لـە خزمـەتكردنی زانسـت و زانايـان و سـەروەت وسامانێكی زۆری بۆ ئەو مەبەستە خەرج كردوە، وە يەكێك لە شاكارە جوانەكانی دروست كردنی خوێندنگای ئەلساڵەحيە بوو، ئـەم خوێندنگايـە دەكەوێتـە نێـوان دوو كۆشـكەكە، لـە سـاڵی (٦٣٩ك/١٢٤١ز) دەسـت بـە دروسـتكردنی كـراوە لـە سـاڵی (٦٤١ك/١٢٤٢ز) تەواو بووە، وە ئـەم خوێندنگايـە لـە چـوار بـەش پێكهـاتبوو بـۆ هـەر ئاينزەيـەك بەشـێكی فقهـی سـەربەخۆ دەخوێنرا، بە يەكەم خوێنـدنگا دادەنرێـت كـە بـەم شـێوەيە دروسـت كرابێـت[clxxvi]، وە مـەليك سـاڵەح بريـاری دا كـە دوو ئەيوانی تێدا دروست بكرێت يەكێكيان تـەرخان بكرێـت بـۆ خوێنـدنی هـەر دوو فقهـی حەنـەفی و حەنبـەلی، وە ئەيوانـەكی تـر تەرخان بكرێت بۆ خوێندنی فقهی شافعی و مالكی، وە لە پێناو بەردەوامی و پەرەسـەندنی وەقفـی زۆری بـۆ دانـا[clxxvii]، وە لە سەردەمی مەماليكی دەريايی وە بە تايبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتی سوڵتان ئەلسەعيد بەرەكەی خانی كوری سوڵتان بێبـەرس[clxxviii] وەقفـی زيـاتری بـۆ ئـەم قوتابخانەيـە دابـين كـرد، وە هـەروەها چـوار مامۆسـتای بـۆ دانـا وە بـۆ هـەر مامۆستايەك دوو موعيدی دانا لە گەڵ ژمارەيەك خوێندكار وە هەروەها دانانی پـێش نوێـژێك و بانگخوێنێـك وە دابـين كردنـی

بەشەناوخویەکی نویٚ بوٚ خوێندکارەکان[cl xxi x]. لەو ماموٚستایانەی کە ئەرکی وانە وتنەوەیان گرتە ئەستوٚ بـوٚ وانـەی فقهـی شـافیعی هــەر یــەك لــە شـێخ عـزەددین كـوری عەبـدول ئەلسـەلام و تاجـەددین عەبـدول ئـەلوەهاب كـوری بنـت الاعـز (٦٦٥ك/١٢٦٧ز)و بـەدرەددین محەمــەد كـوری جەماعـە(٧٣٣ك/١٣٣٣ز) و تەقیـەددین محەمـەد كـوری ئەلحوسـەین كـوری رەزین(٦٥٦ك/١٢٥٨ز). وە وانەی فقهی حەنەفی هەر یەك جەمالـەدین ئـەبو بـەكر ئەلقـەزوینی و شەمسـەددین ئەحمـەد كـوری ئیبراهیم ئەلسەروجی(٧١٠ك/١٣١٠ز) دەیان وتەوە[cl xxx]، وە وانەی فقهی حەنبەلی شەمسەددین محەمـەد كـوری ئیـبراهیم و شەرەفەدین عەبدولغەنی ئەلحەرانی(٧٠٩ك/١٣٠٩ز)[cl xxxi]، وە هەروەها وانـەی فقهـی مـالكی لـە لایـەن شـێخ شـەرەفەددین عومەر كوری عبدالله ئەلسەبكی و خەلیلەدین كوری ئیسحاق كوری ئەلجوندی (٧٧٦ك/١٣٧٤ز)دەوترایەوە[cl xxxi i].

هەرچەندە سوڵتان ساڵەح ئەیوب لە سەر ئاینزەی شافعی – الاشعری[cl xxxi i i]– بوو بەڵام زۆر هەوڵی دەدا كە یەكسـانی لـە نێوان پێرەوانی هەر چوار ئاینزەكە بكات، بە تایبەتی لە رووی خزمەت كردنی زاناكان و شوێنكەوتوانیان، بوٚیە بریـاری دا لـە خوێندنگا بەناوبانگەی كە پـیس ئیسـتا باسمـان كـە لـە میسـر دروسـتی كـرت لـە سـەرەتاكانی سـاڵانی یەكـەمی وەرگـرتنی دەسەڵاتی سەڵتەنەتی و خوێندن تێدا لە ساڵی (٦٣٩ك/١٢٤١ز) دەستی پێكرا، بریاری دا كە خوێندكاری هەر چوار ئاینزەكـە لە خوٚ بگرێت بیٚ جیاوازی،بەو پێیە ئەم خوێندنگەیە بە یەكەم خوێندنگە دادەنرێت لـە وولـاتی میسـر " كـە پێـك هـاتبیٚ لـە كوٚكردنەوەی خوێندكارانی هەرچوار مەزهەبەكە لە یەك شوێندا "[cl xxxi v]، كە لە دوای خوێندنگەی المستنصریە لە بەغدا بوٚ یەكەم جارە بەم شێوەیە بوبیٚ، هەروەها سوڵتان چاودێری و خزمەتێكی بەرزی یەكێك لە ماموستاكانی خوێندنگەكەی دەكرد كە لە پێرەوانی مەزهەبی شافعی بوو ئەویش دادوەری دادوەران افچل الدین الخونجی (٦٤٦هـ/١٢٤٨ز) بـوو، ئـەم ماموٚسـتایە زوٚر بە توانا بوو لە بواری زانستی (المنطق و الحكمە) لوجیك ودانایی تا وایلێهات كە بوو بە سەرداری ئەم زانسـتە لـە زەمـانی خوٚی[cl xxxv]. وە ئەمە بە گوٚرانێكی دیار دادەنرێت لە تێروانینی سوڵتانەكانی ئەیوبی بەرامبـەر زانسـتی (المنگق و الحكمـە) ئەو زانستەی كە پێرەوانی توشی بەگژاچونەوە و نارەحـەتی زوٚر دەبونـەوە لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی دەوڵـەتی ئەیوبیـەوە تاوەكو روٚژانی سەردەمی مەلیك الكامیل محەمەد و مەلیك الاشرف موسای برای لە وولاتی شام[cl xxxvi].

## باسی شەشەم: گرنگیدانی ئەیوبیەكان بە كتێبخانە ( خزائن الكتب )

ئەیوبیـەكان گرنگـی زوٚریـان بـە كتێبخانـە دەداو بـە هوٚكـارێكی گرنگیـان لەقەڵـەم دەدا لـە بـەهێزكردنی چـالاكی روٚشـنبیری بەتایبـەت سـەلاحەدین كـە گرنگـی زوٚری بـەم بـوارە دەدا[cl xxxvi i]. ئەمـەش وای كـرد كـە ئەیوبییـەكان چـەندین كتێبخانـە دابمەزرێنن بە هوٚی چوونی ژمارەیەكی زوٚری خوێنەران بوٚ كتێبخانەكان وای لە سەلاحەددین كرد كە وەزیرێكی دامەزراند بـە نـاوی(قاضـي فاضـل عبـدالرحیم البیسـاني)[cl xxxvi i i](٥٩٦ك/١٢٠٠ز)[cl xxxi x]. كتێبخانـەكان جوٚراوجـوٚر بـوون بەتایبـەت هەندێكیان گشتی و تایبەتی و مزگەوتەكان و نەخوٚشەكان[cxc]، ئەمەش روٚڵێكی كارای گێرا لەو كاتەدا كە شارەكان لە بـواری زانستی و روٚشنبیری كەوتنە ململانیٚ، ئەو كتێبخانانـەی لـە پـاڵ قوتابخانـەكان دروست دەكـران، جگـە لەچـەند ژورێـك پێـك هاتبوون كە هوٚڵێكی فراوان بەیەكیەوە دەیبەستنەوە، پەرتووكەكانی لەسەر رەفەیەك جێگیر كرابوو بـە دیوارەكـەدا دادەنـرا، هەر ژورێك تایبەت بوو بە زانستێك، بەتایبەت ژورێك بوٚ فیقهە و ژورێـك بـوٚ پزیشـكی و ژورێـك بـوٚ ئـەدەب، هـەروەها هـوٚڵێكی

تایبەتی تێدا بوو بۆ خوێندنەوە، لەگەڵ چەند ژورێکی تر بۆ نوسەران و بۆ لە بەر گرتنەوە کردنی پەرتووکەکان، لەهەندێ ژوردا مۆسیقا هەبوو بۆ پشوو وەرگرتن، ژورێکی تایبەتی هەبوو بۆ گفتوگۆی زانستی لە نێوان سەردانی کەرانی کتێبخانەکەدا، هەروەها چێشتخانەی تایبەتی تێدا بوولەگەڵ ژوورێك بۆ مانەوەی بێگانەکان[cxci]. لەکاتێك خوێنەران سەردانی کتێبخانەیان دەکرد بە شێوەی خواستن کتێبەکانیان وەردەگرت[cxcii]، لە زۆربەی کاتەکان بۆ قوتابیانی ناوخۆ بوو هەروەها بۆ کەسی دەرەوەش هەبوو کە دەبوو بەڵێنی دابا کە پارێزگاری لە کتێبەکان بکات، هەروەها پێویستە بووترێت کتێبەکان بەشێوەیەکی ئاسۆیی واتا کتێبە گەورەکان لە خوارەوەو بچوکەکانیش لەسەرەوە دادەنران[cxciii]. هەروەها کەسانی شارەزا لە لایەن دەوڵەتەوە بۆیان دیاری دەکراو خەرجی بۆ کتێبخانەکان دابین دەکرا[cxciv]. لەو سەردەمەدا کە کتێبەکانیان بەشێوەی وەکو سەردەمی ئەمڕۆ ڕێکخرابوون نموونە لەو کتێبخانانە کتێبخانەی (قازي فاضل عبدالرحیمی کورِی علي کوري بسیاني عةسقةلاني)بوو[cxcv]. کە کتێبخانەکەی لە سەد هەزار بەرگ پێك دەهات[cxcvi].

## بەشی چوارەم: ڕۆشنبیری ئافرەتەکانی بنەماڵە ئەیوبی

ئافرەتەکانیئەیوبی هیچیان کەمتر نەبوو لە پیاوانی ئەم بنەماڵەیە لە بواری ڕۆشنبیری و زانستی وە ئەم ئافرەتانەبریتی بوون لە خوشك و کچ و خێزانەکانی سوڵتانەکانی ئەیوبی، وە ئەمانە ڕۆڵی کاری گەرییان بینیوە لە بواری ئاواکاری و تەرخانکردنی سامانی خۆیان لە پیناو پەرە پێدانی لایەنی زانستی چ لە دروستکردنی خوێندنگا یان یارمەتیدانی زانا و خوێندکارەکان،لەو ئافرەتانە کە باسیان دەکەین:

### باسی یەکەم: ست شام

ست شام (٦١٦ك/١٢١٨ز)کچی نجم الدین ئەیوبی کوڕی شادیە، خوشکی سوڵتان سەلاحەددین و موعەززەم تورا نشاە و شمس دولە و هتد...، [cxcvii] خوشکی پاشایانی وە پوری کوڕەکانیان بوو وە زیاتر لە ٣٥ نامەحرەمی هەبوو لە پادشایان[cxcviii]ست شام خاتونێکی ژیر و چاکە کار بووە، زۆر گرنگی بە نوێژەکانی داوە، لە ماڵەوە کاری کردووە و خۆی لە خەڵك جیانەکردۆتەوە، ماڵەکەی جێگای پەنابەران و لێقەوماوان بووە[cxcix]. هاوسەرگیری لە گەڵ کوڕی مامی کرد (ناصرالدین محمد کوڕی أسد الدین شێرکۆ خاوەنی حمص[cc].دایکی عصام الدین بووە، کچەکەی مامۆستا بووە لە باکوری دیمەشق[cci]، ست شام بەوە ناسراوە کە خاتونێکی چاکەکار و بەبەزەیی و خێرخواز بووە بەرامبەر هەژاران و نەداران[ccii].لە مێژووی شارستانی دەوڵەتی ئەیوب دا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە،شان بەشانی خاتونەکانی تری ناو ئەو بنەماڵەیە، بەشی زۆری سامانی بۆ وەقفی خوێندنگاکان و بەرژەوەندی گشتی خەڵك تەرخان کردووە، ست شام دوو خوێندنگای دروستکردووە، هەروەها چەندین گەرماو پرۆژەی خزمەتگوزاری دروستکردووە، ست شام لە ڕۆژی جومعەی مانگی ژی القعدە ساڵی (٦١٦ ك /١٢١٥ ز) کۆچی دوایی کردووە، لە کاتی مردنی خەڵکێکی زۆر ئامادەی ناشتنی بووە[cciii].

یەکێك لە کارە گرنگەکانی ست شام دروست کردنی خوێندنگای شامیەی بەرانیە کە لە ساڵی (٥٨٧ ك /١١٩١ ز) تەواو بووە، کە یەکێکە لە قوتابخانە گەورەکان[cciv].ناسراوە بە شامیەی بەرانیە چونکە دەکەوتە دەرەوەی قەڵای دیمەشق[ccv]. لە گەڕەکی (العتیقە) لە (العونیە) بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سوریا بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوارە دێرینەکان هەستاوە بە چاککردنەوەو ئاوەدان کردنەوەی، ئەم خوێندنگایە مزگەوتێك لە خۆدەگرێت، وە سێ گۆڕ لەم خوێندنگاکەیادا هەیە، یەکەمیان ست شام هەروەها کوڕەکەی حیسامەدین، دووەمیان گۆڕی ناصر الدینی مێردیەتی، سێ یەمیان گۆڕی براکەی توران شاە شمس الدولە خاوەنی یەمەنە. ست شام ئەو خوێندنگایەی وەقف کردبوو بۆ خانەیەکی فێرکاری و خزمەتگوزاری، یەکەمین مامۆستای ئەم خوێندنگایە (تقی الدین کوڕی صلاح) بووە, دوای ئەو (شمس الدین الاعوج)[ccvi].

وە خوێندنگای شامیەی جوانیە یەکیکی ترە لە کارەکانی ست شام لە نزیك بیمارستانی نوریەیە دروستکراوە، لە ساڵی (٦٢٨ك/١٢٣٠ز) بنیاتی ناوە، وەقفی ئاینزەی شافیعی کردووە. کۆمەڵێك کەس وەکو مامۆستا دەرسیان تیادا وتۆتەوە وەکو (شێخ تقی الدین کوڕی صلاح الشهرزوری، دواتر شمس الدینی عبدالرحمن المقدسی[ccvii]. لە (٥٨٠ ك/١١٨٤ز) ژمارەیەکی زۆر خانەی زانست و مزگەوتی تێدا بووە، دەتوانین بڵێین زۆربەی خوێندنگاکان لەو ماوەیەدا وەقف کرابوون بۆ وتنەوەی فیقهی شافعی و حەنەفی، یان هاوبەش بوون لە نێوان شافعی و حەنەفی، لەو کاتەدا خوێندنگا تەنها بۆ خوێندن نەبوو، بەڵکو زۆر کات شوێنێکیش بووە بۆ ناشتنی تەرمی وەقف کارەکانی, زۆر جار مزگەوتێکیش بۆ خوێندنگاکان دروست کراوە بۆ جێ بە جێ گەیاندنی ئەرکی نوێژ، لە ناو خوێندنگاکەدا شوێنی نیشتەجێ بوونی مامۆستا هەبووە، وە کتێبخانەیەکی ئاوەدان بە پەرتووکی بەنرخ هەبووە کە فێرخواز و مامۆستایان بەکاریان ئەهێنا، پەرتوکەکانیش لە خانەدا لەسەر ڕەفە ریکخرابوون بۆ ئاسان دۆزینەوەیان، بۆ فێرخوازیش تەمەنی دیاری کراو مەرج نەبوو بۆ وەرگرتنی، بەڵکو هەندێك لە واقیفەکان هەندێك مەرجیان دانابوو ناوەڕۆکەکەی ئەوەبوو کە فێرخواز توانای فێربوون و زیرەکی و لێهاتوویی هەبێت، فێرخواز بە قۆناغەکانی فێرکردن دا سەردەکەوت تا دواجار پسپۆڕی وەردەگرت لە یەکێك لە بوارەکان[ccviii].

## باسی دووەم: صفیە خاتون

ساحیبەی کچی مەلیك عادیل کوری نجم الدین ئەیوبی کوڕی شادیە، نازناوی ساحیبەی داپۆشراوی بەرزو گەورە و خاتونی دنیاو رۆژی دوایی بوو، دایکی عەزیزی حاکمی حەلەب، وە نەنکی الناصر سولتانی شام[ccix] لە قەلاّی حلب لە دایك بووە لە ساڵی (٥٨٢ ك – ١١٨٦ ز)، باوکی سەرپەرشتی ئەو قەلاّیەی دەکرد، پێش ئەوەی براکەی سەلاحەددین لێی وەربگرێتەوە، صفیە خاتون لە لای باوکی بە دەسپاکی ناسرابوو[ccx].لە دایك بوون و مردنی لە قەلاّی حەلەب بووە، لە ساڵی (٦٠٩ ك /١٢١٢ ز) شوی کردووە بە ئامۆزاکەی (زاهیر غازی) کوری سەلاحەددینی ئەیوبی، صفیە خاتون لە بواری ئاواکاریدا ڕۆڵێکی دیاری هەبووە، شوێن دەستی دیاربووە، رولی هەبووە لە بواری سیاسی و ئاواکاری و خوێندنگا دروستکردووە وەکو خوێندنگای (فیردەوس)، ئەم خوێندنگایانە هۆکارێك بوون بۆ پێشکەوتن و گرنگی دان بە بواری خوێندن و ڕۆشنبیری وە هۆکارێکیش بوون بۆ زیاتر گرینگی دان بە لایەنی شارستانی[ccxi].

صفیە خاتون جگە لە لایەنی ئاواکاری لە لایەنی کارگێڕی و سیاسیش ڕۆڵی هەبووە لە دوای مردنی کوڕەکەی (عەزیز محمد) ناسراو بە (شهاب الدین طغرل بك – ٦١٢ك/١٢١٥ز) وە سێتی کرد ناسر یوسفی دووەم بێتە سەر دەسەلاّت[ccxii]،تەمەنی حەوت ساڵان بوو بۆیە نەنکی صفیە خاتون بوو بە سەرپەرشتی، هەرچەندە مەلیك کامل رکابەری ناسر یوسفی دەکرد بەلاّم صفیە خاتون بۆ زیادکردنی سنووری دەسەڵاتی و هێزی خۆی بە ئاشکرا لە گەڵ سوڵتان کەیخوسرەوی سەلجوقی(٦٤٣ك/١٢٤٦ز) رۆمدا پەیمانێکی مۆرکرد، لە سکەو وتاری هەینی ناوی کەیخوسرەوی دانا، وە خوشکی ئەم سوڵتانەی بۆ مەلیك ناسری کوڕەزای خواست، بۆ زیاتر لێك نزیك بونەوەی هەردوولا، صفیە خاتون لەو شەڕانەی لە نێوان خوارزمیەکان و کاربەدەستانی ئەیوبی ڕوویداوە ڕۆڵێکی زۆری هەبوو چونکە سەرپەریشتیار بووە بەسەر ناسر یوسف و بەژدار بوو لە دارشتنی پلانی ڕوبەڕوو بونەوەی دوژمن، لەدوای چەند مانگێك دوای ئەم هێرشە صفیە خاتون مرد لە ڕۆژی جومعەی جمادی یەکەمی ساڵی (٦٤٠ ك/١٢٤٢ز) لە ناو قەلاّی حەلەب لە پێش کوڕەکەی کە مەلیك (عەزیزە) نێژراوە، لە دوای مردنی صفیە خاتون خەلیفەی عباسی نازناوی سوڵتانی بەخشی بە ناسر یوسف[ccxiii].

خوێندنگای (فیردەوس) ساڵی (٦٣٣ك/١٢٣٥ز) یەکێکە لە مەزنترین خوێندنگاکانی وولاّتی شام لە لایەن صفیە خاتون بنیات نراوە، کەبۆتە جێگای دیدەنی بۆ ڕێبواران، وە هەستاوە بە پێکهێنانی دەستەیەك بۆ سرود گوتن، خوێندنگای فیردەوسیە بەڵگەیەکی روونە لەسەر بەژداری کردنی ئافرەت لە دروسکردنی شارستانیەتی ئیسلامی[ccxiv]. ئەم خوێندنگایە صفیە

خاتون وەقفی کرد بۆ شافعیە وە بریاری دا کە ببێت بە خوێندنگا و مزگەوت و ریباگ و لە ساڵی (٦٣٣ك/١٢٣٥ز) وەقفی زۆر بو دانا وە زۆر مامۆستای بەناوبانگی بۆ دانا لە گەل ژمارەیەك خوێندکاری قورئان خوێنان و فوقەها[ccxv].

## باسی سێیەم: رەبیعە خاتوون

کچی نجم الدین ئەیوبی کوڕی شادیە، خوشکی سولّتان سەلاحەددینە، رەبیعە خاتوون شوی کردووە بە سەرکردە سعددین مەسعودی کوڕی معین الدین[ccxvi] (٥٨١ك/١١٨٥ز) کە یەکێك بووە لە سەرکردەکانی سوپای ئەیوبی لە سەردەمی دەستەلاّتداریەتی سولّتان سەلاحەددین[ccxvii]، دوای مردنی ئەم هاوسەرەی، رەبیعە خاتون شوی بە مظفر الدین کوکبری[ccxviii] کرد کە دەستەلاّتداری هەولێر بوو، بۆ ماوەی (٤٠ ساڵ) لە گەلّ ئەم هاوسەری ژیاوە تا کۆتایی ژیانی لە گەلّی ماوەتەوە[ccxix]. پاشان بۆتە خزمەتکاری دایکی لەتیفی کچی ناصح الحنبلی(٦٣٤ك/١٢٣٦ز)، لەوێ مالّی مولّکێکی زۆری دەست کەوتووە، وە سامانەکەی پێشکەشی قوتابخانەی حەنبەلیە کردووە، دواتر شوی بە مەلیك ئەشرەف[ccxx] کردووە کە خاوەنی حمص بووە، لە ساڵی (٦٥٣ ك/١٢٥٥ ز)، ئەو سامانەی لە دیمەشق هەیبووە گەیشتوبووە (٦٠٠) هەزار دینار. رەبیعە خاتون لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە، لە تەمەنی (٨٠) ساڵی بەرەو سەرەوە لە قاسیون[ccxxi] نێژراوە. ئەم خاتونە رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بنیاد نانی شارستانی و پەرەپێدانی لایەنی رۆشنبیری لە سەردەمی دەولّەتی ئەیوبی، بەلّگەش بۆ ئەو قسانەم دروستکردنی خوێندنگای (صاحبیە) یە کە چەندین کەسی بەتوانای تێدا پێگەیشتووە[ccxxii].

ئەم خوێندنگایە لە ساڵی (٦٢٨ ك /١٢٣٠ ز) دروستی کردووە.دەکەوێتە رۆژئاوای قوتابخانەی روکنیە لە گەڕەکی ڕوکنەدین، ئەم قوتابخانەیە وەقف کرا بووە سەر حەنابیلەکان[ccxxiii]، خوێندنگای صاحبیە لە باشترین خوێندنگاکان بووە، هۆڵی فراوانی تێدابووە، وە پێش هەیوانی بۆ کراوە دوو پەنجەرەی تێدا بووە، کە دەیانڕوانیە لای سەرەوەی خوێندنگاکە، هەروەها دوو هۆڵی تری هەبووە لە رۆژهەلاّت و رۆژئاوای خوێندنگاکە. ئەو دوو هۆڵە دوو هەیوانی رۆژهەلاّت و رۆژئاوای هەبووە، لە هەیوانی رۆژهەلاّت پەیژەیەك هەبووە، لە خوار پەیژەکە حەوزێکی ئاو هەبووە، ئەم خوێندنگایە چەندین پەنجەرەی هەبووە، هەندێکیان لە سەحنی خوێندنگاکە و هەندێکی تریان لە رووی ڕێگاکەوە، ئەم خوێندنگایە دەرگایەکی گەورەو دیاری کراوی هەبووە، بە شێوەیەکی زۆر جوان نەخشێنرابووە[ccxxiv].

## باسی چوارەم: عیصمەت خاتوون

عصمەت خاتون کچی معین الدین[ccxxv] بووە کە فەرمان ڕەوای دیمەشق بوو، خێزانی نورەدین محمود بووە، لە دوای مردنی نورەدین لە ساڵی (٥٦٩ ك /١١٧٣ ز) هاوسەرگیری لە گەلّ سەلاحەددین کردووە لە ساڵی (٥٧٢ ك /١١٧٦ ز)[ccxxvi]. ئەم خاتوونە وەکو خاتونەکانی تری بنەماڵەی ئەیوبی کە لە پێش ئیستا ئاماژەمەن بە هەندێکیان کرد ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە ڕووی ئاینی و ڕۆشنبیری و کۆمەلاّیەتی و ئابوری و سیاسی، لە بەتواناترین خاتونەکانی سەردەمی ئەم بنەماڵەیە بوون[ccxxvii]، عصمەت خاتون لە ڕووی سیاسی یەوە کاری دەکرد بۆ ڕێکخستنێکی تەواو توند و تۆلّ، لە هەمان کاتدا کەسێکی بەخشندە بووە بە رامبەر بە خێزانەکەی، خاتونێکی بە وەفا بووە، خاوەنی زۆرێك لەو ناوچانە بووە کە ڕزگار بوون لە دەستی دوژمن، وە (حماە)ی بەخشیوە بە شهابەدینی خالّی، (حمص)ی بەخشیوە بە ناصرەدینی ئامۆزای دانیشتوانی ئەم ناوچانە سودمەند بوون لە ژێر دەستی ئەودا، بۆ دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانی خەلّك ئامادەبوو هاوکاری خەلّکەکە بکات، بۆ پارێزگاری کردن لە ناوەندی دەستەلاّتی بنەماڵەی ئەیوبی و سەرخستنی بەسەر دوژمنەکانیدا، سور بوو لەسەر ئەنجامدانی هەر کارێك کە سودی هەبوایە بۆ خەلّك و دەستەلاّتی سیاسی بنەماڵەی ئەیوبی[ccxxviii]، ئەم خاتونە

خزمەتێکی زۆری بەبواری ڕۆشنبیری و خوێندن و خوێندەواری کردووە لە ڕێگای ئەو خوێندنگا و دامەزراوانەی دروستی کردوون وەکو خوێندنگای (خاتونیە)، وە چەندین خانەقاو حەمامی دروستکردووە، خوێندنگای خاتونیە جوانیە کە لە لایەن ئەم خاتوونەوە دروست کراوە لە ساڵی(٥٧٣ ك /١١٧٧ ن) تەواو بووە(ccxxi x). لە لایەن سعد الدین (٥٨١ك/١١٨٥ز) برایەوە سەرپەرشتی کراوە، دواتریش لەلایەن نەوەکانی ئەوان بەڕێوەبراوە، دامەزرێنەری ئەو خوێندنگایە شارەزابووە لە نەخشە کێشانی خوێندنگا، جگە لەم ئەم خوێندنگایە خانەیەکشی دروستکردووە، هەردووکیانی بە ناوی خۆیەوە ناوناوە، خوێندنگاکە لە ناوەوەی دیمەشق بووە، لە شەقامی (الحجر الذهب) نزیك حەمامی چەرکەسی، بەڵام خانەکە لە دەرەوەی باب النصر بووە لە سەر دەریای بانیاس(ccxxx). یەکێ لەو مامۆستایانەی دەرسی تیا وتۆتەوە باوکی بووە بە ناوی (حجە الاسلام) دواتر (فخرالدین الحواری) و کۆمەڵێك زانای تر، دامەزرێنەری ئەم خوێندنگایە لە دیمەشق لە مانگی ژی القعدی ساڵی (٥٨١ك/١١٨٥ز) مردووە، سەڵاحەددین لەو زەویەدا ناشتی کە بۆیان دیاری کردبوو لە بناری قاسیون لە گۆڕەستانی چرکسیە. لێرەدا دەردەکەوێ کە خاتونەکانی ئەیوبی رۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان هەبووە لە بیناکاری و شارستانی بەتایبەت لە دیمەشق، لەماوەی حوکمی ئەو بنەماڵە کوردە، وە شان بەشانی پیاوان وەستاون و بەژداریان کردووە لە کاری سیاسی(ccxxxi).

**دەرئە نجامی توێژینەوە:**

١- لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر بۆی دەرکەوت کە زانست و جوڵانەوی هزری ئامانجێکی سەرەکی موسڵمانەکان بووە بەدرێژایی سەردەمە جیاوازەکان چی بەتاك یاخود بەکومەڵ، لەلایەن خەڵکی ئاسایی یان فەرمی بوو بێت، سەرەرای بوونی کەموکوڕی لە پێگەی رامیاری ئەو سەردەمانەدا.

٢- راستیەکی حاشەهەڵنەگرە کە لە ناو دەسەڵاتدارانی موسڵمانەکان نمونەی زۆر نایابیان تێدا بووە کە زۆر بە خەمی پەرەپێدانی لایەنی رۆشنبیری بوونە ئەم خەم خۆریە دوو ئاراستەی وەرگرتبوو یەکێکیان هەوڵدان بووە بۆ خۆ رۆشنبیر کردن و پێگەیاندی توانای مەعریفی خۆیان چی بە خوێندنەوە یان بە هاودەمی کردنی زانا و مامۆستا پایەبەرزەکانی سەردەمی خۆیان یان بە بەشداری کردن لە کۆڕو کۆبوونەوەی زانستی بووبێت، ئەم دیاردەیە لەناو خەلیفەکانی عەبباسی زۆر بە ڕوونی دیار بووە.

٣- ئەیوبیەکان ئەو هۆزە کوردە بوون کە توانیان لەناو کێشمەکێشی سەدەکانی ناوەڕاست لە ناوچەیەکی ئاڵۆزو پڕ لە کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێ پێیێ خۆیان بکەنەو دەسەڵاتی ئەو ناوچە گرنگ بگرنە ئەستۆ کە بریتی بوو لە وڵاتی

شام و میسر و یەمەن وبەشێك لە باكوور و باشووری كوردستان، بۆ ماوەی سەدەیەك حوكمی تێدا بكەن و ڕۆڵێكی سیاسی و شارستانی مەزن بگێڕن سەرەڕای بوونی كەمو كورتی لە پێگەی سیاسیدا بەتایبەتی دوای مردنی سەلاحەددین بوونی جێنشینەكانی بە سوڵتان و دەسەڵاتدار.

٤- ئەوەی شایانەی باسە ئەوەیە كە زۆربەی سوڵتانەكان و كەسایەتیەكانی بنەماڵەی ئەیوبی لە ئاستێكی بڵندی ڕۆشنبیریدا بوون، كە بابەتی ئەم توێژنەوەیە، وە لەم بوارەدا ئەمانە لە پێشەنگدا بوونە لە چاو میرو دەسەڵاتدارەكانی هاوسەردەم و دوای سەردەمی خۆشیان لە جیهانی ئیسلامی لە سەدەكانی ناوەڕاست، ئەوەی مەبەستمانە دیاری كردنی ئاستی ڕۆشنبیری تاكیە، زۆر جار ئیمە دەخوێنینەوە و یان لیكۆڵینەوەی لە سەر كراوە باسی لایەنی شارستانی و بە تایبەتی لایەنی زانستی و بنیاد نانی دامەزراوەی فێركاری كراوە، بەڵام بە تایبەتی بە وەردی باس لە ئاستی ڕۆشنبیری سوڵتانەكان و حەزوخولیاكان و بەرهەم و بەشداریان لە گفتوگۆ و ڕووبەڕووبونەوە زانستیەكان و چەندها چالاكی تر كە گرنگی پێنەدراوە.

٥- ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە كە لە نێو  ئەندامانەی ئەم بنەماڵەیە زانا و مێژوو نووس و شارەزای جوگرافیا و زماندۆست و نەحوی و شاعیر و ئەدیب دۆست دەركەوتووە، سەرچاوە مێژوویە هاوچەرخەكانی ئەو سەردەمە ئاماژەیان پێ كردووە و تەنانەت هەندێك لە بەرهەمەكانی بنەماڵەی ئەیوبی بە سەرچاوەی گرنگی مێژووی و جوگراف و ئەدەبی دادەنرێت.

٦- لە لایەكی ترەوە ئەو پەیوەندیە پتەوەی نێوان سوڵتانەكانی ئەیوبی و زانایان بە ڕوویەكی گەشی ئاستی ڕۆشنبیریان دادەنرێت، زۆرێك لە سوڵتان و كاربەدەستانی ئەیوبی دەوری خۆیان بە كۆمەڵێك زانای ناودار دابوو ئەمانە ڕۆڵیان هەبوو لە یەكەم بەرزكردنەوەی ئاستی زانیاری تاكەكانی بنەماڵەی ئەیوبی و كاریگەریەكی مەزنیان لە سەر ئاستی ڕۆشنبیریان دروست كرد، وە لە لایەكی ترەوە ئەمانە هۆكار بوون بۆ بەدەسهێنانی سەركەوتنی گەورەی ئەیوبیەكان لە زۆربەی لایەنەكان بە تایبەتی لە سەر لایەنی زانستی.

٧- هەروەها ڕوویەكی تری ڕۆشنبیری تاكەكانی بنەماڵەی ئەیوبی دەسكراوەییان بووە لە خەرج كردنی سەروەت و سامانیان لە پێناو پەرپێدانی لایەنی زانستی و خزمەتكردنی زانا و خوێندكارەكانی دامەزراوە فێركاریەكان، سەرەڕای بنیادنان و نۆژەن كردنەوەی چەندین دامەزراوەی فێركاری، ئەو دامەزراوانەی كە هۆكار بوون بۆ پێگەیاندنی چەندین كادری چالاكی بوارە جۆربەجورەكان، كە خزمەتێكی زۆریان بە دامودەزگاكانی دەوڵەتی ئەیوبی دواتریش دەگەیاند.

## پەراوێزەكان:

[i] ( ) ڕەوادی: ئەمانە دەگەڕێنەوە سەر هۆزی هەزبانی كوردی، لەنیوەی یەكەمی سەدەی (٤ ك واتا ١٠ز)، میرنشینێكی سەربەخۆیان دامەزراند (محمد كوری حسێنی ڕەوادی) لە ساڵی (٣٤٣ك /٩٥٤ ز)، دەسەلاتی بەرەو ئازەربیجان درێژكردەوە. المقریزی، السلوك، ج١/ص١٤٩" ابن تغری بردی، النجوم الزاهرە، ج٦/ص١٣–١٣" نیشتیمان بەشیر محمد، كوردو سەلجوقیەكان، وەرگێڕانی ئیدریس عبدولآ مستەفا، چ ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، لا ٢٤ – ٢٥.

[ii] ( )هەزبانیەكان زانیاری كەمە دەربارەیان تا ساڵی (٤٢٠ك/١٠٢٩ ز) مێژووەكەیان نادیارە، شاری ئەربڵ پایتەختیان بووە، چونكە تا سەدەی (٥ ك) لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوون، لەسەر دەستی ئەتا بگ (عیمادەدینی زەنگی) میرنشینەكە ڕوخاوە.ابن الاثیر، الكامل فی التاریخ دارالكتاب العربی،بیروت ،ج٨/ص٢٨٤.

([iii]) دوین: شارێكە لە دەوروبەری ئاران لە كۆتایی سنوری ئازەربایجان لەنزیك تەفلیس، شهاب الدین أبی عبدللـه یـاقوت الحمـوی، معجـم البلـدان، ط٢، دار صادر، بیروت، ١٩٩٥،مج ٢،ص٤٩١.

([iv]) ابن الأثیر،الكاملي التاریخ، ج١٠ /ص ١٦.

([v]) ابن الأثیر، الكاملي التاریخ، ج١٠ /ص ١٦"شهاب الدین ابو محمد عبد الرحمن المقدسي أبو شامة، الروضتین فی الاخبار الدولتین (النوریة والصلاحیة)، تحقیق محمد حلمي ومحمد مصطفی زیادة، ١٩٦٢م،ج١ /ص٤٠٣-٤٠٤"ابی العباس أحمد بن محمد ابن خلكان، وفیات الأعیان وانباء ابناء الزمان،ط ١،دارالكتب العلمیة، بیروت، ١٩٩٨،ج١ ص ٢٥٥ – ٢٥٦ .

([vi]) ابی العباس أحمد بن محمد ابن خلكان، وفیاتا لأعیان وانباء ابناء الزمان، ط ١، دار الكتب العلمیة، بیروت، ١٩٩٨،ج١ ص ٢٥٥ – ٢٥٦ .

([vii]) الملـك الأمجدالأیوبي،نسـب الأیـوبیین، تحقیـق صـلاحالدین المنجـد، بـیروت، ص ٤٧ " عبـد المـنعم ماجـد، الدولـة الأیوبیـة فـی تـأریخ مصرالاسلامی، دارالفكر العربی، د.م، ١٩٩٧، ص٧٥.

([viii]) الحموی، معجم البلدان، مج ٢،ص٤٩١ –٤٩٤.

([ix]) الحموی، معجم البلدان، ج ٢، ص ٤٩١.

([x]) ابن تغري بردي ، النجوم الزاهرة ، ج٦/ص١٢" ماجد، الدولة الأیوبیة، ص٧٦.

([xi])إبن الأثیر، الكامل فی التأریخ، ج ١٠، ص ١٦.

([xii]) إبن خلكان، وفیات، مج ١، ص ٢٦٠.

([xiii]) إبن الأثیر، الكامل، مج ١٠، ص ١٦.

([xiv]) نورەدین محمود:ناوی ابوالقاسم محمود كوری عمادالدین زەنگیە ناسرابوو بە مەلیك عادیل نورالدین لەساڵی ٥١١ك /لە دایكبووە، دوای مردنی باوكی دەستی گرت بەسەر حەلەب و دەوروبەری وەپاشان توانی دیمەشق تەواوی شام بخاتە ژێر دەسەڵاتی ، پاشایەكی لەخواترس و بەدین بوو زۆر حەزی بەكاری چاكەدەكردوە چەندین قوتابخانەی دروستكردووە لە ولاتی شامدا، لەساڵی ٥٦٩ك/ مردووە. ابن خلكان، وفیات، ج ٥، ص ١٨٤-١٨٧.

([xv]) ابن الأثیر، الباهر، ص ١٤٠" ابنشداد، النوادر السلطانیة، ص ٤٠" ابن واصل، مفرج الكروب،جـ ١،ص ١٦٤، ١٦٥"ابن أیبك الصَّفَدي: الوافي بالوفیات جـ ١٦ ص ٩٧.

([xvi])ابنشداد: النوادر السلطانیة ص ٤٠" أبو شامة، الروضتین فی الاخبار الدولتین ، ج٢/ص ٦٤-٦٨"الصفدي،الوافي بالوفیات جـ ١٦/ ص ٢١٥.

([xvii]) إبن الأثیر، الكامل، مج ١٠/ص ٣٥"الذهبي، سیر اعلام النبلاء،ج١٥/ص ٢١٠-٢١٥.

([xviii]) إبن الأثیر، الكامل، مج ١٠، ص٥٥-٥٨، ٦٥.

([xix])كەرەك: وشەیەك ی ئەعجەمیە ناوی قەڵایەكی قایمە لە دەوروبەری شام بە رووی شاخی (البلقاو) كەوتۆتە نێوان (ایلەو دەریای قلزم و بیت المقدس) لەسەر چیایەكی بەرزە چەند دۆڵێك دەوری داوە.الحموی، معجم البلدان، ج٤، ص٤٥٣.

([xx]) الاصفهاني، الفتح القسي، ٤٥-٥٩" ابن الاثیر ، الكامل في التاریخ ،ج١٠/ص١٤٦-١٦٣، احسان عباس، تاریخ بلاد الشام في عهد الاتابكة والایوبیین ، دائرة المكتبة الوطنیة ، عمان، ١٩٩٨، ص١٧٧-١٩٧.

([xxi]) ئارشاك سافریستیان، كورد و كوردستان، وەرگێڕانی: أمین شوان، لە هارڤەر چاپ كراوە، هوڵەندا، ١٩٤٨، لا٥٥.

([xxii]) بە واتای سەروەی شام دێت، شارێكە لە شام كەوتۆتە سەر كەناری دەریای لە نێوان غەزەو بەێت جەبرین وە پێی وتراوە بوكی شام. الحموی، معجم البدان، ج٤، ص١٢٢.

([xxiii]) ابن الاثیر ، الكامل في التاریخ ،ج١٠/ص١٤٦-١٦٣ " قەفتان، مێژووی گەلی كورد، لا ١٨٨.

([xxiv]) ابن الاثیر ، الكامل في التاریخ ،ج١٠/ص١٨٣" عباس، تاریخ بلاد الشام ، ص٢٠٥-٢١٩ ؛ جفری برۆن، پوختەی مێژووی ئەوروپا، وەرگێڕانی: نیهاد جلال حبیب الله، چ ١، ب – چ، ٢٠٠٩، لا٢٥١.

([xxv]) ابن الاثیر، الكامل في التاریخ،ج١٠/ص١٨١-٢٠٤،١٩٩-٢١٨" عباس، تاریخ بلاد الشام ،ص ١٩٧ – ٢٢٦.

([xxvi]) ابو شامة ،الروضتین في اخبار الدولتین،ج٣/ص٣٣٢-٣٣٥" الصفدي ، والوافي بالوفیات ، ج٢٩/ص٤٨-٦٦.

([xxvii]) إبن خلكان، وفیات الاعیان، ج/ص٤٠٦-٤١١"عباس ، تاریخ بلاد الشام ،٢٤٠-٢٤١.

([xxviii]) إبن خلكان، وفیات الاعیان، مج ٤، ص ٣٣٤.

(xxix)موسى مصطفى الهسيانى، السنوات الاخيرة من حياة دولة الكورد الايوبية فى مصر وبلاد الشام، ط ١، مديرية مطبعة الثقافة، أربيل، ٢٠٠٧، ص ١٨٠.

(xxx)محمد الصادق العفيفي، تطور الفكر العلمي عند المسلمين، مكتبة الخانجي، القاهرة، ص١٦–١٧، ٤٧–٤٨، ٥٤=٥٨.

(xxxi)گقوش، پوختەی، ل١٨٥.

(xxxii)موعتەزیلەکان: ئەوانە لێکۆڵینەوەی ئوصولی دین و بیروباوەریان دەکرد لەم بوارەدا زیاتر عەقڵیان حوکمی بەسەردا دەکردن، دواتر گەیشتنە هەندێك بیرورِا كە جیاواز بوون لە بیرورِای خەڵك كە یەکەم جار ئەم جیاوازیە لە (بصرە)دا دەرکەوت دواتر لە (بغداد)، گرنگترین ئەو بوارانەی كە جیاوازیان هەبوو لەسەریان مەسەلەی قەدەرو کردوەی بەندەکانە كە دەیان ووت کردەوەی بەندەکان دروستکراوی خۆیانە نەك خودا، كە رِای گشتی وابوو كە دروستکراوی خودایە، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییان هەبوو لەسەر سیفەتەکانی خودا،عبد اللطيف بن بد القادر الحفظي، تاثير المعتزلة في الخوارج والشيعة، دار المعرفة، بيروت، ٢٠٠٥، ص١٣–٩٦،٣٠–١٩٧.

(xxxiii) حسن، تاريخ الاسلام، ج٢، ص٢٨٣–٢٨٥.

(xxxiv)کۆبوونەوەی زانایان بوو كە گفتوگۆیان دەکرد لەسەر ئەو رِا جیاوازانەی كە سەریان هەڵدابوو كە هەوڵی لادانی ئەم رِایانەیان دەدا بەتایبەت هەندێ دەستە پێیان وابوو كە قورئان دروستکراوی خودایە، ئەمەش لە قورئان و سونەتدا هەیە، على إبراهيم حسن، التأريخ الإسلام (الجاهلية– الدولة العربية– الدولة العباسية)، ط١،دار الاندلس الخضراء، القاهره،الجدة،٢٠٠٠، ص٤٠٨.

(xxxv)علي إبراهيم، التأريخ الإسلام، ص٤٠٨.

(xxxvi)كاوه فرەج سعدون، رِۆڵی پڕشنگداری زانا مسوڵمانەکان لە پێشکەوتنە زانستیەکان، چاپ و پەخشی نوسەر، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٣٦٨– ٣٦٩.

(xxxvii)بروانة محمد بن اسحاقبن محمد ابن النديم، الفهرست، بيروت، مكتبة خياط، ١٩٦٤.

(xxxviii) منير سعد الدين ، المدرسة الاسلامية في العصور الوسطى ، المكتبة العصرية ، بيروت ، ١٩٩٥، ص١٦–١٧.

(xxxix) كامل جميل العسلي، الأوقاف والتعليم، المجمع الملكي لبحوث الحضارة الإسلامية، د.ت، ١٢٩/٣.

(xl) احمد احمد بدوي، صلاح الدين الايوبي بين شعراء عصره وكتابه، دار القلم، القاهرة، ١٩٦٠، ص٢٩–٣٩.

(xli)احمد خليل،تاريخ الكرد في الحضارة الاسلامية، ط١، دار هيرو ، بيروت، ٢٠٠٧،ص٣٠٨–٣٠٩ .

(xlii) درية عوني والاخرون، الاكراد في مصر عبر العصور، ط١،،القاهرة،٢٠١١،ص٤٦–٤٩.

(xliii) احمد بدوي، الحياة العقلية في عصر الحروب الصليبية بمصر والشام، القاهرة،د,م.ت،ص٥–١٠.

(xliv) خليل، تاريخ الكرد في الحضارة الاسلامية،٢٩٣ –٣٠٦.

(xlv)حسن ابراهيم حسن، تاريخ الاسلام السياسي والديني والثقافي والاجتماعي،ط١٤،مكتبة النهضة المصرية،القاهرة،١٩٩٦، ج٤/ص١٠١–١١٢.

(xlvi)الاصفهاني، الفتح القسي،٦٥–٦٩.

(xlvii) خليل ، تاريخ الكرد في الحضارة الاسلامية،ص٢٩٣،٢٠٣–٣٠٦.

(xlviii)سعد الدين ، المدرسة الاسلامية ، ص١٢–٣٩.

(xlix) ابن جبير، الرحلة ابن جبير، ١٩٨.

(l)ابن الاثير،الكامل،جـ١٠/ص٩" المقريزي، الخطط،جـ٢/ص٣٦٢" السيوطي، حسن المحاضرة،جـ٢/ص١٨٤–١٨٥.

(li)هاملتون جب، دراسات في حضارة الاسلام، ترجمة: احسان عباس وآخرون، ط٢، دار العلم للملايين،بيروت، ١٩٧٤، ص٣٠.

(lii) عطا عبد الرحمن محى الدين، ئەسەدین شێرکۆ ژیاننامەی و رِۆڵی لەشەری خاچپەکان دا، چ١، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی رِۆشنبیری بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٧٢.

(liii)الاصفهاني، الفتح القسي، ص٨١–٨٢" الصفدي، الوايب الوفيات،ج ٢٩/ص٥٩ ٦٤" اكو برهان محمد، رِۆڵی زانستی سەلاحەدین و رِۆڵی لە گەڵ زاناکان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە٢، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١١٠.

(liv) خليل، تاريخ الكردفي الحضارة الاسلامية، ص٣٠٧–٣١٠.

(lv)حسن، تاريخ الاسلام السياسي ، ص٤٠٤.

(lvi) خليل، تاريخ الكرد في الحضارة الاسلامية،ص٢٩٦.

([lvii]) العبادي،فيتاريخالايوبيينوالمماليك،ص٩٩ .

([lviii]) بروانة : ناصر داود بن يسى ، الفوائد الجلية في الفرائد الناصرية،مطبعة الشؤون الثقافية ، بغداد ،١٩٩٠.

([lix]) بروانة: محمد بن تقي الدين عمر بن شاهنشاه ، مضمار الحقائق وسر الخلائق ، ت: حسن حبشي ، عالم الكتب ، القاهرة ، ١٩٦٨.

([lx]) بروانة: عماد الدين اسماعيل بن علي أبي الفداء، المختصر في أخبار البشر، ط١، (القاهرة: المطبعة الحسينية، ١٣٢٥هـ).

([lxi]) ابن شداد، النوادر، ص٣١–٣٧ " التكريتي، الايوبيون،ص١٠١–١٠٢.

([lxii])ابن خلكان، وفيات الاعيان،٥٣/٣–٥٤.

([lxiii])ابن شداد، النوادر، ص٣٣،٣٧.

([lxiv])ابن خلكان، وفيات الاعيان، ٤ج/ص٢٣٩–٢٤٠"حسين: موسوعة،٢٧١.

([lxv]) النوادر السلطانية، ،ص٣٣.

([lxvi]) ابن واصل، مفرج الكروب ، ج٢،ص٥٥–٥٦" السبكي، طبقات الشافعية الكبرى، ج٤، ص١٩٥" المقريزي، السلوك، ج١،ص١٧٣–١٧٤.

([lxvii]) السبكي، طبقات الشافعية الكبرى، ج٤، ص١٩٥" المقريزي، السلوك ، ج١،ص١٨٧..

([lxviii]) ابن قاضي شهبة،طبقات النحاة واللغويين، ص١١٦.

([lxix])ابن قاضي شهبة، المصدر نفسه.

([lxx]) ذيل مرآة الزمان، ج١،ص٧١.

([lxxi]) السبكي، طبقات الشافعية الكبرى، ج٤، ص١٩٥" ج٧،ص١٢١–١٢٢.

([lxxii]) البداية و النهاية، ج١٢،ص٤٠٣–٤٠٤.

([lxxiii])ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ج٦/ص١٥٧.

([lxxiv])الروضتين،ج٤،ص١٢.

([lxxv]) عاشور، مصر والشام، ١٠٧.

([lxxvi]) عماد الدين الكاتب، الفتح القسي، ص٨١–٨٢.

([lxxvii])ابن خلكان، وفيات الاعيان،ج٧،ص٢٠٦–٢٠٧.

([lxxviii]) الحنبلي، شفاء القلوب، ص١٨٨–١٩٠.

([lxxix])المقريزي، السلوك، جـ١/ص١٧٣.

([lxxx]) عباس ، تاريخ باد الشام، ٢٨٠–٢٨٤.

([lxxxi]) ابن شداد، النوادر، ص٣٥٤" البنداري، سناء البرق،٢٩٩.

([lxxxii]) لبگريرك القدس: ئەو نازناوە و پێگەیە بوو كە سەرۆكی ئەسقوفیەكانی قودس هەیبوو. عبد المنعم ماجد، الدولة الايوبية في تاريخ مصر الاسلامية، دار الفكر العربي، القاهرة،١٩٩٧،ص١١١.

([lxxxiii]) ابن الاثير، الكامل،١٤٨/١٠" ابن واصل، مفرج الكروب، ج٢/ص٢٣٠.

([lxxxiv])ابن خلكان، و في اتالاعيان،ج٣،ص٢٥١،ابن تغرى بردي،النجومال زاهرة،ج ٦،ص١٢٧" النعيمي، الدارس،ج١،ص٣٨٧.

([lxxxv])ابن ابي اصيبعة،عيون الانباء،ص٦٨٨.

([lxxxvi])ياقوت، معجم الأدباء، ج٨، ص١٠٥" السيوطي، بغية الوعاة، ج١،ص٥٠٢–٥٠٣.

([lxxxvii])المقريزي، الخطط، ج٢، ص٨٣.

([lxxxviii])الذهبي،سيراعلام،ج٢١/ ص٢٩٤" النعيمي، الدارس، ج١/ص٣٨٧.

([lxxxix])أبو الحسن علي بن موسى بنسعيد الأندلسي،الغصون اليانعة في محاسن شعراء المائة السابعة، تحقيق ابراهيم الأبياري، ط٢،القاهرة، دار المعارف، ١٩٥٤م، ص١٤.

([xc])ابن خلكان، وفي اتالاعيان، ج٣،٤١٩–٤٢١.

([xci])ابو شامة، الذيل، ص٩٤" ابن واصل، مفرج الكروب، ج٢/ص١٧٨–١٨٠" ابن خلكان، وفيات الاعيان، ج٤،ص٦–٩.

([xcii])ابن كثير، البداية والنهاية، ج١٣/ص٨٤،٧١–٨٥.

([xciii])ابن الاثير، الكامل،١٠/٣٦٩.

([xciv])ابن خلكان، وفيات الاعيان،٧/٨٩.

([xcv]) الصفدي، الوافي بالوفيات، ج٢٠/ص١٦٣.

([xcvi]) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ٨–٢/٧٤٥.

([xcvii]) المقريزي، السلوك، ١/٤١٧،٤٠٧.

([xcviii]) ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ٦/٣٢٢.

([xcix]) النجوم الزاهرة، ٦/١٦٣.

([c]) الصفدي، الوافي بالوفيات،ج١،ص١٩٤.

([ci]) المقريزي،الخطط،ج٢،ص٣٦.

([cii]) صارم الدين ابراهيم بن محمد بن آيدمر العلائي المعروف بابن دقماق، نزهة الانام في تاريخ الإسلام، تحقيق سمير طبارة، المكتبة العصرية، بيروت، ١٩٩٩م، ص١٢٠" النعيمي،الدارس،ج١،ص٣٥٩.

([ciii]) ابن الوردي، تاريخ بن الوردي،٢/١٦٥.

([civ]) ابو شامة ، الروضتين ، ج٢/ص٢٦٤ " الذهبي ، تاريخ الاسلام ،ج٣٩/ص٤٧ ، ج٤٤/ص٨.

([cv]) خليل،تاريخالكردفيالحضارةالاسلامية،ص٣٠٨–٣١٠.

([cvi]) الغساني، العسجد، ج٢/ص٤٢٨.

([cvii]) ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ج٥ /ص ٢٦٧.

([cviii]) ابن قطلوبغا، تاج التراجم، ص٦٩.

([cix]) ابن واصل، مفرج الكروب، ج٤، ص٢١٠" الغساني، العسجد، ج٢، ص٤٢٨.

([cx]) ابن واصل، مفرج الكروب، ج٤، ص٢١٠.

([cxi]) ابو الفداء، المختصر، ج٣/ص١٣٨ " ابن الوردي، تاريخ، ج٢/ ص٢١٣.

([cxii])ناوی (زيد بن الحسن بن زيد البغدادی) يە يەكێكە لە ناودارترين زاناكانی سەردەمی خۆی لە زمان و نەحو و شێخی حەنەفيەت خويندنەوە بوو ە شام، لە ديمەشق مردووە، ئەم زانايە لەلای بنەماڵەی ئەوبی جگايەكی بەرزی هەبوو بە تايبەتی لە لای مەليك موعەززەم عيسى. الحموی،معجم الادباو، بيروت، دار المستشرق، د.ت، ج١١، ص ص ١٧٠ – ١٧٦" جمال الدين ابی الحسن بن علی القفطي: أنباه الرواه على انباه النحاه، تحقيق: محمد ابو الفضل ابراهيم، القاهره، مطبعة دار الكتب المصريه، ١٩٥٢، ج٢، ص١١).

([cxiii]) سيبەوەی: ناوی عومەر كوڕی عوسمانی كوڕی قەنبەر ی الحارسيە كونيەكەی ابوبشر بوو، نازناوی سيبەوەی بوو لە گوندی بەيزای وولاٌتی فارس لە دايكبووە،زانايەكی گەورەی نەحو بوو بە يەكەم كەس دادەنرێ كەزانستی نەحوی دارشتەوە. الذهبي، سيراعلام، ج٨/ص٣٥١–٣٥٣.

([cxiv]) الحنبلي، شفاء القلوب، ص٢٧٦.

([cxv]) الزمخشری: ناوی ئەبوقاسم مەحمود كوڕی عومەر الخوارزمی الزمخشريە، لە زمەخشەر لەجرجانيەی خوارزم لەداێكبووە، زۆر شارەزابووە لەبواری ئەدب زۆرێك لە زاناكان لەژێردەستی ئەم زانايەفێربوونە، هەڵگری بيری موعتزيلەبووە. الذهبي، سيراعلام النبلاء،ج٢٠/ص ١٥١–١٥٢.

([cxvi])سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ج٨، ق٢، ص٦٤٨.

([cxvii]) مرآة الزمان، ج٨، ق٢، ص٦٤٨.

([cxviii])عاشور،الايوبيون والمماليك في مصر و الشام،ص١٣٩–١٤٦.

([cxix])ناوی ئەبو حەنيفەی نعمانی كوری سابتی الكوفيە، فەقی و زانايەكی بەناوبانگ بووە، يەكێكە لەچوار ئيمامەكە لە لای ئەهلی سونە ئاينزەكان، خاوەنی ئاينزەی حەنەفی بووە فقهی ئيسلامی،بەدەوڵەمەنی لە زانست و ڕە و شتی بەرز ناسرابوو، لەكوفە لە دایك بووە.الذهبي، سيراعلام النبلاء ،ج٦/ص٣٩٠–٤٠٣.

([cxx]) ابو بكر احمد بن علي الخطيب البغدادي، تاريخ بغداد، دار الكتاب العربي، د.ت، ج١٣/ص٣٣٢–٣٢٤.

([cxxi]) تاريخ بغداد، ج١٣، ص٤٢٣.

([cxxii]) مصطفى بن عبدالله حاجي خليفة، كشف الظنون عن اسامي الكتب والفنون، بغداد، مكتبة المثنى، د.ت، ج٢، ص١٠١٠.

([cxxiii]) مفرج الكروب، ج٤، ص٢١٢.

([cxxiv]) الملك المعظم، الرد، ص١٢٧.

([cxxv]) الرد، ص ١٨٠-١٨١.

([cxxvi]) ابن واصل، مفرج الكروب، ج٤، ص٢١٢.

([cxxvii]) مفرج الكروب، ج٢، ص١٢٥.

([cxxviii]) ابو شامة، الذيل، ص٩٧.

([cxxix]) ئەرسوف: شارێکە دەکەوێتە سەر کەناری دەریا لە فەلەستین. الحموي، معجم البلدان، ج٥/ص٣١٥.

([cxxx]) مفرج الكروب، ج٤، ص ص ٢١٠-٢١١.

([cxxxi]) الذهبي، سير الاعلام، ج٢٢، ص١٢١.

([cxxxii]) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ج٨، ق٢، ص٥٣٧.

([cxxxiii]) ابو شامة، الذيل، ص٦٢" الصفدي، تحفة، ق٢، ص١٠٩.

([cxxxiv]) شرف الدين ابو المحاسن محمد بن نصر ابن العينين، ديوان ابن العينين، تحقيق: خليل مردم بك، دمشق، المجمع العلمي العربي، ١٩٦٤، مقدمة المحقق، ص١٣.

([cxxxv]) مفرج الكروب، ج٤، ص٢١٨.

([cxxxvi]) المقريزي، درر، ق٢/ ص٣٥٥.

([cxxxvii]) مرآة الزمان، ج٨، ق٢/ ص٦٤٥.

([cxxxviii]) الصفدي، تحفة، ق٢، ص١٠٩" عمر رضا كحالة، معجم المؤلفين، بيروت، دار احياء التراث، د. ت، ج٨، ص٢٢.

([cxxxix]) المنذري، التكملة، ج٥ /ص٣١٨" المرتضى الزبيدي، ترويح القلوب في ذكر الملوك بني ايوب، تحقيق: صلاح الدين المنجد، دمشق، مجمع اللغة العربية، ١٩٦٩، ص٧٣.

([cxl]) الحسن بن احمد بن زفر الاربلي : مدارس دمشق وربطها وجوامعها وحماماتها ، تحقيق : محمد احمد دهمان ، دمشق، مطبعة الترقي ، ١٩٤٧ ، ص١٣ " المقريزي : درر ، ق٢/ص٣٥١.

([cxli]) ابن واصل، مفرج الكروب، ج٤، ص٢١١.

([cxlii])الحنبلي، شفاء القلوب،٢٧٦.

([cxliii]) مؤلف مجهول، الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في اعيان المائة السابعة، ت: مصطفى جواد، بغداد: مطبعة الفرات، ١٩٦٩، ص١٠٧.

([cxliv])المنذري، التكملة، ج٢، ص٢٩٦، ابن تغرى بردي، النجوم الزاهرة، ج٦، ص٣١٤" السيوطي، حسن المحاضرة، ج١، ص٢٥١.

([cxlv]) ابن تغرى بردي، النجوم الزاهرة، جـ٦، ص٣١٤.

([cxlvi])انباه الرواة،ج٢،ص٢٢-٢٣.

([cxlvii])ابن ابيك الداودار، كنز الدرر،ج٧،ص٢٦٧" السيوطي، حسن المحاضرة،ج٢،ص١٣٦.

([cxlviii])ابن واصل، مفرج الكروب،ج٤،ص٢٤٢.

([cxlix])المقريزي،السلوك،ج١،ق١،ص٢٤٢.

([cl])فردريکی دووەم: لەخێزانی هۆهنشتاون بووله ساڵی ١٢١٥ بووە بە ئیمبراتۆری رۆمانی پیرۆز و پاشای ئەڵمانیا و ئیتاڵیا بورگەندی بووە و پاشای سەقەڵیە بووە وەك میراتگری دایکی، لەلەشکرکێشی خاچی حەوتەم لەگەڵ مەلیك کامیل رێکەوتووە و قودس وچەند ناوچایەکی وەرگرتوتەوە. عاشور،الايوبيون و المماليك،ص١٠١-١٠٤.

([cli])ابن واصل،مفرج الكروب،ج٤،ص٢٤٢" المقريزي، السلوك،١/٣٤٦" الحنبلي، شفاء القلوب،٢٧٦.

([clii])خليل، تاريخ الكرد في الحضارة الاسلامية،ص٣٠٨-٣١٠" العبادي،في تاريخ الايوبيين و المماليك،ص٩٩-١٠٠"عاشور، الايوبيون والمماليك في مصر و الشام،ص١٣٩.

([cliii]) الذهبي، سير اعلام النبلاء،ج٢٢/ص١٣١.

(clxiv)ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة،ج٦/ص٣٢٣–٣٢٤" عاشور، مصر والشام،ص١١٠.

(clxv)القلقشندي،صبح،ج٣/ص٤١٤"السيوطي،حسن،ج٢/ص٢٦٢.

(clxvi)بدوي،الحياة،ص٥٢"معروف،نشاة،ص١٥

(clxvii)الذهبى،سير اعلام، ج٢٣/ص١٨٧–١٨٨.

(clxviii) محمد امين زكى بەگ، خولاصەيەكى تاريخى كورد وكوردستان، چاپخانەى وەزارەتى پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦،بەرگ٤/لا ١٤٣ ـ ١٤٤ .

(clxix) بيبرس المنصورى، تأريخ الدولة الأيوبية و دولة المماليك البحرية حتى سنة ٧٠٢ هـ،دار المصرية، القاهرة، ١٩٩٣م، ص٧.

(clx) احمد موختار العبادى، ميژووى ئەيوبى ومەملوكيەكان، و.نيهاد جەلال حبيب الله، چاپى يەكەم، ٢٠١٠، لا٨٩.

(clxi) ياسين صابر صالح، ئينسكلۆپيدياى گشتى، چاپى يەكەم، دەزگاى چاپ وپەخشى سەردەم، سلێمانى، ٢٠٠٥، لا٦٨٥.

(clxii) لويس نۆيەم: يان لويس پێروز پاشاى فەرەنسا بوو كوڕى لويسى هەشتەم بوو سەركردايەتى شەڕى خاچى حەوتەمى كرد بۆ سەر ميسر لە ساڵى ٦٤٧ك/١٢٤٨ز لەو جەنگەدا شكستى خوارد و بە ديل گيرا لە لايەن .عاشور، الايوبيون والمماليك،ص ١٢٨–١٣٦

(clxiii) دمياط: شاريكى كۆنە دەكەوێتە تنس و مصر، لەنێوان دەرياى ڕۆم و ڕووبارى نيل، ئاو و هەوايەكى خۆشى هەيە، الحموى،معجم البلدان،ج٢/ص٢٦٥.

(clxiv) محمدخضرى بك، سەرچاوەى پێشوو، لا١٨٦.

(clxv) حصن كيفا: هەروەها پێيدەوترا كيبا بريتى بوو لە شارێك و قەڵايەكى گەورە و دەڕوانێتە سەر ڕووبارى ديجلە لە نێوان ئامد و دووركەى ئيبن عومەر لە دياربەكر، پێكهاتبوو لە دووبەر. الحموى،معجم البلدان، ج٢/ص٢٦٥.

(clxvi) الذهبى، المصدر السابق، ص٣٥٨.

(clxvii) خليل،تاريخ الكرد في الحضارة الاسلامية، ص٣٥٠–٣٥٣.

(clxviii) ابن تغرى بردي، النجوم الزاهرة، ج٦،ص٣٢٠" الحنبلي، شفاء القلوب، ص٣٨١" المقريزي، السلوك،ج١/ص٣٤١.

(clxix)كنز الغرر، ج٧،ص٣٤١.

(clxx) ضياءالدينابومحمدعبداللهبناحمدالمالقي (ت٦٤٦هـ/١٢٤٨م)،الجامعلمفرداتالادوية،القاهرة: بلا مط، ١٢٩١هـ،ج١،ص٤.

(clxxi) ابن ابي اصيبعة،عيون الانباء،ص٥٩٩.

(clxxii) بدوي، الحياة العقلية،ص٣٠٠.

(clxxiii) فسطاط: ئەوشارەيە كە عمر و كورى العاص دروستيكردوە دواى فەتحكردنى ميسر لە ساڵى (٢٠ك/٦٤١ز) دەكەوێتە نزێك حوصنى بابليون لەسەر كەنارى ڕووبارى نيلبە لاى باكوورى ڕۆژهەڵاتيەوە. الحموى، معجم البلدان،ج٤/ص٢٦١–٢٦٣.

(clxxiv) مرآة الزمان، جـ٨، ص٢٠٠، صص٧٤١–٧٤٢" السبكي، طبقات الشافعية الكبرى، جـ٥، ص" المقريزي، السلوك، جـ١، ق٢، ص٣٠٨، ص٣١٥" ابن دقماق، نزهة الأنام، ص١٥٠.

(clxxv) السلوك،ج1/ص٣٤١.

(clxxvi) ابنتغرىبردي،النجوم، ٣٤١/٦"السيوطي،حسن، ٢٦٣/٢"معروف،نشأة،١٧"بدوي،الحياة،ص٤٩.

(clxxvii) ابنتغرىبردي،النجوم، ٣٤١/٦"بدوي،الحياة،ص٤٩.

(clxxviii) سوڵتانبێبەرس: ناسراوە بە مەليك (زاهير بێبەرس)ٰ ناوى تەواوى ركن الدين ابوفتوح بيبرس بن عبدالله البندقدارى الصالحى النجم الايوبى التركى البندقداريە، لەكۆتايى ساڵى (٦٢٠ك/١٢٢٣ز) لە دەشتاييەكانى قەفجاق لەدايك بووە، لە ساڵى (٦٥٩ك/١٢٦٠ز) دەسەڵاتى دەوڵەتى مەملوكى وەرگرتووە بە دامەزرێنەرى ڕاستەقينەى ئەم دەوڵەتە دادەنرى.روكن الدين بيبرس المنصورى، زبدة الفكر فى تأريخ الهجرة، ط١، د.م، بيروت، ١٩٩٨، ص٥٥"ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ج٧/ص٨٦.

(clxxix) بدوي،الحياة،ص٤٩.

(clxxx) ابوشامة،الذيل،ص٢٤٠"الذهبي،المعجم،ص٢٠٩"اليافعي،مراة، ١٥٣/٤.

(clxxxi) ابنكثير،البداية، ٦٠/١٤"السيوطي،حسن، ٤٦٧/١.

(clxxxii) اليونيني،ذيل، ٢٧٩/٣"السيوطي،حسن، ٤٨١/١.

(clxxxiii) الاشعرية :قوتابخانەیەکی ئیسلامی سونیە دامەزرێنەری ئەبی حسن الاشعریە. مصـطفى بـن محمـد بـن مصـطفى، اصـول و تـاريخ الفـرق الاسلاميه،(د.م) ٢٠٠٣،ص٥٩٩.

(clxxxiv) المقريزي،الخطط،ج٢،ص٣٧٣.

(clxxxv) ابنواصل، مفرج الكروب،ج٥، ص١٦٢.

(clxxxvi) النعيمي،الدارس،ج1/ص٣٩٣" لابيدوس،السياسةالدينية،ص٢٥٤.

(clxxxvii)الجواهري، من تاريخ المكتبات في البلدان،ص١٣١–١٣٥.

(clxxxviii)القاضي الفاضل: ناوی تەواوی ئەبو عەلی عەبدولڕەحیمی کوڕی عەلی کوڕی موحەمەدی کـوڕی ئەلحەسـەن ئەلبیسـانی ئەلعەسـقەلانیە. لە ساڵی ١١٧٥/٥٢٩ ك لە عەسقلان ، چەندین پۆستی کارگێری وەرگرتووە، لە خەزمەتی سەڵاحەددین کاری کـردووە ، وە بۆتـە سـەرۆکی دیـوانی ئینشا، وە دەستی ڕاستی سەڵاحەددین و ڕاوێژکارو هاوری خوشەویستوو نزیکی بووە، وە لە گەڵی بووە تاوەکو مردنـی لـە سـاڵی ٥٨٩ك/١١٩٣ز. وە پاشان لە گەڵ نەواکانی سەڵاحەددین کاری کردووە تا وەکو مردنی لە ساڵی ٥٩٦ ك /١٢٠٠ز.الذهبي، سير اعلام، ج٢١/ص٣٣٨–٣٤٤.

(clxxxix)أكۆ برهان محمد، ڕۆڵی زانستی سەلاحەدین و ڕۆڵی لەگەڵ زاناکان، ل١١٩.

(cxc)إبراهيم سليمان الكروي، عبدالتواب شرف الدين، المرجع الحضارة العربية الإسلامية، منشورات ذات السلاسل، كويت، ١٩٨٧، ص٤٤٢.

(cxci)ربحي مصطفى عليان،المكتبات في الحضارة العربية الاسلامية،ط١،دار صفاء، عمان،١٩٩٩،ص١٦٢–١٧٠.

(cxcii)الأسنوي،طبقات الشافعية،جـ١،ص٤٩٣.

(cxciii)سعدالدين،المدرسة الاسلامية،ص٩٩–١٠٨ "خليل، تاريخ الكرد في الحضارة الاسلامية،ص٣٠٧–٣٠٨.

(cxciv)إبراهيم سليمان الكروي، المرجع الحضارة العربية، ص٤٤٣.

(cxcv)عليان،المكتبات في الحضارة ص١٣٤.

(cxcvi)محمد رجيب البيومی، سەلاحەدینی ئەیوبی تێکشـکێنەری خـاچ پەرسـتانی دوژمنکـار، و: مـلا محمـد حسـن سـەرگەینێڵی، چ١، نوسـینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٢٩.

(cxcvii)إبن كثير، البداية، مج ١٣، ص ١٨.

(cxcviii) مەبەست لەو وشەیە ئەوەیە کە زۆرێك لە مەلیك و سوڵتانەکان نەوەی یان بەرازای بوونە.

(cxcix)الحنبلی، شفاوالقلوب، ص ٢٢٩.

(cc) إبن الكپير، البدايە، مج ١٣، ص ١٩.

(cci) الحنبلی، شفاوالقلوب، ص ٢٢٩.

(ccii) إبن كپير، البدايە، ج ١٣/ص ٨٤..

(cciii) الحنبلی، شفاوالقلوب، ٢٢٩.

(cciv)ابن شداد، الاعلاق الخطيره، مج ٢، ص٢٤٩.

(ccv)إبن كپير، البدايە، ج ١٣/ص ٨٥.

(ccvi)ابو شامه ، ژیلعلی الروچتین، ص١١٩ "ماجد عرسان الكيلانی، سەرهەڵدانی نەوەی صلاح الدين وگەڕانەوەی قودس،چاپخانەی ناز، هەولێر،١٩٩٩ ،ص٣١٨–٣١٩.

(ccvii)العلموي ، مختصر التنبيه الطالب ، ص٤٨ " النعيمی، الدارس، ج١/ص ٢٢٩.–٣٠١

(ccviii)احمد عبدالعزيز محمود، ستەم و نادادی دەرحەق بە سەرکردەی مجاهید سەلاحەددینی ایوبی، وەرگێرانی: زرار علی، چ ١، ب – چ، هەولێر، ٢٠١١، ل٣١١ – ٣١٧ –٣١٨.

(ccix)اليافعي،مرآة الجنان:١٠٥/٤.

(ccx)المقريزي ، السلوك ، ج١/ص٣٦٣ " الحنبلی،شفاء القلوب، ص ٣٢٨ – ٣٢٩.

(ccxi)عباس ، تاريخ بلاد الشام ، ص٢٨٦.

(ccxii)المقريزي ، السلوك ، ج١/ص٣٧٧ .

(ccxiii)محەمەد ئەمین زەکی بگ، خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، بەرگی ٤، ب ٢، لا ١٥٤ – ١٥٥.

(ccxiv)بدوي ، الحياة ، ص٣٨.

(ccxv) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان،٨–٢/٧٧٨" المقريزي،السلوك،٤٤٩/١.

(ccxvi)سەعددەدین مەسعود: کوڕی معین الدین انر کوڕی عبدالله تغتکینه میری سوپای شام بووه لێپرسراوی دیمەشق و پارێزەری بووە، سعدالدینی کوڕی یەکێك بوو لە سەرکردە ناودارەکانی سەردەمی نور الدین زەنگی. ابن خلکان وفيات الاعيان، ج٤/ص١١٥" الصفدي، الوافي بالوفيات،ج٩/ص٢٣٤.

(ccxvii)إبن كثير، البداية، ج ١٣، ص ١٧٢ – ١٧٣.

(ccxviii)مظفر الدين كوكبوری: ناوی سەعید کۆکبوری کوڕی ئەبی حەسەنی عەلی کوڕی محەمەدە، ناسرا بوو بە مەلیك موعەززەم مظفر الدين خاوەنی ئەربل بە بنەچە تورکمانن بوونە خاوەنداری ئەربیل و دەورووبەری بوونە ، مظفر الدین لە پاش مردنی باوکی دەسەڵاتی ئەربلی گرتە دەس تەمەنی چواردە ساڵ بوو لە گەڵ سەڵاحەددین بەشداری چەندین چالاکی جەنگی کردووە و لە ساڵی (٦٣٠ك/١٢٣٢ز) مردووە.ابن خلكان، وفيات الاعيان، ج٤/ص١١٣–١٢٠.

(ccxix)الکیلانی، سەرهەڵدانی نەوەی صلاح الدین ، ص٣١٩.

(ccxx)مەلیك ئەشرەف: ناوی مظفر الدين موسى كوڕی المنصور ئیبراهیم کۆتا پاشای بنەماڵەی شێرکوەبوو لەحمص، دەسەڵاتی لەحمص گرتەدەس لەپاش مردنی باوکی لە ساڵی (٦٤٤ك/١٢٤٥ز) ، سەردەمی زاهیر بێبەرس دانیناوە بە دەسەڵاتەکەی ئەم سوڵتانە، وەلەساڵی(٦٦١ك/١٢٦٣ز) دەمرێت لە دوای خۆپیارەو پوڵێکی زۆری بەجێهێشتووە.العبادی،قيام دوله المماليك،ص٢٠٠"قاسم، عصر سلاطين،ص٧٥، ٩٣.

(ccxxi)قاسیون: شاخێکە دەڕوانێتە سەر شاری دیمەشق و چەند ئەشکەوتێکی تێدایە گۆڕی چەند کەسێکی چاکەکاری لێیە.الحموی، مجم البلدان، ج٤/ص٢٩٥.

(ccxxii)الحنبلی، شفاو القلوب، ص ٢٣٠.

(ccxxiii)الكيلاني، سەرهەڵدانی نەوەی صلاح الدین ، ص٣١٩.

(ccxxiv)عبدالرزاق معاذ، أسهام المرأه في العماره بدمشق خلال العهد الأيوبی،مجله التراث العربی، دمشق، ١٩٨٧،ج ٢٩، ص٧– ٨..

(ccxxv)معين الدين انر: ناسرابوو بە انر لە سەرەتاوە چاودێر و بە خێوکەری منداڵەکانی خاوەندارەکەی (طغتكين) بووە لە دیمەشق پاشان دەسەڵاتی ئەو شارەی وەرگرتووە، خوێندنکەیەکی هەبوو بە ناوی (المعينيه) لە کۆشکی (الثقفين) لە ساڵی (٥٤٤ك/١١٤٩ز) مردووە. الصفدی، الوافی بالوفيات، ج٩/ص٢٣٤.

(ccxxvi)إبن كثير، البدايه، ج ١٢، ص ٣٤٥.

(ccxxvii)معاذ، أسهام المرأه في العماره بدمشق ،ج ٢٩/ص ٨.

(ccxxviii)ابوشامه،الروضتين ف اخبار الدولتين النوريه و الصلاحيه،ج٣/ص٢٤٣–٢٤٥.

(ccxxix)إبن كثير، البدايه، ج ١٣/ص ١٧٠ " الكيلانی ، سەرهەڵدانی نەوەی صلاح الين ،ص٣١٨.

(ccxxx)إبن كثير، البدايه، ج ١٢/ص ٣١٨.

(ccxxxi)معاذ،أسهام المرأه، ص ٨.

# ڕۆڵی ریکلام لەگەشەی ئابوری و بەرهەمهێنانی ناوخۆ

د. نەزاکەت حسین حەمە سەعید

زانکۆی سلێمانی ـ سکوڵی زانستەمرۆڤایەتییەکان ـ بەشی ڕاگەیاندن

## پێشەکی

ڕێکلام و پرۆسەی وەبەرهێنانی ڕێکلام ، پەیوەندی بەگەشەی ئابوریەوە بۆتە جێی باس و گرفتی توێژینەوەکانی ئەمڕۆی ناو جیهانی پیشەسازی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا.. هەرچەندە ڕێکلام لەمێژوە کۆنەکانەوە هەر لەسەردەمی میسریە کۆنەکان و سەردەمی هەڵکۆڵینەوە بوونی هەبووە لەگەڵ هاتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و سەردەمە جیاوازەکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا شێوازی جیاجیای بەخۆوە بینیوە, بەڵام وەك توێژینەوە گرنگی بەم بوارە دابێت دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم. لەدوای ئەوەی هۆکارەکانی گواستنەوەی شتومەك و بەرهەمەکان بەهۆی هێڵی ئاسمانی و شەمەندەفەر فراوان بوو ئیتر کارگەکان و کۆمپانیاکان کەوتنە ئەوەی بەرهەمەکانیان بەوڵاتاندا بڵاوبکەنەوەو پرۆسەی ڕێکلامکردن فراوان بوو پەیوەندی بە گەشەی ئابوریەوە بووە جێی باس و توێژینەوە.

ئەمرۆ لەجیهانی ئابوریدا ڕێکلام بووەتە نیشانەیەکی دیاری جیهانی مۆدێرنی ئابوری. بەکاربەر پەیامەکانی ڕێکلامی لەرێگا جیاوازەکانەوە پێدەگات چ رێگای میدیای نەریتی (Traditional) بێت وەك ڕۆژنامە–رادیۆ– تەلەفزیۆن– سینەما... هتد) یاخود میدیای نانەریتی وەکو سایتە ئینتەرنێتە ریکلامیەکان و مارکیتینگی ڕاستەوخۆ– ئیمەیل– پۆستی ماڵان و – تەلەفۆن––– هتد).

لەڕووی مێژوییەوە زانستی ڕێکلام زانستێکی پەتی نەبووە وەك هەندێك لەزانستەکانی تر، بەڵکو ئەوەی ئەمڕۆ بوەتە زانست و لەپرۆسەی دروستکردنی ڕێکلامدا بەکاردێت بریتیە لە ئەزمون و تاقیکردنەوەکانی پێش خۆی و کەڵەکە بوی ئەو زانست و رەگەزە سەرکەوتووانە کە لەڕێکلامەکانی پێشدا بەکارهاتوون و کاریگەربوون. هەرچەندە لەم توێژینەوەدا لایەنە زانستیەکەی باس ناکرێت و بەڵکو باس لەپەیوەندی نێوان ڕێکلام و گەشەی ئابوری و ڕۆڵی لەگەشەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی وڵات دەکرێت.(GDP(Gross (Domestic Production هەرچەندە ئەم توێژینەوەیە بواری تەسکەو وسنوردارە، بۆیە بەشێوەیەکی مەیدانی نەتوانراوە کار بۆ ئەم توێژینەوەیە بکرێت و بەڵکو بەشێوەیەکی تیۆری هەندێك تەوەر **باس دەکرێت و رەنگە لەئایندەیەکی نزیکدا بەشێوەیەکی مەیدانی لەکوردستاندا فراوان بکرێت .**

## میتۆدنامە

### جۆری توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەکی وەسفیە تەنها بواری تیۆریە لەبەر نەبونی داتاو گرنگی نەدانی کارگەو کۆمپانیاکانی کوردستان لەو بوارەدا نەیتوانیوە مەیدانی لەسەر واقعی کوردستان داتا کۆ بکاتەوەو پراکتیزەی بکات .

### کێشەی توێژینەوەکە

کێشەی توێژنەوەکە لەو بۆشاییەدا خۆی دەبینێتەوە کەلەبواری توێژینەوەی زانستیدا لەمەڕ ڕۆڵ و کاریگەری ڕێکلام لەپەیوەندی بەگەشەی ئابوری و بەرهەمهێنان و بەکاربەرەوە . ئەم توێژینەوە دەیەوێت وردەکاریەکانی پەیوەندی ڕێکلام بەگەشەی ئابوری و ئاستی بەرهەم هێنانی ناوخۆیی بخاتە روو.

### کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

بواری ئەم توێژینەوەیە تەنها تیۆریە و مەیدانی نیە ، لەبەر ئەوە کۆمەڵگەی توێژینەوەی نیە .

## بایەخی توێژینەوەکە

بایەخی توێژینەوەكە لەچەند خاڵێكدا خۆی دەبینێتەوە :

١- دەبێتە هەنگاوێك بۆ توێژینەوەو لێكۆڵینەوەی زیاتر لەم بوارەدا .

٢- پەیوەندی و گرنگی نێوان ڕێكلام ئابوری و بەرهەم و بەكاربەر دەردەخات .

٣- دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ توێژینەوەكانی دوای خۆی .

## گرفتی توێژینەوەکە

١- نەبونی سەرچاوەو توێژینەوە لەم بوارەدا لەكتێبخانەكانی كوردستاندا.

٢- نەبون و دەستكەوتنی داتایەكی وەها لەلایەن كارگەو كۆمپانیاكانی كوردستان تاكو بكرێتە توێژینەوەیەكی مەیدانی ،بزانرێت لەهەرێمی كوردستاندا چەندە ڕێكلام لەم روەوە رۆڵی بینیوە . هەرئەمە وایكرد توێژینەوەیەكی تیۆری بێت نەك مەیدانی .

## پرسیارەکانی توێژینەوەکە

١- تاچەندە ڕێكلام پەیوەندی هەیە بەئاستی بەرهەم هێنانی ناوخۆیی و گەشەی ئابوری وڵات ؟

٢- چۆن و بە چ رێگایەك ڕێكلام كاردەكاتە سەر بەرزبونەوەی ئابوری و ئاستی بەرهەم هێنانی ناوخۆیی .

## ئامانجی توێژینەوەکە

١- ئەم توێژینەوە مەبەستیەتی لەپەیوەندی نێوان ڕێكلام و ئابوری و بەرهەم هێنانی وڵات بكۆڵێتەوە .

٢- زانینی رێگاكانی پەیوەندی ڕێكلام بە بەرزكردنەوەی ئاستی بەرهەم و گەشەی ئابوری وڵات.

٣- لێكۆڵینەوە و ڕۆڵی ڕێكلام لەتەنها بونی بە سەرچاوەیەكی ئابوری كەناڵەكانی ڕاگەیاندن بچێتە دەرەوە بەرەو بوارێكی تری كاریگەری وەك ئابوری و ئاستی بەرهەم هێنان و پەیوەندی بەبەكاربەرو فرۆش و بەرهەم .

## توێژینەوەکانی پێشو

ئەم توێژینەوە چەند توێژنەوەیەكی بەكارهێناوە وەك سەرچاوە و توێژینەوەكانی پێشو :

١- توێژینەوەی ماكسی میلیان نارۆدی ساڵی ٢٠٠٤ توێژەری بواری ڕێكلام و گەشەی ئابوری كە توێژینەوەیەكی لەسەر چەند وڵاتێكی پیشەسازی بەناوبانگ كرد بەتایبەتی جەختی لەسەر ئەمریكاو فەرەنسا كردبو ، بەراوردی تێچون و كاریگەری ڕێكلام لەمیدیای نەریتی و نانەریتیدا كردبو كە چۆن بەهاتنی میدیای نانەریتی گەشەی ڕێكلام فراوانتر بو ، وردە وردە ڕێكلام لە میدیای نەریتی كەمتر بویەوە بەبەراورد بە میدیای نانەریتی وەك ئینتەرنێت و سۆشیەڵ میدیاكان ...هتد.

٢- پیتەر دێڤی لە ساڵی ٢٠٠٨ توێژینەوەی لەسەر ٢٠ وڵاتی زلهێزی ئابوری كردوە ، دەری خستوە كە چۆن لەماوەی ١٠ ساڵدا چاودێری ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆی وڵات بەرزو نزمی كردوە بەپێی بەرزبونەوەو نزم بونەوەی ئاستی ڕێكلام كردن لەوڵاتدا . كە چەندە ڕێكلام زیاتر بوبێت گەشەی ئابوری و ئاستی بەرهەم زیاتر بوەو بەپێچەوانەشەوە .

## تەوەرەکانی توێژینەوەکە :

١–پێناسەی رێکلام لەڕوانگەی ئابوریناسانەوە

٢– رێکلام و گەشەی ئابوری و گەشەی بەرهەم هێنانی ناوخۆیی .

٣– رای ئابوریناسان لەسەر کاریگەری پۆزەتیف و نێگەتیڤی رێکلام لەسەر گەشەی ئابوری.

٤– رۆڵی میدیا و پەیوەندی بە گەشەی ئابوری و ئاستی بەرهەمهێنانی ولآتەوە.

٥– بەهای رێکلام لەپرۆسەی ئابوری و خزمەتکردن بە بەکاربەران.

٦– میکانیزمەکانی کاریگەری پۆزەتیڤانەی رێکلام لەسەر گەشەی ئابوری ولآت.

٧- کاریگەری ڕاستەوخۆی رێکلام لەسەر پرۆسەی فرۆشتن، یارمەتیدانی کارگەکان (مارکەکان) بۆ بەشداریکردنی بازاڕی هاوبەش.

## چەمك و پێناسەی رێکلام :

بەشێوەیەکی گشتی رێکلام بریتیە لە "شێوازێك لەشێوازەکانی کۆمەنیکەیشن لەنێوان دوولایەنی نێرەرو وەرگردا کە نێرەر دەیەوێت پەیامەکەی (ئیتر پەیامێکی سیاسی ، بازرگانی ، ئایینی، کۆمەلآیەتی ، تەندروستی... هتد بێت) بگەێنێتە بەرامبەر و قەناعەتی وەرگرتنی پەیامەکەی لا دروست بکات، بێگومان لەرێکلامی بازرگانیدا مەبەست ساغکردنەوەی کالآیەو کرِیار بەکاربەر بۆ کالآکان پەیدا دەکات."

(Ashley, 1980.p.23)

هەندێك لەو پێناسانەی کە لەڕووی ئابوری و کاریگەری لەسەر گەشەی ئابوری بۆ ریکلام کراوە:

" زۆر سروشتیانە رێکلام نیشانەیەکی دیاری نیشانەی ژیانی ئابوریە، کە دەگاتە بەکاربەر لەرێگەی تەلەفزیۆن ، رۆژنامە، گۆڤار، پۆست ، کۆمپیوتەر... هتد سەبارەت بەخەرجیەکانی ریکلامیش نابێتە جێی سەرسوڕمان کە بوترێت خەرجیەکانی رێکلام قەبارەیەکی یەکجار گەورەی دەبێت" (Kyle, 2008,p.1)

هەروەها Kyle لەپێناسەیەکی تردا دەڵێت " رێکلام قەناعەت پێکەرە، واتە ئامانج لێی قەناعەت پێکردنی بەرامبەرە کە ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە گوزارشتی ئابوریناسانی قۆرخکردوە لەنیوەی یەکەمی سەدەی ٢٠ دا "(Kyle, 2008,p.12) .

"رێکلام ئەو شێوازە کۆمەنیکەیشنەیە کە دەبێتە هۆی دروستکردنی مەیل و لایەنگیریی بۆ بازاڕێك دواجاریش دەبێتە هۆی وەلآمدانەوەی بەکاربەرو گەڕانەوەی قازانج " (Kaldor et.al.2000, p.4)

(Maximilein,2004,p.31 توێژەری بواری ریکلام و ئابوری بەم شێوەیە پێناسەی دەکات "ئامانج لەریکلام بریتیە لەوەی کالآکان وا لێ بکات وەبەرهێنانێکی کاریگەریان هەبێت ."

Callahan دەڵێت "باشترین پەیام دەبێت چی بێت بۆ خاوەن بازاڕو کۆمپانیاکان کاتێك بیانەوێت گەشەی ئابوریان خێرا بکەن جگە لەریکلام ".(Callahan, 1986, P.32 )

هەرچەندە رۆڵی رێکلام لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆیە لە گەشەدان بەهەردو ئاستی بەرهەمهێنان ئابوری ، وای کردوە زۆرێك لەپسپۆڕان بەشێوازێکی نادیار وەسفی دەکەن وەك " رێکلام گرنگترین رێگای وەبەرهێنانی ناراستەوخۆیە کە کۆمپانیاکان لەهەوڵی زیادکردنی بودجەدان بۆ ئەو پرۆسەیە" (Peter, 2008, p.1)

کۆی ئەم پێناسانەش ئەوە دەگەیەنن کە رێکلام ئەو رێگا کۆمۆنیکەیشنە قەناعەت پێکەرەیە کە ئەمرۆ بوەتە نیشانەیەکی دیاری ژیانی ئابوری و کۆمپانیاو کارگەو خاوەنکارەکان، برێکی زۆری بۆ خەر ج دەکەن تاکو گەشەی بەرهەمهێنان و

ئابوریان بەرزبکەنەوە، ئەو بڕە تێچوونەش لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە، بەڵام لەئەمڕۆی ژیانی ئابوریدا بڕی خەیاڵیانە دەوترێت. بۆ نمونە بەپێی راپۆرتێك (سەردەمی ریکلام) كە (Kyle,2008) بلأویكردۆتەوە دەڵێت " لە ٢٠٠٣ لەولأتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا کارگەیەکی دروستکردنی ئۆتۆمبیل بڕی ٣.٤٥ ملیۆن دۆلاری خەرج کردوە بۆ ریکلامکردن بۆ زیادکردنی فرۆشتنی ئۆتۆمبیلەکانی (kyle,2008.p2) بەهەمان شێوە لەهەمان ڕاپۆرتدا دەڵێت " کارگەیەکی دروستکردنی مادەی پاکژکەرەوە بڕی ٣.٣٢ ملیۆن دۆلاری خەرجکردوە بۆ ریکلامکردن بۆ مادە پاکژکەرەوەکانی لەساڵی ٢٠٠٣دا".(Kyle, 2008, p.2)

Peter لەبارەی تێچوونی ڕێکلام کە لەدەرئەنجامی ئەو توێژینەوەی کە لەسەر ٢٠ ولأتی (20 G countries) گەورەی ئابوری ئەنجامی دا بەبڕی ٢٪ کۆی بەرهەمی ناوخۆی ولأت مەزندەی کرد بەڵام دەڵێت ئەم بڕە کەمە بە بەراورد بەکۆی داهاتی بەرهەمی ناوخۆیی ولأتان بەلأم ڕێکلام هەمیشە لەوە زیاتر بۆی خەرج دەکرێت وەبەردێنێت .(Peter ,2008, p.4)

### کاریگەری ڕێکلام لەسەر پرۆسەی گەشەی ئابوری

Peter پێی وایە کە ئابوریناسان ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر کاریگەری پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤی ڕێکلام لەسەر گەشەی ئابوری ئەوانەی کە باوەڕیان وایە ڕێکلام کاریگەری پۆزەتیڤانەی هەیە لەسەر بەرهەم هەروەك ((Peter ,2008 ئاماژە بەو جیاوازیانە دەکات لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوەیە:

١–دەبێتە هۆی دروستکردنی پێشبڕكێ لەبازاڕدا ، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر کارگەکان بۆ زیاتر و باشتر بەرهەم هێنان دواجاریش فرۆش زیاد دەکات.

٢–دەبێتەهۆی بلأوبوونەوەی زانیاری لەسەر کالأکان بۆ کڕیاران و ناساندنی کالأی زیاتر بەکڕیار، دواجار داواکار لەسەر کالأو بەرهەمەکان زۆر دەبێت.

٣–بەهۆی ئەوەی فرۆش زیاددەبێت خوازیار بۆ کالأکان زیاددەبێت، بەرهەم زیاتر ساغ دەبێتەوە، بەمەش بڕی تێچوونی دروستکردنی بەرهەم کەم دەبێتەوە.

٤–بەکاربەر و کڕیار زیاتر دەبێت.

٥–داهێنانکاری لەجۆریەتی و چەندێتی بەرهەم زۆر دەبێت بەهۆی ئەو زانیاریانەی دەدرێت بەکڕیاران و ئەو پێشبڕکێیەی لەبازاڕ دروست بووە.

لەبەرامبەر ئەمانەدا پسپۆڕانی تری ئابوری هەن کە ڕێکلام بەکاریگەری پۆزەتیڤ دانانێن لەبەر ئەم هۆیانە:

١–دەڵێن ڕێکلام دەبێتە هۆی زیادبوونی نرخ، واتە بازاڕەکان پارەی تێچوونی ڕێکلامەکە زیاد دەکەن بۆ نرخەکە، بەمەش نرخ لای کڕیار زیاد دەبێت.

٢–قۆرخکردن: خاوەن کارگە بەناوبانگەکان کە دەتوانن ڕێکلامی زۆرو بەردەوام بکەن، دەتوانن پارێزگاری لەمانەوەی شوێنەکانیان بکەن و زیاتر دەستبگرن بەسەر بازاڕدا، بەمەش قۆرخکردن دروستدەبێت.

٣–زۆرجار دەبێتەهۆی بلأوبوونەوەی بەرهەمهێنانی بەرهەمی ساختەو خراپ.

### ڕۆڵی میدیاو پەیوەندی بەگەشەی ئابوری و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ولأتەوە

لەگەڵ سەرهەڵدانی داهێنانی هەر ئامرازو جۆرێکی میدیا لەرۆژنامەوە بگرە تا ئەمڕۆ ئەوەی پێی دەوترێت میدیای نوێ و سۆشیاڵ میدیا کاریگەریان هەبووە لەسەر ڕێکلام و بونەتە ئامرازێکی گرنگ بۆ ڕێکلامکردن تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە

ڕێکلامکردن لەڕێگەی ئامرازو جۆرەکانی میدیاوە ئابوریناسان و پسپۆڕانی بواری ڕێکلام و ڕاگەیاندن دابەشیان کردوە بۆ میدیای نەریتی (Traditional) وەکو ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، سینەما.... هتد) و میدیای نانەریتی (non-Traditional) کە ئینتەرنێت و میدیای نوێ و سۆشیال میدیاکان و مارکێتینی ڕاستەوخۆ و پۆستی ماڵان و چەندین شێوازی تری ڕێکلام کردن دەگرێتەوە لەڕێگای میدیای نوێیەکانەوە– تا وای لێهاتووە ئێستا بەراورد دەکرێت لەنێوان کاریگەری ئەم دوو جۆرە میدیایەداو– هەندێك پێیان وایە هاتنی میدیای نوێ بەتایبەتی کە بەسەرهەڵدانی ئینتەرنێت دەستی پێکرد لەرۆڵ و کاریگەری میدیای نەریتی کەمبۆتەوە، لەبەرامبەریشدا هەندێك پێیان وایە کە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ هێشتا لەئامرازە گرنگ و کاریگەرەکانن بۆ ڕێکلامکردن. هەروەك هەندێك جار پسپۆڕانی بواری ڕێکلام و ڕاگەیاندن لەبەهاکانی ڕێکلام شادەماری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دادەنێت وەك لەدواتردا لەبەهای ڕێکلام دا باسی لێوە دەکرێت.

بەگوێرەی توێژینەوەیەك کە (peter, 2008, p.3 لەسەر ٢٠ وڵاتی زلهێزی ئابوری (G 20 countries ) ئەنجامیداوە لەماوەی ١٠ ساڵدا بۆی دەرکەوتووە ڕێکلام ١٥٪ بۆ ٢٠٪ بەشداری کردوە لەگەشەی ئابوری و زیادکردنی ئاستی بەرهەمێنانی ناوخۆیی وڵات وەك لەم هێڵکاریەی دەری دەخات کە ئەو وڵاتانەی پێش بەشداری ڕێکلامی میدیا لەئاستی خوارەوەدا بووە بە بەشداری میدیا چەندە چونەتە ئاستی سەرەوە:

***هێڵکاری ژمارە (١) بەشداری میدیا لە ڕێکلام کردندا***




peter (2008, p.3

هەر بۆیە peter پێی وایە کە ڕێکلام بەشداری زیاتر دەکات لەپێش خستنی گەشەی ئابوری بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی زیاتر لە کرێکاران و فەرمانبەران (2008.p5)

چونکە بەپێی ئەو ماوەیەی کە ١٠ ساڵ بووە peter توێژینەوەکەی لەسەر ئەو وڵاتانە ئەنجام داوە بۆی دەرکەوتوە کە " ڕێکلامکردن و کاریگەری لەسەر گەشەی ئابوری بەخێراییەکی یەکجار زۆر گەشەی کردوە بەهۆی خێرایی گەشەیی میدیای دیجیتاڵەوە، بەڵام ژمارەی فەرمانبەران و کرێکاران وەك خۆیان ماونەتەوە(Peter.2008, p.5) هەروەها دەڵێت "

سەرهەڵدانی میدیای دیجیتاڵی هۆكارێكی تر بوو بۆ گەشەی ئابوری بەهۆی ڕوكردنە زۆری بازاڕو كۆمپانیاكان بۆ ڕێكلامكردن لەم جۆرە میدیایەدا، هەرچەندە تێچوونی ڕێكلام لەم میدیایەدا گرانترە لەمیدیای نەریتی( (Peter. 2008. p.4 بەپێی توێژینەوەكەی peter كە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بۆ ولآتە زلهێزە ئابوریەكە كردی بەشداری میدیای دیجیتاڵی و زیادكردنی بودجە بۆ بەشداری ڕێكلام لەمیدیای دیجیتاڵدا و كاریگەری لەسەر گەشەی ئابوری و ئاستی بەرهەمهێنانی ولآت كە بەمشێوەیە دەخاتەڕوو:

ئەم دوو هێڵكاریە جیاوازی ئەو كاریگەریە دەخاتە رو كە كاتێك بودجە زیاتر تەرخان دەكرێت بۆ ڕێكلام لە میدیای دیجیتاڵدا ئاستی وەبەر هێنان بەرزدەبێتەوە لە ٩٪ بۆ لە ٪ ٢٧

**هێڵكاری ژمارە** ( ٢ )




peter (2008, p.3

**هێڵكاری ژمارە** ( ٣ )




peter (2008, p.3

لەهەمان توێژینەوەدا گەشتووە بەو دەرئەنجامەی  کە ڕێکلام لەمیدیای دیجیتاڵدا لەچەند ڕوویەکەوە خزمەت بەگەشەی ئابوری دەکات لەوانە " گەشەی داهات، بەشداری بازاڕ، دەسکەوتنی قازانج"
(Peter. 2008.p.6)
2004- maximeline توێژەری بواری ڕێکلام و گەشەی ئابوری کە توێژینەوەیەکی لەسەر چەند وڵاتێکی پیشەسازی بەناوبانگ کرد بەتایبەتی جەختی لەسەر ئەمەریکاو فەرەنسا کردبوو بەراوردی تێچوون و کاریگەری ڕێکلام لەمیدیای نەریتی و نانەریتیدا کردبوو بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە

بەراوردی وەبەرهێنانی ریکلام لەرێگەی میدیای نەریتی و نانەریتیدا

**هێڵکاری (١) بەراوردی ڕێکلام لەمیدیای نەریتی و نانەریتیدا**

| وڵات | میدیای نەریتی | میدیای نانەریتی |
|---|---|---|
| ئەمریکا | ٪٤٢ | ٪٥٨ |
| ئەڵمانیا | ٪٣٢ | ٪٦٨ |
| شانشینی بەریتانیا | ٪٤٤ | ٪٥٦ |
| فەرەنسا | ٪٣٥ | ٪٦٥ |
| سوید | ٪٣٥ | ٪٦٥ |
| ئیتالیا | ٪٤٧ | ٪٥٣ |
| سوید | ٪٤٤ | ٪٥٠ |
| ئیسپانیا | ٪٥٠ | ٪٥٠ |
| ئیتالیا | ٪٧٣ | ٪٢٧ |
| یابان | | |

p,22، 2004،Maximeline

هەروەها لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەخات کە بەهاوبەشی میدیای نانەریتی لەماوەی ساڵانی توێژینەوەکەیدا بەراووردی میدیای نەریتی و لەڕووی ئاستی دابەزینی میدیای نەریتی بەهاتنی میدیای نا نەریتی لەنێوان ساڵانی ١٩٩٢–٢٠٠٢ لەو وڵاتانەی کە توێژینەوەیەکەی Maximelien لەخۆی گرتبوون:

**خشتەی (٢) دابەزینی ئاستی ریکلام لەمیدیای نەریتی و بەرزبوونەوەی ئاستەکەی لەمیدیای نانەریتیدا**

| | میدیای نەریتی | | میدیای نانەریتی | |
|---|---|---|---|---|
| ولآت | ١٩٩٩ | ٢٠٠٢ | ١٩٩٢ | ٢٠٠٢ |
| ولآتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا | ٪٦٨ | ٪٤٢ | ٪٣٩ | ٪٥٨ |
| ئەڵمانیا | ٪٤٠ | ٪٣٢ | ٪٦٠ | ٪٦٨ |
| بەریتانیا | ٪٥٢ | ٪٤٤ | ٪٤٨ | ٪٥٦ |
| فەرەنسا | ٪٣٨ | ٪٣٥ | ٪٦٢ | ٪٦٥ |
| ئیسانیا | ٪٥٤ | ٪٤٢ | ٪٤٦ | ٪٥٣ |
| ئیتاليا | ٪٥٥ | ٪٥٠ | ٪٤٥ | ٪٥٠ |
| یابان | 75% | 73% | ٪٢٥ | ٪٢٧ |

p,24، 2004، Maximeline

هەروەها لەپەیوەندی بە بەرەوپێشچوونی گەشەی ئابوری و ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆی ولآت GROSS(GDP) Domestic Production– ئاستی تێچونی ڕێکلام بەرامبەر بەکۆی گشتی بەرهەمێنانی ولآت لەساڵی (٢٠٠٠–١٩٩١).

**هێڵکاری (٣) پەیوەندی ریکلام بەگەشەی ئابوری و ئاستی بەرهەم هێنانی ناوخۆی ولآت**




Ashely,1980,p,23

بەپێی ئەم داتانایە بە بەرزکردنەوەی تێکرای خەرجکردن بۆ ڕێکلام ئاستی بەرهەم هێنانی ناوخۆیش زیادی کردوە.
ئەو بۆشاییانەی کە ڕێکلام لەمیدیاکاندا داگیری دەکات لەلایەن پێوەرانی بواری ڕێکلام و ئابوریەوە بەهۆکارێکی گەشەی ئابوری دادەنرێت وەك Ashley ئاماژە بەوە دەکات کە " قەبارەی وەبەرهێنانی ڕێکلام لەئابوریدا پشت دەبەستێت بەژمارەیەك هۆکار لەوانە هۆکاری خووی کلتوری (culture habit) واتە ئەوەی ئاستی چالاکیەکانی ناو ئەو کۆمپانیایە لەهەمان کاتدا چەندێتی ئەو بۆشاییانەی کە ڕێکلام داگیری دەکات لە ڕاگەیاندندا. " (1980, P. 23)
وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا کە ئەو پەیوەندیە بەهێزەی نێوان ئەوکاتژمێرانەی کە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕێکلام دەکرێت بەرامبەر ڕێژەی وەبەرهێنانی ناوخۆیی وڵات (GPD %)

**خشتەی ژمارە ( 3 ) پەیوەندی کاتژمێرەکانی ڕێکلام کردن بەرامبەر ڕێژەی وەبەرهێنان ساڵی ٢٠٠٢**

| وڵات | کاتژێرەکانی ریکلامکردن لە میدیادا | GDP % ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆی وڵات |
|---|---|---|
| وڵاتە یەکگرتوەکان | 300 | 1.5 |
| ئوستورالیا | 140 | 1.2 |
| بەریتانیا | 100 | 1.1 |
| نیوزلەندا | 60 | 0.8 |
| سوید | 50 | 0.7 |
| ئیتالیا | 40 | 0.7 |
| ئەڵمانیا | 55 | 0.9 |
| ئیسپانیا | 54 | 0.7 |
| دانیمارك | 40 | 0.7 |

Ashely,1980,p,23

بەپێی خشتەکە ئاستی زیادبوونی بەرهەم پەیوەندی هەیە بەکاتژێرەکانی ڕێکلامکردن لە میدیادا.
کاتێك کۆمپانیایەك یان کارگەیەك دەیەوێت فرۆش و ئاستی بەرهەمهێنانی زیاد بێت هەوڵ دەدات خەرجیەکی زیاتر بۆ ڕێکلام تەرخان بکات تاکو بۆشاییەکی زیاتر داگیر بکات لەمیدیادا یاخود ڕێکلامکردن لەناو ئەو پرۆگرامانەی کە بینەرێکی فراوانیان هەیە. ئەمە لەهەندێ لەوڵاتە پیشەسازیە بەناوبانگەکاندا وای لێهاتووە کە فشارێکی زۆر هەیە لەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ ڕێکلامکردن تا وای لێهاتووە دیاری کردنێکیان کردوە بۆ ڕێکلامی بازاڕ لەکۆمپانیاکان لەو بۆشایەی کە پێیان دەدەن بەتایەتی لەتەلەفزیۆن کەتاکو ئەمڕۆ هەرچەندە لەمیدیای نەریتدا پۆلێن دەکرێت بەڵام کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەپرۆسەی ڕێکلامکردندا.

**بەهای ڕێکلام لە پرۆسەی ئابوریدا و خزمەتکردنی بە بەکاربەران** The value of advertising

ڕێکلام لەئەمرۆی کۆمەڵگەدا رۆڵێکی زۆر دەبینێت لەپێدانی زانیاری لەسەر بەرهەم و کاڵا نوێیەکان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی و سودی بەرهەمەکان و دابینکردن مافی هەڵبژاردن بۆ بەکاربەر لەچەندێتی و چۆنیەتی بەرهەمەکاندا. هەندێك لەئابورناسان و پسپۆڕانی بواری ڕێکلام بەهای ڕێکلام لەچەند رویەکەوە دەبینن بۆ پرۆسەی ئابوری و خزمەتکردن به بەکاربەر لەوانە:

(Maximeline,2004,P32)

دەبێتە هۆی زیادکردنی بەها بۆ بەکاربەر (increase value for consumer) بەهۆی یارمەتیدانی کۆمپانیاکان بۆ جیاوازیکردن لەنێوان یەکداو جیاوازی کردنی بەرهەمەکانیان بە بەرهەمێنانی بەرهەمی کواڵیتی بەرزو دروستکردنی پێشبڕکێ و کەمکردنەوەی نرخ.

١–ڕێکلام بواری هەڵبژاردە فراوان دەکات بۆ بەکاربەران لەنێوان بەرهەم کاڵاکاندا لەبازاڕدا Advertising promotes consumer choice – لەم بوارەشدا کۆمپانیاکان هەوڵی زیاتر بەرهەمی جۆراوجۆر دەدەن جیاواز لەتام و پێداویستیدا.

٢–ڕێکلام دەبێتە هۆی بەهێزکردنی گەشەی ئابوری

Advertising powers economic growth

٣– بەهۆی یارمەتیدانی کۆمپانیاکان بۆ سەرکەوتن ڕێکلام رۆڵی سەرەکی دەبینێت لەگەشەی ئابوری و بەڵگەی سەلمێنراو هەیە لەپەیوەندی بەهێزی راستەوانەی نێوان گەشەی کۆی بەرهەمێنانی ناوخۆی وڵات وەبەرهێنانی ڕێکلام وەك لەخشتەکانی پێشوودا لەپەیوەندی ڕێکلام و پەیوەندی بەزیادبوونی بەرهەمەوە روونمان کردەوە.

٤–ریکلام دەبێتە هۆی دروستکردنی هەلی کار

Advertising create jobs

بەهۆی ئەو کاریگەریە پۆزەتیڤەی هەیەتی لەسەر گەشەی ئابوری ڕێکلامکردن دەبێتە هۆی دەست خستنی کارو دامەزراندنی فەرمانبەر جگە لەوەی فراوان بوونی و گەشەی ئابوری هەلی کار زیاتر دەرەخسێنێت. پرۆسەی وەبەرهێنانی ڕێکلام خۆی بۆ خۆی پیشەسازیەکی گرنگە چونکە هەزاران کارمەند لەبواری ڕێکلامدا کاردەکەن لەو وڵاتانەی وەبەرهەمهێنانی ڕێکلام بەهۆی گەشەی ئابوریەوە فراوانە.

٥– ڕێکلام شادەماری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە

Advertising is the lifeblood of the media

لەبەشی رۆڵی میدیادا باسمان لەکاریگەری و پەیوەندی راستەوخۆی برو کات و بۆشایی ڕێکلام لەمیدیاکاندا کرد لەسەر گەشەی ئابوری و ئاستی بەرهەمێنانی ناوخۆیی وڵات.

بەپێی ئەم بەهایە داهاتی ڕێکلام دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن. یارمەتی بەرهەمێنانی پرۆگرامی جۆراوجۆری زیاتر دەدات و هەروەها یارمەتی فراوان بوونی و کرانەوەی دەزگاکانی راگەیاندنی زیاتر دەدات. بەنمونە گەر رۆژنامەیەك داهاتی ڕێکلامی نەبێت دەبێت نرخ زیاد بکات تاکو سەرچاوەی داراییەکەی چارەسەر بکات.

جۆرەکانی تری ئامرازەکانی راگەیاندن و هەر لەمیدیای نەریتی و نانەریتیەوە بیگرە گەر داهاتی ڕێکلامی نەبێت یان دەبێت سپۆنسەرێکی هەبێت ئیتر حزب، حکومەت، ڕێکخراوە یان ناتوانێت بەردەوامی بەکارەکانی بدات.

Maxemeline ئاماژەی بەوە داوە کە لەوڵاتانی (Anglo. Saxon) (2004 ,p.28)
لە 25% خەرجی رۆژنامەکان لەلایەن رۆژنامەکانەوە خەرج دەکرێت لە 75% داهاتی ڕێکلام تەلەفزیۆنە بازرگانیە ناکەیبڵەکان و رادیۆکان ١٠٠٪ پێشتگیری داراییان ڕێکلام کردنە.
لەفەرەنسا 35% کەناڵە گشتیەکانی تەلەفزیۆنەکان لەلایەن ریکلامکردنەوەیە. نەك تەنها کەناڵەکانی راگەیاندن بەڵکو هەندێ چالاکی کلتوری و وەزرشی سپۆنسەرەکانیان ڕێکلامە بەنمونە. یاریە ئۆلۆمپییەکان و کاسی جیهانی لەو چالاکیە گەورانەی وەرزشن کە بە پشتگیری دارایی ڕێکلام و سپۆنسەری دەچن بەڕێوە.

١- ریکلام دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی باشتر
Advertising for better society
لەرێگەی خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگەوە رێگایەکی باشە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا- نمونە دەتوانێت بجەنگێ دژی توندتیژیەکان و ناشایستەکانی کۆمەڵگەو هۆشیاری بدات لەسەر نەخۆشیەکانی وەك شێرپەنجە – کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ بەپێدانی سودی پێشبینی خۆبەستنەوەی لەکاتی ڕێکلام بۆ کردنیدا.

**-میکانیزمەکانی کاریگەری پۆزەتیڤانەی ریکلام لەسەر گەشەی ئابوری وڵات**

(Maximeline،٢٠٠٤) کۆمەڵێك میکانیزمی دەستنیشان کردوە بەهۆیەوە کاریگەری پۆزەتیڤانەی وەبەرهێنانی ریکلام دروست دەبێت لەسەر گەشەی ئابوری و ئاستی داهاتی بەرهەمی ناوخۆیی وڵات کە بریتیە لەم چوار میکانیزمە.

١- ڕێکلام پارێزگاری دەکات لەمانەوەو گەشەسەندنی بەکاربەرانی بەرهەم و کاڵاکان
Stimulates growth consumption

٢- خێراکردن و بەهێزکردنی پرۆسەی داهێنانکاری لەبەرهەمدا
Accelerates the spread of innovation

٣- هاندان بۆ پێشبڕکێی بازاڕ
Promotes competition

٤- پرۆسەی دینامیکی کە لەکەرتی پروپاگەندەدا ریشەی داکوتاوە بەرۆڵی خۆی ناوەندی گەشەکردنی بەرهەمی کرداریی تێکڕایی بەهێز دەکات.
The dynamism inherent in the advertising sector in turn boosts the average gross Domestic production (G b p) growth rate.

**میکانیزمی یەکەم:**

پارێزگاریکردن لەمانەوەو گەشەی زیادبوونی بەکاربەر maxemelien لەتوێژینەوەکەیدا گەشتە ئەو ئەنجامەی کە چەندە ئاستی ڕێکلامکردن زیادبێت مەیل و ئارەزوی بەکاربەر بۆ کاڵاکان کردن زۆرتر دەبێت بەپێی ئەم خشتەیە:

**خشتەی (٤) پەیوەندی نێوان بەکاربەرو پرۆسەی ریکلامکردن لەماوەی (١٩٩١-٢٠٠٠) لەم چەند ولاّتە پیشەسازیەدا.**

| مەیلی بەکاربەر | ئاستی ریکلامکردن داهاتی بەرهەم٪ (GDP) | ولاّت |
|---|---|---|
| 70 | 1.4 | ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا |
| 65 | / | شانشینی بەریتانیا |
| 60 | 1.2 | ئوستورالیا |
| 60 | 0.9 | ئیسپانیا |
| 50 | 0.5 | نیوزلەندا |
| 53 | 0.6 | فنلەندا |
| 50 | 0.5 | ژاپۆن |
| 58 | 0.7 | دانیمارك |
| 52 | 0.6 | ئەڵمانیا |
| 52 | 0.6 | سوید |
| 54 | 0.7 | فەرەنسا |

Maximeline، ٢٠٠٤، p,٣٤

بەپێی ئەم خشتەیە چەندە ئاستی ریکلام کردن بەرزبێت ژمارەی بەکاربەر بەرزتر دەبێتەوە.

**میکانیزمی دووەم:**

ریکلامکردن دەبێتە هۆی داهێنانکاری لەبەرهەمدا

Advertising speeds up the spread of information

Change et al. دەڵێت " بۆ ئابوریناسان داهێنانکاری لەبەرهەمدا ئامرازێکی جەوهەری داینامیکی ئابوریە، ڕێکلامکلادن بە یارمەتی دەرو فشار دروستکەر بۆ ئەو حاڵەتانە دادەنرێت "(2009.p2) هەروەها پێی وایە کە هەر سێکتەرێکی بازرگانی بیەوێت داهێنانکاری لەبەرهەم هێناندا زیاد بکات زیاتر پێویستی بەپرۆسەی ڕێکلامکردنە وە هەر سێکتەرێکی بازرگانی پارەی خەرج کرد بۆ ڕێکلامکردن دەبێتە هۆی زیادکردنی پرۆسەی بەشداریکردن و داهێنانکاری.

**میکانیزمی سێیەم: ڕێکلامکردن دەبێتە هۆی پێشکەوتن لەگەشەسەندندا**

Advertising promotes competitions

Hooley گەشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە "بە بوونی داهێنانکاری ئابوریناسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێش بڕکێ دەبێتە هۆی گەشەی ئابوری."

Maxemeline دەڵێت "پێشبڕکێ ئەو میکانزیمەیە لەو سێکتەرانەدا کە ڕێژەی وەبەرهێنانی ڕێکلام لەبەرزیدایە و کۆمپانیاو بازاڕەکان لەکێبەرکێدان– وە بەئاستێکی گەشەکردن و زیندووی دەناسرێتەوە" (2004, p.12)

Peter (2008) ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمەڵێ هۆکار هەن دەبنە هۆی گەشەی ئابوری و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەم هێنانی ناوخۆیی ولآت- پێشبڕکێ بەیەکێك لەهۆکارە گرنگەکان دادەنرێ Maxemeline ، 2004, p.5 لەتوێژینەوەکەیدا لەسەر چەند ولآتێکی پیشەسازی پێشکەوتوو ڕێکلامکردن بەسێ قۆناغ کاردەکاتە سەر دروستبوونی پێشبڕکێی بازاڕ بۆ بەرهەمەکان لەوانە:

١-ڕێکلام لەهەر کۆمپانیایەکدا لەئاستی بەرزیدا بووبێت ئاستی پێش بڕکێ لەو کۆمپانیایەدا لەبەرزیدا بووە بەڵکو زۆربەی ئەو کۆمپانیانەی maxemeline توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام داون نەك ئاستی پێشبڕکێ بەرزبۆوە بەڵکو ئاستی قۆرخکردنی بازاڕیان بەپێی ئاستی وەبەرهێنانی ڕێکلام زیادی کردوە بەرەوام ڕێکلام پێشبرکێ و قۆرخکردنی بەرەو پێشەوە بردووە.

٢- ڕێکلامکردن پرۆسەی پێش برکێ بەرەو دواوە نابات Advertising Dose note hold Back competition لەو بازارانەدا کە وەبەرهێنانی ڕێکلام ئاستەکەی بەرزترە بەشداریکردنی بازاڕ چەند بارە بەرزە.

٣- لەو کۆمپانیانەی کە پێگەیان لەبازاڕدا لەدابەزین یان جێگیریدایە و گەشەی نیە ئاستی پێشبڕکێیان لاوازە، ئاستی ریکلامکردن دوو ئەوەندە لاوازترە لەشوێنانی .

٤- ڕێکلامکردن فاکتەرێکی بەهێزە دەبێت لەکاتی بێ بازاڕیدا بەپێی ئەم خاڵە ڕێکلامکردن پارێزگاری لەپرۆسەی پێشبڕکێکردن و هێشتنەوەی پێگەی لەبازاڕدا دەکات لەکاتی بێ بازاڕیدا. بەپێی توێژینەوەیەك کە لەساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن (Boston consulting Group) لەئەڵمانیا ئەنجام دراوە دەرکەوتوو ٧٥٪ ئەو سێکتەرانەی توێژینەوەکەیان تێدا کراوە بەزیادکردنی ڕێکلام لەکاتی بێ بازاڕیدا توانیویانە بگەنە زیادبوونی بەشداری بازاڕو مانەوەیان لەپێش برکێی بازاڕدا.

کەواتە بەپێی ئەم خاڵانە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕێکلام پارێزگاری لەگەشەی ئابوری و پێشبڕکێ دەکات لەکاتی چەقبەستنی بازاڕیشدا تەنانەت هەروەك **Lee** دەڵێت " ئەو کۆمپانیایانەی هەوڵدەدەن بگەنە بەشداری بازاڕی هاوبەش و کێ بەرکێ – بە بەرزکردنەوەی پرۆسەی وەبەرهێنانی ڕێکلام دەتوانن ئەمە بەدەست بێنن ئەمەش دەبێتە هۆی هاندانیان بۆ بەرهەمێنانی بەرهەمی کوالێتی بەرزو بەمەش دەبێتە هۆی گەشەی ئابوری لەجیهاندا . (Lee, 2002 ,p.22). هەرچەندە ڕای جیاوازیش هەیە لەسەر ئەوەی کە مەرج نیە هەموو کاتێك ڕێکلامکردن و زۆری ڕێژەی ڕێکلامکردن پۆزەتیڤانە بێت بەتایبەتی هەندێ لەپسپۆڕان بەنمونە (Kyle,2008,p.3 پێی وایە کە ڕێکلام سێ رەگەزی تێدایە کە رەنگە خزمەت بەشێوەیەکی راستگۆیانە بە بەکاربەر نەکەن لەوانە:-

أ- ڕێکلام توانای قەناعەت پێکردنی هەیە (Persuasive) دەڵێت بەهۆی ئەوەی توانای قەناعەت پێکردنی هەیە وا دەکات لەبەکاربەر بەباشی لەو کالآیانە بکات و رەنگە بەتەواوەتیش وانەبێت.

ب- ڕێکلام زانیاری دەرە (information) و ئەمە بۆچونی ساڵی شەستەکانە کە لەژێر دەسەلآتی قوتابخانەی چیکاگۆ بەپێی ئەم تیۆرەیە دەڵێت زۆربەی بازاڕەکان لەرێگەی ڕێکلامکردنەوە زانیاری دەدەن بە بەکاربەر بەلآم کەمجار زانیاری راست و تەواو لەسەر کوالێتی بەرهەمەکەو نرخەکەی دەدرێت.

ج- ڕێكلام پرۆسەیەكی تەواوكاریە (Complementary) بەپێی ئەم تیۆرە ڕێكلام بەكاربەر رادەكێشێت و بەردەوام بەخستنە پێش چاوی بەرهەمی نوێتر مەیل و ئارەزوی جێگیر دەكات بۆ كارگەیەك یان بەرهەم و كالآیەك ئەمەش وا دەكات بەردەوام ئارەزوی لەبەرهەمەكانی بێت و بەردەوام دەیكاتە بەكاربەر بۆ بەرهەمەكانی ئەو شوێنەی كە مەیلی بۆی هەیە واتە دەبێتە بەكاربەرێكی سركراوی بێ ئاگا هەروەك Kaldor **et.al** پێی وایە كە ڕێكلام دەبێتە هۆی دروستكردنی مەیلداری بۆ كارگەیەك و بەردەوام لینكێك دروست دەكات لەنێوان بەكاربەرو بەرهەم و كالآكانی ئەو كارگەیەدا.

**میكانیزمی چوارەم:**

لەسێ میكانیزمی پێشوودا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی كە وەبەرهێنانی ڕێكلام كاریگەری پۆزەتیڤانەی هەیە لەسەر پرۆسەی بەكاربەر- داهێنان- پێشبڕكێ. لەم میكانیزمەدا باس لە فراوانكردنی مەوداو ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی دەكات بەهۆی ئاستی ڕێكلامەوە هەروەكوAshley 1980, et. al) ئەم فراوانكردنە لەم سێ ڕووەوە باس دەكات:

١-زۆركردنی هەمەچەشنی بەرهەمهێنان.

٢-زۆركردن و فراوانكردنی هەلی دەستكەوتنی كار بوە هۆی فراوان بوونی سێكتەرەكانی بازرگانی.

٣-زیادبوونی بەهاو كوالێتی بەرهەم بەهۆی هەوڵی كۆمپانیاكان بۆ مانەوەی پێگەیان لەبازاڕی هاوبەش و پێشبڕكێدا.

(2004, p.27 Maxemeline) ئاماژەی بەو كاریگەریە كردوە لەسەر گەشەكردنی ئاستی بەرهەم هێنان بەپێی ئەم خشتەیە كە لەسەر چەند سێكتەرێكی بازرگانی كە گرنگترینیان بەوەرەهێنانی ڕێكلام دابوو لەساڵی ١٩٩٦-٢٠٠١

**خشتەی ژمارە (5) ڕۆڵی ڕێكلام لەگەشەدان بە بەرهەم و خزمەت بە بەكاربەر**

| جۆراوجۆری لەكاردا | جۆراوجۆری لەزیادبوونی بەها | جۆراوجۆری لەبەرهەمهێناندا | چالاكی |
|---|---|---|---|
| 20% | 41% | 28% | چالاكی ڕێكلام لەسەر ئاستێكی فراوان |
| 36% | 30% | 30% | چالاكی ڕێكلام لەسەر ئاستێكی تەسك |
| 9% | 27% | 27% | چالاكیەكانی تری پرۆسەی ئابوری بەشێوەیەكی گشتی |

لەلایەكی تری توێژینەوەكەیدا Maxemline لەسەر ئەو وڵاتە پیشەسازیە گەورانەی كە ئەنجامی دابوو لەماوەی ١٠ ساڵدا چوار پێوەری بۆ سەلما لەهەر وڵاتێكدا هەبێت نیشانەی ئەوەیە كە ڕێكلام كاریگەری پۆزەتیڤانەی لەسەر گەشەی ئابوری كردوە لەوانە:

١- Consumption (بەكاربردن): - بریتیە لەو سێكتەرەی كە ئاستی وەبەرهێنانی ڕێكلام بەرزەو هەروەها ئەو حاڵەتەیە كە بەكاربەر گەشە دەكات و لەبەرزبوونەوەدایە لەقەبارەو ژمارەدا.

٢-Innovation ( داهێنانكردن) ئەو سێكتەرەیە كە وەبەرهێنان لەسەر ئاستی تێكڕاو ڕێكلام و لەبەرهەم هێناندا و قەبارەی بەكاربەر زیادی كردوە- پرۆسەیەكی بەهێزی داهێنانكاری لەبەرهە هێناندا هەیە.

٣–Competition –پێشبڕكێ– ئەو سێكتەرەیە كە رەێژەی وەبەرهێنانی رێكلام لەبەرزدایە– كۆمپانیاو بازاڕەكان لەئاستێكی بەرزی پێشبڕكێدان لەبەرهەم هێنان و داهێنانكاری و بەشداریكردنی بازاڕ.

٤– كاریگەری دەسەلاَتی كەرتەكان Sectoral leverage effect مەبەست لەو سێكتەرەیە كەوا كاتێك گەشەی ئابوری لەسەر رێچكەیەكی ڕاستی خۆی دەڕوات واتە ( گەشەكردنێكی بەردەوام و دوور لەچەقبەستن دایە.. رێكلام چەند بارە زیاد بكرێت ڕاستەوخۆی گەشەی ئابوری زیاد دەكات.

## كاریگەری ریكلام لەسەر پرۆسەی فرۆشتن ناوبانگی كارگەو بازاڕەكان بەشداریكردن لەبازاڕی هاوبەشدا

مشتومرێك هەیە لەنێوان ئابورناسان لەسەر كاریگەری ڕاستەوخۆ رێكلام لەسەر پرۆسەی فرۆشتن و ناوبانگی ئایندەی بازاڕ **Kyle** دەڵێت " بەڵگەیەكی زۆر نیشانیان داوە كە رێكلام كاریگەری ڕاستەخۆی هەیە لەسەر كارگەكان بۆ زیادكردنی پرۆسەی فرۆشتنی ئێستاو داهاتوویان و دروستكردنی مەیلداری بۆ كالاَو كارگەكان و یارمەتیدانی هێشتنەوەی پێگەیان لەبازاڕدا ". (Kyle , 2005.p.23).

لەتوێژینەویەكی تردا Kyle دوو پرسیار دەوروژێنێت لەسەر كاریگەری رێكلام لەسەر پرۆسەی فرۆشتن ئەویش:–

یەكەم: ئایا پەیوەندیەكی پۆزەتیڤانە هەیە لەنێوان رێكلامكردن و كاریگەری لەسەر فرۆشتنی ئێستاو داهاتوی ئەو كالاَیانەی رێكلامیان بۆ دەكرێت ؟بۆ وەلاَمی ئەمە وتەی (Braith waite. 1928) هێناوە كە دەڵێت "رێكلامكردن كاریگەری درێژخایەنی هەیە لەسەر ناوبانگی بازاڕو كارگەكان." (Kyle. 2005, p.27 )

دووەم: ئایا رێكلاممكردن كاریگەری دەكاتە سەر داواكاری بەكاربەری زیاتر بۆ كالاَكان یان بەپێچەوانەوە ؟ بۆ وەلاَمی ئەمەش Kyle وتەی (Marshall 1980-1919) هێناوە كە دەڵێت " رێكلامكردن دەبێتە هۆی دووبارەو چەند بارەی دروستكردنەوەی كالاَو دابەشكردنی لە بازاڕدا بەهۆی داواكاری زیاتری بەكاربەران".(Kyle, 2005, p.27 )

لەڕووی دروستكردنی مەیلداری و بەشداریكردنی لەبازاڕی هاوبەشدا ئایا رێكلامكردن ڕاستەوخۆ دەتوانێت ئەو كاریگەریە دروست بكات؟

" رێكلام دەتوانێت مەیل و لایەنگری و قەناعەت بۆ كالاَو بازاڕێك دروست بكات.

دواجاریش دەبێتە هۆی وەلاَمدانەوەی بەكاربەرو گەڕانەوەی قازانج ".(Kaldor et.al.2000, p.4)

Boulding et.al. لەراپۆرتێكدا كە دەرئەنجامی توێژینەوە لەسەر چەند بازاڕێك باس دەكات دەڵێت " رێكلام ئێستای كۆمپانیا و كارگەكان دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی وەستان و چەقبەستن بەكاربەری لەداهاتوودا" (1994,p.32). لەبەرامبەر ئەمەشدا هەندێك لەپسپۆڕان دژی ئەوەن كە هەمیشە چڕو زۆركردنی رێكلام كاریگەری پۆزەتیڤانەی هەبێت هەروەك Simon دەڵێت " كۆمەڵێك توێژینەوە سەلماندویانە كە رێكلامی ناكاریگەر با زۆریش بێت دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی وەلاَم داهات" (Simon 1970 ,p.21).

## دەرەنجام

١–وەبەرهێنانی ڕێکلام پەیوەندیەکی راستەوخۆی هەیە بە بەرزکردنەوەی تێکڕای وەبەرهێنانی بەرهەمی ناوخۆی وڵات و گەشەی ئابورییەوە

١–ڕێکلامکردن بەچەندین رێگە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی گەشەی ئابوری و بەرهەم – ئەویش بەرێگەی – دروستکردنی پێشبڕکێ– زیادکردنی بەکاربەر– یارمەتیدانی کارگەو کۆمپانیاکان بۆ بەشداریکردنی بازاڕی هاوبەش.

٣–هاتنی میدیای نانەریتی و دیجیتاڵ گەشەیەکی زیاتری دا بە ڕێکلامکردن و گەشەی ئابوری بەهۆی فراوانکردنی کەناڵەکانی ڕێکلامکردن و رەخساندنی شێوازی جۆرجۆر بۆ ریکلامکردن.

## پێشنیار

١–پێشنیار دەکەم توێژینەوەکانی بواری ڕێکلام تەها لەچوارچێوەی بونی وەك سەرچاوەیەکی دارایی کەناڵەکانی راگەیاندن ئەنجام نەدرێت بەڵکو فراوانتر لە ڕێکلام و سودی بزانرێت بەتایبەتی لەبواری پەیوەندی بە ئابوری و بەرهەمهێنانی ناوخۆیی.

٢–ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر پرۆسەی ڕێکلامکردن – کە ئایا ڕێکلامێکی کاریگەری هەیەو زانستیانە دروست دەکرێت، چونکە ڕێکلام کاتێك ڕۆڵی لەو بوارانەدا دەبێت کە زانستیانە دروستبکرێت و وەڵامی لەو بوارارانەدا دەبێت کە زانستیانە دروستبکرێت و وەڵامی هەبێتو وەبەرهێنان دروست بکات .

## راسپاردە

١–رێکخستنێکی بۆ پرۆسەی ڕێکلامکردن بەیاساو رێنمایی بکرێت چ بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن و کۆمپانیاکان و ڕێکلام و بازاڕەکان. لەڕووی ناوەرۆك و کاتی تەرخانکراو بۆ پەخشکردنی ڕێکلام.

٢– ژورەکانی بازرگانی و دەزگاکانی پەیوەست بە ئابوری وڵات و بەرهەم هێنانی ناوخۆیی داتاو زانیاری پێویست کۆبکەنەوە تاکو لەبواری توێژینەوەدا سودی لێ وەربگیرێت .

١– کۆمپانیاو کارگەکان و دەزگاکانی وەبەرهێنان داتای تێکرای ئاستی ڕێکلامکردن و ئاستی بەرهەمهێنانی کۆمپانیاو کارگەکان و دەزگاکانی وەبەرهێنان داتای تێکرای ئاستی ڕێکلامکردن و ئاستی بەرهەم هێنانیان ئەرشیف بکەن تاوەکو بۆ توێژینەوە و زانینی سودی ڕێکلام و تێچونی لەبەرامبەر داهاتیاندا بەکاربهێنرێت.

## سەرچاوەکان:

1-Maximilien, N. (2004). Advertising and Economic Growth. French Association of Advertisers

**2-**Jones, J. P. (1985). Is total advertising going up or down? International Journal of Advertising, 4(1), 47–64.

3-Robert, G.(2008). Economic Growth and Advertising Expenditures in Different Media in Different Countries. Journal of Media Economics, 21:28–52, 2008

4- Chang, B.-H., & Chan-Olmsted, S. M. (2005). Relative constancy of advertising spending. A crossnational examination of advertising expenditures and their determinants. Gazette, 67(4), 339–357.

5- Ashley, R., Granger, C. W. J., & Schmalensee, R. (1980). Advertising and aggregate consumption: An analysis of causality. Econometrica, 48(5), 1149–1167
.
6- Callahan, F. X. (1986). Advertising and economic development. International Journal of Advertising, 5(3), 215–224.

7- Hooley, G. J., & Lynch, J. E. (1985). How UK advertisers set budgets. International Journal of
Advertising, 4(3), 223–231.

8- Boston Consulting Group, a leading advisor on business.(2012). http://officialblog.yelp.com/2013/03/yelp_survey_findings.html

9- Lee, C.-Y. (2002). Advertising, its determinants, and market structure. Review of Industrial Organization, 21(1), 89–101.

10-Peter,D.(2008).Advertising as an economic-growth engine:The new ower of media in the digital age.MA Thesis .

11- Kyle,B.(2001). The Economics of Advertising, Introduction. Columbia University.New York.

١٢-Igou,A.C.(1924).Economic Welfare. Macmilla.London

13- Kaldor, N. and R. Silverman (1948). A Statistical Analysis of Advertising Expenditure and of the Revenue of the Press, Cambridge, England: University Press.

14- Telser, L. G. (1964). “Advertising and Competition,” Journal of Political Economy, 72, 537-62.

14- Lambin, J. J. (1976). Advertising, Competition and Market Conduct in Oligopoly Over Time, Amsterdam: North Holland Publishing, Co..

15- Reekie, W. D. (1974). “Advertising and Market Share Mobility,” Scottish Journal of Political Economy, 21, 143-58.

16- Boulding, W. , Lee, O-K., and R. Staelin (1994). “Marketing the Mix: Do Advertising, Promotions and Sales Force Activities Lead to Differentiation?, Journal of Marketing Research, 31, 159-172.

17- Simon, J. (1970). Issues in the Economics of Advertising, Urbana: University of Illinois Press.

18-The value of Advertising. http://www.valueofadvertising.org/benefits-consumers.php.on 12-07-2013

**پوختە:**

ئەم توێژنەوەیە تویژنەوەیەکی وەسفیە ،باس لە ڕۆڵی ڕێکلام لەگەشەدان بەئاستی ئابوری و بەرهەمهێنانی ناوخۆیی وڵات دەکات. ڕێکلام ئەمڕۆ بوەتە نیشانەیەکی دیاری ژیانی ئابوری، سەرەرای ئەوەی ئامرازێکە بۆ ناساندنی کاڵاکان و دۆزینەوەی بازار و بونی بە سەرچاوەیەکی گرنگی دارایی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ، بەڵام تا ئێستا ئەوەندەی وەك سەرچاوەیەکی دارایی بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن باس دەکرێت ئەوەندە توێژینەوەی لەسەر نەکراوە لەڕوانگەی ئابوری و پەیوەندی بەبەکاربەرو بەرهەمەوە .

بۆیە ئەم توێژینەوەیە لەو ڕووەوە باس لە ڕێکلام دەکات کە نەك تەنها ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی بازارگەری و سەرچاوە بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەڵکو لەڕوە ئابوریەکەیەوە چەندە بەسودە و دەبێتە هۆکارێك بۆ گەشەی ئابوری وڵات و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی . هەروەها توێژینەوەکە باس لەهەردو ڕوی پۆزەتیف و نێگەتیف لەپەیوەندی بە ئابوری وڵات و بەکاربەرەوە دەکات . هەرچەندە ئەم توێژینەوە لەڕوی مەیدانیەوە کاری لەسەر نەکراوە لەبەر نەبونی داتاو زانیاری لەکۆمپانیاو کارگەکانی کوردستاندا لەبارەی ئاستی خەرجی ریکلام و گەشەی بەرهەمیان ،تاکو ئاستی گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی بزانریت.

توێژینەوەکە بەکۆمەڵێك دەرەنجام گەشتوە کە ڕۆڵی ئاشکرای ڕێکلامە لەسەر ئاستی گەشەسەندنی ئابوری و بەرهەمهێنانی وڵات، کە تا ئاستی خەرجکردن بۆ ڕێکلام و ڕێژی ڕێکلامکردن لەوڵاتدا بەرز بێت بەپێی ئەو توێژینەوانەی وەك توێژینەوەکانی پێشو پشتی پێ بەسراوە ،گەشەی ئابوری زیاتر دەبێت لەڕێگەی بەرزبونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی و زیادبونی فرۆش و بەکاربەرەوە .

**الخلاصة:**

هذا البحث الموسوم ( دور الاعلان في التطور بالمستوى الاقتصادي والانتاج المحلى للبلد ) من البحوث الوصفية، التى تتحدث عن دور الاعلانات في التطور بالمستوى الاقتصادي والانتاج المحلى. إذ اصبح الاعلان رمزا بارزا للحياة الاقتصادية ، بالرغم من انها وسيلة لتعريف السلع و ايجاد سوق له و مصدراقتصادي مهم لوسائل الاعلام المختلفة. ولم تجرى حتى الان دراسات كافية حولها وحول العلاقة بين المستهلك والمنتج بقدر ماهي مصدر اقتصادي لوسائل الاعلام لا يتحدث البحث الحالي عن الاعلان فقط كطريقة من طرق التسوق ومصدر لوسائل الاعلام ، بل من الوجهة الاقتصادية من حيث كونها سببا لنمو اقتصاد البلد و رفع مستوى الانتاج المحلي ، يطرق البحث كذلك الى الجانب الايجابي والسلبي للإعلانات وعلاقتها باقتصاد البلد والمستهلك .

بالرغم من عدم كون هذا البحث ميدانيا نظرا لعدم وجود المعلومات الضرورية والدقيقة من قبل الشركات والمعامل في كوردستان المتعلقة بكلفة الدعاية ونمو انتاجهم للوصول الى مدى نمو الانتاج المحلى.

وصل البحث الى مجموعة نتائج عن دور وتاثير الاعلانات على مستوى النمو الاقتصادي للبلد والانتاج الوطني . فعند ارتفاع مستوى الصرف ودفع الاموال للاعلانات سيزداد النمو الاقتصادي وذلك عن طريق ارتفاع مستوى الانتاج المحلي و زيادة البيع والشراء وذلك تبعا للبحوث السابقة التي تم الاعتماد عليها.

**Abstract**

This research is marked (the role of advertising in the economic development level of domestic production of the country). It is a descriptive research, which talks about the role of advertising in the level of economic development and local production. The declaration has become a prominent symbol of economic life, in spite of it's way to define the commodity market and find him and economic source important means of various media. So far enough studies around and about the relationship between the consumer and the product did not take place as far as what are economic source for the media. Find the current announcement only as a way of shopping methods and source to the media does not talk, but from an economic standpoint in terms of being a reason for the growth of the country's economy and raise the level of domestic production. find knocking as well as to the positive and the negative side of the ads and their relationship to the country's economy and the consumer. Although there is the fact that this research field due to the lack of the necessary and accurate information by companies and laboratories in Kurdistan for the cost of advertising and the growth of their production to reach over the growth of domestic production. Search results arrived on the role and impact of advertising on the economic growth of the country's national production level set. When high-level exchange and pay the money for ads will increase economic growth and by rising domestic production and increase the level of buying and selling, depending on previous research that has been reliable.

# ڕۆڵی ژنی کورد

## لە ڕووداوە سیاسی و جەماوەرییەکانی باشوری کوردستاندا

## (١٩٢١- ١٩٥٨)

پ.ی.د.سەروەر عەبدولرەحمان عومەر          م.ی. بەشدار عومەر رەفیق

**پێشەکی:**

ماوەی ساڵانی(١٩٢١–١٩٥٨)، وەك ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراو کە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتییە لە عیراقدا، قۆناغێکی گرنگ و پڕبایەخە سەبارەت بە ژنی کورد، ئەوماوەیە بە سەرەتای تێکەڵاو بوون و بەشداریکردنی ژنی کورد لەڕووداوە سیاسی و جەماوەرییەکان دادەنرێت لەباشوری کوردستاندا، چونکە بەر لەو ماوە مێژووییە ڕووداوێکی سیاسی و جەماوەریی ئەوتۆمان نییە کەژنی کورد توانیبێتی ڕۆڵێکی ئەوتۆی تێدا ببینێت.

لەبەر ئەوەی تائێستا کەمترین نوسراوی تایبەت سەبارەت بەژنی کوردو بەتایبەت تریش ڕۆڵی لەڕووداوە سیاسی و جەماوەرییەکاندا لەو ماوە مێژووییە دیاریکراوەدا لەبەر دەستدایە، ئەم توێژینەوەیەمان ئەنجامدا بۆ ئەوەی بتوانین تیشک بخەینە سەر لایەنێکی شاراوەی مێژووی کورد لەو قۆناغەدا.

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە کە خوێندنەوەیەکی وردی مێژوویی زانستیانە بۆ ڕۆڵی ژنی کورد لە رووداوە سیاسی و جەماوەریەکانی باشوری کوردستان لەو ماوە مێژووییە دیاریکراوە بکەین، بەدورکەوتنەوە لە سۆزێکی دیاریکراو بۆ بابەتەکە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بەشێوەیەکی بابەتییانەی زانستییانەو لە ڕێی ژمارەیەکی بەرچاو لەسەرچاوەی رەسەن و زانستییەوە، بەپێڕەو کردنی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، شیکاریی، ئەم توێژینەوەیە بخرێتە بەردەست و لەم ڕووەشەوە ڕێ و شوێنە پێویستییەکانی میتۆدی لێکۆڵینەوەکە پێڕەو کراوە.

ئەم توێژینەوەیە کە تەرخانکراوە بۆ پێگەو ڕۆڵی ژنی کورد لەو ڕوداوە سیاسیو جەماوەرییانەی لە باشوری کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٢١–١٩٥٨دا ڕویانداوە، لەوماوەیەدا چەندین ڕوداوی سیاسیو جەماوەری کاریگەر لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا ڕویانداوە، ژنانی کورد لەم ناوچانەدا توانیویانە بە پێی ڕووداوەکەو شوێنو بارودۆخی ناوچەکە ڕۆڵی خۆیان لەم ڕوداوە سیاسییانەدا بەدیاربخەن، توێژینەوەکە بەسەر چوار باسدا دابەشکراوە، لەوانە: (ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ی بەردەرکی سەرا)، (مانگرتنی گاورباغی لەکەرکوك ساڵی ١٩٤٦)، (ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر ساڵی ١٩٥٣)، و (ڕووداوی هێنانەوەی تەرمی شێخ مەحمود بۆسلێمانی ساڵی ١٩٥٦).

بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە، پەنامان بۆ ژمارەیەکی جیاواز لە سەرچاوە بردووە کە دەکرێ لێرەدا بە سەر چەند پۆلێکدا دابەشیان بکەین:

یادداشت و بیرەوەریەکانی ئەو کەسایەتیانەی کە لەو ماوەیەدا ژیاون و بەشداری ڕووداوەکانیان کردووە سودی زۆریان لێ وەرگیراوە، لە گرنگترینیان یاداشتەکەی (بەهیە مەعروف بەرزنجی) بەناونیشانی (هەندێك لە بیرەوەریەکانی خاتوو بەهیە شێخ مارفی شێخ ئەحمەد)، یاداشتی درەخشان جەلال حەفید بەناونیشانی (کورتەیەك لە بزوتنەوەی رزگاری خوازی ئافرەتانی کوردستان و هەندێك لە بیرەوەریەکانم)

کتێبەکان کە بنەمای سەرەکی توێژینەوەکەن، سودمان لە ژمارەیەکی زۆر کتێب بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی وەرگرتووە، لەگەڵ وتارو توێژینەوەی گۆڤارەکاندا.هەروەهاچاوپێکەوتنمان لە گەڵ چەند کەسایەتیەکدا، بنەمایەکی سەرەکی بوون بۆ دەستخستنی زانیاری ، لەبەر ئەوەی زۆر زانیاریمان لێ وەرگرتون کە هەتاکو ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکدا تۆمار نەکراون، هەوڵمانداوە تەنها چاوپێکەوتن لە گەڵ ئەو کەسانەدا بکەین کە بۆخۆیان لە ناو ڕووداوەکانی ئەو ماوەیەدا بوون و بەشێك بوون لە رووداوە سیاسیەکان، لەوانە(ئەنجوم زوهدی، خەجیجە مستەفا(فریشتە)، جەمیلە سابیر قادر، مەلیحە زوهدی...)

لەکۆتاییدا هەرچەندە هەولێکی زۆرمان داوە بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەو بەئەنجام گەیاندنی بەوشێوەیەی لەبەر دەس دایە، بەلاّم بیٚ گومانین وەك هەر هەولێکی تر بیٚ کەمووکورتی نیە.

## باسی یەکەم:
## ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ (بەردەرگی سەرا)

بە پێی ڕاسپاردەکانی لیژنەی (کۆمەڵەی گەلان)* ئەبوایە حکومەتی عیراق چەند مافێك بۆ کورد دەستەبەر بکات، بەلام دەسەلاتدارانی عیراق ملیان نەئەدا و جێبەجێیان نەدەکرد،[1] ئەوەش بارودۆخێکی وای هێنابوویە کایەوە کە گەلی کورد بە گشتیو خەڵکی سلێمانی بە تایبەتی بێدەنگ نەبن لە ئاستیداو دەنگی ناڕەزایی هەڵبڕن. جێبەجێ نەکردنی ئەو بەڵێنانەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە بەریتانیا لە ساڵی ١٩٣٠دا بڕیاریدا ئینتدابی خۆی لە سەر عێراق کۆتایی پێ بهێنێت، لە سەر ئەو بنەمایەی گوایە بەرەوپێشچوون لە بوارە جیاجیاکانی عێراقدا وەك ئابوری و ڕامیاری و مافی مرۆڤ دروستبووە و عێراق گەیشتۆتە ئاستی ئەوەی ئیتر بتوانێت خۆی بەڕێوە ببات.

هەر ئەمەش وای کردبوو پەرلەمانتارە کوردەکان چەند جارێك یاداشت پێشکەش بە سەرۆك وەزیرانی عیراقو نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عێراق بکەنو تیایدا داوای جێبەجێ کردنی ڕاسپاردەکانی کۆمەڵەی گەلان بکەن، بەڵام داواکارییەکانیان پشتگوێ دەخرا. [2] جگە لەوان گەورە پیاوان و ڕوناکبیرە کوردەکانی خەڵکی سلێمانی چەندین جار یاداشتو بروسکەیان بۆ کۆمەڵەی گەلان ناردووەو داوای دەستەبەرکردنی مافەکانی کوردیان کردووە،[3] (حەپسەخانی نەقیب) وەك ژنە کوردێك ڕۆڵێکی بەرچاوی لەم هەڵمەتەدا هەبووە.[4]

لە لایەکی دیکەوە گفتوگۆ لە نێوان عێراقو حکومەتی بەریتانیا هاتە ئاراوە، بە مەبەستی مۆرکردنی پەیماننامەیەکی نوێ، کە بەو پێیە کۆتایی بە ئینتدابی بەریتانیا بهێنرێتو عێراق بچێتە کۆمەڵەی گەلانەوە، ئەوە بوو لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠ (پەیماننامە)*کە لە نێوان هەر دوو لادا مۆر کرا.[5] لە بەر ئەوەی لەم پەیماننامەیەدا بە هیچ جۆرێك ناوی کورد نەهاتبوو و مافەکانی کورد باس نەکرابوون، بۆیە کوردیش لەبەرامبەر ئەم کارە بێ دەنگ نەبوون. [6] ئیتر ئەم

---

*کۆمەڵەی گەلان League of Nations : ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بوو دووابەدووای تەواو بوونی شەڕی جیهانی یەکەم، لەساڵی ١٩١٩ لە کاتی بەستنی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس دامەزرا. یەکەم ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بوو کە ئامانجی پاراستنی ئاشتیی جیهانیی هەبوو، لە سەرتاسەری دنیادا (٥٨) دەوڵەت ئەندام بوون تیایدا.

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. لیلاف حمدامين عزيز: الحقوق السياسية للكرد في الدول التي تضم كردستان، مؤسسة حمدى للطباعة و النشر، سليمانية، ٢٠٠٧، ص ١٣٧–١٤٧.

[2] بۆ زانیاری زیاتر بروانە عبدالفتاح على البوتاني: الحركة القومية الكردية التحررية دراسات ووثائق، ط١، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٤، ص٧٩–٨٠.

[3] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی داواکاری و تەلەگراف و نامە ناردنی کوردەکان بۆ کۆمەڵەی گەلان و مەندوبی سامی بەریتانیا لە عێراق و مەلیك فەیصەڵ، بڕوانە:م.ر.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، لەندەن، ١٩٩١، ل٧١١ و دواتری.

[4] عمر محمد محمد كريم: القضية الكردية في سياسة الحكومات العراقية، ١٩٣٢–١٩٤٥، مطبعة شظان، سليمانية، ٢٠٠٩، ص٦٣.

*ئەم پەیماننامەیە لە نێوان عێراق و بەریتانیادا مۆر کرا، بە پێی پەیماننامەکە عێراق لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئابورییەوە بەسترایەوە بە بەریتانیاوە، بەمەش عێراق سەروەریی خۆی لە دەستدا، سەبارەت بە کوردیش هیچ ئاماژەیەکی سەبارەت بە مافەکانی گەلی کوردی تێدا نەبوو، لە بەر ئەوەش لە لایەن کوردەوە ڕەت کرایەوە. جلال الطالباني: كردستان و الحركة القومية الكردية، ط٢، ، بيروت، ١٩٧١، ص١١١–١١٢.

[5] عبدالرزاق الحسنى: تاريخ الوزارات العراقية، ط٥، ج٣، مطبعة دار الكتب، بيروت، ١٩٧٨، ص٦٥ وما بعدها.

[6] م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ب٢، ل٧٠٩.

ڕوداوانە بارودۆخی کوردستانیان بە جۆرێك ئاڕاستە کرد لە سەرەتای سییەکاندا بزووتنەوەی کوردایەتی بە گوڕو تینێکی نوێوە بێتە مەیدانەوەو پێ بخاتە قۆناغێکی نوێوە.

ژنانیش بێبەش نەبوون لە لێپرسینەوە و فشار خستنە سەریان لە لایەن دەسەڵاتی حکومەتەوە. ئەوە بوو لە دوای لابردنی (تۆفیق وەهبی)، بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی (مراد بەگ) فەرمانی بۆ (ئاسیا خان)* ی خێزانی (تۆفیق وەهبی) دەرکرد، کە دەبێت سلێمانی بەجێبهێڵێت، لە لایەکی ترەوە (حەپسە خانی نەقیب) لە ماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەر کراو هاتوچۆ کردنی دەستە خوشك و هاورێکانی لێ قەدەغە کرا، ئەم کارانە ژنانی سلێمانی زۆر توڕە کردو هێرشی ناڕەزاییان دەستپێکرد.[1] بە جۆرێك پێش ڕوداوی (٦) ی ئەیلول ژنانی سلێمانی چەند خۆپێشاندانێکیان ئەنجام داوە.[2]هەرچەندە ئەمە تاکەسەرچاوەیە باس لە خۆپیشاندانی ژنان بکات پێش ڕاپەرینی ٦ی ئەیلول.

لە لایەکی ترەوە لە ١٩٣٠/٧/١ پەرلەمانی عێراق هەڵوەشێنرابۆوە، حکومەتی عێراق پەلەی دەکرد تا هەڵبژاردن بکرێت و پەرلەمان پێکبهێنێتەوە. لەو ڕۆژانەدا هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەن بە دوو قۆناغ ئەنجامدراوە، قۆناغی یەکەم (منتخب ثانوی) هەڵبژێردراوەو لە قۆناغی دواتر بە پێی ناوچەکە ئەندام هەڵبژێردراوە.[3]

ڕۆژەکانی بەر لە ٦ی ئەیلول بارودۆخی شاری سلێمانی نائارامی و پشێوی زۆری بەخۆوە بینی و خەڵك پەست و دڵگران بوون لەو بارودۆخەی دروست ببوو،[4] چونکە لە لایەکی ترەوە ئەگەرچی (تۆفیق وەهبی)** لە ١١ی مایسی ١٩٣٠دا کرابوو بە موتەسەڕیفی سلێمانی، بەڵام لە سەرەتای ئەیلولی ١٩٣٠لە موتەسەڕیفی لابراو بانگێشتی بەغدا کرا.[5] لە شوێنی ئەو کاپتن (گاون)* بە شێوەیەکی کاتی بە موتەسەڕیفی سلێمانی دانرا.[6] چونکە حکومەت (تۆفیق وەهبی) بە هاندەری ئەو

* ئاسیا خان کچی ڕەزای بازرگانەو ساڵی ١٩٠٠ لە بەغدا لە دایك بووە، باوکی کوردی باکووری کوردستان بووە و دایکیشی عەرەبی بەغدا بووە، لە خوێندنگای ڕوشدیەی کچان لە بەغدا سەردەمی عوسمانی خوێندویەتی، لە ساڵی ١٩٢٧ شوی بە تۆفیق وەهبی کردووە، کەسایەتییەکی ڕۆشنبیرو سیاسی بووە، سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی عێراق بووە لە ساڵی ١٩٤٥ تا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزەوە چوەتە لەندەن، لە ساڵی ١٩٨٠ هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە. هیوا حمید شریف: توفیق وهبي حياتة ودورة السياسي والثقافي، مطبعة شفان، السليمانية،٢٠٠٦، ص٢٥–٢٦.

[1] درەخشان جەلال حەفید: ژیان و تێکۆشانی حەپسەخانی نەقیب، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٤٣.

[2] درەخشان جەلال حەفید: کورتەیەك لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئافرەتانی کوردستان و هەندێ لە بیرەوەریەکانم، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٠.

[3] م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ب٢، ل٧١٠.

[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١٠.

** تۆفیق وەهبی ١٨٨٩–١٩٨٤، لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، کۆلێژی سەربازی لە ئەستەنبوڵ تەواو کردووەو ساڵی ١٩٠٨ بە پلەی ئەفسەر دەرچووە، پۆستی موتەسەریفی سلێمانی، وەزیری ئابوری لە ١٩٤٣ و وەزیری مەعاریف لە ساڵی ١٩٤٨دا بینیوە، هەروەها ئەندامی کۆمەڵەی زانستی عێراقی بوو، ساڵی ١٩٨٤ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە. . . جمال بابان: اعلام كرد العراق،مطبعة شفان،سليمانية،٢٠٠٦، ص١٩٤؛ باقرامين الورد: اعلام العراق الحديث ١٨٦٩–١٩٦٩، ج١، مطبعة الميناء، بغداد، ١٩٧٨، ص١٨٥.

[5] نوشيروان مصطفى امين: كردستان العراق، عصر القلم و المراجعات١٩٢٨–١٩٣١، ت:حمة صالح گەلالی، مراجعة و تقديم (ڕؤوف عثمان)، مطبعة خاك، سليمانية، ٢٠٠٠، ص٦٦.

* کاپتن گاون: پشکنەری کارگێڕیی بەریتانی بوو دووای لادانی تۆفیق وەهبی کرا بە وەکیلی موتەسەریفی سلێمانی و کاروباری گرتە دەست.

(٦) سروة أسعد صابر: كوردستان الجنوبية ١٩٢٦–١٩٣٩، دراسة تاريخية، سياسية، مطبعة حمدى، السليمانية، ٢٠٠٦، ص١٥٤" م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ب٢، ل٧١٤.

جموجۆڵانە دەزانی کە لەو ماوەیەدا لە سلێمانی روویان دا، هەر چەند ئەمە پەیوەندی بە (تۆفیق وەهبی)ەوە نەبوو، بەڵکو خەڵکی کوردستان بۆخۆیان ئاگاداری پشتگوێ خرانی مافی کورد بوون لە پەیمانی عێراق بەریتانی دا. [1]

لە رۆژی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ ئاگاداری (٣٠) کەسایەتی ناسراوی شاری سلێمانی کرابۆوە بۆ ئەوەی وەك نوێنەری خەڵکی سلێمانی بە نوێنەرایەتی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بەشداری هەڵبژاردن بکەن.[2] ئەمەش تەواو پێچەوانەی بیرو باوەڕی خەڵکی سلێمانی بوو، چونکە ئەوان بڕیاریان دابوو کە بەشداری لە هەڵبژاردن نەکەن.[3] ئیتر خۆپێشاندان بە تەواوی دەستی پێکردو خۆپێشاندەران کەوتنە وتاردان و بەرزکردنەوەی دروشم دژی هەڵبژاردن.[4] ئەمەش گۆڕانکارییەکی نوێ بوو لە جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورددیا، کە ناوەندی جوڵانەوەکان لە لادێکانەوە گوێزرایەوە بۆ چەقی شارەکان و دانیشتوان خۆیان لە جیاتی سەرۆکی هۆز و پیاوانی ئایینی پێشڕەوایەتی ڕاپەڕینیان دەکرد.[5]

ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلول ڕاپەڕینێکی کتوپڕو لەخۆوە نەبوو، بەڵکو بارودۆخی باشوری کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی، دەمێك بوو کەسایەتییە ناسراوو سیاسییەکانی سلێمانی هێنابووە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕاپەڕین بە رووی دەسەڵاتدارانی حکومەتدا کارێکی پێویستە لەو قۆناغەدا کە بەرژەوەندییەکانی گەل لە بەر دەم هەڕەشەیەکی گەورە دایە. لەم نێوەندەش دا چالاکیەکانی حەپسەخانی نەقیب بەر لە دەستپێکردنی ڕاپەڕینەکە کاریگەریەکی زۆری هەبووە لە سەر هاندان و وروژاندنی هەستی خەڵکی، بۆ ئەوەی بە ڕاپەڕینێك هەستن، چونکە نامە و نوسراوی زۆری بۆ سەرۆکی خێڵەکان و کوێخای دێیەکان ناردبوو بۆ ئەوەی بەشداری لە ڕاپەڕین دا بکەن، لە بەر ئەوە رۆڵی حەپسەخانی نەقیب بۆ بەرپا بوونی ئەو ڕاپەڕینە بە یەکێ لە هۆکارەکان دادەنرێت.[6] چونکە بەر لە دەستپێکردنی ڕاپەڕینەکە چەند جارێك نامەی ناردووە بۆ کۆمەڵەی گەلان و داوای کردووە دان بە مافەکانی گەلی کورد دا بنێن، هەروەها پەیوەندی بە ئەفسەری تایبەتییەوە کردووەو ئاگاداری کردۆتەوە کەوا گەل بە شۆڕشێك هەڵدەستێ، لە بەر ئەوە باشترین شت ئەوەیە لەگەڵ مەندوبی سامی دا کۆبوونەوەیەك بکرێت و چارەسەری ئەو گرفتانە بکرێت کە دەبنە هۆی ئەم شۆڕشە، چونکە گەل هۆشیارە لەم بارەیەوە.[7]

ڕاپەڕینەکە کاتێك هەموو هۆکارو بارودۆخەکەی ئەو ماوەیە و بە تایبەتیش رۆژی ٦ی ئەیلول ڕەخسێنەری بەرپا بوونی بوون، لە کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ رووداوەکانی ڕاپەڕین دەستی پێکرد.[8] بەشداری ژنانیش رێژەیەکی بەرچاو بوو کە تێکەڵاوی ریزی پیاوان دەبوون لەو خۆپێشاندان و ڕاپەڕینە دا.[9]

---

[1] م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ب٢، ل٧١٤-٧١٦.

[2] عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات، ج٣، ص٧١.

[3] عەلائەدین سەجادی: شۆڕشەکانی کورد ، ل١٢٤.

[4] عثمان علي: دراسات في الحركة الكوردية المعاصرة ١٨٣٣، مكتبة التفسير، اربيل، ٢٠٠٢، ص٥٥٨.

[5] جلال الطالباني:حول القضية الكردية في العراق، ط٢، دار أرارات للثقافة و النشر، بيروت، ١٩٩٦، ص٢٤؛ جەلال تاڵەبانی: کوردایەتی (بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردستانە)، چ٣، ب-ش، ١٩٩٦، ل٧٨-٧٩؛ عزيز الحاج: القضية الكردية في العشرينات، ط٣، مطبعة الانتصار، بغداد، ١٩٨٥، ص١١١.

[6] درەخشان جەلال حەفید: کورتەیەك لە بزووتنەوەی . . . ، ل١٩-٢٠.

[7] درەخشان جەلال حەفید: ژیان و تێکۆشان ، ل٢٤٤-٢٤٥.

[8] نوشيروان مصطفى امين: كردستان العراق، عصر القلم. . ، ص٦٨.

[9] میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: هەقائقی بەسەرهاتی شێخ مەحمود لەپەنای ئیستقلالی کوردا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری،سلێمانی ،٢٠٠٣،ل٤٨.

ئەو جەماوەرەی لە بەر دەرکی سەرا دا کۆببوونەوە، زیاتر ئامانجیان ڕێگە نەدان بوو بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە، بەڵام پۆلیسەکان کەوتنە پاڵپێوەنان بە خەڵکەکەوە و جۆرێك لە توندوتیژی لە نێوان خەڵك و پۆلیس دروست بوو. هەندیك لە گەنجانی ناو خۆپێشاندەران تووڕەییان زیادی کردو بەردبارانی پۆلیس و داموودەزگای حکومەتیان کرد.(١) حکومەت کە زانی لە توانای دا نییە کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات و جەماوەر هێور بکاتەوە، داوای تیپێکی سەربازی کرد، لەگەڵ گەیشتنی سەربازەکان کەوتنە تەقە کردن لە هاوولاتیان، لە ئەنجامدا ژمارەیەك کوژراو و بریندار لێ کەوتەوە.(٢) سەرچاوەکان بە شێوەیەکی جیاواز باس لە ژمارەی قوربانیان و بریندارەکان دەکەن، بەڵام زیاترینیان و نزیکترینیان لە ڕووداوەکان ژمارەی قوربانییەکان لە نێوان ١٢–١٣ کەس ئەژمار دەکەن و ژمارەیەکی زیاتریش بۆ بریندار ان، لەگەڵ کوژرانی سەربازێك و بریندار بوونی دوانی تر.(٣) ئەوەی جێگای باسە ناوی هیچ ژنێك نەهاتووە، کە کوژرابێت لەو ڕاپەڕینەدا لە ناو سەرچاوەکاندا. تەنها ئەوە نەبێت کە پاکیزەی ڕەفیق حیلمی لە یادداشتەکەی دا دەنووسێت:"لە ١٠٠ کەس زیاتر گەنج و منداڵ و ئافرەتیان بەر تۆپ و گوللە دان و کوژران".(٤) مەبەستمان لە هێنانەوەی ئەم دەقەش تەنها ئەوەیە کەتەنها لەم شوێنەدا باس لە کوژرانی ژن دەکرێت. بەم شێوەیە حکومەت توانی کۆتایی بە ڕاپەڕینەکە بهێنێت بە زەبری هێز و لە دواتریش سوپایەکی زۆری لە ناو شار دا جێگیر کرد بە مەبەستی تەواو کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخەکە، هەروەها ژمارەیەکی لە کەسایەتیە دیارەکانی سلێمانی دەستگیر کرد، وێڕای هەموو ئەمانەش حکومەت لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٣٠ دا بە ئارەزووی خۆی هەڵبژاردنی ئەنجامدا.(٥)

لەم ڕۆژی پڕ نەگبەتی و نەهامەتیەی شاری سلێمانی دا میرزا محمد ئەمین مەنگوڕی لە بارەی حەپسەخانی نەقیبەوە دەڵێت:"ئەمجا سلێمانی وەزعیەتێکی پڕ لە گریان و شیوەنی وەرگرت، بەڵام ئەوەی کە زۆر هیممەتی کوردایەتی لەو ڕۆژەدا بە خەرجدا، (حەفسەخانی نەقیب) بوو کە زۆر بە تفسیل و بە ئیحتیجاجێکی زۆر (شدید اللهجة) ئەو بەیاناتەی بە تەلگراف دا بە عوسبەت ئومەم و و سەفارەتی بەریتانیا، موباشەرەتەن لەگەڵ جەعفەر پاشادا قسەی کرد، زۆر عەمەلیاتی (خارق العادة)ی بۆ تەسکینی ملەتی سلێمانی تەشجیعی روحی قەومەکە نیشان دا"(٦). چونکە حەپسەخانی نەقیب دوای یەك ڕۆژ لە ڕاپەڕینی بەر دەرکی سەرا لە ٧ی ئەیلول دا نامەی بۆ کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) و مەندوبی سامی بەریتانیا و جەعفەر عەسکەری بریکاری وەزیری ناوخۆ ناردووە و داوای مافی کوردی کردووەو جەور و ستەمی حکومەتی ڕوون کردۆتەوە. (٧)

(١) مەلا عەبدوڵڵای زێوەر:گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم،مگبعە الادیب البغدادیە، بغداد، ١٩٨٥، ل١٣٢.

(٢) سروە اسعد صابر: م.س، ص ١٥٧–١٥٨.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوەو جیاوازی بۆچوونی نووسەران لە بابەت ژمارەی کوژراو و بریندارەکان بڕوانە. عبدالرزاق الحسنی: تاریخ الوزارات، ج٣، ص٧١–٧٢؛ مەلا عەبدوڵڵای زێوەر: س.پ، ل١٢٢؛ احمد خواجە: چیم دی، ب٣، سلێمانی، ١٩٧٠، ل٨٢؛ سروة اسعد صابر: م. س، ص١٦٠؛ نوشیروان مصطفى امین: کردستان العراق، عصر القلم. . ، ص٦٨.

(٤) س. پ، ل١٢٦.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە. سروە اسعد صابر: م. س، ص١٦١–١٦٥.

(٦) س. پ، ل٥٠.

(٧) محمد علی صویرکی: معجم اعلام الکرد في التاریخ الاسلامي والعصر الحدیثفي کردستان وخارجها،مطبعة حمدی، السلیمانیة، ٢٠٠٥ ، ص٣٣٨؛ سروة اسعد صابر: م. س، ص١٦٠ .

د. کەمال مەزهەر لەم بارەیەوە دەڵێت:"شانازی بۆ حەپسە خانی نەقیب و کورد کە حەپسەخان یەکەم کەس بووە لە سەر خوێنی شەهیدانی ٦ی ئەیلول هاتە دەنگ و بروسکەیەکی بۆ مەندوبی سامیی بەریتانیا نارد و بێ سەلام کردن بەم جۆرە دەستی بە قسەکانی کرد:

"لە نەقیب زادە حەفصەوە:

–بۆ شکۆدار مەندوبی سامی بەریتانی

–ڕۆژی ٧ی ئەیلولی ١٩٣٠

–لە سلێمانیەوە

هەڵبژاردنەکان بە شێوازێکی دڕندانەی بێزراوی ئەوتۆ ڕادەپەڕێنرێت کە هیچ گەلێکی جیهان لە ڕۆژگاری بەربەریەکاندا لە وێنەیان نەبینیوە. کام یاسا ڕێگا دەدات گەلێك لە کاتی هەڵبژاردندا تیرۆر بکرێت. کێ لە ئێوە یاساپارێزن و کێش لە ئێوە یاسا دەخاتە ژێر پێوە؟ کام یاسا ڕێگای داوە چەك دژی جەماوەر لە کاتی هەڵبژاردندا بەکار بهێنێت؟ ئەمڕۆ شاری سلێمانی گەیەندراوەتە دۆخێکی دژواری بەربەریی ئەوتۆ کە بۆی هەیە سەرتاپای مێژووی هەر کەسێکی بەرپرس لەکەدار بکات.

لێژنەکەتان (لێژنەی سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکە) کەوتە وتووێژ لەگەڵ کەسانێکدا کە هیچ سەنگێکیان لەم وڵاتەدا نییە. جەماوەر کاتێك بەمەیان زانی بۆ دەربڕینی نارەزایی خۆیان کۆبوونەوە ئەمەیش بێگومان مافی یاسایی خۆیانە. کاتێك ئەوان (پیاوانی میری) دییان زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکە دژیانن پەنایان بردە بەر سەرباز و ڕەشاش و دەسرێژییان لێ کردن و ٦٠–٧٠یەکیان لێ کوشتن و بریندار کرد. کام یاسا ڕێگەی ڕەفتارێکی وەها دەدات؟ ئەی چۆن ئەوانەی وایان کرد دەتوانن پاکانە بۆ کارەکەیان بکەن؟. ئێمەی کورد بێزاری خۆمان بەرامبەر بەو کارە دڕندانەیە دەردەبڕین و هەتا خوێنی کوردایەتی لە دەمارەکانمان دا بجمێت هەر باسی دەکەین و دەکەین ئێوە یاساپارێزن، ئەگەر وابێت کێن ئەوانەی یاسایان پێ شێل کرد؟ هێزە چەکدارەکانی (میری) بەوەوە نەوەستان کە بە جەماوەرەکەیانکرد، بەڵکو ڕژانە ناو ماڵەکەی منیشەوە و کەوتنە پشکنین و ڕووی چەکەکانیان کردبووە سنگی ئافرەتەکان. ئەم پشکنینە بوە هۆی فەوتان و تاڵان کردنی شتومەکە بەنرخەکانم. من داوای مافە ڕەواکانی خۆم لە سەرجەمی ئەو کەسانە دەکەم کە یاسایان پێشێل کرد و ڕێزی ماڵەکەمیان نەگرت. دوای ئەم هێرشە جانەوەریە هێزە چەکدارەکان کەوتنە گرتنی پیاوە ناسراوەکانمان ئەوانەی بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر ڕەوانەی بەغدا کران. تکا لە شکۆدارتان دەکەم ئەم بروسکەیەم وەرگێڕنە (سەر زوبانی ئینگلیزی) وێنەی پێشکەشی(کۆمەڵگەی گەلان) لە جنێف بکەن". [١]

لە دەقی ئەم نامەیەی حەپسەخانی نەقیب دا بە دیار دەکەوێت کە حەپسە خان وەك ژنێکی سەرکردە، لە ڕوانگەی یاساوە بەرپرسانی ڕووداوی ٦ی ئەیلول تاوانبار دەکات و بە ناوی هەموو گەلی کوردەوە سەرزەنشتی ڕەفتاری نەشیاوی بەرپرسان دەکات. لە بەر ئەوە ئەوەی سەرەنجی مێژوونوس کەمال مەزهەری ڕاکێشاوە ئەوەیە کە جگە لەوەی نۆجار وشەی یاسا لەم نامەیەدا بەکارهاتووە، سێ جار وێنەی ئەم بروسکەیە لە هەمان فایلدا هەڵگیراوە لەناو بەڵگە نامەکانی ئەرشیفی حکومەتی بەریتانیادا، بە جۆرێك دەڵێت من بۆ خۆم تا ئێستا لە هیچ فایلێکدا شتی لەو جۆرەم بەرچاو نەکەوتووە. [٢]

---

[١] کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی بەریتانیادا، ئامادە کردنی (عەبدوڵڵا زەنگەنە و شەهلا تاهیر حەیدەری)، ب١، چ١، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٨، ل ل١٩٣–١٩٥.

[٢] هـ.س ، ل١٩٥.

کومەڵەی گەلان لە بەرامبەر نامە و سکالأیەکەی حەپسەخان بیّ دەنگ نەبوون. بەڵکو وەلأمی داوەتەوەو لە دەقی نامەیەکدا ڕایانگەیاندووە، کە لە لایەن ئەنجومەنی نەتەوەکانەوە تەماشای سکالأنامەکەی ٧ی ئەیلولی ١٩٣٠یتان کراوە، بەڵکو ئەنجومەنی نەوتەوەکان تا ئێستا بە چاوی ڕێزو سۆزەوە دەڕوانێتە مافەکانی گەلی کورد، هەروەها گەیشتوەتە ئەو قەناعەتەی کە کوردەکان خزمەت دەکەن لە پێناوی پاراستنی ئاسایشی عێراق دا...[1] لە دەقی وەلأمەکەی کۆمەڵەی گەلان دا ئەگەرچی بەڵێنێکی تێدا بەدیناکرێت سەبارەت بە مافی گەلی کورد و سزادانی دەستدرێژی کارانی ڕۆژی ٦ی ئەیلول، بەلأم جێگەی دڵخۆشییە بۆ پێگەی ژنێکی کورد کە لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا بە جۆرێك سکالأنامەیەك پێشکەشی کۆمەڵەی گەلان بکات، کە نەتوانن وەلأمی نەدەنەوە، ئەگەر چی وەلأمەکەش تەنها سەرپێییو بۆ دڵخۆشکردن بێت.

بەشداری کردنی ژنانی سلێمانی لە ڕاپەرینی ٦ی ئەیلول دا بە شێوەی گروپ و کۆمەڵ و ڕابەرایەتی کردنیان لە لایەن (حەپسەخانی نەقیب)ەوە، بە تایبەت لە ڕاپەڕینێکی جەماوەری سیاسیدا کە تازە مەڵبەندی خەباتو تێکۆشانی گەلێکی لە شاخەوە بۆ ناوەندی شارەکان و سەرپەرشتی کردن و ڕابەرایەتیکردنی لە لایەن خودی خەڵکانی شارەکەوە دەستپێکردبوو، بۆ ئەو قۆناغە جگە لەوەی قورسایی ڕاپەڕینە جەماوریەکەیان زیاترو بە هێزتر کردو دەنگی خۆیان وەك ژنانی کورد و نیوەی ئەو کومەڵگایە گەیاندە دەسەلأتی بالأی ناوچەیی و نێو دەوڵەتی، لە هەمان کاتدا وەك چۆن سەرەتای بەشداری کردنی ژنان بوو، بوو بە سەرەتایەکیش بۆ بەشداری ژنان لە ڕاپەڕینە جەماوەریەکانی دوای ئەم ڕاپەرینە، کە خۆی لە خۆیدا دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ کۆمەڵگەی کوردی و شکاندنی کۆت وبەندەکانی بەردەم ژنان بۆ بەشداریکردنیان لە خەبات و ڕوداوی سیاسیدا.

[1] جلال الطالباني: کردستان و الحرکة القومية ، ص٢٣٠–٢٣١؛ درەخشان جەلال حەفید: ژیان و تێکۆشان، ل ل١٩٣–١٩٤.

## باسی دووەم:

## مانگرتنی گاورباغی لە کەرکوک ١٩٤٦:

لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا (١٩٣٩-١٩٤٥) بارودۆخی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی بە جارێك تووشی داتەپین بوو لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق دا، باری گوزەرانی دانیشتوانی قورس کردو مۆرکی ژیانیانی ڕیشەیی گۆڕی. بە جۆرێك ئەم ڕەوەشە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی عێراقی لە گشت کونجێکدا گرتەوە. لەم نێوەندەشدا ئەوەی لە هەمووان زیاتر کاریگەری ئەو بارودۆخە لە سەریان ڕەنگی دایەوە کرێکاران بوو.[١]

کرێکارانی (کۆمپانیای نەوتی عێراق ) لە کەرکوك بە مەبەستی چاککردنی باری ژیانیان، لە حوزەیرانی ١٩٤٦ یاداشتێکیان پێشکەشی کۆمپانیاکە کرد، لەم یاداشتە دا چەند داواکارییەك هاتبوو لەوانە، دامەزراندنی سەندیکایەکی کرێکاری و گۆڕانکاری لە مووچەو دابینکردنی هۆکاری گواستنەوەو هیتر،[٢] بەلام بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای نەوتی عێراق گوێی لە داواکارییەکانیان نەگرت، لە بەر ئەوە لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٤٦دا کرێکاران نووسراوێکی هەرەشە ئامێزیان پێشکەشی کۆمپانیاکە کرد، ڕایانگەیاندبوو ئەگەر گوێ لە داواکاریەکانیان نەگرن پەنا دەبەنە بەر مانگرتنێکی گشتی.[٣]

دوای بێ ئاکامبونی کرێکاران لە هەوڵەکانیان، لە ٣ی تەمووز کرێکاران لە (باخچەی گاورباغی)* مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاند، لە ڕۆژی دواتریشدا خۆپێشاندانیان ئەنجامدا، لەم خۆپێشاندانەدا سەرجەم چین و توێژەکانی کەرکوك تێیدا بەشداریان کرد.[٤] لەوە بە دواوە ئێوارەی هەموو ڕۆژێك کرێکارەکان لە باخچەی گاورباغی کۆ دەبونەوە، بەرنامەشیان بریتی بوو لە وتار خوێندنەوەو خۆپێشاندان.[٥] ئەگەرچی حکومەت بەڵێنی دا هەندێك لە داواکارییەکانی کرێکاران جێبەجێ بکات، بەلام نەبووە هۆی ڕازیبونی کرێکاران و شکاندنی مانگرتنەکەیان، لە بەر ئەوە ئاگاداری کرێکاران کرایەوەکە بە زەبری هێز کۆتایی بە خۆپێشاندان و مانگرتنەکەیان دەهێنرێت.[٦] بە بیانوی ئەوەی ئەم کۆبوونەوانە کار دەکاتە سەر ئاسایشی گشتی، لەبەر ئەوەژمارەیەك چەکدار پەلاماری کرێکارانیان دا وتەقەیان لە کرێکاران کرد کە لە گاورباغی دا کۆببوونەوە.[٧] لە ئەنجامدا ژمارەیەك لە کرێکاران کوژران و بریندار بوون و ژمارەیەکیش دەسگیر کران.[٨]

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیانی کرێکارانی عێراق بڕوانە. کەمال مەزهەر ئەحمەد: چینی کرێکارانی عێراق(دروستبوون و سەرەتای بزوتنەوەی)، و:فوئاد مەجید میسری، مطبعة الادیب، بغداد، ١٩٨٥.

[٢] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی داواکارییەکانی کرێکاران بڕوانە. عبدالرزاق الحسنی: تاریخ الوزارات...، ج٧، ص١١٧-١١٩.

[٣] دڵشاد مەحمود عەبدوڕەحمان: کەرکوك (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی (١٩٣٢-١٩٥٨))، نامەی ماستەر، پێشکەشی کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر، ٢٠٠٦ کراوە، ل ١٣٢.

* شوێنێکە دەکەوێتە گەڕەکی ئەلماس لە بەشی ڕۆژئاوای شاری کەرکوك، ئەم شوێنە باغی مەسیحییەکان بووە، لە بەر ئەوە لە ناو دانیشتوانی شارەکە ناوی بە "گاورباغی" دەرکردبوو.

[٤] مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨،سلێمانی ،٢٠٠٥، ، ل ٢٢٦-٢٢٩.

[٥] حنابطاطو: العراق، الکتاب الثاني، الحزب الشیوعي، ت:عفیف الرزاز، ط١، تهران، ٢٠٠٥، ص١٩٠.

[٦] جعفر عباس حمیدي: التطورات السیاسیة في العراق ١٩٤١-١٩٥٣، النجف، ١٩٧٦، ص٤٣٦-٤٣٧.

[٧] دڵشاد مەحمود عەبدوڕەحمان: س. پ، ل١٣٨.

[٨] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کوژراو و بریندار و دەسگیر کراوان بڕوانە. عبدالرزاق الحسنی: تاریخ الوزارات، ج٧، ص١١٨؛ حنا بطاطو: العراق، الکتاب الثاني، ص١٩١؛ نبیل عکید محمود المظفري: دور نواب کرکوك في مجلس النواب العراقي خلال العهد الملکي ١٩٢٥-١٩٥٨، مطبعة روز، کرکوك، ٢٠٠٩، ص٢١٩-٢٢٠.

ئێوارەی ١٣ی تەموز جەماوەری شاری کەرکوك بە ژن و گەورە و بچوکیانەوە هاتنە سەر شەقامەکان و خۆپێشاندانیان ئەنجامدا، لە دژی توندو تیژیەکەی حکومەت بەرامبەر کرێکاران و کوشتن و دەسگیر کردنی ژمارەیەکی زۆر لێیان.[1] ژنە کوردەکانی شاری کەرکوك بەتایبەتی کەسوکاری کوژراوو بریندارو دەسگیرکراوەکان کە ژمارەیان نزیکەی (٧٠) ژن بووە بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کردووە، لەڕۆژی خۆپیشاندانەکەدا ژنەکان بەپێشی پیاوان کەوتون و بەرەو گۆڕەپانی گاورباغی رۆیشتوون و لەم شوێنەدا کۆبونەتەوە، وەك نارەزاییەك لەدژی توندوتیژیەکانی حکومەت و کۆمپانیای نەوتی کەرکوك، بەڵام حکومەت هیچ گوێی لێ نەگرتون و پاش ماوەیەك خۆپیشاندانەکە بلاوەی پێ کراوە[2] بەڵام ڕوداوەکانی گاورباغی بووە هۆی ناڕەزاییەکی زۆری جەماوەری، بەرامبەر کردەوەکانی حکومەت لەمەڕ جێبەجێ نەکردنی داواکاریەکانی جەماوەر و نواندنی توندوتیژی بەرامبەر کرێکاران. لە شاری هەولێردا لە ژێر دروشمی چاککردنی باری کرێکاران و ئازاد کردنی گیراوەکان، خۆپێشاندانێك ئەنجامدرا، لەم خۆپێشاندانە ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی هەولێر بۆ پشتیوانی کرێکارانی کەرکوك و ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر هەڵوێستی حکومەت ڕژانە سەر شەقامەکانی هەولێر.[3] لە دیارترین ئەو ژنانەش کە ناویان تۆمار کرابێت (ساکینە سلێمان، رەمزی عەلی، ناهیدە یونس، نەسرین عومەر ئەمین، ئەلماسە حەمە سەعید) بوون، کە لە ڕۆژی ڕاپەڕینەکەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە.[4]

---

[1] دڵشاد مەحمود عەبدوڕڕەحمان: س.پ، ل١٣٩.

[2] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کەریم فەقێ ئەحمەد باباعەلی، لە ١٠ ی ئەیلولی ٢٠١١ ، کەرکوك، ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٧ لە کەرکوك لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٥٦ پۆلی سێی ناوەندی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٥ بووە بە ئەندامی حزبی شیوعی تا ئێستاش ئەندامی هەمان حزبە، لە رۆژی خۆپیشاندنەکەی گاورباغی دا ئامادە بووەو ڕووداوەکانی بە چاوی خۆی بینیوە، ئێستا لە کەرکوك نیشتەجێیە، چاوپێکەوتنێك لەگەڵ رەزا صالح کاکی زەنگەنە لە ٩ ی ئەیلولی ٢٠١١ ، کەرکوك، ناوبراو لە ساڵی ١٩٢٥ لە کەرکوك لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٥٣ بووە بە ئەندامی حزبی شیوعی، تائێستاش ئەندامی حزبی ناوبراوە. برای یەکێك لە کرێکارە مانگرتووەکانی گاورباغیە کە کوژراوە لەو ڕاپەرینە، ئێستا لە کەرکوك نیشتەجێیە.

[3] چاوپێکەوتنێکی تۆمارکراو لەگەڵ عەلی چوکل بریە. لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢، هەولێر. ناوبراو لە ساڵی ١٩٢٢ لە شاری هەولێر لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٤٣ خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە، لە سەرەتای چلەکانەوە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووەو پەیوەندی کردووە بە پارتی هیواوە، چەندین جار بە هۆکاری سیاسیەوە بەند کراوە.

[4] مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسیەکان ، ل٢٣٤.

# باسی سێیەم:
# ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر ١٩٥٣

دوابەدوای جێگیر بوونی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی و بەهێز بوونی بنەماکانی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە کوردستاندا.[١] چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرداری ئاغا بەرامبەر جوتیاران بەشی زۆری ناوچەکانی کوردستانی گرتبۆوە.[٢] یاساو دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراقدا لە بەرژەوەندی ئاغا و دەرەبەگایەتی دا بوو، ئەمەش وایکردبوو جوتیاران لە سایەی یاسا و دەسەڵاتی دەوڵەت دا بکەونە ژێر باری چەوساندنەوەو زوڵمی دەرەبەگایەتیەوە.[٣] لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەش دا چەندین ڕاپەڕین لە ساڵانی (بیست، سی، چل)ەکاندا لە لایەن جوتیارانەوە لە کوردستان و ناوچەکانی تری عێراقدا بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان ڕووی دا.[٤]

جوتیارانی کوردستان بە گشتی و جوتیارانی (دەشتی هەولێر)* بەتایبەتی بە ڕادەیەکی زۆر کەوتبونە ژێر باری گرانی چەوساندنەوەو زوڵم و زۆرداری ئاغاکانی ناوچەکەوە، کاری بێگاری (سوخرە) کە بە خۆڕاییو بە زۆر بە جوتیاران دەکرا لە دیارترین دیاردەکانی چەوساندنەوەی جوتیاران بوو، ئەم سوخرە و بە زۆر کارپێکردنەش بە تەنها پیاوانی نەگرتبۆوە، بەڵکو ژنانیش لەم ڕووەوە بەشێکی دانەبڕاو بوون و وەك برا جوتیارەکانیان نالەبارترین ژیانیان بە سەر دەبرد لە ژێر سایەی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی دا و بێگاریی جۆراوجۆریان پێ دەکرا.[٥]

لەم نێوەندەدا پارتە سیاسییە نهێنییەکان بە پێی بیرو باوەڕ و بەرنامەی سیاسی خۆیان چونە ناو ڕیزەکانی بازنەی خەباتی جوتیارانەوە، حزبی شیوعی عێراق ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا و بە پێشەنگ دادەنرێت لەم ڕووەوە، لە ڕێگای ڕێکخستنی جوتیاران لە ناو شانە حزبیەکان و هۆشیار کردنەوەیان بۆ ئاڕاستە کردنی جوتیاران ڕووەو خەبات و تێکۆشان، پارتی

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دەرەبەگایەتی لە کوردستان دا بڕوانە. أ. شاميلوف: حول مسألة الاقطاع بين الكرد، ت:كمال مظهر احمد، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٧، ص ١١ ومابعدها.

(٢) مەهدی محەمەد قادر : پێشهاتە سیاسیەکان،ل٢٣٩.

[٣] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیانی جوتیاران و چینی هەژاران لە سای دەسەڵاتی پاشایەتی دا بڕوانە. حنا بطاطو:العراق، الكتاب الاول، الطبقات الاجتماعية و الحركات الثورية في العهد العثماني حتى قيام الجمهورية، ت:عفيف الرزاز، تهران، ٢٠٠٥، ص ص٦٥–٧٠.

[٤] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو ڕاپەڕینانەی لەو ماوانەدا لە کوردستان وعێراق دا ڕوویان داوە بڕوانە. ليث عبدالحسن جواد الزبيدي: ثورة ١٤تموز ١٩٥٨في العراق، دارالحرية للطباعة، بغداد،١٩٧٩، ص٣٥–٣٧.

* دەشتێکی پان و بەرفراوانە لادێکانی ناحیەی قوشتەپەو دیبەگە و گوێڕو قەزای مەخمور دەگرێتەوە، کە بریتیە لە دەشتی قەراج و کەندێناوەو شەمامك و پشت ڕێ (سەروی ڕێگای کەرکوک–هەولێر)، هەر دوو زێی گەورەو بچوك نێوانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەکێشێت.مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسیەکان، ل٢٤١.

[٥] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حەسەن تەها فەتاح، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٢٩ لە گوندی قازیخانەی سەر بە ناحیەی قوشتەپە لە دایکبووە، لە ناوەڕاستی چلەکانەوە تێکەڵ بە کاری سیاسی بووەو پەیوەندی کردووە بە حیزبی شیوعی عێراقەوە، یەکێك بووە لە پێشەوایانی ڕاپەڕینی جوتیارانی ساڵی ١٩٥٣ی دەشتی هەولێر، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە" چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عەزیز عوسمان قەرەنی، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر، ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی قازیخانە لە دایکبووە، یەکێك بووە لەو جوتیارانەی بەشداری ڕوداوەکانی ڕاپەڕینی جوتیارانی کردووە، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە.

دیموکراتی کوردستانیش لە دوای حیزبی شیوعی دەهات، کە لە ڕێگای بڵاوکراوەکانیەوە باسی لە گرفتەکانی جوتیاران و پێشێل کردنی مافەکانیانی دەکرد لە لایەن ئاغاکانەوە.[١]

سەبارەت بە دەستپێکردنی ڕاپەڕینەکە سەرەتا لە گوندی قازیخانەوە دەستیپێکردو بواری ڕەخساند بۆ تەقینەوەو دروستبوونی ڕاپەڕینی جوتیاران بە ڕوی ئاغاکان دا، بەرامبەر بەو ستەمە زۆر و جۆراوجۆرانەی لە جوتیارانیان دەکرد.[٢] چونکە جوتیارانی دەشتی هەولێر زەویەکانیان بە پارچەی بچوك بچوکەوە لە لایەن ئاغاکانەوە پێدەدراو سەرەڕای ئەوەش بە سیستەمی بەش وەرگرتن (نظام المحاصصة) دەیانچەوساندنەوە، جگە لەوەی جۆرەها باج و کاری بێگاریشیان بە سەریاندا سەپاندبوو.[٣] لە ئەنجامدا لە بەهاری ساڵی ١٩٥٣ جوتیارانی گوندی قازیخانە لە ناو خۆیاندا کۆ دەبنەوەو سوێند دەخۆن و بەڵێن بە یەکتری دەدەن، کە (خێرمان خێر و شەڕمان شەڕ بێت) لە بەرامبەر نەدانی ئەو باجە تازەیەی کە لە لایەن (حوسێن مەلا) ئاغای گوندەکەیانەوە دەخرێتە سەریان، کاتێك داوای گەنمێکی زۆریان لێدەکات بۆ تێچونی ئەو سەردانەی بۆ ئەستەنبولی دەکات بە مەبەستی چارەسەر کردنی نەخۆشی.[٤]

بەڵێنی جوتیارانی گوندی قازیخانەو هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە زوڵم و ستەمی ئاغا بە گوندەکانی دەوروبەردا بڵاو دەبێتەوە، چەند گوندێکی تر سوێند دەخۆنو ڕاپەڕینی جوتیاران دەستپێدەکات لە دژی زوڵم و ستەمی ئاغاکانی ناوچەکە.[٥] لەو ڕاپەڕینەدا ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی دەشتی هەولێر بەشداری تێدا دەکەن و دژی دەرەبەگەکان ڕادەپەڕن.[٦]

سەبارەت بە ڕۆڵ و بەشداری کردنی ژنی کورد لە ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر لە ساڵی ١٩٥٣دا، ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوەو شانبەشانی جوتیاران بەرگریان لە بەرژەوەندی و مافی زەوتکراوی خۆیان کردووە، چونکە ژنی کورد وەك باوك و براو پیاوە جوتیارەکەی ڕەنج خوراوی داروەدەستەی ئاغا بوەو لە ژیانی ئابوری خراپدا گوزەرانی کردووە، بە هۆی ئەو باج و سەرانە زۆر و جۆراوجۆر و بێ سنورانەی بە سەریاندا سەپێنرابوو.

ژنە جوتیارەکانی دەشتی هەولێر سەرەڕای ئەوەی کە بۆخۆیان ئەرك و باری قورسی ژیانی ڕۆژانەیان لە سەر بوو، وەك سەرجەم ژنانی کورد لە لادێ و ناوچەکانی تری کوردستاندا، کەچی خزمەتکاریی و بێگاریی ماڵی ئاغاشی لەسەر بوو کە هەندێکیان کاری ڕۆژانە بوون، وەك گسك لێدان و پاککردنەوەی ماڵی ئاغا کە بە زۆری ئەم کارە دابەش دەکرا لە نێوان

---

[١] اسماعیل شکر رسول:اربیل دراسة تأریخیة في دورها الفکري والسیاسي ١٩٣٩-١٩٥٨، السلیمانیة، ٢٠٠٥، ص٣١٤-٣١٥" مەهدی محەمەد قادر:پێشهاتە سیاسییەکان،ل٢٤٣.

[٢] اسماعیل شکر رسول: م. س، ص٣١٩، چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حەسەن تەها فەتاح، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر، چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عەزیز عوسمان قەرەنی، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر .

[٣] حەسەن تەها، سەلیم شێخ محەمەد، بابا عەلی جەباری:ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێری ساڵی ١٩٥٣وەکو خۆی، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٨.

[٤] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حەسەن تەها فەتاح، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عەزیز عوسمان قەرەنی، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١ ، هەولێر؛ مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسیەکان ، ل٢٤٥-٢٤٦.

[٥] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی روداوەکانی ڕاپەڕینی جوتیاران و قورسایی و دەرەنجامی ڕاپەڕینەکەو هەڵوێستی حکومەت لەو بارەیەوە بڕوانە.حەسەن تەهاو ئەوانی تر،س.پ، ل٨-٩١؛ اسماعیل شکر رسول: م. س، ص٣١٧-٣٢٣؛ مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسیەکان، ل٢٤٣-٢٥٢.

[٦] سەرچاوەکان بە شێوەی جیاواز باس لە ژمارەی گوندەکان دەکەن بە جۆرێك لە نێوان (٢٠-٢٠٠-٣٠٠) گوند ئەژماری دەکەن، بڕوانە: کاوس قفطان: الحرکة القومیة التحرریة الکردیة في کردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٣، ط١، مطبعة وزارة الثقافة، السلیمانیة، ٢٠٠٤، ص٣٥؛ اسماعیل شکر رسول:م.س، ص٣١٨؛ مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسیەکان، ل ٢٤٧؛ لیث عبدالحسن جواد الزبیدي: م .س، ص٣٦.

ماڵەکانی لادێکەدا و هەر ڕۆژەی نۆرەی ژنی ماڵێك یان چەند ماڵێك بوو، هەروەها ئاوکێشان و دارکێشان بە شان و نان کردن بە سێرو ئاگر و چەندین کاری تری ماڵی ئاغا لەچوارچێوەی کاری ڕۆژانەدابوون، جگە لە هەندێك کاری وەرزی هەبوو وەك ساوار کوڵان کە ڕۆژێك یان زیاتری دەخایاندو ژمارەیەکی زۆری ژنی لادێکە لە بەیانی تا ئێوارە بە زۆر کاری پێدەکرا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە، هەروەها سواغدانی خانوی ماڵی ئاغاو مەڵۆ کۆکردنەوە، بە تایبەت کاتێك پیاوان دەبران بۆ درەوی ماڵی ئاغا زۆر جاران دەبوایە ژنیش بەرن بۆ مەڵۆ کۆکردنەوە و کێشانەوەی بۆ شوێنی کوتان.[١]

ژنان جگە لەو کارانەی کە باسمانکردن، لە ڕۆژانی ئاهەنگ گێڕان لە گوندەکاندا کاتێك ماڵێك بوکی دەگواستەوە، دەبوایە ژن و کچی جوتیارەکان بچنە ئەو ئاهەنگەو شایی و هەڵپەڕکێ بکەن، بۆ ئەوەی ئاغا و کوڕەکانی و پیاو و دەستوپێوەندەکانی بە بەردەوام ژنان لە دەستیانەوە شایی بکەن، بێ گومان ئەو کارە بەردەوامەی ئاغاکان ئازارێکی گەورەی دەروونی بۆ ژنان و پیاوانی جوتیارەکان دروستکردبوو، چونکە جگە لەوەی بە زۆر و بێ خواستی خۆیان ئەم کارەیان پێ دەکرا، بە دەستدرێژی کردنە سەر کەسایەتی و ئەخلاقیش لە لایەن ژنانەوە سەیر دەکرا.[٢]

لە ئەنجامی ئەو ستەمانەی ئاغا بەرامبەر بە ژنان و چەوساندنەوەو بە کەم سەیر کردنیان بە بەراورد لەگەڵ ئاغاژن و کچ و خوشکی ئاغا لە گوندەکان دەکرا، لەگەڵ ئەو بارە گشتییەی سەرجەم جوتیاران بە ژن و پیاوەوە تێی کەوتبوون، ژنان لە سەرجەم ڕوداوەکانی ڕاپەڕیندا بەشداریان کرد. لە هەندێك گونددا ژنان چەکیان هەڵگرتووەو بەرامبەر ئاغا وەستاونەتەوە، بۆ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان و جوتیاران.[٣] ئەمە جگە لەوەی ژنان لەگەڵ پیاوان دا بە شەوان پاسەوانی ماڵو خێزانەکانیان دەکرد و هەندێك جار ئاڵوگۆڕی پاسەوانیەتیان دەکرد و بە نۆرە دەخەوتن، لە ترسی دەستدرێژی کردنی پیاوانی ئاغا بۆ تۆڵە سەندنەوە لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا.[٤]

نمونەیەك لە خەباتی ژنە جوتیارەکانی دەشتی هەولێر ژنانی گوندی قازیخانە بوون لە ڕۆژانی ڕاپەڕینەکەدا، لەو کاتەی ئاغای گوندی قازیخانە (حوسێنی مەلا) دەیەوێت زەوی جوتیارە گیراوەکان بکێڵێت، بۆ ئەم مەبەستە تراکتۆرێك دەنێرێت بۆ کێڵانی زەوییەکان، بەڵام ژنانی گوندی قازیخانە کۆ دەبنەوەو بڕیار دەدەن نەهێڵن ئاغا ئەو زەویانە بکێڵێت. بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی گوندەکە هێرش دەبەنە سەر شۆفێری تراکتۆرەکە، بە دارو بەردو خاکەنازو شەنەوە،

---

[١] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ فاتیمە عەلی عەزیز، ٢٢ی تەمووزی ٢٠١١، هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی قازیخانە لە دایکبووە، بەشداری لە سەرجەم ڕوداوەکانی ڕاپەڕینەکەدا کردووە، چونکە کەسێك بووە لە ناو زوڵم و ستەمەکانی ئاغای گوندەکەیان ژیاوە ویەکێك بووە لەوژنانەی سوخرەی بەزۆرپێکراوە. ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عەزیزعوسمان قەرەنی، ٦ی حوزەیرانی٢٠١١، هەولێر.

[٢] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ زرێخ حەمەدەمین تەها، ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٣٣ لە دایك بووە، یەکێکە لەو ژنانەی ستەم و دەستدرێژییەکانی ئاغای بە چاوی خۆی بینیوە، بۆیە لە ڕۆژانی ڕاپەڕیندا یەکێك بووە لەو ژنانەی لەگەڵ پیاوان ڕوبەڕوی ئاغا بۆتەوەو بەشداری سەرجەم چالاکییەکانی جوتیارانی کردووە لە دژی ئاغاکان بە تایبەتی لە گوندی قازیخانە، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە" چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کاکل محەمەد تاهیر، ناسراو بە(مامۆستا بەهرام)، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر، ناوبراو ساڵی ١٩٥٠ لە دایك بووە، دەرچوی پەیمانگای مامۆستایانەو ئێستا لە هەولێر مامۆستایە، ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری هەرێمی کوردستانە، لە بەر ئەوەی کوڕە جوتیارێکی گوندی قازیخانەی دەشتی هەولێرە بەردەوام خەریکی کۆکردنەوەی زانیارییە لە مەڕ ڕاپەڕینی جوتیارانەوە، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەسێ قادر حەسەن، ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر.

[٣] ڕاپەڕینەکەی جوتیارانی دزەیی لاپەڕەیەکی گەشەدارە لە تێکۆشانی گەلەکەماندا، گۆڤاری (بیری نوێ)، ژ(١٨٥)، ١٩٧٦، ل٧؛ مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسیەکان، ل٢٥٤.

[٤] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەسێ قادر حەسەن، ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عەلی حەمەدەمین تەها، ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٩ی گوندی قازیخانەیە، یەکێکە لە بەشداربوانی ڕاپەڕینی ناوچەکە، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە.

پاش ئەوەی لە شۆفێری تراکتۆرەکە دەدەن ناچار دەبێت زەوییەکە جێبهێڵێت و بەرەو دیوەخانی ئاغا هەڵبێت، لە دیارترین ئەو ژنانەی کە ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە(ئامینە قادر حەسەن، زرێخ حەمەدەمین تەها، فاتیمە عەلی عەزیز، زاریَ عەزیز، عایشە اسماعیل، زولێخا وەسمان قەرەنی،خەجیجە سالّح ئەمین، ئامینە ئەحمەد، هاجەر محەمەد کوێخا، خەجیجە ئومەر، ئامینە عەولا سلیمان،....) چەندانی تر بوون.[١] بەڵام ئاغای گوندەکە بەوە نەوەستا، بەڵکو بۆ جاری دووەم تراکتۆرەکەو ئەو هێزە پۆلیسەی لە قازیخانە جێگیر کرابوو بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی جوتیاران، ناردەوە بۆ کێڵانی زەوییەکە، بەڵام ئەمجارەشیان ژنان هێرشیان بۆ هێنان و هەڕەشەیان لە پۆلیسەکان کرد بۆیە هێزە پۆلیسەکە پاشەکشەیان کردو ئاغاش وازی لە کێڵانی زەوییەکە هێنا.[٢] لە بەر ئەوەیە دەوتریَ ژنە جوتیارەکانی ناوچەی دزەیی ئازایانە بەرەنگاری پۆلیس بوونەتەوە.[٣]

کاتێك ئاغا هەستی بەو بەرەنگارییە گەورەیە کرد، بە هۆی داواکردنی لە موتەسەریفی هەولێر توانی فەرمانی دەرکردنی چەند ماڵە جوتیارێك لە گوندی قازیخانە دەربکات، بەڵام ژنان بەرامبەر بەم فەرمانە بیَ دەنگ نەبوون، لە بەیانیەکی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٥٣دا، ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی ئەم گوندە دەچنە سەر ڕێگەی (هەولێر–کەرکوك) و هەندێك بە پێیان و هەندێکیش لە ڕێگادا سواری ئۆتۆمبێل دەبن، بەرەو هەولێر بەڕیَ دەکەون بە مەبەستی بینینی موتەسەریفو دەربڕینی ناڕەزایی، ئەگەرچی لە کاتی نیوەڕۆدا دەگەنە بەر ماڵی موتەسەڕیف و داوای بینینی دەکەن، بەڵام لەلایەن پۆلیسەو ڕێگای بینینی موتەسەڕیفیان پیَ نادرێت، بۆیە ئەوانیش دەست دەکەن بە توندوتیژی و هێرشکردنە سەر پۆلیس و زیان گەیاندن بە باخچەو ماڵی موتەسەریف، بەڵام بیَ سوود دەبێت و ئێوارە بیَ هیچ ئەنجامێك بڵاوەی لیَ دەکەن.[٤]

شایانی باسە لەم ڕاپەڕینەدا، ژنە جوتیارەکان نەك بە تەنها لە گوندی قازیخانەدا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕابێت. بەڵکو لە گوندەکانی تری دەشتی هەولێردا بە هەمان هەڵوێست پشتیوانی برا جوتیارەکانیانو مافە ڕەواکانی خۆیان کردووە.[٥]

یەکێکی تر لە نمونە زیندووەکانی ژنان لە ڕۆژانی ڕاپەڕین دا ئەوە بوو کە (فاتمە قادر شێروانی) لە گوندی (قەپلان)ی سەر بە ناحیەی دیبەگە، کاتێك تەنها سیَ ڕۆژ بە سەر دەستگیر کردنی ژمارەیەك لە پیاوانی گوندەکەیان تێپەڕ بووە، کە یەکێك لەوانە هاوسەرەکەی بووە (مەلا محەمەد شێروانی) مەلای گوندی قەپلان، لە کاتێکی عەسردا موتەسەریفی

---

[١] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەسیَ قادر حەسەن، ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر؛چاوپێکەوتنێك لەگەڵ زرێخ حەمەدەمین تەها، ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ فاتیمە عەلی عەزیز، ٢٢ی تەمووزی ٢٠١١، هەولێر؛ چاوپێکەوتنێکی تۆمارکراو لەگەڵ ئامینە قادر حەسەن، ١٣ی ئابی ٢٠٠٣، هەولێر، ناوبراو لەساڵی ١٩٣٤ لە گوندی قازیخانە لە دایك بووە، بەشداری سەرجەم ڕوداوەکانی ڕاپەڕینی جوتیارانی کردووە، ئێستا لە ژیاندا نەماوە؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حەسەن ئیسماعیل قادر، ٢١ی تەمووزی ٢٠١١، هەولێر، ناوبراو لە ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی قازیخانە لە دایك بووە، لە کاتی ڕوداوەکانی قازیخانە لە ناو گوند بووەو بەشداری ڕاپەڕینەکەی کردووە، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە.

[٢] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حەسەن تەها فەتاح، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر؛ ڕاپەڕینەکەی جوتیارانی دزەیی لاپەڕەیەکی گەشەدارە...، ل٧.

[٣] عالیە عەبدولکەریم: خەباتی ئافرەتی کورد، گۆڤاری(هیوا)، ژ(٩–١٠)، نیسان و مایسی ١٩٥٩، ل٧٢.

[٤] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەسیَ قادر حەسەن، ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠١١،هەولێر؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن ئیسماعیل قادر، ٢١ی تەمووزی ٢٠١١، هەولێر؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ زرێخ حەمەدەمین تەها، ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ فاتیمە عەلی عەزیز،٢٢ی تەمووزی ٢٠١١، هەولێر.

[٥] اسماعیل شکر رسول: م. س، ص٣١٩.

هەولێر و بەڕێوەبەری پۆلیس و قایمقامی مەخمورو بەڕێوەبەری ناحیەی دیبەگە دەچنە گوندی قەپلان و خەڵکی گوندەکە کۆ دەکەنەوە بە مەبەستی کپکردنەوەو لەناوبردنی راپەڕینەکە، موتەسەریف قسە بۆ خەڵکەکە دەکات، راپەڕینەکە بە یاخی بوون لە قەڵەم دەدات و بە سوکایەتی باسی جوتیاران و گیراوەکان دەکات، هیچ یەکێ لە پیاوە جوتیارەکان ناوێرن قسە بکەن تا (فاتمە قادر شێروانی) هەڵدەستێ و دەڵێت:"سەیرە ئەمڕۆ دەبینم زاڵم وا لە دەرەوەیە و کەچی مەزلوم لە بەندیخانەیە، زاڵم ئاغایە کە زوڵم لە جوتیار دەکات، ئێوەش دەڵێن دەوڵەت باوکی میللەتە، ئێوە چۆن باوکێکن ئەو جۆرە حوکمە دەدەن"، شایانی باسە لە سەر ئەم قسەیە بۆ ڕۆژی دواتر دەسگیر دەکرێت، ئەویش کوڕە دە ساڵەکەی بە ناوی (جواد محەمەد شێروانی) لەگەڵ خۆی دەبات و ئەم بەند کردنە دوو ڕۆژ دەخایەنێ.[1] دەتوانین بڵێین ژنانی دەشتی هەولێر لەڕۆژانی راپەڕین و هێرش کردنەسەر دەرەبەگ و بەرگری کردن لەمافەکانیان هاتونەتە دەست وشان بەشانی پیاوان ڕۆڵیان لەڕوبەڕووبونەوی ئاغاکاندا هەبووەو داوای مافی زەوتکراوی خۆیان کردووە.

## باسی چوارەم:

## ڕووداوی هێنانەوەی تەرمی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی ١٩٥٦

لە ساڵی ١٩٥٦دا کۆچی دوایی (شێخ مەحمودی حەفید) جگە لەوەی هەستی کوردی لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا بە توندی بزواند، لە هەمان کاتدا ڕووداوێکی جەماوەری بەهێزی لێکەوتەوە لە شاری سلێمانی دا کە ژنانی کورد لە سلێمانی دا بەشێکی کاریگەرو دروستکەری ئەو ڕووداوە جەماوەرییە بوون.

لە شەوی ١٩٥٦/١٠/٩دا (شێخ مەحمود) لە نەخۆشخانەی (حەیدەریە) لە بەغدا کۆچی دوایی کرد، بۆ بەیانی ئێستگەی عێراق مردنی شێخ مەحمودی بڵاو کردەوە، لە هەمان ڕۆژدا کاتژمێر نۆ و نیوی بەیانی تەرمەکەی لە بەغداوە بەڕێکەوت و لە کاتژمێر ٧ی ئێوارە گەیشتەوە شاری سلێمانی، لە شاری سلێمانی دا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ژن و پیاو کە بەشێکی زۆری دانیشتوی سلێمانی بوون و هەندێکیشیان لە شار و شارۆچکەکانی تری کوردستانەوە هاتبوون و لە پێشوازی تەرمی (شێخ مەحمود)دا بوون.[2] کاتێك تەرمی شێخ مەحمود گەیشتەوە سلێمانی خەڵکی بە پیاو و ژنەوە تەرمەکەیان بەرەو بەندیخانە برد کە ئەوکات (شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحمود) لە بەندیخانە بوو، بە مەبەستی بینینی تەرمی باوکی، بەڵام پۆلیس تەقەیان لە خەڵکی کرد بە مەبەستی بڵاوەپێکردنیان، لە ئەنجامدا بە هۆی زۆری ژمارەی ژنەکانەوە ژنێك بە ناوی (ئەختەر)* گوللەیەکی بەرکەوت و کوژرا.[1] ئەمەش بەڵگەی بەشداریکردنی ژنی کوردە لە جوڵانەوە جەماوەری و سیاسیەکاندا .

---

[1] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جواد محمد شێروانی، ١٧ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر ناوبراو ساڵی ١٩٤٤ لە دایك بووە، یەکێك بووە لەو کەسانەی لە ڕۆژانی راپەڕین و هاتنی موتەسەریف بۆ گوندەکەیان و مانەوەی دایکی لە بەندیخانە لەگەڵ دا بووە، ساڵی ١٩٦٩–١٩٧٠ کۆلێژی ئاداب–بەشی کوردی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە. ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر نیشتەجێیە؛ جواد محمد شیروانی: بە بۆنەی تێپەڕ بوونی ٤٦ ساڵ بە سەر بزاڤی جوتیارانی دەشتی هەولێر و کەندیناوە، ل٤، دەسنوس، باسێکی بڵاونەکراوەیە، (لای نوسەر خۆیەتی).

[2] جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب٢، ل١٩١–١٩٢؛عەلائەدین سەجادی: شۆڕشەکانی کورد وە کوردوکۆماری عێراق،چاپخانەی ئەتلەس چاپ،تاران،٢٠٠٥، ل١٣٩–١٤٢.

*ئەختەر کچی صالح مەحمودە، لە ساڵی ١٩٢٩ لە سلێمانی لە دایك بوە، ژنی (ڕەشۆل عەبدوڵلا)ی هونەرمەند و گۆرانی بێژی کوردە، هیچ منداڵی نەبوە، لە کاتی هاتنەوەی تەرمەکەی شێخ مەحمود کاتێك لە بەردەم بەندیخانەدا داوا دەکرێت شێخ لەتیف تەرمی باوکی ببینێت و

ڕۆژی دوای ناشتنی تەرمەکەی شێخ مەحمود، حکومەت بۆ کپکردنەوەی بارودۆخەکەو تۆڵە سەندنەوە لە هەندێك کەسایەتی کەوتە ئازاردانی خەڵکی، لەم هەڵمەتەشدا ژنان بەدەر نەبوون، ئەوە بوو (بەهیە مەعروف)[**] لە لایەن پۆلیسەوە بانگێشت دەکرێت و پاش ئەوەی بە سوکایەتیەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، دەنێردرێت بۆ لای موتەسەریفی سلێمانی (عمر علی) و ئەویش تاوانباری دەکات بەوەی کە لە کاتی هاتنەوەی تەرمەکەی شێخ مەحمود و کۆبوونەوەی خەڵکی و دروستبوونی گرفتەکان، مامۆستا (بەهیە مەعروف) بەردی گرتۆتە ماڵی موتەسەریف و وەك سزادانێك بە زۆرەملێ دەیگوازێتەوە بۆ (ماوەت) لە کاتێکدا کە لە سلێمانی دا مامۆستا بوو.[2] کەواتە ژنی کورد وەك پێشوازی ودواتریش وەك روداوی سیاسی بەشداریانکرد.

---

پۆلیسەکان ڕازی نابن، ئەختەر بەردێك لە سینگی پۆلیسێك دەدات، ئەویش دەست دەکات بە تەقە کردن و هەر ئەو شەوە لەوێ ئەختەر دەکوژرێت. عەقیلە رەواندزی:یادوئافەرین،چ١،هەولێر،٢٠٠٥، ل٤٢–٤٣.

[1] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەنجوم محمەد زوهدی(ئەنجوم زوهدی) لە ١٤ی حوزەیرانی ٢٠١١، سلێمانی، ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٤ لە سلێمانی لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٤٨ پەیوەندی بە حیزبی شیوعییەوە کردووە و چەندین چالاکی سیاسی و نهێنی لە سەردەمی پادشایەتی دا بۆ حزب ئەنجامداوە، لە ساڵی ١٩٥٤دا (دار المعلمات)ی لە بەغدا تەواو کردووە و وەك مامۆستا لە سلێمانی دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٥٨دا یەکێك بووە لەو ژنانەی بە لێژنەیەك چونەتە لای سەرۆك (عبدالکریم قاسم) بۆ ئەوەی بە ڕەسمی دان بە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دابنێت. لە ساڵی ١٩٥٩وە بوە بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و چەندین پلەی سیاسی بڕیوە. لە ساڵی ١٩٨٤ خانەنشین بووە، ئێستا لە سلێمانی نیشتەجێیە.

[**] بەهیە کچی شێخ مەعروف کچی شێخ ئەحمەدی رەسوڵی پلاّوخۆرە، لە ساڵی ١٩٢٤ لە سلێمانی لە دایك بوە، لە ساڵی ١٩٤٣ خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردوەو هەر لەو ساڵەدا بووە بە مامۆستا، لە ساڵی ١٩٢٨ەوە تێکەڵاوی کاری سیاسی و کوردایەتی بوە لەو کاتەوەی لەگەڵ (حەلاوە خانی کچی شێخ مەحمود) سوێند بە خواو ئالآی کوردستان دەخۆن کە خیانەت لە نیشتمان نەکەن و بە دڵسۆزی کاری بۆ بکەن. . ، بەهیە مەعروف بەرزنجی: هەندێك لە بیرەوەریەکانی بەهیەی شێخ مارفی شێخ ئەحمەد (بەهیە مەعروف بەرزنجی)، ئامادە کردنی (لوتفیە ابراهیم)، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٣٢.

[2] بەهیە مەعروف بەرزنجی:س.پ، ل١٣–٢٣.

# ئەنجامەکان

ئەو ماوە مێژووییەی لە دوو توێی ئەم بابەتەدا دیاریمانکردووە، کە ڕۆڵی ژنی کوردی لەرووداوە سیاسی و جەماوەریەکانی باشوری کوردستاندا تێدا باس بکەین (١٩٢١–١٩٥٨)، جگە لەوەی قۆناغێکی مێژوویی گرنگی باشوری کوردستانە لە هەموو ڕوێکەوە، بەڵام سەبارەت بەژنی کوردیش گرنگیو تایبەتمەندی دیاریکراوی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە لەم بابەتەدا بەچەند ئەنجامێك گەیشتین کە گرنگترینیان لەم خاڵانەدا دەخەینەڕوو:

١. ئەو ماوە مێژووییە بەسەرەتای تێکەڵاوبوونی ژنان بەکاری سیاسی دادەنرێت، لەبەر ئەوەی لە پێشتردا هیچ ڕوداوێکی سیاسی و جەماوەری نەبووە، کە ژنان بەشێوەی کۆمەڵ کارو چالاکی تێدا ئەنجام بدەن، بەڵکو تەنها چەند کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو هەبوونو لە سەرچاوەکاندا ناویان هاتووە، وەك (عادیلەخانی جاف و حەپسەخانی نەقیب) کە لە زۆر ڕوداوی سیاسی دا پێگەی بەهێزیان هەبووە.

٢. ژنی کورد لەو ڕوداوە سیاسیو جەماوەرییانەی لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢١–١٩٥٨ دا لە باشوری کوردستان دا ڕوویانداوە، توانیویانە بە جۆرێك لە جۆرەکانو بە شێوەی جیاواز بەشداری تێدا بکەن، هەندێك لەو ڕوداوە سیاسیو جەماوەرییانە کەلە شارو شارۆچکەکانی باشوری کوردستاندا ڕوویانداوە تەنها خۆی لە خۆپیشاندانی جەماوەری و ڕژانەسەر شەقامەکاندا بینیوەتەوەو ژنانیش شان بەشانی پیاوان ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و ماف و داواکاریەکانیان بەرز کردۆتەوە.

٣. ژنی کورد ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەیش بێت بەڵام توانیویانە بەکردار بەشداری لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوکەسانەدا بکەن کە ویستویانە ماف و ژیانیان لێ داگیر بکەن،بۆنموونە لە ڕاپەرینی بەردەرکی سەرای سلێمانی و ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر لە دژی ڕژێمی دەرەبەگایەتی.

٤. لەئەنجامی بەشداری کردن لەو ڕووداوو ڕاپەڕینانەدا زۆرجار ژنی کورد ڕووبەڕووی دەسگیرکردن و تەنانەت هەندێك جار شەهید بونیش بۆتەوە وەك (ئەختەری خێزانی رەشۆڵی گۆرانی بێژ) کە لەرووداوی هێنانەوەی تەرمی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی کوژرا.

## ملخص البحث

## دورالمرأة الكردية في الاحداث السياسية والجماهيرية في جنوب كردستان ١٩٢١-١٩٥٨.


نتناول هذا البحث:(دور المرأة الكردية في الاحداث السياسية والجماهيرية في جنوب كردستان للفترة مابين ١٩٢١-١٩٥٨)،تعد هذه الفترة من الفترات التاريخية المحددة والمهمة حول الجانب السياسي للمرأة الكردية في جنوب كردستان.

لأنة هذه الفترة بداية مشاركة المرأة في الاحداث السياسية والجماهيرية على شكل مجموعات، لآن فترة مابين (١٩٢١-١٩٥٨) شهد العديد من الاحداث السياسية والجماهيرية في المناطق المختلفة من جنوب كردستان. ورغم الظروف الاجتماعية المختلفة فأن المرأة الكردية قد شاركت ولو نسبيا في العديد من هذه الاحداث وكانت لها دور فيها.

ان اهمية هذه المرحلة التاريخية من الناحية السياسية للمرأة الكردية في جنوب كردستان، وقد اتسم هذه الفترة بندرة المعلومات في هذا الجانب وقد دفعنا هذا ان نتخذ من هذا العنوان موضوع بحثنا وان نحاول تحليل دورالسياسي للمرأة الكردية بشكل اكاديمي، وان نستعرض المعلومات الضرورية للقارئ الكردي والمكتبات في كردستان التي تعانى من الفراغ التام في هذا الناحية.

لقد حاولنا في هذا البحث ان نلتزم بمنهج البحث العلمي التاريخي للوصول الى ادق المعلومات عن حقيقة الاحداث والدورالسياسي للمرأة الكردية في هذه الفترة.

ومن اهم هذه الاحداث انتفاضة ٦ ايلول عام ١٩٣٠ امام باب السراى، واضراب (كاورباغى) في كركوك عام ١٩٤٦، وانتفاضة الفلاحين في سهل اربيل عام ١٩٥٣، واحداث اعادة جثمان الشيخ محمود الى السليمانية عام ١٩٥٦، الذي كان للمرأة الكردية مشاركة واضحة وفعالة في هذه الاحداث.

وفي الختام نرجو ان نكون قد استطعنا بهذا الجهد المتواضع ان سلطنا الضوء على هذا الجانب المخفي من التاريخ الكردي والذي لم يحظى لحد الان الا بقليل من المعلومات . لانه على الرغم من ان المرأة الكردية لها مشاركات واسعة في كافة الاعمال والانشطة وفي مختلف ميادين الحياة جنبا الى جنب مع الرجل ولكن لم تتم الاشارة في كثير من المصادر الى تلك الاعمال والانشطة ولا الى مكانتها .


I

Abstract:

*the role of women is mentioned in political and popular events in southern Kurdistan from 1921-1958.*

is about a historical period which Kurdish women have played an active role politically in southern Kurdistan.Politically, that period was a golden one for women participation in political and popular groups and activities. For this reason, between 1921-1958 a number of political and popular events occurred in different parts of Kurdistan. Kurdish women were able to play their roles in those events even though there were many factors limiting their roles.

The political importance of the period made us choose this title to clarify the vagueness surrounding women roles in that period. Here, we want to analyze their roles in with academic method as well as to fill this gap for Kurdish learners in this aspect, that is, to enrich Kurdish library.

we try to stick to the academic and historical principles of research so as to reach to accurate information over the events surrounding the position of women in the inidiated period

The political and popular events like September Uprising of 1930 in Sara Square, Gurubakhi Strike in Kirkuk in 1946, Peasant's Uprising in Hawler Plain in 1953, bringing back the dead body of Sheikh Mahmood in 1956 in all these events Kurdish women have played significant roles through their active participation.

Finally, we hope to shed light on some of the hidden aspects of Kurdish history which we do lack knowledge about it. Though Kurdish women have played active roles alongside men in all aspects of life, all the references we probe in barely mention women roles, their participation and position in those aspects of life.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: یاداشت و بیرەوەرییەکان:

احمد خواجە: چیم دی،ب٣،سلێمانی،١٩٧٠.

بەهیە معروف بەرزنجی: هەندێك لەبیرەوەریەکانی خاتو بەهیە شێخ مارفی شێخ ئەحمەد(بەهیە معروف بەرزنجی)، ئامادەکردنی لوتفیە ئیبراهیم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٢.

درەخشان جەلال حەفید: کورتەیەك لەبزوتنەوەی ڕزگاری خوازی ئافرەتانی کوردستان و هەندێ لەبیرەوەریەکانم، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٠.

مەلا عەبدوڵلای زێوەر: گەنجینەی مەردان ویاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم، مطبعة الادیب البغدادیە، بغداد، ١٩٨٥.

دووەم: نامە ئەکادیمیەکان:

دڵشاد مەحمود عەبدوڕەحمان: کەرکوك (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕۆڵی سیایی و ڕۆشنبیری ١٩٣٢–١٩٥٨)، نامەی ماستەر، پێشکەشی بەشی مێژوو/ کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر،کراوە، ٢٠٠٦ز.

### سێیەم: دەستنوسەکان:

**جواد محمد شێروانی:** بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٤٦ ساڵ بەسەربزاڤی جوتیارانی دەشتی هەولێرو کەندێناوە، دەستنوس، باسێکی بلاَونەکراوە، (لای نوسەر خۆیەتی).

### چوارەم: کتێبەکان:

ا– بە زمانی کوردی

جەلال تاڵەبانی: کوردایەتی(بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردستانە )، چ٣، ب. ش، ١٩٦٦.

جەمال بابان: سلێمانی شارەگەشاوەکەم، ب٢، چ١، دارالحریة **للطباعة**، بغداد، ١٩٩٨.

حەسەن تەها، سەلیم شێخ محەمەد، بابا عەلی جەباری: ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێری ساڵی ١٩٥٣وەکو خۆی، هەولێر، ٢٠٠٢.

درەخشان جەلال حەفید (درەخشان شێخ جەلال حەفید زادە): ژیان و تێکۆشانی حەپسەخانی نەقیب، چ٢، چاپخانەو ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨.

عەقیلە ڕەواندزی: یادو ئافەرین، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

عەلائەدین سەجادی: شۆڕشەکانی کورد وەکوردو کۆماری عێراق، ئامادەکردنی(ئەحمەد محەمەدی)، چاپخانەی ئەتلەس چاپ، تاران، ٢٠٠٥.

کەمال مەزهەر ئەحمەد: چینی کرێکارانی عێراق (دروست بوون و سەرەتای بزوتنەوەی)چ١، و (فواد مەجید میسری)، مطبعة الادیب، بغداد، ١٩٨٥.

کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەنهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، ئامادەکردنی(عەبدوڵلاَ زەنگەنەو شەهلا تاهیر حەیدەری، ب١، چ١، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٨.

محەمەد رسول هاوار (م. ر. هاوار): شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان،ب٢،لەندەن،١٩٩١.
مەهدی محەمەد قادر : پێشهاتەسیاسیەکانی کوردستانی عیراق١٩٤٥-١٩٥٨، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٥.
میرزا محمدامین مەنگوری: هەقائقی بەسەرهاتی شێخ محمود لەپەنای ئیستقلالی کوردا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٣.

## ب- بەزمانی عەرەبی

أ. شاميلوف: حول مسالة الاقطاع بين الكرد، ت(كمال مظهر احمد)، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٧.
اسماعيل شكر رسول: اربيل دراسة تاريخية في دوروها الفكري والسياسي ١٩٣٩- ١٩٥٨، مطبعة بينايي، السليمانية، ٢٠٠٥.
باقر امين الورد: اعلام العراق الحديث ١٨٦٩-١٩٦٩، ج١، مطبعة الميناء، بغداد، ١٩٧٨.
جعفر عباس حميدي: التطورات السياسية في العراق ١٩٤١- ١٩٥٣، مطبعة النعمان، النجف، ١٩٧٦.
جلال الطالباني : كردستان و الحركة القومية الكردية، ط٢، دارالطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧١.
جلال الطالباني : حول القضية الكردية في العراق، ط٢، دار ارارات للثقافة والنشر، بيروت، ١٩٩٦.
جمال بابان: اعلام كرد العراق، مطبعة شفان، سليمانية، ٢٠٠٦.
حنا بطاطو: العراق، الكتاب الاول، الطبقات الاجتماعية الحركات الثورية فى عهد العثمانى حتى قيام الجمهورية، ت(عفيف الرزان)ط١، تهران، ٢٠٠٥.
حنا بطاطو: العراق، الكتاب الثانى، الحزب الشيوعي، ت(عفيف الرزان)، تهران، ٢٠٠٥.
سروه اسعد صابر: كردستان الجنوبية١٩٢٦-١٩٣٩، دراسة تاريخية سياسية، مطبعة حمدي، السليمانية، ٢٠٠٦.
عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات العراقية، ج(٣)، ط٥، مطبعة دارالكتب، بيروت، ١٩٧٨.
عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات العراقية، ج(٧)، ط٥، مطبعة دارالكتب، بيروت، ١٩٧٨.
عبدالفتاح علي البوتاني: الحركة القومية الكوردية التحررية.. دراسات و وثائق، ط١، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٤.
عثمان علي : دراسات في الحركة الكوردية المعاصر ١٨٣٣-١٩٤٦، مطبعة التفسير، اربيل، ٢٠٠٢.
عزيز الحاج: القضية الكردية في العشرينات، ط٣، مطبعة الانتصار، بغداد، ١٩٨٥.
عمر محمد محمد كريم: القضية الكوردية في سياسة الحكومات العراقية ١٩٣٢-١٩٤٥، مطبعة شفان، سليمانية، ٢٠٠٩.
كاوس قفطان: الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٣، ط١، مطبعة وزارة الثقافية، السليمانية، ٢٠٠٤.
ليث عبدالحسن جواد الزبيري: ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، دارالحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩.
ليلاف حمدامين عزيز: الحقوق السياسية للكرد في الدولتي تضم كردستان، مؤسسة حمدي للطباعة، سليمانية، ٢٠٠٧.
محمد علي الصويركي: معجم اعلام الكرد في التاريخ الاسلامي والعصر الحديث في كردستان و خارجها، مطبعة حمدي، السليمانية، ٢٠٠٥.
نبيل عكيد محمود المظفري: دور النواب كركوك في مجلس النواب العراقي خلال العهد الملكي ١٩٢٥-١٩٥٨، مطبعة روز، كركوك، ٢٠٠٩.

نوشيروان مصطفى امين: كردستان العراق، عصر القلم والمراجعات ١٩٢٦–١٩٣١، ت(حمەصالح گلالي)، مراجعة وتقديم (رؤوف عثمان)، مطبعة خاك، سليمانية، ٢٠٠٠.

هيوا حميد شريف: توفيق وهبي حياته ودوره السياسي والثقافي، مطبعة شڤان، السليمانية، ٢٠٠٦.

**پێنجەم: وتار و توێژینەوە:**

عالية عبدولكەريم: خەباتی ئافرەتی کورد، گۆڤاری(هیوا)، ژ(٩،١٠)، نیسان ومایسی ١٩٥٩.

عالية عبدولكەريم: گۆڤاری (بیری نوێ)، ژ(١٨٥)، ١٩٧٦.

**نۆیەم: چاوپێکەوتنەکان:**

أ–ئەو چاوپێکەوتنانەی توێژەر ئەنجامیداوە:

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنجوم محمد زوهدی (ئەنجوم زوهدی)، ١٤ی حوزەیرانی ٢٠١١، سلێمانی.

٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ جواد محەمەد شێروانی، ١٧ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر.

٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن اسماعیل قادر، ٢١ی تەمووزی ٢٠١١، هەولێر.

٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن تەها فەتاح، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١ ، هەولێر.

٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەزا سالح کاکی زەنگەنە، ٩ی ئەیلولی ٢٠١١، کەرکوك.

٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ زرێخ حەمەدەمین تەها، ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر.

٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز عوسمان قەرەنی، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر.

٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی حەمەدەمین تەها، ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر.

٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ فاتمە علی عەزیز، ٢٢ی تەمووزی ٢٠١١، هەولێر.

١٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکل محەمەد تاهیر (مامۆستابەهرام)، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١١، هەولێر.

١١. چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم فەقێ ئەحمەد باباعەلی، ١٠ی ئەیلولی ٢٠١١، کەرکوك.

**ب- ئەو چاوپێکەوتنانەی لەلایەن کەسانی ترەوە ئەنجامدراون:**

١٢. چاوپێکەوتنی مەهدی محەمەد قادر لەگەڵ ئامینە قادر حەسەن، ١٣ی ئابی ٢٠٠٣، هەولێر.

١٣. چاوپێکەوتنی مەهدی محەمەد قادر لەگەڵ عەلی چوکل بریە، ٢٧ ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢، هەولێر.

# (زمانی پەخشانی زانستی و پرۆگرامەکانی خوێندن)

## کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادیی بەنموونە.

م.ی. عمر احمد عبدالرحمن،

زانکۆی سۆران، ف.ئاداب، ب. کوردی

### پێشەکی:

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە (زمانی پەخشانی زانستی و پرۆگرامەکانی خوێندن) کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادیی بەنموونە. تیایدا باس لەو تایبەتمەندیانە کراوە، کە پێویستە لە زمانی نوسینەوەی زانستە ڕووتەکاندا بونیان هەبێت. پاشان ئەو تایبەتمەندیانە پراکتیزەکراون بەسەر زمانی نوسینەوەی کتێبی زیندەزانیدا. بۆ ئەم پراکتیزەکردنەش لێکۆڵینەوەکە سامپڵێکی ناو کتێبەکەی وەرگرتووە و هەڵی سەنگاندووە، دواتر تەنیا ئاماژەی بە لاپەڕەی ئەو نموونانە کردووە کە هەمان بارودۆخیان هەیە. لێکۆڵینەوەکە بەپێی ڕێبازی (وەسفی – شیکاری) ئەنجامدراوە، بەشێوەیەکی گشتی هەردوو زمانی پەخشانی زانستی و زمانی نوسینەوەی کتێبی زیندەزانی پرۆگرامی خوێندنی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادەیی لە باشوری کوردستاندا، خستۆتە بەرباس و شیکاری کردوون .

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ ناساندنی پەخشانی زانستی و جیاوازی لەگەڵ جۆرەکانی تردا. هەر لەم بەشەدا زمانی پەخشانی زانستی بە وردی باسکراوە لەڕووی هەست و سۆز و کەسایەتی نوسەر و بەکارهێنانی زاراوەدا. پاشان باس لەو ڕێ و شوێنانە کراوە، کە دەبێت لە نوسیندا بەگشی هەبێت ، وەك ڕەچاوکردنی خاڵبەندی و ڕێنوس، لەگەڵ هەندێك یاسای گشتی کە لە زماندا بونیان هەیە و لە هەر نوسینێکدا نابێت پێشێل بکرێن. بەهۆی ئەوەی کتێبی زیندەزانی (وەرگێڕدراوە)، بۆیە هەر لە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە باسی وەرگێڕان و جۆرەکانی کراوە.

لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەدا هەموو ئەو بابەتانەی کە لە بەشی یەکەمدا هەن، پراکتیزەکراون بەسەر زمانی نوسینەوەی کتێبی زیندەزانیدا و هەڵەکان دەست نیشان کراون و سامپڵیکیان لێ وەگیراوە وەکو خۆی، لە بەرامبەریشدا شێوە ڕاستەکە خراوەتە ڕوو. هەر لەم بەشەدا هەندێك دەقی ناو کتێبەکە بەزمانی بنەڕەتی نوسینەکە، کە زمانی عەرەبییە خراوەتەڕوو و لەگەڵ دەقە کوردییەکەدا بەراوردکراوە، دواتر هەمان دەق جارێکی تر ڕێکخراوە و داڕێژراوەتەوە. لە کوتاییدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو لەگەڵ پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی عەرەبی و ئنگلیزی.

# بەشی یەکەم: زمانی پەخشانی زانستی و تایبە تمەندییەکانی

## سەرەتا:

بەشێوەیەکی گشتی نوسین هەوڵێکی مرۆڤە، بۆ تۆمارکردنی بیروبۆچونەکانی و پاراستنیان لە فەوتان و لەناوچوون. بێگومان شێواز و جۆری ئەم نوسینانەش چەند جۆرێکن. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بیخەینەڕوو، جۆرێکە لەو نوسینانە کە پێی دەگوترێت پەخشانی زانستی. بەواتای ئەوەی ئەو نوسینانەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەمانەوێت بە نموونە بیهێنینەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، لە چواچێوەی جۆرێك لە پەخشاندا ڕێکخراوە، پێی دەگوترێت پەخشانی زانستی. پەخشانی زانستیش لەڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئێمە تەنیا ئەو لایەنانە دەخەینە بەر باس و سەرنجیان لەبارەوە دەدەین، کە پەیوەندی بە کارەکەی خۆمانەوە هەیە، ئەویش بریتییە لە لایەنی (زمان) ی نوسینەوەی پەخشانەکە.

پەخشانی زانستی ناوەرۆکێکی تایبەتی هەیە، کە جیاوازە لە جۆرەکانی تری پەخشان بەتایبەتی پەخشانی ئەدەبی، چونکە ((هەر نوسینێکی کە ژیری و زانیارییەکی ڕووتی تێدا بێت وەکو منگق، ئەندازە، کیمیا،... لە چوارچێوەی ئەدەبی دەردەچێ ))[1]. کەواتە ئەم جۆرە ناوەرۆکە دەبێت بە زمانێك بنوسرێتەوە، جیاواز بێت لەو زمانەی کە نوسینی ئەدەبی پێ تۆمار دەکرێت. زانستیش بریتییە لە کۆمەڵێك ڕاستی، ئەم ڕاستییانە کۆ دەکرێنەوە و دەکرێن بە وتار، یان کتێب و پێشکەش بە خوێنەر دەکرێن. زمانی دەربڕینی ئەم ڕاستییانەش، یان زمانی دەربڕینی زانیاری جیاوازە لە زمانی دەربڕینەکانی تری وەك ئەدەب یان شیعر یان پەخشانێکی ئەدەبی. جا ئەو زمانە ((تا وردتر بێت و ڕووت تر بێت باشتر ڕێگا لە دەرکەوتنی کەسێتی نوسەر دەگرێ و بەم جۆرە زمانی زانیاری هەر ورد و پاگژ دەبێتەوە تا ئەگاتە زمانی بیرکاری ))[2].

جگە لەمەش ئەو دوو کتێبەی ئێمە هەڵمانبژاردوون، بۆ ئەوەی هەڵیان بسەنگێنین، زانیارییەکانیان لە بنەڕەتدا بە زمانی کوردی نەبووە. بەڵکو بە زمانێکی تر نوسراونەتەوە، پاشان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی. وەرگێرانیش هونەر و شارەزایی چاکی پێویستە، تاوەکو زانیارییەکان و بیرۆکەکان وەکو خۆی بگات بە خوێنەر. بۆیە بەپێی پێویست، لە میانەی کارەکەماندا هەوڵ دەدەین دەقە زانستییەکان بە هەردوو زمانەکە بەیەك بگرین و تیشك بخەینە سەر جۆری تێگەیشتن لە دەقە کوردییەکە و بزانین زمان تا چەند کاریگەری هەبووە لەو تێگەیشتنەدا و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.

ناساندنی پەخشانی زانستی:

هەندێك جار بە شێوازی زانستی ناو دەبرێت، کە ((بریتییە لەو شێوازەی کە بەکاردێت بۆ داڕشتنی زانیارییە ڕووتەکان وەك پزیشکی و ئەندازیاری و فیزیا و کیمیا و جەبر... هتد))[3]. دیارە شێوازی نوسینی ئەم جۆرە پەخشانە تایبەتە و لە ئەوانی تر جیادەبێتەوە، چونکە پەخشانی زانستی ((ئەو جۆرە پەخشانەیە کە ڕاستەقینەی زانیاری دەردەبڕێت... هەستی نوسەرەکەی تێکەڵ نابێت بۆیە کەسێتی نوسەرەکە دەرناکەوێت ))[4].

بەگشتی پەخشانی زانستی لە سەر دوو کۆڵەگەی سەرەکی دامەزراوە، ئەوانیش بریتین لە: یەکەم بیرۆکەکان، دووەم واتا و شێوە(سیغە) ی قسەکردن[5].

---

[1] – عزیز گەردی (١٩٧٤ ) ئەدەب و ڕەخنە،چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، لا٢١ .

[2] – هەمان سەرچاوە لا ١٧ .

[3] – انواع الاسلوب وخصائصها، الجزیرة http://www.al-jazirah.com/2001/20010520/tl9.htm

[4] – عەزیز گەردی(١٩٨٧) پەخشانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، لا ٥ .

[5] - انواع الاسلوب وخصائصها، الجزیرة http://www.al-jazirah.com/2001/20010520/tl9.htm

تایبەتییەکانی پەخشانی زانستی:

پەخشانی زانستی چەند تایبەتییەکی هەیە، کە بە هۆیانەوە لە جۆرەکانی تر جیا دەبیتەوە و بریتین لەمانەی خوارەوە [٦]:

١- چارەسەرکردنی بابەتە زانستییەکان.
٢- دوورکەوتنەوە لە ئالۆزی و تێکچڕژان.
٣- شێوازێکی ئاسان و خۆکردی هەیە.
٤- ژمارەو زاراوەی زانستی تێدا بەکاردێت.
٥- هەست و سۆزی تێدا نییە.
٦- وردی لە بەکارهێنانی دەربڕینە زمانییەکان و دیاریکردنی واتاکانیان.
٧- کەسایەتی نوسەری تێدا دەرناکەوێت.
٨- عەقڵ دەدوێنێت بە مەبەستی تێگەیشتن و قەناعەت هێنان بە ڕاستییە زانستییەکان.
٩- لایەنی ڕەوانبێژی تێدا بەدی ناکرێت.
١٠- چینێکی تایبەت بە بوارەکە دەدوێنێت، کە بریتین لە قوتابی یان (اهل العلم).

لەو تایبەتمەندیانەی سەرەوەدا ئەوەی جێگای بایەخی باسەکەی ئێمەیە، تەنیا ئەو لایەنانەن کە پەیوەندیان بە زمانی نوسینەوە و دەربڕینی ڕاستییەکانەوە هەیە. کە ئەویش دەبێ زمانێك بێت دوور لە لایەنەکانی ڕەوانبێژی و بەتاڵ بێت لە هەست و سۆز.

هەروەها مەرج نییە ڕاستییە زانستییەکان بە زمانێکی پەتی بنوسرێنەوە، بەڵکو باشتر وایە زمانی نوسینەوەی پەخشانی زانستی، زمانێکی سادەو ئاسان بێت و تەنیا یەك خوێندنەوەی بۆ بکرێت و واتای جیاجیا هەڵنەگرێت.

زمانی پەخشانی زانستی و زاراوە:

لە ڕووی زاراوەوە باشتر وایە زاراوە زانستییە جیهانییەکان بەکاربهێنرێن، بۆ دەربڕینی نوسینی زانستی. گونجاو نییە بە بیانووی پاراستنی زمانی پەتی کوردییەوە، لە جیاتی زاراوەی (پایسکل)، زاراوەی (ئەسپی ئاسنین )بەکاربهێنین. ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر بۆ زمانی ئاخاوتن ناشێت، چ جای ئەوەی بۆ نوسینێکی زانستی، چونکە لە بواری زانستیدا بۆ ئاڵ و گۆڕکردنی بیرو بۆچونی زانستی، گەلانی دونیا لە پەیوەندییەکی بەردەوام و بەتیندان. هەر بۆیە هەندێك لەو زاراوە زانستیانە، سروشتێکی جیهانییان وەرگرتووە وەك زاراوەکانی (لۆغاریتم، نیوتن، ئەنیمۆمەتر، کلۆرۆفیل،...هتد). زۆربەی زمانەکان بەکاری دەهێنن، نابێ ئێمەش بەدەربین لەم ڕەوتە جیهانیە. لەگەڵ ئەمەشدا وەرگرتنی زاراوەی جیهانی هیچ کاتێك بە عەیبە دانانرێت، بەڵکو نیشانەی زیندوویی زمانەکەیە [٧]. بۆیە بەکارهێنانیان نەك عەیبە نییە، بەڵکو پێویستییەکی سەردەمە، ئەگەر بەکاریان نەهێنین ئەوا دەبێتە مایەی گران تێگەیشتن لە بابەتە زانستییەکاندا. دیارە ئەو زمانەی پەخشانی زانستی پێ دەنوسرێتەوە پڕیەتی لە زاراوەی زانستی، ئەمە لە هەموو زمانێکدا ڕەنگی داوەتەوە. زمانی کوردیش لەم چوارچێوەیە دەرناچێت، بۆیە لەو زمانە کوردییەی کە زانستی پێ دەنوسرێتەوە، باشتر وایە زاراوە زانستییە جیهانییەکان بەکار بهێنرێن. زاراوەی جیهانیش بەوە پێناسەکراوە، کە((واژەیەکە ئەمڕۆ لەلایەن نەتەوە پێشکەوتووەکانەوە بۆ یەك واتای زمانی و تاقە مەبەستێکی شارستانی و یاخود ڕۆشنبیری و دەربڕینی ئەرکێکی یەکگرتوو بەکاردەهێنرێ.))[٨].

---

[٦] - بروانە : خصائص فنون النثر وخصائص الاساليب الكتاب، http://nahar.hisforum.com/t9126-topic

[٧] - بروانە: كامل حسن البصير(١٩٧٩)، زاراوەی کوردی،چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، لا٥١ و لا١١٧ .

[٨] – بروانە: كامل حسن البصير، زاراوەی کوردی، لا١١٤ .

کەواتە ئەمڕۆ لەو سەردەمی جیهانگیری و پێشکەوتن و تێکەڵییە بەرفراوانەی بە هۆی تەکنەلۆژیاوە لەنێوان گەلانی جیهاندا بوونی هەیە، ناکرێت ئێمە لەکاتی نوسینەوە، یان وەرگێڕانی بابەتێکی زانستیدا، زاراوە زانستییە جیهانییەکان بەکارنەهێنین و فەرامۆشیان بکەین.

جگە لەمە جاری وا هەیە، نوسەرێك یان لێکۆڵەرێك، فۆڕمێك بۆ زاراوەیەکی جیهانی دادەتاشێت و لە نوسینەکانیدا بەکاری دەهێنێت، کەچی ئەو فۆڕمە یان ئەو زاراوەیە لەناو خەڵکیدا ناڕوات و خەڵکی بەکاریناهێنن. بۆ نموونە عەرەب لە بەرامبەر زاراوەی (تەلەفزیون) دا، زاراوەی (مشواف) یان داتاشی و زۆر هەوڵیان بۆ دا، بەڵام خەڵك ئەم زاراوەیەی وەرنەگرت، هەرفۆرمە جیهانییەکەیان بە کەمێك گۆڕانی فۆنۆلۆجییەوە بەکارهێنا ، چونکە جێگیربوونی زاراوە لەزمانی هەر میللەتێکدا هۆکاری خۆی هەیە ((ئەم هۆکارەش پەیوەندی بە بارودۆخی گەلانەوە هەیە و مەرج نییە دوو نەتەوە هەمان بارودۆخیان هەبێ بۆ جێگیربوونی زاراوە، بەڵام بە نیسبەت زمانی زانستی و ئەو زاراوانەی کە بەکاری دەهێنێت تەواو جیاوازە ))[٩]. جاری وا هەیە کە زاراوەسازەکان، یان ئەوانی زاراوە ساز دەکەن، لە بەرامبەر زاراوەیەکی جیهانیدا، زاراوەیەکی کوردی دادەتاشن، بەڵام ((خەڵك هەر وشەو زاراوەی کۆن بەکار دەهێنن و وشەو زاراوە نوێیەکان هەر لەناخی فەرهەنگ و کتێبەکاندا دەمێننەوە، بۆ نموونە وشەی گەردیلەمان بەرامبەر (ژرە) ی عەربی و (ئەتۆمی) ئینگلیزی بەکارهێناوە، کەچی خەڵکی هەر (ئەتۆم) بەکاردەهێن، ناڵێن بۆمبای گەردیلەیی، بەڵکو دەڵێن بۆمبای ئەتۆمی.))[١٠]

ئەمەی سەرەوە ئەوە ناگەیەنێ، کە ئێمە بەهیچ شێوەیەك زاراوەی ڕەسەنی کوردی لەنوسینی زمانی زانستدا بەکارنەهێنین، بەڵکو جاری وا هەیە لە بری زارەوەیەکی جیهانی، لەزمانی کوردی زاراوەی لەبارمان هەیە بۆ گەیاندنی ئەم چەمکە، بۆیە بەکارهێنانی زۆر ئاساییە. بەڵام ((ئەگەرهاتو لە زمانی کوردی وشەیەکی پڕاوپڕی مەبەست و واتای زاراوەیەکی جیهانی نەبوو دەبێ ئەو زاراوە جیهانییە وربگرین و پێویست بەوە ناکات، وشەی نابەجێی وای بۆ دروست بکەین، کە لەگەڵ مەبەستەکەیدا نەگونجێت و نەتوانێ واتاکە بە تەواوی بگەیەنێ ))[١١].

## زمانی پەخشانی زانستی و یاسا سینتاکسییەکان:

زمانی کوردی وەکو هەموو زمانەکانی تر پەیڕەوەی کۆمەڵێك یاسای سینتاکسی دەکات بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی. بەم پێیە کاتێك بیرۆکەیەك دەردەبڕین و لە قسەکردندا بەرجەستەی دەکەین، پاشان ئەم بیرۆکەیە دەکەین بە نوسین، پێویستە ئەم نوسینە کۆمەڵێك یاسای سینتاکسی پەیڕەو بکات، کە لەناو زمانەکە خۆیدا بەشێوەیەکی سروشتی بونیان هەیە و تایبەتن بەزمانەکە. نەوەکو پەیڕەوی هەندێ یاسا بکرێت کە تابەت بن بەو زمانانەی نوسینەکانیان لێ وەردەگیرێت. چونکە لە پرۆسەی کاریگەربوونی زمانەکانی دونیا بە یەکتری، ئاساییە لە ڕووی مۆرفۆلۆجی و زاراوەوە، زمانێك کاریگەری لەسەر زمانێکی تر هەبێت، وەك ئەوەی زمانی کوردی هەندێ جار بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی، زاراوە یان وشە لە زمانێکی تر وەردەگرێت. (ئەمەش شێواز و سنوری خۆی هەیە ). بەڵام ئاسایی نییە ئەم کاریگەر بوونە بەزەقی لە ئاستی سینتاکس ڕەنگ بداتەوە، بەواتای ئەوەی ئەگەر وەرگرتن بپەڕێتەوە بۆ ئاستی سینتاکس کارێکی مەترسیدارە، چونکە وادەکات زمانەکە سیمای ڕێزمانی خۆی لەدەست بدات. بۆ نموونە ئێمە لەکاتی وەرگێڕانی دەقێکدا، جگە لە وشە و واتای وشە و

[٩] – بڕوانە: مصطفى طاهر الحيادرة (٢٠٠٣) من قضيا المصطلح اللغوى العربي، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، الاردن، لا١١٧ .

[١٠]- کەمال جەلال غەریب (٢٠١٢) پڕۆژەی زاراوەی زانستی کوردی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، لا٢٣ .

[١١] – بڕوانە: کامل حسن البصير، زاراوەی کوردی، لا١١٦ .

بیرەکان، دەقەکە یان بیرۆکەکان بەهەمان ئەو یاسا سینتاکسیانەوە وەربگرین، کە لە زمانی دەقە ڕەسەنەکەدا هەیە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەرنجی ئەم نموونەیە بدە:

– ماجد مۆڵ دەکەوێتە شاری هەولێر.

ئەمەی هێلی بەژێردا هاتووە بریتییە لە فرێزێکی ناوی فراوانکراو، فرێزی ناوی لە زمانی کوردیدا بەهۆی دیارخەرەکانی (پێش و پاش) سەرەوە فراوان دەکرێت. بەواتایەکی تر لە فرێزی ناوی فراونکراودا، جگە لە سەرەی فرێز ((کۆمەڵێ کەرستەی تر بەشداری دەکەن لە فراوانکردنی گرێی ناویدا، ئەو کەرستانەش دەکرێن بە دوو دەستەی جیاوازە، هەندێکیان دەکەونە پێش سەرە و... هەندێکیان دەکەونە دوای سەرە و ئەرکی دیارخەر دەبینن ))[١٢].

(ماجد مۆڵ) لە بنەڕەتدا لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، لە زمانی ئینگلیزیدا دیارخەرەکان دەکەونە پێشەوەی سەرە، بە پێچەوانەی زمانی کوردی، کە دیارخەرەکە دەبێت لە دوای سەرەوە بێت. بەم پێیە ئەم فۆرمە دەبێت ببێت بە (مۆڵی ماجد)، بەواتا (بازاڕی ماجد) نەك (ماجد بازاڕ)، لێرەدا لەگەڵ وەرگێڕانی وشەی (مۆڵ) دا ئێمە یاساکەشمان وەرگرتوە، کە بۆ زمانی کوردی ناگونجێت. لە خوارەوەدا هەندێك یاسای سینتاکسی زمانی کوردی دەخەینە ڕوو:

### ڕیزبوونی کەرستە:

هەر زمانێك بە پێی سروشتی خۆی پەیڕەوی جۆرە ڕیزبوونێکی تایبەت دەکات. لە ڕیزکردنی کەرستەکانی ڕستەدا، وەك: VSO ، SOV، SVO، ((جۆری SOV ئەوانەن فرمانیان دەکەوێتە دوای بەرکار وەك زمانی کوردی))[١٣]. ئەمە ئەگەر تەنیا کەرستە سەرەکییەکان بەشدار بوون لە ڕستەدا. وەك:

ئازاد کتێبەکەی کری.

ئەم یاسایە تا ڕاددەیەك لە زمانی کوردیدا چەسپاوە ، تەنیا لە هەندێك باردا نەبێت کە پێویست دەکات شوێنی کەرستەکان بگۆڕدرێت.

جگە لەم سێ کەرستەیەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، کەرستەی تریش لە ڕستەی زمانی کوردیدا بەشداری دەکەن و پێیان دەگوترێت ئاوەڵگوزارە، کە زانیاری زیاتر لەبارەی ڕوودانی کاری ڕستەکە پێشکەش دەکەن. بەڵام شوێنیان جێگیر نییە و دەکرێت لەهەر شوێنێکی ڕستەدا بێن. لەگەڵ ئەمەشدا هەر بەتەواوی لەڕووی شوێنەوە ئازاد نین، چونکە بەپێی پلە شوێنیان دیاری دەکرێت، کەواتە ئاوەڵگوزارە (( لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ڕستەدا دێت، بەڵام پلەی بەهێز و بێ هێزی هەیە. شوێنی بەهێزی ئاوەڵگوزارەکە بە پێی جۆرەکەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئاوەڵگوزارەی کاتی لە هەموو لایەکی ڕستەدا دێت، بەڵام بەهێزترین شوێنی ئەوەیە کە دەکەوێتە سەرەتا (پێش بکەر). ))[١٤].وەك:

– دوێنێ منداڵەکە تۆپەکەی کڕی. پلەی یەکەم
– منداڵەکە دوێنێ تۆپەکەی کڕی. پلەی دووەم
– منداڵەکە تۆپەکەی دوێنێ کڕی. پلەی سێیەم
– منداڵەکە تۆپەکەی کڕی دوێنێ. پلەی چوارەم

[١٢] - طالب حسين علی(١٩٩٨)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، لا ٧ .

[١٣] - وریا عمر امین ( ٢٠٠٤)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم،هەولێر لا٢٣٨ .

[١٤] - ئاوازحەمەصدیق بەگیخانی (١٩٩٦)، ڕیزبوونی کەرستە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، لا٧٨ .

ئەمە ئەگەر لە ڕستەکەدا تەنیا ئاوەڵگوزارەی کات هەبوو ((بەڵام ئەگەر لە ڕستەیەکدا ئاوەڵگوزارەی کاتی و شوێنی و چۆنییەتی کۆبوونەوە، ئەوا ئاوەڵگوزارەی کاتی پێش دەکەوێت و بەم شێوەیە.. ڕیز دەبن (کات + شوێن+ چۆنییەتی) )[١٥].

لە ڕیزبوونی کەرستەکانی ڕستەدا زۆر شتی تر هەن کە تاراددەیەك لە ڕووی شوێنەوە، لەزمانی کوردیدا پەیڕەوی یاسا دەکەن ، وەك( دیارخەرەکان، ئامرازی سەرسوڕمان... هتد). لەشوێنی خویدا ئاماژەیان پێ دەدەین.

## ئامراز لە زمانی پەخشانی زانستیدا:

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە پێویستە لە سەرەتادا ڕۆڵی ئامرازەکان لە زماندا دەستنیشان بکەین بەگشتی، ئینجا تیشك بخەینە سەر زمانی پەخشانی زانستی. چونکە لە ئەنجامدا زمانی پەخشانی زانستیش دەچێتە چوارچێوەی زمانی نوسینەوە، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێك تایبەتی خۆی هەیە. بۆیە ئامرازەکان شوێن و ئەرك و بەکارهێنانیان لە زمانی نوسین بەگشتی چۆن بێت، لە زمانی پەخشانی زانستیشدا بە هەمان شێوە دەبێت.

ڕێزمان نوسە کوردەکان ئامراز بە بەشێکی ئاخاوتن دادەنێن و پێیان وایە ئەرکیان بریتییە لە بە یەکبەستنەوەی بەشەکانی ڕستە و بەوە پێناسە دەکرێن کە ((وشەیەکی بەستراوە قەوارەیەکی سەربەخۆی هەیە، بەڵام واتایەکی سەربەخۆی نییە هەتا نەخرێتە پاڵ وشەیەکی سەربەخۆ لە ڕستەدا))[١٦].کەواتە دەتوانین بڵێین ئامرازەکان لەزماندا ئەرکی ناوئاخن دەبینن و کەلێنەکان پڕ دەکەنەوە، بۆ ئەوەی ڕستە واتای تەواو ببەخشێت. لە زمانی کوردیدا ئامراز دەکرێت بە چەند بەشێکەوە وەك: ئامرازەکانی ((بانگکردن، پرسیار، سەرسوڕمان، پەیوەندی، بەستنەوە... هتد))[١٧]. بەوردی چونە ناو بنج و بناوانی ئەو بابەتە لەم باسەی ئێمەدا لەسنوری باسەکە دەردەچین. بۆیە تەنیا ئاماژە بە هەندێك جۆر لەو ئامرازانە دەکەین، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە باسەکەوە هەیە و بە هەڵە بەکارهێنانیان، چ لەزمانی نوسین بەگشتی و چ لە زمانی پەخشانی زانستی بە تایبەتی، دەبێتە هۆی پێچەوانە بوونەوەی واتا و تێکدانی.

## پاشبەندی (دا) و (ەوە):

ئەم دوو پاشبەندە لە دوای پریپۆزیشنی (لە) و (بە) وە دێن و وەکو تەواوکەری پریپۆزیشنەکان بەکاردێن، سروشتی واتایی پریپۆزیشنەکان داوایان دەکەن.[١٨] بەکارنەهێنان و لابردنی ئەم پاشبەندانە، هەندێك جار لەزمانی قسەکردنی خەڵکدا، ئاساییە و نابێتە هۆی گۆڕینی واتا. وەك:

- لە ئێمەوە بۆ ئێوە ---- لە ئێمە بۆ ئێوە
- لە باخەکەدا نوستبووم ------ لە باخەکە نوستبووم.

هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەموو کات بەکارنەهێنانی ئەم پاشبەندانە لە شوێنی خۆیدا، گرفتی واتایی دروسی ناکات. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لە زمانی نوسیندا، دەبێ هەڵە نەکرێ لە بەکارهێنانیاندا. هەندێکجار تێبینی ئەوە دەکرێت لەکاتی نوسیندا بەتایبەتی ئەوانەی پسپۆڕیان لە ڕێزماندا نییە و بابەتی زانستی دەنوسن، بەزۆری ئەم پاشبەندانە بەکارناهێنن، یان لەو شوێنانەدا دەیاننوسن، کە لە بنەڕتدا شوێنی خۆی نییە و نابێ لەوێدا بەکاربێن، ئەمەش کاریگەری لەسەر نوسینەکە دەبیت، بەتایبەتی ((لە بەکارهێنانی ئامرازی (بە) و(لە) دا، چونکە (هەردوو ئامرازی (بە) و (لە) دەتوانن

[١٥] – ئاوازحەمەصدیق بەگیخانی، ڕیزبوونی کەرستە لە زمانی کوردیدا،لا٨١ .

[١٦] – لێژنەی دەستوری زمانی کوردی(١٩٨٥)، هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا، لا ٣٠ .

[١٧] – ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، ئامراز لەزمانی کوردیدا، لا ٢ .

[١٨] – لێژنەی زمان و زانستەکانی لەکۆڕی زانیاری کورد(٢٠١١)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر لا٢٦٠ .

پاشپرتی (دا) یان (ەوە) وەربگرن. بێگومان لە ئەم کردەوەیەدا واتای ئامرازەکان دەگۆڕێت بە دیوارێکی دیدا. تەنانەت ناتوانرێت ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێت لە دەستەواژەیەکدا. بۆ نموونە هەریەك لە (بەتۆ، بەتۆوە، بەتۆدا) بەکارهێنانی تایبەتیان هەیە، یان بە هەمان شێوە ( لەتۆ، لەتۆوە، لەتۆدا) هەر یەکێکیان سەربەخۆیی خۆیان هەیە و باری پەرپوتی و هەرەمەکی پەسەند ناکەن ))[19]. بەم پێیە لەهەر شوێنێك (بە) هەبوو، مەرج نییە (دا) یان (ەوە) وەربگرێت، بەڵکو هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە. وەك:

- *من بە ئێوە وە دەڵێم
- *من بە ئێوە دا دەڵێم
- *من لە ئێوە دا دەلێم

## ئامرازی لێکدەری (کە ):

ئەم ئامرازە لە زمانی کوردیدا لە نێوان شارستە و پارستەدا بەکاردێت و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە و دەکەوێتە بەشی پارستەوە.((ئامرازە لێکدەرەکان بە گشتی لەو لارستانە دێن، کە بەشێکن لە گوتنی گەورەتر ئەم لێکدەرانەش بریتین لە ئامرازی پەیوەست(ئەگەر، هەتا،...هتد ) و لێکدەری /کە/ ))[20]. ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لێرەدا زیاتر تیشکی بخەینە سەر ئامرازی لێکدەری(کە)یە. وەك لەپێشەوە ئاماژەمان پێکرد ئەم ئامرازە دوو ڕستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە(لەو جۆرە ڕستانە بەکار دەهێنرێت کە پێیان دەوترێت ڕستەی ئاوێتە، ئەویش لە زیاتر لە ڕستەیەکی سادە پێك دێت، کە تەنیا ڕستەیەکیان سەرەکییە و ناتوانرێت لابدرێت و پێی دەوترێت شارستە و ئەوانی تر لاوەکین و پێیان دەوترێت پارستە، هەر یەکێك لەو لارستانە لایەنێکی ڕستەی سەرەکی ڕوونتر دەکاتەوە)[21]. وەك:

- مۆبایل، کە ئامرازێکی زۆر بچوك و تازەیە، پەیوەندییەکانی ئاسان کردووە.

لەم ڕستەیەی سەرەوە (مۆبایل پەیوەندییەکانی ئاسانکردووە ) شارستەیە و ( ئامرازێکی زۆر بچوك و تازەیە ) پارستەیە، بەهۆی ئامرازی (کە) وە لێکدراون.

پێویستە ئاگاداری بەکارهێنانی ئامرازە (کە) بین، چونکە شوێنی تایبەت بە خۆی هەیە و ناکرێت بەپێی حەز و ئارەزووی نوسەر لە هەر شوێنێك ویستی ئەم ئامرازە بەکاربهێنێت. چونکە (ئامرازی لێکدەری (کە) دەورێکی گرنگ لە لێکدانەوەی بکەری لارستەی لاوەکیدا دەبینێت)[22]. بۆیە ئەگەر لە ڕستەیەکدا ئەم ئامرازە پێویست بوو و ئێمە دامان نەنا، ئەوا دەبێتە هۆی دروستبوونی لێڵ واتایی. وەك لەم نموونەیە ڕوونتر دەبێتەوە:

- ئازاد داوای لە باوکی کرد بچێت بۆ قوتابخانە.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا دەکرێت ئاماژەکان بۆ (ئازاد)یان بۆ (باوك) بن. واتە بە دوو جۆر لێکبدرێنەوە، یەکەمیان ئەگەر ئاماژەکان لەگەڵ (ئازاد) بن، بە واتای ئەوە دێت کە ( ئازاد داوای لە باوکی کردووە ڕێگای پێ بدات کە بچێت بۆ قوتابخانە )، بەڵام لە دووەمیان ئەگەر ئاماژەکان بۆ (باوك) بن، بە واتای ئەوە دێت کە ( ئازاد داوای لە باوکی کردووە کە باوکی بچێت بۆ قوتابخانە). ئەم لێڵیە کاتێك نامێنێت ئەگەر هات و ئامرازی لێکدەری (کە) بەشداری کردوو لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی دانرا. وەك:

---

[19] – شێرکۆ بابان(٢٠٠٩)، ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی لەئاستی زمانی نوسیندا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل٦٢ .

[20] – محمد معروف فتاح(٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر ل٢٢٨ .

[21] – عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ (٢٠٠٦)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، کتێبفرۆشی سۆران، چاپی دووەم، هەولێر ل٣٦-٤١ .

[22] – بروانە: میدیا جلال مجید(٢٠١٢)، سینتاکس و سیمانتیکی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردەی مرۆڤایەتی، ل٦٦ .

- ئازاد داوای لە باوکی کرد، کە بچێت بۆ قوتابخانە.

لەم ڕستەیەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بە دانانی ئامرازی (کە) زیاتر ئاماژەکە لەگەڵ ئازاددا نیشانە دەکرێت، واتە مەبەست ئەوەیە کە ئازاد بچێت بۆ قوتابخانە نەك باوکی[٢٣].

ئامرازی لێکدەری (و): ئەمەش یەکێکە لە ئامرازە لێکدەرەکان. ئامرازە لێکدەرەکانیش ناچنە ناو پێکهاتی ڕستەکانەوە، تەنیا ئەرکی بەیەك بەستنەوەی دوو ڕستەی سادە یان زیاتر دەبینن. هەردوو لای ڕستەی لێکدراو بە یەکسانی ڕادەگرن و ڕستەکان هیچیان شوێنکەوتووی ئەویتریان نین[٢٤]. ئامرازی لێکدەری (و) لەو جۆرە ڕستانەدا بەکاردێت، کە لەڕووی ئەنجامدانی کاری ڕستەکانیانەوە هاوڕێکن و لە شێوەی ئەرێ دان و هەمان ئاراستە وەردەگرن، هەندێ جاریش لە نوسیندا وێرگوڵ (،) لەجیاتی ئەم ئامرازە بەکاردێت.[٢٥]

## ڕەنگدانەوەی شێوازی ئاخاوتن لە ڕێنوسی پەخشانی زانستی:

ڕێنوسی کوردی تاکو ئێستا لە نوسیندا پەیڕەوی جۆراوجۆری دەکات ، بەو واتایەی دەتوانین بڵێین جۆرێك لە پاشاگەردانی لە ڕێنوسی کوردیدا هەیە. ڕێزمان نوسە کوردەکان تاکو ئێستا لەسەر جۆرێکی یەکگرتوو ڕێك نەکەوتوون. ئەوەی نائاساییە ئەوەیە، کە ئەم پاشاگەردانییە لە ڕێنووسی کتێبەکانی خوێندنیشدا ڕەنگی داوەتەوە.

ڕێنوسی کوردی تا ڕادەیەك پەیڕەوی نوسینی فۆنیمی دەکات، یەکێك لە چاکەکانی ئەم جۆرە نوسینە ئەوەیە ئەو گۆڕانانە پشت گوێ دەخات، کە لە ئەنجامی پرۆسەی گۆڕانکاری لەزماندا هاتوونەتە کایەوە، بەواتای ئەوەی کاتێك دەنگێك بەهۆی کاریگەری دەنگەکانی تر، گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانە لە ڕێنوسدا نابێت پیشان بدرێت، ئەگەرنا ڕێنووسەکە بەرەو فۆنەتیکی دەڕوات و ڕێزمان دەشێوێنێت و بنچینەوی وشە ون دەبێت، ڕێنووسی کوردی زۆر جار پەیڕەوی ئەم یاسا فۆنیمییە دەکات و هەندێك جاریش لێی لادەدات. ئەمەش دەبێتە هۆی درووست کردنی کێشە لە ڕێنوسدا، زۆرجار هەندێك وشە لە زماندا دوو شێوەی نوسینیان دەبێت.[٢٦] وەك:

- نیشانەی نەناسیاوی (ئێك) دەبێت بە (ئێ)، یەکێك ← یەکێ، هەندێك ← هەندێ
- نیشانەی فەرماندان: ڕابکە ← ڕاکە
- سوانی کونسنانتی کۆتای: سەگ ← سە
- هەڵهات ← هەڵات

هەندێك جاریش پێچەوانەی ئەمەی سەرەوە دەبینرێت، کاتێك دەنگێك لە ئەنجامی گۆڕان درووست دەبێت و دێتە ناوەوە، ئەوا لە ڕێنوسدا دەنوسرێت. وەك:

- بدەوە ← بدەرەوە ، بکەوە ← بکەرەوە ، بخە ← بخەرە

---

[٢٣] – بروانە: میدیا جلال مجید، سیناکس و سیمانتیکی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا لا٦٦ .

[٢٤] – ڕەفیق محمد محێدین شوانی(١٩٩٧)، ئامرازی بەستنەوە لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردەی ابن رشد، زانکۆی بغداد، لا٤٤–٤٥

[٢٥] – بروانە: عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، لا٣٢–٣٣ .

[٢٦] – بروانە: محمد معروف فتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، لا٦٠ .

## زمانی پەخشانی زانستی و خاڵبەندی:

نیشانەکانی خاڵبەندی لە نوسیندا وەکو چاوساغی وان و ڕێگاکان بۆ خوێنەر ڕۆشن دەکەنەوە و لە هەڵە تێگەیشتن دەیپارێزن. دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم نیشانانە لە ناو دەقە نوسراوەکاندا ((وەکو نیشانەکانی پەڕینەوە و ئۆتۆمبیل و هاژوشتن وان لەسەر شەقامەکان. ئەویان ئاسانکاری دەکات بۆ تێگەیشتنی ڕاستەقینە لە مەبەستی تێکستەکان، ئەویتریشیان ئاسانکاری دەکات بۆ هاتوچۆی شۆفێرەکان و پیادەڕۆکان، تا بەسەلامەتی بگەنە شوێنی مەبەستی خۆیان ))[٢٧].بە دروستی دانانی نیشانەکانی خاڵبەندی لەناو دەقەکاندا، وا لە خوێنەر دەکات خێراتر دەقەکە بخوێنێتەوە و ئاسانتر لێی تێبگات. بەپێچەوانەوە پەیڕەونەکردنی نیشانەکانی خاڵبەندی خوێنەر توشی بێزاری و هەڵەتێگەیشتن دەکات و وای لێدەکات چەند جارێك پەرەگرافێك بخوێنێتەوە تا لێی تێبگات. یاخو جاری وا هەیە لە ئەنجامی هەڵەکردن لە بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندیدا، زانیارییەکان بە تەواوی هەڵدەگەڕێنەوە و واتای پێچەوانەی بیرەکان دەدەن بەدەستەوە.

خاڵبەندی بریتیە لە کۆمەڵێك نیشانە، لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین [٢٨]:

- **خاڵ**: لە کۆتایی هەموو ڕستەیەك دادەنرێت، جگە لە ڕستەی پرس و سەرسوڕمان، هەروەها لەدوای پیت، یان زنجیرە پیتێك دادەنرێت لە وێنەی نیشانە کورتکراوەکاندا. وەك: (د.خ)
- **فاریزە**: لە نێوان ئەو ڕستە تەواونەکراوانەی کە پێکەوە ڕستەیەکی تەواو پێکدەهێنن، دادەنرێت. هەروەها لەدوای بانگکردن، لە جیاتی (و)، لە نێوان وشە هاوسەنگەکان،...هتد.
- **دوو خاڵ ( : )**: لە پێش هێنانەوەی گوتەدا دادەنرێت، لە کاتی ژماردنی بەشە پێکهێنەرەکانی شتێکدا، لە دوای ئەو وشانەی دەمانەوێت واتایان لێك بدەینەوە.
- **نیشانەی پرسیار ( ؟ )**: لە کۆتایی ڕستەی پرس، بۆ دەرخستنی گومان، بۆ گاڵتە پێکردن، بەکاردەهێنرێت.
- **نیشانەی سەرسوڕمان ( ! )**: لەکۆتای ڕستەی سەرسوڕمان و لە کۆتای هاوارکردن دادەنرێت.
- **فاریزەی خاڵ لە ژێر**: بۆ جیاکردنەوەی ئەو ڕستانەی کە لەڕووی بنیاد وماناوە سەربەخۆ دێنە بەرچاو، بەڵام لە دەربڕینێکی دوور و درێژدا، پەیوەندی مانایان پێکەوە هەیە، هەروەها لەکاتی هێنانەوەی نموونە و ڕونکردنەوەی پێویست لە پێش وشەی (وەك، بۆ نمونە، گریمان، واتە،... هتد) دادەنرێت.

جگە لەمانەی سەرەوە کۆمەڵێك نیشانەی تری خاڵبەندی هەن وەك: ( –، /، (( ))،...، *، //، =،...هتد ) کە بە پێویستی نازانین لەم باسەدا ئاماژە بە شوێنی بەکارهێنانی یەك بەیەکیان بکەین.

## زمانی پەخشانی زانستی و وەرگێڕان:

ئەوەی پەیوەندی بەزمانی کوردیەوە هەیە، ئەوەیە کە پەخشانە زانستییەکان (ئەوەی بەزمانی کوردی بەرچاو دەکەون ) زۆربەیان لە بنەڕەتدا دەقەکان بە زمانێکی تر نوسراون و وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، ئینجا یان ڕاستەوخۆ لە زمانی دەقەکە وەرمان گرتووە، یان دەقەکە لە زمانە بنەڕەتییەکە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی دووەم، وەرگێڕەکانی ئێمەش لە زمانی دووەم وەریانگرتوە. کە ئەمە بۆتە هۆی سەرنەکەوتنی وەرگێڕەکانمان لە گەیاندنی واتای تەواو و پڕ بەپێستی خۆی لە وەرگێرانی دەقە زانستییەکاندا. بۆیە باشتر وایە لەکاتی وەرگێڕانی هەر دەقێکدا، زانیارییەکان لە دەقە بنەڕەتەکە وەربگیرێن.

---

[٢٧] – ڕێبوار سیوەیلی و مسلح ئیروانی(٢٠٠٣)، خاڵبەندی پراکتیکی، چاپخانەی ژیان، چاپی یەکەم، هەولێر لا ٦٧ .

[٢٨] – ڕێبوار سیوەیلی و مسلح ئیروانی(٢٠٠٣)، خاڵبەندی پراکتیکی، لا ١٠٧ .

کردەی وەرگێڕان تەنیا هەر ئەوە نییە کە وشەکان لە زمانی سەرچاوەوە وەربگێڕدرێنە سەر زمانی ئامانج، بەڵکو وەرگێڕان بریتییە لە ((دۆزینەوەی نزیکترین هاوتا بە ئەو زمانەی، کە وەرگێڕانی پێدەکرێت، لە پێشدا لە باری واتا و پاشان لەباری داڕشتنی شێواز و زاراوەوە))[٢٩]. کەواتە وەرگێڕان پێویستی بە شارەزایی و لێزانین هەیە تاوەکو کارەکە سەرکەوتوو بێت.

## جۆرەکانی وەرگێڕان:

لێکۆڵەرەکان بە چەند شێوەیەك جۆرەکانی وەرگێڕان دەست نیشان دەکەن و چەند پۆلینێکیان بۆ ئەم جۆرانە خستۆتە ڕوو. لە پوختەی ئەم بۆچوونانە بە شێوەیەکی گشتی ئەم سێ جۆرەی لێ دەستنیشان کراوە [٣٠].

وەرگێڕانی وشە بە وشە: لەم جۆرەدا واتای هەر وشەیەك لە زمانی سەرەتا بۆ هاوتاکەی وەردەگێڕدرێت لە زمانی مەبەستدا، بەمەش دەقەکە واتاکەی دەشێوێت، بەتایبەتی ئەگەر هاتو لە ناو دەقەکەدا (ئیدیەم) بوونی هەبێت. نموونەش بۆ ئەمە وەرگێڕانی ئامێرییە.

وەرگێڕانی دەقاودەق: لەم جۆرەدا پێکهاتەی زمانی دەقە بنەڕەتەکە دەستی لێ نادرێت و واتای وشەکان ناگۆڕدرێ، بەڵام ئاساییکردنەوەی ڕێك و پێکی وشەکان بەپێی ڕێزمانی وشەکان دەبێ. وەرگێڕانە زارەکییەکان بە زۆری لەم جۆرەن.

وەرگێڕانی ئازاد: لەم جۆرەدا (پێکهاتە زمانییەکان) ی زمانی دەقە بنەڕەتەکە لەبەرچاو ناگیرێ، بەڵکو واتای تەواو و ئازاد و گونجاو لەگەڵ یاساو چەمك و واتای زمانی مەبەست بە گونجانی ناوەرۆکی واتایی لەبەرچاو دەگیرێت.

وەرگێڕ لەکاتی وەرگێڕانی دەقە نوسراوەکاندا دەبێ زۆر وردبێت و ئاگاداری تەواوی واتای گشتی دەقەکە بێت، بەتایبەتی ئەگەر دەقەکە بریتی بوو لە دەقێکی زانستی وەك: ( کیمیا، فیزیا، زیندەوەرزانی،...هتد ). چونکە هەڵەیەکی بچوك سەر لەبەری واتای دەقەکە ئاوەژوو دەکاتەوە.

## بەشی دووەم: هەڵسەنگاندنی کتێبەکانی زیندەزانی:

### سەرەتا:

ئەو زمانەی کە بابەتی ناو کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندنی پێ دەنوسرێتەوە، پێویستە کت و مت پەیڕەوی هەموو ئەو یاسا و ڕێنماییانە بکات، کە دەبێت لە کاتی نوسینی هەر پەخشانێکی زانستیدا پەیڕەو بکرێن, چونکە ئەم کتێبانە بۆ توێژێك دەنوسرێن، کە لە ناو بازنەی پەروەردەکردندان. بە واتای ئەوەی ئەم توێژە بە خوێندنی ئەو جۆرە کتێبانە، فێریش دەبن و پەروەردەش دەکرێن. هەروەها لەڕووی تەمەنەوە ئەو توێژە پێویستی بە زمانێك هەیە سوك و ئاسان لێی تێبگات، نەوەك بۆ تێگەیشتنی پەرەگرافێك، پێویست بەوە بکات چەند جارێك بیخوێنێتەوە و دووبارەی بکاتەوە. بەمەش نەوەستێت پرسیار لە مامۆستاکەی بکات ئینجا لە بابەتەکە تێبگات، یاخود بە هەڵە لێی تێبگات. ئەمە لەلایەك, لەلایەکی تر ئەگەر بێت و قوتابییەکان بەم جۆرە زمانە گۆش بکرێن و دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم بکەن، دواتر ئەمانیش لە کاتی نوسینی ڕاپۆرت و توێژینەوە زانستییەکان، بەهەمان زمان دەنوسن و هەمان ئەو هەڵانە دووبارە دەکەنەوە، کە لە نوسینی کتێبی پرۆگرامەکاندا دەرخواردیان دراوە. هەرچەندە زمانی کوردی شێوەیەکی فەرمی یان (ستاندەرد)ی بڕیار لەسەر دراوی نییە، بەڵام هەموومان هەست بەوە دەکەین، کە (زاری ناوەڕاست) شێوەی نیمچە ستانداردی وەرگرتووە و پرۆگرامی خوێندنیش لە

[٢٩] – پەروین عوسمان مستەفا عەللاف(٢٠٠٩)، واتا و وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر لا ١٨ .

[٣٠] - حسین یعقوبی، و : ئیسماعیل بەرزنجی (٢٠٠٧)، زمان وەرگێڕان و پەیوەندیە کلتورییەکان، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر لا٥٠ .

کوردستانی عێراقدا هەر بەم شێوەیە نوسراوەتەوە. بۆیە لەکاتی خستنە ڕووی هەڵەکانی ناو ئەم کتێبانەدا، زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی کراوە بە بنەما و بەگوێرەی یاساکانی ئەم نیمچە ستاندەردە، کتێبەکان هەڵسەدەسەنگێنین و ئەو بارانەی کە لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا باسکراون، بەسەر نوسینی ناو کتێبەکاندا پراکتیزەی دەکەین.

## کتێبی زیندەزانی و زاراوە:

ئاساییە لە نوسینی پەخشانی زانستیدا زاراوەی جیهانی بەکاربێت. مەرج نییە لە بەرامبەر هەر زاراوەیەکی جیهانیدا، ئێمە زاراوەیەکی کوردی دابتاشین. ئەم دیاردەیە لە کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەدا هەستی پێدەکرێت. واتە لەبری ئەوەی هەر زاراوە جیهانییەکە بەکاربهێنرێت، زاراوەیەکی بۆ داتاشراوە، یان بەپێی واتاکەی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار زاراوە وەرگێڕدراوەکە بە پێی شیکردنەوە هەمان واتا ناگەیەنێت، کە بۆی بەکارهاتووە. وەك زاراوەی (چاویلکەی پارێزەر[*]) ل١٦٦، ئەم زاراوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، کە بریتین لە (چاویلکە) و (پارێزەر)، بەشی یەکەمی زاراوەکە کێشەی نییە، لە بەرامبەر (نظّارە)ی عەرەبیدا بەکار هاتووە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە بەشی دووەمی زاراوەکەیە کە بریتییە لە (پارێزەر)، کە لە ڕووی واتاوە کێشەی هەیە و ئەو واتایە ناگەیەنێ کە بۆی بەکارهاتووە. چونکە (چاویلکەی پارێزەر) بۆ چاویلکەیەك بەکاردێت، کە لەکاتی کارکردندا چاوەکان بپارێزێت، بەڵام لێرەدا واتاکەی بریتییە لە وە کە (پارێزەر) کەسێکە و چاویلکەیەکی هەیە و مولکی ئەوە. بۆیە باشتر وایە (چاویلکەی پاراستن)ل٥٣ ی بۆ بەکاربێت، کە کتێبەکە خۆی لە هەندێك شوێندا ئەمەی بۆ بەکارهێناوە.

هەروەها (نەمامی فاصولیا)ل١٧٣ زاراوەیەکی ترە کە جێگای سەرنجە، ئەم دەربڕینە زمانییە هەڵەکەی لەوەدایە، کورد هەردوو بەشی دەربڕینەکە بەکاردەهێنت، واتە (نەمام) و (فاصولیا)ش. بەڵام ئەم دوو وشەیە لەگەڵ یەکتری بەکارنایەن، چونکە نەمام بۆ دارێك بەکاردێت کە قەدی هەبێت و لە زەوی بەرزبێتەوە، وەك (نەمامی قەیسی، نەمامی سێو...هتد)، بەڵام بۆ ڕوەکە بچوکەکان یان گیاییەکان، هەر ڕوەك بەکاردێت و هەندێك جاریش (شتڵ) بەکاردێت وەك (شەتڵی تەماتە، شەتڵی تووتن...هتد)[*] . ئەم خشتەیەی خوارەوە هەندێك نموونەی ناو کتێبەکە دەخاتەڕوو، کە هەندێکیان لە بەرانبەر واتای خۆیان بەکار نەهاتون و هەندێکیشیان ئەگەر زاراوە جیهانییەکەیان بۆ بەکاربهاتایە باشتر بوو.

| زاراوە / وشە، یان دەستەواژە | ئەو واتایەی بۆی بەکارهاتووە |
|---|---|
| چاویلکەی پارێزەر.ل١٦٦ | چاویلکەی پاراستن. |
| نەمامی فاصولیا. ل١٧٣ | (ڕوەك/شەتڵ/برك)ی فاصولیا |
| مەیدانی پزیشکی.ل٩٠ | بواری پزیشکی |
| گەرمکەری کارەبایی. ل٥٤ | هیتەر/ هیتەری کارەبایی |
| پێنوسی مۆمی.ل٧٩ | ماجیك |
| چیلکەی لۆکەی پاکژ.ل٥٣ | گوێ پاککەرەوە |
| ڕۆکارە چینی بەردەوامی خانەیی. ل١٥٩ | کیوتیکڵ.ل١٥٩ |
| خۆ نقوم کەر. ل٤٣ | ئەوانەی دەچنە ژێر ئاوەکان |

*- بۆ دەسنیشانکردنی لاپەرەی نموونەکان لە کتێبی زیندەزانیدا، لە دوای نموونەکە یەکسەر ژمارەی لاپەڕەکەمان نوسیوە،بە شێوەیەك بۆ کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدەی ئامادەیی تەنیا ژمارە کە نوسراوە، بەڵام بۆ کتێبی زیندەزانی پۆلی دوازدەی ئاکادەیی ژمارەکە نوسراوە و ئەستێرەیەکی لە سەرە .

*- شەتل بۆ ڕووەکە گیاییەکانیش بەکاردێت و بۆ دارە بەرزەکانیش بەکاردێت

هەر لە بارەی زاراوەوە لەناو کتێبی زیندەزانیدا دیاردەیەکی تر هەستی پێدەکرێت ئەویش بریتییە لە فرەزاراوەیی، کە بەهۆی ئەوەی واتای زاراوەیەك فراوانکراوە و بۆ زیاتر لە چەمکێك بەکارهاتووە، یان بەهۆی بەکارهێنانی وشەی هاوواتاوە هاتووەتە ئاراوە. ئەمەش لە زمانی نوسیندا یان لە زمانی لێکۆڵینەوەی زانستیدا پەسند نییە, چونکە پێویستە نوسەر کاتێك لە بەرامبەر چەمکێکدا فۆرمێکی بەکارهێنا، پێویستە تا کۆتایی هەر ئەو فۆرمە بەکاربهێنێت، بە تایبەتی زمانی کوردی کە فرە دیالێکتە، نابێ بەپێی ئارەزووی نوسەر یان وەرگێڕ، لە هەر شوێنێك خۆی حەزی کرد فۆرمی جیاواز بۆ هەمان چەمك بەکاربهێنێت. بۆ نموونە:

زاراوەی (پێنووسی مۆمی) لە هەندێك شوێندا لەبری قەڵەمی (ماجیك) بەکار هاتووە،لا٥٣. هەروەها لە شوێنێکی تر لە بەرامبەر قەڵەمی (باستیل) بەکارهاتووە. ئەمەش پێچەوانەی بنەماکانی بەکارهێنانی زاراوەیە و دەبێتە مایەی سەرلێ شێوانی خوێنەر. بۆیە ئاساییە هەر زاراوە باوە ڕۆیشتووەکە بەکاربهێنرێت و بە خەوشیش دانانرێت، وەك (باستیل و ماجیك).

هەر لەبارەی قەڵەمی مۆمییەوە، لە کتێبەکەدا لە هەندێك شوێن (قەڵەمی مۆمی) بەکارهاتووە لا١٥١، لەهەندێك شوێنیشدا (پێنوسی مۆمی) بەکارهاتووە، لا٥٣.

دیاردەی فرەزاراوەیی لە زمانی قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵکدا ئاساییە، بەڵام نابێت ئەمە لە زمانی نوسینی فەرمی ڕەنگ بداتەوە، بەتایبەتی نوسینی بابەتە زانستییەکان لە کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندندا. کەچی ئەمە لە کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادەییدا بە زەقی هەستی پێدەکرێت. ئەم خشتەیەی خوارەوە چەند نموونەیەك لەم بارەیەوە دەخاتە ڕوو:

| زاراوە / وشە | دووبارەبوونەوە | سێ بارەبوونەوە |
|---|---|---|
| چیلکەی لۆکەی پاگژ. لا٥٣ | دەنکە چیلکەی پەمۆیی.لا١٦٥ | گوێ پاککەرەوە، لا١٦٦ |
| دەست کێش. لا١٧٩ | دەستەوانە. لا٥٣ | |
| کەتەر (بڕەر). لا١٨٣ | کەتەر(نەشتەر). لا٦١ | |
| پاککردنەوە.لا٦٨ | پاگژکردنەوە. لا٤٥ | |
| چاویلکەی پاراستن. لا١٦٦ | چاویکەی پارێزەر.لا٨٩ | |
| پەرتوکی خوێندکار. لا١٥٥ | کتێبی خوێندکار. بەرگی کتێبەکە | |
| تەماشا کردن. لا١٥٨ | لێنۆڕین (نۆڕین). لا١٥٢ | |
| مژۆك (دڵۆپێنەر).لا٥٤ | دڵۆپێنەری مژۆك.لا٥٥ | |
| قەڵەم، لا٦٨ | پێنوس. لا٥٨ | |
| ئاوی دڵۆپاو، لا٩٠ | ئاوی دڵۆپێنراو. لا٩٠ | |
| گیراوە کیمیاوییەکان.لا٤٥ | گیراوە کیمیاییەکان.لا٤٥ | |
| ستون. لا١٤٩ | ئەستون.لا٤٠ | |

**کتێبی زیندەزانی ویاسا سینتاکسییەکان:**

ئەوی جێگای سەرنجی ئەم لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە یاسا سینتاکسییەکان ئەوەیە، کە کتێبی زیندەزانی پرۆگرامەکانی خوێندن بەکوردی نوسراوەتەوە، بەڵام لە زۆر شوێندا پەیڕەوی هەندێك لە یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردی نەکردووە، لە خوارەوە ئەم دیاردەیە دەخەینەڕوو.

**ڕیزبوونی کەرستە:**

زمانی کوردی لە ڕیزبوونی کەرستەدا پەیڕەوی سیستمی (SOV) دەکات. کەچی لە کتێبی زیندەزانیدا ئەم سیستەمە لە هەندێك باردا تێکشکاوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری زمانی عەرەبی، چونکە لە زمانی عەرەبیدا کەرستەکان بە جۆرێکی تر ڕیزدەکرێن و ئەم کتێبەش لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. بەم پێیە وێڕای وەرگێڕانی واتای چەمك و واتای دەقەکە، لە هەندێك شوێندا دەقەکە بە هەمان یاسای سینتاکسی زمانی سەرچاوەوە، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. بۆ نموونە:

((سەرقاپی پیتریەکە لابەرە وە چیلکەکە بخشێنە لە ناوچەی ئەگاری ڕەنووس ٢.))لا٦٨

ڕستەی زمانی کوردی کەرستەکانی بە شێوەیەك ڕیز دەبن، کە کاری ڕستە دەکەوێتە کۆتایی. کەچی لەمەی سەرەوەدا (بخشێنە) کاری ڕستەکەیە و لە ناوەڕاستەوە هاتووە. شوێنی بنەڕەتی خۆی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

سەرقاپی پیتریەکە لابەرە و چیلکەکە لە ناوچەی ئەگاری ڕەنووس ٢ <u>بخشێنە</u>.

نموونەی لەم شێوەیە لە کتێبەکەدا زۆر بەدیدەکرێت. وەك:

- ((چاویلکەی پاراستن بەکاربهێنە لە دژی مادده کیمیاییەکان.))لا٤٥*
- چاویلکەی پاراستن لە دژی مادده کیمیاییەکان بەکاربهێنە.
- لە دژی مادده کیمیاییەکان چاویلکەی پاراستن بەکاربهێنە.
- ((پێویستە چارەسەر بۆ گشت زانیارییەکان بێتە ئەنجام.))لا٣٩
- پێویستە گشت زانیارییەکان چارەسەر بکرێن.
- ((پێویستە دەسنیشانی ڕێگەی پیشاندان دیاری بکەین.))لا٤٠
- پێویستە ڕێگەی پیشاندانی دەستنیشان بکەین.
- ((پێش دەستکردنت بەکار))لا٤٢
- پێش دەست بەکاربوونت.
- ((گەڵاکانی زۆربەی ڕووەك... ڕۆشناییان تێدایە.))لا٨٥
- گەڵای زۆربەی ڕوەکەکان... ڕۆشناییان پێدایە.

**ڕێککەوتن:**

لە کتێبی زیندەزانیدا دیاردەی هەڵەکردن لە ڕێککەوتنی کەس و ژمارەی کەرستەکانی ڕستە بوونی هەیە. وەك:

- ((گەڵاکان بۆیەی زەردی تێدایە.))لا٨٥

لەم ڕستەیەی سەرەوە (گەڵاکان) نیشانەی (ان) ی کۆیان پێوەیە، بۆیە دەبێ فرێزی (بۆیەی زەرد)یش لە ژمارەدا لەگەڵی ڕێك بکەوێت و نیشانەی کۆکردنەوەی پێوەبێت. وەك:

- گەڵاکان بۆیەی زەردیان تێدایە

ئەم دیاردەیەش لە زۆر شوینی کتێبەکەدا بوونی هەیە، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

- ((زۆر جار کلۆرۆفیل ڕەنگەکانی دیکەی ناو گەڵا دادەپۆشن.))لا٨٥
- زۆر جا کلۆرۆفیل ڕەنگەکانی دیکەی ناو گەڵا دادەپۆشێت.
- ((دەربارەی ئەو بابەتانەی کە پەیوەستە بە چالاکییە تاقیگەییەکانەوە.))لا٤٨
- دەربارەی ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە چالاکییە تاقیگەییەکانەوە.
- ((ئەم جۆرە کارانە دەبێتە هۆی... ))لا٤٥*
- ئەم جۆرە کارانە دەبنە هۆی...

## کتێبی زیندەزانی و بەکارهێنانی ئامرازەکان:

(ەوە / وە)،(دا): ئەم پاشبەندانە لە زمانی نوسیندا نابێت بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەکاربهێنرێن، هەرچەندە هەڵەکردن لە بەکارهێنانیاندا لە زمانی قسەکردندا نابێتە هۆی گۆڕینی واتا. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە لە ئاستی نوسیندا بەتایبەتی نوسینی (فەرمی) بەپێی ئارەزوو بەکاربهێنرێن. ئەم بارە لە زۆرشوێنی کتێبی زیندەزانیدا هەستی پێدەکرێت، بۆ نمونە فرێزی (لەخۆ دەگرێت) لەچەند شوێنێکدا دووبارەبۆتەوە، لە هەندێکیان پاشبەندی (وە)ی وەرگرتووە و لە هەندێکیشیان وەری نەگرتووە. وەك:

لەخۆوە دەگرێت، لا٥٠*

لەخۆ دەگرێت، پێشەکی کتێب

بێگۆمان لەم دوو دەربڕینەی سەرەوە دەبێت یەکێکیان پەسەندتر بێت، بەپێی سەلیقەی زمانیش لە کوردیدا (لە خۆ دەگرێت) ڕاسترە.

جگە لەمە لە زۆر شوێنی ناو کتێبەکەدا فرێزی بەندی وا هەیە پێوستی بە پاشبەندی (ەوە/وە) هەیە کەچی ئەو بەکاری نەهێناوە. وەك:

- ((لەوانەیە پەیوەست بن بە ماددەکان و ئامێرەکان))لا٤٤* ← ئامێرەکانەوە
- ((لە ڕیگەی بوون یان نەبوونی پرۆتینە جیاکەرەوەکان دیاریدەکرێت))لا٨٩*
- لە ڕیگەی بوون یان نەبوونی پرۆتینە جیاکەرەوەکانەوە دیاریدەکرێت

هەروەها کتێبەکە لە ئاستی پاشبەندی (دا)دا، هەڵەی زۆری تێدا بەدی دەکرێت، لەزۆربەی شوێنەکانی ناو کتێبەکەدا پێویست بەوەدەکات ئەم پاشبەندە بەکاربێت، کەچی کتێبەکە بەکاری نەهێناوە. وەك:

- لە هەمان شوێنی پێشو، لا٨٠ ← لە هەمان شوێنی پێشودا
- لەگەڵ هاوڕێکانت لە پۆل، لا١٠* ← لەگەڵ هاوڕێکانت لە پۆلدا

لە هەندێك شوێندا پێویست بە بەکارهێنانی (دا) ناکات، کەچی کتێبەکە بەکاریهێناوە وەك:

- ئەو کاغەزەی دەکەوێتە ژێر بورییە باریکەکاندا، پێشەکی کتێبەکە ← باریکەکانەوە

ئەمەی سەرەوە بەڕێژەیەکی زۆر فراوان هەستی پێدەکرێت.

ئامرازی (کە): ئەم ئامرازە لەزمانی کوردیدا بە شێوەیەکی فراوان بەکاردێت. هەروەها بەپێی بۆچوونی هەندێك لە زمانەوانەکان، ئەم ئامرازە سەربەخۆیی تەواوی نییە و لابردنیشی هیچی ئەوتۆ ناگۆڕێت لە هەندێك لە ڕستەکانی زمانی کوردیدا. وەك:

- من، کە بۆ ئازادی بجەنگم، لە مەرگ ناترسم.

لەم ڕستەیەی سەرەوە دا (کە) لە ڕستەکەدا هەبێ و نەبێ واتای ڕستەکە گۆڕانی بەسەردا نایەت[٣٣].

ئەمەی سەرەوە لە هەندێك باردا ڕاستە، بەڵام لە هەندێك باری تردا، وەك لە بەشی یەکەمدا باسمان کرد، بەکارهێنانی دروستی ئامرازی (کە) دەبێتە هۆی لابردنی تەم و مژی لە ڕستەدا. لە هەندێك شوێندا بەکارهێنان وبەکارنەهێنانی کاریگەری لەسەر مەبەستی ڕستەکە نابێت ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە نوسەر بە ئارەزووی خۆی بەکاری بهێنێت یان بەکاری نەهێنێت. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادەییدا، جۆرێك لە پشێوی و هەڕەمەکی هەیە، لە ئاستی ئەم ئامرازەدا و پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە. وەك:

-((کۆمەڵەی... لە سامپڵەکانی خوێنی کۆمەڵەی نەزانراو، لە خوێنێکدا، لە خوێنی مرۆڤ بچێت دیاری دەکەین.)) لا٨٩*

بەکارهێنانی (کە) لەمەی سەرەوەدا، تێگەیشتن ئاسانتر دەکات و دەبێتە هۆی لەیەك جیاکردنەوەی چەمکەکان. وەك:

- کۆمەڵەی... لە سامپڵەکانی خوێنی کۆمەڵەی نەزانراو، لە خوێنێکدا، کە لە خوێنی مرۆڤ بچێت، دیاری دەکەین.

- ((نیشانە دابنێ لەسەر ئەو کاغەزەی دەکەوێتە ژێر بۆرییە باریکەکاندا ئاماژە بکات بە کۆتایی هەر دڵۆپێك لە ئاوە ڕەنگدارەکە.))لا٦١

- نیشانە لەسەر ئەو کاغەزەی دەکەوێتە ژێر بۆرییە باریکەکاندا دابنێ کە ئاماژە بە کۆتایی هەر دڵۆپێك لە ئاوە ڕەنگدارەکە بکات.

هەروەها لە هەندێك شوێنی تردا، پێویست بە بەکارهێنانی (کە) ناکات، بەڵام لە کتێبەکەدا بەکارهاتووە، یاخود لە جیاتی ئامرازێکی تر، (کە) بەکارهاتووە. وەك:

- ((کە ڕەنگی وەنەوشەیی کریستاڵی بەهێز دەکات و یارمەتی دەدات کە بەخانەکانەوە بنوسێت.))لا٩٠

- کە ڕەنگی وەنەوشەیی کریستاڵی بەهێز دەکات و یارمەتی دەدات بۆئەوەی بەخانەکانەوە بنوسێت

- ((کاری تاقیگەیی ئەوەیە کە خۆت بتوانیت خشتەکانت دابنێیت.))لا٣٩

- کاری تاقیگەیی ئەوەیە خۆت بتوانیت خشتەکانت دابنێیت.

ئەمەی سەرەوە زۆر بە فراوانی لە کتێبەکەدا بوونی هەیە.

ئامرازی (و): ئەوەی ئێمە دەمانەوێت سەرنجی بدەین ئەوەیە، کە لە کتێبی زیندەزانی پرۆگرامەکانی خوێندندا، لەجیاتی ئەم ئامرازە فۆرمێکی تریش بەکار هاتووە، کە بریتییە لە (وە). وەك:

- ((ناوەندی درێژی گشتی وە درێژی کلك و درێژی لەش))، لا٦٦*

جگە لەمەش لە زۆر شوێندا ئامرازی لێکدەری (و) لەگەڵ وێرگوڵ (،) هەردووکیان بەدوای یەکتردا هاتوون. ئەمەش نابێت, چونکە یەکێکیان کاری ئەویتر ئەنجام دەدات. وەك:

(ئاڵوگۆڕی گازەکان لە نێوان ئەو هەوایەی کە لە سیکڵدانۆچکەکانی سیدایە، و لە نێوان ئەو خوێنەی... هتد)، لا٧١.

[٣٣] - شهاب شێخ طیب (٢٠١٤) دەربارەی زمانەوانی، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر لا١٤٠ .

ئەمەی سەرەوە پێچەوانەی ڕێنوس و خاڵبەندییە، بەڵام لەمەش ئەولاتر ئەوەیە، کە لە هەندێك شوێندا، هەردوو فۆرمی (و،وە) لەگەڵ وێرگوڵ هەموویان بەدوای یەکتردا ڕیزکراون. وەك:

(سەرلەنوێ سلایدەکە بخەرە ناو قاپی بۆیەکە و، وە دە دڵۆپ لە گرام...هتد).لا٩١

شایانی باسە ئەم دیاردەیەی سەرەوە بەشێوەیەکی زۆر و بەربڵاو لە نوسینی کتێبەکەدا دووبارە بۆتەوە.

## بە هەڵە بەکارهێنانی پریپۆزیشن:

پریپۆزیشنەکان لە چوارچێوەی جۆرێك لە وشەدا پۆل دەکرێن، کە پێی دەوترێت وشەی ئەرکی. وشە ئەرکیەکانیش تاوەکو لە ڕستەدا بەکارنەهێنرێن بەتەنیا واتای تەواو نابەخشن، بەڵام بە هەڵە بەکارهێنانیان دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا. وەك:

دوعات لێ دەکەم. دوعات بۆ دەکەم.

ئەم دیاردەیەی سەرەوە لە کتێبی زیندەزانی پرۆگرامەکانی خوێندندا، بەرچاو دەکەوێت، کە ئەگەر نەبووبێتە مایەی هەڵگەڕانەوەی واتا، بووە بە مایەی دروستکردنی جۆرێك لە پشێوی. بەشێوەیەك کاتێك دەقەکان دەخوێنیتەوە، ئەوەت لا بەرجەستە دەبێت، کە ئەم نوسینە لە هی یەکێك ناچێت قسەپێکەری زمانەکە بێت، بۆیە ئەمە لەزمانی نوسینی فەرمیدا ڕێپێدراو نییە. سەرنجی ئەم نمونانە بدە:

- ((چی بوە هۆی گۆڕانی هێلکەی ١ دوای نقومکردنی به ئاودا)) لا٨١* ⟵ لە ئاودا
- ((بریتییە لە لیستێك بەو ماددانەی پێویستیت پێیان هەیە))لا٤٨ ⟵ لەو ماددانەی

هەروەها لە هەندێك شوێنی تری کتێبەکەدا، ئامرازی (هەروەها) لە شوێنی خۆیدا بەکارنەهاتوە و بۆتە هۆی دروستکردنی تەم و مژی. وەك ئەم پەرەگرافەی خوارەوە:

((... پێویستە نیشانەدرێك پێشکەش بکەیت کە تیای دا ئەو پرسیارەی پێویستی بە وەڵام دانەوە هەیە لەخۆ بگرێت، هەروەها کرداری جێبەجێکردنی ئەوەی کە لە داهاتوودا بەکاری دەهێنیت ...))،لا٤٩

لە درێژەی خوێندنەوەی پەرەگرافەکەدا لە کتێبەکە، تاوەکو بەدوایدا بڕۆین پرۆسەی تێگەیشتن زەحمەتتر دەبێت، سەرەڕای تێبینیمان لەسەر چۆنییەتی ڕێکخستنی کەرستەکان و بەکارهێنانی خاڵبەندی (کە لەشوێنی خۆیدا باسی دەکەین). لەم پەرەگرافەدا ئامرازی (هەروەها) بە هەڵە بەکارهاتوە. بەواتای ئەوەی ئەگەر لە شوێنی (هەروەها)دا، ئامرازی (لەگەڵ) دابنێین، کێشەکە چارەسەر دەبێت. چونکە (هەروەها) لەو بارانەدا بەکاردێت، کە شتێك بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت بکات[٣٤].

## ڕەنگدانەوەی شێوازی ئاخاوتن لەڕێنوسی کتێبی زیندەزانی:

ئێمە لێرەدا باس لە هەڵە ڕێنوسییەکان ناکەین، کە پەیوەندیان بە هەڵەی چاپەوە هەیە، بەڵکو ئەو هەڵانە دەخەینە بەر باس، کە لە ئەنجامی لێ وردنەبوونەوە و بە هەند هەڵنەگرتن هاتونەتە کایەوە و بە کاریگەری شێوازی ئاخاوتنی ڕۆژانەوە هێنراونەتە ناو دەق و لە نووسیندا پەیڕەوکراون.

[٣٤] –محمد محوی و نەرمین عمراحمد، (٢٠٠٤)، مودێلی ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی لا٦٧ .

**مۆرفیمی داخوازی ( ب ):**

ئەم مۆرفیمە هەندێك جار بەهۆی كاریگەری شێوە ئاخاوتنی ناوچەیی، لە ئاستی زمانی قسەكردندا دەرناكەوێت، لە پێناوی بەفیڕۆنەدانی وزەدا. ئەمە تا ئێرە كارێكی ئاساییە. وەك: (ڕابكە ڕاكە). بەڵام ئەمە لە ئاستی زمانی نوسیندا ڕێگە پێدراو نییە و پێویستە مۆرفیمەكە بنوسرێت، بە پێچەوانەوە ڕێزمانی زمانەكە دەشێوێت و بنچینەی وشە ون دەبێت. هەروەها ئەگەر نوسین و نەنوسینی مۆرفیمی داخوازی بە ئارەزووی نوسەر بێت، دەبێتە هۆی ئەوەی كە هەندێك لە وشەكان دوو شێوەی نوسینیان هەبێت. نموونەی لەم بارە لە زۆر شوێنی كتێبی زیندەزانی پرۆگرامی خوێندن دا دەست دەكەوێت. وەك:

- ((بەروانكەی تاقیگە لەبەر بكە و دەستەوانەكانیش لە دەستكە))لا٥٧*

لەمەی سەرەوەدا لە دوو شوێندا مۆرفیمی داخوازی بوونی هەیە، لە یەكێكیان وێنەی دەركەوتووە (لەبەر بكە)، لەویترياندا وێنەی دەرنەكەوتووە (لە دەست كە).

لە لاپەرە (٦٥)ی هەمان كتێبدا، لە یەكێك لە پەرەگرافەكان لە (٨) شوێن مۆرفیمی داخوازی بوونی هەیە، كەچی لەهەندێكیان دەركەوتووە و لە هەندێكیان دەرنەكەوتووە. ئەمەش بۆتە هۆی جۆرێك لە پاشاگەردانی لە ڕێنوسی كتێبەكەدا. هەروەها ئەم بارە لە تەواوی كتێبەكەدا بەشێوەیەكی بەرفران دووبارە بووەتەوە، بەڵام ئێمە تەنیا بواری ئەوەمان هەیە سامپلێك بخەینەڕوو.

هەروەها كاتێك لە ئەنجامی گۆڕاندا دەنگێك دێتە ناوەوە، نابێت لە ئاستی نوسیندا پیشان بدرێت. كەچی لە كتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادەییدا ئەم دیاردەیە زۆر پەیڕەو كراوە. وەك:

- ((وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە ؟)) لا١٠
- ((ئاگاداری مامۆستاكەت بكەرەوە ؟))لا٤٣
- ((ڕووەكە كێوییەكانی دیكە لێ مەكەرەوە؟))لا٤٤
- ((ئەوە بخەرەوە بیرت ؟))لا٤٩

شایانی باسە دەركەوتن و دەرنەكەوتنی ئەم دیاردە فۆنۆلۆجییەی سەرەوە، لە كتێبەكەدا بەپێی ئارەزووە، واتە لە هەندێك شوێن نیشان دراوە و لە هەندێك شوێنیش نیشان نەدراوە. ئەمەش بۆتە هۆی جۆراوجۆری لە ڕێنوسدا.

جگە لەمەی سەرەوە لە بەكارهێنانی ئەسپێكتی (دە)دا، كە لەگەڵ كاری ڕانەبردوو و ڕابردووی بەردەوامدا دەردەكەوێت، ئەو جۆرە تێكەڵییە هەیە. ئەم فۆرمە لەزمانی قسەكردندا (بەتایبەتی سلێمانی) گۆڕانی بەسەردا دێت و دەبێت بە (ئە). ئەوەی دەمانەوێت سەرنجی بدەین ئەوەیە، كە ئەو فۆرمەی لەزمانی قسەكردندا بەكاردێت، لەزۆر شوێن لە نوسینی كتێبی زیندەزانیشدا هەستی پێدەكرێت. بە واتایەكی تر لە كتێبەكەدا هەردوو فۆرمەكە بەكارهاتووە، بەشێوەیەك لە یەك لاپەڕەدا جارێك (دە) و جارێك (ئە) دەبینرێت. ئەمەش لە زمانی نوسیندا ڕێگا پێدراو نییە، بەتایبەتیش لە نوسینی كتێبەكانی پرۆگرامی خوێندندا، چونكە قوتابیان لەسەری ڕادێن. نموونە:

- ((ئایا ئەتوانیت بڵێیت... هتد.))لا٧٠
- ((... دەتوانیت فێربیت لە ئەنجامی ئەم تاقیكردنەوەیە.))لا٧٠

### کتێبی زیندەزانی و خاڵبەندی:

ئەوەی پەیوەندی بە خاڵبەندییەوە هەیە لە کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادەییدا، ئەوەیە کە هەڵەی زۆری تێدایە. بە شێوەیەك، کە هیچ لاپەڕەیەك نییە هەڵەی تێدا نەکرابێت، لە بەکارهێنانی خاڵ و وێرگوڵ ونیشانەی پرسیار و... هتد. لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو:

**خاڵ:** ((ئەمانە بەکاربهێنە جاویلکەی پاراستن. بەروانکەی تاقیگە،... هتد.))لا١٦١

لەمەی سەرەوە لە نێوان ژماردنی چەند شتێکدا (خاڵ) دانراوە، کە ئەمەش بەپێی خاڵبەندی نابێت، چونکە خاڵ لە کۆتایی ڕستەکان یان کە بیرەکە تەواو بوو، ئینجا دادەنرێت.

**بەدوای یەکداهااتنی (.) و (و):** وەك:

((ئەوانیش لەلای خۆیانەوە گەیێنکەی دەماری لەگەڵ خانە چیلکەییەکان و خانە قوچەکییەکان پێکدەهێنن. و لەو تۆڕەدا...هتد.))لا٦٢*

### وێرگۆڵ / فاریزە( ، ):

((خشتە داتاییەکان لە ڕاستیدا زۆرترین هۆکاری داتاکانی بەربڵاوە سەرەڕای هەبوونی خشتە داتاکان بە ئامادەکراوی لەناو پەرتووکەکانی کاری تاقیگەییدا گرینگ ئەوەیە، کە خۆت بتوانیت خشتەکانت دابنێیت بە باشترین ڕێگە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە بریتییە لە هەڵبژاردنی ناو نیشان بۆ خشتەی داتاکان،...هتد.))لا٣٩

ئەم پەرەگرافەی سەرەوە لە چوار دێڕ یان حەوت ڕستە پێکهاتووە، کەچی یەکجار وێرگوڵ (،) بەکارهاتووە.

هەروەها وێرگوڵ (،) و (و) شوێنی یەکتر دەگرنەوە لە نوسیندا، بەواتای ئەوەی ئەگەر یەکێکیان هەبێت، پێویست بە بوونی ئەویتر ناکات. بەڵام لە کتێبی زیندەزانیدا، ئەم دوو کەرستەیە هەردووکیان بەدوای یەکتریدا هاتوون و ئەمەش لە زۆر شوێندا دووبارە بۆتەوە. وەك:

((پابەند بوون پێوەی، و پەخشکردنی نامە...هتد.))لا٤٧

((ئێسکەکە بەهۆی موکێشەوە لە ئۆفنەکە دەربهێنە، و لەسەر پارچە قوماشی...هتد.))لا٥٩*

### کتێبی زیندەزانی و وەرگێڕان:

ئەوەی شایانی باسە لەبارەی واتا و وەرگێڕانەوە، ئەوەیە کە چەندین ڕستە یان پەرەگراف لە کتێبەکەدا هەن، کە واتا نابەخشن، یاخود خوێنەر زۆر پێیەوە ماندوو دەبێت تاوەکو لێی تێدەگات. هۆکاری زەحمەت تێگەیشتنەکەش ناوەڕۆکی بابەتەکە نییە، بەڵکو زمان و ڕێنووسی بابەتەکە ئەم گرفتەی دروست کردووە. ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی زمانی پەخشانی زانستیدا ناگونجێت. لە خوارەوەدا نموونەی چەند دەقێك لە کتێبەکەدا چۆن نوسراوە وەکو خۆی دەیخەینەڕوو، ئینجا هەمان دەق لەکتێبە عەربیەکە چۆن نوسراوە بە عەرەبی دەخەنەڕوو (چونکە کوردییەکە لە عەرەبییەکەوە وەگێڕداوە). پاشان هەندێك لە دەقەکان دووبارە دادەڕێژینەوە، بۆئەوی ڕاستییەکە باشتر دەرکەوێت. هەروەها ژمارە بۆ دەقەکان دادەنێین.

١- **دەقی ناو کتێبەکە وەکو خۆی:** ((ڕوی لێکچوون لە نێوان ئەو کارلێکەی لە نێوان گوێزەرەوە پرۆتین و ئەو ماددەیەی کە دەیگوێزێتەوە هەروەها لە نێوان ئەنزیم و مادە کارلێککردووەکەی دا چییە ؟))لا١٠

-**هەمان دەق لە کتێبە عەرەبییەکەدا:** ((ما وجه الشبه بين التفاعل الذي يجري بين البروتين الناقل و المادة التي ينقلها وبين انزيم ومادته المتفاعلة ؟)) ل١٠

-**دەقەکە بەم شێوە بێت باشترە:** (رووی لێکچوون چییە کاتێك کارلێککردن ڕوودەدات لە نێوان گوێزەرەوە پرۆتین و ئەو ماددەیەی کە دەیگوازێتەوە لەلایەك و لەنێوان ئەنزیمێك و ماددە کارلێکردووەکەی لەلایەکیتردا.)

٢- **دەقەکە لەکتێبەکەدا وەکو خۆی:** ((هێما چاپکراوە تایبەتییەکان بە سەلامەتی و دڵنیایی بناسە ئەوانەی ئاماژەی گرتنەبەری هەندێك ڕێوشوێنی زیاتر پێویستن کە لەسەریان برویت.))ل٤٢

-**هەمان دەق لە کتێبە عەرەبییەکەدا:** ((تعرف الرموز المطبوعة الخاصة بالسلامة والامان – انها تشير الي التدابير الاضافية التى يجب عليك اتخادها))ل٤٢.

-**پێوستە بەم شێوەیە بێت:** (ئەو هێما چاپکراوانە بناسە کە تایبەتن بە سەلامەتی و دڵنیایی، ئەوانەی ئاماژە بە هەندێك ڕێوشوێنی تر دەکەن، کە پێویستە بیانگریتەبەر)

٣- **دەقەکە لەکتێبەکەدا وەکو خۆی:** ((یەکەم کارت ئەوەیە، فێری تەکنیککاری بۆیەی گرام بیت، لە ڕێگای تاقیکردنەوەی ئەو سامپڵانەی بەکتریای کە لە پێشدا زانراون کە، پۆزەتیڤن یان نێگەتیڤن بە بۆیەی گرام.))ل٨٩

-**دەقەکە لە کتێبە عەرەبییەکەدا:** ((مهمتك الاولى هي ان تتعلم تقنية صبغة الجرام عن طريق اختبار عينات من البكتريا المعروفة مسبقا بانها سالبا او موجبة لصبغة جرام))ل٨٩

-**وا باشترە دەقەکە بەم شێوەیە بێت:** (کاری بەراییت فێربوونی کرداری بۆیەکردنی گرامە، لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی چەند سامپڵێك لە بەکتریا، کە پێشوەخت زانرابێت ئەم سامپڵانە نێگەتیفن یان پۆزەتیفن بە بۆیەی گرام.)

٤- **دەقەکە لەکتێبەکەدا وەکو خۆی:** ((بە هێزی گەورەکردنی بەرز لێبنۆڕە))ل١٤٨

-**دەقەکە لە کتێبە عەرەبییەکەدا:** ((تفحص الشريحة عند قوة التكبير الكبرى))ص١٤٨.

-**بەم شێوەیە بێت پەسندترە:** (سلایدەکە بە هێزی گەورەکردنی بەرز بپشکنە.) یان (بە هێزی گەورەکەدنی بەرز بنواڕە سلایدەکە.)

٥- **دەقەکە لەکتێبەکەدا وەکو خۆی:** ((بە هیچ شێوەیەك لە ناو تاقیگەدا نان و خواردن مەخۆ لە خواردنەوەش دووربکەوە.))ل٤٤*

-**دەقەکە لە کتێبە عەرەبییەکەدا:** ((لا تتناول أي الطعام او الشراب... في المختبر))ص٤٤*.

-**بەم شێوەیە بێت پەسندترە:** (لە تاقیگەدا خواردن و خواردنەوە مەخۆ و مەخۆرەوەو.)

٦- **دەقەکە لەکتێبەکەدا وەکو خۆی:** ((لێت دەخوازێت ئەو تەکنیکانەی کە فێریان بوویت لە چالاکییەکانی تەکنیکی تاقیگەییی بۆ وەڵامی پرسیارەکان بەکار بهێنیت.))ل٤٧

-**دەقەکە لە کتێبە عەرەبییەکەدا:** ((انشطة تصاميم التجارب المختبرية تطلب منك استخدام التقنيان التي تعلمتها في انشطة التقنييات المختبرية، في حل المسائل))ص٤٧.

-**بەم شێوەیە بێت پەسندترە:** (چالاکییەکانی نەخشەدانانی ئەزموونە تاقیگەییەکان داوات لێدەکات، بۆ شیکارکردنی پرسیارەکان، ئەو تەکنیکانە بەکاربهێنیت کە لە چالاکییەکانی تەکنیکی تاقیگەیدا فێریان بویت.)

٧- **دەقەکە لەکتێبەکەدا وەکو خۆی:** ((وریابە ئامرازە شووشەکان زوو تێکدەچن. یەکسەر ئاگاداری مامۆستاکەت بکەرەوە لە شکاندنی هەر ئامرازێکی شوشەدا یان توشبوون بە ماددە ڕژاوەکان بەجێمەهێنە. تا مامۆستاکەت داوای ئەوەت لێ نەکات.))ل٥٨ *.

**-دەقەکە لە کتێبە عەرەبییەکەدا:** ((احذر:الادوات الزجاجیة سریعة العطب. ابلغ معلمك على الفور في حال تحطم ادوات الزجاجیة او اصابة بأي جروح. لاتقم باعمال التنظیف لازالة الحطام الزجاجي او المواد المتسربة مالم یطلب معلمك القیام بذالك.))ص٥٨*

**-واباشترە بەم شێوەیە بێت:** (ئاگاداربە! ئامرازە شوشەییەکان زوو دەشکێن، لە کاتی شکانی هەر ئامرازێکی شوشەدا یان برینداربوون، مامۆستاکەت ئاگادار بکەوە، هەروەها شوشە و ماددە شکاو و پەرشوبڵاوەکان هەڵمەگرەوە و شوێنەکە پاك مەکەوە تاوەکو مامۆستاکەت داوات لێ نەکات.)

ئەوەی هەستی پێدەکرێت لە بارەی (واتا و وەرگێڕان)دا ئەوەیە، کە دەقەکان لە ڕێگەی وەرگێڕانی وشە بە وشەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، بۆیە دەقەکان لە هەندێك شوێندا واتا نابەخشن و لە هەندێك شوێنیتردا بە زەحمەت خوێنەر لێیان تێدەگات. چونکە هەر زمانێك یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە لە ڕیزبوونی کەرستە و کرداری گەیاندنی واتادا. جگە لەمە خاڵبەندیش هۆکارێکی ترە، بۆ ئەوەی دەقەکان واتای خۆیان نەبەخشن و خوێنەر نەتوانێت زانیارییەکان لە مێشکی خۆیدا پۆلێن بکات، بۆیە کرداری تێگەیشتن نایەتە کایەوە یان زەحمەتتر دەبێت.

## ئەنجامەکان:

١- کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادەیی، لە ڕووی زمان و ڕێنوسدا لەچوارچێوەی گشتی نوسینی زانستی لایداوە، کۆمەڵێك هەڵەی تێدا بەدیدەکرێت و هەڵەکانیش بریتی نین لە هەڵەی چاپ، بەڵکو هەڵەی بنەڕەتین کە پێویستیان بە هەڵوەستە هەیە.

٢- لەڕووی زاراوەوە، دیاردەی فرەزاراوەیی و داتاشینی زاراوە بۆ زاراوە زاستیە جیهانییەکان بوونی هەیە، لەگەڵ نەگەیاندنی واتای تەواو لەکاتی وەرگێڕانی زاراوەکاندا.

٣- لە زمانی نوسینی کتێبەکەدا پێشێلکردنی یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردی هەستی پێدەکرێت. وەك ڕیزبونی کەرستە و بەهەڵە بەکارهێنانی ئامرازەکان و... هتد.

٤- لایەنی خاڵبەندی و ڕێنوسی کتێبی زیندەزانی پرۆگرامەکانی خوێندن، پشێوی و پاشاگەردانی پێوە دیارە، بە شێوەیەك کە هیچ لاپەڕەیەکی کتێبەکە نییە هەڵەی خاڵبەندی تێدا نەبێت.

٥- لەڕووی وەرگێڕانەوە کتێبەکە پەیڕەوی جۆری وەرگێڕانی وشە بە وشەی کردووە، کە دەقەکە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. جگە لە وەرگێڕانی چەمکەکان، دەقەکە بەگوێرەی یاسا سینتاکسییەکانی زمانی بنەڕەتەوە، کە عەرەبییە، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

## لیستی سەرچاوەکان:

### کوردی:


١. ئاوازحەمەصدیق بەگیخانی(١٩٩٦)، ڕیزبوونی کەرستە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین

٢. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، ئامراز لەزمانی کوردیدا، انتشارات صلاح الدین ایوبی.

٣. پەروین عوسمان مستەفا عەللاف(٢٠٠٩)، واتا و وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەلآت،چاپی یەکەم، هەولێر.

٤. حسین یعقوبی، و: ئیسماعیل بەرزنجی(٢٠٠٧)، زمان وەرگێڕان و پەیوەندیە کلتورییەکان، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٥. ڕەفیق محەمەد محێدین شوانی (١٩٩٧ )، ئامرازی بەستنەوە لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردەی ابن ڕشد، زانکۆی بغداد.

٦. ڕێبوار سیوەیلی و مسلح ئیروانی( ٢٠٠٣)، خالّبەندی پراکتیکی، هەولێر، چاپخانەی ژیان، چاپی یەکەم

٧. شهاب شێخ گیب(٢٠١٤)، دەربارەی زمانەوانی، نارین بۆ چاپ و بلآوکردنەوە، هەولێر.

٨. شێرکۆ بابان(٢٠٠٩)، ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی لەئاستی زمانی نوسیندا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٩. گالب حسین علی( ١٩٩٨)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا، نامە دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب.

١٠. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ (٢٠٠٦)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، کتێبفرۆشی سۆران، چاپی دووەم، هەولێر

١١. عەزیز گەردی (١٩٨٧)، پەخشانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٢. عزیز گەردی (١٩٧٤)، ئەدەب و ڕەخنە، چاپخانەی (الحوادپ)، بەغدا.

١٣. کامل حسن البصیر(١٩٧٩)، زاراوەی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

١٤. کەمال جەلال غەریب(٢٠١٢)، پرۆژەی زاراوەی زانستی کوردی، دەزگای چاپ و بلآوکردنەوی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

١٥. لێژنەی زمان و زانستەکانی لەکۆڕی زانیاری کورد(٢٠١١)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، دەزگای چاپ و بلآوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

١٦. محمد محوی و نەرمین عمراحمد(٢٠٠٤)، مودێلی ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی .

١٧. محمد معروف فتاح(٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٨. میدیا جلال (٢٠١٢)، سینتاکس و سیمانتیکی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردەی مرۆڤایەتی.

١٩. لێژنەی دەستوری زمانی کوردی (١٩٨٥)، هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٢٠. وریا عمر امین(٢٠٠٤)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بلآوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

**عەرەبی:**

٢٢. مصگفی گاهر الحیادره (٢٠٠٣)، من قچیا المصگلح اللغوی العربی، عالم الکتب الحدیپ للنشر والتوزیع، الاردن

**ئەنتەرنێت:**

٢٣.انواع الاسلوب وخصائصها، الجزیره http://www.al-jazirah.com/2001/20010520/tl9.htm

٢٤.خصائص فنون النپر وخصائص الاسالیب الکتاب، http://nahar.hisforum.com/t9126-topic

**پوختەی لێکۆڵینەوە :**

مرۆڤ هەوڵیداوە بۆ گەیاندن و دەربڕین و پاراستنی بیروبۆچونەکانی خۆی نوسین بەکاربهێنێت. بیرەکانیش بە شێوازی جیاواز نووسراون و داڕێژراون، یەکێك لەم شێوازانەش بریتییە لە (پەخشانی زانستی). پەخشانی زانستیش لە رووی روخسار و ناوەرۆکەوە جیاوازە لە جۆرەکانی تری پەخشان. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ قسەکردن لەسەر زمانی ئەم جۆرە پەخشانە، کە کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەبێ لە زمانی نوسینەوەی زانست پەیڕەو بکرێت. تێگەیشتن لە ناوەرۆکی هەر دەقێك پەیوەندی راستەوخۆی بە زمانی دەقەکەوە هەیە. ئینجا کۆمەڵێك ڕێوشوێن بەشداری دەکەن لەگەڵ زمانەکە لە پێناو سەرکەوتنی پرۆسەی گەیاندن و تێگەیشتندا.

هەر نوسینێك کە زانیارییەکی رووتی تێدا بێت وەك (کیمیا، فیزیا، بایۆلۆجی، ئەندازە...هتد) لە چوارچێوەی نوسینی ئەدەبی دەردەچێت، چونکە ناوەرۆکێکی تایبەتی هەیە، ئەم جۆرە ناوەرۆکەش دەبێت بە زمانێك تۆماربکرێت، جیاوزبێت لەو زمانەی کە نوسینی ئەدەبی پێ تۆمار دەکرێت. دەبێت زمانێك بێت دوور لە هەست و سۆز و کەسایەتی نوسەر و یەك خوێندنەوە هەڵبگرێت و دور بێت لە درێژدادڕی و هونەرەکانی رەوانبێژی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە دوو کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندنی ئامادەیی دەستنیشانکردووە بۆ قسەکردن لەسەر زمانی کتێبەکان. کە ئایا ئەو زمانەی ئەم کتێبانەی پێ نوسراوەتەوە تاچەند پەیڕەوی ئەو تایبەتمەندیانەی کردووە، کە لە زمانی پەخشانی زانستیدا هەیە.

لێکۆڵینەوەکە دابەشکراوە بۆ سەر دوو بەشی سەرەکی، بەشی یەکەم باس لە زمانی پەخشانی زانستی دەکات، کە زمانێکە پڕیەتی لە زاراوەی زانستی و ژمارە و کورتکراوە و...هتد. لەگەڵ کۆمەڵێك یاساو رێسا کە بەگشتی دەبێت هەموو نوسینێك پەیڕەویان بکات. بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ هەڵسەنگاندنی کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادەیی لە رووی زمانەوە. هەموو ئەو شوێنانەی دەستنیشانکردوە، کە سنور و چوارچێوەی پەخشانی زانستی بەزاندووە و تایبەتمەندییەکانی پەیڕەو نەکردووە.

**ملخص البحث:**

حاول الانسان منذ ان عرف الكتابة ان يستخدم اللغة وسيلة للتواصل ولبيان افكاره وارائه . وقد استخدم اساليب كتابية شتى . و واحد من تلك الاساليب هو الاسلوب العلمي النثري الذي يتميز شكلا ومضمونا عن بقية الاساليب ، كالاسلوب الادبي . وهذا البحث محاولة جادة لسبر أغوار الاسلوب العلمي النثري وذلك من حيث الشكل لا المضمون . فالنص فى مثل هذه الاسلوب ، لا يحتمل اكثر من قراءة واحدة كالنص الادبي الذي يحتمل قراءات عديدة . وذلك لانه ينأي عن استخدام الخيال والعاطفة والمجاز ، فهو اسلوب مباشر لا تعقيد فية و لا التواء ولا غموض و لا ضبابية . وقد قمنا فى بحثنا هذا بذكر بعض الملاحضات الخاصة بهذا الاسلوب العلمي النثري و باللغة المستخدمة فيه .

وقد اخترنا فى بحثنا هذا كتابين دراسيين خاصين بالمرحلة الاعدادية ، وهما: الاحياء للصف الحادي عشر و الصف ثاني عشر . وتناولنا فية بالدراسة وتحليل اللغة النثرية العلمية التي استخدمت فيهما ، وذلك للاجابة على هذا السؤال الذي اوردناه فى البحث ، هو: هل رِاعى هذان الكتابان اصول و المبادىء اللغة النثرية العلمية ام لا ؟

وقد قسمنا بحثنا هذا الى قسمين رِئيسيين ، هما: الاول ، يتحدث عن لغة الاسلوب العلمي في نص العلمي الذي يكتظ بمعلومات علمية و باشكال كتابية رِمزية كانت و اصطلاحية ، كما يتناول المبادىء الاساسية لمثل هذة الكتابات النثرية العلمية . كما لم نغفل فى هذا القسم عن علامات الترقيم و القواعد الاملائية .

و القسم الثاني: وقد بادرنا فيه بتثمين و تقسيم وتقويم كتابي الاحياء الانفى الذكر ، لتبيان مدى نجاحهما فى تطبيق اسس و مبادىء لغة النثر العلمي ، وهكذا مدى اخفاقهما فى ذلك التطبيق

## Sammary

Human beings use language for communication, expressing, and preserving their point of views. The ideas are composed in different ways; one of these ways is (scientific prose). Scientific prose in terms of form and content is different from other types of prose. This research is an attempt for discussing the language of this type of prose, which has some special features that should be applied on the language of composing science. Understanding the content of any context is directly related to the language of this content.

Any writing that contains some information like (chemistry, physics, biology etc...) is considered as a composition out of literary contexts, because it has a special content that is why this content should be recorded with a language different from literary language. It must be written in a language far from feelings and writer's personality, it should carry one specific message, far from a lot of detailing and figurative language.

This research chose two text books of secondary school in studying program for talking about the language of these books. In order to know if those features that should be used in the language of scientific prose are applicable on the language of these books or not.

The research is divided in to two main sections, the first section talks about the language of scientific prose, which is a language full of scientific terms, numbers, and abbreviations, also some rules that should be applied on all writings in general.

The second section devoted to evaluating biology book for eleven and twelve class of secondary school in terms of syntax and it figured out all those places where the scientific prose features are not applied and crossed over scientific prose borders.

# کاریگەری کەش و هەوا لە دیاریکردنی وەرزی گەشەو بەرهەمهێنانی ڕووەکی پەموو لەدەشتی شارەزوور

د.هەڵەت رشید عبدالله          م.ی. محمد قادر رسولّ
زانکۆی ڕاپەڕین/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان/بەشی جوگرافیا

## پێشەکی :.

چالاکی کشتوکاڵی یەکێکە لە و چالاکیانەی مرۆڤ کە کاریگەرە بە هۆکاری سروشتی لەوانە بەرزی و نزمی و خاك و ئاو و هەوا، بەڵام ئاو و هەوا لە پلەی یەکەمی ئەو هۆکارە سروشتیانەیە کە کاریگەری هەیە لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی، وە دیاریکردنی کاریگەری کەش و هەوا و پێوانەکردنی ئاستی کاریگەری ڕەگەزەکانی کەش و هەوا لەسەر بەرهەمێکی کشتوکاڵی گرنگە چونکە دەتوانرێت لەم ڕێگەیەوە بەرهەمی کشتوکاڵی زیاد بکرێ و وە بەرهەمی نوێ بهێنرێتە ناوچەیەکەوە کە پێویست بێ بۆ پێشخستنی کشتوکاڵ لە ناوچەکە، کەش و هەوای کشتوکاڵی  کە ئەرکی دیاریکردنی کاریگەری دیاردە و ڕەگەزەکانی کەش و هەوایە لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی لەناوچەیەکی دیاریکراودا، خزمەتێکی گەورەی بەکەرتی کشتوکاڵکردوە و دەتوانرێ لە ڕێگەی ئەم زانستەوە بارودۆخی کشتوکاڵی هەر ناوچەیەك پلانی بۆ دابنرێ و گەشە بە بەرهەمی کشتوکاڵی بدرێ بە ئامانجی پێشخستنی ئابوری  وڵات و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی تاکەکەس لە داهاتی وڵات .

بەرهەمی پەموو بەرهەمێکی نەختینەی و پیشەسازی گرنگە و لەبەر گرنگی بە زێڕی سپی ناودەبرێ ، ڕووەکی پەموو بەرهەم و سەرجەم بەشەکانی دەتوانرێ سوودی لێببینرێت لە ناوکەکەی ڕوونی ڕووەکی دروست دەکرێت و هەروەها توێکڵەکەی بۆ ئالیکی ئاژەڵ بەکاردێت، وە دەتوانرێت سوودی لێببینرێت بۆ پیشەسازی پاك کەرەوە ، جگە لەوانەش تاڵەکانی باشترین جۆری جل وبەرگی لێ دروست دەکرێت لە پیشەسازی  ڕستن و چنین و پیشەسازی کاغەز ....هتد   بەکار دێت ، لەبەر ئەم بەکار هێنان و گرینگییانە دەتوانرێت بەرهەمی پەموو وەك داهاتێکی نیشتیمانی لەپێناو بەرز کردنەوەی داهاتی تاکە کەس و کەم کردنەوەی بێکاری سەیر بکرێت .

## کێشەی توێژینەوە

دەتوانین کێشەی توێژینەوەکە دیاری بکەین لەسەر بنەمای ڕۆڵی ڕووەکی پەموو لە بەرز کردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی و دابین کردنی کەرەستەی خاو بۆچەندین پیشەسازی و کەمکردنەوەی بێکاری ، بەڵام چاندنی لە ئێستادا بوونی نەماوە سەرەڕای بوونی دەشتێکی فراوان ، لەگەڵ بوونی دەستی کار لە ناوچەکەدا، وە لە پێناو دووبارە ڕێکخستنەوە و پەرەپێدانی بەرهەمی پەموو بۆئەوەی ببێتە هۆکارێك بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی بەتایبەت بەرهەمی نەختینەی و دروستکردنی کارگەی پیشەسازی و بەگەڕخستنەوەی کارگەی ڕستن و چنینی سلێمانی و دورکەوتنەوە لە بەهەدەردانی دراوی قورسی ناوخۆی هەرێم و  پشتگوێ نەخستنی کاریگەری فاکتەرە سروشتیەکان بەتایبەت کەش و هەوا لە چاندن و بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ و باشترکردنی بەرهەم .

## گریمانەی توێژینەوە

توێژینەوەکەمان لەسەر ئەو گریمانانەی خوارەوە بنیاد ناوە :-

١- بوونی وەرزێکی نموونەی بۆ چاندنی پەموو کەدەبێتە هۆی بەرهەم هێنانی بەرهەمێکی نموونەی و کوالێتی بەرز.

٢- کاریگەری ڕەگەزەکانی کەش و هەوا بەپێی قۆناغەکانی گەشەی ڕووەکی پەموو جیاوازەو پەیوەندی بەهێز لەنێوان ڕەگەزەکانی کەش و هەوای ناوچەکە و قۆناغەکانی گەشەی پەموو هەیە .

٣- دەشتی شارەزوور دەتوانرێ بکرێتە ناوەندێکی کشتوکاڵی بۆبەرهەم هێنانی بەرهەمی ڕووەکی نەختینەی و پیشەسازی .

## ئامانج لە توێژینەوەکە

ئامانج لەم توێژینەوەیە گرنگی دانە بە بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ و دەربازبوون لە کێشەی بێکاری و پراکتیك کردنی لایەنی زانسییە لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ دا هەروەها دروست کردنی جۆراو جۆرییە لەبەروبومی کشتوکاڵی چونکە ئێستا لە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای بوونی دەرامەتی سروشتی و مرۆیی بۆ بەرهەم هێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی جۆرا وجۆر، بەڵام زیاتر گرنگی بە بەرهەمی خۆراکی و بەتایبەت بەرهەمی دانەوێڵە دەدرێت ، بەرهەمی پیشەسازی پشتگوێ خراوە و کێڵگە کشتوکاڵیەکان بە شێوازی زانستی بەڕێوە نابرێن .

## ڕێبازی توێژینەوە

لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە ، ڕێبازی بابەتی پشت بەست بە شیکردنەوە و کاریگەری و پەیوەندی لەڕێگەی هەڵێنجانی بەراورد کاری لە نێوان ڕەگەزەکانی کەش و هەواو پێداویستیە کەش و هەواییەکانی ڕووەکی پەموو بەپێی قۆناغەکانی گەشەی ڕووەکی پەموو لەم پێناوەیەشدا داتای تۆمارکراوی ساڵانی (٢٠٠١-٢٠١٣) وێستگەی هەڵەبجەمان بەکارهێناوە کە تاکە وێستگەیە لە دەشتی شارەزوور داتای تۆمارکراوی هەبێت ، هەروەها بۆ دیاری کردنی پێداویستی کەش و هەوای پەموو ماوەی قۆناغەکانی گەشەکردنی سەرچاوەی زانستی پەرتووکەکانی بواری کشتوکاڵیمان بەکارهێناوە.

## پلانی توێژینەوەکە

بەمەبەستی گەیشتن بە دەرەنجامێکی ورد، توێژینەوەکەمان بەسەر سێ تەوەردا دابەشکردووە، لە تەوەری یەکەم باسمان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەو بایەخ و گرنگی ئابووری پەموو کردووە، لە تەوەری دووەمدا بارودۆخی ئاوو هەوای ناوچەکەمان شیکردۆتەوە، هەروەها لە تەوەری سێیەمدا کاریگەری کەش و هەوامان لە سەر وەرزی چاندن و گەشەی پەموو لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەماندا خستۆتەڕوو.

## دیاریکردنی ناوچەی تویژینەوە

دەشتی شارەزوور دەکەوێتە باشوری رۆژهەڵاتی شاری سلێمانی، لە نێوان بازنەکانی پانی ( 10′ :35°) و ( :35°) 00″ :29′باکور، و نێوان هێڵەکانی درێژی ( 55″ :35′ :45°) و (68″ :02′ :46°) رۆژهەڵات. دەشتێکی فراوان و بەپیتە و درێژییەکەی لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا (٤٥کم)ە، پانییەکەشی (١٥–٢٥)کم دەبێت. بەرزی لە ئاستی رووی دەریاوە لە نێوان (٤٥٠–٦٠٠م) دایە، بە چیاکانی هەورامان و سورێن لە بەشی رۆژهەڵاتیەوە، بالآمبۆ و شنروێ لە باشور، شاخەکانی بەرزنجە و گۆیژە لە باکور و باکوری رۆژئاوادا یە، لە دوای دروستکردنی بەنداوی دەربەندیخان بەشێك لە زەوی ئەم دەشتە لە بەشی خوارەوەیدا کەوتۆتە ژێر ئاوی بەنداوەکەوە. رووبەری دەشتی شارەزوور (٦٧٥)کم$^{2}$، کە مەڵبەندی چەند شارێکی وەکو هەڵەبجەی شەهید، هەڵبجەی تازە و سەیدسادق و دەیان گوندی لەسەر دروستکراوە . نەخشەی (١). ئەم دەشتە لەچەند خاکێکی بە پیت پێکهاتووە کە بۆ کشتوکاڵ گونجاوە وەکو خاکی کەستەنائی کە بەشی هەرە زۆری دەشتی شارەزوور لەم جۆرە خاکەیە، وە خاکی چیرونۆزوم و خاکی جیپری و خاکی کلسی لە دەشتی شاررەزوور بونی هەیە[١]. وە دەشتی شارەزوور دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی ئەمەش هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆکشتوکاڵکردن لەوەرزی هاوین چونکە بارانی دەشتی شارەزوور زستانەیە و دەشتەکەش رووبەکی تەختی هەیە و ئاودێریکردن تێیدا ئاسانە . گرنگترین سەرچاوە ئاوییەکانی دەشتەکەش بریتین لە رووباری سیروان و تانجەرۆ و رووباری زەڵم و سەرچاوە ئاوییەکانی سەرای سوبحان ئاغا و بیێستان سور، ئاوی هەموو ئەم دەرامەتە ئاوییانەش لە بەنداوی دەربەندیخان کۆدەبێتەوە کەدەکەوێتە بەشی باشور و خۆرئاوای دەشتی شارەزوور دەتوانرێ بۆ ئاودێری سوودی لێ وەربگیرێ .

---

[١] خلیل کریم محمد، المیاه الجوفیة في سهل شهرزور وامکانیات استثمارها، منشورات مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة، السلیمانیة، ٢٠٠٩، ص٦٤. و لەیلا محەمەد قارەمان، خاکی هەرێمی کوردستان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٩،ل٨٠.

نەخشەی (١)

شوێن و رووبەری دەشتی شارەزوور




سەرچاوە:.کاری توێژەران پشت بەست بەبەرنامەی arcgis 9.3 بەبەکارهێنانی dem نمونەی بەرزی ژمارەیی

## بایەخی ئابوری پەموو:

پەموو یەکێکە لە بەرهەمە کشتوکاڵییە پیشەسازییەکان . کە داهاتێکی بەرز بۆ جوتیار دابین دەکات و لە پیشەسازی ڕستن و چنین و ڕۆنی رووەك و سابوون و پلاستیك و ئالیکی ئاژەڵ، و دروستکردنی کاغەز بەکاردێت . لە ساڵی (١٩٦٠) ەوە تاکو ساڵی (٢٠٠٦) بەرهەمهێنانی پەموو لەسەر ئاستی جیهان دوو هێندە زیادی کردووە، لە (١٠,٢) ملیۆن تەنەوە گەیشتۆتە (٢٠,٣) ملیۆن تەن کە رێژەی گەشەی ساڵانە گەیشتۆتە ١,٧٪ لەم ڕێژەیەش وڵاتی چین لە (٢٨٪)، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (١٧٪) و

هیندستان (١٢٪) یەك لە دوای یەك پەمووی جیهانیان بەرهەمهێناوە کە نزیکەی (٦٠٪) کۆی بەرهەمی پەمووی جیهانیان لە (٢٠٠٤–٢٠٠٥) بەرهەمهێناوە[٢].

## بەشداری پەموو لە دابینکردنی هەلی کار:

چاندن و بەرهەمهێنانی پەموو پێویستی بە دەستی کاری زۆر هەیە، بۆیە هەلی کار دەڕەخسێنێت بۆ دانیشتوانی ناوچەی بەرهەمهێنانی پەموو، بە تایبەت لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکان. بەڵام قورسە بتوانرێت بە گشتی رێژەو ژمارەی هەلی کار کە بەرهەمی پەموو دەیڕەخسێنێت دیاری بکرێت، لەبەر ئەوەی رەخساندنی هەلی کار و ژمارەی کریکاران پشت بە جۆری بەرهەمهێنان و رووبەری زەوییە داچێنراوەکان بە پەموو و بەکارهێنانی ئامێر دەبەستێت. بۆ نمونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بەرهەمهێنانی پەموو بە رێژەیەکی بەرز پشت بە بەکارهێنانی ئامێر دەبەستێت بۆیە پێویستی بە دەستی کاری کەم هەیە، بەڵکو پێویستی بە دەستی کاری شارەزا هەیە، جگە لەمەش کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی پەموو رووبەریان فراوانە چونکە زیاتر پشت بە ئامێر دەبەستن. بەڵام لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان رووبەری کێڵگەکان بچوکترە، بۆیە دەستی کارکەر تیایاندا بەرزترە. بۆ نمونە لە ساڵی (٢٠٠٠)دا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رووبەری داچێنراو بە پەموو (٥,٣) ملیون هێکتار بووە کە دابەشبووە بەسەر (٣١٥٠٠) سی و یەك هەزارو پێنج سەد کێڵگەدا، لە کاتێکدا لە وڵاتێکی وەکو چین نزیکەی (٤٠) چل ملیون کێڵگەی بچوك کشتوکاڵی پەموویان تێدا کراوە، لە کاتێکدا ڕووبەری چێنراو نزیکەی (٤,٢) ملیون هێکتار بووە. رووبەری کێڵگەکانی (U.S.A) گەورەتر بوون بۆیە زیاتر پشتیان بە ئامێر بەستووە بەڵام بچووکی رووبەری کێڵگە چێنراوەکانی وڵاتی چین و وڵاتە تازە گەشەکردووەکانی تری زیاتر پشت بە ژمارەی دەستی کارکەر دەبەستن. بە گشتی کێڵگە گەورەکانی بەرهەمهێنانی پەموو لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا نزیکەی (٤\١) یەك لەسەر چواری رووبەری داچێنراو بە پەموو پێکدێنن، هەروەها نزیکەی (٣\١) یەك لەسەر سێی داهاتی جیهان دابین دەکەن، بەڵام هەلی کار بۆ ژمارەیەکی کەمی دەستی کاری کرێکار دەرەخسێنن. لە بەرامبەردا کێڵگە بچووکەکان هەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆری دەستی کار دەڕەخسێنن، وە لە (٧٢٪) رووبەری داچێنراو بە پەموو لە جیهان پێکدێنن، کە لە (٦٥٪) بەرهەمی جیهان دابیندەکەن. بە گشتی ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە راستەوخۆ لە کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی پەموودا کاریان کردووە ژمارەیان لە (١٠٠) سەد ملیون کەس زیاتر بووە[٣].

جگە لە دابینکردنی هەلی کاری راستەوخۆ بەرهەمی پەموو بە شێوەیەکی ناراستەوخۆش بەشداری دەکات لە دابینکردنی هەلی کار بۆ کرێکاران، وەکو دابینکردنی هەلی کار لە پیشەسازی ڕستن و چنین و دروستکردنی قوماش و گواستنەوەی بەرهەمی پەموو بۆ بازاڕەکان...هتد. نزیکەی (١–٢) ملیون کەس بە تەنیا لە کارگەکانی شیکردنەوەی پەموو و بازاڕکاری پەموو لە جیهاندا کار دەکەن. هەروەها لە وڵاتی چین نزیکەی (١٧) ملیون کرێکار لە هەردوو پیشەسازی ڕستن و چنین و دروستکردنی جل و بەرگدا کاردەکەن[٤]. هەروەها لە وڵاتی هیندستان یەکێکە لە گرنترین بەروبوومە کشتوکاڵییە بازرگانییەکان کە رۆڵێکی

[2] Fortucci P., The Contributions of Cotton to Economy and Food Security in Developing Countries, https://www.icac.org/meetings/cgtn_conf/documents/11_fortucci.pdf (22-11-2014), P1.

[3] Fortucci P., OP. Cit, P., 3.

[4] Ibid, P., 4.

گرنگی هەیە لە داهاتی نەتەوەیی و دابینكردنی هەلی كار، بە جۆرێك هەلی كاری بۆ نزیكەی (١) یەك ملیۆن كەس رەخساندووە[٥]. و لە ولاتی جۆرجیا زیاتر لە (١٥٤٠٠) پازدە هەزارو چوارسەد هەلی كاری ڕەخساندووە لە ساڵی ٢٠١١[٦].

## بەشداری پەموو لە داهاتی نەتەوەیی:

پەموو یەكێكە لە گرنگترین و بەربلاوترین بەرهەمەكانی كشتوكاڵ لە جیهاندا. لە ساڵی (٢٠٠٠)دا نزیكەی ١٣٠ وولات پەموویان بەرهەمهێناوە، لەهەمان ساڵدا رووبەری چێنراو بە پەموو بە (٢,٥٪)ی رووبەری داچێنراوی كشتوكاڵی لە جیهاندا مەزەندەكراوە، كە یەكێكە لە گرنگترین و بەربلاوترین بەرهەمە كشتوكاڵییەكان، دوای بەروبوومی خۆراكی دانەوێڵە و پاقلەی سۆیا (Soybeans). ئەم ڕێژەیە لە ولاتە تازە گەشەكردووەكان بەرزتر بووە و گەیشتۆتە (٣٪)ی كۆی رووبەری گشتی زەوی كشتوكاڵی، هەر لەهەمان ساڵدا نزیكەی (١٧٠) ولات بەشدارییان لە هاوردەكردن و هەناردەكردنی بەرهەمەكانی پەموودا كردووە. لە ساڵی (٢٠٠٠)دا بەرهەمی پەمووی جیهان بە (١٩) ملیۆن تەن هەژماركراوە، بەشداری لە داهاتی جیهاندا نزیكەی(٢٦,٦$) بلیۆن دۆلار بووە. پەموو بەشدارییەكی گرنگی هەیە لە داهاتی نەتەوەیی وولاتانی بەرهەمهێندا بەتایبەت لە داهاتی وولاتە تازە پەرەسەندووەكاندا، چونكە تا ئێستاش كشتوكاڵ لەو وولاتانەدا یەكێكە لە كەرتە گرنگەكانی بەشدار لە داهاتی نەتەوەییدا[٧].

بەگشتی ڕێژەی بەشداری پەموو لە داهاتی نەتەوەییدا لە جیهاندا ١٪ بووە لە هەمان ساڵدا، بەڵام بێگومان ئەم ڕێژەیە لە ولاتێكەوە بۆ ولاتێكی تر جیاواز بووە. بە جۆرێك هەر یەكە لە ولاتانی (ئۆزباكستان، تاجكستان، بەنین Benin و كۆماری سوریا زۆرترین داهاتیان هەبووە، و ڕێژەی بەشداری پەموو لە داهاتی نەتەوەییاندا لە نێوان (٨–١٢٪) دا بووە[٨]. هەروەها هەناردەكردنی پەموو بەشدارییەكی گرنگ دەكات لە بەرزكردنەوەی داهاتی نەتەوەییدا، بە ڕێژەی (٣–٥٪) بەشداری لە داهات نەتەوەیی هەریەك لە ولاتانی (بەنین، بوركینیا فاسۆی مالی، چاد و تانكۆ) دەكات. چونكە ڕێژەیەكی بەرز لە ئاستی هەناردەكردنی بەرهەمە كشتوكاڵییەكانی ئەو ولاتانە پێكدێنێت. بۆ نمونە لە (٣٧,٦٪) ی كۆی گشتی بەرهەمە هەناردەكراوەكان و (٧٢,٦٪) ی كۆی بەرهەمە كشتوكاڵییەكانی ولاتی بەنین (Benin) پێكدێنێت، هەروەها لە (٥١,٤٪)ی كۆی گشتی بەرهەمە هەناردەكراوەكان و (٧٠,٦٪) كۆی بەرهەمە كشتوكاڵییە هەناردەكراوەكانی ولاتی بوركینا فاسۆ (Burkina Faso)

---

[5] Agarwal,D.K. et al. (2003), Cottonseed Oil Quality, Utilization and Processing, http://www.cicr.org.in/pdf/cottonseed_oil.pdf (6-12-2014), P., 3.

[6] Kane, S. P., Shurly, W. D. and Wolfe, K., (2013) Economic Contribution of Cotton Production in the Georgia Economy,2011, http://www.caes.uga.edu/center/caed/documents/EconomicContributionofCottonProductioninGA2011_FINAL.pdf (22-112014), P., 2.

[7] Fortucci P., OP.Cit., P1.
[8] Ibid, P 2.

پێکدێنێت[9]. هەروەها لە ساڵی ٢٠١١ داهاتی وڵاتی جۆرجیا لە بەرهەمی پەموو (٢,٥) بلیۆن دۆلار بووە[10]. بەگشتی پەموو یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی جیهانی هەم لە ڕووی قەبارەوە، هەم لە ڕووی نرخەوە، بە جۆرێك هەر لەساڵی (٢٠٠٠)دا زیاتر لە (١٠٠) وڵاتی جیهان پەموویان هەناردەی دەرەوە کردووە، کە (٨٥) وڵاتیان لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکان بوون، داهاتی هەناردەکرنەکە (٧,١) بلیۆن دۆلار بووە لە جیهاندا. کە دەکاتە نزیکەی (٢٪) ی کۆی بەرهەمە کشتوکاڵییە هەناردەکراوەکانی جیهان، و پلەی شەشەمی گرتووە لە دوای هەریەکە لە (ڕۆنی ئاژەڵی، گەنم، ڕۆنی ڕووەك، گۆشت و گەنمەشامی)[11].

## بەکارهێنانی پەموو لە پیشەسازی ڕستن و چنیندا:

بەرهەمی پەموو بۆ مەبەستی جۆراو جۆر بەکاردەهێنرێت، وەکو: جل و بەرگ، ڕستن و چنین، جوانکاری و بواری پزیشکی و چەندان بواری تر، بەکارهێنانی پەموو ساڵ دوای ساڵ لە زیاد بووندایە بە جۆرێك بەکارهێنانی پەموو لە سەر ئاستی جیهان لە (٢٠٠٠–٢٠٠٧) بە ڕێژەی (٣٥٪) زیادی کردووە[12]. تاڵەکانی پەموو دەچنە پیشەسازی ڕستن و چنین و دروستکردنی قوماش و جل و بەرگەوە، هەندێك وڵات بەرهەمی پەموویان لە ناوخۆی وڵاتدا بەکاردێنن بۆ نمونە هەردوو وڵاتی ئەنگلۆفۆن (Anglophone) بە ڕێژەی ٩٠٪ و نایجیریا بە ڕێژەی (٦٥٪)ی بەرهەمی پەموویان لە نێوان ساڵانی ١٩٩٣ تاکو ٢٠٠٤ لە ناوخۆی وڵاتدا بەکارهێناوە[13].

## دەرهێنانی ڕۆن لە ناوکی پەموو:

سوودێکی گرنگی تری پەموو دەرهێنانی ڕۆنە لە ناوکی پەموو، چونکە نزیکەی (٢٠٪ – ٢٥٪) ناوکی پەموو بریتییە لە پرۆتین، جگە لە پرۆتین ناوکەکەی کاربۆهیدرات و کانزاو ڤیتامین و چەندان ماددەی سوود بەخشی تری تێدایە بۆیە ناوکی پەموو دەچێتە پیشەسازی دروستکردنی ڕۆنەوە. ڕۆنی پەموو یەکێکە لە پاکترین جۆرەکانی ڕۆن کە بەکاردێت بۆ ئامادەکردنی خواردن، هەروەها سودێکی گرنگی تری ئەوەیە ئاستی دژەئۆکسانی زۆر بەرزە، و هیچ جۆرە چەورییەکی زیان بەخشی تێدا

9 OECD, (2005) Economic and social importance of cotton in West Africa: Role of cotton in regional development, trade and livelihoods, http://hubrural.org/IMG/pdf/csao_etude_socio_eco_coton_eng.pdf (22-112014), P., 30.

10 Kane, S. P., Shurly, W. D. and Wolfe, K., Op. Cit., P., 2.

11 Fortucci P., OP.Cit., P2.

12 FAO, (2011) A summary of the World Apparel Fiber Consumption Survey 2005-2008, http://www.fao.org/fileadmin/templates/est/COMM_MARKETS_MONITORING/Cotton/Documents/World_Apparel_Fiber_Consumption_Survey_2011_-_Summary_English.pdf (10-12-2014), P., 2.

13 OECD, (2006) West Africa in the International Market, Op.Cit., P. 14.

نییە[14]. ڕۆنی پەموو بەهۆی بەرزی کوالێتییەکەی و نەبوونی چەوری زیان بەخش تیایدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی سەرەکی بە ڕێژەی (٦٥٪) بۆ دروستکردنی خۆراك و زەلاتە بەکاردێت، هەروەها نزیکەی (٣٦٪) بۆ دروستکردنی نان و چەند جۆرێکی تری خوارنی سورکراوە بەکاردێت[15].

## ماوەی وەرزی گەشە و قۆناغەکانی وەرزی گەشەی پەموو :

ڕووەکەکان لە ڕووی وەرزی گەشەو ماوەی وەرزی گەشەوە جیاوازن، واتە هەر ڕووەکێك ماوەیەکی دیاری کراوی هەیە و بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت کە جیاوازە لە ماوەو قۆناغەکانی وەرزی گەشەی ڕووەکێکی تر، دیاریکردن و باسکردنی ماوەی وەرزی گەشە و قۆناغەکانی وەرزی گەشەی ڕووەك و دیاریکردنی پێداویستی یە ژینگەی یەکانی ڕووەك گرنگە بۆ دیایکردنی وەرزی چاندن و کۆکردنەوەی بەرهەم و باشترکردن و زیادکردنی بەرهەم و دوورخستنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی لە زیانەکانی وەرزی گەشە کە بەهۆی بەرز و نزمی ڕەگەزە ژینگەییەکانەوە تووشی دەبێت. سەرچاوە کشتوکاڵی یەکان ماوەی وەرزی گەشەی پەموو بە (١٦٥ – ٢١٠) ڕۆژ دەخەمڵێنن و وەرزی گەشەش بۆ سێ قۆناغ دابەش دەکەن کە بریتین لە قۆناغی گەشەی سەرەتایی تا (چەکەرە کردن و سەوزبوونی بەرهەم)کە ماوەی ئەم قۆناغە لە نێوان (٢٠ –٣٠) ڕۆژدایە، قۆناغی دووەم بریتی یە لە قۆناغی گەشەی سەوز و دروست بوونی لق و گەلا (النمو الخچي)، کە ماوەی ئەم قۆناغە لە نێوان (٣٠ – ٤٠) ڕۆژدایە، دوا قۆناغیش قۆناغی پێگەیشتن و کۆکردنەوەی بەرهەمە کە ماوەی ئەم قۆناغە لە نێوان (١١٥ – ١٤٠) ڕۆژدایە و دەتوانرێ دابەش بکرێ بۆ سێ قۆناغ ئەوانیش قۆناغی گوڵ کردن (٦٥ – ٧٥) ڕۆژ و قۆناغی دروستبونی بەرهەم (٣٠ – ٤٠) ڕۆژ و قۆناغی پێگەیشتنی بەرهەم (٢٠ – ٢٥) ڕۆژ.[16]

## پێداویستی یە کەش و هەواییەکانی پەموو:

### ١. تیشکی خۆر :

تیشکی خۆر و درێژی ڕۆژ کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر گەشەی ڕووەکی پەموو، پەموو بەشێوەیەکی گشتی حەز بە تیشکی خۆر دەکات و لە ناوچەیەك گەشە دەکات کە درێژی ڕۆژ تیایدا (١٢) کاتژمێر بێت، دەرکەوتنی خۆر و بە هێزیەکەی کاریگەری هەیە لەسەر زوو پێگەیشتنی بەتایبەت لە قۆناغی گوڵکردن و پێگەیشتن ، کەمی دەرکەوتنی خۆر دەبێتە هۆی کەمی گەلاو گوڵ و لە کۆتایشدا بەرهەمی پەموو.[17]

---

[14] Agarwal,D.K. et al. (2003), Cottonseed Oil Quality, Utilization and Processing, http://www.cicr.org.in/pdf/cottonseed_oil.pdf (6-12-2014), P. 2-4.

[15] Ibid, P. 11.

[16] ئومێد نوری محمد امین، اسس الحاصلات الزراعیة في المناطق الدیمیة، الطبعة الأولى، منظمة الأغذیة والزراعة ، السلیمانیة، ٢٠٠٣، ص ٩٠.

[17] عبدالحمید احمد یونس، عبدالستارعبداللة الكركجى، زراعة المحاصیل الصناعیة في العراق، دار الكتب للطباعة والنشر،بغداد، ١٩٧٧، ص ١٠١.

### ٢. پلەی گەرمی :

پلەی گەرمی پێداویستی یەکی گرنگی ژیانی هەموو ڕووەکێکە وە گرنگیەکەشی بەپێی قۆناغەکانی گەشەی ڕووەکەکە دەبێت، پەموو ڕووەکێکی هەستیارە بۆ پلەی گەرمی و لە سەرجەم قۆناغەکانی گەشەی پەموو کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر جۆری بەرهەم و کاتی چاندن و پێگەیشتنی و بەهۆی گرنگی پلەی گەرمی لەسەر ڕووەکی پەموو لێرەدا بە پێی قۆناغەکانی گەشەی ڕووەك باسی پلەی گەرمی دیاریکراو و پێویست دەکەین بۆ گەشەی ڕووەك.

### ٣. قۆناغی گەشەی سەرەتایی:

یەکێکە لە قۆناغە زۆر هەستیارەکان بە پلەی گەرمی،پەموو لەسەرو (١٢$^{O}$ س) گەشە دەکات و گەشەی ڕووەکی پەموو لە خوار (١٢$^{O}$ س) ڕادەوەستێ، نایابترین پلەی گەرمی بۆ گەشەی سەرەتایی پەموو بریتی یە لە (٢٤ – ٢٨$^{O}$ س) ،وە بەرزترین و نزمترین ئاستیش بۆ گەشەی سەرەتای پەموو بریتی یە لە (١٥ – ٣٠$^{O}$ س).[١٨]

**گەشەی سەوزو دەرکەوتنی لق و گەڵا:**

لەم قۆناغەدا پێویستە پلەی گەرمی لە (١٦$^{O}$ س) کەمتر نەبێت و لە (٤٢$^{O}$ س) زیاتر نەبێت، وە نایابترین پلەش بۆ گەشەی پەموو لەم قۆناغەدا لە نێوان (٢٥ – ٣٣$^{O}$ س )، وە دابەزینی پلەی گەرمی بۆ خوار (٠،٥$^{O}$ س) دەبێتە هۆی لە ناوچوونی ڕووەکی پەموو، وە ڕووەکی پەموو بەشێوەیەکی سەرەکی لە شەودا گەشە دەکات باشترین پلەی گەرمی لە شەودا(١٧$^{O}$ س)، وە لە قۆناغی پێگەیشتنیش بریتی یە لە (٢٦$^{O}$ س)، بەڵام ئەگەر داببەزێت بۆ (١٠ – ١٢$^{O}$ س) ئەوا ڕیشاڵەکانی گەشە ناکات و پێگەیشتوو نابێ.[١٩]

**قۆناغی پێگەیشتن :**

بەشێوەیەکی گشتی ڕووەکی پەموو لە قۆناغی پێگەیشتن پێویستی بە پلەی گەرمی هەیە لەنێوان (١٢ – ٣٧$^{O}$ س) وە بەرزی پلەی گەرمی دەبێتەهۆی کورت بوونی باڵا و لە دەستدانی ئاو سەرەنجام زیانی زۆر بە ڕووەکی پەموو دەگەیەنێت، وە نموونەییترین پلەی گەرمی بۆ گەشەی ڕووەکی پەموو لە قۆناغی ناوبراو لە نێوان (٣٠ – ٣٢$^{O}$ س).[٢٠]

بەشێوەیەکی گشی ڕووەکی پەموو حەزی بە کەشی گەرم هەیە بۆ گەشەکردن بەتایبەت لە قۆناغەکانی گەشەی سەوز و گوڵکردن و پێگەیشتندا، بەرزی پلەی گەرمی لەم قۆناغەدا دەبێتە هۆی خێرا گەشەکردن و زوو پێگەیشتنی بەرهەم پێش هاتنی وەزی باران و نزم بوونەوەی پلەی گەرمی دەبێتەهۆی کەوتنی بەرهەم، بەڵام نزم بوونەوەی پلەی گەرمی لە قۆناغی سەرەتایی دا دەبێتەهۆی توشبوونی ڕووەکی پەموو بە نەخۆشی و دروست بوونی کەڕوو لەسەر ڕەگەکانی، بەڵام بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی وکەمبوونەوەی شێ لە قۆناغی کۆتایی گەشەیدا دەبێتە هۆی ووشك بوونەوەی بەرهەم و بچووك بوونی قەبارەی بەرهەم و پشکوتنی بەرهەم پێش تەواو پێگەیشتنی بەرهەم.[٢١]

---

[18] محسن على احمد الجنابي، يونس عبدالقادر على،المدخل الى انتاج المحاصيل الحقلية، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٩٦، ص ٢٢٢.

[19] رادكا ديموفا، ديكو ديكوف، المحاصيل الحقلية في المناطق الأستوائية و شبة الأستوائية، ترجمة خليل ابراهيم محمدعلى، دار الكتب، جامعة بغداد، ١٩٩٠ ، ص (٣٥٩-٣٦٠).

[20] صلح الدين عبدالرزاق شفشق، عبدالحميد السيد الدبابي، انتاج المحاصيل الحقل، الطبة الأولى، دارالفكر العربى، القاهرة، ٢٠٠٨، ص٢٤٨.

[21] عبدالحميد احمد يونس، عبدالستارعبداللة الكركجى، زراعة المحاصيل الصناعية في العراق، المصدر السابق، ص١٠٠-١٠١.

٤. **با :**

کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر کشتوکاڵ و ڕووەك، با هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی ناوکی پیتاندن و هۆکارێکە بۆ پیت کردن،بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا با هۆکارێکە بۆ گواستەوەی ناوکی زیان بەخش و بڵاوکردنەوەی تۆوی زیان بەخش لە کێڵگەکاندا، جگە لەوەش بای خێرا دەبێتە هۆی هەڵوەراندنی گەڵاو شکاندنی لقی ڕووەکەکان و هەڵوەراندنی گوڵ و بەرهەم پێش پێگەیشتن یان دروێنە کردن، هەروەها با دەبێتە هۆی زیادکردنی بوون بە هەڵم (دەڵاندن)لە سەر قەد و گەڵای ڕووەکەکان و ووشکبونەوەی ڕووەکەکان، وە با کاریگەری هەیە لەسەر بەرهەمی پەموو بەتایبە خێرای با لەکاتی پێگەیشتن و دەبێتەهۆی بڵاوە پێکردنی بەرهەمەکەی.

٥. **شێ و باران :**

شێ پێویستی یەکی سەرەکی گەشەکردنی پەمووە، ڕووەکی پەموو پێویستی بە ڕێژەیەکی بەرزی شێ هەیە بەتایبەت لەقۆناغی پێگەشتندا گەر بێت و ڕێژەی شێ ی هەوا لەم قۆناغەدا لە (٧٠٪) بێت ئەوا بەرهەمەکەی باش دەبێت، چونکە لەم قۆناغەدا بەرزی شێ دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەم و باش بوونی تاڵەکانی،بەڵام باران بارین و زۆری شێ لە قۆناغی کۆتایی گەشەیدا دەبێتەهۆی کەم بوونەوەی گەیشتنی تیشکی خۆر کە زیان بەبەرهەم دەگەیەنێت،ڕووەکی پەموو پێویستی بە (٥٠٠–١٥٠٠)ملم باران هەیە بۆ سەرجەم قۆناغەکانی گەشەی بەڵام ئەگەر هاتوو لەوەرزی ووشکی بێ باراندا چێنرا دەتوانرێت ئاوی بەقەبارەی هەمان بڕ لە باران لە ڕێگەی ئاودێری یەوە بۆ دابین بکرێت .[٢٢]

## کەش و هەوای دەشتی شارەزوور :

ڕوونکردنەوە و دەرخستنی کەش و هەوای دەشتی شارەزوور هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ زانینی چالاکی کشتوکاڵ و ئەو بەرهەمە کشتوکاڵیانەی کە دەتوانرێت لە ناوچەکە بچێنرێن و بەرهەم بهێنرێن . چونکە ناوچەیەکی وەکو دەشتی شارەزوور بە هۆی بەپیتی خاکەکەی و بوونی دەرامەتی ئاوی و فراوانی و تەختی دەشتەکەی ناوچەیەکی تەواو گونجاوە بۆ کشتوکاڵ کردن.

### ١-دەرکەوتنی ڕاستەقینەی خۆر:-

دەرکەوتنی ڕاستەقینەی خۆر لە وێستگەی هەڵەبجە جیاوازی گەورەی تیادا دەبینرێ لەنێوان مانگ و وەرزەکانی ساڵدا . بەشێوەیەك کە بەرزترین ئاستی دەرکەوتنی لە هاویندایە بە ناوەندی (١٢.١)کاتژمێر /ڕۆژ . وە نزمترین ئاستی دەرکەوتن لە وەرزی زستاندایە بە ناوەندی (٥.٢)کاتژمێر/ڕۆژ . وە ئاستی دەرکەوتنی لە هەردوو وەرزی پایز و بەهاردا بە ناوەندی (٩.٠)کاتژمێر/ڕۆژ . وە (٧.٢)کاتژمێر/ڕۆژ . وە جیاوازی ئاستی دەرکەوتنی لە مانگەکانی ساڵدا گەورەیەو ڕێژەی دەرکەوتن لە مانگی کانوونی دووەم (٥.١)کاتژمێر/ڕۆژ . بەڵام ڕێژەی دەرکەوتن لە مانگی حوزەیران (١٢.٢)کاتژمێر/ڕۆژ . ئەمەش بەرزترین ئاستی دەرکەوتنە لە نێوان مانگەکانی ساڵدا. وە دەرکەوتن لە لە مانگەکانی کانوونی یەکەم (٥.٢)کاتژمێر/ڕۆژ . وە لە مانگی شوبات (٥.٣)کاتژمێر/ڕۆژ . بەڵام لە مانگەکانی هاوین حوزەیران (١٢,٢) کاتژمێر/ڕۆژ، تەموز (١٢.١)کاتژمێر/ڕۆژ، ئاب (١٢.١)کاتژمێر/ڕۆژ .وە ئاستی دەرکەوتنی خۆر لە مانگەکانی وەرزی بەهار (ئازار و نیسان و ئایار) (٦.١ – ٦.٤ –

---

[٢٢] مخلف شلال مرعي، ابراهيم محمد حسون، جغرافية الزراعة، دار الكتب،الموصل،١٩٩٦، ص١٨٩.

٩.١)کاتژمێر/ڕۆژ . دوابەدوای یەك . وە ئاستەکەی (١٠.٥ – ٩.٥ – ٧.١)کاتژمێر/ڕۆژ لە مانگەکانی پایز (ئەیلول و تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم ) . خشتەی (١) . هۆکاری ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ کورتی کاتژمێرەکانی ڕۆژ و زۆربوونی هەور و تەم لە زستان و زیاد بوونی کاتژمێرەکانی ڕۆژ و نەبوونی هەور و تەم لە وەرزی هاوین.

## ٢- پلەی گەرمی

ناوەندی بەرزترین و نزمترین پلەی گەرمی ڕەنگدانەوەی گۆشەی کەوتنی تیشکی خۆرە بەهۆی نزیك بوونەوەی گۆشەی لەستوون لە باکووری زەوی .دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی و لاربوونەوەی تیشکی خۆر لە باکووری زەوی (خولگەی قرژاڵە) دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی پلەی گەرمی وەرزی زستان . بە تێڕوانین لە خشتەی (١) دەردەکەوێ کە ناوەندی نزمترین و بەرزترین پلەی گەرمی لە مانگەکانی زستان نزمترن بە بەراورد بە مانگەکانی هاوین . بەشێوەیەك ناوەندی نزمترین پلەی گەرمی لە مانگی کانوونی دووەم (٣,٨ °س).وە ناوەندی بەرزترین پلەی گەرمی (١٢,١ °س) . بەڵام ناوەندی نزمترین پلەی گەرمی لە مانگی تەموز (٢٧,٨ °س) وە ناوەندی بەرزترین پلەی گەرمی مانگی تەموز (٤٢,١ °س) . بەڵام پلەی گەرمی لە مانگەکانی وەرزی بەهار بەشێوەی پلە بە پلە لە مانگی ئازارەوە دەست دەکات بە بەرز بوونەوە تا دەگاتە بەرزترین ئاست لە مانگەکانی هاوین پاشان لە وەرزی پایز لە مانگی ئەیلولەوە دەست دەکات بە نزمبوونەوە تا نزمترین ئاست لە مانگەکانی زستان (٤.٣ °س) . بەرزترین پلەی گەرمی (١٢.٨ °س) .ناوەندی نزمترین پلەی گەرمی وەرزی بەهار (١٣.٠ °س) .وە ناوەندی بەرزترین پلەی گەرمی (٢٣.٧ °س). لە کاتێکدا ناوەندی نزمترین پلەی گەرمی وەرزی هاوین (٢٦.٧ °س). وەناوەندی بەرزترین پلەی گەرمی وەرزی هاوین (٤٠,٨ °س) .وەرزی پایزیش پلەی گەرمی مام ناوەندە و ناوەندی نزمترین پلەی گەرمی (١٥.٨ °س), ناوەندی بەرزترین پلەی گەرمی (٢٩ °س).

## ٣-خێرایی با

ناوەندی خێرایی با لە سەرجەم مانگەکانی ساڵدا تاڕادەیەکی زۆر هاوسەنگە تەنها ئاستی خێرایی با لە مانگەکانی هاویندا بەرزترین ئاست تۆماردەکات . بەشێوەیەك ناوەندی خێرایی (با) لە وەرزی هاوین (٢.٢)م/چرکە یە، ناوەندی خێرای (با) لە مانگی حوزەیران بەرزترین ئاستی خێراییە بە (٢.٣) م/چرکە . وە ناوەندی خێرایی با لە هەردوو مانگی تەموز و ئاب (٢.٢) م/چرکە . بەڵام ناوەندی خێرایی با لە وەرزی زستان (١.٥) م/چرکە، بە شێوەیەك ئەم خێراییە کەمترین ئاستی لە مانگی کانوونی دووەمدایە بە خێرای (١.٢) م/چرکە . وە پاشان خێرایی (١.٥)م/چرکە لە مانگی کانوونی یەکەم . وە ناوەندی خێرای با لە مانگی شوبات (١.٨) م/چرکە . هەروەها ناوەندی خێرایی با لە وەرزی بەهار (١.٩) م/چرکە . وە لە وەرزی پایز (١.٨) م/چرکە . خشتەی (١)

## ٤-ڕێژەی شێ

شێ ی ڕێژەیی لە وێستگەی هەڵەبجە هاوشێوەی ڕێژەی شێ یە لە سەرجەم ناوچەکە وەکو لە خشتەی(1)دا دەردەکەوێ ڕێژەی شێ لە وەرزی هاوین کەمەو ناوەندی ڕێژەکەی (٢٠٪) . بەڵام لە وەرزی پایز بەرز دەبێتەوە بۆ لە (٣٦٪) . وە لە وەرزی

زستان بەرزترین ئاست تۆمار دەکات و ڕێژەکەی دەگاتە (٦١٪) . جارێکی کە لە بەهاردا ڕێژەکەی نزم دەبێتەوە بۆ (٤٩٪) . وە لە سەر ئاستی مانگەکانی ساڵ بەرزترین ئاست لە مانگەکانی کانوونی دووەم دایە بەڕێژەی (٦٥٪) . وە نزمترین ئاست لە مانگی تەموز دایە بەڕێژەی (١٩٪) . هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی پلەی گەرمی لە وەرزی هاوین و نزمی پلەی گەرمی لە وەرزی زستان .

## ٥-باران

بارانی دەشتی شارەزوور لە شێوەی بارانی دەریای ناوەڕاست و وەرزی هاوینی ووشکە و وەرزی باران لە مانگی ئەیلولەوە دەست پێدەکات کە ڕێژەی بارانەکە کەمەو هەندێ ساڵ مانگی ئەیلول هاوشێوەی مانگەکانی هاوین ووشکە و بێ بارانە . ناوەندی بارانی مانگی ئەیلول (١.٥)ملم . لە مانگی تشرینی یەکەم (٣٠.٥)ملم . وە مانگی تشرینی دووەم (٨٠,٩)ملم . وە بەڵام ڕێژەی باران لە زستاندا بەرزە و زۆرترین بارانی ساڵی لێ دەبارێت بە شێوەیەك (١١٢.٤)ملم لە مانگی کانوونی دووەم و (١٢١.٥)ملم لە کانوونی یەکەم و (١٣٥.٣)ملم لە شوبات . وە بارانی وەرزی بەهار (٢٢٩.٥)ملم لە کۆی بارانی ساڵ پێکدەهێنێت . بە ڕێژەی (١٠٠.٩ – ٨٨.٥ – ٤٠.١ ) لە مانگەکانی (ئازار و نیسان و ئایار ) دوابەدوای یەك . خشتەی (١)

## ناوەندی مانگانە و وەرزی ڕەگەزەکانی کەش و هەوا لە ویستگەی هەڵەبجەی شەهید

( ٢٠٠١ – ٢٠١٣ )

| ڕەگەزەکانی کەش و هەوا | وەرزی زستان | | | ناوەند | وەرزی بەهار | | | ناوەند | وەرزی هاوین | | | ناوەند | وەرزی پایز | | | ناوەند |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ك١ | ك٢ | شوبات | | ئازار | نیسان | ئایار | | حوزەیران | تەموز | ئاب | | ئەیلول | ت ١ | ت٢ | |
| دەرکەوتنی خۆر (کاتژمێر/ڕۆژ) | ٥.٢ | ٥.١ | ٥.٣ | ٥.٢ | ٦.١ | ٦.٤ | ٩.١ | ٧.٢ | ١٢,٢ | ١٢.١ | ١٢.١ | ١٢.١ | ١٠.٥ | ٩.٥ | ٧.١ | ٩ |
| بەرزترین پلەی گەرمی( س ) | ١٣.٥ | ١٢.١ | ١٣ | ١٢.٨ | ١٨,٦ | ٢١.٨ | ٣٠.٧ | ٢٣.٧ | ٣٩ | ٤٢.١ | ٤١.٥ | ٤٠.٨ | ٣٧.٦ | ٣٠.٤ | ١٨.٩ | ٢٩ |
| نزمترین پلەی گەرمی( س ) | ٤.٧ | ٣.٨ | ٤.٤ | ٤.٣ | ٨.١ | ١٢.٣ | ١٨.٦ | ١٣ | ٢٤.٨ | ٢٧.٨ | ٢٧.٥ | ٢٦.٧ | ٢٢.٤ | ١٨ | ٧.١ | ١٥.٨ |
| خێرای با( م/چرکە ) | ١.٥ | ١.٢ | ١.٨ | ١.٥ | ١.٨ | ١.٩ | ٢.١ | ١.٩ | ٢.٣ | ٢.٢ | ٢.٢ | ٢.٢ | ٢ | ١.٩ | ١.٦ | ١.٨ |
| ڕێژەی شێ( ٪ ) | ٦٢ | ٦٥ | ٥٧ | ٦١ | ٥٤ | ٥١ | ٤٢ | ٤٩ | ٢٢ | ١٩ | ٢٠ | ٢٠ | ٢٤ | ٣٤ | ٤٩ | ٣٦ |
| باران ( ملم ) کۆ | ١١٢.٤ | ١٢١.٥ | ١٣٥.٣ | ٣٦٩,٢ | ١٠٠.٩ | ٨٨.٥ | ٤٠.١ | ٢٢٩.٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١.٥ | ٣٠.٥ | ٨٠.٩ | ١١٢.٩ |

سەرچاوە:کاری توێژەران پشت بەست _ وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، بەڕێوبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەی سلێمانی، بەشی ئامار، داتای بلاَونەکراوە .

## ماوەی گونجاوی ڕەگەزەکانی کەش و هەوای دەشتی شارەزوور و پێداویستی یە کەش و هەواییەکانی پەموو :

وەرزی گەشە بریتی یە لەو ماوەیەی کە ڕووەك پێویستێتی بۆ تەواوکردنی سوڕی ژیانی لە چەکەرەکردنەوە تا پێگەیشتنی و چنینەوەی،[٢٣] دیارە هەموو ڕووەکێك وەرزی گەشەی تایبەت بەخۆی هەیەو ماوەیەکی دیاریکراوی پێویستە بۆ ئەوەی پێداویستی یە خۆراکی و کەش و هەواییەکانی خۆی دەست بخات و سوڕی ژیانی تەواو بکات، سەرەتای وەرزی گەشەی ڕووەکیش لە سەروو سفری گەشەی ڕووەکەکەوە دەست پێدەکات. ماوەی وەرزی ڕووەکی پەموو لەنێوان (١٦٥–٢١٠) ڕۆژدایە بەڵام ماوەی نموونەی (١٨٠) ڕۆژە، چونکە پەموو هەستارە بەباران بەتایبەت لە قۆناغی کۆتای گەشەیدا.

پشت بەست بە پێداویستی کەش و هەوایی ڕووەکی پەموو داتای کەشناسی ویستگەی هەڵەبجە، دەتوانرێ ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی نیسان و سەرەتای مانگی ئایار بەسەرەتای وەرزی گەشەی ڕووەکی پەموو دابنرێ، بەڵام هەندێ ساڵ لە کۆتایی ڕۆژەکانی مانگی نیسان پلەی گەرمی دادەبەزێت بۆ خوار سفری گەشەی کە(١٢ °س)، بۆیە نموونەیترین کات بۆ گەشەی ڕووەکی پەموو (١ / ئایار) چونکە پاش ئەم ماوەیە پلەی گەرمی دانابەزێت بۆ خوار (١٢ °س) کە سفری گەشەی پەمووە،وە قۆناغی گەشەی سەوز و دەرکەوتنی لق و گەڵا کە پێویستی بە پلەی گەرمی بەرزتر لە(١٦ °س) هەیە لە (٢٠/ئایار)دەست پێ دەکات چونکە پلەی گەرمی مانگی ئایار بەرزەو هیچ بەستنێك ڕوونادات و پەموو دەتوانێ لە (٢٠/ئایار)ەوە گەشەی سەوز دەست پێبکات و ماوەی (٣٠) ڕۆژ دەخایەنێت ئەم قۆناغە پێویستی بە پلەی گەرمی (١٦– ٤٢ °س) هەیە، وە ئەم پلەیە لەماوەی (٢٠/ئایار) بۆ (٢٠/حوزەیران)بەتەواوی لە ناوچەکەداو لەم ماوەیەدا هەیە، وە کۆتا قۆناغیش کە قۆناغی گوڵکردن و پێگەیشتنە نموونەییترین پلەی گەرمی یە بۆ گەشەی ئەم قۆناغە (٣٠–٣٢ °س)،ئەم قۆناغە لە (٢٠/حوزەیران)دەستپێدەکات و لە هەفتەی نیوەی مانگی تشرینی یەکەم بە تەواوی پێ دەگات ئەمەش لەسەر بەرزی پلەی گەرمی مانگەکانی ماوەی ئەم قۆناغە ڕادەوەستێ بەرزی پلەی گەرمی دەبێتە هۆی زوو پێگەیشتنی، چونکە گەرمی کۆکراوەی بە ماوەیەکی کەمتر دەست دەکەوێت.

خشتەی (٢)

وەرزی گەشەی ڕووەکی پەموو لە دەشتی شارەزوور

| | گەشەی سەرەتایی<br>٢٠ - ٣٠ | گەشەی سەوز<br>٣٠ - ٤٠ | گوڵکردن و پێگەیشتن<br>١١٥ — ١٤٠ |
|---|---|---|---|
| پەموو | ٥/١ | ٥/٢٠ | ٦/٢٠ — ١٠/١٥ |

سەرچاوە کاری توێژەران بە پشت بەست بە خشتەی (١).

### کاریگەری ڕەگەزەکانی کەش و هەوا لەسەر ڕووەکی پەموو لە ماوەیەکی دیاریکراو بۆ چاندن:

### ١. دەرکەوتنی خۆر :-

پەموو یەکێکە لەو ڕووەکانەی حەزی بە ڕۆژی درێژ هەیە و بەرزی و درێژی ڕۆژ بەتایبەت لە قۆناغی پێگەیشتن، دەشتی شارەزوور ناوچەیەکە دەرکەوتنی خۆری تێدا بەرزە، بوونی تیشکی خۆر لەسەرەتای وەرزی گەشە کاریگەری ئەوتۆی لەسەر

[٢٣] محسن محارب عواد، محمد سالم ضو، مدخل الى الجغرافية الزراعية، الطبعة الولى، دار شموع الثقافة، ليبيا، ٢٠٠٢ ، ص ٦١.

ڕووەکی پەموو نییە چونکە لەم ماوەیەدا پەموو گەڵای نی یە تەنها کاریگەرە بە پلەی گەرمی، بەڵام قۆناغی گەشەی سەوز کە هاوکاتە لەگەڵ وەرزی هاوین پێویستی بە ئاستی بەرزی تیشکی خۆر هەیە لەم ماوەیەشدا تیشکی خۆر بەرزە ئاستی دەرکەوتنی خۆر لە مانگەکانی هاوین (٨,١٢)کاتژمێر/ڕۆژ، ئەمەش یەکسانە لەگەڵ ئاستی پێویستی ڕووەکی پەموو بە تیشکی خۆر، بەڵام ڕووەکی پەموو لە قۆناغەکانی کۆتایی گەشەیدا و بە دیاریکراوی لە مانگی ئەیلول توشی کەمی بەرکەوتنی تیشکی خۆر دەبێتەوە چونکە ناوەندی دەرکەوتنی خۆر لە مانگی ئەیلول (١٠,٥) کاتژمێر/ ڕۆژ، ئەمەش کەمترە لە (١٢) کاتژمێر/ڕۆژ، ئەمەش کاردەکاتە سەر دواکەوتنی پێگەیشتنی بەرهەم.

### ٢. نزمترین پلەی گەرمی :-

بە نزمیوونەوەی پلەی گەرمی لە ئاستی سفری گەشەی ڕووەکی پەموو دەبێتەهۆی وەستانی گەشەی و کەمبوونەوەی بەرهەم و تووشبوونی پەموو بە نەخۆشی و کەڕوو، وە درەنگ پێگەیشتنی، وەکو لە خشتەی ژمارە (٣،٢)دا دەردەکەوێت، ناوەندی نزمترین پلەی گەرمی بە درێژایی وەرزی گەشە و سەرجەم قۆناغەکانی ڕووەکی پەموو لە سەرو (١٢ °س) گەرمترین ئاستی پلەی گەرمییە بۆ سفری گەشەی پەموو، بۆیە لەم ماوەی دیاریکراو بۆ چاندنی پەموو گرفتی نزمبوونەوەی پلەی گەرمی نایەتە پێش.

### ٣. بەرزترین پلەی گەرمی :-

کاریگەری بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەسەر ڕووەکی پەموو لە قۆناغی کۆتایی گەشەیدا دەردەکەوێت و دەبێتەهۆی ووشك بوونەوەوی بەرهەم و بچووکبوونی قەبارەی بەرهەم و پشکتونی بەرهەم پێش وادەی خۆی، ڕووەکی پەموو لە قۆناغی سەرەتای گەشەیدا گرفتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی بۆ دروست نابێت، هەروەکو چۆن لە قۆناغی گەشەی سەوزو دەرکەوتنی گەڵادا کێشەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی بۆ دروست نابێت، کە لەم دوو قۆناغەدا بەرزترین پلەی گەرمی بۆ گەشەی ڕووەکی پەموو بریتی یە لە (٣٠ °س) و (٤٢ °س)، لە ماوەی ئەم دوو قۆناغەشدا ( گەشەی سەرەتا (٢٧,٦ °س) و گەشەی سەوز (٣٤,١ °س)، بەڵام ڕووەکی پەموو لەماوەی قۆناغی پێگەیشتن و گوڵکردن و بە دیاریکراوی لە ناوەڕاستی ماوەی ئەم قۆناغەدا گرفتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی دێتە پێش کە بەرزترین ئاستی پلەی گەرمی ئەم قۆناغە (٤٢ °س)، بەڵام لە مانگی تەمووز و هەندێ جاریش بەهۆی بونی شەپۆلی گەرمی لە مانگی ئاب پلەی گەرمی (٤٢ °س) تێدەپەڕێنێت و ئەمەش دەبێتەهۆی زیان گەیاندن بە بەرهەمی پەموو.

### ٤. خێرای با :-

ئاستی خێرایی با لە دەشتی شارەزوور لە بەرزتریت ئاستی دا (٢,٣)م/چرکەیە لە وەرزی هاویندایە و هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی گەشەی سەوز قۆناغی گوڵکردن ئەم خێرایە نابێتەهۆی کێشە بۆ ڕووەکی پەموو، بەڵام ڕوودانی ڕەشەبا کە هەندێ جار لە ماوەی قۆناغی گوڵکردن و پێگەیشتن ڕوودەدات کاریگەری خراپ بەجێدەهێڵێت چ بەشێوەی ڕاستەوخۆبێت کە دەبێتە هۆی هەڵوەرینی گوڵ و بەرهەم یان بە ناڕاستەوخۆ کە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی شێ.

**٥. شێ ی هەوا :-**

ڕووەکی پەموو لە ماوەی سەرەتا و ناوەڕاستی گەشەیدا کێشەی لەگەڵ زۆرو کەمی شێ دا نی یە بەڵام لە قۆناغی پێگەیشتن پێویستی بە ڕێژەی بەرزی شێ هەیە کە (٧٠٪) ئەم ڕێژەیەش لە دەشتی شارەزوور نی یە و لەو ماوەیەدا ڕێژەی شێ (٢٠ – ٢٤٪)، کەمی شێ گرفت بۆ پەموو دروست دەکات و دەبێتەهۆی کورتی تاڵەکانی.

**٦. باران :-**

بارانی دەشتی شارەزوور زستانەیەو وەرزی گەشەی پەموو لە هاویندایە کە هاوکاتە لەگەڵ ووشکی وەرزدا، بۆیە پێویستە کێشەی پێداویستی ئاوی پەموو لە ڕێگەی ئاودێرییەوە چارەسەربکرێ. هەرچەندە ئاودێری تێچوونی بەرهەم هێنان زیاد دەکات ، بەڵام دڵنیایی دەداتە جوتیار و مەترسی ووشکەساڵی لەسەر بەرهەمی پەموو ناهێڵێت و هۆکارێکیش دەبێ بۆ زیادکردنی ڕێژەی شێی نێو کێڵگەکان و باشتربونی بەرهەم بەهۆی زۆربونی ڕێژەی شێ.

## خشتەی (٣)

## ماوەی گونجاوی رەگەزەکانی کەش و هەوا و قۆناغەکانی وەرزی گەشەی رووەکی پەموو لەدەشتی شارەزوور

| ڕەگەزەکانی کەش و هەوا / قۆناغ | دەرکەوتنی خۆر گەشەی سەرەتایی (٨- ١٢)کاتژمێر: رۆژ | دەرکەوتنی خۆر پێگەیشتن (٨- ١٢)کاتژمێر/رۆژ | دەرکەوتنی خۆر پێگەیشتن (٨- ١٢)کاتژمێر/رۆژ | نزمترین پلەی گەرمی گەشەی سەرەتایی (١٢ °س) | نزمترین پلەی گەرمی گەشەی سەوز (١٦ °س) | نزمترین پلەی گەرمی پێگەیشتن (١٢ °س) | بەرزترین پلەی گەرمی گەشەی سەرەتایی (٣٠ °س) | بەرزترین پلەی گەرمی گەشەی سەوز (٤٢ °س) | بەرزترین پلەی گەرمی پێگەیشتن (٤٢ °س) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چاندنی پەموو لە شارەزوور | + | + | + | + | + | + | + | + | - |
| ڕەگەزەکانی کەش و هەوا / قۆناغ | خێرای با گەشەی سەرەتا | خێرای با گەشەی سەوز | خێرای با پێگەیشتن | ڕێژەی شێ گەشەی سەرەتا | ڕێژەی شێ گەشەی سەوز | ڕێژەی شێ پێگەیشتن | باران گەشەی سەرەتا (٥٠٠-١٥٠٠ )ملم | باران گەشەی سەوز (٥٠٠- ١٥٠٠ )ملم | باران پێگەیشتن (٥٠٠-١٥٠٠ )ملم |
| چاندنی پەموو لە شارەزوور | + | + | + | + | + | - | - | - | - |

کاری توێژەران پشت بەست بە خشتەی (١) و (٢) .

+ گونجاوی ڕەگەزی کەش و هەوا لەگەڵ قۆناغی گەشەی پەموو.

- نە گونجاوی ڕەگەزی کەش و هەوا لەگەڵ قۆناغی گەشەی پەموو.

## دەرئە نجام و پێشنیار :.

توێژینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتوە :.

١- دەشتی شارەزوور لە رووی بنەما سروشتییەکانی بەرزو نزمی و خاك و دەرامەتی ئاوەوە دەشتێکی گونجاوە بۆ کشتوکاڵکردن، دەتوانرێ لەرێگەی گونجاوی وەرزی گەشەی رووەکەوە لەگەڵ کەش و هەوای ناوچەکە بەرهەمی کشتوکاڵی لە ناوچەکەدا جۆراوجۆربکرێ .

٢- پەموو بەرهەمێکی نەختینەی و پیشەسازی گرنگە و دەتوانرێ لە رێگەی بەرهەمهێنانی پەموووەوە داهاتی تاك و نەتەوەی بەرزبکرێتەوە و دووبارە کارگەی پیشەسازی رستن وچنینی سلێمانی بەکاربخرێتەوە و کارگەی نوێ بۆ دروستکردنی رۆنی روەکی و ئالیکی ئاژەڵی دابمەزرێ .

٤- ماوەی گونجاوی رەگەزەکانی کەش و هەوای دەشتی شارەزوور، لەگەڵ پێداویستی کەش وهەوای رووەکی پەموو لە ئاستێکی بەرزدایە و دەتوانرێ لە دەشتی شارەزوور رووەکی پەموو بچێنرێ و ماوەی وەرزی گەشەی روەکی پەموو لە دەشتی شارەزوور لەنێوان سەرەتای مانگی ئایار و ناوەراستی مانگی تشرینی یەکەم دایە .

٥- لەماوەی وەرزی گەشەی رووەکی پەموو لەدەشتی شارەزوور تەنها گرفتی بەرزی پلەی گەرمی لە چەند رۆژێکی مانگی تەمموز و ئاب، و گرفتی نەبوونی باران لە ماوەی وەرزی گەشەی دێتە پێش . سەرجەم رەگەزەکانی تر لەبارێکی نمونەیدان لەگەڵ پێداویستیە کەش و هەواییەکانی روەکی پەموودا .

٦- گەورەترین گرفتی چاندنی رووەکی پەموو لەدەشتی شارەزوور بریتیە لەبارینی باران لەمانگی ئەیلول دا کە هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی پشکوتنی گوڵ و پێگەیشتندا، بارینی باران لەم ماوەیەدا واتە کەمبونەوەی تیشکی خۆر کەزیان بەبەرهەمی پەموو دەگەینێ و کوالێتی خراپ دەبێ .

## دەرئە نجامەکانی توێژینەوەکە پێویستی بەم پێشنیارانە هەیە :.

١- لە پێناو زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و کارگێری زانستی کێڵگەی کشتوکاڵی، پێویستە گرنگی بە کەشناسی کشتوکاڵی بدرێت و وێستگەی کشتوکاڵی ئۆتۆماتیکی لە بەشە جیاوازەکانی دەشتی شارەزوور دابنرێ، چونکە وێستگەی کەشناسی ئۆتۆماتیکی داتاکانی دروستە و بەرزترین و نزمترین ئاستی رەگەزەکانی کەش و هەوا بەپێی کات تۆمار دەکات .

٢- بەگەڕخستنەوەی کارگەی رستن و چنینی سلێمانی و دامەزراندنی کارگەی نوێ بۆ بەکارهێنانی بەرهەمی پەموو، دڵنیاکردنی جوتیار لەلایەن حکومەتەوە بەوەی لەکاتی چاندن و بەرهەم هێنانی پەموو حکومەت لە چاندنەوە بۆ بەرهەم هێنان هاوکاری جوتیاران بکات و بەرهەمەکەیان بە نرخی گونجاو لێوەربگرێتەوە .

٣-    چاندن و وەشانندنی تۆوی پەموو لە ١٥ بۆ ٢٠ نیسان بێت، بۆ ئەوەی لە گەڵ سەرەتای مانگی ئایار قۆناغی یەکەمی گەشەی دەستپێبکات و وەرزێکی نمونەی دەست بخات و قۆناغی گەشەی سەوزی پارێزراوبێت لە بەرزبونەوەی پلەی گەرمی .

٤-    بۆ چارەسەری گرفتی ووشکی وەرزی هاوین و پرکردنەوەی پێداویستی ئاوی رووەکی پەموو پشت بە ئاودانی دەستکرد ببەسترێ و هەتا ئەتوانرێ سوود لە دەرامەتی ئاوی سەر زەوی وەربگیرێ و ئاوی ژێر زەوی بەکارنەهێنرێت، ئاودێری دەبێتە هۆی زیادکردنی بەرهەم و جوتیار لە بەرزو نزمی بەرهەم دەپارێزێت .

٥-    پێویستە نوێترین تەکنەلۆژیا لە پرۆژەی ئاودێری بەکاربهێنرێت و گەر لەرێگەی رشاندنەوەبێ باشترە، گەر هاتوو جۆگەلەی تێدا بەکارهێنرا پێویستە جۆگەلەی کۆنکرێتی و داپۆشراوبن بۆئەوەی دەرامەتی ئاوی کەمتر بەفیرۆبچێت لە ریگەی بون بەهەڵم و هەروەها ناهێڵێت پلەی گەرمی ئاوەکە بەرزبێتەوە ئەمەش یارمەتیدەر ئەبێت بۆ نزمکردنەوەی پلەی گەرمی کێڵگەی رووەکەکە و پاراستنی لە بەرزی پلەی گەرمی هاوین .

## پوختەی توێژینەوەکە

### (کاریگەری کەش و هەوا لە دیاریکردنی وەرزی گەشەو بەرهەمهێنانی رووەکی پەموو لەد ەشتی شارەزوور)

کەش و هەوای کشتوکاڵی رۆڵی گرنگ دەگێرێ لە دیاریکردنی وەرزی گەشە و بەرهەمهێنانی رووەکی، چونکە هەموو روەکێك ماوەیەکی دیاریکراوی کەش و هەوای تایبەت بەخۆی هەیە و لەسنورێکی دیاریکراودا توانای گەشەی هەیە و لە دەرەوەی سنوری کەش و هەوای دیاریکراوی خۆی توانای گەشە و بەرهەمهێنانی نییە، ڕووەکی پەموو ڕووەکێکی پیشەسازی گرنگەو لەبەر گرنگی و بایەخی ئابوری سالآنە رووبەری چێنراو بەم ڕووەکە لەسەر ئاستی ناوچەکانی چاندنی لە جیهان دا لەبەرزبونەوەدایە، ڕووەکی پەموو پێویستی بە وەرزێکی گەشەی درێژوگەرم هەیە کەلە ١٦٠ رۆژ کەمتر نەبێ ، دیاریکردنی وەرزێکی نمونەیی بۆ رووەکی پەموو واتای بەرهەم هێنانی بەرهەمێکی کوالێتی بەرزە کەلەگەڵ خواستی بازاری ناوخۆ و دەرەوەدا بگونجێت. دەشتی شارەزوور دەکەوێتە باشوری رۆژهەلآتی شاری سلێمانی دەشتێکی فراوانەو رووبەرەکەی ٦٧٥کم٢، لە خاکێکی کشتوکاڵی بەپیت پێکهاتوەو دەتوانرێ لەرێگەی چاندنی رووەکی پەمووەوە ئاستی ئابوری دانیشتوانی ناوچەکە باشتربکرێت، وە کەرەستەی خاو بۆ پیشەسازی رستن وچنین و رۆنی روەکی و ئالیکی ئاژەڵ دابینبکرێ، دەتوانرێت لەم رێگەیەوە بەشێك لە گرفتی بێکاری لەناوچەکەدا چارەسەر بکرێت و ببێتە هۆکارێك بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و جۆراو جۆرکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و دورکەوتنەوە لە جێهیشتنی زەوی لە وەرزی هاوین بەبێ کشتوکاڵکردنی هیچ بەرهەمێکی کشتوکاڵی.

**الملخص**

**( تأثير المناخ في تحديد فصل النمو وانتاج القطن في سهل شارةزور )**

للمناخ الزراعي دور كبير في تحديد فصل النمو وإنتاج المحصول الزراعي، لأن كل نبات لها حدود مناخية محددة، ينمو وينتج ضمن هذا الحدود، ولا يستطيع النمو ولإنتاج خارج هذه الحدود المناخية ولاسيما بالنبات، تعتبر القطن من أهم النباتات الصناعية، وبسبب أهميته في المجالات الصناعية والأقتصادية يزداد سنويا المساحة المزروعة بمحصول القطن على مستوى العالم، نبات القطن يحتاج فصل نمو حار وطويل، إذ يزيد فصل نموه عن ١٦٠ يوم بدون حدوث ظاهرة الصقيع، وتحديد فصل النمو المثالي لنبات القطن يؤدي الى انتاج نوعية جيدة يلبى الاحتياجات الداخلية والخارجية. يقع سهل شارةزور في محافظة السليمانية وتحديدا في جنوب شرق مدينة السليمانية، يبلغ مساحة السهل ٦٧٥كم٢، و تحتوي على ترب خصبة صالحة للزراعة، يؤدي زراعة محصول القطن الى رفع المستوى المعاشي وتحسين الظروف الأجتماعية والأقتصادية لسكان المنطقة، ويؤدي الى تأمين المادة الخام للصناعات النسيجية والزيوت النباتية والعلف الحيواني وإعادة تشغيل معمل نسيج السليمانية و هذا بدوره يؤدي الى انخفاض نسبة البطالة في المنطقة و إعادة إعمار القرى وتنويع الأنتاج الزراعي في سهل شارةزور . ولايترك الاراضي الزراعية بورا في فصل الصيف .

## Abstract

**Climate Effect in Determining the Growing Season and Production of Cotton Crops in the Plain of Sharazwr**

Agricultural climate has a significant role in determining of the growing and agricultural crops production because each plant has specific climate circumstances for growth. Outside its climatic conditions, a plant cannot grow. Cotton is one of the most important industrial plants; therefore, cotton fields are on rise worldwide year by year. Cotton needs a long hot season for growth, at least 160 days to fulfill complete progression. It means the production of a good quality crop has to meet internal and external requirements.

Sharazwr plain is located in the south-east of Sulaymaniyah city with the area of 675 km$^2$. The area contains fertile soils perfectly appropriate for cotton cultivation that can bring increasing economic benefit to the area’s population, gain raw material for textile industries, vegetable oils, animal feed…etc. Moreover, cotton production can decrease or solve unemployment in the region, contribute to the revitalizing of villages, leave farmlands cultivated during summer season.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: . سەرچاوە عەرەبیەکان


١- محسن محارب عواد، محمدسالم ضو، مدخل الى الجغرافية الزراعية، الطبعة الولى، دار شموع الثقافة، ليبيا، ٢٠٠٢

٢- مخلف شلال مرعي، ابراهيم محمد حسون، جغرافية الزراعة، دار الكتب،الموصل،١٩٩٦ .

٣- عبدالحميد احمد يونس، عبدالستارعبداللة الكركجى، زراعة المحاصيل الصناعية في العراق، دار الكتب للطباعة والنشر،بغداد، ١٩٧٧ .

٤- محسن على احمد الجنابي، يونس عبدالقادر على،المدخل الى انتاج المحاصيل الحقلية، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٩٦ .

٥- رادكا ديموفا، ديكو ديكوف، المحاصيل الحقلية في المناطق الأستوائية و شبة الأستوائية، ترجمة خليل ابراهيم محمدعلى، دار الكتب، جامعة بغداد، ١٩٩٠ .

٦- صلح الدين عبدالرزاق شفشق، عبدالحميد السيد الدبابي، انتاج المحاصيل الحقل، الطبة الأولى، دارالفكر العربى، القاهرة، ٢٠٠٨ .

٧- ئوميد نورى محمد امين، اسس الحاصلات الزراعية في المناطق الديمية، الطبعة الأولى، منظمة الأغذية والزراعة ، السليمانية، ٢٠٠٣ .

٨- خليل كريم محمد، المياه الجوفية في سهل شهرزور وامكانيات استثمارها، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٩ .

## دووەم : سەرچاوە ئینگلیزییەکان


1- Agarwal,D.K. et al. (2003), Cottonseed Oil Quality, Utilization and Processing, http://www.cicr.org.in/pdf/cottonseed_oil.pdf (6-12-2014).

2 -Fortucci P., The Contributions of Cotton to Economy and Food Security in Developing Countries, https://www.icac.org/meetings/cgtn_conf/documents/11_fortucci.pdf (22-11-2014).

3-FAO, (2011) A summary of the World Apparel Fiber Consumption Survey 2005-2008, http://www.fao.org/fileadmin/templates/est/COMM_MARKETS_MONITORING/Cotton/Documents/World_Apparel_Fiber_Consumption_Survey_2011 - Summary_English.pdf (10-12-2014).

4-Kane, S. P., Shurly, W. D. and Wolfe, K., (2013) Economic Contribution of Cotton Production in the Georgia Economy,2011, http://www.caes.uga.edu/center/caed/documents/EconomicContributionofCottonProductioninGA2011_FINAL.pdf (22-112014).

5-OECD, (2005) Economic and social importance of cotton in West Africa: Role of cotton in regional development, trade and livelihoods, http://hubrural.org/IMG/pdf/csao_etude_socio_eco_coton_eng.pdf (22-112014).

6-OECD, (2006) West Africa in the International Market, .http://www.oecd.org/swac/publications/38409410.pdf (22-112014)


Organisation for Economic Cooperation and Development =OECD

FAO= Food and Agriculture Organization

## سێیەم : .سەرچاوەی کوردی


١- لەیلا محەمەد قارەمان، خاکی هەرێمی کوردستان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٩.


## چوارەم : سەرچاوەی حکومی


١– وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، بەرێوبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەی سلێمانی، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە .

# مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی هەولێر دژی سیاسەتی ئینگلیزو#

# دەسەڵاتدارانی عێراق لە سەردەمی حوکمی پاشایەتی دا

# ( ١٩٢٠-١٩٥٨ ز)

د. ئاراس عبدالرحمان مستەفا

زانکۆی راپەڕین / فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی مێژوو

## پێشەکی

ناڕەزایەتی و مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی شاری هەولێر دژی سیاسەتەکانی ئینگلیزو ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق دا لە قۆناغ و سەردەمێکدا کە عێراق گیرۆدەی چەندین کێشەی ناوخۆو دەرەکی ببۆوە، کاریگەری و کاردانەوەی راستەوخۆی لەسەر رووداوەکان و گۆڕانکاریەکان هەبوو، تەنانەت کاریگەری لەسەر تەواوی خەڵکی کوردستان داناو خۆپیشاندان و راپەڕینەکان لەسەرجەم شارەکانی تری کوردستان بەردەوامیان پێدراو تیایدا باسکردن لە بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە کوردستان و رەخساندنی ئازادی بووە ئامانج و دروشمی راستەقینەی خەڵکی کوردستان بە گشتی و هەولێر بە تایبەتی.

ئەم توێژینەوەیەش بۆ یەکەمجارە بە شێوازێکی زانستیانە ئەنجام دەدرێت و ریزبەندی بۆ مانگرتن وخۆپیشاندان و راپەڕینەکانی خەڵکی هەولێر دەکرێت و ڕۆڵی خەڵکی هەولێر و دەوروبەری بەدیار دەخرێت و لە مێژووی گەلی کورددا تۆمار دەکرێت، کە دەکرێت لە داهاتوودا گرنگی زیاتری پێبدرێت لە چوارچێوەی توێژینەوەی ماستەرنامە یان تێزی دکتۆرا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، چونکە ماوەی سەردەمی پاشایەتی لە عێراقدا خەڵکی هەولێر و دەوروبەری بەردەوام خەریکی خۆپیشاندان روبەڕووبوونەوەی سیاسەتەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی رژێمی پاشایەتیدا بوون .

ئامانجی توێژینەوەکە، دەرخستنی رووداوەکانی شاری هەولێرو خەبات و تێکۆشانی خەڵکی هەولێرە کە خۆی لە ناڕەزایەتی دەربڕین و مانگرتن و خۆپیشاندانەکاندا بینیەوە دژی سیستەم و هەڵوێست و سیاسەتی رژێمی پاشایەتی، هەروەها باسکردن لە رەوشی ئەو کاتەی شاری هەولێرو شێوەی ژیانی خەڵك و نەبوونی خزمەتگوزاری گشتی و کەمتەرخەمی بەدەنگەوە نەهاتنی حکومەتی ئەوکاتەی عێراق ئامانجێکیتری توێژینەوەکەیە.

لە کاتی نووسینی توێژینەوەدا چەندین گرفت هاتۆتە بەردەم توێژەر، یەکێك لە گرفتەکان بریتی بوو لە دەست نەکەوتنی ئەو کەسانەی کە بەشداربووی خۆپیشاندان و راپەڕینەکان بوون ، چونکە کۆچی دوایان کردبوو، بەشێکیشیان رووداوەکانیان لە بیر نەمابوو، هەروەها گرفتێکی تر بریتی بوو لە دەست نەکەوتنی رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمە ، جگە لە دوو ژمارەی رۆژنامەی ( الزمان ) نەبێت

بێگومان هەموو توێژینەوەیەك لە بواری نووسینی مێژوویدا پێویستی بە جۆرێك و شێوازێك لە میتۆدی لێکۆڵینەوە هەیە کە پشتی پیێ ببەسترێت، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە پێی پێویست سود لە میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی وەربگرین و لە کاتی نوسینەوەی ئەو توێژینەوەیەدا پەیرەوی بکەین، بریتی یە لە رێبازو میتۆدێکی مێژوویی سیاسی شیکاری.

ئەم توێژینەوەیە لە سیێ بەش پێکهاتووە، هەر بەشەی چەند باسێك لە خۆ دەگرێت ، بەشی یەکەم باسی راپەڕینی شاری هەولێر دژی هاتنی ئینگلیزەکان و خۆپیشاندان و مانگرتن لە ساڵی ١٩٣١ و ١٩٤١ دا کراوە، باسی یەکەم تایبەتە بە هاتنی ئینگلیزو راپەڕینی خەڵکی هەولێر، باسی دووەم پەیوەستە بە مانگرتن و خۆپیشاندانی شاری هەولێر بۆ دابەزینی نرخی کارەبا ١٩٣١ لە باسی سێ یەمیش تەرخانکراوە بۆ خۆپیشاندانی خەڵکی هەولێر لە مایسی ١٩٤١ .لە بەشی دووەمیش دا باسی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی هەولێر لە سالآنی ١٩٤٨ و ١٩٥٢ دا کراوە ، باسی یەکەم بۆ خۆپیشاندانی خەڵکی هەولێر دژی پەیمانی پۆرتسمۆس لە ساڵی ١٩٤٨ تەرخانکراوە، ئەمەش دوو باس لە خۆ دەگرێت باسی دووەمیش خۆپیشاندان و راپەڕینی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٥٢ تێدا روون کراوەتەوە بەشی سێ یەم خۆپیشاندان و راپەڕینەکانی هەولێر لە نێوان سالآنی ١٩٥٣–١٩٥٦ لە دوو باسدا خراوەتەڕوو، باسی یەکەم راپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر ساڵی ١٩٥٣ ، باسی دووەم باس لە خۆپیشاندانی شاری هەولێر دژی هێرشی سێ قۆڵی بۆ سەر میسر لە ساڵی ١٩٥٦.باس کراوە .

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بە چەندین سەرچاوەی کوردی و عەرەبی گرنگ بەستراوە لە کتێب و بیرەوەری لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەش بریتی یە لە( د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ئامادەکردنی، عەبدوڵلا زەنگەنە، بەرگی دووەم )، هەروەها سەرچاوەیەکی تری هەمان نوسەر بە زمانی عەرەبی بە ناونیشانی (صفحات من تاريخ العراق المعاصر ، دراسات تحليلية) هەروەها ماستەرنامەی نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر بە ناونیشانی هەولێر لە نێوان سالآنی ( ١٩١٨–١٩٢٦ ) دا

هەروەها چەندین بیرەوەریش کە نوسراون نوسەرەکانیان لە رووداوەکان و بە تایبەت خۆپیشاندانەکاندا بەشداربوون و رۆڵی کارایان هەبووە وەکو بیرەوەریەکانی( ئەحمەد بانیخێلآنی ، بەهادین نوری ، عەریف سلێمان ) لە ژێر ناونیشانی لە دەنکەوە بۆ گوڵە گەنمەکان، بیرەوەریەکانی مەلا عەولای حاجی سمایل بە ناوی سەربردەی ژیانی سیاسیم لەگەڵ یاداشتەکانی نەجمەدین مامۆ هەریری، ئەم سەرچاوانە گرنگی تایبەتیان بۆ ئەم توێژینەوەیە هەیە چونکە نوسەرەکانیان لەو کەسانەن کەلە سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا ژیاون و کەسی رۆشنبیرو هۆشیاربوون و بەشداربوون لە رووداوەکاندا .

## بەشی یەکەم / راپەڕینی شاری هەولێر دژی هاتنی ئینگلیزەکان و خۆپیشاندان و مانگرتن لە ساڵی ١٩٣١ و ١٩٤١ دا

### باسی یەکەم / هاتنی ئینگلیزو راپەڕینی خەڵکی هەولێر

شاری هەولێر مێژوویەکی کۆنی هەیەو دانیشتوانەکەی لە رووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران و خەبات کردن لە بەدیهێنانی ماف و خواست و ئاواتەکانی خەڵکی هەولێر لە ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی، رۆڵێکی گرنگیان بینیوە، کاتێك ئینگلیزەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ویستیان پێشڕەوی بکەن، بۆ گرتنی شاری هەولێر گەورە پیاوانی هەولێر کۆبوونەوەیان ئەنجامداو بەشێکی زۆریان بڕیاریاندا رووبەرووی ئینگلیزەکان بوەستن و رازی نەبن بە دەسەلأت و حوکمی ئینگلیزەکان لەمەشدا قوربانی باشیاندا [1]لەگەڵ بلأوبوونەوەی هەواڵی گەیشتنی هێزەکانی بەریتانیا بۆ هەولێر، بەشێك لە زانایانی فتوایان دەرکرد و تیایدا جاڕی ئەوەیاندا کە هەر کەسێك دیدەنی داگیرکەران بکات خودا لێی خۆش نابێت، وە هەر کەسێك ئینگلیزێکی بینی نابێت سەیری بکات رووی تیّ بکات، دیارە ئەمەش بەهۆی کاریگەری ئاین بووە لەسەر خەڵکی ئەوکاتەی هەولێر، تەنانەت ئەوانەی دژی ئینگلیزەکان دەجەنگان نازناوی ( غەزایی ) یان لیّ دەنرا، وەکو مستەفا غەزایی کە بەشداربوو لە رووبەڕووبوونەوەی ئینگلیزەکاندا[2]. هەر لەو سەردەمەدا لە ناو خەڵکی هەولێردا دوو گروپ دژی دەسەلاتی ئینگلیزەکان دروست بوو کە بە نهێنی کارەکانیان ئەنجام دەداو کۆبوونەوەکانیان دەکردو کە هانی خەڵکیان دەدا دژی ئینگلیزەکان بوەستن و خۆپیشاندان ساز بکەن، یەکێك لە گروپەکان بە سەرکردایەتی ( عەلی پاشای دۆغرەمەچی) [3] بوو .

خەڵکی هەولێر بەردەوام لە ناو مزگەوتەکاندا [4] کۆبوونەوەیان ئەنجام دەداو باسی چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی ئینگلیزیان دەکرد، تەنانەت رووبەڕووبوونەوەی چەکداریش روویدا ، کاتێك دەستەیەك بە سەرکردایەتی ( حەسەنە شەل ) [5] پەلاماری پۆستەیەکی ئینگلیزیاندا لە سەر رێگای موسڵ–هەولێرو چەندین سەربازیان کوشت و دەستیان بەسەر قاسەو کەل و پەلەکانی گرت [6].

دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزو لە کاتی شۆڕشی بیستی عێراقدا ئەو کاتەی بارودۆخی ئینگلیزەکان ئاڵۆز ببوو،

---

[1]–هەرچەندە بەشێکی زۆریش لە گەورە پیاوان و خەڵکی هەولێریش لەگەڵ ئەوەدا بوون کە پێویستە پێشوازی بکرێت لە سوپای ئینگلیز، چونکە سوپای عوسمانی لە زۆربەی بەرەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی تێکشکابوو ناوچەکەیان چۆڵکردبوو، بۆیە دواجار ئینگلیزەکان هاتنە ناو هەولێر، بەلأم دواجار رووبەرووی دەنگی نارەزایی و تورەیی خەڵکی هەولێر بوونەوە ، بڕوانە نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر : هەولێر لە نێوان ساڵانی( ١٩١٨–١٩٢٦ ) دا ، چاپخانەی موکریانی ، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٩٤–٩٥.

[2] – هەمان سەرچاوە .

[3]– عبدالرزاق محمد أسود : موسوعة العراق السياسية ، الجزء الثانى ، بيروت، ١٩٨٦، ص ٣٦٢ .

[4] – مزگەوتی شێخی چۆڵی یەکێك بوو لە مزگەوتە دیارو گرنگەکان کە شوێنی کۆبوونەوەی خەڵك بوو ، بۆیە ئینگلیزەکان ترسیان لیّ نیشت و بڕیاریاندا مزگەوتەکان دابخرێن ئەویش بە بیانووی بلأو بوونەوەی نەخۆشی، ئەمەش هێندەی تر نارەزایی خەڵکی زیاتر کرد .، بڕوانە نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر : سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨ .

[5]– ناوی تەواوی حەسەنی کوڕی سەکرەی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەسەن ئاغای کوڕی بابەکراغای سەکرانە لە ساڵی ١٨٨٣ لە گوندی سەکران لە ناوچەی باڵەکایەتی لە دایك بووە ، لە تیرەیەکی سەر بە هۆزی بلّباسە، لەکاتی رۆشتن دەشەلی بۆیە پێیان دەوت حەسەنە شەل، بڕوانە نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر : سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤ .

[6]– عەبدوڵلا حەداد، ژیاننامەو شیعرەکانی میهری ، محەمەد شەریف موەزین زادەی هەولێری (١٩٠٣–١٩٤٢ )، هەولێر، ١٩٩٧، ل ٣٤ .

( ولسن ) هەڕەشەی لە دانیشتوانی هەولێرو دەوروبەری دەکردو هەوڵی دەدا بە هەڕەشەکانی خەڵکی هەولێر سەرکوت بکات بەڵام راپەڕینێکی چەکداری بەسەرکردایەتی هەریەك لە( قادر بەگ ، ساڵح بەگی خۆران، عارەب ئاغای گەردی، مستەفا ئاغای کۆڕێ و میرانی خدر بەگ ) دژی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان لە هەولێر سەری هەڵدا، ئەم راپەڕینە ترسێکی گەورەی خستە دڵی کاربەدەستانی ئینگلیزو سەرجەم کەل و پەلەکانیان پێچابۆوەو ئامادەی پاشەکشێ بوون،[1] بەڵام دواجار ئینگلیزەکان لە رێگای ( مەلا فەندی و ئەحمەد عوسمان ) گفتوگۆ لەگەڵ راپەڕیوان ئەنجامدراو دواجار راپەڕینەکە کۆتایی پێهات و مەرجەکانی راپەڕیوانیش جێ بەجێ کرا، کە بەشێکیان بریتی بوو لە ئازادکردنی گیراوەکان و لێخۆشبوونیان، هەروەها گەڕانەوەی بەرپرسیارێتی ناوچەکان بۆ ئەو کەسانەی کە پێشتر بەرپرسیاریتیان هەبووە، لەگەڵ دورخستنەوەی چەند کەسێك کە بەرامبەر خەڵکی هەولێر مامەڵەی زۆر خراپیان ئەنجام دابوو [2].

## باسی دووەم / مانگرتن و خۆپیشاندانی شاری هەولێر بۆ دابەزینی نرخی کارەبا ١٩٣١

یەکێك لە ڕوداوە گرینگەکانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم گەیشتنی روناکی کارەبا بوو بۆ عێراق و لە کۆتاییەکانی بیستەکان هەمان سەدە کارەبا گەیشتە شارەکانی کوردستان عێراق . سەبارەت بە گەیشتنی کارەبا بۆ هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ هەول وکۆششی (ئەحمەد چەلەبی) دوای ئەوەی داواکارییەکانی بە پشتگیری ئەنجومەنی شارەوانی و موتەسەریف و وەزارەتی کاروباری ناوخۆ پێشکەش کرد، بە مەبەستی دانانی مەکینەیەکی کارەبای بۆ پێدانی کارەبا بە دانیشتوانی شاری هەولێر[3] .

دوای وەرگرتنی رەزامەندی حکومەت بە دانانی مەکینەی کارەبا لە ناو شار، بەمەش لەڕۆژی ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠ پڕۆژەی کارەبای ناو شاری هەولێر دامەزرا، سەبارەت بە نرخی هەر کیلۆ واتێك لە هەولێر زیاتر بوو بەبەراورد لەگەڵ نرخەکەی لە بەغدا و سلێمانی، ئەمەش ببوە هۆی ئەوەی کە کەم دەرامەتەکان نەتوانن سوود لەم کارەبایە وەربگرن، ئەمەش بە هۆی دورست بوونی بزووتنەوەیەکی ریکخراویی نارەزایی کە سەرەتاکانی ١٩٣١دەرکەوت کە نوینەرانی گشت چین و توێژەکانی ناو شار تێیدا بەشداربوون [4].

سەرەتای دەستپیکردنی مانگرتنەکە بەناڕەزایی و دەست هەلگرتن لە کارەباو بەکارهینانی لە لایان هەندێ لە کاسبکارانی شار دەستی پێکرد، لەمانەش(محمد ئەحمەد چایچی،وەستا ئاکۆ پیلاودروو،وەستا خەلیل سەعاتچی،سەرداودی محمد چایچی) [5].

---

[1]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر خراپی بارودۆخی ئینگلیزەکان لە هەولێر بڕوانە لوسیان رامبو: الكرد والحق، ترجمة عزيز عبدالاحد نباتي، اربيل، ١٩٩٨، ص ٧٩ .

[2]– هاشم خۆرانی : انتفاضة صالح بك خۆشناو في ثورة العشرين الوطنية التحررية في قرية خوران على سفح جبال سفين، گولان العربي ( مجلة )،العدد( ١٢ )، شباط ٢٠٠٠، ص٣٤–٣٥ .

[3]– م . مهدی محەمەد قادر : مانگرتنی شاری هەولێر ، مێژوو ، ( گۆڤار )، ژمارە ( ٥ ) ، ساڵی دووەم، زستانی ٢٠٠٨، ل ١٣٩ .

[4]–د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ئامادەکردنی، عەبدوڵلا زەنگەنە، بەرگی دووەم ، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٣١٨–٣١٩

[5]– هەمان سەرچاوە ، ل ٣٢٠ .

لە سەرەتای مانگی ئاب دا مانگرتنەکە فراوان دەبێت وزۆر لە گەورە پیاوان وروناکبیرانی هەولیر بەشداری تیدا دەکەن[١]. لە ١٦ی ئابی ١٩٣١ مانگرتووەکان سکالانامەیەك بە ناوی (٤٤٨) کەس لە دانیشتوانی هەولێر بە مۆری (٣٨٠) کەس‌وئیمزای(٦٨) کەس بۆ سەرەك وەزیران بەرز دەکەنەوە وداخوازییەکانیان تێدا تۆمار دەکەن[٢] کە بریتی بوو لە :

" داشکانی نرخی هەر کیلۆواتێکی کارەبا لە دە (عانە) بۆ چوار عانە یان ئیج نەبێت بۆ شەش عانە ، واتا لە چل فلسەوە بۆ شازدە یان ئەو  پەرپەکەی بۆ بیست و چوار فلس ...ئەگەر ئەو داخوازییە جێبەجێ نەکرا ئەوسا شارەوانی بۆ خۆی مەکینەی کارەبا بهێنێت یا رێگە بدات خەلکەکە بۆ خۆیان مەکینە بهێنن یا هەردوو لا بە هاوبەشی و گواستنەوەی بەرێوەبەری تەحریرات جەمال رەفعەت کە بە چاو ساغ و لایەنگری ئەحمەد چەلەبی دەباغیان دادەنا " [٣].

هەر لە میانی درێژەپێدانی مانگرتنەکە لە ٢٧ی ئابدا مانگرتووەکانی هەولێر دوو سکالایان رەوانەی بەغدا کرد یەکەمیان بۆ سەرۆك وەزیران و دووەمیان بۆ وەزیری ناوخۆ کە مۆر وئیمزای (٥٠٥) کەسی بەسەرەوە بوو.[٤].جێگای ئاماژەیە ئەم توندوو تیژیەی حکومەت نەبووە هۆی کۆتایی هاتنی مانگرتنە کەو لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣١ دوو بروسکەی تر[٥]، لە کەرکوکەوە رەوانەی بەغدایان کرد یەکەمیان بۆ نووری سەعید ودووەمیان بۆ موزاحیم پاچەچی کە دووبارە داواکارییەکانیان تێدا خستبۆوە روو، بەم جۆرە سەرەرای درێژ بوونەوەی مانگرتنەکەو هەرەشەکانی کاربەدەستانی حکومەت لەمانگرتووەکان داواکاریەکان جێبەجێ کرا و (جەمال رەفعەت ) لە هەولێر دورخرایەوە و ئەحمەد چەلەبیش ناچار کرا نرخی هەر کیلۆ واتێك بۆ کارەبا ٢ عانە دابشکێنێت، بەمشێوەیە مانگرتووەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا[٦].

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، خەلکی هەولێر بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان جا چ مافی نەتەوەیی بێت یان خزمەتگوزاری بێت بێدەنگ نەبوون، هەلوێستی توندیان بەرامبەر سیاسەتەکانی رژێمی پاشایەتی نواندووەو بەردەوامیش بوون تا ئەو کاتەی مافەکانیان پێدراوەوداواکاریەکانیان بۆ جێ بەجێ کراوە، دواتر ئەم مانگرتن و خۆپیشاندانە کاریگەری زۆری لەسەر سالانی داهاتووی خەلکی هەولێر دانا، هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ دەستپێکردنی زنجیرەیەك خۆپیشاندان و راپەرین دژی سیاسەتەکانی حکومەتی پاشایەتی.

[١]– ئەوانەی بەشدار دەبن بریتین لە ( رەفیق حلمی، زەکی ئەمین، محەمەد دۆغرەمەچی، داود ئاغا سەعید ئاغا، کەمال ئەفەندی و مەلا ئەبوبکر )، بروانە، د. کەمال مەزهەر ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢١.

[٢]– اسماعیل شکر: اربیل ، دراسة تاریخیة فی دورها الفکری و السیاسی ١٩٣٩–١٩٥٨، سلیمانیة، ٢٠٠٦، ص ٤٧–٤٨ .

[٣]– د. کەمال مەزهەر : سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٢ .

[٤]– اسماعیل شکر : المصدر السابق ، ص ٤٧–٤٨ .

[٥]– ئەم بروسکانە لەلایەن ئەم کەسانەی لای خوارەوە لە کەرکوکەوە نێردران کە بریتی بوون لە ( مەلا محەمەد قاتاچی، مەلا خدر خەفاف، حاجی عەلی خەیات، حاجی شەریف دوغرەمەچی، سۆفی ئیسماعیل، عەبدولوەهاب حەلاق، عیزەدین جەمال، حاجی یونس ئاسنگەر، عەبداللە نالبەند، محەمەد فارس دەلال، داود ئاغا قەساب، شێخ یونس، فیض اللە دارتاش، محەمەد سالح نانەوا و سالح یوسف نوری ) بروانە د. کەمال مەزهەر سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٧ .

[٦]– هەمان سەرچاوە

## باسی سێ یەم / خۆپیشاندانی خەڵکی هەولێر لە مایسی ۱۹٤۱ :-

خۆپیشاندان و راپەڕینەکەی مایسی ۱۹٤۱ ڕووداوێکی زۆر گرنگ و بایەخدارە لە مێژووی عێراق دا بە تایبەتی لە بارودۆخێکی ئەو کاتەی جەنگی دووەمی جیهانی دا کە عێراقیش دەینالآند بە چەندین کێشەی ناوخۆو دەرەکی یەوە ، دەسەڵاتدارانی عێراق نەیان دەتوانی بارودۆخی خراپی عێراق بەرەو ئاقاری باش بەرن، ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر هەموو شتێکی عێراق دا گرتبوو، تا ڕۆژی بەرپا بوونی راپەڕینی مایس ئینگلیزەکان هیچیان بۆ کورد نەکرد، فڕۆکەو تانك و زرێپۆشەکانی بێ دوودڵی هێرشی وێرانکەریان دەبردە سەر هەر شوێنێکی کوردستان کە کورد داوای مافی خۆی بکردایە، زیاتر لەوانەش چەوساندنەوەی کورد بە دەستی فەرمانبەرانی ئینگلیز، لەوانەش بترازێ لە هەموو ڕوویەکەوە کورد سەرکوت دەکراو بێ بەش دەکرا لە مافە سەرەتاییەکانی ژیان، بۆ نمونە لە کاتی راپەڕینەکەی مایسی ۱۹٤۱ دا لە شاری هەولێر فێرگەیەکی ناوەندی کچان نەبوو، هەرچەندە لە ساڵی ناوبراو ژمارەی ئەو فێرگانەی عێراق ٥٦ فێرگە بوو کە هەژدەیان هی کچان بوون، ژمارەی هیچ جۆرە کتێبێکی کورد لە کتێبخانەکانی عێراق دا بوونی نەبوو بە پێچەوانەوە سەدان و هەزاران کتێبی فارسی و تورکی بوونیان هەبوون، لە ڕووی چاپکردنی کتێبیشەوە تا راپەڕینی مایس کەمتر لە ۱۰۰ کتێبی کوردی چاپکرابوون، کە ئەوانیش نامیلکەی ئەدەبی و ئاینی بوون [1].لەو ڕۆژگارەدا باری تەندروستی کوردستان بە گشتی و هەولێر بە تایبەتی زۆر خراپ بوو، ساڵێ جارێك برینپێچێك سەردانی هەولێری دەکرد، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك بە هۆی نەخۆشی یەوە دەمردن، دیارە لەو سەردەمەدا بیروباوەڕی نازیەکان کاریگەری زۆری لەسەر ڕۆشنبیرو خوێندەوارو خەڵك دانابوو ، تا دەهات رقیان بەرامبەر ئینگلیز بەرەو زیادی دەچووەوە [2].

چاوەڕوانی دەست پێکردنی راپەڕینی گەورەی گەلانی عێراق کۆتایی هات و راپەڕین سەرتاسەری شارەکانی عێراقی گرتەوە، لەبەر چەند هۆیەکی ئاشکرا کە پێشتر باسمان کرد لە ڕاپەڕینی مایس ڕۆڵی کورد لە خەباتی جەماوەردا زیاتر خۆی نواند، وەك لە ناو لەشکری عێراق . کوردستان ، وەك گشت ناوچەکانی تری عێراق بەجارێك خرۆشا ، ڕۆژنامەکانی بەغداد بروسکەی پشتگیری دانیشتوانی کوردستان لە کاتی راپەڕینی مایسدا بلاَوکردەوە لەو کەسانەی بروسکەیان نارد، عەلی دۆغرەمەچی و هەموو دۆغرەمەچییە بە ناوبانگەکانی هەولێر ، فایەق تاڵەبانی و عارف تاڵەبانی و فایەق تۆفیق و کوڕانی نوری باوێل ئاغا سەباح و سمکۆو گەلێکی تر بروسکەی بە سۆزیان بۆ ڕەشید عالی گەیلانی لە بەغدا بەرزکردبۆوە . هەر ئەو ڕۆژانە بە دەیان سەرەك هۆزی ناسراوی کوردستان بروسکەی پشتگیرییان ناردۆتە بەغدا لەوانە هەباسی مەمەند ئاغا و حەسەن فەهمی جاف و حەوێز ئاغا و سوار ئاغاو ئاغایانی رایات ، حەریر، شیروان، شوان، مێرگەسور، رانیە، ناودەشت ، برادۆست و زێبار

لەم بارەیەوە نووری عەبدوڵڵا صالح ناسرواو بە مەلا نووری ئاغجەلەری کە ئەوکات قوتابی ئامادەیی بووە دەڵێت :" وا بلاَو بۆوە کە ڕەشید عالی گەیلانی فەرمانی غەزای دژی ئینگلیزەکان دەرکردووەو بڕیاری داوە لە خاکی عێراق دەریان بکات سوپای ئەڵمانیاش بەهەموو جۆرێك یارمەتیی دەدات و پشتی دەگرێ ، ئیتر ڕۆژ بە ڕۆژ سۆزو پەرۆشی خەڵکی کوردستان بە گشتی و هەولێر بە تایبەتی بۆ جوڵانەوەی گەیلانی ڕووی لە زیادبوون بوو، چونکە خەڵکەکەیان وا تێ گەیاندبوو کە ئەو ڕاپەڕینە غەزایە بەرامبەر بە ئینگلیزی کافری نەفرەتلێکراو، دەستە دەستە دەروێش و سۆفی کۆدەبوونەوەو زیکریان دەکردو دەیانویست

[1] – نەریمان : کتێبخانەی کوردی، کەرکوك، ۱۹٦۰، ل ۷–۸ .

[2] – د. کەمال مەزهەر : سەرچاوەی پێشوو ، ل ۱۲۰ .

بیانێنن بۆ غەزا ، سەرانی عەشیرەت و شێخانی دەسەلاتدار، هەواڵیان بۆ سەرکردەکانی راپەڕین دەنارد کە ئامادەن هەر یەکە بە هەزار کەسەوە، بەشداری لەم جەنگە پیرۆزەدا بکەن، مەلاکانیش رۆلێکی باشیان هەبوو، لە رێگەی راوێژکردن و وتلری رۆژی هەینییەوە پیاوانیان رەوانەی غەزا دەکرد، پروپاگەندە بە رادەیەك کاریگەری هەبوو دەوترا چەند رۆژێکیتر ئینگلیز لە ولات دەردەکرێ و سەربازی ئەڵمانی بە فرۆکە لە ( سن الزبان ) ، واتە حەببانییە، کە سەربازگەیەکی گەورەی ئینگلیزی لێ بوو، دادەبەزن و عێراق رزگاردەکەن " [١].

ئەم هەلوێستەی خەڵکی کوردستان بە سەرجەم چین و توێژەکانەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە ئینگلیزەکان بە چاوی داگیرکەر سەیریان دەکرا، سەرجەم ناخۆشی و ئازارو مەینەتیەکانیان لە نەخۆشی و هەژاری و بێکاری و زوڵم و نەبوونی ئازادی و سەربەستی دەدرایە پاڵ ئینگلیزەکان، پێیان وابوو بە سەرکەوتنی ئەڵمانیا، ئەم بارودۆخە خراپە کۆتایی پێدێت و دەرگای خۆشی و ژیانێکی تازە بە ڕوویاندا دەکرێتەوە، ئەمەش بەهۆی کاریگەری ئەو دروشم و بانگەوازو بلاوکراوانەی کە ئەڵمانەکان لە عێراقدا ئەنجامیاندەدا و ئینگلیزەکانیان بە هۆکاری سەرەکی کارەسات و ئالۆزیەکان و قەدەغەکردنی ئازادی و سەربەستیەکان لە قەڵەم دەدا، ئەمەش کاریگەری زۆری کردبووە سەر هەستی خەڵك چونکە دەسەلاتداریێتی و حوکمی ئەڵمانیەکانیان نەبینیبوو، ئەگەر بیانبینیبایە هەلوێستی کورد و خەڵکی هەولێر جۆریکیتر دەبوو.

لە گەرمەی ڕاپەڕینی مایسی ١٩٤١دا گەلێك وەفدی تایبەتی لە کوردستانەوە چوونە بەغدا و ڕەشید عالی بە گەرمی پێشوازی لێ کردن .شاندی هەولێرو کەرکوك پێکەوە چوون بەشداربوانی ئەو شاندە پشتگیری خۆیان و خەڵکی کوردستانیان بۆ راپەرینەکە دووپات کردۆتەوە، لە ناو شاری بەغداد بە ناوی خەڵکی هەولێر بە تایبەتی و کوردستان بە گشتی خۆپیشاندانێکی گەورەیان سازکرد کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك بەشداربوون[٢].

خەڵکی هەولێر زۆر بە توندی و بە هەستێکی بەرزی کوردانەوە بەشداری خوپیشاندان و راپەڕینیان کرد، بە تایبەت دوای ئەوەی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە چەند جارێك بە فرۆکەکانیان بۆمبابارانی هەولێرو دەوروبەریان کرد، ئەمەش خۆپیشاندان و راپەڕینی خەڵکی هەولێری توندتر کرد تا کار گەیشت بەوەی خۆنیشاندەران ئۆتۆمبێلی موتەسەریف بسوو تێنن[٣].

بەپێی بەڵگە نهێنییەکانی ئینگلیز هەولێر تەنانەت دوای گرتنەوەی بەغداش بە ماوەیەك ئینجا هێمن بۆوە.لە هەولێرو چەند شوێنی تر ، هەندێ جار خەڵك بە تفەنگ و تاپڕ دەکەوتنە دەسرێژ لە فرۆکە هێرشهێنەرەکانی ئینگلیز ، لە هەموو شوێنێکیش هەر بەیاننامەیەك ئەو فرۆکانە فرێیان دەدا دەیاندڕاندن کە (تطوع) دەستی پێکرد خەڵکی کوردستانیش بە لێشاو خۆیان ناونوس کردو بە دەیان بروسکەیان بۆ ئەم مەبەستە بۆ بەغدا بەرز کردەوە، بەرلە هەموان قوتابییە کوردەکانی پایتەخت خۆیان فیدا کرد

---

١ - نووری عەبدوڵلا صالح ( مەلا نووری ئاغجەلەری) : بیرەوەریەکانم لە نێوان بینین و بیستندا، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٢٦

٢ - وەفدەکە ئەمانە بوون محەمەد زیاد ئاغاو عەلی ئاغای حاجی محەمەد ئاغاو حەوێز ئاغای حەسەن ئاغاو سوار ئاغای محەمەد ئاغاو ڕەشید خادم السوجادەو عبدوڵلا ئاوچی و عومەر ئاغاو بە هادین سایو فایق تاڵەبانی کە ئەو سەردەمە نوێنەری کەرکوك بوو لە پەرلەماندا شایانی باسە رەشید عالی بە کوردی قسەی لەگەڵ کردوون .بڕوانە د. کەمال مەزهەر سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣ .

٣ - ئەم کارە لە ڕاستیدا بریتی بوو لە دەربڕینی کوێرانی هەستی وروژاوی دانیشتوانی شار دژی ئینگلیز. ئەگیان ساڵح زکی ساحێبقڕانی ڕووناکبیرو قالبوونی ڕێگەی کوردایەتی کە ئەوساکە موتەسەریفی هەولێر بوو ئەو پیاوە نەبوو ئوتومبیلی بسوتێنری .

. بەپێی گێڕانەوەی هادی ڕەشید چاوشلی ، کە ئەو کاتە قوتابی کۆلیجی حقوق بوو .ئەو قوتابیانە لە گۆڕەپانێکی نزیك ( باب المعضم) چەند ڕۆژێك مەشقیان کردبوو.[1].

دوای چەند رۆژێك لە خۆپیشاندان و راپەڕینی شاری هەولێر خەڵكی شەقلآوەش کە نزیکن لە شاری هەولێر دەڕژێنە سەرشەقامەکان و خۆپیشاندانێکی گەورە ئەنجام دەدەن، مامۆستایانی فێرگەی سەرەتایی شەقلآوە کە بەشی زۆریان خەڵکی هەولێر بوون کاریگەری و رۆڵی گرنگیان لە هاندانی خەڵك هەبووەو چەندین وتارو شیعر بۆ پشتگیری راپەڕینی مایس خوێندراوەتەوە، رۆژنامەی ( الزمان ) لە لایەن پەیامنێرەکەیەوە راپۆرتێکی لەسەر ئەم خۆپیشاندانە بلآو کردۆتەوەو ئاماژە بەوە دەکات کە بەشداربوانی خۆپیشاندانەکە بریتی بوون لە مامۆستایان، شاگردان، کاسبکاران و تەنانەت ئافرەتێکی زۆریش لەو خۆپیشاندانەدا رۆڵیان هەبووە، خۆپیشاندەران داوای دەرکردنی ئینگلیزەکانیان کردووەو چەندین دروشمیان دژی ئینگلیزو حکومەتی عێراق ووتۆتەوە [2].

بەشداریکردنی ئافرەت لەو کاتەدا رۆڵی تایبەتی هەبووەو هاندەرێکی باش بووە بۆ بەردەوامی خۆپیشاندانەکان و بەیەکەوە خەباتکردنی ژنان شان بە شانی پیاوان، ئەمەش رادەی بەرزی ووشیاری کۆمەڵگای کوردی دەردەخات، کە لە کۆڕی خەباتدا جا چ خەباتی سیاسی بێت یان چەکداری بێت ، ژنان و پیاوان بەیەکەوە بەشداریانکردووە.

لە ڕۆژگاری شۆڕشی بیستەوە فەتوای پیاوە ئاینییەکان بووە هاندەرێکی کارگەر لەسەر خەڵك بۆ خەبات کردن دژی ئینگلیز ، لەبەر ئەوە هیچ سەیر نییە لەکاتی ڕاپەڕینی مایسدا زانایەکی ئاینی ناسراو نەما بێ فشارو هاندان فەتوای دوورو درێژ دەرنەکات کەچی دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە دەگمەن خۆفرۆشێك هەڵدەکەوێت بچێ بەدەنگ وەسییەوەو فەتوایەکی پێچەوانەی ئەوانەی پێشوو دەربکات، ئەو فەتوایانەی نیسان ومایسی ١٩٤١ پیاوە ئاینییەکان دژی ئینگلیز دەریان کرد کاری زۆریان کردە سەر کۆمەلآنی خەڵکی عێراق لەم بوارەشدا شێخ و مەلایانی کوردستان درێغییان نەکرد. ڕۆژنامەکانی بەغدا ژمارەیەکی زۆر فەتوای ئەوانەی لە شوێنی دیاری لاپەڕەکانیاندا بلآوکردۆتەوە[3].

شەڕو پێکدادانی نێوان راپەڕیوان و کاربەدەستانی بەریتانیا، درێژەی کێشا، لە شاری هەولێریش رۆژانە خۆپیشاندان و گردبوونەوەکان بە دروشمی پشتگیری رەشید عالی گەیلانی و دژی ئینگلیز بەردەوام بوو، بەلآم دواجار سوپای ئینگلیز بە هاوکاری پیاوەکانی وەك نوری سەعید و وەصی و...هتد، سوپای عێراقیان شکاندو سەربازە عێراقیەکان نەیانتوانی خۆڕابگرن و رایانکردو ئەڵمانیاش هیچ هاوکاریەکی راپەڕینەکەی نەکرد، ئیتر عەبدوئیلاه و نوری سەعیدو لایەنگرانیان گەڕانەوەو دەست بەکاربوونەوە، تا بەپێی خواستەکانی ئینگلیز مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی تازەدا بکەن ، حسێن هەمەوەندیش بووە سەرۆکی ئەرکانی سوپا، خەڵك واقی وڕماو خەم و پەژارە دایگرت، دەتووت ئاوی ساردیان بەسەردا کراوە، وایان دەزانی ئەم شکستە گەورەیە بەسەر گەل و ئیسلامدا هاتووە[4]

[1]- طاريق ابراهيم شريف: شخصيات تتزكر، الجزء الاول، اربيل، ١٩٨٨، ص٨٩-٩١ .

[2]- أبو فاروق : مظاهرات كردية ضد سلطة ئينگليز، الزمان ( صحافة ) العدد (٤٥٥ ) ، ١٤ ايار ١٩٤١ ، ص ٢ .

[3]- بروانە رۆژنامەی ( الزمان ) العدد (٤٥٣ ) ، ١٢ ئایار ١٩٤١ ، ص٢ .

[4]- نووری عەبدوڵلآ صالح ( مەلا نووری ئاغجەلەری) : سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧ .

## بەشی دووەم / خۆپیشاندانەکانی خەڵکی هەولێر لە ساڵانی ١٩٤٨ و ١٩٥٢ دا

### باسی یەکەم / خۆپیشاندانی خەڵکی هەولێر دژی پەیمانی پۆرتسمۆس لە ساڵی ١٩٤٨

لە ٢٩ی ئازاری ١٩٤٧ ، کابینەی وەزارەتی چلەمین بەسەرۆکایەتی ساڵح جەبر پێکهێنرا، کە زۆربەی زۆری وەزیرەکان لەلایەن خۆیەوە هەڵبژێردرا و بەدڵ و ئارەزووی باڵوێزخانەی ئینگلیزی بوون لە بەغدا، نێوبراو هەر زوو لە کارنامەی وەزارەتەکەیدا جەختی لەسەر درێژە پێدان و پتەوکردنی پەیوەندی عێراقی – ئینگلیزی کردەوە، تا مۆرکردنی پەیمانی پۆرتسمۆسی لێکەوتەوە. [١] .مۆرکردنی ئەم رێککەوتننامەیە بە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی عێراق بوو، ئینگلیزەکان لایەنی ئابوریو ئیداری و سەربازی عێراقیان لەم رێککەوتننامەیەدا بەباشی بۆخۆیان مسۆگەر کردبوو، ئەمەش لەلای خەڵکی عێراق بە باشی هەستی پێدەکرا، بۆیە لە سەرجەم کۆڵان و بازارو چاخانەو مەیخانەو قوتابخانەو دام و دەزگاکانی حکومەت و زانکۆو شوێنەکانی تر، خەڵکی بە ئاشکرا نارەزایەتیان دەردەبڕی، مانیان دەگرت، قسەی ناشیرینیان بە حکومەت دەووت، مانگرتنی خەڵك دەستی پێکردبوو، لەوکاتەدا حکومەت خۆی بێدەنگ کردبوو، وا دیار بوو حکومەت مەبەستی بوو ئەو کەسانە بدۆزێتەوەو دەستگیریان بکات کە سەرکردایەتی مانگرتن و خۆپیشاندانیان دەکردو خەڵکیان هاندەدا، تا دەهات دەرامەت و نان کەم دەبوو رقی جەماوەر ئەستورتر دەبوو، پارتە سیاسییە نیشتمان پەروەرەکان ئاگری نارەزاییان خۆشتر دەکرد، کەمبوونەوەی گەنم و ئارد ترسی خستبووە دڵی خەڵك ، حکومەتی عێراق هەوڵی زۆری دەدا بۆ پەیداکردنی ئاردو گەنم بەڵام ئەو ساڵە لە زۆربەی ناوچەکان نەهاتی بوو، بەشی خۆیان نەدەکرد، هەروەها مەسەلەی پەیمانبەستی ( بیڤن–جبر) ترسی گەورەی خستبووە ناو دڵی خەڵك لەوە دەترسان لە پەیمانی ١٩٣٠ خراپتر بێت وکۆت و زنجیری ئەستورتر لە پێیان بکرێ ، هەروەها مەسەلەی فەڵەستین و رۆڵی خراپی عێراقیش هێندەیتر رق و تورەیی لەلای خەڵکی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی زیاتر کرد[٢].

تەقینەوەی گەورەی جەماوەری عێراق لەو رۆژەوە دەستی پێ کرد کە فازیل جەمالی وەزیری هەندەران لە لەندەنەوە هەواڵی دەستپێکردنی ((گفتوگۆیەکی گرنگی)) لە نێوان بەریتانیاو عێراق راگەیاند. بۆ رۆژی داهاتوو، کە دەیکردە چواری کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ ، شاری بەغدا بەجارێك خرۆشا. قوتابیانی کۆلێجەکانی بەغداد خۆپیشاندانیان ئەنجامداو هوتافی ( صالح جبر قندرة ، نوری سعید قیطانة )" دەووتەوە [٣] هەر ئەو رۆژەش لەسەر فەرمانی سەرەك وەزیران، پۆلیس کەوتنە گیانی خۆپیشاندەرانی پایتەخت. بۆ رۆژی داهاتو کاربەدەستان کۆلێجی حقوقیان بەو بیانووەوە داخست کە گوایە بیروباوەڕی

---

١– پەیماننامەی پۆرتسمۆث : ئەو پەیماننامەیە بوو کە لە نێوان عێراق و بەریتانیا لە ١٥ ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ دا بەسترا، تا شوێنی پەیماننامەی ١٩٣٠ بگرێتەوە کە رای گشتی عێراقی داوای هەڵوەشاندنەوەی دەکرد، بەڵام ناوەرۆکی پەیماننامەکە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوی پێشتردا نەبوو، بۆیە راپەرینێکی میللی کە بە ( الوثبة ) ناسرا هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکەی لێکەوتەوە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، عبدالرزاق الحسنی، تاریخ الوزرات العراقیة، الجزء السابع، الطبعة السابعة، بغداد، ١٩٨٨، ص ٢٣٤–٢٤٠ ؛ دکتۆر کمال مظهر احمد : صفحات من تاریخ العراق المعاصر ، دراسات تحلیلیة، بغداد، ١٩٨٧، ص١٣٧–١٤٠ .

٢– کاکە مەم بۆتانی: کاکی کاکان مرۆڤ و رووناکبیرو شۆڕشگێر ، خەباتی سیاسی ساڵانی ١٩٢٤–١٩٦١ ی سەرکردەی نەمر عومەر دەبابە ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٨، ل ٦٧–٦٨ .

٣– نووری عەبدوڵڵا صالح ( مەلا نووری ئاغجەلەری) : سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧–٥٨.

گێرە شێوێن لە ناو قوتابیاندا باوە، ئەو پەیمانەش نارەزایی و ڕاپەڕینی جەماوەری گەورەی لێکەوتەوە، باشووری کوردستانیش بەگەرمی بەشداری و پاڵپشتی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەریەی کرد [١].

ئەوەی کاریگەری زیاتری هەبوو لەسەر دەستپێکردنی خۆپیشاندانی هەولێر، بریتی بو لە گەڕانەوەی بارزانیەکان بۆ هەولێر لە رۆژهەلاتی کوردستان دوای رووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد کە چەندین خۆپیشاندانیان ئەنجامدابوو، وە چەندین دروشمی جیاوازیان دژی حکومەتی عێراق بەرز کردبۆوە کە بریتی بوون لە

- نانی وانە تەئمین بکرێ ...بارزانیەکان عەفو بکرێ
- نانی میللەت تەئمین بکرێ ساڵح جەبر ئیعدام بکرێ[٢]

ئەمەو چەندین هۆکاریتر کاریگەریان نواند لەسەر خۆپیشاندانەکان، گەنجە رۆشنبیر و نەتەوە پەروەرەکای هەولێریش ڕۆڵی کارایان گێڕا، چ لە ناوەوەی شارە کوردییەکان و چ لە ڕاپەڕینەکانی بەغدادا [٣] بۆ پشتگیری و پشتیوانی ڕاپەڕینی مایس لە ڕۆژی ١٣ شوباتی ١٩٤٨دا کۆمەڵێکی زۆر لە دانیشتوانی هەولێر گەیشتنە بەغداد. بە جۆش و خرۆشەوە بەشداری خۆپیشاندانێکی گەورەیان کرد، بە شەقامەکاندا سەر گۆڕی شەهیدەکان گەڕان چەپکەگوڵیان بەدیاری بۆ بردن دواتر تەرمی حسەین عەلی کە لە خۆپیشاندانەدا گیانی لەدەست دابوو بردە شاری نەجەف بە خاکیان سپارد [٤]

دانیشتوانی شاری هەولێر بەسەرجەم چین و توێژەکانەوە بەشداری گرنگ و کارایان لەو خۆپیشاندانانە بینی کە نزیکەی دە هەزار کەس بەشداریان تێدا کردو دژایەتی خۆیان بۆ پەیمانی پۆرتسمۆس نیشاندا، لەم بارەیەوە فەتاح تۆفیق فەتاح ناسراو بە خەباتی مەلا حەسەن کە بەشداربوویەکی خۆپیشاندانەکە بووە دەنووسێت : " ئەو کاتەی وەفدی عێراق لە بەریتانیا بوو بۆ نوێ کردنەوەی پەیمانی نێوان عێراق و بەریتانیا قوتابیانی ناوەندی و دواناوەندی هەولێر دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و پشتیوانیان لە خۆپیشاندانەکانی شاری بەغداد کرد، لەو ساڵەدا لە هەولێر جموجۆڵێکی زۆر فراوانی قوتابیان هەبوو کە ڕۆڵی سەرەکی هی حیزبی ( تحریر ) بوو، رۆژی ٥ کانونی دووەمی ١٩٤٨ قوتابیان لە قوتابخانەکان هاتنە دەرەوەو دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و بەرەو ناوبازاڕی هەولێر بەڕێکەوتن، ناوبراو دەڵێت منیش بۆیەکمجار بەشداریم لەو خۆپیشاندانەدا کرد، لەسەرەتای بازاڕ شێخ خالص کە ئەو کاتە لە پۆلی پێنج بووچووە سەر بەرزاییەك و وتاریکی شۆرشگێڕی دەخوێندەوە، لەو کاتەدا هێزێکی زۆری پۆلیس هاتن ویستیان کاغەزەکە لە دەستی شێخ خالص دەربهێنێت، ئەویش کاغەزەکەی نەدەدا بە پۆلیس و ئیتر بووە مشت و مڕیان و لەو کاتەدا سەرپەرشتیاری خۆپیشاندەران هاواری کرد کە بڵاوەی لێ بکەین بۆیە هەرکەسە بە لایەکدا رای کرد، نیوەڕۆ کە هاتینەوە بۆ بازاڕ زانیمان کە پۆلیس پێنج کەسی گرتووە، دواتر خۆپیشاندانەکان ناوە ناوە بەردەوامیان پێدەدرا لە هەموو

---

١- شوان محمدامین تەها خۆشناو: هەولێر لە نێوان ساڵانی ( ١٩٥٨-١٩٦٣ ) لێکۆڵینەوەیەکە لە بارودۆخی سیاسی، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٧٤ .

٢- بەکر شاکر کاروانی : عەلی فەتاح دزەیی شاعیرو نووسەرو تێکۆشەر، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٣٩ .

٣- لەوانەی بەشداری کارایان هەبوو لەو خۆپیشاندانەدا بریتی بوون لە ( عاسم حەیدەری، مەجید رەئوف، جەودەت ناجی ) بڕوانە موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقي السري: شرطة العامة، شعبة مديرية التحقيقات الجنائية، جزء الاول، بغداد، ١٩٤٩، ص ٢٢-٥١ .

٤- د. کەمال مەزهەر : چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم ، چاپخانەی ( الاديب البغدادیە )، بەغداد، ١٩٨٥ ، ل٢١٦ .

ئەم خۆپیشاندانانە شیوعیەکان ڕۆڵی گرنگیان بەرچاویان هەبوو، (شێخە شەلە )، وتاری پڕ جۆش و خرۆشی دەخوێندەوە هەندێ جاریش کچێك وتاری دەخوێندەوە، دوایی دەرکەوت کە ئەم کچە فەریدەی خوشکی نافیع یونس بوو " [(١)].

لێرەوە دەردەکەوێت لە خۆپیشاندانەکانی شاری هەولێر تەنها یەك چین بەشداریان نەکردووە، بەڵکو سەرجەم چین و توێژەکان ، تەنانەت ژنانیش شان بەشانی پیاوان بەشداربوویەکی کاریگەری خۆپیشاندانەکان بوو، ئەمەش بە ئاگایی وووریایی خەڵکی هەولێرو دەوروبەری پیشان دەدات.

لەم بارەیەوە عەریف سلێمان [(٢)] لە بیرەوەریەکانی خۆیدا باسی دروشمەکان دەکات کە بەم شێوەیە بووە

١- بروخێ حکومەتی صالح جەبر...با بڕوخێ

٢- بروخێ موعاهەدەی پۆرتسمۆپ... با بروخێ

٣- چیتان دەوێ کوردینە.... نانی گەنمی کوردینە

بەم شێوەیە چەند کەسێك ڕۆڵی گرنگیان لە خۆپیشاندانەکاندا بینی بە تایبەتی لە کاتی نەورۆزدا کە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی خەڵك هەر بەردەوابوو لەو لاوە خوێن گەرم و ڕۆشنبیرو نیشتمان پەروەرە کە ڕۆڵیان هەبوو بریتی بوون لە ( عەونی یوسف، قادر حاجی کەریم، جەوهەر حسێن مەلا، کەریم ڕەئووف، شێخە شەلە ) ، ئەمانە هەوڵیان دەدا خۆپیشاندانەکان بقۆزنەوەو بەردەوامی پێبدرێت و حکومەت داواکاریەکانی کورد جێ بەجێ بکات " [(٣)].

لەم خۆپیشاندانەی شاری هەولێردا جوتیارانی دەشتی هەولێر بەشداریەکی گرنگیان بینی و لە گوندەکانی قازیخانە، پالأنیان، گەڕەشێخان، میرزاغا، موورتکە، چەڵتووك، دووگردکان، جاستان و دارەخورماو ماجیاوای شەمامك ...هتد ) جوتیاران دەهاتنە ناو شاری هەولێر هوتافیان دژی سیاسەتەکانی مەلیك و حکومەتی پاشایەتی لێدەدا، لەبەرامبەردا ئاغاکانی ئەم گوندانە سیاسەتێکی زۆر نامرۆڤانەیان بەرامبەر ئەم جوتیارانە پیادە دەکردو دەستیان کرد بە سزادانی ئەو کەسانەی بەشداری خۆپیشاندانەکانی هەولێر کردووە،ماڵی ( عوسمان بەکرو عەبدوڵلا حەمەد خەیارو مەولود عەزیزو چەند ماڵیتر ) بە فەرمانی ئاغا لە گوندەکانیان دەرکران و خانووەکانیان ڕووخێنران و ئاغا داروبارەکەشیانی بۆخۆی برد، تەنانەت ئاغاکان بەمە نەوەستان و هەریەکەی بە سێ دینار سزادان و بەڵێننامەی لێ وەرگرتن کە کە جارێکیتر بەشداری خۆپیشاندان نەکەنەوە [(٤)].

لەم بارەیەوە موحسین دزەیی لە بیرەوەریەکانی خۆیدا دەنوسێت :" لە ٢٧ کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ واتە ڕۆژی ڕاپەڕینەکە خۆپیشاندانێکی گەورەمان سازدا، پۆلیس اەوپەڕی ئامادەباشیدا بوو، خەریك بوو خوێن بڕژێت ، کاك ئەحمەد خەبەری بۆ دانیشوانی گوندەکەمان نارد و ئۆتۆمۆبیلی بۆ ناردن تا بێنە هەولێرو بەشداری خۆپشاندان بکەن ، ئەو خەڵکەی کە هاتن دەمانچەو خەنجەرو تەنانەت خوترمەشیان هێنابوو، سەرەتا پۆلیس وویستی بڵاوەیان پێ بکات، جەمیل ڕەشید بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بوو، هەندێك ڕووبەڕووبوونەوەو هەڕوگیڤ کرا، بەڕێوەبەری پۆلیس فەرمانی بەدەست بوو کە هەموو شتێك بکات و چەندان پیکابی ڕەشاش بەسەری لەژێر دەستدا بوو، لەلایەن هەندێك لە قوتابیانەوە ئیهانەش کرا، بەڵام بواری نەدا پۆلیس

---

[١]- فەتاح تۆفیق فەتاح ( خەباتی مەلا حەسەن ) : حەفتاو شەش ساڵ ژیان پەنجاو نۆ ساڵ تێکۆشان ، بیرەوەری ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر، ٢٠٠٨ ز، ل ٩-١١ .

[٢]- سەبارەت بە ناوی سیانی عەریف سلێمان زۆر بە ووردی سەیری بیرەوەریەکانم کرد ناوی سیانی تێدا نەنوسرابوو.

[٣]- عەریف سلێمان : لە دەنکەوە بۆ گوڵە گەنمەکان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٨ .

[٤]- حەسەن تەها، سەلیم شێخ محەمەد و ئەوانیتر: ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێری ساڵی ١٩٥٣ وەکو خۆی ، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ١٥

تەقە بکەن و گوێم لێ بوو دەیووت ( ئەوانە کوڕی خۆمانن و نابێت ئەزیەتیان بدەن ) لەبەرامبەر پۆلیس کشانەوەوبێ رژانی یەك دڵۆپە خوێن ئەو رۆژە خۆپیشاندانەکە کۆتایی هات" (١)

لەلایەکی ترەوەخەڵکی شاری هەولێر لە رێگای کۆکردنەوەی ئیمزاوە چەند داواکاریەکیان بۆ حکومەتی عێراق و ئینگلیزەکان بەرزکردەوە کە بریتی بوون لە :

١- یارمەتیدانی جوتیاران، بە گەنم و جۆو دانەوێڵەی ترو پێدانی پارەی پێشەکی

٢- دانانی قوتابخانەو بیمارستان و نەخۆشخانەی گەڕۆك بۆ دێهاتەکان .

٣- چارەسەرکردنی نەخۆشی ئاژەڵ و کردنەوەی بەیتاڵخانەیەك لە هەولێر

٤- دروستکردنی مزگەوتی تازە بۆ دێهاتەکان و حەمام و ئاودەستخانەی گشتی لە نزیکیانەوە .

هەروەها چەندین داواکاری سیاسیش کە دروشمی راستەقینەی خۆپیشاندان و راپەڕینەکان بوو بریتی بوون لە :

١- بەردانی گیراوە سیاسییەکان

٢- هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی پۆرتسموپ

٣- ئازادی و دیموکراسی فەرهام بکرێ

٤- دادگاییکردنی بەڕێوەبەری بەندیخانەی بەغدا ( ئەمە هەمان داواکاری خۆپیشاندەرانی بەغداد بوو ) (٢)

بەڵام راپەڕین سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا و هاوکاری کردنی پارتە نیشتیمانییەکان و هەماهەنگی بوونیان بووە جێگەی رەزامەندی گەلانی عێراق، ئەندامانی کوردیش هەڵوێستی ئەرێنیان نواند لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەغدا، لە رووداوەکانی ٢٧ی مانگ لە بەغدادا کە بە رۆژی راپەڕینی گەورە (وەسبە) ناسرا، لەنێوانیاندا نوێنەری هەولێر (محەمەد نەقیب) و نوێنەری کۆیە (محەمەد زیاد ئاغا) دەست لە کارکێشانەوەیان راگەیاند (٣). ئەمەش هەڵوێستی زۆر بەرز بوو لەو کاتە کە نواندیان، لەلایەن خەڵکیشەوە زۆر بە باشی و جوانی پێشوازی لێکراو هانی خەڵکی هەولێریدا کە بەردەوام بن لە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین، چونکە کاتێك بینیان نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیش لەگەڵ خەڵك و لە ناو خەڵکن و پشتگیری و پشتیوانی داواکاری و بەدیهێنانی مافەکانیان دەکەن، دڵخۆش بوون و کاریگەری باشی بەسەر هەستی خەڵکەوە هەبوو.

خۆپیشاندانەکان لە شاری هەولێر شان بە شانی شاری بەغدادی پایتەخت بەردەوام بوو، کرێکاران و قوتابیان و مامۆستایان و ئافرەتان و کاسبکاران و جوتیارانی دەوروبەری هەولێر لە خۆپیشاندانەکانی شاری هەولێردا رۆڵی گرنگیان دەبینی ، بە ئاشکرا هوتافیان دژی حکومەتی عێراق و ئینگلیز دەووت و هاواریان دەکرد بە مردنی ئیستعمارو روخاندنی حکومەتی ساڵح جەبر، وە جەماوەری خۆپیشاندەر دەستی بەسەر شەقام و گەڕەکەکانی شاری هەولێردا گرتبوو، لە خوار قەڵاتی هەولێر لە نزیك چاخانەی ( مەچکۆ ) رۆژانە خەڵك کۆدەبۆوەو وتاریان دەخوێندەوە، کەسێك بە ناوی ئیسماعیل کە ئەندامی حیزبی شیوعی بوو، کەسێکی هەژارو نەخوێندەوار بوو خەڵکی یەکێك لە گوندەکانی قەزای مەرکەزی هەولێر بووەو ئەم پارچە شیعرەی خوێندبۆوە:

گوێمان لێ بگرن، میللەتی هەژار

---

١- موحسین دزەیی : وێستگەکانی ژیانم ، تاریق ئیبراهیم شەریف بە عەرەبی گفتوگۆیەکەی سازداوەو و ئیسماعیل بەرزنجی کردوویەتی بە کوردی ، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩، ل ٤٤ .

٢- ئەحمەد بانیخێلانی: بیرەوەرییەکانم ، سوید، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل ٦٠

٣- جلال الطالباني: كردستان والحركة القومية الكردية، بيروت، ١٩٦٩، ص١٦٥ .

صالح جەبرە کلکی ئیستعمار
سەدانی کوشتن لاوانی هۆشیار
هێشتا جاددەکەی بەغداد هەر سوورە
خوێنی شەهیدان ماوە مەشهورە
ئەم وەزارەتەی ئێستا نوێیە
بۆمان بکا مەحکەمەی خوێنە
صالح جەبرمان بۆ بخنکێنە
مەتلەبمان ئەوە بۆمان پێك بێنە[1].

بەبیانووی بارودۆخی وڵات و پاراستی سوپای عێراقی شەرکەر ! بۆ ئازادکردی فەلەستین، ڕژێمی پاشایەتی حوکم و دادگای عورفی ڕاگەیاند و کەوتە پەلاماردان و راوەدونانی نیشتیمانپەروەران لەسەر تاسەری عێراق بە کورد و عەرەبەوە بەندیخانەکانیان بە زیندانی پڕکردەوە[2]. دەسەلاتدارانی سەربازی و پۆلیسی نهێنی لە هەولێر لە ٢٤ی ئایاری ١٩٤٨ هەڵمەتێکی راوەدونان و دەستگیرکردنیان لە هەولێر دەست پێکرد، کە ٥٤ کەس دەستگیر کران ، کە لە ٢٠ی تەمموزی ١٩٤٨دادگایکران، لە دیارترینیان : (عەونی یوسف ، شێخ محەمەد محەمەد، جەوهەر حوسێن ملا، عەلی فەتاح ، ئەنوەر محیەدین، رەقیب حوسێن مەلا، خالید شێخ جەواد، عاسم حەیدەری و فایەق نارد) حکومداران [3]. هەڵمەتی تیرۆر و تۆقاندن لەسەردەمی کابینەی نووری سەعید [4] گەیشتە ئەو پەڕی کە ژمارەیەکی بەرچاوی هەولێر حوکم دران، لەنێویاندا (عەزیز محەمەد، جەمال حەیدەری (١٩٢٦-١٩٦٣) نافیع یونس، شێخ محەمەد محەمەد و عەلی فەتاح دزەیی) [5]. بەپێی یاداشتەکانی سالح حەیدەری[6] کە یەکێك لە سەرکردەکانی حیزبی شیوعی عێراق بووەو زیندانی کراوە دەڵێت:" لە زینداندا رژێمی عێراق زیندانیەکانی لە یەکتری جیا دەکردەوە، بەپێی نەتەوەو رەگەز دەیبردنە ناو ژورەکانی زیندان و لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکردن و دادگایی دەکردن و بڕیاری زیندانی بۆ ماوەیەك بەسەردا دەسەپاندن [7].

بەم شێوەیە خۆپیشاندان و نارەزایەتی خەڵکی هەولێر بە زەبری هێز کۆتایی پێهات ، بەڵام خۆپیشاندانەکانی عێراق بە گشتی بووە مایەی رووخانی کابینەکەی سالح جەبرو تا رادەیەك بواری ئازادی و جموجۆڵی زیاتری کۆمنیست و دیموکراتەکانی لێ کەوتەوە [8] هەروەها بۆ یەکەم جارو لە هەلومەرجی راپەڕینی مەزنی شۆڕشگێڕانەدا، خەڵك عێراق و کوردستان بە تایبەتی

[1]- نەجمەدین مامۆ هەریری: بیرەوەری، بەرگی یەکەم، پێداچونەوەی سلێمان شێخ محەمەد، چاپخانەی رۆژهەلات، ٢٠٠٩، ل ٤٣-٤٤ .

[2]- كريم احمد: المسيرة، صفحات من مذكرات كريم احمد، مطبعة شهاب، اربيل، ٢٠٠٦، ص٧٣ .

[3]- صالح حيدرى: مختارات من مذكرات صالح حيدرى، السليمانية، ٢٠٠٤، ص٢١-٢٨ .

[4]- ئەمە کابینەی دەیەمی نوری سەعید بوو کە دەیکردە چل و سێ یەمین کابینەی حکومەتی عێراق، ، ئەم کابینەیە لە ٦ی کانونی دووەمی ١٩٤٩ پێکهات و تا کانونی یەکەمی هەمان ساڵ بەردەوام بوو، بڕوانە عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزرات، الجزء الثامن ، ص ٥٩-١٣٠ .

[5]- موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقي السري: المصدر السابق ، ص ٨٢٦-٩١٧ .

[6]- ساڵح حەیدەری لە ٩ ی ئایاری ساڵی ١٩٢٢ لە هەولێر لەگەڕەکی عارەبان لە دایك بووەو لە ساڵی ٢٠٠١ کۆچی دوایی کردووە .

[7]-بورهان حاتم گۆمەتاڵی : ساڵح حەیدەری ١٩٢٢-٢٠٠١ رۆڵی سیاسیی و رووناکبیریی ، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری K21 زنجیرە ٣ ، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١١٢ .

[8]- جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی ، وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە، چاپی سێیەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٢٢ .

دەیانتوانی بە ئازادی و بە خۆپیشاندان بڕژێنە سەر شەقامەکان و چییان بوێ داوای بکەن، بەبێ ترس لە پەلامارو گرتن و کوشتن بە دەستی پۆلیس هەست و نەستیان دەربڕن.

هەرچەندە لە کوردستان بە گشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی پارت و ڕێکخراوەکان ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان لە هاندانی خەڵك بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان هەبوو، لە سەردەمی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی ١٩٤٨ بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی کوردستان بە تایبەتیش چینی خوێندەوارو ڕۆشنبیر بەسەر دوو پارتی سەرەکیدا دابەش ببوون ئەوانیش ( پارتی دیموکراتی کورد و حیزبی شیوعی عێراق ) سەرکردەکانی ئەم دوو پارتە بیرو بۆچوونی زۆر جیاوازیان لەسەر مەسەلەی کوردو چارەنووسی داهاتووی گەلانی عێراق هەبوو لەم بارەیەوە بەهادین نوری سەرکردەی ئەوکاتەی حیزبی شیوعی عێراق دەڵێت :" مشتومڕی نێوان ئێمەو پارتییەکان بە درێژایی ١٩٤٧-١٩٤٨ و دواتریش توندوتیژ بوو، بەڵام تارادەیەك دیموکراسی و ڕێزی یەکتر گرتنی تێدا پەیڕەو دەکران، مەسەلەکە لەسەر دوو خاڵی سەرەکی بوو ، یەکەم، ئایا کورد نەتەوە پێك دەهێنن یان نا ؟ دووەم ، ئایا بوونی ڕێکخستنێکی شیوعی لە کوردستان راستە یان نا ؟ ئێمە بە ووشکە باوەڕی و لەبەر رووناکیی نوسینەکانی ستالیندا لە بارەی نەتەوەوە قسەمان لەسەر مەسەلەکان دەکردو، پێمان وابوو ئەوە ڕایەکی ڕاست و دروستەو قابیلی قسە لەسەر کردن نی یە، لایەنی دووەمیش هەر دوور لەرێ و شوێنی زانستی قسەی دەکرد، بۆیە ڕاستی لە نێوان ئەم و ئەودا ون بوو بوو، دەمەتەقێی هەردوولا خولیای قۆرخکردنی مافی چالاکی سیاسی تێدابوو " [١].

هەروەها لە کۆی گشتی ڕاپەڕینەکەدا، دوو توێژ زۆرترین ڕۆڵیان هەبوو کە بریتی بوو لە قوتابیان و ئافرەتان، بە تایبەتی توێژی یەکەم، کە هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەکەوە لە پێشەنگدا بوون، بە جۆرێك حکومەت بە نهێنی فەرمانی بۆ قوتابخانەکان ناردبوو کە پێویستە لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا دەرگای قوتابخانە دابخرێت [٢]

لە کۆتایدا دەتوانرێت ئەوە بوترێت کە ئەم ڕاپەڕینە گەرچی دروشمەکەی خۆی ئەنجامدا بەڵام نەیتوانی بەردەوامبێ و ڕژێمی پاشایەتی بگۆڕێ و ماف و داواکاریەکانی کورد بەدی بینێت، ئەمەش بە پلەی سەرەکی لەبەر ئەوەی کە هێزە نیشتمانییەکان تەواو یەکگرتوو نەبوون بەرنامەیەکی روون و درێژخایەنیشیان نەبوو، تا نەهێڵن گەرموو گوڕی شۆڕشگێڕی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا ساردبێتەوە، دەبێت ئەوەش بگوترێ کە هێزەکانی ئەو کاتە کەم ئەزمون بوون، لە هەمان کاتدا حکومەت بە یارمەتیدانی بەریتانیاو شارەزایانی توانی خۆی لەو قەیرانە دەرباز بکات. بۆ ساڵی دواتر لە یادی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی کانوونی ١٩٤٨ دا ، لە شاری هەولێر جەماوەر خۆپیشاندانێك گەورەیان ئەنجامدا ، بەڵام پێشتر لەلایەن دەزگای پۆلیسی شاری هەولێرەوە هێزی زۆر کۆکرابۆوە، بۆیە ڕووبەڕووی جەماوەری خۆپیشاندەر بۆوەو هەوڵی دەستگیرکردنی هەندێك کەس درا، کە گوایە سەرکردەی خۆپیشاندەرانن، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە شەڕی دەستەویەخە لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس ڕوویدا، بەڵام دواجار بە زەبری هێز توانرا بڵاوە بە خۆپیشاندەران بهێنرێت و خۆپیشاندەران بە کۆڵانەکانی هەولێردا بڵاوەی لێبکەن[٣]

---

[١]- بیرەوەرییەکانی بەهادین نوری : بەشی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای دیموکراسی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٦٣ .

[٢]- ئەبوبەکر شێخ جەلال : بەرهەمی خەبات، بەشێك لە بەرهەمەکانی ا.ب هەوری، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٦٥ .

[٣]- موحسین دزەیی : سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥ .

**باسی دووەم / خۆپیشاندان و راپەڕینی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٥٢**

بارودۆخی خراپی ئابووری و سیاسی و داواکاری خەڵك بۆ چاکسازی کردن لەو بوارانەدا بەردەوام بوو، یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و راپەڕینی ١٩٥٢ بریتی بوو لە مانگرتنی کرێکارانی جگەرە ( کۆمپانیای خۆماڵی جگەرە) کە بە ماوەیەکی کەم بەر لە راپەڕین ئەنجام درابوو، کە تیایدا داوای زیادکردنی کرێی کرێکاری کرابوو، هەروەها یاخی بوونی جوتیارانی ( آل أزیرج ) کە چەکیان لە دژی رژێمی عێراق بەرز کردەوەو دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو لە تەواوی عێراقدا، تەنانەت هۆکارێك بوو بۆ یاخی بوونی جوتیارانی کوردستان لە دژی سیاسەت و بڕیارەکانی حکومەتی ئەوکاتەی عێراق، هەروەها مانگرتنی قوتابیان و مامۆستایان و فەرمانبەرانی کۆلێجەکانی بەغداد رەنگدانەوەی گەورەی هەبوو، لە دەست پێکردنی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی شاری هەولێر، هەروەها خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران و بەرەنگاربوونەوەی ئینگلیز هۆکارێکیتر بوو، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر گەلی عێراق دڵی پڕ لە کینەو رقێکی ئەستوور بوو بەرامبەر بە بەریتانیا کە بە جۆرەها شێوەی سیاسی و ئابوری باڵی بەسەر عێراقدا کێشابوو [1]

راپەڕینەکە لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٥٢ بە مانگرتنی قوتابیانی کۆلێژی دەرمانسازی و کیمیا دژی یاسای هەموارکراوی کۆلێژ دەستی پێکرد، کە بواری دەرچوونی لەلای قوتابیان تەسك کردبۆوە، پاشان کۆلێژەکانی تریشی گرتەوە، هەرچەندە لایەنی بەرپرس، کە وەزارەتی تەندروستی بوو هەموارکردنەوەی هەڵوەشاندەوە و قوتابیانیش بڕیاریاندا مانگرتنەکە بشکێنن لە ١٩ تشرینی یەکەمی١٩٥٢ دا ، بەڵام لە ٢٠ تشرینی یەکەمدا سەرلەنوێ مانگرتن و ناڕەزاییەکان دەستی پێکردەوە بەهۆی لێدانی چەند قوتابییەك کە لە سەرپەرشتیارانی مانگرتن و ناڕەزاییەکە بوون[2].

خۆپێشاندان و راپەڕینەکان سنوری بەغدایان بەزاند، لە ٢٠ی تشرینی دووەم لە هەولێر هەوادارانی پارتی و شیوعی، بە بەشداری قوتابیان و پیشەگەران و کاسبکاران رژانە نێو بازاڕی گەورەی هەولێر و بەرەو سەرا بەرێکەوتن و ڕووبەڕووی هێزەکانی پۆلیس بوونەوە، لەهەردوو لا بریندار هەبوو ، لەهەمان ڕۆژدا هەڵمەتێکی راوەدوونان لەهەولێر دەستی پێکرد، خۆپیشاندان و راپەرینەکانی تشرینی یەکەم بووە هۆی ڕووخای کابینەی (مستەفا عومەری) [3] و پێك هێنانی کابینەیەکی سەربازی کاتی بەسەرۆکایەتی سوپا سالار (سەرۆك ئەرکانی سوپا ) نورەدین مەحمود کە کابینەی حکومەتەکەی لە ٢٣ تشرینی دووەمی ١٩٥٢ دەست بەکار بوو تا٢٩ کانوونی دووەمی ١٩٥٣درێژەی کێشا ، نورەدین مەحمود ڕووبەڕوی هێزە نیشتیمانییەکان بووەوە و حوکمی عورفی داسەپاند و بڵاوکراوە و جوڵەی پارتە بەرهەڵستکارەکای لە کارخست، لەگەڵ چەندین بڕیاری تر وەکو وەستاندنی خوێندن لە کۆلێج و قوتابخانەکانی بەغداد، بەشە ناوخۆیەکان داخران و خوێندکاران بۆ شارەکانی خۆیان نێردرانەوە، مافی چەك هەڵگرتن وەستێنرا، مانگرتن و خۆنیشاندان و ڕێپێوان قەدەغە کرا، هەموو حیزبەکانی سەر میریش لە چالاکی وەستێنران، ڕۆژنامەکان راگیران، دەرگا لەسەر هەموو شتەکان داخرا، بروسکە بۆ هەموو شارەکان چوو، موتەسەریفەکان بوونە سەربازی،

---

[1] - بروانە ، مها عبداللطیف حسن : انتفاضة تشرین الثانی فی العراق ١٩٥٢ ، رسالة ماجستیر غیر منشورة، تقدیم الی کلیة القانون والسیاسة– العلوم السیاسیة ، جامعة بغداد، ١٩٨٤، ص ٢٥؛ بیرەوەرییەکانی بەهادین نوری : سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣–١٨٤ .

[2] – الدکتۆر اسماعیل احمد یاغی : تطور الحرکة الوطنیة العراقیة ١٩٤١–١٩٥٢، مطبعة النعمان–بغداد، ١٩٧٩، ص ٣١٨–٣١٩ .

[3] –مستەفا عومەری کوڕی مەحمود حەمدی کوڕی محەمەد شەریف عومەرییە لە ساڵی ١٨٩٤ لە موسڵ لە دایك بووە پەیوەندی بە خوێندنگەی مافەوە کردووە و تەواوی نەکردووە، دەرچووی خولی ئەفسەری یەدەگە، لەسەردەمی پاشایەتیدا چەندین پۆستی پێسپێردراوە، لە ساڵی ١٩٦٠ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە ، میر بصری : أعلام السیاسة فی العراق الجدیث، جزء الاول، دار الحکمة، لندن، ٢٠٠٥، ص ٢٨٣–٢٨٦ .

بڕیار لە ( قائد فرقە ) وە دەردەچوو، دەبابە زرێپۆش و چەکی قورس شوێنە گرنگەکانی شارەکانی عێراقی کۆنترۆڵ کرد، شارەکانی عێراق بوونە ئۆردوگایەکی گەورەی سەربازی، بە رادەیەك توندیان کردبوو دوو کەس نەیاندەتوانی پێکەوە بڕۆن و قسە بکەن، چەند جارێ لە هەولێر هەوڵی خۆپیشاندان دەدرا بەلاّم بە توندی و بە دەستڕێژی گوللە وەلاّم دەدرانەوە [1] جەمال نەبەز لەم بارەیەوە دەڵێت :" زۆر کەس لەسەر شەقامەکان بەر تەقە دران چونکە بە قەدەغە کردنی هاتوچۆیان نەزانیبوو، لە یادمە تەنها ریفۆرمێك کە حکومەتەکەی ( نورالدین مەحمود ) کردی هەرزان کردنی هەندێ سەوزەواتی وەکو توور و گێزەرو شێلم بوو، کرێکارێکی قۆشمە بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ سەرۆکی وەزیران ناردبوو، گوتبووی نرخ دانانتان بۆ شێلم، دڵی فێنك کردینەوە، یەزدان بتانپارێزێت بۆ خزمەتی زیاتری ئەم میللەتە، کابرا شەش مانگ لە گرتوخانە لەسەر ئەم بروسکەیە زیندانی کرا [2].

دیارە ئەو راپەڕینە هەرچەند لەرووی قەبارە و گەورەیی وەکو ڕاپەڕینی گەورەیی مایسی ١٩٤٨ نەبوو بەلاّم بە ڕاپەڕینی گەورەی جەماوەری و وشیاربوونەوە دادەنرێ ، لەگەڵ داواکاری خەڵك بۆ ئازادییە دیموکراتییەکان ولادانی حوکمی عورفی و نەمانی راوەدوونان و چاککردنی بارودۆخی گوزەرانی خەڵك بەلاّم رژێمی پاشایەتی بەتەنگ کێشەکان نەهات و زجیرەی ناڕەزایی هەر بەردەوام بوو.حکومەتی عێراقیش.

## بەشی سێ یەم خۆپیشاندان و راپەڕینەکانی هەولێر لە نێوان سالاّنی ١٩٥٣-١٩٥٦

### باسی یەکەم / راپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر ساڵی ١٩٥٣

ئاغاکانی دزەیی بەهۆی پاڵپشتی حکومەتی پاشایەتی دەیانویست وەك بەندە هەڵسو کەوت لەگەڵ جوتیاران بکەن، سەرەرای وەرگرتنی ( ٢٠ ٪ ) ی داهاتی دانەوێڵە، باج و سەرانەیان لەسەر مەڕو مالاّت و شتی دیکەش داناوە، دەبوایە هەموو کەسێك بۆ سوغرە کردنیش ئامادەبێت و هەر کێشەیەکیش ئەگەر هەیانبوایە لەلای میری بۆیان جێ بەجێ نەدەکردن، هەروەها بڕیاڕی تەسویەی زەوی و زاری ژمارە (٢٩ ) ی ساڵی ١٩٣٨ بە سەرەتای هەڵگەڕانەوەی جوتیار بەرامبەر بە زوڵم و زۆرداری ئاغاکان دادەنرێت، ئەویش بە هۆی هاندانی جوتیاران لەلایەن ( لاین ) ەوە بۆ تاپۆکردنی زەوییەکانیان لەسەر خۆیان، چونکە زەوی میری بوو واتە زەوی حکومەت بوو ئاغاکان دەستیان بەسەرداگرتبوو، بەلاّم ئەگەر جوتیارەکان زەویەکانیان لەسەر خۆیان تاپۆ بکردایە نەك ٢٠٪ لە بەرهەمەکانیان نەدەدا بە ئاغ بەڵکو ١٠٠٪ بەرهەمەکە بۆخۆیان بوو، ئەمەش بۆ جوتیار دەست کەوت و قازانجێکی باش بوو، بەلاّم ئاغاکان ئەم مافەیان لە جوتیارەکان زەوت کردبوو[3].

پێش دەستپێکردنی راپەڕینی جوتیاران چەندین رێکخراوو کۆمەڵەو گروپی سیاسی هاندەرێکی بەهێز بوون بۆ ووشیارکردنەوەی جوتیاران و راوەستانیان بەرامبەر زوڵمی ئاغاکان لەو کۆمەلاّنەش وەکو ( حیزبی شیوعی، کۆمەڵەی هیوا، رزگاری، شۆڕش، ژێکاف و پارتی دیموکراتی کوردستان ) هەروەها لە گوندی قازیخانەش کە شوێنی سەرەتای دەست پێکردنی

---

[1] - – کاکە مەم بۆتانی: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٦ .

[2] – جەمال نەبەز : سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢–١٢٣ .

[3] – عەباس سلێمان سمایل : مێژووی دەشتی هەولێر، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤ ، ل ١٥٩–١٦١ .

راپەڕینەکان بوو، ڕێکخراوێك بە ناوی یەکێتی جوتیاران دروست ببوو کە جوتیارانی لە خۆ کۆکردبۆوە[1]، هەروەها وشیاری چینایەتی جووتیارانیش، بەهۆی ڕێکخستنەکانی ئەو دوو حیزبە( پارتی و شیوعی ) لە ڕێگەی کادیرو ڕۆشنبیرانیان لە برەوسەندن دابوو، دەشتی هەولێریش وەکو زەمینەیەکی لەبارو گونجاو، بە تایبەتی لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا بیروباوەڕی حیزبە نهێنیەکانی تێدا بلاو دەبۆوە، هەروەها بلاوکراوەو ڕۆژنامەکانی تایبەت بە چینی کارگەر و جوتیاران دەگەیشتە دەست کادیرانی دەشتی هەولێر وەکو ( بانگی فەلاح ) و ( دەنگی داس ) کە لەلایەن حیزبی شیوعی دەردەچوو، پارتی دیموکراتی کوردستانیش ( نرکەی جوتیار ) ی دەردەکرد، ئەو بلاوکراوانەش بووبوونە هەوێنی کامڵ بوونی هەستی شۆڕشگێڕی لە ناو جووتیاراندا[2].

لە دەرەوەی شاری هەولێرو لە گوندەکانی ناوچەی حەریرو شەقلاوەو چەند گوندێکیتر ناڕەزایی و توڕەیی جوتیاران دژی مامەڵەو هەڵسوکەوتی ناڕەوای ئاغاکان لە پەرەسەندندا بوو، بۆ ئەم مەبەستە یاداشتێکیان پێشکەشی ئەم شوێنانە کردبوو بە مەبستەی ئەوەی حکومەتی عێراق پشتگیری مافە ڕەواکانی جوتیاران بکات لەم بارەیەوە نەجمەدین مامۆ هەریری لە بیرەوەریەکانی خۆیدا دەڵێت :" یاداشتەکان پێشکەشی ئەم دەزگا حکومیانە کرابوون :

١- سەرۆك وەزیران

٢- موتەسریفی پاریزگای هەولێر

٣- دادگای بالا هەولێر

٤- قائیمقامی شەقلاوە

ململانێی جوتیاران و ئاغاکان شێوەی ئاشکرای وەرگرت و رایانگەیاند ئەگەر میری زەویەکانمان بۆ نەگەڕێتەوە مولکانە بە ئاغاکان نادەین،کاربەدەستانی حکومەت لایەنگری داوای رەوای جوتیارانیان نەدەکرد، بەڵکو بەڵێنیان بە ئاغاکان دابوو کە داوای جوتیارەکان بەرە بەرە کەمتەرخەمی لێ بکەن، بۆیە جوتیارەکان کە ئەمەیان زانی بڕیارپیاندا کە مولکانە نەدەن و خۆپیشاندان لە دژی ئاغاکان و دەسەلاتدارانی میری ئەنجام بدەن بە تایبەتی چوونی جوتیارانی دەوروبەری هەولێر بۆ ناو شاری هەولێرو تێیدا بەشداری گرنگیان لە خۆپیشاندانەکاندا کرد " [3].

خۆپیشاندانی جوتیاران سەرەتا بریتی بوو لە کۆبوونەوەی ١٥ جوتیارو نوسینی دوو لافیتە لەلایەن مەولود سالح ئەمین کە ئەوکاتە قوتابی دواناوەندی بوو، کە بریتی بوو لە دروشمی دژی ئاغا و سیاسەتی پاڵپشتی حکومەتی عێراق بەم شێوەیە جوتیارەکان بەرەو ناوشاری هەولێر بەڕێکەوتن و خەڵکێکی زۆر بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کرد، کاتێك خۆپیشاندانەکە لە سەرا ( پارێزگا ) نزیك بۆوە ، شەڕو پێکدادان لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس ڕوویداو لافیتەیەکی خۆپیشاندەران دڕا، پۆلیس نەیتوانی سەرکوتی خۆپیشاندەران بکات و بە ناچاری بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بڕیاڕی کشاندنەوەی پۆلیسەکانیدا ، بەم شێوەیە خۆپیشاندان تەواوی هەولێری گرتەوەو دواتر لە مەخموریش هەمان خۆپیشاندان ئەنجامدراو، دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو، دواجار خۆپیشاندەران کەسێکیان وەك نوێنەری خۆیان دەست نیشان کرد بۆ ئەوەی مەزبەتەیەك کە داواکاری

[1] - عەباس سلێمان سمایل : سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦١.

[2] - مەهدی محەمەد قادر : پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٤٣-٢٤٤ ؛ مەلا عەولای حاجی سمایل : سەربردەی ژیانی سیاسیم، بەغداد، ١٩٩٠، ل ٧٧.

[3] - نەجمەدین مامۆ هەریری: سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٢-٥٣ .

خۆپیشاندەرانی لە خۆ گرتبوو بیبات بۆ دەسەلآتدارانی عێراق ئەو کەسەش ناوی ( حاجی سمایل ) بوو کە عەرەبی بە باشی دەزانی، ئەویش چوو بۆ لای وەزیری ناوخۆو داواکاری جوتیارانی پێشکەش کرد، وەزیری ناوخۆ نامەیەکی بۆ پارێزگاری هەولێر نوسیبوو، پشتگیری جوتیارەکانی کردبوو، بەلآم کاتێك ئاغاکان بەم هەڵویستەی وەزیری ناوخۆیان زانی بە دیاری و بەرتیلێکی زۆرەوە چوونە بەغدادو کاربەدەستە بالأکانی حکومەتی عێراقیان وا تێ گەیاند کە جوتیارەکان پشتگیری حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن و دەیانەوێت حکومەتی مەلیکی بروخێن، ئەمەش هەڵوێستی مەلیك و حکومەتی عێراق گۆڕاو بە هەموو شێوەیەك دژی خۆپیشاندەران وەستایەوە[1]

دوای برەوسەندنی رووداوەکان و کاریگەری کادیرەکانی حیزبی شیوعی لە ناو جوتیاراندا بۆ دەستپێکردنی راپەڕین، سەرجەم جوتیارانی گوندەکانی دەشتی دزەیی راپەڕینیان دەست پێکردو ئاغاکان ناوچەکیان بەجێهێشت، بەلآم حکومەتی عێراق پشتیوانی راستەوخۆی ئاغاکانی دەکرد، پۆلیس و سەربازی ناردە گوندەکان و مەخفەری پۆلیسیان لە گوندەکان دامەزراندو هەوڵیان دەدا سەرکردەکانی راپەڕینەکە دەستگیر بکەن، بەلام دواجار کەوتنە گرتنی جوتیاران و نزیکەی ٣٠٠ جوتیارو زانای ئاینیان دەستگیر کردو دوای چەند رۆژ زیندانی کردن پێیان دەوتن یان دەبێت ملکەچ بکەن بۆ ئاغاکانتان یان دەبێت لە بەندیخانەدا بمێننەوە، بەم شێوەیە حکومەت پشتیوانی لە ئاغاکان کردو بە زەبری هێز راپەڕینەکانی جوتیارانی دامرکاندەوەو بەشێکی زۆری جوتیارانیشی لە گوندەکان دەرکردو ئاوارەی ناوچەکانی تری کوردستانی کردن [2].

## باسی دووەم / خۆپیشاندانی شاری هەولێر دژی هێرشی سێ قۆڵی بۆ سەر میسر لە ساڵی ١٩٥٦.

دوا بەدوای سەرکەوتنی راپەڕینی ١٩٥٢ میسرو وەرگرتنی دەسەلآت لەلایەن جەمال عەبدولناسر، گۆڕانکاری گرنگ و بەرچاو میسرو ناوچەکەی گرتەوە، جەمال عەبدولناسر لە ساڵی ١٩٥٦ دا بە مەبەستی بوژانەوەی لایەنی ئابوری و گەشەسەندنی سەروەت و سامانی میسر بڕیاریدا سامانە نیشتمانیەکان خۆماڵی بکات، یەکەم هەنگاویش بریتی بوو لە خۆماڵیکردنی کەنداوی سوێس بوو لە ٢٦ تەموزی ١٩٥٦ کە بوو بە مایەی رووداوێکی گەورەو قەیرانێکی سیاسی،ئابوری لەسەر ئاستی جیهاندا، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر لاوازکردنی بەرژەوەندیە ئابوریەکانی وولآتانی رۆژئاوا دادەنا، بۆ ئەم مەبەستە کۆنگرەی لەندن لە ١٦ ی ئابی ١٩٥٦ بەستراو بڕیاردرا ئەگەر خۆماڵیکردنەکە هەڵنەوەشێتەوە هێرشی سەربازی دەکرێتە سەر میسر[3]

لە کۆتاییەکانی تشرینی یەکەم و ئۆکتۆبەرو سەرەتای تشرینی دووەم و نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٥٦ لە تەواوی عێراق بە شارەکانی کوردستانیشەوە بە تایبەت شاری هەولێر دژ بە پەلاماری سێ قۆڵی کە کرایەسەر میسر خۆپیشاندانی ناڕەزایی سەری هەڵدا ، سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پشتیوانیان لە تێکۆشانی گەلی میسر راگەیاند، بەم هۆکارە سەرکردەکانی کورد دووچاری گرتن و ئازاردان هاتن و ساڵی ١٩٥٦ فەرمانی گرتن دەرچوو بۆ ( برایم ئەحمەد، عومەر مستەفا و مەلا عەبدوڵلآ

---

[1]-عەباس سلێمان سمایل : سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧-١٧٠ .

[2]- حەسەن تەها، سەلیم شێخ محەمەد و ئەوانیتر: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤-٢٢ .

[3]- عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزرات العراقية، جزء ( ١٠ ) ، ص ٩٣ ؛ محمد حسنين هيكل : ملفات السويس ( حرب الثلاثين سنة ) الطبع الثاني، القاهرة، ١٩٩٦،ص ٤٦٧ .

ئیسماعیل ) ئەمەش بە تاوانی پشتیوانیکردن لە میسرو دژایەتیکردنی هێرشی سێ قۆڵی بۆ سەر میسر لە لایەن ئینگلیزو فەرەنساو ئیسرائیل[1].

لە کاردانەوەیەکیتردا سەرجەم پارێزەرانی هەولێر بڕیاریاندا مانگرتنی گشتی رابگەیەنن و نەچنە ژووری پارێزەران و بەشداری خۆپیشاندان بکەن دژی هاوکاری و پاڵپشتی حکومەتی عێراق بەرامبەر هێرشی سێ قۆڵی بەریتانیاو فەرەنساو ئیسرائیل بۆ سەر میسر[2].

جگە لەوەش دوای کۆبوونەوەو خۆپیشاندانی خەڵکی هەولێر لەلایەن کەسە ناودارەکانی شاری هەولێر بروسکەی پشتگیری بۆ جەمال عەبدول ناسر دەنێردرێت لەوانەش ( زێوەر خەتاب و کەمال عوسمان ) دواتریش لەلایەن ( محەمەد خەیات و مەلا عەولا حاجی سمایل ) بروسکەی پشتگیری دەنێردرێت بۆ گەلی میسر سەرۆکی میسر [3] .

نەك تەنها کوردەکانی شارەکانی کوردستانی عێراق بروسکەی پشتیوانیان بۆ میسر ناردو نارەزایی زۆریان بەرامبەر سیاسەتی حکومەتی ئەوکاتەی پاشایەتی عێراق دەربڕی، کە دەربڕی خواست و ویست و بەرژەوەندیەکانی ئینگلیز بوو، بەڵکو ئەو کوردانەی کە بەهۆی رووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد چووبوونە سۆڤیەت لە رێگای شێخ سلێمان بارزانیەوە بروسکەیەکی پشتیوانی بۆ حکومەتی میسرو جەمال عەبدولناسر نێردرا، ئەوپەری دژایەتی خۆیان بەرامبەر سیاسەتی حکومەتی عێراق دەربڕی کە پشتیوانیان لە ئینگلیز دەکرد کە یەکێك لەو وولاتانە بوو کە هێرشی دەکردە سەر میسر[4].

دەربارەی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٥٦ مصگفی عەسکەری لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت :" کاتێك هێرشە سێ قۆڵیەکەی بەریتانیاو فەرەنسا و ئیسرائیل بۆ سەر میسر لە مانگی دەو یانزەی ئەو ساڵەدا ئەنجامدرا سەر لەنوێ بزوتنەوەی نیشتمانی گوڕی سەندەوەو کۆبوونەوەو خۆپیشاندان دەستی پێکردەوە، لە بەغداد لە کۆلێجەکانی ماف و پزیشکی و دەرمانسازی و ئەندازیاری لە هەموو لایەکەوە روو لە گۆرەپانی ( باب المعظم ) لای کۆلێجی ئەندازیاری و ئاداب ئەکرا، بۆ چەند رۆژێك ئەم کارە بەردەوام بوو، رژێم لە رێگا دەزگا ئەمنیەکانی خۆی پەلاماری خۆپیشاندەرانی داو بە دەیان خوێندکاری گرت، دەوامی کۆلیج و قوتابخانەکان داخراو قوتابیە کوردەکان گەڕانەوە شارەکانی هەولێرو سلێمانی، باس و خواسی راپەڕینەکانی شاری بەغدایان گەیاندە خەڵکی هەولێرو شارەکانیتری کوردستان و بەم شێوەیە راپەڕین لە کوردستان دەستی پێکرد" [5].

---

[1]- دکتۆر شێرکۆ فەتحولا عومەر : پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە عێراقدا ١٩٤٦-١٩٧٥، وەرگێڕانی سوارە قەلادزێی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١٣، ل ١٣٧-١٣٨ .

[2]- جعفر عباس حمیدی : انتفاضة العراق ١٩٥٦، الطبعة الاولی، بغداد ٢٠٠٠، ص٧٤ .

[3]- مەهدی محەمەد قادر : پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، ل ٣٨٥ .

[4]- زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی : بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٧٧ ، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، بێ ساڵی چاپ ، ل ٢١٦ .

[5]- مصطفی عەسکەری : بیرەوەرییەکانم ، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١، ل ٤٧ .

## ئەنجام

### لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە

١- لەگەڵ هاتنی ئینگلیزەکان بۆ عێراق و داگیرکردنی شارو شارۆچکەکانی عێراق بە ناوچەکانی کوردستانیشەوە، ئینگلیزەکان روو بەڕووی خەڵك بوونەوە، زەرەرو زیانێکی زۆریشیان بەرکەوت، شاری هەولێریش یەکێك بوو لەو شوێنانەی کە خەڵکەکەی هەر لەسەرەتای هێرش و پەلاماری ئینگلیزەکان بۆسەر شارەکە دەستیان بە راپەڕین کردو بە ئاسانی بە دەسەڵاتداریتی ئینگلیزەکان رازی نەبوون، ئەمەش ئینگلیزەکانی وا لێکرد کە مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ خەڵکی هەولێر دەوروبەری بکەن و لە رێگای ئاشتی و دانوستان و جێبەجێکردنی داواکاریەکانی خەڵك لەو ناوچانە حوکم بکەن .

٢- دامەزراندنی حکومەتی عێراق لە لایەن ئینگلیزەکان و هێنانی فەیسەڵ و کردنی بە مەلیکی عێراق کارێکی هەر وا ئاسان نەبوو لەلای خەڵکی هەولێر، چونکە پێش هاتنی فەیسەڵ خەڵکی هەولێرو دەوروبەری بەمەرجێك بە فەیسەڵ رازی بوون کە مەرج و داواکاریەکانی خەڵکی هەولێر جێ بەجێ بکات، بەڵام هیچ یەکێك لە ماف و داواکاریەکان نەخرانە بواری جێبەجێکردن، بەڵکو ئینگلیزەکان و دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان نەك خەڵك سیاسەت حوکمیان دەکرد، ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بوو لە ئەنجامدانی ئەو زنجیرە خۆپیشاندان و راپەڕینەی کە بەدرێژایی سەردەمی پاشایەتی خەڵکی هەولێر پێی هەڵسا.

٣- خۆپیشاندان و مانگرتن و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی هەولێر دژی حکومەتی پاشایەتی عێراق بە گۆڕانکاریەکی گرنگ دادەنرێت لە رووی ووشیار بوونەوەو بە ئاگایی خەڵك، لەوەی بەردەوام خەباتی جەماوەری درێژە پێبدەن بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان لە ئازادی و خۆ بەڕێوەبردن و خزمەتگوزاری .

٤- هەروەها خۆپیشاندانەکانی خەڵکی هەولێر دەنگدانەوەی گرنگی لە میدیاکانی ئەوکاتەدا هەبوو بە تایبەتی لە رۆژنامەکانی ناوخۆی عێراق و رادیۆو رۆژنامەکانی دەرەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە خۆپیشاندانەکان دەرئەنجامی باشی لێکەوتۆتەوەو کاریگەری لەسەر سیاسەتەکانی ئینگلیزو حوکمەتی پاشایەتی عێراق داناوە .

## سەرچاوەکان

### یەکەم / سەرچاوەی کتێب

### أ / کتێب بە زمانی کوردی

١- بورهان حاتم گۆمەتالی : سالح حەیدەری ١٩٢٢-٢٠٠١ رۆلی سیاسیی و رووناکبیریی ، لە بلاوکراوەکانی گۆڤاری K21 زنجیرە ٣ ، هەولێر، ٢٠١٢.

٢- جەمال نەبەز: کوردستان و شۆرشەکەی ، وەرگێرانی لە ئەلمانیەوە، چاپی سێیەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.

٣- . بەکر شاکر کاروانی : عەلی فەتاح دزەیی شاعیرو نووسەرو تێکۆشەر، هەولێر، ٢٠٠٤.

٤- حەسەن تەها، سەلیم شێخ محەمەد و ئەوانیتر: راپەرینی جووتیارانی دەشتی هەولێری ساڵی ١٩٥٣ وەکو خۆی ، هەولێر، ٢٠٠٢.

٥- شوان محمدامین تەها خۆشناو: هەولێر لە نێوان ساڵانی ( ١٩٥٨-١٩٦٣ ) لێکۆڵینەوەیەکە لە بارودۆخی سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢.

٦- شێرکۆ فەتحولا عومەر( دکتۆر): پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە عێراقدا ١٩٤٦-١٩٧٥، وەرگێرانی سوارە قەلادزێی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١٣، ل ١٣٧-١٣٨ .

٧- عەبدوللا حەداد، ژیاننامەو شیعرەکانی میهری ، محەمەد شەریف موەزین زادەی هەولێری (١٩٠٣-١٩٤٢ )، هەولێر، ١٩٩٧

٨- کاکە مەم بۆتانی: کاکی کاکان مرۆڤ و رووناکبیرو شۆرشگێر ، خەباتی سیاسی ساڵانی ١٩٢٤-١٩٦١ ی سەرکردەی نەمر عومەر دەبابە ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٨.

٩- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ئامادەکردنی، عەبدوللا زەنگەنە، بەرگی دووەم ، هەولێر، ٢٠٠١

١٠- د. کەمال مەزهەر : چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم ، چاپخانەی ( الادیب البغدادیە )، بەغداد، ١٩٨٥.

١١- نەریمان : کتێبخانەی کوردی، چاپی یەکەم، کەرکوك، ١٩٦٠

١٢- نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر : هەولێر لە نێوان ساڵانی( ١٩١٨-١٩٢٦ ) دا ، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی ، هەولێر، ٢٠١٢

١٣- عەباس سلێمان سمایل : مێژووی دەشتی هەولێر، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤ .

١٤- موحسین دزەیی : وێستگەکانی ژیانم ، تاریق ئیبراهیم شەریف بە عەرەبی گفتوگۆیەکەی سازداوەو و ئیسماعیل بەرزنجی کردوویەتی بە کوردی ، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩

١٥- مەهدی محەمەد قادر : پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

### ب / کتێب بە زمانی عەرەبی

١٦- اسماعیل شکر: اربیل ، دراسة تاریخیة فی دورها الفکری و السیاسی ١٩٣٩-١٩٥٨، سلیمانیة، ٢٠٠٦

١٧- اسماعیل احمد یاغی : تطور الحرکة الوطنیة العراقیة ١٩٤١-١٩٥٢، مطبعة النعمان-بغداد، ١٩٧٩.

١٨- جلال الطالبانی: کردستان والحرکة القومیة الکردیة، بیروت، ١٩٦٩.

١٩- جعفر عباس حمیدی : انتفاضة العراق ١٩٥٦، بغداد ٢٠٠٠.

٢٠- صالح حیدری: مختارات من مذکرات صالح حیدری، السلیمانیة، ٢٠٠٤

٢١- طاریق ابراهیم شریف: شخصیات تتزکر، الجزء الاول، اربیل، ١٩٨٨.

٢٢- عبدالرزاق محمد أسود : موسوعة العراق السیاسیة ، الجزء الثانی بیروت، ١٩٨٦

٢٣- عبدالرزاق الحسنی، تاریخ الوزرات العراقیة، جزء السابع،الطبعة السابعة، بغداد، ١٩٨٨.

٢٤- د. کمال مظهر احمد : صفحات من تاریخ العراق المعاصر ، دراسات تحلیلیة، بغداد، ١٩٨٧.

٢٥- لوسیان رامبو: الکرد والحق، ترجمة عزیز عبدالاحد نباتی، اربیل، ١٩٩٨.

٢٦- محمد حسنين هيكل : ملفات السويس ( حرب الثلاثين سنة ) الطبع الثانی، القاهرة، ١٩٩٦

٢٧- مها عبدالطيف حسن : انتفاضة تشرين الثانی فی العراق ١٩٥٢ ، رسالة ماجستير غير منشورة، تقديم الی كلية القانون والسياسة- العلوم السياسية ، جامعة بغداد، ١٩٨٤.

٢٨- موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعی العراقی السری: شرطة العامة، شعبة مديرية التحقيقات الجنائية، جزء الاول، بغداد، ١٩٤٩.

٢٩- مير بصری : أعلام السياسة فی العراق الجديث، جزء الاول، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٥

**دووەم / بیرەوەریەکان**

**أ / بە زمانی کوردی**

٣٠- ئەبوبەکر شێخ جەلال : بەرهەمی خەبات، بەشێك لە بەرهەمەکانی ا.ب هەوری، هەولێر، ٢٠٠٢ .

٣١- ئەحمەد بانیخێلانی: بیرەوەرییەکانم ، سوید، ستۆکهۆلم، ١٩٩٧

٣٢- بیرەوەرییەکانی بەهائەدین نوری : بەشی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی دەزگای دیموکراسی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠١ .

٣٣- زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی : بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٧٧ ، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، بێ ساڵی چاپ .

٣٤- عەریف سلێمان : لە دەنکەوە بۆ گوڵە گەنمەکان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٧.

٣٥- مەلا عەولای حاجی سمایل : سەربردەی ژیانی سیاسیم، بەغداد، ١٩٩٠.

٣٦- فەتاح تۆفیق فەتاح ( خەباتی مەلا حەسەن ) : حەفتاو شەش ساڵ ژیان پەنجاو نۆ ساڵ تێکۆشان ، بیرەوەری ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ، هەولێر، ٢٠٠٨ ز.

٣٧- مصطفی عەسکەری : بیرەوەرییەکانم ، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١، ل ٤٧ .

٣٨- نەجمەدین مامۆ هەریری: بیرەوەری، بەرگی یەکەم، پێداچونەوەی سلێمان شێخ محەمەد، چاپخانەی رۆژهەلات، ٢٠٠٩

٣٩- نووری عەبدوڵڵا صالح ( مەلا نووری ئاغجەلەری) : بیرەوەریەکانم لە نێوان بینین و بیستندا، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩.

**ب / بیرەوەریەکان بە زمانی عەرەبی**

٤٠- كريم احمد: المسيرة، صفحات من مذكرات كريم احمد، مطبعة شهاب، اربيل، ٢٠٠٦

**سێ یەم / گۆڤار**

**أ / گۆڤار بە زمانی کوردی**

٤١- م . مهدی محەمەد قادر : مانگرتنی شاری هەولێر ، مێژوو ، ( گۆڤار )، ژمارە ( ٥ ) ، ساڵی دووەم، زستانی ٢٠٠٨

**ب / گۆڤار بە زمانی عەرەبی**

٤٢- هاشم خۆرانی : انتفاضة صالح بك خؤشناو فی ثورة العشرين الوطنية التحررية فی قرية خوران علی سفح جبال سفين، گولان العربی ( مجلة )، شباط ٢٠٠٠

**چوارەم / رۆژنامە بە زمانی عەرەبی**

٤٣- الزمان ( صحافة ) العدد (٤٥٥ ) ، ١٤ ايار ١٩٤١ .

٤٤- الزمان ( صحافة ) العدد (٥٦٧ ) ، ١٢ ئايار ١٩٤١

**ملخص البحث**

يتحدث هذا البحث عن المظاهرات والتجمعات التي شهدتها مدينة اربيل فى كوردستان الجنوبية خلال فترة النظام الملكي، و ضد سياسة الحكومة العراقية تجاه الشعب الكردي. وخرجت هذه المظاهرات الشعبية في هذه المدينة عن إطار ردود الفعل إزاء سياسات الحكومة الي انتفاضات رفعت العديد من الشعارات المناوئة لحكم النظام الملكى ، وطالبت لتحقيق العديد من المطالب السياسية والاجتماعية لسكان هذه المدن والمناطق و في كثير من ألأحيان عبرت عن المطالب الشعبية لشعب كوردستان العراق رغم أن القوى لم تكن متكافئة بين المتظاهرين والمنتغصين و قوات القمع الحكومية.

يتكون هذا من ثلاث فصول ، تناولنا في الفصل ألأول انتفاضات مدينة اربيل ضد الاستعمار البريطانى، و مظاهرات اهل اربيل مابين الاعوام ١٩٣١-١٩٤١ أما الفصول الثانى هى يتحدث عن المظاهرات والأنتفاظات الجماهيرية فى كل المجالات السياسية ضد سلطة الملكية العراقية فى الاعوام ١٩٤٨ و وسنة ١٩٥٢ ، وفى هذة بعض الانتفاظات لدعم مظاهران جماهير فى بغداد واربيل وسليمانية وفى الفصل الثالث و نهاية تناولنا مظاهرات والأنتفاظات سكان اربيل ضد سياسات نظام الملكية وسلطة حكومة عراقية ، وشملت هذه انتفاضات مابين أعوام ١٩٥٣-١٩٥٦.

يظهر أهمية البحث فى مجال مذكرات و وتدوين تاريخ فى مجال الشعبية او الجماهيرية ، حتى فى مكان اربيل فى زمن حساس من الصراعات الانطليزية والالمانية على العراق، وهذه مسألة لها اهمية فى مجال التغيرات و التطورات فى حياة الانسان الكردى من النواحى الثقافية او واعى شعب اربيل لرفض قرار او اتفاقات عراقية وبريطانية، وأثرت مظاهرات و انتفاضات اربيل على جميع مدن كوردستان و العراق ، كما كانت لتلك الانتفاضات والمظاهرات تأثير يذكر على تثبيت حقوق شعب كردستان.

## Abstract

Kurds took a massive part in these uprisings and demonstrations and they were determined to reject the Britain ruling on their land. Therefore, Kurds demanded “Sever treaty” to come into practise so that they would have their rights. Nonetheless, Kurds did not surrender to the reality and continued to make great efforts to have their demands fulfilled, particularly after “1930 revolution”, when Kurdish revolutions entered a new era. For instance, they moved their operations from mountains to residential areas. Thus, many strikings and revolutions broke out in Kurdistan, in particular in the town of hawler during the monarchy era (1958-1920).

The aim of this study is to investigate the role of people in hawler in their confrontations against the aggressive policy of persistent governments in Iraq towards Kurds and their legitimate rights. To gain their rights, people in hawler and its surroundings strived and sacrificed for a long time to get their rights. This research is a first significant step into the investigation of this area and many useful and important resources were used, including books, diaries and interviews. This area is also worth to be further investigated because there are many unexplored aspects of sufferings of the people in hawler need to be recorded in history.

# المجال الحيوي الروسي في أوكرانيا بعد عام ٢٠٠٤ -٢٠١٤

كمال عبدالله حسن

رئيس قسم العلوم السياسية

كلية القانون والسياسة

## المقدمة

شهد تأريخ البشرية صعود وهبوط الامبراطوريات أو الدول العظمى واعتبرت الحالة سُنة من سُنن الكون وعلامة من علامات حيوية التأريخ. تحاول روسيا الاتحادية اليوم الخروج عن الطوق الذي فرض عليها بعد تفكك الاتحاد السوفييتي عام ١٩٩١ واستعادة مجالها الحيوي، نتيجة استعادة ثقتها بنفسها وبمكانتها المتقدمة نسبياً في الاقتصاد العالمي، ولاشك أنه لاتزال هناك مشكلات عدة تحتاج الى متابعة للنهوض بوضع البلد الى المصاف التي تطمح القيادة والشعب لها وهي مكانة البلد العالمية. مقابل هذا يسعى الغرب لتركيز سيطرته على جيوبوليتيكية أوروآسيا من منطلق الالتزام بالمعايير الانسانية والعولمة والمصالح الاقتصادية مما يثير القلق لدى روسيا على مصالحها تجاه أهداف الولايات المتحدة الاميركية و دول أوروبا الغربية مطلع القرن الحادي والعشرين.

ان دراسة اتجاه الحركة السياسية والقوى الفاعلة للدولة الروسية ومحاولة الاقتراب من مضمون استراتيجيتها واهدافها، يتطور ويتقدم بشكل يوازي المتغيرات التي تطرأ على طبيعة حركة العلاقات الدولية. لذلك فان محاولة روسيا الاتحادية انتزاع مكانتها في الواقع الدولي من خلال توظيف مجالها الحيوي في مساحة جمهوريات الاتحاد السوفييتي السابق لاسيما اراضي جمهورية أوكرانيا، كونها تمثل ( الممر الى أوروبا)، استناداً الى مفهوم النظريات الجيوبوليتيكية التي توكد على ان احتلال الاقليم (المجال الحيوي)، يأتي كل ذلك لكي تنال الدولة الروسية القدرة على البقاء، ضمن حلبة الصراع الدولي على النفوذ للسيطرة العالمية. وبعد مسلسل الاحداث وعدم الاستقرار في أوكرانيا منذ استقلالها عام ١٩٩١ لاسيما بعد عام ٢٠٠٤ وتطورها عام ٢٠١٤، انعكاس للصراع العالمي بين الطموح الروسي لإبقاء أوكرانيا ضمن مجال نفوذها وسياسة الولايات المتحدة الاميركية و دول أوروبا الغربية الهادفة لاحتواء أوكرانيا واخراجها من دائرة النفوذ الروسي بذريعة مبدأ حماية استقلالها وضمان مصالحها الوطنية.

## أهمية البحث :

تَعِد روسيا الاتحادية نفسها الوحدة الدولية الاقوى في النظام الدولي، وصاحبة القدرات الأعلى في العالم بعد الولايات المتحدة الاميركية، لذلك فان اتساع مصالحها في العالم فرض عليها توسع نطاق وامتداد نفوذها عبر اراضي جمهورية أوكرانيا ( المجال الحيوي القريب ) لأوروبا، وقد ساعدها في ذلك توظيفها مختلف الاساليب والوسائل التي تخدم تحقيق مصالحها القومية.

## مشكلة البحث :

تمتلك روسيا الاتحادية قدرات عسكرية واقتصادية وعلمية وتكنولوجية وسياسية متفوقة، وهي تحاول تحقيق الهيمنة على مناطق نفوذها في المجال الحيوي ، من خلال تحديد طبيعة العلاقات مع دول اتحاد الجمهوريات المستقلة لاسيما جمهورية

أوكرانيا لمنع محاولة الدول الغربية من احتواء جمهورية أوكرانيا وجعلها ضمن النفوذ الاوروبي الاطلسي، نتيجة ادراكها لنوعية التحديات التي تواجه أمن ومصالح روسيا.

## اشكالية البحث :

مارست روسيا الاتحادية مختلف الاجراءات من أجل الضغط على حكومة أوكرانيا بعد استقلالها عام ١٩٩١ لاسيما بعد عام ٢٠٠٤ ، لغرض ابقائها ضمن نفوذ مجالها الحيوي والحيلولة دون لجوئها الى الانضمام لعضوية الاتحاد الاوروبي، لذلك لم تشهد أوكرانيا الاستقرار السياسي والاقتصادي، وما الاحداث التي شهدتها عام ٢٠١٤ إلا مشهد من المشاهد التي من المحتمل ان تتطور لمزيد من العنف و عدم الاستقرار. فالى أي مدى ستستمر محاولات التدخل الروسي في شؤون أوكرانيا ، ولهذا الغرض من الضروري الاجابة على الاسئلة التالية:

- ماهي القدرات التي تمتلكها روسيا الاتحادية للإبقاء على أوكرانيا ضمن مجالها الحيوي؟
- ماهي قدرات دول الاتحاد الاوروبي والولايات المتحدة الاميركية للحيلولة دون سقوط أوكرانيا في نفوذ المجال الحيوي الروسي ؟
- ماهي قدرات أوكرانيا كدولة في ترجيح الخيار الثانمي بما أنه الخَيار الأكثر شعبية للرأي العام الأوكراني ؟

## فرضية البحث :

تتقلص مساحة نفوذ روسيا الاتحادية على أثر تفكك الاتحاد السوفييتي واستقلال الجمهوريات التي كانت خاضعة لها، لذلك حاولت روسيا تأسيس رابطة اتحاد الجمهوريات المستقلة لغرض المحافظة على مجالها الحيوي لاسيما في جمهورية أوكرانيا، باعتبارها البوابة والممر الرئيسي الى أوروبا، لذلك كانت اجراءات روسيا بابرام المعاهدات منذ عام ١٩٩١ ، لغرض ربط سياسة أوكرانيا بها والحيلولة دون لجوئها الى مجال النفوذ الاوروبي الاطلسي، فالى أي مستوى ستجازف روسيا بمصالحها القومية اتجاه الاتحاد الاوروبي والولايات المتحدة الاميركية والعقوبات التي قد تواجهها نتيجة سياسة تدخلها في شؤون أوكرانيا. والى أي مدى يمكن ان يصل اليه شكل الضغط الروسي في القضية الأوكرانية.

## منهجية البحث :

ان اتساع موضوع البحث وشمولية المواضيع استوجب التعدد في استخدام مناهج البحث ، لذا فقد استخدم الباحث المنهج التأريخي لبيان علاقة روسيا مع أوكرانيا عبر المراحل التأريخية المختلفة، وتم استخدام المنهج الوصفي والتحليلي لدراسة تطور العلاقة بينهما ودور روسيا الاتحادية وقدراتها في النظام الدولي.

## هيكلية البحث :

سيتم تناول البحث في هيكلية مقسمة الى ثلاث مباحث اضافة الى المقدمة والخاتمة، حيث سيكون المبحث الاول مدخل تمهيدي في مفهوم الجيوبوليتيكس في مطلبين سنتناول في المطلب الأول مفهوم مصطلح الجيوبولتكس أما المطلب الثاني سنتناول فيه المجال الحيوي الروسي في أوكرانيا. وسيكون المبحث الثاني للمجال الحيوي الروسي في أوروبا والموقف من أحداث أوكرانيا ٢٠٠٤ – ٢٠١٤. في مطلبين، فالمطلب الأول لتناول المجال الحيوي الروسي في أوروآسيا والموقف من أحداث أوكرانيا عام ٢٠١٤،

